# کۆمۆنیزمی نوێ

لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە حیزب و دەوڵەت و
کێشەکانی کۆمۆنیزمی سەردەم

ئاسۆ کەمال



# کۆمۆنیزمی نوێ

**لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە حزب و دەوڵەت و**

**کێشەکانی کۆمۆنیزمی سەردەم**

---

نووسینی:ئاسۆ کمال
بابەت: رەخنە
تایپ: نووسەر
دیزاین: سەلاح فەتحوڵا
چاپ: چاپخانەی

تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 4000 دینار

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
شوێنی چاپ: سلێمانی – هەرێمی کوردستان

ساڵی چاپ:2020

بەڕێوەبەرێتــی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ) ی ساڵی
٢٠٢٠ ی پێدراوە

# ناوەرۆک

پێشەکی
دەسپێک ........ 16
چ تێگەیشتنێکمان لە مێژووی کۆمۆنیزم هەیە؟ ........ 20
حزب و خەباتی چینایەتی ........ 31
بۆچی لای کرێکار حزب میتافۆرە؟ ........ 40
سۆشیال دیموکراتی چۆن بنەماکانی ئینتەرناسیونالی کرێکاریی گۆڕی؟ ........ 51
دوالیزمی شۆڕش و ریفۆرم ........ 64
دیموکراسی هەڵخەڵەتێنەرانە ........ 74
ئایا بەلشەفیزم پێمان دەڵێ "دەبێ چی بکرێ" ؟ ........ 88
بەلشەڤیزم چ شتێکی گۆڕی؟ ........ 92
مافی شۆڕشکردن ........ 97
مۆدیلی سۆشیالیزمی بەلشەفی چی بوو؟ ........ 106
دوالیزمی بیرۆکراتی و سەرمایەداری دەوڵەتی ........ 111
بەلشەفیزم چ بنەمایەکی ئەنتەرناسیونالی گۆڕی؟ ........ 117
مۆدیلی سیاسی دەسەڵاتی بەلشەفیزم چیە؟ ........ 137
حزبی بەلشەفی لەدەسەڵاتدا چۆن دەگۆڕێ؟ ........ 151
مۆدیلی ئابوری بەلشەفی چی بووە؟ ........ 165
کۆنترۆڵی سەرمایەداری یا کۆنترۆڵی کرێکاری ........ 184
کێشەی ترۆتسکیزم چیە؟ ........ 198
کۆمۆنیزمی کرێکاری و کێشەی حزب ........ 210
حزبی کۆمۆنیستی ئێران و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ........ 223
کێشەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی چیە؟ ........ 239
کۆمۆنیزمی کرێکاریی کوردستان ........ 293
کێشەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی کوردستان و عێراق ........ 310
کۆمۆنیزمی نوێ ........ 348

# پێشەکی

ئەم کتێبە بەرهەمی کاری ساڵ و نیوێک نوسینە. زۆربەی بەشەکانیم یەک بە دوای یەکدا بڵاو دەکردەوە. ئەم شێوازی نوسین و بڵاوکردنەوەیە سود بەخش بو بۆ من، چونکە بڵاوبونەوەی هەر بەشێک فشاری لەسەر دادەنام تا بەشێکی تر بنوسم. لە هەمان کاتدا دەمزانی کاردانەوەکان لەسەری چیە؟ ئەمەش فرسەتی پێ دەدام کە زیندووتر خەریکی پرۆسەی لێکۆڵینەوەکەم ببم.

هەربۆیە لەو نەخشە سەرەتاییەوە دەستم پێکرد کە لەبەشی یەکەمدا باسم کردوە کە بۆچی ئەم کتێبەم نوسیوە و دواتر لە کاتی نوسینەکەدا بۆم دەرکەوت پێویستە باسی تەجروبەی سیاسی سێ دەیەی ڕابردووی کۆمۆنیزمی کرێکاریش بکەم، کە خۆم بەشداریم تێدا هەبووە.

ئەوەی لە تەجروبەی ئەم نوسینەدا قورس بوو بەلامەوە ئەوە بوو کە من خەریکم کار و بیروڕای زیاتر لە سێ دەیەی خۆم دەدەمە بەر ڕەخنە و لێرەشەوە هەستم بە هەمان قورسایی ئەو هاوڕێ کۆمۆنیستانەم دەکرد کە هەمان دۆخی منیان هەیە و قبوڵکردنی ئەم ڕەخنە و لێکدانەوانەم ئاسان نابێ بۆیان. من ئەم سەختیە بەوە تێپەڕکرد کە ڕوبکەمە فاکت و زانست و پشت بکەمە نوستالژیا و سڵەمینەوە لە ڕاستیەکان و لە مانەش گرنگتر گەیشتن بە ڕاستیەک کە بتوانێ بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لەم قەیران و بنبەستەی ئێستای دەرباز بکا و ئاسۆ و بەرنامەیەک بۆ پراتیکی چینایەتی و کۆمۆنیستی بکاتەوە کە ژیانمان بۆ تەرخانکردوە.

ئەو شتەی منی هاندا بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەبوو کە دەمێک بوو من ڕەخنەم لە پاسیڤیزمی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیزمی کرێکاری هەبووە. ڕەخنە لە لاوازی و

پەراوێزی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لەناو کۆمۆنیزمی کرێکاریدا هەمیشە هەبووە، بەڵام لە ئەنجامی هەوڵی جۆراوجۆری چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و بە بن بەست گەیشتی هەوڵەکان نەیگەیاندبوومە ئەو شوێنەی کە سەرچاوەی ئەم کێشەیە بدۆزمەوە. بڕیارم دا دەرچم لەو قاڵبەی کە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر تەنیا پشت بە تاک سەرچاوە، کە مەنسوور حیکمەت بوو، ببەستم. پێویست بوو کە بەو میراتە فکریەدا بگەڕێم کە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئێمە لە ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا پێشکەشی کردووە و سوودم لێوەرگرت بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەم. لێرەوە بۆم دەرکەوت کە دیدگا و تێگەیشتنی کۆمۆنیزمی کرێکاری خۆی بەشێکە لە کێشەکە نەک چارەسەر بێ و هەر بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەکانم خودی کۆمۆنیزمی کرێکاریش بگرێتەوە.

ئەم کتێبە دەیەوێ لە هۆکارەکانی ئەو خۆلادانی کۆمۆنیستەکان بکۆڵێتەوە لەو ئەرکە سەرەکی و ڕۆشنەی، کە لە نزیک دوو سەدە لەمەوبەرەوە، دروشمی سەرەکی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئێمە بووە، وە بە سادەیی بریتی بووە لە کۆتایی هێنان بە ناکۆکی و پەرژوبڵاوی نێو کرێکاران و یەکگرتوو کردنی ئەم چینە سەرەڕای جیاوازیە فکری و سیاسی و ڕیکخراوەییەکان بۆ گۆڕینی دۆخی دنیای سەرمایەداری و بەرپا کردنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بۆ بە دیهێنانی دنیایەکی باشتری سۆشیالسیتی.

بێگومان ئاشکرایە کە ئەم کارە ناکرێ بە بێ یەکگرتوو بوونی خودی کۆمۆنیستەکان و یەکگرتووبونیان لەگەڵ جەماوەری کرێکاراندا . وە ئەوەی ئێمە لەم دوو سەدەیەدا تاقیمان کردۆتەوە ئەوە بووە کە ئەم کارە لە ڕێگەی حزبەوە دەکرێ.

هەر بۆیە گەیشتم بەو ڕاستیەی کە ئەگەر بمانەوێ ڕیشەی ئەو قەیرانە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەی کۆمۆنیزمی سەردەمی دەست نیشان بکەین کە ئەو پەرژ و بڵاوی و دابەش بوونەی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا دروست کردووە، پێویستە لە خودی حزب بکۆڵینەوە تا بزانین کێشەکە لە کوێدایە؟

لێرەوە دەریایەک پرسیار ڕژا بەسەرماندا. سەرەتا بە شوێن ئەو پرسیارەدا گەڕاین کە ئەو ئامڕازەی ئێمە کاری پێ دەکەین لە خەباتی چینایەتیدا کە حزبە، ڕۆڵی چیە؟ بۆچی حزب لە جیاتی ئەوەی ئامڕازی یەکگرتنی کۆمۆنیستەکان و کرێکاران بێ گۆڕاوە بۆ دیواری چین کە هێزی ئەم چینە و بزوتنەوەکەی بە ناوی بەرنامەی جیاواز و حزب و گروپی جیاوازەوە دابەش دەکا؟ بۆچی حزب هەمیشە وەک دیاردە و مۆدێلێکی نەگۆڕ وەرگیراوە و پرسیاری لەسەر درووست نەبووە لە بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دا؟ ئەم مۆدێلەی حزبمان لە بەلشەفیەکانەوە وەرگرتووە بەڵام لە کاتێکدا ئەوان لە بنیات نانی سۆشیالیزمدا شکستیان هێنا، ئایا ئەمە هیچ پرسیارێک لەسەر ئەو ئامڕازە دروست ناکا کە ئەوان لە ڕێگەیەوە دەیانویست کۆمەڵگەیەکی جیاواز بهێننە ئارا؟ ئەم پرسیارەش بردینی بۆ گەڕان بە دوای ئەو مێژووەدا کە ئەم مۆدێلەی دروست کردووە. هەربۆیە دەستمان کرد بە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە مۆدێلەکانی ئینتەرناسیونالی یەکەمی کرێکاران و سۆشیال دیموکراتی و بەلشەفیزم. دواتر چوینە سەر کێشەکانی کۆمۆنیزمی سەردەمی ئێستا و گەڕان بەدوای ئەو پەیوەندیەی کە لەگەڵ ئەو مێژووەدا هەمان بووە. لەم پێناوەدا دەستمان کرد بە درێژەدان بەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاری.

ئەم لێکۆڵینەوە تایبەتە بە جێگای حزب لە خەباتی چینی کرێکاردا و ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر ئەم ئامڕازە سیاسیەدا هاتوە لە خەباتی کرێکاراندا لە دوو سەدەی ڕابردوودا. باسی ئەو مۆدێلانەیە لە حزبی کرێکاری و کۆمۆنیستی کە لە مەیدانی سیاسی، لە خەباتی ئابووری، لە شۆڕشەکان و لە دەسەڵاتدارێتی و دەوڵەتدا ڕۆڵیان هەبووە، وە هاوکات باسی مۆدێلی گروپە ڕۆشنبیریە کۆمۆنیستیەکانە لەم سەردەمەدا.

ئامانجی ئێمه ئەوەیە کە ئەنجامگیرییەک بدەین بەدەستەوە کە بیرۆکەی نوێ سەبارەت بە حزب و ڕێکخراوبوونی کرێکاری بخەینە ڕوو تا وەڵامێک بدەینەوە بەو کێشانەی ڕوو بەڕووی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی بوونەتەوە لە سەدەی بیست و یەکدا.

سەرەتای ئەم باسانە، لە **بەشەکانی ٢تا ٤**دا، لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی میتۆدی لێکۆڵینەوەیی مێژوویی دەکەین کە بە دەستمانەوە گرتووە تا بزانین ڕیشەی ماتریالیستی ئەم قەیرانە چیە؟ لێرەدا بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەوەین کە چ تێگەیشتنێک لە حزب، ئێمەی کردۆتە بتێک کە پاسیڤانە لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا قەرارمان گرتووە؟ بۆ ئەمە پێویست بوو حزب لەو بتە چەق بەستووە لە تێگەیشتنی خۆماندا ڕزگار بکەین و پەیوەندی نێوان کۆمۆنیزم و چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی و حزب و پرۆسەی مێژوویی شکڵ گرتنی حزب، وەک "ستراکتۆری چینی کرێکار" بناسین.هەر بۆیە لە سەرەتاوە جیاوازی بۆچوونەکانمان لەگەڵ لێکدانەوە میتافیزیکیەکان سەبارەت بە کۆمۆنیزمی جۆراوجۆر نیشان داوە. تا بزانین کۆمۆنیزم خۆی چیە؟ مێژووی کۆمۆنیزم کامەیە؟ ئایا لە دەرەوەی مێژووی حزبەکان، کۆمۆنیزم و خەباتی چینی کرێکار مێژوویەکی تری هەیە؟ هاوکات لەم بەشانەدا لەسەر جیاوازی نێوان زانستی نێوان حزب لە لای هەردوو چینی بورژوازی و کرێکاری باسمان کردوە و بنەماکانی حزبی کرێکاری و پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی کرێکاری و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا خراوەتە بەر تیشکی ئەو ڕەخنانە کە لە تێگەیشتنی باوی کۆمۆنیستی لە حزب و ڕیکخراوی کۆمۆنیستی لە ئارادان.

لەم لێکۆڵینەوەدا سەرچاوەی زۆرم بە کار هێناوە تا وەک فاکت ئەو پرۆسە مێژوویی و سیاسی و ئابوری و حزبیانەی باسم کردوە بخەمە ڕوو.

له **بەشەکانی ٥ و ٦** دا، گرنگیمان به سەرەتاکانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی داوه که بیرۆکەی حزب تیایدا سەریهەڵداوه . نمونەکانی **ئینتەر ناسیونالی یەکەمی کرێکاران** و دواتر **سۆشیال دیموکراتی**، وەک یەکەم هەنگاوەکانی دروستبونی حزب لای چینی کرێکار، شی دەکەینەوه . هاوکات ئەو پرۆسەیه باس دەکەین که چۆن چەمکەکانی کۆمۆنیزم لەوانه ئینتەرناسیونالیزم گۆڕانی بەسەر هات له لایەن سۆشیال دیموکراتی یەوه و ئەم گۆڕانکاریانه چی بەسەر بزوتنەوەی ئینتەرناسیونالی دووەمدا هێنا؟ لەسەر **دوالیزمی شۆڕش و ریفۆرم** ، وه کاریگەریەکانی دیموکراسی پەرلەمانی و **پەرلەمانتاریزم** له سەر بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی قسه دەکەین و باسی جیاوازیەکانی نێو بزوتنەوەی سۆشیالیستی جیهانی دەکەین لەسەر مەسەلەی شۆڕشی کرێکاری و دەوڵەت دەکەین.

بێگومان به بێ باسی مۆدێلی بەلشەفی و دەوڵەتی سۆڤیەت ناتوانین ئەم لێکۆڵینەوه بگەیەنین به ئەنجام، له بەرئەوەی ئەم مۆدێله نەک تەنیا سەرتاپای سەدەی بیستی داپۆشی بەڵکو تا ئێستا بزوتنەوەی کۆمۆنیستی پەیڕەوی لێ دەکا . هەر بۆیه ئێمه بەشێکی زۆری ئەم لێکۆڵینەوەیەمان بۆ ئەم تەجروبەیه تەرخان کردوه .

حزب وەک گرامشی دەڵێ "ڕۆحی دەوڵەته" کەواته ئەگەر کێشه لەم مۆدێلەدا هەبێ، له سبەینێی دەسەڵاتدا هەمان کێشه له شکڵ و ناوەرۆکی حکومەتی کرێکاری و سیاسەت و ئابووری ئەو کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیەدا ڕوو دەدا که ئێمه به نیازین جێگای سیستمی سەرمایەداری پێ بگرینەوه .

ئەم تێزه پێویستی به سەلماندن هەبوو. ئێمه له باسی مەسەلەی بەلشەفیزم و دەوڵەتی سۆڤیەتدا ئەم تێزه دەسەلمێنین.

له **بەشەکانی ٧ تاکو ١٨**، واته ١١ بەش به شێوەیەکی چڕ و بەرفراوان لەو گۆڕانکاریانه دەدوێ که بەلشەفیزم بەسەر بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و بنەماکانی حزب،

دەوڵەت و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، ئابوری سۆشیالیستی و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا هێنای. ئەم باسانە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە؛ ئایا کێشەکانی کۆمۆنیزمی سەردەم چ پەیوەندیەکی بە کۆمۆنیزمی ڕوسیەوە هەیە؟ وە چ مۆدێلێک لە بەلشەفیزم و سۆڤیەتەوە لە سەدەی بیستدا و تا ئێستا ڕەواجی پەیدا کردووە؟

سەرتا باسی ڕەوتی بەلشەفی و جیاوازیەکانی لە سۆشیال دیموکراتی، جێگای مێژوویی بەلشەفیزم لە شۆڕشی ڕوسیا و شۆڕشەکانی سەرەتای سەدەی بیستەوە دەکەین.

پاشان دەست دەکەین بە شرۆڤەی **مۆدێلی سۆشیالیزمی بەلشەفی** لە حزب و دەوڵەتدا. ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لەم لێکۆڵینەوەیەدا بیدۆزینەوە پەیوەندی نێوان **سەرمایەداری دەوڵەتی و مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی** بەلشەفیەکانە. لێکدانەوە دەکەین لەسەر ئەم مۆدێلە لە دەسەڵاتی سیاسی، مۆدیلی ئابوری، بەرنامەی کۆمۆنیزمی جەنگی و دواتر سەرمایەداری دەوڵەتیی لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧. لەسەر **دوالیزمی بیرۆکراتی و سەرمایەداری دەوڵەتیی** قسە دەکەین. بۆچوونەکانی ترۆتسکی و تۆنی کلێف و مەنسور حیکمەت لەسەر مۆدیلی سیاسی حزب و دەوڵەتی بەلشەفی باس دەکەین. لێرەدا ئارگومێنت لەسەر ڕای زۆربەی کۆمۆنیستانەکان دەکەین، کە ئایا ئەو سیستمە سیاسیە بەلشەفیە بە دەوڵەتێکی کرێکاری بووە یان نا؟

ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا بەدوایەوەین ئەوەیە، کە پەیوەندی نێوان حزبی بەلشەفی و ئەم مۆدیلە سیاسی و ئابوریەی دەوڵەت و موڵکایەتی و پەیوەندی چینی کرێکار بە بەرهەمهێنان و هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە چیە؟ ئایا ئەم مۆدیلە سۆشیالیستیە چ گۆڕانێکی لە بنەماکانی کۆمۆنیستیدا دروست کرد؟

دواتر ئەناتۆمی **مۆدێلی بەلشەفی حزب** دەکەین، تا لە ناکۆکیەکانی نێوان چەمکی حزبی کرێکاری یان حزبی کۆمۆنیستەکان بکۆڵێنەوە ، وەک مۆدێلێک کە لە هەموو سەدەی ٢٠ و تا ئێستاش پەیڕەوی لێدەکرێ. لێرەوە لە پەیوەندی مۆدێلی حزبی بەلشەفی لەگەڵ هۆکارەکانی بەرەو بیرۆکراتی چوون و گەڕانەوەی دەسەڵاتی سەرمایەداری لە ڕوسیادا دەکۆڵینەوە.

باسی ئەوە دەکەین کە بۆچی ئەم مۆدێلە ئیمکانی هەیە حزبی کرێکاری بگۆڕێ بۆ حزبێکی بورژوازی و بیرۆکراتی لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕش و گرتنە دەستی دەسەڵاتدا؟ بۆچی حزبێکی شۆڕشگێڕی کرێکاری لە جیاتی کۆکردنەوەی سەرجەم هێزی چینەکە بەرەو خۆجیاکردنەوە دەچێ لەبەشێکی زۆری ئەو هێزەی شۆڕشی دروستکردووە؟

ئەم باسەش دەمانباتە سەر شیکاری **مۆدیلی دەسەڵاتی بەلشەفیزم**، کە ئایا ئەم مۆدێلە سیاسیە چیە؟ئایا ناکۆکی نێوان دیکتاتۆریەتی حزب و هەموو دەسەڵات بۆ شوراکان چیە؟ پەیوەندی ئەم مۆدێلە لەگەڵ تێزی لینین لەمەڕ **جێنشینی حزب لە جێگای چینی کرێکار** و تێگەیشتنی لینین لە **دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا** دا دەخەینە ڕوو.

ئەم باسە درێژە پێ دەدەین تاکو بزانین لەسەر پرۆسەی چوون لە دیکتاتۆری حزبیەوە بۆ دیکتاتۆری ناو حزب چی دەگەیەنێ بۆ حزبی کرێکاری و دەوڵەتی کرێکاری؟ فاکتەکان لەسەر کێشەکانی ناو حزبی بەلشەفی و **هەڵوێست بە فراکسیۆنەکان و ئازادی لە ناو ڕیزەکانی حزبدا** و پاکتاوکردنی حزب بخەینە ڕوو تا بزانین ئەم گۆڕانکاریانە بۆچی ڕوودەدەن و سەرچاوەکەی چیە؟ وە چی بەسەر شۆڕشی سۆشیالیستی و حزبێکی شۆڕشگێڕی کرێکاری بەلشەفیدا دێنێ؟

له بەشە کۆتاییەکاندا شرۆڤەی **مۆدیلی ئابوری بەلشەفی** دەکەین و نیشانی دەدەین کە جێگای چینی کرێکار لە بواری ئابوری و ئیداری دەوڵەتی بەلشەفیدا چی بووە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە کە ئایا بوونی بەرنامە و پلانی ئابوری و دابەشکردنی سەرمایە و بەرهەم بەپێی نەخشە و لەلایەن دەوڵەتەوە، وەک نمونەی بەلشەفی، لە دەست شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و ئاژاوە و ئەزمەی بازاڕ و دابەزینی توانای کڕین و ئاستی گوزەرانی کرێکاران ڕزگارمان دەکا؟ ئایا خاڵە هاوبەشەکانی مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی لە ئاستی ئابوری و سیاسیدا لەگەڵ سەرمایەداری دەوڵەتی و حکومەتی بیرۆکراتی سۆڤیەت و مۆدیلی حزبی بەلشەفیدا چیە؟ ئایا بەلشەفیەکان چۆن ویستویانە لە ڕێگەی گەشەی سەرمایەداریەوە سۆشیالیزم دامەزرێنن؟ وە ئەم لێکۆڵینەوەیەمان بۆئەوەیە بزانین بەلشەفیزم چ مۆدێلێکی سۆشیالیستی دامەزراندوە؟ وە لەم پرۆسەیەدا چ گۆڕانکاریەک بەسەر پەیوەندی ئەم حزبە کرێکاریەدا لەگەڵ سەرجەم چینی کرێکاردا هاتووە کاتێک دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە؟

ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە ڕووبەڕوی سۆشیالیزمی سەدەی ٢٠ و ٢١ بوەوە و **بەلشەفیزم و مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی** کە لایەک لە دنیای سەدەی ٢٠ ی گرتەوە و ئێستاش چین و کوبا و بەرنامەی زۆرێک لە حزبە کۆمۆنیستەکانی گرتۆتەوە، تەنیا مۆدێلێک بووە کە زیاتر لەسەدەیەکە بە کردەیی بینیومانە و هێشتا لەناو مۆدیلی چەپ و سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکاندا ڕەواجی هەیە. هەربۆیە لێکدانەوە لەم تەجروبەیەی مۆدیلی سۆشیالیستی بەلشەفی و بەرنامە ئابوریەکەی گرنگیەکی زۆر و چارەنووسازی هەیە لە خستنەڕووی جیاوازەکانی مۆدێلێکی نوێی کۆمۆنیزم کە جیاوازبێ لەم مۆدێلەی سۆشیالیزمی دەوڵەتیی.

دواتر دێینە سەر ناکۆکیەکانی نێوان ئەم **مۆدێلە ئابوریەی سەرمایەداری دەوڵەتی** بەلشەفیەکان لەگەڵ **کۆنترۆڵی کرێکاریدا**. "سیاسەتی ئابوری نوێ **"نیپ NEP"** لە پەیوەند بە چۆنیەتی دەور و کۆنترۆڵی کرێکارانەوە بۆ بەرهەمهێنان و مۆدێلی ئابوری دەخەینە بەر ڕەخنە و جێگای "نیپ" لە شکستی شۆڕشی سۆشیالیستیدا باس دەکەین.

بێگومان ئەم مۆدێلە بیرۆکراسیە لە سۆڤیەتدا کەوتە بەر ڕەخنەی جۆراوجۆر و لێرەدا **ترۆتسکیزم**، وەک ڕەخنەگرێک لە بیرۆکراتیزمی ستالینی، لە دەورانی دەوڵەتی بەلشەفیدا دەخەینەڕوو، لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و سیاسەتی ترۆتسکیزم سەبارەت بە دیکتاتۆریەتی حزب و سەرمایەداری دەوڵەتی و سیاسەتی نیپ و دەوری ئۆپۆزسیۆنی چەپ.

لە بەشەکانی **نۆزدە تا بیست و سێ** دا؛ باسی **کۆمۆنیزمی کرێکاری و کێشەی حزب** دەکەین. لێرەوە باسی تێگەیشتن و کارەکتەری کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک نمونەیەک لە گروپ و حزبە کۆمۆنیستەکانی کۆتایی سەدەی بیستدا دەکەین ، کە سەرەڕای جیاوازی و ڕەخنەیان لە کۆمۆنیزمی سۆڤیەت و چین و مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتی هەیە، بەڵام بۆچی نەیانتوانیوە مۆدێلێکی نوێی حزبی دروست بکەن؟ ئایا جەخت کردنەوەی حیکمەتیزم لەسەر **خۆجیاکردنەوە لە چەپ و پرۆسەی دانانی بەرنامە و مۆدێلی حزبی نوێنەری چینی کرێکار و نوخبە بوونی لیدەرشیپی** چ کاریگەریەکی هەیە لەو کێشە و جیابوونەوانەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری دەرگیریەتی؟

ئێمە بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئێران و عێراق و بە ڕەخنە گرتن لە بەرنامە وبنەماکانی دیدگا و تێگەیشتنێکی سیاسی و ئابووری ئەم ڕەوتە کۆمۆنیستیە دەچینە سەر دەست نیشان کردنی کێشەکانی ئەم گروپ و حزبە کۆمۆنیستیانە لە خەباتی چینایەتی کرێکاراندا، وە پەیوەندی ئەم جۆرە لە کۆمۆنیزم بە مێژووی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیەوە دەناسێنین. ئەوەی بۆچی کۆمۆنیستەکان بەسەر گروپی جیاجیای فکری و سیاسی و ڕیکخراوەییدا دابەش بوون و هەر کامیان سنوری بەرنامە و حزب و گروپەکەی بە دیواری چین لەو گروپانەی تر جیاکردۆتەوە کە هەمان بانگەواز و دیدگا و ئامانجیان هەیە؟ پرسیارێکە کە بە لێکۆڵینەوە لە نمونەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە شوێن وەڵامدانەوەی دەبین و هۆکار و خەسڵەت و شێوازی سیاسەت و کارکردنی ئەم گروپە ڕۆشنبیرانەی چینی کرێکارمان ڕون کردۆتەوە. لێرەدا باسی **هۆکارەکانی دابڕانی ئەم گروپانەمان لە چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی** کردووە و نیشانمان داوە کە چ مێژوویەک و دیدگا و تێگەیشتنێک لە پشت ئەم دابڕانەوە یە و جێگای واقعی ئەم گروپانە لە نێو خەباتی چینایەتی و کۆمەڵگەدا چیە؟ **ئایا سەرچاوەی ناکۆکی لە نێوان پراکتیکی بزوتنەوەی شورایی و دیدگایەکی پاسیڤیستی سیاسی لە نێو کۆمۆنیزمی کرێکاری دا چیە؟**

هێنانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم لێکۆڵینەوەدا بە هۆی ئەوەوە بووە کە مێژووی سێ دەیەی ڕابردووی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق و لە بەشێکی ئێرانیشدا داگیرکردووە و ئێمەش وەک هەڵسوڕاوی ئەو بزوتنەوەیە لەووردەکاریەکانی ئاگادارین و بابەتی کاری ئێستامانە. بەڵام ئەمە تەنیا نمونەیەکە لەو بزوتنەوەی ڕۆشنبیرانی چینی کرێکار کە بەسەر دەیان گروپی هاوشێوەدا دابەش بووە و ئەم کێشانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری کێشەی هەموو گروپە ڕۆشنبیریە کۆمۆنیستەکانی

سەردەمی ئێستامانە و ئەم لێكۆڵینەوە و ڕەخنانە شمولی هەموو گروپەكان و بزوتنەوەكە دەگرێتەوە، نەك تەنیا كۆمۆنیزمی كرێكاری.

بێگومان لێكۆڵینەوەكان پشتی بە ستووە بە پێوەری زانستی سیاسی و دەرس و تەجروبەی سیاسی بزوتنەوەی كرێكاری و كۆمۆنیستی و ئەنجامگیریەكانیش لە بەشی كۆتاییدا وەك لۆژیك و ناسینی بەرژەوەندیەكانی چینی كرێكار و پێویستیەكانی ئەمڕۆی خەباتی چینایەتی ناسێنراون. ئەو **تێز و بیرۆكەی نوێ یانەی سەبارەت بە حزب بەشێوەیەكی سەرەكی ،وە هاوكات سەبارەت بە دەوڵەت و كۆمەڵگەی كۆمۆنیستی و ئینسانی بە شێوەیەكی گشتی** خستومانەتە ڕوو وەڵامی ئەو قەیرانە سیاسی و ئایدیۆلۆژیە دەداتەوە كە بزوتنەوەی كرێكاری و كۆمۆنیستی ئەم سەردەمەمان تێی كەوتووە.

**ئەم كتێبە بە لێكدانەوەی مێژووی بزوتنەوەی كرێكاری و كۆمۆنیستی و ناساندنی دەرس و تەجروبەكانی و ڕەخنە لەو دیدگا و سیاسەتانەی ئێستا زاڵن بەسەر ئەم بزوتنەوەیەدا، دەیەوێ بیرۆكەی پێویست بوونی جۆرێكی تر لە حزب بسەلمێنێ كە جیاوازە لە نمونەكانی تا ئێستای لە چەشنی سۆشیال دیموكراتی، بەلشەفی و كۆمۆنیزمی كرێكاری و گروپەكانی تر.**

بێگومان پێویستمان بە هەوڵی تیۆری و پراكتیكیە هەموو هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی كرێكاری و كۆمۆنیستیە بۆ ئەوەی بتوانین حزبێكی جەماوەری كرێكاری و بزوتنەوەیەكی كۆمۆنیستی كاریگەر لە كۆمەڵگەی كوردستان و لە جیهانی ئەمڕۆدا بخەینە ڕێ، وە لەم ڕیگەیەوە بتوانین ٩٩٪ كۆمەڵگەی كرێكاری دژ بە١٪ بورژوازی

دەسەڵاتدار، ڕیکخراو و ئامادە بکەین لە ناڕەزایەتی و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی سەدەی بیست و یەکدا دژی سەرمایەداری.

**هیوادارم ئەم کتێبە وەک بەشێک لەو هەوڵە سەیر بکرێ و دەرگای گفتوگۆ و ڕەخنە و پێشنیارەکان بکاتەوە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کە پێکهێنانی حزبی جەماوەری کرێکاری یە.**

لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی هاوڕێ "جمال شریف" دەکەم بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی نووسینی ئەم کتێبە و هەروەها سوپاسی هاوڕێیان "سەلاح فەتحولڵا و سەلام مارف" دەکەم بۆ دیزاینی بەرگ و ناوەوەی کتێبەکە. بێگومان سوپاس گوزاری بە شداری هاوژینم "گۆنا سعید" م کە پێکەوە گفتوگۆمان لەسەر باسەکان کردووە، وە پێ زانینی خۆم بۆ هاوڕێیانی تریش دەردەبڕم، وەک زاهیر باهیر، ئەنوەر نەجمەدین، جمال کۆشش و زۆرێک لە هاوڕێیانی تر کە لە فەیسبووک بە سەرنج و ڕەخنە و کۆمێنتەکانیان بەشداریان لەم باسانەدا کردووە.

# ١

## دەسپێکی باسەکە

ئەم کتێبە دەیەوێ ڕیشەی ئەو قەیرانە سیاسی و ئایدیۆلۆژیە شی بکاتەوە کە کۆمۆنیزمی سەردەم، واتە کۆمۆنیزمی دوای ڕوخانی سۆڤیەت و دەورەی کۆتایی دوو قوتبی ڕۆژهەڵاتی بەناو سۆشیالیستی و ڕۆژئاوای لیبراڵ دیموکراتی، تێی کەوتووە. کۆمۆنیزم بزوتنەوەیەکە دوو سەدەی لە تیۆری و پراتیک پشت سەرناوە، بەڵام ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستی بەدووبارە خۆپێناسەکردنەوەیەکی تیۆری و پراتیکی سەردەمی خۆیەتی. لەبەرئەوەی هیچ کات بە هێندەی ئێستا کۆمۆنیزم پەرژوبڵاو و بێ دەستپێشکەری و بچوک نەبووە.

لەکاتێکدا هیچ کات بەهێندەی مێژووی ئێستا دابەشبونی چینایەتی پێگەیشتوو و کامڵ نەبووە و سامان لەلایەن چەند کەسێک کەڵەکە نەبووە، کە ڕێژەی ١٪ی چینی سەرمایەدار سامان و داهاتی ٤٥٪ سەرزەوی لەژێردەستدایە[1]. چڕ بوونەوەی زیاتر و بەردەوامی ئەم کەڵەکەی سەرمایەیە لە ٢٠٣٠دا ئەم ١٪ بورژوازی دەکاتە خاوەنی ٢/٣ داهاتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.[2]

ناکۆکیە چینایەتیەکانیش لە زۆربەی شوێنەکان بەشێوەی شۆڕش و تەقینەوە جەماوەریەکان دەبینرێ، وەک بەهاری عەرەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا ، یان بەشێوەی وەستانەوە دژ بە قەیرانی دارایی وەک لە یۆنان و ئیسپانیا ، یان لە شێوەی شۆڕشی شەقامی هێلەک زەردەکانی فەرەنسا و هتد..شەڕی کرێکاران و چینە کەمدەرامەتەکان لەگەڵ حکومەتە دیکتاتۆری و نیولیبرال و بانکی جیهانی و یەکێتی ئەورووپا.

---

[1] “Global Inequality,” *Inequality.org*: https://inequality.org/facts/global-inequality/.

[2] https://www.theguardian.com/business/2018/apr/07/global-inequality-tipping-point-2030

قۆناغی گەشەی سەرمایەداری چینێکی کرێکاری گلۆباڵی دروستکردووە، کە شێوازی ژیان و خەباتی هاوچەشنە دژ بە سیستەمێکی گلۆباڵی سەرمایە.

کۆمۆنیزم ئەگەر بەشی ڕۆشنبیری چینی کرێکار بێت، ئەوا دەبێ بەپێی ئەو واقعیەتانەی سەرەوە ئێستا هێزێکی گلۆباڵ و زۆرینە و دەستپێشکەر و ڕیکخەری ئەو خەباتە چینایەتیە بێت کە لە دنیادا دەچێتە پێش. بەڵام لەواقیعدا کۆمۆنیزمی ئەم سەردەمەمان لەم خەسڵەتانە بێ بەشە و هەربۆیە لەڕیزی پێشەوەی ئەم خەباتە چینایتیەدا نیە و گیرۆدەی ئەو کێشانەیە کە زیاتر پەیوەندیان بەمێژووی ڕابوردووە هەیە، نەک بە پێداوستیەکانی سەردەم. هەروەک دابەشبوونی کۆمۆنیزم بە سەر ڕەوت و حزبی جۆراوجۆری مارکسی، مارکسی لینینی، ترۆتسکییستی، ستالینی ، ماویستی و ئەنتی کاپیتالیست و حیکمەتیستی،سۆشیال دیموکراتی و سەندیکالیستی و هتد.. کە هەریەک لەمانەش دەیان گروپ و دەستەی تری لێ جیابۆتەوە وەک کەنیسەکانی کاسۆلیک و پرۆتستانتەکان و شیعەو سونەکان. ڕیزی چینی کرێکار بەهەمان شێوە پەرژوبڵاوە و سەندیکا و یەکێتیە کرێکاریەکان و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کرێکاران هەرچەند چالاکن بەڵام لە سەنگەری خۆپاراستندان و لە زۆرشوێنیش یان قەدەغەدەکرێن یان دانەمەزراون. ئەم خەباتە " خۆبەخۆیە"ی شۆڕشی شەقام و تەقینەوە جەماوەریەکان هێشتا شکڵێکی ڕێکخراوەیی کارا و چالاکی بەخۆیەوە نەگرتووە کە بتوانێ لە ئاستی بەدیلی دەسەڵاتی بورژوازی ڕێکخراو بێت چ لە ئاستی لۆکاڵ و دەوڵەتەکاندا و چ لە ئاستی جیهانیدا.

ئەم قەیرانە بەرهەمی دوو دیاردەی لێکهەڵپێراوە. یەکەمیان؛شکستی مۆدێل و بەدیلێکی سۆشیالیستیە کە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە هاتە ئارا و نەبونی ڕەخنەیەکی تیۆری و سیاسی لە تەجروبەی شکست هێنانە، کە وەک وانەیەکیش بێت لە تەجروبەی شۆڕشەکانی پێشووی چینی کرێکار. دووەمیان؛ نەبوونی بەدیلێکی کۆمۆنیستی ڕۆشنە بۆ شێوەی ڕێکخستنی حزبی و جەماوەری و بەرنامەی سیاسی و ئابوری کەپشتی بە گۆڕانکاریەکانی سەرمایە لە سەدەی بیست و یەک بەستبێ. بەدیلێک کە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی بە شێوەیەکی بەرجەستە و مومکین بکاتە دروشم و بەرنامەیەکی پراتیکی لە بزوتنەوەی کرێکاریدا.

لەم شیکردنەوەیەدا دوو چەمک و ئامراز گرنگترین بەشن کە دەتوانێ هۆکارەکانی لاوازی و قەیرانی کۆمۆنیزمی پێ لێکبدرێتەوە. یەکەمیان حزب و دووەمیان دەوڵەتە. ئەم دوو ئامرازە سیاسیە دەوری یەکلاکەرەوەیان هەیە لە شۆڕش و گۆڕانکاریەک کە چینی کرێکار بەهۆیانەوە دەتوانێ کۆمەڵگەی سەرمایەداری بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بگۆڕێ.ئایا تێگەیشتنی باو لەسەر حزب و دەوڵەتی کۆمۆنیستی چ دەورێکی لەسەر قەیرانی کۆمۆنیزم هەیە؟ بۆچی وانە وەرگرتن لە تەجروبەکانی پێشوو پەیوەندی لەگەڵ زاڵ بوونی مۆدێلی باوی حزب و دەوڵەت هەیە؟ حزب و دەوڵەت چ جێگایەکیان لە جیهانبینی کۆمۆنیستی و خستنەڕووی پایەکانی کۆمەڵگەی ئایندەی ئینسانیدا هەیە؟ ئایا حزبی کۆمۆنیستی حزبی نوخبەیەکی دابڕاوە و "ڕابەرە" کە بەرنامەیەک سنوری ڕێکخراوەکە دیاری دەکا ، یان حزبێکی جەماوەری کرێکارە کە لە مەیدانی جۆراوجۆر و لە شیوازی ڕێکخستنی جۆراوجۆردا دەردەکەوێ؟ ئایا دەوڵەتی کرێکاریی هەمان دەوڵەتی تاک حزبی و نەبوونی ئازادی سیاسیە، کە لە سۆڤیەت و بلۆکی بەناو سۆشیالستیدا هەبوە، وە یا خود دەوڵەتێکی جەماوەریی و کاتیی و پابەند بە ئازادیی سیاسیە، کە هەنگاوەکانی هەڵوەشانەوەی خۆی ناسنامەکەیەتی، وە دوای نەمانی ترسی گەڕانەوەی بورژوازی بۆ دەسەڵات بەرەبەرە دەزگا سەروو خەڵکی و بیرۆکراتیەکانی هەڵدەوەشێنێتەوە ؟

ئەمانە و دەیان پرسیاری تر کە ئەمڕۆ دەبێ کۆمۆنیزمی سەردەم وەڵامی پێ بداتەوە تا بتوانێ سیمای سیاسی و ئایدیۆلۆژی خۆی وەک بەشێکی ڕۆشنبیری چینی کرێکار، کە دەتوانێ هەژمونی ئەم چینە لە نێوخۆیدا و لە کۆمەڵگەدا بەرامبەر بە بورژوازی و سیستەمە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکەی نیشان بدا و جیاوازیەکانی خۆی لەوان بخاتەڕوو.

هەروەها ڕاشکاوانە ڕەخنە لەهەموو کەموکوڕیەکانی مێژووی ڕابردووی بگرێت تا وەک مارکس دەڵێ "دوژمن وا دەدات بە زەویدا تا هێزی زیاتری بکاتەوە بەبەردا و دیسانەوە بچێتەوە مەیدانی جەنگی یەکجاری لەگەڵیدا" [3].

لەم ووتارەدا دەچینە سەر لێکدانەوەی مێژووی دروستبونی ئەم ئامڕاز و چەمکانە و کێشە و جەدەلەکانی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لەسەرحزب و دەوڵەت. دواتر ڕەخنە لەو تێگەیشتن و قاڵبانەی لە ئێستادا بوونەتە مایەی قەیران و بەربەستی بەردەم گەشەی بزوتنەوەی چینایەتی کرێکاران و بەدەسەلات گەیشتنی کرێکاران و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئینسانی بێ چین و چەوسانەوە.

لە لایەک لەسەر؛ حزب و پەیوەندی بە چینی کرێکار و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی،حزب وەک نمونەی دەوڵەتی کرێکاریی کاتی، حزب و شۆڕشی کرێکاریی ، حزب و ڕێکخراوەی جەماوەریی، توخمی وشیاری و خۆبەخۆیی و چەمکی نوخبە و جەماوەر، جێگا و چەمکی رابەری و جەماوەری حزب ، حزبی کرێکاری و کێشەی سێکتاریزم و بیرۆکراتیزم ، سەنترالیزمی دیموکراتی و ناوەند و میکانیزمی بڕیاردان و هتد قسە دەکەین.

لە لایەکی تریشەوە باسەکانمان لەسەر : دەوڵەت و دەسەڵاتی حزبی و دەسەڵاتی شورایی، دیکتاتۆری حزبی و دیکتاتۆری چینی کرێکار، ئازادی سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی، ناکۆکی نێوان دامەزراندن و هەڵوەشانەوەی دەزگای دەوڵەت، ئابوری کۆمۆنیستی و دەوڵەت ، پەرلەمان و شورا وهەڵبژاردن و دیاریکردنی موچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت، دەوڵەت و بیرۆکراتی، خۆبەڕیوەبەری و دەزگای دەوڵەتی، پایەکانی هەڵوەشانەوەی دەوڵەت، کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی و ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی و کۆمەڵگەی ئینسانی، و هتد دەبێت.

---

[3] مارکس،١٨برۆمێر لویس بوناپارت

https://www.marxists.org/farsi/archive/marx/works/1852/18-brumaire.pdf

# ٢

## چ تێگەیشتنێکمان لە مێژووی کۆمۆنیزم هەیە؟

پێش ئەوەی بچینە ناو مێژووی لێکدانەوەکان و تیۆریەکان لەسەر حزب و دەوڵەت، پێویستە تێگەیشتنێکی ماتریالیستیانەمان هەبێ بۆ خودی مێژووی کۆمۆنیزم، وە لێرەشەوە دەتوانین ئەو تیۆر و هەولانە لە بواری حیزب و دەوڵەتدا بناسین، کە لەم مێژووەدا دەرکەوتوون.

سەرەتا مێژووی ئەم کۆمۆنیزمە خۆی لە تێگەیشتنێکی میتافیزکیەوە پێچراوەتەوە، وە ئەم مێژووە کراوەتە مێژووی گروپ و دەستە کۆمۆنیستەکان و ڕەوتە سیاسی و ڕیکخراوەییە جیاجیاکان، وە مێژووی خەباتی چینایەتی کرێکاران، کە بنەمای کۆمۆنیزمە، لەبیربراوەتەوە و هەر گروپە مێژوی خۆی بە مێژووی کۆمۆنیزم لەقەڵەم دەدا .هەربۆیە هەر بینەرێک ناهەقی نیە توشی سەرلێشێوان ببێ و بڵێ لە بەر دارەکان ئەم دارستانە نابینرێ.

چینی کرێکار لە سەرمایەداریدا، بەهەمان شێوەی چینی بورژوازی لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا، خەباتێکی چینایەتی دەکا دژ بەو کۆیلایەتیەی کە کاری بەکرێ بۆ سەرمایە بەسەریدا سەپاندووە. ئەم چینە لەم هەوڵە بەردەوامەیدا بۆ لابردنی ئەو ڕێگریانەی لەبەردەمیدایە بۆ گەیشتن بە دەسەلات و کۆتایی هێنان بە سیستەمی سەرمایەداری، تیۆر و تاکتیک و شۆڕشی جۆراوجۆر و لەوانەش کۆمۆنیزمی تاقی کردۆتەوە. بەلام ئەوە کۆمۆنیزم و سیاسەتی کۆمۆنیستی نیە کە ئەم مێژووە و شۆڕشەکان دروست دەکا، بەڵکو ئەوە قۆناغی گەشەی سەرمایەداری و گەشەی

خەباتی چینایەتی کرێکارانە کە هەوڵە کۆمۆنیستی و سۆشیالیستیەکان دەخاتە قاڵبێکی مێژووییەوە، کە بەپێی دیدگای مارکس، ئەم هەوڵانە "ئەگەر لەو چوارچێوە مێژووییەی گەشەی چینی کرێکاردا نەبێت ئەوا دەبینین چەند بێ دەسەڵاتە لەگەیشتن بە ئامانجی کۆتایی، بە پێچەوانەشەوە چۆن لە شکان نەهاتووە، ئەگەر لەو چوارچێوە مێژووییەی بزووتنەوەی چینی کرێکاردا بێت". [4]

ئەم تێگەیشتنە ماتریالیستیە دوو شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە؛

یەکەم: هەرچەند هەوڵە سیاسیە جۆراوجۆرەکان ناوی چینێک وەرناگرن بەڵکو ناوی سەردەم و کەسایەتیەکان و حزبەکان و ڕەوتە سیاسیەکان وەردەگرن، بەڵام ئەمانە لەڕاستیدا خۆیان ئەنجام و پاشکۆی گەشەی مێژوویی چینی کرێکارن. هەربۆیە لە پشت ناو و مێژووی مارکس و لینین و مانیفیست و کۆمۆنە و ئۆکتۆبەر و حزبە جۆراوجۆرە کۆمۆنیستیەکانەوە، دەبێ ئەو گەشە مێژووییە ببینی کە چینی کرێکار لەو قۆناغە جیاوازانەی گەشەی سەرمایەداریدا پێیگەیشتوە و هەوڵە سۆشیالیستەکان بەپێی پیداویستیەکانی خەباتی چینایەتی لەو قۆناغەدا شکڵیان گرتوە. ئێمە بە لێکدانەوەی چوارچێوەی ئەو قۆناغە توانای تێگەیشتمان لەو هەوڵانە هەیە . ناتوانین ئەم هەوڵە کۆمۆنیستیانە بۆ هەموو قۆناغەکان بکەینە قاڵبێک وپێوەر و دۆگمێکی چەقبەستوو و نەگۆڕ، وە بزوتنەوەی کرێکاری بەپێی ئەو قاڵبە مێژوویانە بەش بەش بکەین بەناوی مارکسیەکان ، بەلشەفیەکان ، کۆمۆنارەکان و ترۆتسکیەکان و کۆمۆنیتسە کرێکاریەکان و سۆشیال دیموکراتەکان و هتد..

ئەم جۆرە تێگەیشتنە نامێژووییە کە کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان دەخاتە جێگای خەباتی چینایەتی کرێکاران و ئەوان دەکاتە نوێنەری مێژوو و چینەکە، تێگەیشتنێکی باوە کە خۆی بەرئەنجامی پرۆسەی دابڕان و دوورکەوتنەوەی بەشێکی زۆر لە

---

[4] هۆبسبام،چۆن جیهان بگۆڕین؟
http://www.asokamal.com/index/?p=1616

ڕۆشنبیران و سیاسیەکانی چینی کرێکارە لە خودی چینەکە و خەباتی چینایەتی و بوونی بە گروپی تەبلیغاتی یان حزبی نوێنەرانی چینەکانی تر.

بەڵام دیدگا و تێگەیشتنی ماتریالیستانە بۆ خەباتی چینایەتی تەواو پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە میتافیزیکیەیە، کە مێژووی کۆمۆنیزم وەک مێژووی گروپە جێگیرەکان و ڕوداوەکانیان دەبینێ، وە تەواو جیاوازە لەو داتاشینی جیاوازیانەی ئێستای ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کە قاڵبە مێژوویەکانی وەک مارکسیزم و بەلشەفیزم و سەندیکالیزم و ئانارشیزمیان کردۆتە قاڵبی جێگیر و پیرۆز و بەپێی ئەوانە دنیای ئێستا و خەباتی دژی سەرمایەداری چینی کرێکار لێک دەدەنەوە. ئەم قاڵبە جێگیرانە وەک کاری ڕێگرەکانی سەدەی ناوەڕاست وایە کە بەپێی ئەندازەی تەختەی ئایدیۆلۆژی تایبەت بەخۆیان جەستەی ئەم بزوتنەوەیە ڕێک دەبڕنەوە و ڕێکخراو و حزبی جۆراوجۆری لێ دروست دەکەن. لە کاتێکدا مانیفیست هاواردەکا:

"کۆمۆنیستەکان، حزبێکی جیاواز بەرامبەر باقی حزبەکانی چینی کرێکار پێک ناهێنن. ئەوان، هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی و جیاواز لە بەرژوەندی کارگەرانیان نییە. ئەوان لە خۆوە هیچ چەشنە شێوازێکی گرووپی ناهێننە کایەوە کە بزووتنەوەی کارگەریی پێ بخەنە قاڵبەوە."5

دووەم:هەرکام لەم هەوڵە کۆمۆنیستیانە بەشێکن لە پرۆسەیەکی مێژوویی، کە هیچ کات نابنە خاڵی دەستپێکردن و جیاکردنەوە و کۆتایی مێژووی خەباتی چینایەتی، بەڵکو هەرکامەیان دەور و کاریگەری خۆی لە پرۆسەیەکی مێژوییدا دەنوێنێ ،کە بەردەوام لە گۆڕان و شکست و هەستانەوەدایە. مارکس ئەمە بە خەسڵەتی دیالەکتیکی خەباتی چینایەتی کرێکاران دادەنێ کە پێچەوانەی چینەکانی پێش خۆیەتی. ئەو دەڵێ؛ چینی کرێکار "ناتوانێ دروشمەکانی لەڕابردوو وەرگرێ بەڵکو

---

[5] مانیفیستی کۆمۆنیست، مارکس و ئەنگلس
https://www.marxists.org/kurdi/marx/babetekan/marx_1848_manifesti_komonist.pdf

تەنیا لە داهاتوو وەریدەگرێ. ئەو ناتوانێ ئەرکەکەی ئەنجام بدا ئەگەر هەموو ڕێزگرتنێکی ئەفساناوی ڕابردوو کۆتایی پێ نەهێنێ". شۆڕشەکانی پێشوو( بورژوایەکان) پێویستیان بە گێڕانەوەی یادەوەریەکانی ڕوداوە مێژوویەکانی جیهان بوو تاکو خۆیان هەڵخەڵەتێنن سەبارەت بە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی شۆڕشەکەیان. بەڵام شۆڕشی سەدەی نۆزدە (کرێکاریەکان)لەسەریەتی بۆئەوەی بۆخۆی ناوەرۆکی تایبەتی شۆڕشەکە ڕۆشن بکاتەوە دەبێ لێگەڕێ مردوەکان مردوەکانیان بنێژن..ئەم شۆڕشە پرۆلیتاریانە وەک لە سەدەی نۆزدەدا ڕودەدا، ئەوانە، بە پێچەوانەوە بەردەوام ڕەخنە لە خۆیان دەگرن، وە لەکاتی بەرەوپیشەوەچووندا بەشێوەیەکی بەردەوام خۆیان دەوەستێنن لە ڕۆشتن، وەجارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە دەستیان کرد بەوەی شتێک بەدەست بهێنن تاکو سەرلەنوێ دەست پێبکەنەوە، وە بەشێوەیەکی بێ ڕەحمانە گاڵتە بکەن بە کەموکوڕیە سەرەتاییەکانیان و وە خاڵە لاوازەکانی وە هەموو پوچیەکانی."[6] ئەمە خەسڵەتی دیالەکتیکی خەباتی چینایەتی کرێکارانە. هەربۆیە ئەنگلس دەڵێ "بزاڤی کرێکاری ئەڵمانی وارسی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانیە."[7]

بە پێچەوانەی ئەم میتۆدە دیالەکتیکیەوە، کە پێویستە هەموو مێژووی سەدەی ١٩ و ٢٠ بدەینە بەر ڕەخنەی بێ ڕەحمانە تاکو کەموکوڕیەکان و لاوازیەکانی کۆمۆنە و ئۆکتۆبەر و هۆیەکانی شکستی ئەم شۆڕشانە بکاتە دەرس بۆ شۆڕشەکانی ئەم سەردەمە ، کە چی هێشتا دیدی میتافیزیکی و نامێژوویی زاڵە بەسەر بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا. ئەم دیدگایە، نەک هەر چینی کرێکار بەپێی قاڵبە فکریەکان پەرت پەرت دەکا، بەڵکو کۆمۆنیزم خۆشی دەکاتە شتێکی جیاواز لە چینی کرێکار و ئەو

---

[6] الثامن عشر من برومير لويس بونابرت ل ١٤٣،ماركس انجلس ،مختارات، الدار التقدم

[7] لودفیگ فیورباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، ل ٨١، وەرگێرانی سالار ڕەشید https://www.marxists.org/kurdi/marx/babetekan/marx_1888_feurbax.pdf

خەباتە چینایەتیەی ئەمڕۆ لە مەیدانەکانی ئازادیی لە ئارادایە. بەم شێوەیە هیچ کاتێ ئەو ناکۆکیەی لە فکری خۆیدا بۆ جیاکردنەوەی سنوری کۆمۆنیستی و ناکۆمۆنیستی دروستی کردوە، ناتوانێ چارەسەری کێشەی جیایی کۆمۆنیزمی لە کرێکار پێ بکا. پێی وایە پێویستی بە کۆمۆنیزمێکی فکری خالسە و پوختە تا بتوانێ ئەم دوانە پێکەوە گرێ بداتەوە، وەک چۆن پەیڕەوانی ئاینەکان بۆ دەقەکان و ڕەفتاری پێغەمبەرەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ ڕزگارکردنی دنیای ئێستا.

ئێمـە بۆ تێگەیشتنمان لە مێژووی چینی کرێکار و ئەو گۆڕانکاری و جیاوازیانەی لە خەباتی فکری و سیاسی ئەم چینەدا دروست دەبێ پێویستە سەیری مێژووی بورژوازی وەک چینێکی شۆڕشگێڕ دژ بە سیستەمی دەرەبەگایەتی بکەین. دەبینین بەپێی گۆڕانکاری و گەشەی جێگە و ڕێگەی ئابوری بورژوازی لە سەردەمی ڕینیسانسەوە هەوڵی فکری و سیاسی بەردەوامی چەند سەدەی خایاند تاکو پێکهاتەکانی سیستمی سیاسی خۆی کامڵ کرد. لە لۆتەریزمەوە دەست بە شەڕ لەگەڵ کەنیسەی کاسولیک دەکا، وەک پێکهاتەیەکی سیستمی دەرەبەگایەتی، هەروەها لە میکاڤیللیەوە شۆڕش بەسەر فکری سیاسی دەرەبەگایەتی و کڵێسادا دەکا و زانستی سیاسەت لە دنیای واقعیدا دەهێنێتە ئارا و دواتر لەسەر دەستی هەر کام لە جان بۆدان، ئاڵتۆسیۆس، تۆماس هۆبس، جۆن لۆک، مۆنتیسکۆ، ڕۆسۆ، بنتام و ستیوارت میل و دەیان فەیلەسوف و یاساناس و سیاسی و بزوتنەوە سیاسیەکانیەوە، کاری فکری و تیۆری سەبارەت بە چەمکەکانی سەرەوەریی، دەسەڵاتی یاسا، فۆرمی حوکمڕانی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دینی لە دەسەلاتی سیاسی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و بەڕێوەبردن و دادوەری ودەوڵەت و دەستور و مافەکان فۆرمۆڵەکران و جێکەوتن. ئەم پرۆسەیەی شکڵگرتنی دەوڵەت و دامودەزگاکانی سیستەمی سەرمایەداری لە ئەنجامی چەند سەدە لە ململانێی فکری و سیاسی و سەربازی لە نێو چینی بورژوازیدا و دژ بە فکر و بیروڕای زاڵی دەرەبەگایەتی ڕویداوە.

لەگەڵ پێداویستیەکانی سەپاندن و ڕاگرتن و گەشەپێدانی دەسەلاتی ئابوری چینی بورژوازیدا و کاریگەریی خەباتی چینایەتی بەسەریانەوە، قاڵبی حزب و حکومەت و دەوڵەتی بورژوازیش گۆڕانی بەسەرداهاتوە و شکڵی ئێستای پەرلەمانی و حکومەتی جێبەجێکردن و دەزگای دادوەری و سوپا و دەزگای ئاسایش و دەزگا نهێنیەکانی وەرگرتووە و لە ئاستی جیهانی UNوبانکی جیهانی ودەزگای جۆراوجۆری دروستکردووە .

حزب و دەوڵەت بۆ چینی کرێکاریش ڕەوتێکی ململانێی فکری و تیۆری و پراتیکی دوو سەدەیەی تێپەڕاندووە . لەهەر دەورەیەکدا چینی کرێکار کۆمەڵێک هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە و لە خەبات و شۆڕشی بەردەوامیدا ڕاستی و دروستی تیۆریەکان و سیاسەتەکانی تاقیکردۆتەوە و سەلماندونی، یاخود لە شکستەکانیدا ناڕۆشنی و هەڵەکانی خۆی بۆ دەرکەوتووە .

ڕەوتێکی مێژوویی ئەم چینە کە لە دوو سەدەدا لە شێوازی ئەنترناسیونال و سەندیکا و شورا و یەکێتیە کرێکاریەکان حزب و شۆڕش و مانگرتن و دەوڵەتدا خۆی نمایش کردووە . ئەمانە هەموویان هەوڵی جۆراوجۆری چینێکن کە لە پێناو کۆتایی هێنان بە کۆیلایەتی بۆ سەرمایەداری دەستی بۆ بردووە و لە پرۆسەیەکی مێژوویدایە بۆ خۆ ئامادەکردن وەک بەدیلی ئەم سیستەمە چەوسێنەرە . پێ بەپێی ئەوەی «چینی کرێکار بەردەوام ژمارەی زیاد دەکات و بە دیسپلین دەبێت، یەکگرتوو دەبێت، ڕێکخراو دەبێت، لە ڕێگای میکانیزمە زۆرەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خۆیەوە"[8] ، لە خەباتی چینایەتیدا مەسەلەی نوێ وەک حزب، ئەنتەرناسیونال، دەوڵەت، شورا و سەندیکا و کەلتور و هتد هاتۆتە پێشەوە .

کۆمۆنیزم لەگەڵ شۆڕشە بورژوازیەکاندا دژی دەرەبەگایەتی وەک بزوتنەوەیەکی ناڕازی کرێکارانی تازە پێگەیشتوو هاتە مەیدان و زۆر بەسادەیی خۆی لەبەرگی

---

[8] هۆبسبام،چۆن جیهان بگۆڕین؟
http://www.asokamal.com/index/?p=1616

بەدیلی سەرمایەداریدا نیشاندا. هەرچۆن بورژوازی چەند سەدەی لە خەباتی فکری و سیاسی و ئابوری ویست تاکو لە کۆتوبەندەکانی فیۆدالی ڕزگاری بوو، بە هەمان چەشن کرێکارانیش لە هەوڵێکی مێژوویی بەردەوامدان تا خۆیان وەک بەدیلی سەرمایەداری بسەلمێنن و لە کۆت و بەندە فکری و سیاسی و ئابوریەکانی سەرمایەداری ڕزگاریان بێت.

ئەم چینە بە چەندین شۆڕش لە سەدەی نۆزدە و بیستدا مۆری خۆی داوە لە مێژووی تا ئێستای دنیای سەرمایەداری.ئەم کۆمۆنیزمە بەم تەجروبانەی نیشانی داوە لە بواری فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و بووەتە یەکێک لەو بزوتنەوانەی کاریگەری لەسەر پێکهاتەی ئاڵۆز و قەیراناوی سیستمی سەرمایەداریدا هەیە. هەر قۆناغێکی ئەم هەوڵە فکری و سیاسیانە دەبێ وەک ڕەنگدانەوەی دۆخی سیاسی و ئابوری ئەو سەردەمە و پێداویستیەکانی خەباتی ئەو دەروەیە سەیربکرێن نەک وەک قاڵبێک و دۆگمێکی کە مێژووی تیاقەتیس بکرێ و لە ئێستادا دەبێ کۆمۆنیزم وەڵامی ئەو کێشە و مەسەلانە بداتەوە کە چینی کرێکار لە خەبات و ڕێکخراوبوون و شەڕی لەگەڵ بزوتنەوە بورژوازیە نیولیبراڵ و پۆپۆلیست و ناسیونالیستەکاندا ڕووبەڕووە، نەک شەڕێک کە مارکس لەگەڵ باکۆنین هەیبووە، یان لینین لەگەڵ کاوتسکی، یاخود ترۆتسکی لەگەڵ ستالین. هەرچۆن بورژوازی ناڵێ بۆچونەکانی هۆبز یان ڕۆسۆ قسەی ئاخری دەوڵەت و دەستور و پەیمانی کۆمەڵایەتیە. بێگومان چینە کۆمەڵایەتیەکان لە شەڕی سیاسی دنیای واقعیدا بەناچاری یان بەپێی بەرژەوەندیەکانی چینەکەیان ئەم یاسا و دەزگایانە دەگۆڕن. هەربۆیە چینی کرێکاریش پێویستی بە بەردەوام گەشەپێدانی گۆڕینی تێڕوانین و ئامڕازەکانی خەبات هەیە.

تێگەیشتنی ماتریالیستی لە مێژووی چینی کرێکار پێمان دەڵێ، کە ئەم چینە لەگەڵ دروستبوون و گەشەی چینی بورژوازی وشۆڕشی پیشەسازیدا دروست بووە و ئەم دوو چینە پێکەوە سیستمی سەرمایەداریان پێکهێناوە. ناکۆکی چینایەتی نێوان ئەم دوو چینە لەناو جەرگەی شەڕی کۆتایی هێنان بە پاشماوەکانی سیستمی

دەرەبەگایەتیدا بەرەبەرە زەق بووەتەوە و گەیشتۆتە شەڕی نێوان ئەم دوو چینە و لەهەر شەڕێکدا کە بورژوازی بۆ دیموکراسی و ئازادی زیاتر کردوویەتی دژی سیستمی پاشایەتی و فیۆدالی، چینی کرێکاریش بەشداری کردووە وهەوڵیداوە ئەو دەستکەوتانە هەر تایبەت نەبن بە بورژوازی، بەڵکو ئەویش لێی بەهرەمەندبێت. چینی کرێکاریش هاوشێوەی بورژوازی سەدەکانی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری، ئەویش لە سەدەی ١٩و٢٠دا کۆمەڵێک شۆڕشی کردووە و پرۆسەیەکی دانەبڕاوی لە خەبات و فشار دژ بە سەرمایەداری هەبووە. ئەم چینەش بەپێی جێگەوڕێگای ئابوری و ئاستی گەشەی سەرمایەداری و ئاستی وشیاری و ڕێکخراوبوونی کرێکاران تیایدا ئایدیاکانی دنیای کۆمۆنیستی و یەکسان و ئازادی سەریهەڵداوە و توێژی ڕۆشنبیر و فەیلەسوف و بیریاران و هەڵسوڕاوانی سەر بەم چینەش تەعبیریان لەم خواست و ئامانجانە کردووە. کۆمۆنیزمیش وەک بەشێک لەم هەوڵە ڕۆشنبیری وسیاسیە، پێ بەپێی تەجروبە سیاسی و پراتیکە شۆڕشگێڕانەکانی کرێکاران گەشەی دەکرد و لە کۆمۆنیزمێکی خەیاڵیەوە گەشتە ئاستی تیۆریەکی سیاسی و ئابوری و فەلسەفی و دواتریش بەشێوەیەکی زانستی لێکدانەوەکانی لەسەرسیستمی سەرمایەداری و ناکۆکی و قەیرانەکانی و ئامرازەکانی گۆڕانی بە سیستمێکی کۆمۆنیستی خستەڕوو.

چەمکی حزبی کرێکاریی و کۆمۆنیستیی لە مێژووی ئەم ململانێ سیاسی و چینایەتیەدا سەری هەڵدا. سەرەتا گروپە کۆمۆنیستیە نهێنیەکان و ڕێکخراوە جەماوەریە ئاشکراکان پێکدەهاتن و دواتر گرنگی ڕێکخستنی یەکپارچە و سەراسەری و جیهانیی ئەم چینە هاتە ئارا وئەنتەرناسیونالی یەکەم و حزبە سۆشیال دیموکراتی و کرێکاریەکان لە ئەوروپا وڕوسیاو ئەمریکادا سەریان هەڵدا.

ئەم چەمکە دوو خەسڵەتی سەرەکی هەبوو، کە یەکەمیان باسی حزب باسی ڕێکخستنی سەرجەم چینی کرێکار بوو وە مانای حزبێکی تایبەتی نەبوو لە ناو کرێکاراندا. هەربۆیە لەئەنتەرناسیونالی یەکەم و حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیادا بۆچوون و ڕێبازی سیاسی جیاجیا دەبینین و سەرەڕای ململانێی سیاسی و فکری

نێوانیان بەڵام وەک حزبێکی کۆمەڵایەتی وهێزێکی سیاسی ئەم مەیلانە پێکەوە کاردەکەن. مانیفیستی کۆمۆنیستی مارکس و ئەنگلس تەعبیر لەم قۆناغە دەکا کە دەڵێ "کۆمۆنیستەکان حزبێکی جیا لە حزبەکانی چینی کرێکار نین و ئامانجیان کۆکردنەوەی هەموو چینەکە و خستنەڕووی ئامانجی کۆتایی چینەکەیە لە هەموو قۆناغەکانی خەباتیدا" ئەو پێناسەیەیە بۆ حزب کە بنەمای تێگەیشتن لە چەمکی حزبی کرێکاریی و کۆمۆنیستیی نیشان دەدا.

دووەمیان ؛ ئەم حزب و ڕیکخراوانە لەگەڵ شەڕی چینی کرێکار لەسەر دەسەڵات گرتنی کرێکاران و شۆڕشی سۆشیالیستی بەسەر سەرمایەداریدا تێکەڵاون. وەک تێکەڵاوی ئینترناسیونالی یەکەم لەگەڵ کۆمۆنەی پاریس و پەیوەندی بەردەوام بە خەباتی سیاسی و ئابوری کرێکارانی ئەوروپاوە، یان حزبە سۆشیال دیموکراتەکان و خەباتی پەرلەمانی و مانگرتن و خۆپیشاندانە کرێکاریەکان و بوونی سەدان هەزار ئەندامی کرێکاری لەم حزبانەدا و بەشداری لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ڕاپەڕینەکانی ئەڵمانیا و مەجەر و مانگرتنە سەراسەریەکانی ئیتالیا وبەریتانیا و نەرویج و وڵاتانی تر.

لەم ئاستە لە گەشەی بزوتنەوەی کرێکاریی و کۆمۆنیستیی وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی وجەماوەری وبەتایبەت لە کۆمۆنەی پاریسەوە چەمکی دەوڵەتیش دەبێتە بەشێکی سەرەکی لەم خەباتە. دواتر لە شەڕی جیهانی یەکەمدا ئەم بزوتنەوەیە دەکەوێتە بەردەم قۆناغێکی تەواو جیاوازەوە و لەبەردەم ئەرکێکی مێژووییدا قەرار دەگرێت. ئەم شەڕە جیهانیە بۆ جیهانی مۆدێرن بەمانای ڕوخانی تەواوی پایەکانی دنیای لیبرالیزم و مافی مرۆڤ و ئازادیەکانی بورژوازیە، کە لەبەرامبەریدا شەپۆلێکی ناڕەزایەتی شۆڕشگێڕانە سەریهەڵدا و بزوتنەوەی کرێکاریی وکۆمۆنیستیی خستە بەردەم ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی مێژوویی لەگەڵ ئەم شەڕە جیهانی وبەربەریەتەی سەرمایەداری و نیشاندانی بەدیل و ڕیگاچارەی کۆمۆنیستی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. هەربۆیە جارێکی تر مەسەلەی شۆڕشی کرێکاریی دژ بە دەسەڵاتی

بورژوازی وگرتنە دەستی دەسەڵات و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیی دەبێتە پێویستیەکی ڕۆژ.

"دەوڵەت و شۆڕش" ی لینین تەعبیر لەم قۆناغە گەشەکردوەی کۆمۆنیزم و چینی کرێکار دەکا کە دەڵێ "ئامرازەکانی دەوڵەتی بورژوازی دەبێ لەناوببرێ و دەوڵەتێک دروست ببێ کە پشتی بە چەکدارکردنی گشتی و نوێنەرانی ڕاستەوخۆی کرێکاران و جوتیاران ببەستێ".

لەم قۆناغەدا ئێمە لەگەڵ دوو مەسەلە دەرگیر دەبین یەکەم؛ جیابونەوەیەک لە نێو بزوتنەوەی کرێکاریدا لەسەر بنەمای تاکتیک لە بەرامبەر شەڕی جیهانی و دەوڵەتی بورژوازیدا.

ڕەوتێکی ناسیونالیستی لە نێو بزوتنەوەی کرێکاریدا پشتیوانی لە لایەکی شەڕ دەکەن بەرامبەرلاکەی تر و هاوکاتیش پشتیوانی لە ریفۆرمیزم دەکەن لە بەرامبەر گۆڕینی دەسەڵات بەشێوەی شۆڕشگێڕانە.

دووەم؛ لە ڕوسیادا کە زەمینەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی تیایدا لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لەبار دەبێت و ٣ شۆڕشی یەک لە دوای یەک ڕودەدەن و بزوتنەوەی کرێکاریی و کۆمۆنیستیی نمونەیەک لە شۆڕشی سۆشیالیستی و مۆدێلی بەلشەفی لە دەوڵەتی کرێکاریی نیشان دەدا.

ئەم دەورەیە دەورەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشەیە. هەردوو چەمکی حزب و دەوڵەت لەم دەورەیەدا دەکەونە قۆناغی پراتیکێکی کۆمەڵایەتی یە، وە گۆڕانێکی سەرتاپاگیری سیاسی و ئابوری کۆمەڵگەی ڕوسی دەگرێتەوە و کاریگەری خۆی بەسەر جیهاندا دادەنێ. سەدەی ٢٠ و تا ئێستاش مۆدیلی حزب و دەوڵەتی بەلشەفی وەک دوو مۆدیلی نەگۆڕ و پیرۆز سەیردەکرێن و هیچ ڕەخنەیەکی بنچینەیی لەم مۆدیلانە و نیشاندانی بەدیلی بەرامبەریان لە ئارادا نیە. ئەم دیدە میتافیزیکی و نامێژوییە لە حزب و دەوڵەت مەسەلەی سەرمێزی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە. لێرەوە تێڕوانینی ماتریالیستی بۆ دەور و مێژووی چینی کرێکار گرنگی حەیاتی و بنەڕەتی

پەیدا دەکا، بۆیە دەبێ لێکدانەوەی دروست و زانستیی بۆ ئەم مێژووە و واقعی ئێستا بکا و وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە بونەتە گرێ کوێرە لە بەردەم چینی کرێکار و ئایندەی خەباتەکەیدا. تێڕوانین بۆ حزب و دەوڵەت ئەو دوو ئەڵقەیەیە کە ئێمە لەم لێکدانەوانەدا بەدەستیەوە دەگرین تاکو دەرگا بکاتەوە بەڕووی ڕۆشنکردنەوەی گرفت و کێشەکاندا.

لێرەوە دەبێ ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر دوو چەمکی حزب و دەوڵەتدا هات بە شیوەیەکی وردتر لێک بدەینەوە تا بزانین چ جیاوازیەکی لەگەڵ بنەما سەرەکی و سادەکانی پێش ئەم دەورەیە و دنیای سەردەمی ئێمە داهەیە؟

# ٣

## حزب و خەباتی چینایەتی

لەبەشی پێشوودا وتمان کە چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی مێژوو دروست دەکا نەک کۆمۆنیزم. کۆمۆنیستەکان ئەو بەشە ڕوناکبیرەیە ،وەک گرامشی دەڵێ؛ خۆی "دەربڕی گەشەی بونیاد وستراکتۆری چینی کرێکارە"[9] ،کە وەک بەشی ڕوناکبیریی ئۆرگانی ئەو چینە دروست دەبێ و گەشە دەکا. وە لەوێدا ڕەخنەمان لەو بۆچوونە میتافیزکیە خستەڕوو کە مێژووی ئەم کۆمۆنیزمە دەکاتە مێژووی کەس و حزب و ڕێکخراوە و ڕەوتە سیاسیەکان و پێچەوانەی واقعیەتی دیالەکتیکی گەشەی چینی کرێکار و خەباتی چینایەتیەکەیەتی، کە بنەمای دەرکەوتن و سەرکەوتن و شکستەکانی کۆمۆنیزمە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا.

ئەم تێگەیشتنە خۆی لە باسی حزبدا بەڕوونی نیشان دەدا. هەربۆیە ئێمەش دەکەوینە شیکارێکی هەمەلایەنەی دیدی ئێستا سەبارەت بەم چەمکە و مێژووەکەی و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا هاتووە، تاکو لە ئەنجامدا جێگای واقعی حزب لە جیهانبینی کۆمۆنیستیدا بخەینەڕوو.

حزب وەک دەربڕینێکی موجەرەد و دیاردەیەکی جیابووەوە لەو کۆمۆنیزمە چینایەتیە و چینی کرێکاری لێهاتووە، کە خودی خۆی لە ئامرازێکەوە بووەتە ئامانج و پیرۆزکراوە. ئەم

---

[9] گرامشی، دەفتەرەکانی زیندان، کێشەی مێژوو و کەلتوور، ل٥، بە زمانی ئینگلیزی
Gramsci, Prison Notebooks, Problems of History and Culture,P5

شت پەرستیە و فیتیشیزمە توشی کۆمۆنیزمی ئەم سەردەمە هاتووە، لە دابڕانی دیالەکتیکی هیگڵ دەچێ، کە بە گەیشتن بەدەوڵەت و مافی بورژوازی گەیشتە کۆتایی مێژوو.

هەربۆیە سەرەتا دەبێ چەمکی حزب خۆی لەم دنیای موجەرەدی سیاسەت دەرکێشین و بیخەینەوە ناو قاڵبی مێژوویی خۆی، تا بتوانین وەک چەمکێکی واقعی و لە دنیای شەڕی چینایەتیدا ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئەم ئامڕازە سیاسیە دوور لە بتپەرستیەکەی ببینین.

لە سیستمی سەرمایەداریدا چینی دەسەڵاتدار لە پرۆسەیەکی مێژوویدا شێوازی ڕێکخستنی خۆی بە شێوەی حزبی سیاسی جیاجیا دەباتە پێشەوە، کە ڕەنگدانەوەی توێژە جیاجیاکانی سەرمایە و شکڵگرتنی قاڵبە فکری و سیاسیە جیاوازەکانە لە پەیوەندی لەگەڵ کێشە ناوخۆییەکانی سیستمی سەرمایەداریدا. لە بەشێکی زۆری دنیای ئێستادا کە پەرلەمانتایزم بووەتە شێوەی ئیدارەی سیاسی دەسەلاتدارێتی بورژوازی، ئەم چینە لە دەوری بەرنامەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی جیاواز، بەڵام لەسەر هەمان بنەمای پاراستنی سیستمی سەرمایەداری، حزبی جیاجیا یان دژ بەیەکی هەیە، کە لە پێشبڕکێدان بۆ بەدەستەوەگرتنی ئیدارەی حکومەت و دەوڵەت. ئەمە خۆی بەشێک لە پرۆسەی دەوڵەت دروستکردنە، کە بورژوازی بۆ سەنترالیزەکردنەوەی بازاڕ و ناوچەکان و دروست کردنی شارە گەورەکان ودامودەزگاکانی بەڕێوە بردن و سەرکوت و وەڵامدانەوەی پێویستیەکانی گەشەی سەرمایە دەستی بۆبرد و جێگای سیستمی دەرەبەگایەتی پێ گرتەوە کە لەسەر بنەمای لادێ و دەسەڵاتە فیدراڵە پەرژوبڵاوەکان دامەزرابوون.

لای چینی کرێکاریش چەمک و دیاردەی حزب، پێ بە پێی گەشەی ژمارە و جێگاو ڕێگای ئەم چینە لە ئابواری سەرمایەداری دا، وە هەروەها بەرئەنجامی تاقیکردنەوە شۆڕشگێڕیەکانی چینی کرێکار گەشەی کردووە. سەرەتا بزوتنەوە "خۆڕسک" و ئامانجە خەیاڵیەکانی ئەم چینە لە ئەوروپادا سەرهەڵدەدا. لە ژاکوبینەکانی شۆڕشی فەرەنسەوە تا چارتیەکانی بەریتانیا و شۆڕشەکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لە ئەوروپادا، کۆمۆنیزم وەک توخمێکی مێژوویی خەباتی چینایەتی سەرهەڵدەدا، نەک وەک تیۆریەکی چەند کەسێکی چاکخوازی لە

چەشنی ئۆوین و پرودون و مارکس. لە نێو ئەو توخمە خۆڕسکانەی چینی کرێکاردا هەمیشە وشیاریەکی چینایەتی هەیە، کە دەربڕینێکە لە بەرژەوەندیەکی مادی و چینایەتی. کۆمۆنیزم لە هەناوی ئەو پرۆسە خۆڕسکانەوە گەشەی کردووە و ئەو وشیاریە چیانیەتیەی ڕۆشنترکردۆتەوە و بەرگێکی زانستی خستۆتە جێگای خواستە خەیاڵیەکانی ئەو چینە. حزب و ڕێکخراو بوونی کرێکاران بەرهەمی ئەو پرۆسە وشیارانە بووە کە ئەم چینە لە قۆناغی جیاجیادا بەشێوەی جیاجیا خۆی وەک چینێک تیایدا نمایش کردووە. هەربۆیە حزب قاڵبێکە کە چین دروستی دەکا، نەک حزب چین و خەباتی چینایەتی دروست بکا. حزب قۆناغێکە لە خەباتی ڕێکخراو کە وشیار بوونەوەی چینێک لە خۆی نیشان دەدا، نەک وشیاریەک بێت کە چینێک و خەباتی چینایەتی دروست بکا. کاتێ کە خواستی کۆلیکتیڤ و هاوبەشی کرێکاران گەیشتە ڕادەی شۆڕش دژی بورژوازی و سیستمی سەرمایەداری، ئەوکات کۆمۆنیزم بووە تیۆریەکی شۆڕشگێڕانە کە تەعبیری لە پێویستی وچۆنیەتی ئەو گۆڕینە کرد. مانیفێست و ئینتەرناسیونالی یەکەم دەرخەری ئەو واقعیەتەن کە چینێک لە مەیدانی خەباتی سیاسیدایە کە فۆرمێکی کۆنکریت و بەرجەستەی وەرگرتوە. وەک گرامشی دەڵێ "مێژوو ئەم ئۆرگانیزمەی پێشکەش کردووە، ئەمە حیزبی سیاسیە، کە تۆوی سەرەتای ئەو خواستە هاوبەشە بەرەو جیهانی بوون و گشتی بوون دەچێ."[10].

لێرەدا دەبێت لەسەر خاڵێک ڕاوەستین ئەویش پاشکۆ بوونی حیزبە بۆ خەباتی چینایەتی. ئەگەر حزب بەرهەمی گەشەی ئەو خەباتەی کرێکاران بێت، کەواتە یاساکانی حوکم بەسەر گەشە و مانەوە و ئایندەی حزبدا دەدەن هەمان یاساکانی خەباتی چینایەتیە. ئەم هاوکێشەیە پێمان دەڵێ کە حزب بەشێک لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە، کە لەژێرکاریگەری ئەو هێزەدایە کە ئەم پرۆسەیە دەجوڵێنێ. ئەم هێزە ئەگەر سەرەتا بچوک و پەرژوبڵاو و بێ بەرنامە و بێ تەجروبە بێت حزبیش بەهەمان شێوە دەبێ. بەڵام کاتێک بەشە ئۆرگانیکەکانی حزب

[10] گرامشی، دەفتەرەکانی زیندان، میری مۆدێرن ل ١٢٩، بە زمانی ئینگلیزی
Gramsci, Prison Notebooks, The Modern Prince, P129

واته سێ پێکهێنەرەکەی حزب؛ یەکەم، جەماوەرێکی کرێکاری بە دیسپلین و ڕێکخراو و، دووەم، ڕۆشنبیرانێکی سیاسی کە توانای یەکگرتوو کردنی ئەم هێزەیان هەیە و سێهەم، ئەو ئامرازانەی کە ئەم دوو بەشەی سەرەوە لێک هەڵدەپێکێ، ئەوا قۆناغی گواستنەوەی خەباتی چینایەتی بۆ ئاستی باڵا واتە دەست بردن بۆ دەسەڵات دەست پێ دەکا. ئەم گەشە و کامڵ بوونە لە پرۆسەیەکی مێژوویدا دەست پێدەکا کە زەمینە مادی و کۆمەڵایەتیەکانی خەباتی چینی کرێکار لە دژی سەرمایەداری خەملیوە. بۆ نمونە لە فەرەنسە دوو دەیە لە خەباتی چینایەتی و شەڕی چینایەتی لە شۆڕشی ١٨٤٨ەوەتا١٨٧٠ ئاکامەکەی دەگاتە کۆمۆنەی پاریس. لێرەدا وشیاری کۆمۆنیستی دروست دەبێ، نەک بەمانای حزبێکی دیاریکراو، بەڵکو بەمانای کارێکی جەماوەری کرێکاران سەبارەت بەوەی کە ئامانجی خەباتی سیاسی و چینایەتی کرێکاران گرتنە دەستی دەسەڵاتە. ئەمە یەکەم جارە کە کرێکاران هێزی سیاسی خۆیان تا ئاستی هەژمونی بەسەر کۆمەڵگەدا بەرزدەکەنەوە و لێرەوە شەخسیەتی دەوڵەت و حکومەتی کرێکاریی کۆمۆن بوو بە سیما و کارەکتەری داهاتوی حزبی کرێکاریی. لێرەوە تیۆری یان جیهانبینی کۆمۆنیستی ، بەتایبەت لای مارکس و ئەنگلس، سەبارەت بە دەوڵەت و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی ڕۆشنتر دەبێتەوە.

ئەگەر لە مانیفێستدا حزب بە مانای چینێکی کرێکاری ڕێکخراو بوو، کە دەبێت وەک دەسەڵات خۆی ڕێک بخا، لەدوای تاقیکردنەوەی کۆمۆنەوە حزب مانای چینێکە لە شۆڕشێکی بەردەوامدا، نەک تەنیا بۆ جێگۆڕکێ لەگەڵ حزبی بورژوازیدا لەسەر کورسی دەسەڵات، بەڵکو بۆ لەناوبردنی هەموو دامودەزگای دەوڵەتی بورژوازی و خودی دەوڵەتیش. ئەمە مانای حزب دەگۆڕێ و گەشەی پێدەدا و ئاسۆ و ڕوانگەی خەباتی چینایەتی لە خەباتێکی ئابوری و داواکاری دیموکراتی و ئابوریەوە دەبێتە خەباتێکی سیاسی ڕێکخراو کە دەیەوێ شۆڕش بەسەر هەموو سیستمی سەرمایەداریدا بکا. لێرەوە تیۆری مارکس دەبێتە دەربڕینێکی کامڵتری کۆمۆنیزم لەچاو تیۆریە سۆشیالیستیەکانی پرۆدۆن و بلانکی و لاسال و ئەوانی تر.بەڵام ئەوە تیۆری مارکس نیە کە ئایندەی خەباتی چینایەتی دیاریدەکا و وشیاری چینایەتی لەقاڵبی حزبیدا دەخاتەڕوو، بەڵکو ئەو ململانێ سیاسی و ڕۆشنبیریەیە، کە

لەئاستی چینی کرێکار و لە مەیدانەکانی خەباتی ڕۆژانە و هەمەلایەنەدایە، بڕیاردەدا لەسەر چۆنیەتی بەرنامە و تاکتیک و تێگەیشتنەکان لەسەر حزب و ئامرازەکانی خەبات و ئایندەکەی، کە بەرەو کوێ دەڕوا؟

پێداگری مارکس و ئەنگلس لەسەر حزب واتە ئەوەی حزب واتە هەموو چینی کرێکاری سیاسی و ڕێکخراو، نەک حزبی گروپێکی جیاواز و نەک تەنیا حزبی کۆمۆنیستەکان ، جیاوازیی لە تێگەیشتنی لینین هەیە لەسەر حزبێک کە تەنیا کۆمۆنیستەکان دەگرێتەخۆ و جەخت لەسەر بەرنامە و تاکتیکی سیاسی وەک خاڵی جیاکەرەوە لە نێو بزوتنەوەی کرێکاریی و کۆمۆنیستیدا دەکاتەوە. ئەمە بەرهەمی مێژوویەک لە خەباتی چینایەتی بووە لە ئاستی ڕۆژئاوا و ڕوسیادا، وەک لە خوارەوە ڕۆشنی دەکەینەوە.

لەدوای کۆمۆنەوە کە ئێمە شاهیدی گۆڕانکاری گەورەین لە خەباتی چینایەتیدا، دروستبونی ئینتەرناسیونالی دووەم و گەشەی حزبە کرێکاریەکانین لە ئەوروپا و ڕوسیا و ئەمریکا پاشکۆی ئەو گۆڕانکاریانەن . لەم قۆناغەدا دوو مەسەلە خۆی بەسەر تێگەیشتنەکان و بەرنامەکانی ئەم کۆمۆنیزمەدا زاڵ دەکا. یەکەمیان حزبی کرێکاریی بۆئەوەی لەمەیدانی سیاسیدا بتوانێ هێزێکی جەماوەریی کۆبکاتەوە و خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی چینی کرێکار بکا، پێویستە بەئاشکرا کاربکا و لە چوارچێوەی دیموکراسی پەرلەمانیدا هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات بدا. دووەمیان کە زیاتر لەژێرکاریگەریی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەدایە کە لە ڕوسیادا هەیە و لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی یەکەمدا کاریگەریی لەسەر هەموو ئەوروپا دادەنێ، حزبی کرێکاریی بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی لەڕێگای شۆڕشەوە پێویستە دەرس لە کۆمۆنەی پاریس وەرگرێ و بورژوازی چەک بکا و دەوڵەتی حزبی خۆی دروست بکا. لەم تەجروبەی ڕوسیادا پێوەری حزبی کرێکاریی و کۆمۆنیستیی بەپێی ئەم ئامادەییەی بۆ شۆڕشکردن دیاری دەکرێ و حزب بە نوێنەری چینی کرێکار دادەنرێ و دیفاع لەوەدەکرێ کە دەسەلاتی حزبی دەخرێتە جێگای دەسەڵاتی چینی کرێکارەوە.

ئەم ڕەوەندە لەئاکامدا دوو جۆر لە حزبی سیاسی دروست دەکا. حزبی سۆشیال دیموکراتەکان کە لەگەڵ یەکێتیە کرێکاریەکان شیوەی ڕێکخستنی جەماوەریی و پیشەیی و بەرنامەی ریفۆرم و لیستی پەرلەمانیی دروست دەکەن و دەبنە بەشێک لە سیستمی سیاسی دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا. حزبی بەلشەفی ڕوسیش بەپێی هەلومەرجی سەرکوتی ڕوسیا شێوازی جۆراوجۆری ڕێکخستنی نهێنی حزبی پیشەیی و ئاشکرای سەندیکای جەماوەریی و لیستی پەرلەمانیی دەبێ و خاوەن بەرنامە و مەیلێکی شۆڕشگێڕانەیە، کە ڕەنگدانەوەی دۆخی شۆڕشگێڕانەی ڕوسیایە، وە دەیەوێ سیستمی سیاسی قەیسەری بگۆڕێ و سوشیالیزم وەک بەدیلی سەرمایەداری دامەزرێنێ. هەرچەند لەئاکامدا حزبی بیرۆکراتی و دەسەڵاتی تاک حزبیی و قەدەغەکردنی فراکسیۆن و حزبی سیاسی جیاواز لەم مۆدێلە دەکەوێتەوە.

لە بەرامبەر شێوازی سوشیال دیموکراتی ڕێکخستنی حزبیی و جەماوەریدا، کە ناوەرۆکێکی ریفۆرمیستانە و قاڵبێکی بیرۆکراتیانە وەردەگرێ، ڕەخنەگریەکی شۆڕشگێڕانە و بەدیلی دیموکراسی ڕاستەوخۆی جەماوەریی سەرهەڵدەدا و ڕۆزالوکسمبورگ و زۆرێک لە کەسایەتیە پێشڕەوەکانی تریش دەوری گرنگ دەبینن. کتێبی "دەربارەی بیرۆکراسی"[11] ئارنست ماندل، تێگەیشتنێکی ڕوونمان سەبارەت بە مێژووی ئەم بیرۆکراتیزمە دەداتێ کە لەم لێکۆڵینەوەدا بەکاری دێنین.

هاوکات ڕەوتێکی ڕەخنەگرانە لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا بەرامبەر بە سیاسەتی ناسیونالیستی حزبە سەرەکیەکانی ئینتەرناسیونالی دووەم دێتەدەنگ و لینین لە پێشڕەوانی ئەم ڕەوتە شۆڕشگێڕانەیە. ئەم مەسەلە تاکتیکیەش دەبێتە یەکێکی تر لە کێشە و ململانێ ناوخۆییەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی.

---

[11] ئارنست ماندل، دەربارەی بیرۆکراسی، فارسی.
https://marxists.catbull.com/farsi/archive/mandel/works/1973/boorokrasi.htm

هەروەها لە ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕش دژی قەیسەریەت لە ڕوسیا دا خەباتی چینایەتی بە خێرایی گەشەدەکا و کاریگەریی لەسەر مەسەلەکانی ئەو ڕۆژانەی خەباتی سیاسی و شۆڕشی دژی سەرمایەداری دادەنێ. ئەم خەباتە چینایەتیە ئاڵوگۆڕ لە حزبی سۆشیال دیموکراتەکانی ڕوسیا شدا دروست دەکا.

جارێکی تر لە دوای کۆمۆنەوە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی دەکەوێتەوە بەردەم تاقیکردنەوەی پەیداکردنی هەژمونی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا و دەبێت وەک بەدیلی دەسەڵاتی سیاسی بورژوازی هێزی خۆی نیشان بدا. ئەمە دابڕانێک دروست دەکا لە چاو شێوازی سۆشیال دیموکراتی باوی ئەو سەردەمە، کە لەڕێگەی خەباتی پەرلەمانی و مانەوە لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداریدا بە شوێن گۆڕانکاریەوەیە.

حزبی بەلشەفی دەبێتە شەخسیەتی دەوڵەت، وە خواستی کۆلێکتیڤی سۆشیالیستیی چینی کرێکار بەدەوری بەدیلی بەلشەفی بۆ دەسەڵاتدا شکڵ دەگرێ. بەڵام لەناو حزبی بەلشەفی لەلایەن فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنی کرێکاریی و لەوانە کۆلۆنتای و لە دەرەوەی حزبیشدا لەلایەن ڕۆزالوکسمبورگەوە ئەو هەڵوێست و سیاسەتانەی لینین دەکەوێتە بەر ڕەخنە کە حزب و دەوڵەتی سۆڤێتی شیوازی حزبی بیرۆکراتی و دەسەڵاتی تاک حزبی و قەدەغەکردنی فراکسیۆن و حزبی سیاسی جیاواز دەگرێتەخۆ. لە شەخسیەتی دەوڵەتی سۆڤیەتدا دەبێ بەدوای تێگەیشتن و جیهانبینی لینیندا بگەڕێین لەسەر حزب و دەوری حزب لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا.

ئەگەر لە سەردەمی مارکسدا هێشتا چینی کرێکار لە تاقیکردنەوەی سەرەتایی خۆیدایە و مانیفیستی کۆمۆنیست بەشێوەیەکی سەرەتایی باس لەوە دەکا  کە کرێکاران دەبێ بۆ چینێکی دەسەڵاتدار ڕیکخراو ببن، کە کۆمەڵێک ریفۆرم دەکەن، ئەوا لە تەجروبەی کۆمۆنی پاریسدا دەردەکەوێ کە ئەم سیستم و جیهانە کۆمۆنیستیەی کرێکاران تا چ ڕادەیەک خواستێکی ناڕوونە و چۆن ئامڕاز و هەنگاوی تر پێویستە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی؟

لینین بەپێی ڕاسپاردەکانی مارکس سەبارەت بە کۆمۆنەی پاریس کار لەسەر دەوڵەتی کرێکاریی دەکا، وەک ئەوەی دەبێ بورژوازی چەک بکرێ و چەکدارکردنی گشتی جێگای بگرێتەوە و کرێی نوێنەرانی دەوڵەت لە کرێکارێکی شارەزا زیاتر نەبێ و شوراکان لە جێگای پەرلەمان بگرنەوە. ئەم هەنگاوانە بەرەو پێشەوە چونن لە دید و ستراکتۆری حزبدا وەک شەخسیەتی دەوڵەت، بەڵام ئێستا دوای سەدەیەک دەبینین کە ئامانج و هەنگاوەکانی حزبێکی کرێکاریی و کۆمۆنیستی وەک بەلشەفیەکان چەندە ناکامڵ و ناڕۆشنن ، وە ئاکامەکانی دەسەڵاتدارێتی بەلشەفیەکان و دەوڵەتی سۆڤیەت چەند ناکۆکە لەگەڵ پێویستیەکانی ڕزگاری سیاسی و ئابوری چینی کرێکار لەدەست سیستمی سەرمایەداری!

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ڕەخنەگرتن و جیابونەوەی بەلشەفیزم لە ڕەوتە سۆشیال دیموکراتیە ریفۆرمیستیەکانی ناو بزوتنەوەی کرێکاریی بۆچی بەرەو دروستکردنی مۆدێلی حزبێکی بیرۆکراتی و دەوڵەتی بیرۆکراتی هەنگاوی نا؟ ئایا ئەم مۆدێلە چ کاریگەریەکی لەسەر هەموو شیوازەکانی حزب هەبووە لەسەدەی بیستدا و چۆن دروستبونی حزب بەپێی هەمان بەرنامە و لایەنگری لە دەوڵەتێک جێگای کۆنسێپتی یەکگرتوکردنی چینی کرێکاری لە حزبێکدا گرتۆتەوە؟ ئەم پرۆسەیە دەوری چی بووە لەسەر جیابونەوەی ڕۆشنبیرانی کۆمۆنیست و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە کرێکاران؟ چۆن تێگەیشتن لەسەر خەباتی چینایەتی و حزبی چینی کرێکار گۆڕاوە بە حزبی نوێنەری چینی کرێکار و نوخبەیەک کە لەجێگای چینی کرێکار مێژوو بۆ چینی کرێکار دروست دەکەن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و زۆری تریش دەبێ لێکۆڵینەوە لەم مۆدێلە حزبیە بکەین.

کۆمۆنەی پاریس لەسەر دەستی دوژمنانی چینی کرێکار توشی شکست هات ، بەڵام شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر دەستی حزبی کرێکاریی و کۆمۆنیستی توشی شکست هات. هەموو ئەم شکستانە پێمان دەڵێن کە خەباتی چینایەتی کرێکاران لەم دەورانەدا ڕوبەڕوی کێشە و گرفتی وا بونەتەوە کە ئەم چینە هێشتا ئامادەیی فکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی پێویستی نەبوە بۆ زاڵ بون بەسەریدا. ئەمەش وامان لێدەکا کە لەجیاتی پیرۆزکردنی ئەو ڕابردووە

خەریکی لێکدانەوەی زانستی بین لەو کەموکوڕیانە و لەناو دڵی ئەو خەباتە چینایەتی و ئامڕازەکانی ئەو خەباتەدا بەدوای هۆکارەکانی شکستی ئەم شۆڕشانەدا بگەڕێین.

هەرچەندە کە مەسەلەی حزب و دەوڵەت دوو ڕووی یەک دیاردەن، یان یەک دیاردەن لەدوو ئاستی جیاوازدا. بەڵام بۆ ئەنجامدانی شیکاری دیاردەی کۆمۆنیزم دەبێ ئەم دوو ئۆرگانەی ئەم جەستەیە جیاجیا باس بکەین. لەم باسەدا ئێمە جەخت لەسەر مەسەلەی حزب و مۆدیلی حزب دەکەینەوە، کە ئایا حزب چ کاریگەریەکی لەسەر سەرکەوتن و شکستی شۆڕش هەیە و لەمەش گرنگتر چ مۆدیلێک لە سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری نیشان دەدا و لە سیاسەت و پراتیکی حزبدا چۆن دنیای ئازاد و هەرەوەزی ئینسانیی ڕەنگدەداتەوە؟

ئێمە دوای ئەم شیکردنەوەیە لەسەر پەیوەندی حزب و خەباتی چینایەتی و پرۆسە و مێژووی حزبیەت لە کۆمۆنیزمدا، لەبەشی داهاتودا دەچینە سەر خودی حزب وەک بەشێکی ئۆرگانی چین. تێگەیشتن لە کۆنسێپتی حزب و پەیوەندی لەگەڵ چین و دەوڵەت و بەرنامە و سیاسەتدا.

٤

# بۆچی لای کرێکار حزب میتافۆره؟

حزبی کرێکاریی له میتافۆرێکی ئەفسانەیی دەچێ بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆی سەرمایەداری. چینی کرێکار دەیەوێ خۆی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی له سیستەمێک ڕزگاربکا که لەسەر بنەمای چەوسانەوەی چینایەتی دامەزراوه. بەڵام ئەم چینه بۆ ئەوەی ئەم کارەبکا دەبێ ئامڕازەکانی خەباتی لەسەر شێوەی دەزگاکانی کۆمەڵگەی چینایەتی دروست بکا. دروستکردنی حزبی کرێکاران و دروستکردنی دەوڵەتی کرێکاریی خۆیان پێچەوانەی ئامانجی سڕینەوەی کۆمەڵگه و دامودەزگای چینایەتین، هەربۆیه لەڕاستیدا حزبی کرێکاریی و حکومەتی کرێکاریی ئامانجی کریکاران نین و ئەمانه پیرۆزیەکانی ئەم چینه نیه و مانای واقعی خۆیان نابەخشن. حزب و دەوڵەتی کرێکاریی میتافۆریکن (مەجازی) له حزب و دەوڵەتی بورژوازی ،که مانا و ناوەرۆکی جیاوازیان هەیه لەوەی که له ڕوناکبیری و کەلتوری کۆمەڵگەی بورژوازیدا ڕەواجی هەیه. لێرەدا هەوڵدەدەین جیاوازیەکانی نێوان حزبی کرێکاری و حزبی بورژوازی و پەیوەندی حزب و چین له ڕوانگەی چینی کرێکارەوه باس بکەین.

ئێمه بۆ سادەکردنەوەی باسەکه لەسەرەتادا ئەم حزبه له پرۆسه مێژوویەکەی دەردەهێنین که له خەباتی چینایەتیدا چ ئاڵوگۆڕیکی بەسەردێت و لەبەشی دواتردا باسی ئەو نمونه مێژوویانه دەکەین ، وه لێرەدا بەشیوەیەکی گشتی دیدگا و جیهانبینی کۆمۆنیستی بۆ حزب دەخەینەڕوو.

لەبەشەکانی پێشودا باسمان لەوەکرد کە کۆمۆنیزم و حزب پاشکۆی خەباتی چینایەتی کرێکارن. پەیوەندی نێوان حزب و چینی کرێکاریش لە نێودڵی ئەم خەباتەدا شکڵ دەگرێ. دیدگا و جیهانبینی کۆمۆنیستی بۆ ئەم پەیوەندیە لە ڕێگەی بەشداری کۆمۆنیستەکان لە خەباتێکی ڕۆژانە و بەردەوامی ئەم چینەدا و هەوڵی بۆ شۆڕش و گرتنە دەستی دەسەڵات و گۆڕینی سیستمی سەرمایەداریدا ساغ دەبێتەوە و هەژمونی پەیدادەکا.

بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان چۆنیەتی و ڕێگەی هەژمونی پەیداکردنی دیدگای کۆمۆنیستی و حزبێکی کۆمۆنیستی لە نێو چینی کرێکاردا لەچاو هەژمونی پەیداکردنی دیدگا و حزبێکی بورژوازی لە نێو چینی بورژوازی و لە کۆمەڵگەدا. هەربۆیە زانست و سونەت و یاساکانی کاری حزبی بورژوازی جیاوازە لەو یاسا و ڕێسایانەی لە کاری حزبی کۆمۆنیستدا کاردەکا.

شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەسەربونی چینی کریکار ڕادەوەستێ و سەرمایە لەسەر بەدەستهێنانی زێدەبایی لە هێزی کاری ئەوانەوە توانای مانەوەی هەیە. هەروەها بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی سەرمایە شێوازی ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی دەدا بەم چینە کە کرێکاران بەهۆی ئەم جێگاوڕێگایە وە توانای شۆڕشی کۆمەڵایەتیان هەیە. تایبەتمەندی ئەم شۆڕشەی کرێکارانیش لەوەدایە کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا چینێک کە زۆرینەی کۆمەڵگەیە موڵکایەتی هەرەوەزی دەکاتەوە ، بەپێچەوانەی شۆڕشی چینە کەمایەتیەکانی تری وەک دەرەبەگ و بورژواکان کە موڵکایەتی تایبەتیان لە دەستێکەوە دەدایە دەستەکەی تری کەمایەتیەکی کۆمەڵگە. ئەم موڵکایەتیە هەرەوەزیەی کرێکاران سەرجەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و خودی سروشتی مرۆڤیش دەگۆڕێت . **گرامشی دەڵێ" بنەمایەک کە مارکس پێشکەشی زانستی سیاسی و زانستی مێژووی کردوە ئەوەیە کە نیشانی دەدا**

**"سروشتی مرۆڤ"ی دابڕاو و ئەبستراکت و جێگیر و نەگۆڕ نیە، بەڵکو سروشتی مرۆڤ خۆی گشتگیری ئەو چارەنوس و دیتێرمینە مێژووییەیە کە پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکان هەیانە". چینی کرێکار لە ڕێگەی گۆڕینی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە واتە لە ڕێگەی کۆتایی هێنان بە موڵکایەتی تایبەتی سەرمایەدارانەوە، سروشتی چینایەتی مرۆڤ دەگۆڕێ. " ئەمە تێگەیشتنە لە" زانستی سیاسەت، بە هەردوو شێوەی ناوەرۆکی کۆنکرێتی و فۆرمۆلەی لۆجیکی، جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی سیاسەت دەبێ وەک گەشەیەکی ئۆرگانیکی ببینرێ[12] ."**

ئەم گەشە ئۆرگانیکەی سیاسەت لای چینی کرێکار ،واتە دروست بوونی وشیاری چینایەتی کرێکاران بەدەوری مێژوویی خۆیان، لە پرۆسەیەکی مێژوویی خەباتی چینایەتیدا دروست دەبێ و لەسەرەتادا لای گروپی ڕۆشنبیرانی چینی کرێکار دەچێتە قاڵبی تیۆریەوە و دواتر لە خەباتی ڕۆژانە وئابوری پەرژوبڵاوەوە دەبێتە جوڵانەوەیەکی جەماوەری و ڕێکخراو و خواستی کۆلێکتیڤی سۆشیالیستی چینەکە دروست دەبێ و لە حزبدا فۆرمێکی کۆنکرێت وەردەگرێ.

حزب لای چینی کرێکار وەک وتمان بەرهەمی پرۆسەیەک لە خەباتی چینایەتی بووە. سەرەتا ئەم چینە لە حزبدا بەدوای دروست کردنی ئەو ئامڕازەوەیە کە سەرجەم هێزی ئەم چینە یەکگرتوو بکات . هەروەک لە سەدەی ١٩ەوە دروشمی "هێزی چینی کرێکار لە ڕێکخرابونیدایە" بووەتە وشیاریەکی گشتی و بەرامبەر بە چینی بورژوازی ڕێکخراو لە دەزگای دەوڵەتی و سیاسی و ئابوری جیاوازدا ،کرێکارانیش خۆیان لە

---

12 مارکس و میکافیللی و حزبی سیاسی کرێکاری
http://www.asokamal.com/index/?p=1595

یەکێتی و سەندیکای کرێکاری و حزب و دەستەی جیاوازدا ڕێک خستوە. حزب لەم سەردەمەدا مانای ڕێکخراوێک کە چینێک ڕێک بخا نەک گروپێکی تایبەت و کەسانی سەر بە بەرنامەیەکی تایبەت. نمونەی ئینتەرناسیونالی یەکەم ئەم واقعیەتە نیشان دەدا.

فەلسەفەی پشتی ئەوەی حزب بریتی نەبێ تەنیا لە بەشێک و بەرنامەیەک، بریتی بووە لەوەی کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی گروپێک نایکا بەڵکو بەرئەنجامی ئامادەیی چینێکە بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری بە سیستمی کۆمۆنیستی. حزب دەبێ لەلایەن چینی کرێکارەوە بوبێتە ئەو ئامڕازە کە دەتوانێ ئەم کارەی پێ ئەنجام بدا، واتە بتوانێ بورژوازی و دەوڵەتەکەی لەسەر کارلابەرێت و موڵکایەتی لەسەرمایەداران بسەنێتەوە و سیستمی موڵکایەتی هەرەوەزی و دەسەڵاتی شورایی، کە لە خوارەوە دامەزراوە، بخاتە جێگای دەزگای بیرۆکراتی دەوڵەت، کە لەسەرەوە سەپێنراوە.

کەواتە حزب دەبێ نەک تاڕادەیەکی پێویست ڕەزامەندی چینی کرێکاری لەپشت سەر بێت، بەڵکو دەبێ بەشی چالاک و سیاسی ئەم چینەی یەکگرتوو کردبێ و لە حزبدا و لە ڕێکخراوە جەماوەریەکاندا ڕێکی خستبێ. هەر جۆرە سیکتاریزم و جیاکردنەوەیەکی ناو کرێکاران بەناوی کۆمۆنیستەکان، سەندیکالیستەکان، ئانارکیستەکان و هتد دەبێ وەک ڕێگریەک و کێشەیەکی شۆڕشی کۆمەڵایەتی سەیربکرێ، کە دەبێ چارەسەربکرێ، نەک گروپێک لەمانە بەناوی چینی کرێکارەوە خۆیان بە نوێنەری چینی کرێکار و باقیەکەی بە دوژمنانی چینی کرێکار لەقەڵەم بدەن و بەم شێوەیە ببنە مایەی تێکدانی ئامانجی سەرەکی، کە ڕێکخراوکردنی چینی کرێکارە، تا بتوانێ شۆڕش بکا و دەسەڵات بگرێ و کۆمەڵگەیەکی نوێی بێ چین و چەوسانەوە دروست بکا.

لێرەوە مانای ئەندامەتی لەحزبدا دەگۆڕێ و هەموو کرێکارێک دەتوانێ و پێویستە لە حزبی خۆیدا ڕێکخراو و ئازاد بێت. دیسپلینی حزبی بریتی نیە لە پابەندبونی خوارەوە بەسەرەوە لەم ڕێکخراوەدا، بەڵکو بریتیە لە توانای خوارەوە بۆ گەیشتن بەو ئاستەی کە بڕیارەکانی سەرەوە بە بڕیاری خۆی بزانێ و توانای گۆڕینی ئەم بڕیارانەی هەبێ ئەگەر لەگەڵ خواستەکانی ئەم چینەدا نەهاتەوە.

**"سەنترالیزم لە بزوتنەوەی کرێکاریدا "مانای جێگیرکردنی بەردەوامیە لە ڕێکخراوکردنی بزوتنەوە ڕاستەقینەکەدا ، وەک یەک بوونی ئەو هێزەی خوارەوەیە لەگەڵ بڕیارەکان کە لە سەرەوەیە، بەشداری بەردەوامی ئەو توخمانەیە کە لە خوار پلەدارەکانەوە دێن و بەرزکردنەوەی ئەم توخمانەی خوارەوەیە لە چوارچێوەی دەزگای لیدەرشیپی کە زەمانەتی بەردەوامی و کۆکردنەوەی ڕێکوپێکی تەجروبەکان دەکا". ئەمە نمونەی "ڕۆحی دەوڵەت"ی کاتی کرێکارانە کە لە حزبی کرێکاریدا خۆی وەکو ئەنتی تێزی حزبی بیرۆکراتی بورژوازی نیشان دەدا ، پێمان دەڵێ کە چۆن چینی کرێکار لە ئێستاوە لە قوتابخانەی حزبدا خۆی ڕادەهێنێ لەسەر دژایەتی بیرۆکراتی "فەرمانبەرانی دەوڵەت" و هەڵوەشانەوەی حزب ودەوڵەت و بیرۆکراتیەتەکەی".**[13]

دروستکردنی حزب و گرنگی حزب لای کرێکاران وەک بورژوازی بۆ دروستکردنی دەسەڵاتی کەمایەتی نیە. چینی بورژوازی لەسەر بنەمای کەڵەکەی سەرمایە و پاراستنی سیستمی سەرمایەداری پەیوەندیەکانی ناوخۆی چینەکە ڕێک دەخا. بێگومان ئەم پەیوەندیانە لە ناکۆکیەکی بەردەوامی نێوان توێژەکانی سەرمایەدایە،

---

[13] سێکتاریزم و بیرۆکراتی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا
http://www.asokamal.com/index/?p=1635

که پرۆسەی چڕ بوونەوەی سەرمایە لەدەستی کەمایەتیەکی چینەکەدا و تێکشکانی بەرەبەرەی سەرمایەدارە بچوکەکان وەک یاسایەک چارەنووسی هەموو ململانێ فکری و سیاسی و ئابوریەکانی نێو ئەم چینە دیاری دەکا.

له نێو چینی کرێکاردا یاسای کەڵەکەی سەرمایە و قازانج دەور ناگێڕێ لە ڕێکخستنی ناوخۆیی ئەم چینەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە یاسایەک کە پەیوەندی ناوخۆی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار دیاری دەکا بریتیە لە خەبات و هاوپشتی چینایەتی نێوان هەموو کرێکاران بۆ گۆڕینی سیستمی ململانێی سەرمایەداری. ئەمەش پێویستی بە یەکڕیزی و کاری هەرەوەزی و پێکەوەیی هەموو چینی کرێکارە. لێرەوە جیاوازی بنەڕەتی لە شێوەی حزب و کاری حزبی لای کرێکاران دروست دەکا کە جیاوازە لە حزبی بورژوازی. هیچ بەرژەوەندیەکی جیاوازی ئابوری و ململانێیەک لە نێو کرێکاراندا نیە لەسەر چۆنیەتی دەستگرتن بەسەر کار و بەرهەم و سامانی کەسانی تردا تا پێویست بە پێشبڕکێ و شەڕی سیاسی و سەربازی بکا. بەپێچەوانەوە کرێکاران لەنێویەکدا بەرژەوەندیان لە یەکگرتوو بوون و نەهێشتنی ناکۆکیەکاندایە کە ڕێگەیان لێدەگرێ وەک هێزێک بتوانن چەوسێنەران لەدەسەڵات بخەن. ئەمە باسی ڕزگار بوونی چینێکە بە هەموو پێکهاتە و بەشەکانی و دابەش بوونی بەسەر وڵات و نەتەوە جیاکاندا. چینێک کە کۆمەڵگەیەکی نوێ بۆ ئینسان دروست دەکا نەک بۆ چین و دەستەیەکی دیاریکراو. لێرەدا هیچ باسێک لە ڕەوتێکی سیاسی و فکری نیە کە بەهۆی ئایدیۆلۆژیەکەیەوە دەتوانێ کۆمەڵگە بگۆڕێ و یان ئیمتیازی درووستکردنی دەوڵەتی بدرێ بە کۆمۆنیستەکان لەبەرئەوەی لەباری تیۆریەوە دەربڕی هەلومەرجی ڕزگاری چینی کرێکارن. "مانیفیستی کۆمۆنیست" هەمووی جەختکردنەوە لەسەر ئەم فەلسەفەیە کە کرێکاران خۆیان وەک چینێک بە هۆی جێگای لە کۆمەڵگەی

سەرمایەداریدا دەتوانن ئەم سیستمە بگۆڕن و خۆیان ڕزگار بکەن. ئەمە بنەمای دروستکردنی حزبە لای مارکس کە لە ئینتەرناسیونالی یەکەمدا پەیڕەوی لێکرد.

لەهەر هەنگاوێکدا حزب دەچێتە پێش و گەورە دەبێ و جەماوەری دەبێ دەسەڵاتی نوخبەی سەرەوە کەمتر دەبێتەوە و پێویستی بە گۆڕینی شێوازەکانی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن لە حزبدا دەبێتە پێویستیەک. ئەمە تەنیا بە هەڵبژاردنی پلەوپۆستەکان و " سەنترالیزمی دیموکراتیک" بەرتەسک نابێتەوە. بەڵکو حزب دەبێتە ئۆرگانێک کە هەموو کرێکارێکی سادە دەتوانێ تیایدا بەشداری بڕیارەکان بکات و بڕیارەکان لای گروپێک کۆنابێتەوە کە ساڵی یان چەند ساڵ جارێک وەک سیستمی پەرلەمانی هەڵدەبژێردرێن و تا ئەبەد لە پۆستە "ڕابەریەکانیاندا" دەمێننەوە. دابەشکردنی کار لە ناو ئۆرگانەکانی حزبدا سادە و ئاسان دەکرێ تا هەر کرێکارێک بتوانێ هەر بەرپرسیاریەتیەک بگرێتەخۆ. ئەگەر بورژوازی حزب لەسەر بنەمای مەڵبەندەکانی دەنگدانی پەرلەمانی ڕێک دەخا ، کرێکاران ڕێکخستنەکانی لەسەر بنەمای شوێنی ژیان و کارەوە دەبێ، کە بنکەی خەباتی هەمەلایەنەن دژی بورژوازی. حزبی کرێکاریی لە هەموو هەنگاوێکیدا بەربەستەکانی بەردەم سنوری بەرتەسکی حزبی و خەباتی جەماوەری لادەبا و بەم شێوەیە هەمیشە لە ڕێکخراوەیەکی تایبەتی پیشەییەوە بەرەو ڕێکخراوێکی جەماوەری هەموو چینەکە دەچێ و ڕێگە لە هەموو هەنگاو و سیاسەتێک دەگرێ کە حزب بکاتە سێکت و کۆمەڵێک فەرمانبەری بیرۆکرات کە ئیدارەی حزبێک بکەن کە خۆی بخاتە جێگای چینەکە. ئەمە ئەو جیاوازیە سەرەکیەیە کە حزبی کرێکاریی لە حزبی بورژوازی هەیەتی.

حزبی کرێکاریی نابێ و ناتوانێ وەک حزبی نوخبە و کۆمۆنیستەکان بمێنێتەوە. حزب وەک ڕۆحی دەوڵەت و کۆمەڵگەی سیاسی ئایندە دروست دەبێ. هەربۆیە کار

و بەرنامە و سیاسەتەکانی حزب و شێوازی کارکردن و پەیکەرەی ڕێکخستن تیایدا ڕۆحی هەنگاو و کارەکانی دەوڵەت و گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگەی نوێ و شێوازی حکومەتکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەمان لە ئایندەدا نیشان دەدا. بۆیە هەر حزبێک وینەیەکمان لە کۆمەڵگەیەکی سیاسی و سیستمێکی ئابوری ئاینده نیشان دەدا. حزبی کرێکاری ناتوانێ بەهەمان شێوازی حزبە بورژوازیەکان ڕێک بخرێ و سیاسەت بکا و بەرنامە بۆ دەوڵەت و ئابوری دابنێ. حزبی کرێکاریی ڕۆحی دەوڵەتێکی کرێکاریە کە دەیەوێ سیاسەت وەک دابەشکردنی کارێک نەهێڵێ و هەموو کۆمەڵگە و هاوڵاتیان بەشداری بکەن لە دیاریکردنی سیاسەت و ستراتیژی و بەرنامە و کارەکانی دەوڵەتدا. هەربۆیە حزب لە فەلسەفەی وجودی خۆیدا کاردەکا کە کۆمەڵگە بگاتە ئاستێک پێویستی بە حزب نەمێنێ و دوای شکاندنی بەرگری بورژوازی لەپێناو گێڕانەوەی دەسەڵاتدا بگاتە ئاستێک کە کۆمەڵگە بەبێ حزب بتوانێ بەڕێوە بچێ. وەک گرامشی دەڵێ " کاتێ حزب بەتەواوەتی دروست دەبێ و کامڵ دەبێ کە ئیتر بوونی نامێنێ کە لەباری مێژووییەوە بەسەر دەچێ. هەر حزبێک ناونانی چینێکە، ئاشکرایە کە حزب کاری کۆتایی هێنان بە جیاکاری چینەکانە ئەمەش کاتێک بەدەست دێت کە خۆی نامێنێ بەهۆی چینەکانەوە، وە تەعبیرەکەی نامێنێ." [14]

جیهانبینی کۆمۆنیستی جێگای حزب لای چینی کرێکار وەک ئامرازێکی کاتی سەیر دەکا کە بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتدارێتی بورژوازی پێویستە و لەدوای ئەم بەروارەوە پێویستە حزب و دەوڵەتی کرێکاری لە زوترین کاتدا و وەک بەشێک لە مێژووی دەسەڵاتی کەمایەتی دەبێ جێگاچۆڵ بکا بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازادی دوور لە دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی و بیرۆکراتی. کۆمەڵگەیەک کە ئازادی دەبێتە ناسینی

[14] گرامشی، دەفتەرەکانی زیندان، میری مۆدێرن، ل ١٥١، بە زمانی ئینگلیزی
Gramsci, Prison Notebooks, The Modern Prince, P151

پێویستیەکانی هەر تاکێک کە خۆبەخشانە بەشدارە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا .لەم کۆمەڵگەیەدا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نیوان ئینسانەکاندا دروست دەبێ، کە پێویستی بەهیچ ناوەندێکی یاسایی و دەزگای چاودێری و لێپرسینەوە و لیدەری نابێ. ئەمە ئەو ڕەوتەیە کە تیایدا توانایی ئینسان تیایدا لەگەشەیەکی بەردەوامدایە و فەلسەفەی ژیان پێک دێنێ. هەربۆیە تاکی کرێکار کە دەبێتە ئەندامی حزبی کرێکاری نابێ بەناوی بەرنامە و بڕیارەکانی حزبەوە ئازادی ڕادەربڕین و هەڵسووڕانی سیاسی خۆی لەدەست بدا، بەڵکو دەبێ حزب چوارچێوەیەک بێت کە هەموو بۆچونەکانی نێوکرێکاران و هەڵسوڕانی چینایەتی ئەوان بگرێتەخۆ و ساغ بوونەوەی بڕیار و هەنگاوە عەمەلیە هاوبەشەکان بەرئەنجامی پرۆسەیەکی بەشداری چالاکانەی هەموو ئەندامان بێت. هەر کات کرێکاران نەتوانن لە حزبدا چالاکانە کاربکەن ئەوا ئەندامان دەبنە کەسانی پاسیڤی ژێردەستی فەرمانبەرانێکی ئیدارەی حزب کە ئەمە نەخۆشی بیرۆکراتیە،" دەرکەوتنی بیروکراتی نیشانەی پڕبونی گروپی لیدەرە کە دەبێتە هێزێکی محافەزەکار و داخراو کە لەدایک بوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن دەخنکێنێ، هەرچەند ئەو هێزانە هاوئاهەنگیش بن لەگەڵ بەرژەوەندیە سەرەکیە زاڵەکانیشدا". [15]

پەیوەندی حزب و چین لای کرێکاران پەیوەندیەکی دیالەکتیکیە. لەلایەک چینی کرێکار پێویستی به دروستکردنی ڕێکخراوێکی سیاسی هەیە تا بتوانێ لە خەباتی چیانیەتیدا بەسەر دەزگای دەسەلاتداری بورژوازیدا سەرکەوێ . بەڵام لەهەمان کاتدا چینی کرێکار پیویستی بەوەیە کە خودی ئەم حزبە وەک دەزگایەکی چینایەتی لە

---

[15] سێکتاریزم و بیرۆکراتی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا
http://www.asokamal.com/index/?p=1635

کاتی گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە بگۆڕێ بۆ ڕێکخراوەیەکی ناچینایەتی و ناسیاسی کە وەک سان سیمۆن دەڵێ "ئیدارەی شتەکانی کۆمەڵگەی پێ بکا ،نەک بیکاتە فەرمانڕەوا بەسەر ئینسانەکانەوە". ئەم کارە تەنیا لەوەدا کورت نابێتەوە کە دەزگای بیرۆکراتی بورژوازی و سوپاکەی هەڵوەشێنێتەوە، وەک کۆمۆنەی پاریس و ئۆکتۆبەر کردیان، وە تەنیا ئەوەندە بەس نیە کە فەرمانبەرانی حکومەتی کرێکاریی بە هێندەی کرێکارێکی شارەزا موچە وەرگرن، وە یاخود تەنیا ئەوەی کە دەزگاکانی دەوڵەتی کریکاریی هەم یاسا دەرکەن و هەم یاساکان بەڕێوەبەرن، لە جیاتی ئەو دابەشکردنەی لە نێوان پەرلەمان و حکومەتی بورژوازیدا هەیە، بەڵکو دەبێ ئەم هەنگاوانە سەرەتایەک بن بۆ درووستکردنی سیستمێک کە لەخوارەوەی کۆمەڵگەدا دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن بکرێنە کارێکی سانا و ڕۆژانە کە هەموو تاکێک بتوانێ بەشداری تیایدا بکا، وەک لینین دەڵێ"هەموو چێشت لێنەرێک بتوانێ حوکمی دەوڵەت بکا". لە سۆشیالیزمدا بەپێی گەشەی تەکنەلۆژی و کۆمینیکەیشن سیستمی ئیداری پێویستی بە دەسەڵاتی سیاسی و سیستمی نوێنەرایەتی نامێنێ و بەرەبەرە دەسەڵاتی سیاسی دەبێ هەڵوەشینرێتەوە و بەشداری ڕاستەخۆی هەموو هاوڵاتیان لە بڕیارەکاندا جێگای ئەم پلەبەندیە سیاسیە بگرێتەوە. حزبی کریکاریی دەبێ ئامڕازی ئەم شۆڕشە سیاسی و کۆمەڵایەتیە بێت بەسەر دەزگای سیاسی دەوڵەت و حزبدا کە مێژووی کۆمەڵگای چینایەتی دروستی کردوون و سیستمی چینایەتی پێ دەپارێزێ. سیاسەت لە کۆمەڵگەی ئینسانی ئازاددا ئیتر ئاگاداربوونە لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی زاڵ و زاڵ بوونە بەسەر ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتیدا و ئەو چالاکیە وشیارانەی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکترکە کۆمەڵگەی ئینسانی بەرەو شارستانیەتی ڕاستەقینەی ئینسانی دەبا و لەهەموو پاشماوەکانی مێژووی کۆیلایەتی و چەوسانەوە و سەرکوت و نایەکسانی پێشوو پاکی دەکاتەوە.

لەم پێشەکیەوە دەبێ بچینە بەراوردی مێژووی حزبایەتی کرێکاریی لەگەڵ ئەم جیهانبینی و بنەمایانەی باوەڕی کۆمۆنیستیدا و بزانین ئەو مۆدیلانەی تا ئێستا هەبوون چ جیاوازیەکی لەم دیدگایانە هەیە و چۆن ڕەنگدانەوە و هەژمونی مۆدیلی حزبی بورژوازی بەسەر حزبە کریکاریەکانی دوو سەدەی ڕابردوەوە هەبووە ، بەتایبەت لەسەر مۆدیلی سۆشیال دیموکراتی و بەلشەفیکی قسەدەکەین و دواتریش دێینە سەر مۆدیلی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و مێژوویەک کە ئێمە تیایدا کاری حزبی کۆمۆنیستیمان کردووە .

٥

# سۆشیال دیموکراتی چۆن بنەماکانی ئینتەرناسیونالی کرێکاریی گۆڕی؟

چینی کرێکار بۆ ئەوەی لە دەوری خۆی و پێویستیەکانی خەبات بۆ ڕزگاری لە دەست سیستمی سەرمایەداری تێبگا پێویستی بە ناسینی مێژووی قۆناغەکانی سەرهەڵدان و شکست و سەرکەوتنەکان و یاساکانی گەشەی چینەکان و چینە کە ی خۆی هەیە. هەرچۆن داروین لە ناسینی ئینساندا پشتی بە مێژوو و یاساکانی گەشەی هەموو بونەوەراندا بەست تا توانی زانستی پەرەسەندن بچەسپێنێ. لەم لێکۆڵینەوەدا ئێمە بەدوای ئەو ئاڵوگۆڕانەوەین کە بەسەر حزبی کرێکاریدا هاتوە و هۆکارەکانی ئەم گۆڕانکاریانە باس دەکەین تاکو بتوانین لەم ڕێگەیەوە ئەزمەی ئێستای کۆمۆنیزم و کێشەکانی بەردەم ئێستا و چۆنیەتی زاڵ بوون بەسەریاندا بدۆزینەوە.

ئێمە لەبەشەکانی پێشودا باسی "میتۆدی دیالەکتیکی و تێگەیشتنی ماتریالیستی" مان کرد لەم لێکۆڵینەوەیەدا و لەم بەشەدا ئەم میتۆد و تێگەیشتنە بەسەر لێکدانەوەی مێژووی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا پیادە دەکەین.

بۆ لێکدانەوە و ناسینی گەشەی حزب لای چینی کرێکار پێویستمان بە ناسینی مێژووی ئینتەرناسیونالی یەکەم و دواتر سۆشیال دیموکراتیە، وەک یەکەم هەنگاوی دروستبونی حزب لای چینی کرێکار. دواتر باس لەو جیابوونەوە سەرەکیە دەکەین کە لەم ڕەوتە حزبیەی کۆمۆنیزمدا دروست دەبێ و باڵەکانی سۆشیال دیموکراتی و بەلشەفی و کۆمۆنیستی لێک جیادەبنەوە. لێرەشەوە لەسەرچاوەی هەموو دابەشبونانە تێ دەگەین کە بەسەر بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا هاتووە لە دوو سەدەی ڕابردوودا.

## كۆمەڵەی ئینتەرناسیونالی كرێكاران

شۆڕشەكانی دەیەی چوارەمی سەدەی ١٩لەئەوروپا، كرێكاران و كۆمۆنیستەكانی لەو ڕاستیە تێدەگەیاند كە، كرێكاران نابێ وەک پاشكۆی شۆڕشگێڕێتی وردە بورژوازی لەمەیدانی سیاسیدا خەبات بكەن و پێویستیان بەڕیزی سەربەخۆی خۆیانە. ئەم ڕاستیەی مانیفیستی كۆمۆنیست بە شێوەیەكی تیۆری دەریبڕی، لەمەیدانی پراتیكدا چەندین دەستەو گروپی جۆراوجۆری كۆمۆنیستی و ئەناركیستی و سۆشیالیستی لە وڵاتە جۆراوجۆرەكانی ئەوروپادا لێكەوتەوە. ئینگلتەرە كە پێشەنگی سەرمایەداری بوو ،جگە لە سۆشیالیستە خەیاڵیە ئۆوینیەكان ، بزوتنەوەیەكی ڕێكخراوی چارتیستی كرێكاریی هەبوو كە بێ وێنە بوو لە دنیای ئەو كاتەدا.

ئینتەرناسیونالی یەكەم وەک یەكەم ڕێكخراوی سیاسی كرێكارانی ئەوروپا لە ئۆكتۆبەری ١٨٦٤دامەزرا. بنەما سەرەكیەكانی ئەم ڕێكخراوەیە بریتی بوون لە؛

1. ڕزگاری چینی كرێكار دەبێ بەدەستی چینی كرێكار خۆی بێت.
2. ئامانجی كرێكاران بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی چینایەتی نیە بەڵكو هەڵوەشانەوەی كۆمەڵگەی چینایەتیە.
3. ئامانجی كۆتایی خەباتی سیاسی چینی كرێكار ڕزگاریی ئابوری كرێكارانە و هەموو بزوتنەوەیەكی سیاسی تەنیا دەبێ وەک وەسیلە چاوی لێ بكرێ.
4. ئەبێ هەڵەكانی دابەشبوونی پێشووی نێوبزوتنەوەی كرێكاریی دووبارە نەكرێنەوە و داوای یەكگرتنی خێرای هەموو بەشە دابڕاوەكانی بزوتنەوەی كرێكاری بكرێ.
5. ئینتەرناسیونال ڕێكخراوی هەموو كرێكارانە بەبێ گوێدانە نەتەوە و ڕەنگی پێست و بیروباوەڕ.

هەرکەسێک بەرگری لەم بنەمایانە بکات دەتوانێ ببێتە ئەندامی ئینتەرناسیونالی کرێکاران."[16]

ئەم ڕێکخراوە پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان و کۆمەڵە هەرەوەزیەکانی کرێکاران هەبوو وە کاری لەسەر دەکردن و هەروەک لە بڕیارنامەکانی ئینتەرناسیونالدا دەردەکەوێ.[17]

لە دوای شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس لە سێپتەمبەری ۱۸۷۱ مارکس لە ئینتەرناسیونالدا پێشنیاری بڕیارێک دەکا سەبارەت بە دروستکردنی حزبە سیاسیەکانی چینی کرێکار کە بەزۆرینەی دەنگ و چەند دەنگێکی ناڕازی (۲۹بەرامبەر بە ٥)دەبێتە بڕیار. لەم بڕیارەدا ئەم بنەمایانە تەئکیدی لەسەر کراوە:

1. لەخەبات دژی دەسەڵاتی هاوبەشی چینە موڵکدارەکان (سەرمایەداران و خاوەن زەویەکان) کرێکاران ناتوانن وەک چینێک چالاکی بنوێنن تا خۆیان وەک حزبێکی جیاواز و دژ بە هەموو چینە موڵکدارەکان ڕێک نەخەن.
2. گرنگی ئەم حزبە بۆ زەمانەتکردنی سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئامانجی کۆتاییەتی کە نەهێشتنی چینەکانە.
3. حزب بۆ یەکگرتوو کردنی ئەو خەباتە ئابوریەیە کە کرێکاران خۆیان دەستیان پێ کردوە و لەهەمان کاتدا بۆ بەهێز کردنی ئەم خەباتەیە دژی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەداران و خاوەن موڵکەکان.

---

[16] مارکس، ئینتەرناسیونالی کرێکاران، ١٨٦٤، بە زمانی ئینگلیزی
The International Workingmen's Association 1864General Rules, October 1864
https://www.marxists.org/…/in…/iwma/documents/1864/rules.htm

[17] مارکس، ئینتەرناسیونالی کرێکاران، ١٨٦٦، بە زمانی ئینگلیزی

The International Workingmen's Association, 1866,Instructions for the Delegates of the Provisional General Council, The Different Questions

https://www.marxists.org/…/…/documents/1866/instructions.htm

4. لەکاتێکدا سەرمایەداران دەسەڵاتی سیاسی بۆ کۆیلەکردنی کرێکاران بەکاردێنن، ئەوا دەست بەسەر داگرتنی ئەو دەسەڵاتە سیاسیە دەبێتە ئەرکێکی گرنگی چینی کرێکار."[18]

ئەم هەنگاوە بۆ دامەزراندنی حزبە سیاسیەکانی چینی کرێکار وەک ئاستێک لە گەشەی سیاسی بزوتنەوەی کرێکاری دێتە ئارا، وەک بەرئەنجامی کاریگەری ئینتەرناسیونالی یەکەم لەسەر ئەم بزوتنەوەیە، نەک تەنیا لە ئەوروپا بەڵکو لە ڕوسیا و ئەمریکاشدا بنەماکانی حزبی سیاسی کرێکاران ئامادە دەبێ. حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا کە پێش ئەم بڕیارەی ئینتەرناسیونالیش لە مەیداندا دەبێ، وەک پێشەنگی حزبە کرێکاریەکان دەور دەگێڕێ و مارکس و ئەنگلس بەردەوام و ڕۆژانە کار لەسەر بەرەوپێشەوەچوونی سیاسی و ڕێکخراوەیی دەکەن.

تێگەیشتن لەم دەورەیە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ناسینی ئەو هەوڵە مێژوویانەی کە بنەماکانی کۆمۆنیزمی نەخشاندووە و کاریگەری بەسەر مێژووی تا ئێستای بزوتنەوەکەوە هەیە، هەروەها بە بەکارهێنانی میتۆدی بەراورد و لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوریەکان دەتوانین جیاوازی و گۆڕانەکان لە دەورەکانی دواتردا بدۆزینەوە.

## ئینتەرناسیونالیزم و ناسیونالیزم

ئەم دەورەیەی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە شۆڕشێکی کیشوەری لە ئاستی ئەوروپادا هاوکات لەچەندین وڵات ڕودەدا ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە خەسڵەتی سەروو میللی و سەروو دەوڵەتی بداتە بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی. ئەنتەرناسیونالی

[18] مارکس، ئینتەرناسیونالی کرێکاران، بەزمانی ئینگلیزی
https://www.marxists.org/.../hague-conference/resolutions.htm2

كرێكاران خۆی بەرهەمی ئەم دەورەیە لە خەباتی ئینتەرناسیونالی كرێكارانە و كۆبونەوەی ئەو هەموو گروپە جیاوازە فكری و سیاسیە، كۆمۆنیست ، بلانكیەكان، ئەناركیستەكان، پرۆدۆنیستەكان و هتد..نیشانەی بوونی زەمینەی بزوتنەوەیەكی چینایەتی نوێیە كە پێشتر ئەوروپا و جیهان شتی لەم بابەتەی بەخۆیەوە نەبینیوە.

ئەوەی چینە چەوسێنەرەكانی تر لە مێژوودا كردوویانە داگیركردن و دروستكردنی ئیمپراتۆریەكان بووە بۆ كۆكردنەوە و تێكەڵاو كردنی میللەت و ناوچە جیاوازەكان لە قاڵبێكی سیاسی و ئابوریدا، بەڵام چینی كرێكار لەسەر زەمینەی خەباتێكی هاوبەش دژی بورژوازی ئەوروپی وجیهانیی جۆرێكی نوێی لە رێكخرابونی سیاسی هێنایە ئاراوە، كە هاوپشتی خەباتی كرێكارانی نەتەوە جیاوازەكان بوو لەگەڵ یەكتردا.

كرێكارانی ئەڵمانیا لە بەرامبەر هەڕەشەكانی دەوڵەتی بروسیادا پشتیوانیان لە كرێكاران و خەڵكی فەرەنسا دەكرد دژی دەوڵەتی بیسماركی بورژوازی و خاوەن موڵكەكانی بروسیا .ئەو بانگەوازەی ئینتەرناسیونالی كرێكارانی ئەڵمانیا بۆ قبوڵكردنی پێشنیاری كرێكارانی فەرەنسا بۆ ئاشتی لەدژی داخوازی درێژەدانی شەڕ لەلایەن دەوڵەتی بیسماركی ئەڵمانیەوە، نیشانەی پیشڕەوی حزبی سۆشیال دیموكراتی ئەڵمانیا بوو كە دەوری پێشەنگی دەگێڕا لەم ڕوحیەت و تێگەیشتن و هەڵوێستە ئینتەرناسیونالیەدا.

"بەناوی هەموو دیموكراسی ئەڵمانیا و بەتایبەتی بەناوی كرێكارانێك كە سەربە حزبی سۆشیال دیموكراتی ئەڵمانیاین ڕایدەگەیەنین كە ئەم شەڕەی ئێستا هیچ نیە جگە لە شەڕی خانەوادە خاوەن موڵكدارەكان..وە ئێمە بەخۆشحاڵیەوە ئەو دەستە دۆستانەی كرێكارانی فەرەنسا درێژیان كردوە بە گەرمی دەگوشین.. وەئیمە، تێدەگەین لە مانای دروشمی كۆمەڵەی ئینتەرناسیونالی كرێكاران"كرێكارانی جیهان

یەکگرن!" وە هیچ کات ئەوە لەبیرناکەین کە کرێکارانی هەموو وڵاتەکان هاورێمانن وە ستەمکارانی هەموو وڵاتەکان دوژمنمانن" [19]

ئەم ڕاستیە لە سەرکوتی کۆمۆنەی پاریسدا دەرکەوت. "کە سوپای سەرکەوتو(ئەڵمانیا) و سوپای شکستخواردوو(فەرەنسا) پێکەوە کۆبوونەوە بۆ تێکشکاندنی خوێناوی پرۆلیتاریا (پاریس)..دەسەڵاتی چینایەتی چیتر ناتوانێ بەرگی نەتەوایەتی بپۆشێ؛حکومەتە ناسیونالیستەکان دژی پرۆلیتاریا یەکدەستن!" [20]

بەڵام ئینتەرناسیونالیزم بۆ چینی کرێکار تەنیا بانگەوازێک و هاوپشتی کردن لە مەسەلەیەکی ڕۆژ و تاکتیکێکدا نیە، بەڵکو ئەم بنەمایە پەیوەستە بە مۆدێلێکەوە بۆ کۆمەڵگەی ئایندەی مرۆڤایەتی. کۆمەڵگەیەک کە چیتر ئینسانەکان بەهۆی زمان و ڕەگەز و ناوچەوە دابەش ناکرێن و جیاواز و هەڵاواردن لەنێوانیاندا پێک نایەت. هەروەها ناکرێنە قوربانی کێشەی دەوڵەت و هێزە بورژوازیەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر لە پێناو پاوان کردنی بازاڕو یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتدا. هەرکاتێک کرێکاران بوونە پاشکۆی ئەم پێشبرکێیەی سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان ئیتر ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە لەدەست دەدەن کە بەهۆی ژمارەی زۆریانەوە دەتوانن ببنە خاوەنی."تەنیا هێزێکی کۆمەڵایەتی کرێکار هەیبێ ژمارەکەیەتی. بەڵام هێزی ژمارە بەهۆی نایەکگرتوو بونەوە تێکدەشکێ. یەکگرتوو نەبونی کرێکاران بەهۆی پێشبرکێی ناچاری نێوانیانەوە دروست دەبێ و درێژەی پێدەدرێ."[21]

خەبات و شۆڕشی کرێکاران ئەو وشیاریە دروستدەکا کە ڕێکخراوبوون و سەربەخۆبوون لە بورژوازی دەبێتە هۆی ڕزگاری چینی کرێکار لەدەست ئەم

---

[19] مارکس، شەڕی ناوخۆی فەرەنسا
https://www.marxists.org/.../w.../1871/civil-war-france/ch01.htm

[20] مارکس، الحرب الاهلية في فرنسا ل ٢٠١،مارکس،انجلس،المختارات،دارالتقدم،موسکو،الجزء الثاني

[21] مارکس، ئینتەرناسیونالی کرێکاران، ١٨٦٦
https://www.marxists.org/history/international/iwma/documents/1866/instructions.htm

سیستمەی سەرمایەداری، کە کرێکار نەک هەر لەمەیدانی کاردا بەڵکو لە مەیدانی شەڕە نەبڕاوەکانی ئەم خانەوادە سەڵاتدارانەدا دەکاتە قوربانی بەردەوام. ئینتەرناسیونالی یەکەمی کرێکاران لە کاتێکدا بوو کە هێشتا بورژوازی وڵاتانی جۆراوجۆر نەگەیشتبوونە ئەو قۆناغەی کە پێشبڕکێ لە ئاستی جیهانیدا بە شێوەی شەڕی جیهانی ببنە پێشەوە و هێشتا لەسەرەتای شەڕە ناوچەیی و کیشوەریەکاندا بوون. بەڵام کاتێک دەوڵەتە بورژوازیە نەتەوەییەکان شکڵ دەگرن یان لە پرۆسەی کامڵ بووندان، وەک یەکگرتنی ئەڵمانیا و ئیتالیا، لەم قۆناغەدا ناسیونالیزم دەگاتە قۆناغی پێگەیشتوو و دەوڵەتی نەتەوەیی و بازاڕی نەتەوەیی دەبنە ئایدیۆلۆژیا و قاڵبی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگە جیاجیاکان. بەتایبەت لەدوای کۆمۆنەی پاریسەوە بورژوازی جیهانی دژی ئینتەرناسیونالی کرێکاری دەبێتەوە و وەک دوژمنی ژمارە یەکی خۆی سەیری دەکا.

هەربۆیە ڕەنگدانەوەی ئەم فشارە لەنێو ڕیزەکانی بزوتنەوەی کرێکاریی ئەڵمانیادا دەست پێدەکا و ئینگلس لەنامەیەکدا بۆ ببیل لە مارسی ١٨٧٥دا سەبارەت بە یەکگرتن لەگەڵ لاسالیەکان دەنوسێ؛ " بنەمای ئینتەرناسیونالی بزوتنەوەی کرێکاریی، بە کردەوە ، بنەمایەکی ڕەتکراوەیە لە ئیستادا، بنەمایەک کەسانێک ئینکاری لێدەکەن کە، بەدرێژایی ساڵانێک و لە قورسترین دۆخەکاندا، بە جوانترین شێوە پەیڕەویان دەکرد. ئەوەی ئێستا کرێکارانی ئەڵمانیا لە پێشەنگی بزوتنەوەی کرێکاریی ئەوروپادا وەستاون پشتی بەستوە پێش هەموو شتێکی تر بە هەڵوێستی ئینتەرناسیونالیان لەکاتی شەڕدا. (شەڕی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا).

ئەگەر ئێستا پێویست ناکا بەناوی ئینتەرناسیونالەوە وەک ڕێکخراوێک قسەبکەین. بەڵام نابێ لانی کەم لەو بەرنامەیە (ئیزیناخ Eisenach ساڵی1869) پاشەکشە بکرێ و پێویستە لەم بارەوە شتێکی وا بوترێ؛ سەرەڕای ئەوەی حزبی کرێکارانی ئەڵمانیا پێش هەرشتێک لە سنوری دەولەتێکدا کاردەکا، لەگەڵ ئەوەشدا، دەرکی تەواو بە هاوپشتی لەگەڵ کرێکارانی هەموو وڵاتان دەکا و ئامادەیە ئەرکەکانی پەیوەست بەم هاوپشتیە جێبەجێ بکا ، هەروەک تا ئێستا کردویەتی. ئەم ئەرکانە

هەیە تەنانەت ئەگەر حزب ڕاشینەگەیەنێ کە ئەندامی ئینتەرناسیونالێکە یان بڵێ من سەربەو ڕێکخراوەم. ئەم ئەرکانە وەک پێشکەش کردنی پشتیوانی و قەدەغە کردنی تێکشکانی مانگرتنەکان ،ڕیکخستنی کاروباری پێویست بۆ ئاگاداربوونی لیژنەکانی حزبی کرێکارانی ئەڵمانیا لە دۆخی بزوتنەوەکە لەدەرەوەی وڵات، وە هاندان دژی ئەو شەڕانەی کە پاشاکان دەیکەن یان دنەدی دەدەن، وە پابەندبوون بە هەمان هەڵوێست گرتن لەکاتی ئەم شەڕانەدا وەک هەڵوێستی کرێکارانی ئەڵمان لە ١٨٧٠و ١٨٧١دا، کە نمونەی پێشەنگ بوون،هتد.."[22]

بێگومان ئەم ئاگادارکردنەوەیەی ئینگلس نەیتوانی بەر بەو ڕەوەندە بگرێ کە نەک تەنیا کاریگەری بەسەر بنەمای ئینتەرناسیونالی بزوتنەوەی کرێکاریەوە هەبوو، بەڵکو سەرجەم بنەما و بوارەکانی تری خەباتی گرتەوە و گۆڕانکاری گەورەی بەسەر بزوتنەوەی کرێکاریی و کۆمۆنیستیدا هێنا. بورژوازی لەدوای کۆمۆنەی پاریس دەرسی لەو شکست و مەترسیە وەرگرت کە شۆڕشی کرێکاری بۆسەر سەرجەم سیستمی سەرمایەداری هەیە و هەربۆیە بەگرتنە بەری سیاسەتی لیبراڵی و هەندێ سازش توانی بزوتنەوەی کرێکاری لەقاڵبی دەزگا ڕەسمیەکانی بورژوازی وەک پەرلەمان و سیستەمی سیاسی خۆیدا جێگابکاتەوە و ئەمەش لەپاڵ تازە بوونی بزوتنەوە و حزبە سیاسیەکانی کرێکاراندا کاریگەری سلبی خۆی دانا و جێگای بۆ سەرهەڵدان و گەشەی"ئۆپۆرتۆنیزم" و "ریفۆرمیزم" لە بزوتنەوەی کرێکاریدا کردەوە.

ئێمە دواتر دەچینە سەر کاریگەری ئەم ڕەوەندانە لەسەر بنەماکانی تری بزوتنەوەی کرێکاریی و چۆنیەتی گۆڕانی ئەم بزوتنەوەیە بە شیوەیەکی دیالەکتیکی، واتە لەکاتێکدا کە گەشەی سیاسی و ڕیکخراوەیی کرێکاران زیادی کرد لەهەمان کاتدا ئاسۆی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە و ڕادیکالی سیستمی سەرمایەداری جێگای خۆیدا بە دەستکەوتە کاتی و مانەوە لە بازنەی ریفۆرمدا. ئەم ڕەوەندە ئۆپۆرتۆنیستی و

---

[22] رسالة فريدريك انجلز إلى بيبل
…https://www.marxists.org/…/archive/marx/1875-cg/engels_to_b

ریفۆرمیستیە لە کاتی توندبوونەوەی پێشبرکێی جیهانی و ئەزمەی شەڕی جیهانی یەکەمدا بووە مایەی سەرهەڵدانی پاتریۆتیزم و نیشتمانگەرایی لەنێو ڕیزەکانی سۆشیال دیموکراتی جیهانیدا کە ئەوکات لە ئینتەرناسیونالی سۆشیالیستدا ڕێکخراو بوو.

هەرچەند پێش دەستپێکردنی شەڕ ئینتەرناسیونالی دووەم "ئینتەرناسیونالی سۆشیالیست" بەپێی هەمان ڕاسپاردەکانی سەرەوەی ئینگلس هەلوێستی لەسەر شەڕ نیشاندا و لە کۆنگرەی باسل لە ١٩١٢ڕایگەیاند" هەموو هەوڵێک دەدا تا بەر بە هەڵگیرسانی شەڕبگرێ" و "ئەگەر شەڕ دەستی پێکرد ئەرکێتی کاربکا بۆ ڕاوەستانی دەستبەجێی و هەموو تواناکانیان دەخەنەکار کە ئەزمەی سیاسی و ئابوری کە جەنگ دروستی کردوە بەکاربێنن بۆ هاندانی خەڵک و خێراتر کردنی ڕوخانی دەسەلاتی چینایەتی سەرمایەداران."[23]

بەلام لە ٣ئابی ١٩١٤دا زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکانی حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا (٩٦بەرامبەر بە ١٤) دەنگیان بە پشتیوانی شەڕی جیهانی یەکەم دا. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم حزبە لە پەرلەماندا٪٣٥ کورسیەکانی بەدەست هێنابوو لە ١٩١٢دا. ئەم سیاسەتە وەک ڕۆزا لۆکسبۆرگ دەڵێ "سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی کردە قەڵغانی پاراستنی ئیمپریالیزم لەم شەڕەدا"[24]

ئەمە ئەو گۆڕانکاریە گەورەیەیە کە سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی لە بنەمای ئینتەرناسیونالیستی کۆمەڵەی ئینتەرناسیونالی کرێکاران دا کردی، وە دژ بەو ئاگادارکردنەوەی ئەنگلس بوون کە باسی لە پێویستی "پابەندبونی سۆشیال

---

[23] ئینتەرناسیونالی سۆشیالیستی ١٩١٢، بەزمانی ئینگلیزی
Social Democracy 1912, Manifesto of the International Socialist Congress at Basel
https://www.marxists.org/.../social-.../1912/basel-manifesto.htm

[24] ڕۆزا لوکسمبۆرگ، بنیات نانەوەی ئینتەرناسیونال، ١٩١٥، ، بەزمانی ئینگلیزی
Rosa Luxemburg , Rebuilding the International‹(1915)
https://www.marxists.org/.../luxemburg/1915/xx/rebuild-int.htm

دیموکراتی دەکرد بە هەمان هەڵوێستگرتن لەکاتی ئەم شەڕانەدا وەک هەڵوێستی کرێکارانی ئەڵمان لە ١٨٧٠و ١٨٧١دا، کە نمونەی پێشەنگ بوون".

دوای ئەوانیش سۆشیال دیموکراتی فەرەنسی و حزبی کرێکارانی بەریتانیا هەمان ئاوازی ناسیونالیستیان خوێند و کرێکارانیان لە بەرەی شەڕدا دژ بەیەکتر ڕاگرت و بەم شێوەیە بەرهەمی نیوسەدە خەباتی چینایەتی بەلارێدا برا و "ئەو ڕاهێنانەی مارکس و ئەنگلس و لاسال و لیکنخت و بێبڵ بە پرۆلیتاریایان کرد تا ژەنراڵەکانی سوپا وەک هایندینبێرگ پێشڕەویان بکا"[25]. بەم شێوەیە ئینتەرناسیونالی دووەم هەرەسی پێ هێنرا وئەم ڕیزە ئینتەرناسیونالیستیەی کرێکاران کە نیوسەدە بوو لەگەشەکردندا بوو شەق کرا.

لەبەرامبەر بەم شەپۆلەی ناسیونالیزم لە بزوتنەوەی کرێکاری جیهانیی و ئینتەرناسیونالی دووەمدا، حزبی سۆشیال دیموکراتی ڕوسیە[26] و گروپی سپارتاکیستەکانی ئەڵمانیا و چەندین گروپی تری سۆشیال دیموکراتی لە وڵاتە جیاجیاکانەوە درێژەیان دا بەهەمان هەڵوێستی ئینتەرناسیونالی و دژ بە شەڕی ئیمپریالیستی وەستان و بانگەوازی کرێکارانیان بۆ شۆڕش و وەرگێڕانی لولەی چەکەکانیان کرد بەرەو ڕوی بورژوازی وڵاتی خۆیان. لەدوای شۆڕشەکانی ئۆکتۆبەری ڕوسیا لە ساڵی ١٩١٧ و شۆڕشی ئەڵمانیا لە نۆڤەمبەری ١٩١٨ ئینترناسیونالی کۆمۆنیستی[27] لە مارسی ١٩١٩دروستکرا.

---

[25] هەمان سەرچاوە

[26] لینین، شەڕ و سۆشیال دیموکراتی ڕوسیا، ، بەزمانی ئینگلیزی
Lenin The War and Russian Social-Democracy
https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1914/sep/28.htm

[27] لینین، ئینتەرناسیونالی سێهەمی کۆمۆنیستی، ، بەزمانی ئینگلیزی

Lenin,The Third, Communist International
https://www.marxists.org/archi.../lenin/works/1919/mar/x04.htm

## ئەم تەجروبەیە چیمان فێردەكا؟

ئەم ڕوداوەی شەڕی جیهانیی یەكەم لە شكستی كۆمۆنەی پاریس كاریگەری زیاتر بووە لەسەر بزوتنەوەی كرێكاری و ئایندەكەی. بۆ لێكدانەوەی ئەم دەورەیە هەر ئەوەندە بەس نیە كە ئەمە وەك مێژوو و ڕابردوویەك سەیربكەین كە پەیوەندی بەم ڕۆژگارەوە نیە و تەنیا بەوتنەوەی ئەوەی "ڕابەرانی كرێكاری ئینتەرناسیونالی دووەم خیانەتیان كرد و هەڵگەڕانەوە لە سۆشیالیزم" ئەمە شتێكمان فێرناكا. ئێمە دەبێ لە كاریگەری ناسیونالیزم لەسەر بزوتنەوەی كرێكاریی تێبگەین كە چ فاكتەرێك وای كردووە كە بتوانێ خەباتی نیوسەدەی كرێكاران بەهەدەر بدا و بورژوازی بتوانێ ڕۆحیەت و توانای شۆڕشگێڕانەی كرێكاران تێك بشكێنێ؟

چینی كرێكار لە ئەوروپادا وێڕای گەشەی سیاسی و ڕێكخراوەیی بەرچاوی لەو دەورەیەدا بەڵام هێشتا لە ئاستی تەجروبە و توانایی سیاسی و ڕێكخراوەیی بورژوازیدا نەبووە.

لیبرالیزمی بورژوازی توانیویەتی كە كاریگەریی خۆی لەسەر ئاستی چاوەڕوانی و بەرنامەی سۆشیال دیموكراتی و بزوتنەوەی كرێكاریی دابنێ و لە چوارچێوەی ریفۆرمی سیاسی و ئابوری سەرمایەداریدا قەتیسی بكا و ئەم بزوتنەوەیە بكا بە بەشێك لەو دامودەزگا ڕەسمیانەی ڕێگاپێدراون. ئەم پرۆسەیە لەگەڵ پرۆسەی مەركەزیی بونەوەی دەسەڵات و بازاڕی ناوخۆیی و هاوكات پێشبڕكێی سەرمایەی مۆنۆپۆلی و ئیمپریالیستی چوەتە پێش و زەمینەی دروستكردنی توێژی "ئەرستۆكراتی" كرێكاری و گۆڕانی فۆرمی كاری سەندیكا كرێكاریەكان بە دەزگایەكی بیرۆكراتی، ئەمانە هەموویان فاكتەربوون لەوەی ناسیونالیزم بتوانێ بزوتنەوەی كرێكاریی كۆمۆنیستی بگۆڕێ بۆ بزوتنەوەیەكی "پارێزگاری لە نیشتمانی باوك" و دروشمی "بەرگری لە نیشتمان" بخاتە جێگای خەباتی چینایەتی دژی بورژوازی.

لەم دەورەیەی شەڕدا بزوتنەوەی کرێکاریی لەسایەی سۆشیال — ناسیونالیزمیدا مانگرتنەکانی هەڵپەسارد و بزوتنەوەی ژنانی کرێکاری کردە یارمەتیدەری خێزانیی بۆ بەرەکانی جەنگ و بێ دەنگی لە ئاست سانسۆری دەوڵەتیی و دیکتاتۆریەتی دەوڵەت و کاری ڕۆژنامەگەری بووە هاندان بۆ بەشداری شەڕ و هتد.. بەم شێوەیە بورژوازی لە ڕێگەی شەڕەوە توانی بزوتنەوەی کرێکاریی و ئەو ڕەوەندە شۆڕشگێڕانەی لە نیوسەدەی پێش شەڕی جیهانیی یەکەمدا ترسی بۆ دروستکردبوو پاشەکشە پێ بکا. لەمانەش کاریگەرتر ئەو بنەما ئینتەرناسیونالیستیەی لە نێوکرێکاراندا ڕیشەی داکوتابوو لە ئەنجامی شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدە توانی بگۆڕێ بە ناسیونالیزم و نیشتمان پەرستی و دوبەرەکی نەتەوایەتی. تێکشکانی ئەم بنەما ئینتەرنسایونالیەی خەباتی چینایەتی و ئایدیای دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی جیهانیی و سەروونەتەوەیی کاڵ کردەوە و حزبە کرێکاری و کۆمۆنیستیەکانی کردە حزبی لۆکال و نیشتمانی و بیرۆکراتی.

ئەم دابەشکردنەی هەرەسی ئینتەرناسیونالی دووەم دروستیکرد بە ئینتەرناسیونالی سێهەم نەسڕایەوە لەبەرئەوەی ڕەوتی ناسیونالیستی و ڕیفۆرمیستی لە بزوتنەوەی کرێکاریی جیهانیدا لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانیشدا کاریگەری خۆی هەبوو، وە شەڕ تەنیا وەک تاکتیکێک و خاڵێکی جیابوونەوە و دوو کەرت بوونی ئینتەرناسیونال بوو نەک هەموو سیاسەت و خاڵەکانی ناکۆکی نێو بزوتنەوەی کرێکاریی.

ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیستیش بنەمای دژایەتی ئەم ڕەوتە ریفۆرمیستیەی نێو بزوتنەوەی کرێکاریی بووە بەشێک لە ناسنامەکەی و ئەمەش لەسەر ئایندەی بزوتنەوەی کرێکاریی و کۆمۆنیستی لە جیهاندا کاریگەری زیانباری دانا لە کاتێکدا کە خودی کۆمێنترنیش (ئەنتەرناسیونالی سێهەم) بووە قوتبێکی تری ناسیونالیستی و ریفۆرمیستی لەسایەی بەرنامە و مۆدیلی سەرمایەداری دەوڵەتیدا. ئایا چ خاڵێکی هاوبەش هەیە لە نێوان هەردوو مۆدێلەکەدا، "سۆشیال دیموکراتی و کۆمۆنیزمی ڕوسی" دا؟ ئایا دابەشکردنە جۆراوجۆرەکانی مارکسیزم، لینینزم،

ترۆتسكیزم، هتد.. میراتی چ جۆرێک لە حزب و بزوتنەوەكانە و چ ڕێگریەكی لەبەردەم بزوتنەوەی كرێكاریی و كۆمۆنیستی جیهانیداهەیە؟

ئایا زەمینەكانی دنیای گلۆباڵی سەرمایەداری ئەمڕۆ چ ئاسۆیەكی لەبەردەم هاتنەوە مەیدانی ئینتەرناسیونالی كرێكاریدا هەیە؟ ئایا زەمینەكانی شۆڕشی جیهانیی و شۆڕشی بەردەوام لە دنیای ئەمڕۆدا لە هەموو كات لەبارترنیە؟ ئایا بۆسەركەوتنی شۆڕشی كۆمۆنیستی لەهەر وڵاتێک و بۆ گەیشتن بە كۆمەڵگەیەكی ئازاد و یەكسانی جیهانی ئینتەرناسیونالیزم چ جێگا و ڕێگایەكی هەیە؟ ئەو بۆشاییەی ئەم ئینتەرناسیوناله كرێكاریە چۆن لە وەڵامدانەوە بە سیستمی جیهانی و "نەزمی نوێی ئەمریكا" و كێشەكانی یەكێتی ئەوروپا و برێكزت و پێشبڕكێی نیوان ئەمریكا و چین و ڕوسیاوە دەردەكەوێ؟ یاخود زەمینەی ڕادیكاڵ بوونەوە و فراوانبونی ناڕەزایەتی چینایەتی ئایا جارێكی تر لەژێر سایەی سۆشیال دیموكراتی نوێ لە ئەمریكا و بەریتانیا وە پۆپۆلیزم لە ئیسپانیا و ئیتالیا و یۆناندا یاخود بزوتنەوە خۆبەخۆییەكانی فەرەنسا و تونس و جەزائیر و ئێران، پێویستیان بە چ ڕیزبەندیەكی ئینتەرناسیونالی هەیە؟ چۆن ئەم بنەمایە لە بەرنامە و سیاسەت و ڕێكخستنی كرێكاری و كۆمۆنیستیدا بەشێكی جیانەكراوەیە لەو ئایدیا و مۆدێلەی دەوڵەتی كرێكاری و شۆڕشی كۆمۆنیستی؟

هەربۆیە بۆ لێكدانەوەی ئەم ئاڵوگۆڕانەی بەسەر بزوتنەوەی كرێكاری و كۆمۆنیستیدا هات پێویست دەكا بچینە سەر مەیدانەكانی تری حزب و دەوڵەت و كێشەكانی تری خەباتی چینایەتی و بەراوردكاری و لێكۆڵینەوەكانمان لەسەر گۆڕانی بنەماكانی تری ئینتەرناسیونالی یەكەمی كرێكاران درێژەپێبدەین تا هەموو چوارچێوەی تابلۆكە ببینین.دواتر دێینەوە سەر ئەوەی بنەمای ئینتەرناسیونالیزم لەمڕۆدا چ جێگایەكی لە بزوتنەوەی كرێكاری و كۆمۆنیستیدا هەیە؟ لێرەدا بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێین كە؛ سازدانەوەی حزب و دەوڵەت لەسەر بنەماكانی ئینتەرناسیونالی یەكەم ئایا دەتوانێ وەڵامدەرەوەی ئەو كێشانە بێت كە بەهۆی گۆڕانی ئەم بنەمایانەوە هاتونەتە ئارا؟

## ٦

# دوالیزمی شۆڕش و ڕیفۆرم

یەکێک لە ئاڵوگۆڕە ڕیشەییەکانی بەسەر سۆشیال دیموکراتی کرێکاریدا هات لە دوای کۆمۆنەی پاریسەوە جێگای ریفۆرم و هەڵوێست سەبارەت بە دەوڵەت بوو لەم بزوتنەوەیەدا.

لە دەورانی شۆڕشەکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا و لە خەباتی دیموکراتی بورژوازی دژی دەرەبەگایەتی و خاوەن موڵکە ئەرستۆکراتەکان، کرێکاران لە پێناو ئازادی و مافە ئابوریەکانی خۆیاندا بەشداری ئەم شۆڕش و خەباتە سیاسیە بوون. بەڵام بە سەقامگیری دەسەڵاتی پەرلەمانی بورژوازی، وەک ئاکامی جێگیر بوونی ئیمتیازات و یاسا و باج و شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و نەهێشتنی ئیمتیازاتی دەرەبەگایەتی، ئیتر بورژوازی بووە هێزی دەسەڵاتدار، وە کە سەرکوتی هەر خەباتێکی کرێکاری دەکرد کە دژ بە سیستمی سەرمایەداری دەوەستایەوە. سەرەتا بورژوازی تازە دەسەڵاتدار ئەم خەباتەی کرێکارانی ڕاستەوخۆ سەرکوت دەکرد، و هەروەک لە ئەڵمانیا یاسای دژی سۆشیالیستەکانی سەپاند و لە هەموو وڵاتانی تریش هێرشی بەردەوامی دەکردە سەر یەکێتیە کرێکاریەکان و ڕێکخراوە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیەکانی چینی کرێکار.

بەڵام دواتر و بەتایبەت پاش کۆمۆنەی پاریس بورژوازی بە ناچاری و وەک ئەمری واقع دانی نا بە دەوری چینی کرێکار و ڕێکخراوەکانیدا و هەر بۆیە ڕێگای لە قاڵبدانی ئەم بزوتنەوەیەی گرتە بەر لە چوارچێوەی دەسەڵات و دامەزراوەکانی بورژوازی خۆیدا و لە هەندێ لە وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا ڕێگا بە کاری یەکێتیە کرێکاریەکان و ڕۆژنامە سۆشیالیستیەکان درا

وەرگریەکانی بەردەم دەنگدانی گشتی کەمکرانەوە و نوێنەرانی سۆشیال دیموکراتەکان توانیان بەشداری هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکان بکەن و کورسی بەدەست بهێنن .

ئێمە لەسەر بنەمای ئەم گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوریانەی لە کۆمەڵگە و دۆخی خەباتی چینایەتی نێوان کریکاران و بورژوازیدا ڕویداوە دەچینە سەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر سۆشیال دیموکراتی کرێکاراندا هاتووە لەو دەورانەی سەرەوەدا لە دوای کۆمۆنەی پاریسەوە تاکو جەنگی جیهانیی یەکەم.

## دەورانی شۆڕشگێڕانەی ئینتەرناسیونال و کۆمۆنە

یەکێتیەکی ئۆرگانیک کە لەنێوان خەباتی ئابوری و خەباتی سیاسی کرێکاراندا لە بڕیارنامەکانی ئینتەرناسیونالی یەکەم سەبارەت بە "بنەماکانی ئینتەرناسیونال و سەبارەت بە یەکێتیە کرێکاریەکان" [28]هاتبوو، کە دواتر گۆڕدرا بە دوالیزمی شۆڕش و ریفۆرم.

لەو چوار خاڵەی بڕیارەکانی ئینتەرناسیونالدا لەساڵی ١٨٦٤و١٨٧٢داهاتوە کە:

1. ئامانجی کۆتایی خەباتی سیاسی چینی کرێکار ڕزگاریی ئابوری کرێکارانە و هەموو بزوتنەوەیەکی سیاسی تەنیا دەبێ وەک وەسیلە چاوی لێ بکرێ.
2. حزب بۆ یەکگرتوکردنی ئەو خەباتە ئابوریەیە کە کرێکاران خۆیان دەستیان پێکردوە و لەهەمان کاتدا بۆ بەهێزکردنی ئەم خەباتەیە دژی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەداران و خاوەن موڵکەکان.
3. گرنگی ئەم حزبە بۆ زەمانەتکردنی سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئامانجی کۆتاییەتی کە نەهێشتنی چینەکانە. "[29]

---

[28] مارکس، ئینتەرناسیونالی کرێکاران، ١٨٦٤، بەزمانی ئینگلیزی
The International Workingmen's Association 1864General Rules, October 1864

[29] هەمان سەرچاوە

4. دواتریش لە بڕیاری یەکێتیە کرێکاریەکان ، ڕابردوو،ئێستا و ئاینده "له ساڵی ١٨٦٦دا هاتووه کە: " ئەم 'سەندیکایانە' جگە لەمەبەستی سەرەکی، کە یەکگرتوکردنی چینەکەیانە ، پێویستە بەشێوەیەکی وشیارانە وەک ڕێکخراوی ناوەندی چینی کرێکار کاربکەن لەپێناو بەرژەوەندی سەرتاپاگیری هەموو چینەکە بۆ ڕزگاری تەواو و کامڵ. ئەوان دەبێ قەناعەت بە جەماوەری فراوانی چینی کرێکار بهێنن کە ئەم خەباتەیان دووره لە تەسکبینی و خۆپەرستی و ئامانجی ڕزگاریی ملێۆنەها چەوساوەیە" .30

هەموو ئەم هەوڵانەی ئینتەرناسیونالی یەکەم بۆ ئەوەیە کە چینی کرێکار ،بە هەموو بەشەکانی و بیروڕا جیاوازیەکانی ناوخۆیەوە ، بتوانێ خۆی سەربەخۆ بکات لە بورژوازی و ببێتە خاوەن ڕێکخراوێکی سیاسی کە بتوانێ هەم خەباتی ڕۆژانە بکا بۆ باشترکردنی ژیان و ئامادەکردنی بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و کۆتایی هێنان بە دەسەڵات و سیستەمی سەرمایەداری. بابزانین چۆن ئەم دوو بنەمایە گۆڕانکاریان بەسەردا هات. واتە هەم مەسەلەی سەربەخۆیی لە بورژوازی و دەوڵەت و دامودەزگاکانی و هەم پێکەوە بەستنی خەبات بۆ ڕیفۆرم لەگەل ئامانجی کۆتایی هێنان بەدەسەڵات و سیستمی سەرمایەداری .

پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان خەبات بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ئیستای ئابوری و سیاسی چینی کرێکار و پەیوەستکردنەوەی بە ئامانجی کۆتایی ڕزگاری ئابوری و شۆڕش بەسەر دەسەڵات و سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، هەمیشە لای مارکس جێگای گرنگی پیدان بووه و ئەمەش بووەتە مایەی مشتومڕ و جەدەلێکی زۆر لەگەڵ ئەو بەشە لە کرێکاران و سۆشیالیستە ئەنارکیستەکان کە دەوری ئەم پرۆسەیەی گەشەکردنی ڕێکخراوەیی و تەجروبەی سیاسی کرێکارانیان بەلاوە گرنگ نەبوو. مارکس خەباتی چینی کرێکاری بۆ

30 مارکس، ئینتەرناسیونالی کرێکاران، ١٨٦٦، بەزمانی ئینگلیزی

https://www.marxists.org/history/international/iwma/documents/1866/instructions.htm

ڕزگاری لە پرۆسەیەکدا دەبینی کە ئەم چینە ئامادەیی تەواوی هەیە و زەمینەی مادی لە کۆمەڵگەدا ڕەخساوە بۆ گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگە و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هەرەوەزی بێ چین و چەوسانەوە.

هەر لەم تێگەیشتنەوە مارکس ،چەند مانگێک پێش لە کۆمۆنەی پاریس، کرێکارانی پاریسی لە نائامادەیی بۆ ڕوخانی حکومەتی بورژوازی ئاگادارکردەوە. ئەو و ئینگلس لە ڕوانگەی ئامادەکاری زەمینە و پێویستیە کۆمەڵایەتیەکانی شۆڕشی کرێکارانەوە گرنگیان دەدا بە دروستکردنی ڕێکخراوە جەماوەری و سیاسیەکان و بەشداری لە خەباتی ڕۆژانە و وەڵامدانەوە بە کێشە سیاسیەکانی بەردەم خەباتی چینایەتی و بەشداری لە پەرلەمان و ڕاکێشانی جەماوەری کرێکار بۆ ناو گۆڕەپانی ململانێی سیاسی.

بەڵام ئەوان لە شۆڕشی کۆمۆنەدا نەکەوتنە سەرزەنشتکردنی کۆمۆنارەکان و کرێکارانی فەرەنسا، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەم پرۆسەی خەباتە چینایەتیەدا لە هەموو شت زیاتر گرنگیان بە تەجروبەی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنەی کرێکاران دا. کۆمۆنەی پاریس سەرەڕای هەر کەموکوڕیەکی تیۆری کرێکاران سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئایندەی کۆمۆنیستی دەیان ساڵ بزوتنەوەی کرێکاری نزیک خستەوە لەوەی چۆن ئەم چینە دەتوانێ بناغەی کۆمەڵگەیەکی نوێی ئینسانی دامەزرێنێ. هەڵوەشانەوەی دامودەزگای دەوڵەتی بورژوازی، وەک سوپای هەمیشەیی و بیرۆکراسیەت، وە هەروەها جێگیرکردنی کۆمۆنە و چەکدار بوونی گشتی و هەڵبژاردنی هەموو پلەوپۆستەکانی بەڕێوەبردن و هتد..ئەمانە هەڵوێستی چینی کرێکاری بەرامبەر بەدەوڵەتی بورژوازی ڕەنگ ڕێژ کرد و کردیە بنەما وبناغەی تێگەیشتن و هەڵوێستی کۆمۆنیستی سەبارەت بە دەوڵەت و دامودەزگاکانی دەسەڵاتداریێتی بورژوازی.

کۆمۆنەی پاریس مێژوویەکی گرنگی لە چینی کرێکار و کۆمۆنیزمدا دروستکرد، کە بەرجەستەکردنی خەباتی نزیک بە نیوسەدەی کرێکاران بوو لە ڕاگەیاندنی ڕەش نوسی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی داهاتوودا.

ئەمە بەرجەستەکردنی بڕیارەکانی ئینتەرناسیونالی یەکەم بوو لەوەی کە " ڕزگاریی چینی کرێکار دەبێ بەدەستی چینی کرێکار خۆی بێت.ئامانجی کرێکاران بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی چینایەتی نیە، بەڵکو هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەی چینایەتیە. لەکاتێکدا سەرمایەداران دەسەڵاتی سیاسی بۆ کۆیلەکردنی کرێکاران بەکاردێنن ئەوا دەستبەسەرداگرتنی ئەو دەسەڵاتە سیاسیە دەبێتە ئەرکێکی گرنگی چینی کرێکار. ئامانجی کۆتایی خەباتی سیاسی چینی کرێکار ڕزگاریی ئابوری کرێکارانە و هەموو بزوتنەوەیەکی سیاسی تەنیا دەبێ وەک وەسیلە چاوی لێ بکرێ." [31]

کۆمۆنە نمونەیەکی لە دەوڵەتی کرێکاری و دەسەڵاتی سیاسی کرێکاران نیشاندا، کە لە بنەڕەتەوە جیاوازە لە دەوڵەتی بورژوازی و پەرلەمان و یاساکانی. دەوڵەتێکی کاتی کە پشتی بە "دیموکراسی" زۆرینە بەستوە، کە نوێنەران لەهەمان کاتدا کارگێڕیشن، نەک وەک پەرلەمانتار تەنیا قسەکەر بن و دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەدەست کەسانی ترەوە بێ. هەربۆیە کۆمۆنەی کرێکاران ئەنتی تێزی پەرلەمانتاریزمی بورژوازی بوو.

بەڵام شکستی کۆمۆنە پرسیار و جەدەل و جیابونەوەشی بەدوای خۆیدا هێنا. دوو مەسەلەی سەرەکی دوای کۆمۆنە بریتی بوون لە مەسەلەی پێویستی حزبی سیاسی و هەڵوێست بەرامبەر بە دەوڵەتی بورژوازی و پەرلەمان. ئینتەرناسیونالی یەکەم دوای کۆمۆنە بڕیاری پێکهێنانی حزبە سیاسیەکانی چینی کرێکار پەسەند دەکا و حزبە سۆشیال دیموکراتەکان لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپی پێک دێن . سەبارەت بە دەوڵەتیش مارکس لەسەر تەجروبەی کۆمۆنە و ئەنگلسیش لەسەر "بنچینەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت" تێگەیشتنی کۆمۆنیستی سەبارەت بە دەوڵەت دەخەنەڕوو. بەڵام ئەم بنەمایانە لە دەورەی دوای کۆمۆنەدا لە دڵی هەلومەرجێکی جیاواز لە دەورانی پێش کۆمۆنەدا پراکتیک دەکرێن و جیاوازی و کێشەکان لەسەر ئەم دوو تەوەرە شکڵ دەگرن.

---

[31] **مارکس، ئینتەرناسیونالی کرێکاران، ١٨٧٢، بەزمانی ئینگلیزی**
https://www.marxists.org/.../1872/hague-conference/parties.htm

## دوالیزمی ئیڤۆلوشن

دەورەی دوای کۆمۆنە دەورەیەکی دوالیزمی ئیڤۆلۆشن و گۆڕانکاری بزوتنەوەی کرێکاریە. دیوێکی وەک لەسەرەوە باسمانکرد گەشەی سۆشیال دیموکراتی و یەکێتیە کرێکاریەکان و جیهانی بوونەوەی خەباتی چینایەتیە. بەڵام ئەمە تەنیا دیوێکی ڕوداوەکان و دۆخی دوای کۆمۆنەی پاریسە. دیوەکەی تری بریتیە لە چەند ئاڵوگۆڕێکی دژ بەیەک و ئاڵۆز.

بورژوازی ئەوروپا و جیهان لەبەرامبەر شۆکی کۆمۆنەدا خەتەری ئەم چینەی لەسەر سیستمی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری دەرک پێ کرد و بەدیل و "گۆڕهەڵکەنی" خۆی بینی. هەربۆیە لەلایەک کەوتە توندکردنەوەی فشار لەسەر هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە سەر بەو "کۆمەڵەی ئینتەرناسیونالی کرێکاران" بوو، وە لە لایەکی ترەوە سیاسەتێکی ئەهوەن تریان بەرامبەر یەکێتیە کرێکاریەکان گرتە بەر بەو مەبەستەی کاریگەریان لەسەر دابنێن.

لیبرالیزمی بورژوازی وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی و ئابوری باڵادەست بوو، وە لەسەر بنەمای گەشەی جیهانی سەرمایە کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی کرێکاریی دانا و توانی ئاستی چاوەڕوانی و شێوازی کاری یەکیتیە کرێکاران لە قاڵبی ریفورمیزم و پەرلەمانتاریزم بەرتەسک بکاتەوە و ململانێی بیروڕای شۆڕشگێڕانەی نێو بزوتنەوەی کرێکاریی بکا. لە چەشنی فابیەکانی بەریتانیا و "ئیمکانگەرا"کانی فەرەنسا.

چینی کرێکار لەم دەورەیەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی نوێ بوەوە، کە جیاواز بوو لە کێشەی دەورانی سەرکوتی دەوڵەت و برسێتی لەڕادەبەدەری جاران. لە کاتێکدا گەشەی سەرمایەداری بۆ دەورەیەک ڕەخسا بوو ، توێژێکی ئەرستوکراتی کرێکاری دروست بوبو کە پلە و پۆستی سەرەوەی سەندیکا و یەکیتیە کرێکاریەکانیان بەدەستەوە گرتبوو.

لەهەمان کاتدا گەشەی سۆشیال دیموکراتی و سۆشیالیستەکان و یەکێتیە کرێکاریەکانیش گەیشتە ڕادەیەکی بەرز، کە توانی زۆربەی فشارەکانی دەوڵەتە بورژوازیەکان لەسەر کاری

سیاسی و جەماوەری لابەرێ و ئەمەش زەمینەی کاری یاسایی و پەرلەمانی کردەوە و ئەم چینە پێی نایە مەیدانێکی تازەی خەباتی سیاسیەوە .

ئەو پرسیارەی لەم دەورەیەدا دروست بوو ئەوە بوو، کە دوای ئەو گەشە ئاسۆییەی بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیال دیموکراتی کردی، ئایا ستراتیژی گەیشتنە دەسەڵات چییە؟ وەڵامەکانی نێو بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیال دیموکراتی بەم مەسەلە و دۆخە نوێیە جیاواز بوون و هەربۆیە کێشە و ناکۆکی لە نێوخۆی بزوتنەوەکەدا سەریهەڵدا. ئەمە ئەو ئەزمەیە ودوالیزمی ریفۆرم و شۆڕشی سۆشیال دیموکراتییە کە هاتە ئارا وچارەنووسی بزوتنەوەی کرێکاریی گۆڕی. لێرەدا باسی ئەو کێشە و گۆڕانکاریانە دەکەین.

## ستراتیژی حزبە جەماوەریەکان

مارکس و ئەنگلس ستراتیژی بزوتنەوەی کرێکاریان بە دروستکردنی حزبە جەماوەریە کرێکاریەکان دانا. هەربۆیە سەرەڕای جیاوازیەکان لەگەڵ لاساڵیەکانی ئەڵمانیا، ئیمکانگەراکانی فەرەنسە و فابیەکانی بەریتانیا تەئکیدیان لەسەر یەکگرتوکردنی بزوتنەوەی سیاسی چینی کرێکار دەکردەوە سەرەڕای جیاوازیەکان و لێرەوە مارکس لە نامەیەکدا بۆ براکە دەڵێ" هەموو هەنگاوێک کە بزوتنەوەی عەمەلی ئێستا دەینێ گرنگترە لە دەرزەنێک بەرنامە"[32].

ئەمە ستراتیژیەکی سەرکەوتو بوو لە دوای کۆمۆنەی پاریسەوە بۆ ئامادەکردنی چینی کرێکار و ڕێکخراو کردنی لە پێناو بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا بەسەر سیستمی سەرمایەداریدا. گەشەی مەزنی حزبە سۆشیالیستە جەماوەریەکان و بەشداریان لە پەرلەماندا

[32] نامەی مارکس بۆ براکە لە ٥ ئایاری ١٨٧٥
https://www.marxists.org/.../.../works/1875/letters/75_05_05.htm

و دەنگ و کورسی هێنانی زۆر وا دەکا کە ئینگلس لەساڵی ١٨٩٥دا بڵێ ؛ حکومەت و بورژوازی ئەڵمانی " لە خەباتی قانونی حزبی کرێکاران زیاتر دەترسێ وەک چالاکی ناقانونی، لە سەرکەوتنی هەڵبژاردن دەترسێ وەک لە یاخی بوون". [33]

پێشتریش مارکس باسی نمونەی لەم بابەتەی کردبوو، وەک لە شۆڕشی فەرنسە و شەڕی ناوخۆی ئەمریکادا، کە خەباتی شۆڕشگێڕانە فۆرمی شەڕێک لە نێوان "حکومەتێکی شەرعی و دژە شۆڕشی یاخی" دا دەگرێتەخۆ[34]. ئەمە لە درێژەی ئەو جەدەلەدا بوو لە ساڵەکانی ١٨٧٠دا، کە مارکس سەرخەتی ئەوەی باسکردبوو کە لەوڵاتانێکدا ڕێگری دەستوری نیە بۆ هەڵبژاردنی حکومەتی سۆشیالیستی."[35]

ئینگلس لە پێشەکی ئینگلیزی کتێبی سەرمایەشدا دەڵێ مارکس گەیشتۆتە ئەوەی کە "بەریتانیا تەنیا وڵاتێکە کە لەوانەیە ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتیەی کە هەر ڕودەدا، بەتەواوی ئامرازی ئاشتیخوازانە و یاسایی ئەنجام بدرێت". [36]

ئینگلس ڕوو بە حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی ئەو پرسیارە دەکا کە "ئاکامی هەموو ئەمانە دەبی چی بێ؟ ئەوەنەبێ کە حزب کتوپڕ، لەکاتی بریاردا، نەزانێ چی بکا؟ لە کاتێکدا کە ناڕۆشنی و نادڵنیایی هەبێ سەبارەت بە خاڵە بڕێنەرەوەکان، ئەو خاڵانەی کە پێشتر هیچ کات گفتوگۆیان لەسەرنەکراوە؟"[37]

کەواتە " ناڕۆشنی و نادڵنیایی" هەبووە سەبارەت بەم ستراتیژیەی حزبە جەماوەریە سۆشیال دیموکراتەکان بۆ گرتنی دەسەڵات و کاراکتەری خەباتی چینایەتی و پەیوەندی

---

[33] ئینگلس، پێشەکی بۆ کتێبی 'خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا' ی مارکس

[34] https://www.marxists.org/.../.../1872/hague-conference/index.htm

[35] هەمان سەرچاوە

[36] ئینگلس پێشەکی ئینگلیزی کتێبی سەرمایە .ل ٩٩. سەرمایە. کارل مارکس، چاپی کوردی، عەبدوڵا ڕەسوڵی https://www.marxists.org/archive/marx/works/1867-c1/p6.htm .

[37] چۆن جیهان دەگۆڕین، مارکس و ئەنگلس و سیاسەت، ل ٦٩، هوبسباوم، بە زمانی ئینگلیزی.

نێوان کرێکاران و بورژوازی لە کۆماری دیموکراتیدا و گەیشتن بە حکومەتی سۆشیالیستی لەڕێگەی هەڵبژاردنی پەرلەمانیەوە.

بەلام دوایی ڕۆشن بووەوە کێشەکە هەر "ناڕۆشنی و نادڵنیایی" نیە لەوەی سۆشیال دیموکراتی دەبێ چی بکا؟ بەڵکو، "دەرکەوت کە گەشەی حزبە سۆشیال دیموکراتە جەماوەریەکان بەرەو شێوازێکی ڕووبەڕووبونەوە نەچوو، بەڵکو فۆرمێکی تێکەڵاوبوونی بزوتنەوەکەی لەگەڵ سیستمی مەوجوددا (سەرمایەداری) لێ دروست بوو."38

هەرچەند لای مارکس و ئەنگلس ئەم لادانانە لە بنەما کۆمۆنیستیەکان لە نێو بزوتنەوەکەدا هەستی پێکراوە و ڕەخنەی لێگیراوە. بەڵام بەتایبەت دوای ١٨٩٠ لە کاتێکدا کە بزوتنەوەی سۆشیال دیموکراسی جەماوەریی دەبێتەوە، ئیتر ئەم مەترسیەی کە بزوتنەوەی کرێکاری ببێتە بەشێک لە سیستمی سەرمایەداری زۆرزیاتر گەشە دەکا. ڕەخنەیەک لە ئینگلس هەبێ ئەوەیە کە حسابی کەمی بۆئەم مەترسیە کردووە.

گۆڕان لە حزبێکەوە کە لە پێناو ئامادەکردنی کرێکاران بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداریدا دروست بووە بەرەو حزبێک کە خۆی ببێتە بەشێک لە دامودەزگای بورژوازی و هێشتنەوە و پاراستنی سیستمی سەرمایەداری گۆڕانێکی ڕیشەییە. ئەمە خاڵی سەرەکی ئەم کتێبەیە، کە لێکدانەوە لە هۆکارەکان و پرۆسەی گۆڕانی حزبی کرێکاریی دەکا. ئەمە هەرچەند لە ڕابردویەکی دووردا ڕویداوە، بەڵام زەمینەکانی لە دنیای ئەمڕۆدا وەکو خۆی ماوە و سەرەتای ئەو گۆڕانکاریانەیە کە دواتر ڕێڕەوی بزوتنەوەی کرێکاریی گۆڕیوە . هەربۆیە جێگای گرنگی پیدانی ئەمڕۆمانە.

دوالیزمی ریفۆرم و شۆڕش خۆی ناونیشانێک و نیشانەیەکی لادان و گۆڕانکاری ڕیشەیی ترە، کە لە ستراتیژ و ئامانجی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا دروست بوو. ئەم مەسەلەیە هەر بەتەنیا بە باسی ناکۆکی نێوان خەباتی ئابوری و ریفۆرم لەگەڵ خەباتی

---

[38] چۆن جیهان دەگۆڕین، مارکس و ئەنگلس و سیاسەت، ل ٦٨، هوبسباوم، بە زمانی ئینگلیزی.

سیاسی و شۆڕشدا لێک نادرێتەوە. بەڵکو پێویست بە لێکدانەوە لەو گۆڕانکاریە بنچینەییانە و ناسینی ئەو کەم و کورتیە فکری و پراکتیکانە، و ئەو هەڵسەنگاندنی تەجروبانەدایە کە ئەم دوالیزمەیان خولقاندووە .

لەبەشی داهاتودا باسی پرۆسەی ئەو گۆڕانکاریانەیە لە بزوتنەوەی کرێکاریدا دەکەین.

# ٧

## دیموکراسی هەڵخەڵەتێنەرانە

وەک لە بەشی پێشوودا باسمانکرد یەکێک لە ئاڵوگۆڕە ڕیشەییەکانی بەسەر سۆشیال دیموکراتی کرێکاریدا هات لە دوای کۆمۆنەی پاریسەوە جێگای ریفۆرم و هەڵوێست سەبارەت بە دەوڵەت بوو لەم بزوتنەوەیەدا. بورژوازی ڕوخسارێکی هەڵخەڵەتێنەرانەی لە دیموکراسی بوونی دەزگای دەوڵەتی، دەزگای پەرلەمانی نیشاندا . لەژێر ناوی "پەرلەمان و حکومەت هی هەموو چینەکانە و هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی پەرلەمانی ڕێگەی هەموو چینەکانە بۆ گەیشتنە دەسەلات"، ڕووی ڕاستەقینە و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی بورژوازی شاردەوە.

بزوتنەوەی کرێکاریی باجی گەورەی ئەم دیموکراسیە هەڵخەتێنەرەی بورژوازی داوە، و گەورەترینیان باجی شەق بوونی بزوتنەوەی سۆشیال دیموکراتی کرێکاریی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست بوو. بەڵام ئەزمەی سیستمی سەرمایەداری بەناچاری وەک لافاو هەموو ڕوپۆشێک لەسەر ڕوخسارە هەڵخەتێنەرەکانی ئەم سیستمە چەوسێنەرانە دادەماڵێ. لەم دۆخەدا بزوتنەوەی ملێونی کرێکاران دەرک بە پێوستی شۆڕش و بەرەنگاری و تێپەڕبوون دەکا لە چوارچێوەی سیستم و دامودەزگای قەیرانگرتوی سەرمایەداری.

جیاوازیەکانی نێو بزوتنەوەی کرێکاریی سەبارەت بەم دۆخە خۆی لە بەرگی دوالیزمی ریفۆرم و شۆڕشدا نیشاندا، و ئینتەرناسیونالی دووەم و بزوتنەوەی کرێکاریی لە ژێر ئەم ناونیشانەدا بوو بە دوو بەشەوە. لێرەدا باس لەو گۆڕانکاریە ڕیشەییانە دەکەین

که له ستراتیژ و ئامانجی بزوتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا دروست بوو. هه‌روه‌ها باسی ڕه‌خنه‌ی هه‌رکام له مارکس و ئینگلس له‌و هه‌ڵوێستانه‌ده‌که‌ین که به‌رامبه‌ر به ده‌وڵه‌تی بورژوازی و مانه‌وه له بازنه‌ی ریفۆرم له‌نێو سۆشیال دیموکراتیدا خراوه‌ته‌ڕوو. دواتریش ڕه‌خنه‌کانی پانه‌کوک و لینین و ڕۆزالوکسبورگ له ریڤیژینزم و په‌رله‌مانتاریزم ده‌خه‌ینه‌ڕوو، تاکو دیدێکی ڕۆشن له‌و کێشمه‌کێش و ئاڵوگۆڕانه‌مان هه‌بێ که له‌م بزوتنه‌وه‌دا ڕویداوه، وه بزانین چۆن ئه‌م بزوتنه‌وه کرێکاری و کۆمۆنیستیه به‌پێی دۆخ و گۆڕانکاریه سیاسی و ئابوریه‌کان و مه‌سه‌له‌کانی ناو خه‌باتی چینایه‌تی گۆڕانی ڕیشه‌یی به‌سه‌ردا هاتوه؟

## نوقم بوون له په‌رله‌مانتاریزمدا

له دوای کۆمۆنه‌وه مه‌سه‌له‌ی په‌یوه‌ندی نێوان کرێکاران و ده‌وڵه‌تی بورژوازی ده‌بێته یه‌کێک له کێشه‌کان و جیاوازیه‌کان . له ساڵی ١٨٧٥مارکس ڕه‌خنه له لاسال ده‌گرێ و ده‌ڵێ "ته‌نیا لاسال خۆی، به له‌خۆبایی بوون و خه‌یاڵه‌کانیه‌وه، له‌توانایدایه که باوه‌ڕ به‌وه‌بکا که مومکینه، به‌هۆی یارمه‌تی وه‌رگرتن له حکومه‌ته‌وه، کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی نوێ دروست بکه‌ی هه‌ر به‌و ئاسانیه‌ی که هێڵێکی تازه‌ی ئاسن دروست ده‌که‌ی."[39] ئه‌مه له‌وه‌ڵامی ئه‌و به‌نده‌ی "به‌رنامه‌ی گۆته" دایه که لاسال ده‌ڵێ "بۆ ڕێگه کردنه‌وه بۆ چاره‌سه‌ری مه‌سه‌له‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی، حزبی کرێکارانی ئه‌ڵمانیا داواده‌که‌ن که به یارمه‌تیدانی ده‌وڵه‌ت هه‌ره‌وه‌زیه به‌رهه‌مهێنه‌ره‌کان دروست بکرێ."[40]

---

[39] ڕه‌خنه له‌به‌رنامه‌ی گۆته، مارکس، ل٢٣٣،مختارات مارکس و انجلز،جلد٢،دارالتقدم

[40] هه‌مان سه‌رچاوه،ل٢٣٢

مارکس درێژە بەم ڕەخنەیە دەدا سەبارەت بە تێگەیشتنی لە دەوڵەتی بورژوازی و چۆنیەتی گۆڕینی هەلومەرجی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، و دەڵێ "کاتێک کریکاران هەوڵدەدەن بۆ بەدیهێنانی مەرجەکانی هەرەوەزیە بەرهەمهێنەرەکان لە ئاستی هەموو کۆمەڵگەدا، ئەمە تەنیا بەمانای ئەوەیە کە کاردەکەن کە هەلومەرجی ئێستای بەرهەمهێنان شۆڕشگێڕانە بکەن، ئەمە هیچ پەیوەندیەکی هاوبەشی نیە لەگەڵ دامەزراندنی هەرەوەزیە بەرهەمهێنەرەکان بەیارمەتی دەوڵەت. ئەوەندەی سەبارەت بە کۆمەڵە هەرەوەزیەکانی ئیستاوە بێت ئەوەندە بایەخیان هەیە کە دەستکردی سەربەخۆی کرێکارانە، وە چ لەلایەن حکومەتەکان و چ لەلایەن بورژوازیەوە ناپارێزرێن."[41]

ئەم جۆرە لە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی بورژوازیدا، دوای مارکس لەلایەن ئینگلسیشەوە دراوەتە بەر ڕەخنە. ئەمە کاتێکە نوێنەرانی کرێکاران چوونەتە ناو پەرلەمانی ئەڵمانیا و بەشداری دەکەن. لەنامەیەکدا بۆ **J.P. Becker** دەنوسێ "ئەم نوێنەرانە لە پەرلەمان 'پێشنیاری پۆزەتیڤانە' بۆ حکومەتی ئێستا دەکەن کە چۆن لە شتە بچوکەکاندا کارەکان باشتر بکەن و هتد، وە کرێکاران کە بە کەسانی دەرەوەی یاسا دانراون و بە دەست و پێی بەستراوەوە دراونەتە دەست ڕەفتاری مەزاجی پۆلیس، چاوەڕوانیان لێدەکرێ ئەمە بە نوێنەرایەتی کردنی خۆیان دابنێن! ئەوەی تایبەتمەندی سەرنج ڕاکێشی بزوتنەوەی کرێکارانی ئەڵمانیایە ئەوەیە کە هەڵەی لیدەرەکان لەلایەن جەماوەرەوە چاک دەکرێتەوە."[42]

[41] ڕەخنە لەبەرنامەی گۆتە، مارکس بە ئینگلیزی
https://marxists.catbull.com/archive/marx/works/1875/gotha/ch03.htm

[42] نامەی ئینگلس بۆ بیکەر
https://www.marxists.org/archive/marx/works/1880/letters/80_04_01.htm

لەفەرەنسا "ئیمکانگەراکان" و لە بەریتانیاش "فابیەکان" لە ناو بزوتنەوەی کرێکاریدا هەمان هەڵوێستیان بەرامبەر بە دەوڵەتی بورژوازی وەرگرت و هەمان بۆچوونی لیبرالی بورژوازیان پەیڕەوکرد کە دەیانوت "پەرلەمان هەموو چینەکان وناکۆکە چینایەتیەکان لەناودەبا، بەبێ جیاوازی، لەڕێگەی مافی دەنگدان و مافی بەشداری لە حکومەتدا"[43]

ئەم تێڕوانینە سەبارەت بە دەوڵەت و دەزگاکانی ، وەک پەرلەمان و دەنگدان و دەستور و حکومەت وهتد..ئەو ئاڵوگۆڕە سەرەکیە بوو کە لە نێو سۆشیال دیموکراتی و بزوتنەوەی کرێکاریدا سەریهەڵدا و بووە باڵێکی نێو بزوتنەوەی کرێکاری کە لە فەلسەفە و ئابوری و سیاسەتدا دواتر بەشێوەی مەکتەبێکی فکری و سیاسی و ئابوری جیاواز لە کۆمۆنیزم خۆی ساغکردەوە. ئیتر مەسەلەی سەرەکی ئەم باڵەی نیو سۆشیال دیموکراتی چۆنیەتی بەشداری و پاراستنی ئەم دەوڵەتە قەومیانەیان بوو. چۆنیەتی پاراستنی پەرلەمانتاریزم بوو، کە ئەنجامەکەی دەنگدان بە پرۆژەکانی چینی بورژوازی بوو. دەنگدان بە پاراستنی گومرگی، دەنگدان بەشەڕی جیهانیی ئیمپریالیستی، هاوپەیمانی لەگەڵ حزبە بورژوازیەکان و بەشداری لە حکومەتە بورژوازیەکاندا هتد..

ئینگلس لە ساڵی ١٨٩١دا لە ڕەخنە لەبەرنامەی ئیرفورتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵماندا ئاماژە بە مەترسی گەشەی ئەم "ئۆپۆرتۆنیزمە" دەکا و دەڵێ "ئەمە لە بیرچوونەوەیەکی گەورەیە، مەبدەئەکان لەبەرامبەر بەرژەوەندیە کاتیەکانی ڕۆژدا هەڵدەسەنگێندرێ، ئەم خەبات و هەوڵدانانە بۆ سەرکەوتنی ساتە کاتیەکان بەبێ گوێدانە ئەنجامەکانی دواتری، ئەمە قوربانیکردنی ئایندەی بزوتنەوەکەیە لە پێناو

---

[43] لینین، مارکسیزم و ریڤیژینیزم، ل ٤٢١،،المختارات ، جلد٣،دارالتقدم.بەعەرەبی.

ئێستایدا، لەوانەیە مەبەست "ڕاستگۆیانە" بێ، بەڵام ئەمە ئۆپۆرتۆنیزمە و هەروا دەمینێتەوە، وە ئۆپۆرتۆنیزمێکی "ڕاستگۆیانە" لەوانەیە ترسناکترینیان بێت."[44]

دوای دوو دەیە ئەم مەترسیەی ئینگلس دەبێتە ئەزمەیەکی جدی، کە سۆشیال دیموکراتی دەخاتە ژێر ئەو پرسیارەوە، کە ئایا لە ڕێگەی پەرلەمانەوە خەبات بۆ سۆشیالیزم بە کوێ دەگا؟

ڕۆزا لۆکسمبۆرگ لە ١٩٠٤ دا دەنوسێ "پەرلەمان بۆ بورژوازی ئەو قازانجەی جارانی نیە کە دژی دەرەبەگایەتی بەکاری دەهێنا و پەرلەمانی ئێستا بۆ دانانی بودجە و قەواڵەی سوپا، ئیعتباری نوێدان بە ژەنراڵەکانی شەڕ لە ئەفریقا و ناوچەکانی بازرگانیە". ئەو پرسیارە دەکا کە سۆشیال دیموکراتی "ناتوانێ لەوە زیاتر بکا، لەوە دەچێ، بەرەو خۆ قوربانیکردن بچێ، بەرەو قوربانیکردنی سۆشیالیزم دەچێ لە سەر مێزی پەرلەمانتاریزمی بورژوازی، ئایا ئاکامی ئەمە چی دەبێ؟ هەڵوەشانەوەی بزوتنەوەی کرێکاریی، نارۆشنی ئایدیاکان، لادانی ئەخلاقی نوێنەرانی حزب. ئاکامی پڕاوپڕی تاکتیکی وەزارەتی **Jaurès’** (سۆشیالیست) لە فەرەنسا بەشێوەیەکی ڕۆشن خزمەت دەکا بە ئاگادارکردنەوەی هەموو بزوتنەوەی جیهانی پرۆلیتاریا، کە ئەمە ئەو ڕێگایە نیە بتوانێ بەر بە داکشانی پەرلەمانتاریزمی بورژوازی بگرێ." [45]

---

[44] ئینگلس ڕەخنە لەبەرنامەی ئیرفورتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵماندا، بە زمانی ئینگلیزی
https://marxists.catbull.com/archive/marx/works/1891/06/29.htm

[45] ڕۆزا لوکسبورگ، سۆشیال دیموکراتی و پەرلەمانتاریزم
https://marxists.catbull.com/archive/luxemburg/1904/06/05.htm

ئەم داکشانەی پەرلەمانتاریزمی بورژوازی ، نیشانەی سەرەتاکانی بنبەستی لیبرالیزمی بورژوازی و دەورانی ئەزمەی جیهانی و پێویستی ئیمپریالیزم بە شۆڤێنیزم و بە شەڕ بوو.

هاوکات ئەوەی ڕۆزا لۆکسبۆرگ لە ساڵی ١٩٠٤دا باسی دەکا سەرەتای بنبەستی سۆشیال دیموکراتیە کە لەدوای کۆمۆنەی پاریسەوە نەیتوانیوە شێوازێکی تر جگە لە ڕێگەی پەرلەمانی بگرێتە بەر لە خەباتی چینایەتیدا!

هەربۆیە کاتێکیش ئەزمەی لیبرالیزم و پەرلەمانتاریزم دەستپێدەکا ولە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستدا دەچینە ناو دەورانی توندبونەوەی ململانێی ئیمپریالیستی و دارمانی "ئاشتی و دیموکراسی" لیبرالیزم، ئیتر ئەم سۆشیال دیموکراتیەش توشی ئەزمە و جیابونەوەیەکی گەورە دەبێ. ئەو زەمینەیەی پەرلەمانتاریزمی دوێنێ، کە بزوتنەوەی کرێکاریی لەسەری گەشەی سیاسی دەکرد، دەگۆڕدرێ و بورژوازی لەڕێگەی شەڕ و سەرکوتی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانەوە دەسەڵاتی سیاسی خۆی ڕادەگرێ. هەربۆیە ئیتر ئەوەی ئەنگلس لەسەر پەرلەمان دەیوت لەگەڵ دەورەی ئەزمەی سیاسی و سەربازی ئیمپریالیزم نەدەهاتەوە. ئەو دەیوت "کەسێک دەتوانێ بیهێنێتە پێش چاو کە لەوانەیە کۆمەڵگەی کۆن گەشە بکا بە شێوەیەکی ئاشتیانە بۆ کۆمەڵگەیەکی نوێ لەوڵاتانەدا کە نوێنەرانی خەڵک هەموو دەسەڵاتێکیان لەدەستدایە، لەو شوێنەی، ئەگەر لایەنێک پشتیوانی زۆربەی خەڵکی لە پشت بێت، ئەوە دەتوانێ ئەوە بکا کە لەگەڵ ڕێگەی دەستوری بگونجێ: وەک لە کۆماری دیموکراتی وەک فەرەنسا و لە ئەمریکا و لە شانشینی بەریتانیا."[46]

---

[46] ئینگلس، ڕەخنە لەبەرنامەی ئیرفورتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیادا لە ١٨٩١، بە زمانی ئینگلیزی https://marxists.catbull.com/archive/marx/works/1891/06/29.htm

لەم دەورە نوێیەی ئەزمەی لیبرالیزم و پەرلەمانتاریزم و سەرهەڵدانی شەپۆلی شۆڕشگێڕانەی کرێکاراندا گۆڕانکاری بەسەرسۆشیال دیموکراتی کرێکاریدا دێت و سۆشیال دیموکراتی بۆ گەیشتنە دەسەڵات پێویست بوو لە دەرەوەی پەرلەمانتاریزمدا بەدوای ستراتیژێکی تردا بگەڕێ.

بەڵام سەرەڕای ڕەخنەکانی مارکس و هەوڵەکانی ئەنگلس لە خۆشباوەڕی بە دەوڵەتی بورژوازی و دوورکەوتنەوە لە ئۆپۆرتۆنیزم، سۆشیال دیموکراتی لە بزوتنەوەیەکەوە کە دەیویست سیستمی سەرمایەداری بگۆڕێ بە سۆشیالیزم، وە لە ڕێگەی کۆمۆنەوە دەزگای دەوڵەتی بورژوازی هەڵوەشاندەوە ، گۆڕدرا بە بزوتنەوەیەک کە زۆربەی ڕیزەکانی کەوتە ژێرکاریگەری ڕەوتی لیبرالیزم و ریفۆرمیزم و پەرلەمانتاریزم. ئەم ڕەوتە سەرەتا خۆی وەکو ڕیڤیژینیزم ناساند، واتە وەک ڕەوتێک کە بانگەشەی خوێندنەوە و چاوخشاندنەوە بە بنەماکانی کۆمۆنیزمدا دەکرد، بەڵام لەکۆتاییدا ئەم دەورەیەدا، واتە لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، سۆشیال دیموکراتی ڕەنگی ئەم ڕیڤیژنیزمەی گرت.

هەربۆیە پێویستە ئەم پرۆسەیە زیاتر شرۆڤە بکەین تا بزانین چ پەیوەندیەک لە نێوان ریڤیژینزم و لیبرالیزم و پەرلەمانتاریزم و سۆشیال دیموکراتیدا هەیە؟

## پەتای ڕیڤیژینزم

دیالەکتیکی گەشە و پەرەسەندنی بزوتنەوەی کرێکاریی و سۆشیال دیموکراتی هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبونەوەی پەتای ریڤیژینزمدا لەهەموو وڵاتە سەرمایەداریەکان. لینین لەساڵی ١٩٠٨ دا دەڵێ "چی ڕیڤیژینیزم دەکاتە کارێکی حەتمی کە دەبێ لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ڕوبدا؟ لەبەرئەوەی، لە هەموو وڵاتێکی سەرمایەداریدا،

لەپاڵ پرۆلیتاریادا، توێژێکی زۆری وردە بورژوازی هەیە. بەرهەمهێنانی بچوک پێشتر و ئێستاش بەردەوام سەرمایەداری بەرهەم دەهێنێتەوە. سەرمایەداریش ڕیزێکی تەواو لە "چینە ناوەندەکان" دروست دەکا ( پاشکۆی کارگە ، کارکردن لەناو ماڵدا،کارگە بچوکەکان کە لە وڵاتدا بەفراوانی هەن،..). ئەم بەرهەمهێنەرە بچوکە نوێیانە پاڵ پێوەدەنرێن، بەپێی دەورەکەیان، حەتمەن بۆ ڕیزەکانی پرۆلیتاریا. هەربۆیە ئاساییە کە بیروبۆچونە وردەبورژوازیەکانیشیان بەردەوام بچێتە ناو ڕیزەکانی حزبە کرێکاریە بەرفراوانەکان."[47]

بێگومان ئەمە تەواوی کێشەی سەرهەڵدانی بۆچوونی ناکۆک و لەوانە ریڤیژینزم لە ناو سۆشیال دیموکراتیدا نیە. واتە ڕیڤیژینیزم بەتەنیا لە کاریگەری هاتنی چینی وردەبورژوازی و بۆچوون و جیهانبینیەکەیدا بەرتەسک نابێتەوە. هەربۆیە دواتر لینین لە ساڵی ١٩١٠ ئاماژە بە بۆچوونەکانی ئەنتۆن پانیکوک دەکا[48] و "ئەنجامگیریە زانستیەکانی" نامیلکەیەکی ئەو ڕوندەکاتەوە لەسەر هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ریڤیژینزم لەناو بزوتنەوەی سۆشیال دیموکراتی کرێکاری جیهانیدا.

پانیکوک ئاماژە بە فاکتەرە جۆراوجۆرەکانی دروستبوونی ناکۆکیەکانی ناو بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیال دیموکراتی دەکا. لێرەدا ئەوەی گرنگە لەم لێکدانەوەی پانیکوک دا ئەوەیە کە باسی چینی کرێکار خۆی دەکا کە بۆچی و چۆن توشی ئەم کێشانە دەبێ؟ باس لە ئاستی گەشەی سەرمایەداری و کاریگەری لەسەر

---

[47] مارکسیزم و ڕەوتی ڕیڤیژنیزم، ل ٤٢٤، المختارات ، جلد٣، دارالتقدم.

[48] پانیکوک *The Tactical Differences in the Labour Movement (Die taktischen Differenzen in der Arbeiterbewegung*, Hamburg, Erdmann Dubber, 1909), Anton Pannekoek

تێگەیشتنی سۆشیالیستی چینی کرێکار دەکا. باس لە ئاستی گەشەی هێزی بەرهەمهێنەری کرێکار و ڕادەی چڕ بوونەوەی ژمارەکەی لە یەک ناوەندا و ئاستی ڕێکخراو بوونی و فێربوونی پابەند بوون بە سیستم و ئاستی هەژاری دەکا.

هاوکات باسی ئەو گۆڕانکاریانە لە شێوەکانی خەباتی چینایەتی کرێکاراندا دەکا، کە بەشێوەی "بازدان" ئەم بزوتنەوەیە دەگۆڕێ و ترس دەخاتە دڵی سیستمی سەرمایەوە. بەشێوەیەکی سەرەکی تەئکید لە بزوتنەوەی کرێکاریی وەک بزوتنەوەیەکی زیندوو دەکا، کە لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی مێژوویی و ئابوری و سیاسی دیاریکراودا ڕەوت و دیدگای جیاجیای تێدا دروست دەبێ بۆ وەڵامدانەوە بە کێشەکانی خەباتی چینایەتی.

ئێمە لە سەرەوە باسی لیبرالیزمی بورژوازیمان کرد وەک یەکێک لە فاکتەرەکانی کاریگەری لەسەر دروستبوونی ناکۆکی و لادانەکانی نێو بزوتنەوەی کرێکاریی لە ڕەوتی شۆڕشگێڕانە و دروستبوونی باڵی ریفۆرمیستی لە نێو چینی کرێکاردا.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی ئەم بۆچون و دیدگا و لێکدانەوە لیبرالیستیە کاریگەری لەسەر خەباتی کرێکاران دادەنێ؟

وەڵامەکەی ئەوەیە کە چینی کرێکار لەخەباتێکی زیندووی چینایەتیدایە و بەپێی ئاستی گەشە و تەجروبەی خۆی بەو ڕاستیە دەگا، کە چ ڕێگایەک ئەو لە دەست چەوسانەوە ڕزگاردەکا. ئەم ئەنجامگیریە سادەیە خۆی لەدڵی دۆخێکی ئاڵۆزو دوالیزمی خەباتی ئابوری و سیاسیدا یەکلایی دەبێتەوە. هەرچەند کۆمەڵگەی سەرمایەداری گەشە بکا و هێزی بەرهەمهێنەری کرێکار گەشە بکا و تەجروبەکانی خەباتی ڕۆژانە و "بازدان" وشۆڕشەکانی زیاتر بێت ئەوەندە نزیکتر دەبێتەوە لەو

ئاسۆ و بەدیلەی کە دەتوانێ قاڵبی سیستەمی سەرمایەداری تێپەڕێنێ و ئەم وشیاری و تەجروبەیە ببێتە "خواستێکی گشتی و کۆلێکتیڤی" ملیۆنەها و ملیارەها کرێکار.

ئەمە پرۆسەی واقعی خەباتی چینایەتیە، کە بەپێی ئاستی گەشە و توانایی سیاسی و ڕێکخراوەیی چینی کرێکار مەسەلەی شۆڕش و دەسەلات مەترەح دەبێت نەک بەپێی عەقڵی شۆڕشگێڕانەی گروپێکی کۆمۆنیستی یان حزبێکی کۆمۆنیستی. وەک مارکس لە ڕەخنە لە گروپێکی ناو "کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان" دا دەڵێ؛ " بۆ ئەوان ئەو هەلومەرجە ڕاستەقینەی کە هەیە، هێزی پاڵنەری شۆڕش نیە، بەڵکو بەتەنیا بوونی خواستە. کاتێک ئێمە بە کرێکاران دەڵێین، پێویستە ١٥،٢٠،٥٠ ساڵ بە شەڕو خەباتی ناوخۆ (چینایەتی) دا تێپەڕن، نەک تەنیا بۆ گۆڕینی دۆخ، بەڵکو بۆ چاکردنی خۆتان وە بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کە دەتوانن باڵادەستی سیاسیتان هەبێت. هەروەک دیموکراتەکان کە وشەی خەڵکیان کردوە بە بت، ئێوەش وشەی پرۆلیتاریاتان وا لێکردوە. هەروەک دیموکراتەکان، ئێوەش زاراوەی شۆڕشتان خستۆتە شوێن ئیڤۆلوشنی شۆڕشگێڕانە "[49]

ئەم جۆرە ناسینەی شۆڕش کە بتێک نیە و تەنیا زاراوەیەکیش نیە، بەڵکو دیاردەیەکی دیالەکتیکی و یەکێتی دژەکانە خۆی کلیلی دەرک کردنی هەموو ئەو مێژووەی خەباتی چینایەتی کرێکارانە کە پڕ لە هەوراز و نشێویە و سەرکەوتن و شکستە. دەرک کردنی ئەوەی بۆچی لەم دەورەیەدا کە چینی کرێکار لە باری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە گەشە دەکا، بەڵام پەتای ریڤیژینیزم و لیبرالیزم و پەرلەمانتاریزم دایدەگرێ ؟ وەک بەدروستی لینین دەریدەبڕێ، کە "ئەم جیاوازیانە سەرچاوەکەی

---

[49] مارکس، کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان، بە زمانی ئینگلیزی Minutes of Central Committee Meeting, 15 September 1850, in Karl Marx, *The Revolutions of 1848* (Harmondsworth, 1978), p 341.

خۆی ئەو خەسڵەتە دیالەکتیکیەیە کە گەشەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار هەیەتی کە لەدڵی ناکۆکیەکاندا و لەڕێگەی ئەم ناکۆکیانەوەیە دەچێتەپێش"[50]

سۆشیال دیموکراتی لەم دەورەیەدا بەباشترین شێوە ڕێگاکانی گەشەی سیاسی و ڕێکخراوەیی کرێکاران لە مەیدانی کاری حزبی وسەندیکایی و پەرلەمانی و ڕۆژنامەگەری دەناسێتەوە و کاری جدی دەکا. ئینتەرناسیونالی دووەم و حزبە کرێکاریەکان لەزۆربەی وڵاتاندا دروست دەکا. لەم ماوەیەی ١٩٠٥ تا ١٩١٣دا ژمارەی کرێکارانی سەندیکاکان لە ٣ ملیۆنەوە بووە ٦ ملیۆن و سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی ، فینلاند و سوید لە ٪٣٠بۆ٪٤٠ی دەنگیان هێنا لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکاندا. هەروەها کۆمەڵەی فابینەکانی بەریتانیا کاریگەری گەورەیان لەسەر سۆشیالیستە ریفۆرمیستەکان و لەوانەش برنشتاین هەبوو، ئەم کەلتورە پەیوەندی پەیداکرد لەگەڵ هۆڵندا و ئەسکەندناڤیشدا.[51].

ئەمانە لەگەڵ پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەت ومەرکەزی بوونەوەی دەسەڵات و بازاڕی ناوخۆیی و هاوکات پێشبرکێی سەرمایەی مۆنۆپۆلی و ئیمپریالیستی چووەتە پێش و زەمینەی دروستکردنی توێژی" ئەرستۆکراتی" کرێکاری و گۆڕانی فۆرمی کاری حزبی و سەندیکا کرێکاریەکان بە دەزگایەکی بیرۆکراتی و نوخبەیی، بەرتەسککردنەوەی چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەپێی یاسا و فشار و سەرکوتی مانگرتن و چالاکی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران. ئەمانە هەموویان فاکتەربوون لە دروستبوونی ئەو دوالیزمەی لە نێوان گەشەی سیاسی کرێکاران لەلایەک و کەوتنە

---

50 لینین، ناکۆکیەکانی نێو بزوتنەوەی کرێکارانی ئەوروپا، ل ٥١٧،المختارات ، جلد٣،دارالتقدم.
51 هۆبسباوم، نفوزی مارکسیزم لە ١٨٨٠ تا ١٩١٤، چۆن جیهان دەگۆڕین ل ٢١٦، بەزمانی ئینگلیزی.

ژێر هەژمونی فکری و سیاسی ناسیونالیزم و لیبرالیزم و پەرلەمنتاریزمی بورژوازی لەلایەکی ترەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەزمەی سیاسی و سەربازی ئیمپریالیزم ئەم دوالیزمە بزوتنەوەی کرێکاریی شەق دەکا. سۆشیال دیموکراتی ڕووبەڕووی دەورەیەکی نوێ دەبێتەوە کە دەبێ هەڵوێست بەرامبەر بە بورژوازی و دەوڵەتەکەی و سیاسەتە ئیمپریالیستیەکانی دەرببڕێ و ڕووبەڕوویان بێتەوە. ئیتر ئەم کارە بە پەرلەمانتاریزم و لە چوارچیوەی کاری ڕیگاپێدراوی یاساییدا ناکرێ. چینی کرێکار چیتر ناتوانێ لە قاڵبی کاری سەندیکاییەکی پیشەییدا بمێنێتەوە کە تەنیا مەسەلەی کرێ و ریفۆرمی ئابوری هەبێ، چونکە سەرجەم کۆمەڵگە و چینی کرێکار گیرۆدەی سیاسەتی شەڕ و تاڵانکاری و سەرکوتی بێ پەردەی بورژوازی و دەوڵەتەکەیەتی. هەربۆیە سۆشیال دیموکراتی پیویستی بە فکر و سیاسەتی کۆمۆنیستی نوێ دەبێ سەبارەت بە شۆڕش و دەوڵەت و گۆڕانکاری کۆمەلایەتی .ئەم کێشانە خۆیان لە چەند مەیدانی سیاسی و ئابوریدا نیشان دەدەن ، لەوانە چۆنیەتی هەڵوێست بەرامبەر بە دەوڵەتی بورژوازی، چۆنیەتی بەشداری لە پەرلەماندا، شێوازی ڕێکخستنی جەماوەری کرێکاران، مانگرتنی گشتی و شۆڕش وشەڕی جیهانی و هتد..

ریڤیژینزمیش سەرەتا لەلایەن برنشتاینەوە وەک سەیرکردنەوە و چاوخشانەوە بە بنەماکانی بیروباوەڕی مارکسدا هاتە کایەوە سەبارەت بە گەشە و ئەزمەی سەرمایە. دواتر باسی ئەوەی کە؛ گرنگی دەستکەوتی کاتی و ریفۆرم گرنگترە لە ئامانجی گۆڕینی سیستەم و "بزوتنەوە هەموو شتێکەوە ئامانج هیچ" هاتە گۆڕێ. دواتریش ئەمانە بووە چوارچێوەیەکی سیاسی و عەمەلی بۆ ئامانجی ریفۆرم و بوونە بەشێک لە خودی سیستمی زاڵی سەرمایەداری و پەرلەمان و حکومەتەکەی و وەرگرتنی ئیمتیازاتێک بۆ توێژی کاربەدەستانی حزبی و حکومی و سەندیکایی کرێکاران. هەر

ئەم بەرژەوەندیە مادی و بەرتەسکیە فکریانە بوون کە ئەم ڕەوتە ریفۆرمیستیەی لە نێو بزوتنەوەی کرێکاریدا زاڵ کرد. ئەم "گروپە کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکی جیاوازیان دەکرد گەشەی سەرمایەداریان بە گەشەی سۆشیالیزم دەزانی".[52]

لەکاتی ئەزمەی سیاسی و سەربازی نێوان دەوڵەتە سەرمایەداریەکاندا ئەم ڕەوتە ریفۆرمیستی و ئۆپۆرتۆنیستیەی نێو سۆشیال دیموکراتی تەواو ڕەنگی ئەم ریڤیژینزمەی لێ نیشت و ئامانجی کاتی مانەوە لە پەرلەماندا و مانەوە لە قاڵبی دامەزراوە ڕەسمیەکانی دەوڵەتدا کرایە ئامانجی پیرۆزی"دیموکراسی". ئیتر کاوتسکی وەک برنشتاین قسەکەری ڕەسمی ئەم "دیموکراسی بورژوازی"ە بوو. ئەمە تێکشکانی بزوتنەوەی کرێکاریی بوو لەبەردەم بتی دەوڵەت و سیستمی سەرمایەداریدا. شکست بوو بەهۆی دیموکراسی هەڵخەڵەتێنەرانەی بورژوازیەوە.

بەڵام لەگەڵ قوڵبونەوەی ئەزمەکانی سەرمایەدا شاهیدی سەرهەڵدانەوەی شەپۆلی شۆڕشگێڕانەی بزوتنەوەی کرێکاران بوین. هەربۆیە لە نێو بزوتنەوەی کرێکاری جیهانیدا پێویستی دەرک وستراتیژی تازەی هێنایە ئاراوە بۆ چۆنیەتی تێپەڕین لە سەرمایەداریەوە بۆ سۆشیالیزم و دروستکردنی بەدیلێک بۆ ئینتەرناسیونالی دووەمی سۆشیال دیموکراتی.

ئەم دۆخە نوێیەی خەباتی چینایەتی ئاڵوگۆڕی لە سۆشیال دیموکراتیی جیهانیدا دروست کرد و ژێر پێی تیۆریەکانی ریڤیژنیزمی سەبارەت بە گەشەی سەرمایەداری و پیرۆزی دەوڵەتی بورژوازی ودیموکراسیە پەرلەمانیەکەی بۆش کرد .

---

[52] هۆبسباوم، نفوزی مارکسیزم لە ١٨٨٠ تا ١٩١٤، چۆن جیهان دەگۆڕین ل ٢١٥، بەزمانی ئینگلیزی

وەک پێشتر ڕۆزا هەستی پێکرد، کە سۆشیال دیموکراتی ناتوانێ لە قاڵبی تاکتیک و ستراتیژی جارانیدا بمێنێتەوە و بەتایبەت لەژێر کاریگەری دۆخی شۆڕشگێڕانەی ڕوسیادا شێوازێکی نوێی شورایی و مانگرتنی جەماوەریی، کە جیاوازە لە خەباتی پەرلەمانی، دەردەکەوێ. ئەمە جارێکی تر ئەو حوکمە بنەڕەتیەی لە سەرەتای ئەم کتێبە دا ئاماژەمان پێدا دەسەلمێنێتەوە، کە خەباتی چینایەتی بە کێشە و بنبەستی سۆشیال دیموکراتیەوە قەتیس نابێتەوە و لەگەڵ دەورەیەکی نوێ لە ئەزمەی سەرمایەداری جیهانی و بنبەستی سیستمی سیاسی بورژوازی و پەرلەمانتاریزم و لیبرالیزمەکەی، جارێکی تر چینی کرێکار پێویست بوو وەڵامی شۆڕشگێڕانەی خۆی بە دەوڵەتی بورژوازی بداتەوە و سیستمی سیاسیی ئەلتەرناتیڤی خۆی نیشان بداتەوە.

لێرەدا دەگەینە قۆناغێکی جیاواز و نوێ لە خەباتی چیانیەتیدا، کە دیسانەوە چینی کرێکار لەڕێگەی شۆڕشەوە، بە وەڵامی ڕادیکاڵانەی خۆی بە رامبەر بە سیستمی سەرمایەداری ئاشنامان دەکا. هەربۆیە لەبەشی داهاتوودا نمونەی شۆڕشەکانی ڕوسیا شرۆڤە دەکەین و دواتر دەچینە سەر لێکدانەوەی ئاکامەکانی شۆڕش و خەباتی چینایەتی لە دەورەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەردا.

# ٨

## ئایا بەلشەفیزم پێمان دەڵێ "دەبێ چی بکرێ" ؟

کێشەکانی کۆمۆنیزمی سەردەم چ پەیوەندیەکی بە کۆمۆنیزمی ڕوسیەوە هەیە؟ چ مۆدێلێک لە بەلشەفیزم و سۆڤیەتەوە ڕەواجی پەیدا کردووە و بووەتە بەرنامەی حزبە کۆمۆنیستیەکان لەسەدەی بیستدا ؟ئایا تائێستاش دەکرێ لەهەمان تەجروبەوە بزانین "دەبێ چی بکرێ"؟ ئایا کرێکاران دەبێ پەیڕەولە چ مۆدیلێکی ئابوری و تەجروبەی سیاسی نوێ بکەن لەسەدەی ٢١دا؟

لەبەشەکانی پێشودا باسی چۆنیەتی گۆڕانی سۆشیال دیموکراتیمان کرد لە حزبی چینی کرێکارەوە کە دەیویست سیستمی سەرمایەداری بگۆڕێ بۆ مۆدێلێک لە حزب، کە لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا، سۆشیالیزمی دەوڵەتی دامەزرێنێ. بەم پێ یە سۆشیال دیموکراسی خۆشی ببوو بە بەشێک لە دامودەزگای دەوڵەتی بورژوازی و سنوری دیموکراسی پەرلەمانی بورژوازی تێ نەدەپەڕاند.

لەم بەشەدا باسی ڕەوتێکی تر دەکەین کە بەلشەفیزمە. ئەم ڕەوتە کرێکاریە لەنێو شۆڕشەکانی ڕوسیادا و لەژێرکاریگەری مێژووی نیوسەدە لەخەباتی چینی کرێکاری ئەوروپای ڕۆژئاوا و کۆمۆنیزمەکەیدا شکڵی گرت. لەبنبەستی مانەوەی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیادا لە چوارچێوەی دیموکراسی بورژوازی و کەوتنە دوای بورژوازی خۆماڵی، بەلشەفیزم وەک بەدیلێکی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران دەرکەوت، کە تێپەڕینی لە سەرمایەداری کردە مەسەلەیەکی پراتیکی و بووە ڕەوتی درێژەدەری شۆڕشی کریکاران دژ بە سەرتاپای سیستم و دامودەزگای بورژوازی لە سەرەتای سەدەی بیستدا. لەم پراتیکە شۆڕشگێڕانەی کرێکارانی

ڕوسیادا ئێمە ئاشنادەبین بە جۆرێکی تر لە حزب و گەیشتن بە ئاستێکی باڵا لە خەباتی چیانیەتی کە دروستکردنی دەوڵەتی کرێکاری و شۆڕشی سۆشیالیستیە. ئەو پێویستیانەی مارکس و ئەنگلس لەسەدەی نۆزدەدا باسیان دەکرد و کاریان بۆ دەکرد کە چینی کرێکار بتوانێ ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی خۆی لە شۆڕشی دیموکراتی بورژوازیدا بپارێزێ و هەنگاوبنێ بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی دژی سەرمایەداری و دەوڵەتەکەی، لە پراتیکی لینین و حزبی بەلشەفیدا بۆ یەکەم جار بوونە ڕاستیەکی مێژوویی.

ڕۆزا لوکمسبورگ دەڵێ "لۆژیکی پرۆسەی مێژوویی پێش لە لۆژیکی زاتی ئینسانەکانەوە دێت، کە بەشداری لە پرۆسە میژوویەکەدا دەکەن."[53]

کەواتە دەبێ لۆژیکی زاتی و پراتیکی بەلشەفیەکان لە لۆژیکی پرۆسەیەکی مێژوویدا سەیربکەین تا تێبگەین کە ئەم پرۆسە میژوویەی ناوی کۆمۆنیزم بووە لە ڕاستیدا چی بوو؟ وە بۆچی ئەم پرۆسەیە بەرەو سەرمایەداری دەگەڕێتەوە؟ ئەو گۆڕانکاریانەی لە بەلشەفیزم و شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەردا ڕویدا چی بوو؟ دەوڵەتی سۆڤیەت و سیستمی سیاسی و ئابوریەکەی چ شتێک بووە لە ڕاستیدا؟

هەربۆیە دەبێ دیسانەوە بۆ هەمان تێگەیشتنی ماتریالسیتی مێژووی بەلشەفیزم و شۆڕشی ڕوسیا بگەڕێنینەوە و هەمان میتۆدی دیالەکتیکی بەکاربینین لە لێکدانەوەی ئەو ناکۆکیانەی کە بەلشەفیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر تێی کەوت . ناکۆکی نێوان لۆژیکی پرۆسەی میژوویی ڕزگار بوون لەدەست سەرمایەداری و لۆژیکی زاتی توخمە کۆمۆنیستیەکەی بەشدار لەو پرۆسەیەدا بناسین. ئەم ڕێبازە تەنیا دەتوانێ ڕاستیەکی زانستیمان پێ ببەخشێ، تا لە میتافیزیکی پیرۆزکردنی لینین و بەلشەفیزم و ئۆکتۆبەر ڕزگارمان بکا ، کە بووەتە خویەکی زیانبەخش و ناتەندروست کە فکر و پراتیکی کۆمۆنیستی کردۆتە توخمێکی بەبەرد بوو کە توانای تێگەیشتن و گۆڕینی دنیای سەرمایەداری سەدەی بیست ویەکەمی نیە.

---

[53] ڕۆزا لوکمسبورگ، پرسیارە ڕێکخراوەییەکانی سۆشیال دیموکرارت ڕوسیا، بەزمانی ئینگلیزی **Rosa Luxemburg: Organizational Questions of the Russian Social Democracy**
https://marxists.catbull.com/archive/luxemburg/1904/questions-rsd/ch01.htm

ئەم تەجروبەیەی سۆڤیەت دەوڵەمەندترین و گەشەکردوترین ئاستی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیە کە تا ئیستا چینی کرێکار پێی گەیشتووە لەڕوی تیوری حزب و دەوڵەت و شۆڕشەوە. هەربۆیە لەم بەشەدا بەناچار لێکدانەوەی حزب و دەوڵەت تێکەڵاودەبن لەبەرئەوەی ئەمانە دوو ئاستی یەک دیاردەی ئاڵۆزتر و پێکەوە گرێدراوترن، دیاردەی خەباتی چینایەتی. لێرەدایە کە حزب مانای ڕاستەقینەی خۆی، وەک دەوڵەتی ئایندە، وەردەگرێ. هەروەها لەم تەجروبەدایە کە خەباتی چینایەتی تا ئاستی باڵا و ئاڵۆزی خۆی دەچێ ، واتە شۆڕشی کۆمەڵایەتی دژی سەرتاپای سیستمی سەرمایەداری.

کرێکاران و کۆمۆنیستەکان دەبێ بزانن، کە هەرچی بورژوازی لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، بۆ ماوەی سەدەیەک و تا ئێستاش، دژی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بەلشەفیزم دەیکا ناتوانێ ئەو ئاستە لە باوەڕ بەخۆ بوونی چینایەتی و ئەو ئاستە لە گەشەکردنی زانستی سیاسی چینی کرێکار کەم بکاتەوە، کە بەهۆی تەجروبەی هەژمونی پەیداکردنی کۆمۆنیزم و سەرکەوتنی حزبی سیاسی کرێکاران لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا و هەوڵدان بۆ گۆڕینی دامودەزگای دەسەلاتداریێتی بورژوازی لە روسیادا، چینی ئێمە فێری بووە. بەڵام دەبێ ئەم هەنگاوانە بە شێوەیەکی زانستی بناسین و بزانین کە چ شتێک ڕێگربوە کە ئەم هەوڵ و تەجروبەیە تا ئاستی گۆڕینی سەرجەم سیستمی سەرمایەداری هەنگاو نەنێ ؟ هەر تەقدیسکردنێکی میتافیزیکانەی بەلشەفیزم و ئۆکتۆبەر خۆی بەمانای تێنەگەیشتنە لە جەوهەری ئەم تەجروبەیە و نەبوونی ئاسۆ و بەدیلێکی ڕۆشن بۆ شۆڕشی کۆمۆنیستی و کرێکاری لەمڕۆدا.

ئێمە لەم تەجروبەیەی شۆڕشی ڕوسیادا لەگەڵ کۆمەڵێک دیاردەی گشتگیر و بەرفراوان بەرەو ڕووین، کە زانستی ناسینی چینی کرێکار و خەباتی ئەم چینە بۆ ڕزگاری نیشان دەدەن، لەوانە؛حزبی کرێکاری ، بزوتنەوەی جەماوەری و شوراکان، شۆڕشی بورژوازی و دەوری کرێکاران، خەباتی ئینتەرناسیونالی و شەڕی جیهانیی سەرمایەداران، دەوڵەتی کرێکاری و دەسەڵاتی تاک حزبی و پەرلەمان، سەندیکای کریکاران و کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان، دەوڵەتیی کردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و سەرمایە و بانکەکان، بەرنامەی گەشەپێدانی ئابوری سەرمایەداری دەوڵەتی و هتد..بەکورتی ئێمە لەبەردەم بەدیلی سەرتاپاگیری سیاسی و

ئابوری و ئیداری سەرمایەداریداین. هەربۆیە تەقدیسکردن یا ڕەتکردنەوەی ئایدیۆلۆژی ئەم دیاردە و سیاسەت و بەدیلانە ناتوانن هیچ دەستکەوتێکی نوێ بخەنە سەر ئەم ئاستە باڵایە لە زانستی سیاسەت لای چینی کرێکار و هەر هەنگاوێک بۆ سەرخستنی خەباتێک کە چینی کرێکار دژی سەرمایەداری دەیکا ئەمڕۆ پێویستی بە زانستێکی سیاسی و ئابوریە کە ئیڤلۆشن و گەشەپیدان لەم پرۆسەیەدا دروست بکا. زانستێک کە پێمان بڵێ شکستەکانی ئۆکتۆبەر لە چیدا بووە ودەرسەکان و وەسیلەکانی سەرکەوتنی ئێستا چیە؟

ئێمە لە بەشەکانی پێشوودا باسی تەجروبە و مێژووی سۆشیال دیموکراتی و ئینتەرناسیونالی دووەممان کرد و مەسەلەکانی پەیوەست بە حزب و دەوڵەت و خەباتی چیانەیتیمان لەو مێژووەی دوای کۆمۆنەوە تا شەڕی جیهانیی یەکەم باسکرد. لێرەدا لەسەر مێژوو و تەجروبەی بەلشەفیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر قسەدەکەین و خاڵە سەرەکیەکانی هۆکاری سەرکەوتن و شکستی ئەم تەجروبەیە لە پرۆسەیەکی مێژوویی دیاریکراوی ڕوسیا و هەلومەرجی جیهانیدا لێکدەدەینەوە، تاکو لە کۆتاییدا دەرسەکانی ئێستای لێ هەڵهێنجین سەبارەت بە حزب و دەوڵەت و شۆڕش لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا. لێرەدا دەمانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە ئایا میراتگری شۆڕشگێڕیی بەلشەفیزم و مۆدیلی حزب و دەوڵەتی سۆڤیەتی لای چینی کرێکاری سەدەی ٢١ چی دروست دەکا؟ ئایا دەکرێ حزبی بەلشەفی و سیاسەتەکانی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا قبوڵ بکرێن، بەڵام ئامانج و ئاکامی دەسەڵاتدارێتی و مۆدیلی دەوڵەت و ئابوری سۆڤیەت ڕەتبکرێتەوە یان بەلاڕیداچونی سیاسی ونارۆشنی ئابوری یاخود بە خیانەتی ستالینی بزانین؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ لە پێشدا ئەو مێژووە و لۆژیکی پرۆسەی مێژوویەکە سەیربکەین تا بتوانین حوکم بدەین لەسەر لۆژیکی زاتی بەلشەفی و لینین لەو مێژووەدا!

# ٩

# بەلشەڤیزم چ شتێکی گۆڕی؟

گرامشی لە وتاری "کێشەکانی مارکسیزم" دا دەڵێ "لینین دەست پێشکەر بووە لە خستنەڕووی گرنگی فەلسەفی ئایدیا و فاکتی هەژمونی"[54] دا . کە ئەم " گەشەی سیاسی فکرەی هەژمونیە خۆی دەرخەری پێشکەوتنێکی گەورەی فەلسەفی و هەروەها پراتیکی سیاسیشە"[55] . واتە دەرک کردن بەوەی کە "پرۆلیتاریا دەبێ خەبات بکا تا ببێتە چینی دەسەڵاتدار لە پۆتانشێل و هێزی ناوەوەیدا" . "خەبات بۆ هەژمونی دەبێ پێش گەیشتن بەدەسەڵات بێت، وە لە کاتی ئەودا، و لەدوای دەسەڵاتیشدا بێت."[56] ئەمە ناوەرۆکی ئەو گۆڕانکارییەیە کە لینین و بەلشەفیزم بەسەر کۆمۆنیزمی سەردەمی خۆیاندا، کۆمۆنیزمی سەدەی بیستدا، هێنایان.

ئەم گۆڕانکاریەی بەلشەفیەکان لە کۆمۆنیزمدا دروستیان کرد لە کوێوە سەرچاوەی گرت؟

سۆشیال دیموکراتیی لە ئەوروپادا تا ئەوکات لە پرۆسەی گۆڕان لە یۆتۆپیاوە بەرەو زانست، وە لە بزوتنەوەی ئاڵوگۆڕی شێنەییدا بەرەو حزبی پانوبەرینی جەماوەری خاوەن کورسی لە پەرلەمانی بورژوازیدا گەشەی دەکرد. بەڵام شۆڕشی دیموکراتی لە ڕوسیادا دژ بەدەسەڵاتی ڕەهای قەیسەری زەمینەیەکی نوێی دروستکرد، کە فرسەتی بە چینی کرێکار دا تا کۆمۆنیزم وەک ڕیگاچارەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕزگاربوون لە قەیسەریەتی ئۆرکستۆکراتی فیودالی تاقی

---

[54] گرامشی، دەفتەرەکانی زیندان، کێشەکانی مارکسیزم، ل٣٨١، بەزمانی ئینگلیزی
[55] گرامشی، دەفتەرەکانی زیندان، دراسەی فەلسەفی، ل ٣٣٣، بەزمانی ئینگلیزی
[56] هۆبسباوم، چۆن جیهان دەگۆڕین، گرامشی، ل ٣٢٥، بەزمانی ئینگلیزی

بكاتەوە. ئەمە تايبەتمەندی ڕوسيا بوو كە لەسەرەتای سەدەی بيستدا هاوشێوەی شۆڕشە ديموكراتيە بورژواييەكانی ناوەڕاستی سەدەی ١٩ی ئەوروپا، ئەم وڵاتە ببووە مەڵبەندی شۆڕش.

ئەوەی لينين و بەلشەفی لە مەنشەفی و سۆشيال ديموكراتی ئەڵمانی جيا دەكردەوە ئەم خاڵە بوو، كە ماركس و ئەنگلس لە سەردەمی مانيفيستەوە تا كۆتايی سەدەی ١٩ هەوڵيان بۆ دەدا، بەوەی كە چينی كرێكار لە شۆڕشی بورژوازيدا نابێ ببێتە پاشكۆی حزب و ڕەوتە بورژوازيەكان، بەڵكو دەبێ ڕيزی سەربەخۆی خۆی جيا بكاتەوە لەو شۆڕشەدا و بەشوێن بەرژەوەنديەكانی خۆيەوە بێ و ئامانجی گۆڕينی سيستمی سەرمايەداری بێ.

ئەم ڕەوتە شۆڕشگێڕانەيە لەناو چينی كرێكاردا بەرهەمی ئەو زەمينە شۆڕشگێڕانە بوو كە لە ڕوسيادا هەبوو، كە دەيوسيت پەيوەنديە دەرەبەگايەتی و دەسەڵاتە ديكتاتۆريە سەرەڕۆيە قەيسەريەكەی بگۆڕێ بە پەيوەندی سەرمايەداری و دەسەڵاتی پەرلەمانی و فەراهەم بوونی ئازادی سياسی. بەپێی كاريگەری شۆڕشە كرێكاريەكانی ئەوروپا و بوونی بزوتنەوەيەكی شۆڕشگێڕانەی سۆشيال ديموكراتی كە لە ئينتەرناسيونالی دووەمدا خۆی نيشان دەدا و لە ڕوسياشدا كاريگەری گەورەی هەبوو،وە هەروەها بوونی بزوتنەوەيەكی شۆڕشگێڕانەی جوتياريی، ئەمانە هەموويان ئاستی چاوەڕوانی و گەشەی سياسی كرێكارانی ڕوسيای لە شۆڕشی ١٩٠٥ەوە بردە سەر. بەتايبەت كە بورژوازی ڕوسيا دوای شۆڕش ببووە هاوپەيمانی قەيسەر و كرێكاران پێويست بوو خۆيان ببنە ڕابەری بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی قەيسەر و كۆتايی هێنان بە پاشماوەكانی دەرەبەگايەتی و ئۆرۆستۆكراسی زەميندارانی و بەدەستهێنانی ئازاديە سياسيەكان.

ئەم ئامانجانە شتێكيان سەبارەت بە سۆشياليزم و گۆڕينی سيستمی سەرمايەداری تێدانەبوو، هەرچەند لە بەرنامەی سۆشيال ديموكراتيدا سۆشياليزم ئامانج و خواستی كۆتايی

بوو. تەنانەت تاکو نیسانی ١٩١٧ش لینین دەڵێ " ئەرکی دەستبەجێی ئێمە نییە کە سۆشیالیزم ''پێشکەش بکەین''.[57].

"بەڵام هەڵوێست و تاکتیک سەبارەت بە خودی شۆڕش خۆی لەڕوسیادا ببووە تەوەری ناکۆکی ناو بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیال دیموکراتی. ئەمە لە کتێبی دوو تاکتیکی سۆشیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراتیک" [58] ی لینیندا دەبینین.

ئەوەی لێرەدا مەسەلەی سەرەکیە دەوری چینی کرێکارە لە شۆڕش و دەسەڵات و دەوڵەتدا. گرامشی دەڵێ "کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە چۆن چینی کرێکار و ژێردەستەکان بتوانن هەژمونی پەیدابکەن، باوەڕیان بەوە هەبێ کەتوانایان هەیە وەک چینی دەسەڵاتدار وئەم ئیعتبارەیان لای چینەکانی تر هەبێ."[59] . لای لینین ئەمە مەسەلەی سەرەکییە لە شۆڕشەکانی ڕوسیادا، جا لە شکڵی "دیکتاتۆریەتی دیموکراتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و جوتیاران" دا بێت وەک لە ١٩٠٥ یان لە "هەموو دەسەلاتێک بۆ شوراکان" ی نیسانی ١٩١٧ بێت، وە یاخود لە "دیکتاتۆریەتی پرۆلیاتاریا" ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا.

دەوری خەباتی جەماوەری لە شۆڕشی ڕوسیادا کاریگەری خۆشی لەسەر سۆشیال دیموکراتی جیهانی دانا بە ئاراستەی ڕادیکاڵ کردنەوەی ئەم بزوتنەوەیە و سەرهەڵدانی شوراکانی کرێکاران و جوتیاران لە شۆڕشی ١٩٠٥ و دواتر گەشەکردنی ئەم شورایانە لە ١٩١٧، دەرگای بەڕووی دەرچوون لە ئەزمەی بنبەستی پەرلەمانتاریزمدا کردەوە. ئەم شێوازە لە ڕێکخراوی چینایەتی دەورێکی گەورەی گێڕا لەسەر سەرخستنی دەوری بەلشەفیەکان بە ئاراستەی گەشەدان بەو ڕەوتە ڕادیکاڵەی داوای دەسەڵاتدارێتی ڕاستەوخۆی کریکارانی دەکرد و دروشمی " هەموو دەسەڵات بۆ شوراکان" ی کردە بەدیلی حکومەت و پەرلەمانی بورژوازی.

---

[57] لینین، تێزەکانی نیسان ، https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1917/apr/04.htm

[58] لینین، دوتاکتیک، https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1905/tactics/index.htm

[59] هۆبسباوم، چۆن جیهان دەگۆڕین، گرامشی، ل ٣٢٤، بەزمانی ئینگلیزی

لە ئەزمەی دەسەڵاتدارێتی بورژوازی ڕوسیە و بنبەستی سۆشیال دیموکراتی مەنشەفیکی و سۆشیال شۆڕشگێڕەکاندا بەمانەوە لە پەراوێزی حکومەتی کرنسکیدا ، کە درێژەی بەهەمان سیاسەتی شەڕی ئیمپریالیستی و دەسەلاتدارێتی خاوەن زەویە گەورەکان و سەرمایەداران دەدا، بەلشەفیەکان لە ڕێگەی شوراکانی کرێکاران و سەربازان و جوتیارانەوە توانیان پەیوەندیەکی ئۆرگانی لەنێوان حزبی شۆڕشگێڕ و جەماوەری بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکە دروست بکەن. ئەم پەیوەست بوونەی بەلشەفیەکان بە پراتیکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرە لە شوراکاندا و لەناڕەزایەتیەکاندا و خستنەڕووی ئاسۆیەک بۆ بەسەرئەنجام گەیاندنی خواستە شۆڕشگێڕیەکانی، وەک مەسەلەی ئاشتی و زەوی بۆ جوتیاران و دەوری سەندیکا کرێکاریەکان لە کارگەکاندا، توانی خواستی گشتی سۆشیالیزم بکاتە بەدیل و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی بەدەوردا کۆبکاتەوە. بەلشەفیەکان بەم کارەیان ئەوەیان لەخۆ نیشاندا کە تەنیا دەسەڵاتی ئەوان دەتوانێ درێژە بەو دۆخە شۆڕشگێڕانە بدا کە کرێکاران و جوتیاران و سەربازان بگەن بە خواستەکانی خۆیان. ئەم کارەی بەلشەفیەکان درێژەی ئەو ترادسیۆنە کرێکاریە بوو کە لە شۆڕشی فەرەنسا ژاکۆبینەکان و کۆمۆنارەکانی پاریس هەڵگری بوون، ئەویش تێگەیشتن و وشیاریە سەبارەت بە خەباتی چینایەتی و ئامانجەکەی، کە گرتنە دەستی دەسەڵات و سەرکوتی بەرهەڵستکاری بورژوازیە.

بەلشەفیەکان دەرسیان لە شکستی ژاکۆبینەکان و کۆمۆنارەکان وەرگرتبوو، وە بەم پێیە لە پرۆسەی دوو دەیەدا حزبێکی سیاسی و جەماوەری کرێکاریان دروست کردبوو. ئەمە خاڵی سەرکەوتنی بەلشەفیەکان بوو لە مانەوە لەدەسەڵاتدا و شکست پیدانی سوپای سپی و هێزە بورژوازیە ڕوسی و جیهانیەکان بوو.

ئەم حزبە لە جەرگەی سێ شۆڕشدا دروست بوو، کە چینی کرێکار تیایاندا چالاک بووە. وە کاتێ دەوڵەتی کاتی بورژوازی بووە ڕێگر لەبەردەم گەیشتنی کرێکاران و جوتیاران بە خواستەکانیان و دۆخەکە پێویستی بە حزبی کرێکاران هەبوو تاکو توانای شۆڕشگێڕانەی شوراکان بکاتە دەسەڵاتێک بەرامبەر بە بورژوازی، بەلشەفیەکان بەوەڵامدانەوە بەم دۆخە بونە بەدیلی دەسەڵاتی دەوڵەتی. ئەم پەیوەندیەی بەلشەفیەکان بە پراتیکی شۆڕشگێڕانەی

کرێکاران لەم سێ شۆڕشەدا و ئاراستەکردنی ڕەوتی شۆڕشگێڕانە بەدژی حزبە بورژوازیەکان و حکومەتەکەیان حزبی بەلشەفی کردە شەخسیەت و کاراکتەری دەوڵەتی ئایندەی بەلشەفیەکان.

بەپێچەوانەی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی و مەنشەفیەکانەوە، بەلشەفیەکان نەبونە پاشکۆی حکومەتە بورژوازیەکان لە کاتی شەڕی جیهانیی یەکەم و لە دوای شۆڕشی شوباتی ١٩١٧دا، بەڵکو لەڕیزی ئۆپۆزسیۆنی ئەم حکومەتانە و لەڕیزی پێشەوەی نارەزایەتی و شۆڕشی کرێکاران و جوتیاراندا بوون و دژ بە سیاسەتە ئیمپریالیستی و شۆڤینیستی و سەرکوتگەریەکانیان دەوەستانەوە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی بەلشەفیەکان لە جەماوەری کرێکاران و ڕەوتی شۆڕش دانەبڕێن. ئەو پێداگریەی ئەم حزبە لەسەر "سەربەخۆیی کریکاران و گرنگی پەیداکردنی هەژمونیان بەسەر کۆمەڵگەدا نیشانەی فۆرمێکی نوێی دەوڵەت بوو"[60] کە بەلشەفیەکان لە خۆیان نیشاندا.

بەڵام ئایا هەر حزبێک بەوەی پێکهاتەکەی کرێکاریی بێ و بەرنامەکەی بانگەشەی سۆشیالیستیە دەتوانێ کۆمەڵگەی سەرمایەداری بگۆڕێ بە کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی و کۆتایی بەدەسەڵاتی چینایەتی بهێنێ؟ لە لیکۆڵینەوەماندا لەسەر تەجروبەی سۆڤیەت و بەلشەفی بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە کە بۆچی حزبی بەلشەفی سەرەڕای ئەوەی کرێکاریی بوو ، وە سەرەڕای هەموو ئەو تایبەتمەندیانە و پێشڕەویانەی سەرەوە باسمانکرد بۆ هێشتا نەیتوانی شۆڕشی سۆشیالیستی بەسەرکەوتن بگەیەنێ؟ بێگومان دەبێ لەو خالانەی سەرەوە و پراتیکی دەوڵەتی بەلشەفیەکان بکۆڵینەوە بزانین ئەو هۆکارە شاراوە چین لە پشتی شکستی ئەم حزبە شۆڕشگێڕەوە بووە لەکاتێکدا گەیشتۆتە دەسەڵات؟

---

[60] گرامشی، دەفتەرەکانی زیندان، کێشەکانی مارکسیزم،ل٣٨٨، بەزمانی ئینگلیزی

## ١٠

# مافی شۆڕشکردن

مافی شۆڕشکردن وشیاری چینێکە بەوەی کە سیستمی زاڵی ئابوری و سیاسی ئێستا ناڕەوایە. ئەم شۆڕش و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینانەی دنیای ئەمڕۆی سەدەی ٢١ی گرتۆتەوە لە فەرەنسا و ئیسپانیا، بەرازیل و چیلی، جەزائیر و سودان ، لوبنان و عیراق و زۆر شوێنی تری ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکا، نیشانەیەکن لە وشیاری چینایەتی کرێکاران و چینە کەم دەرامەتەکان بەوەی ئەم سیستەمە نیولیبرالی و سەرمایەداریەی ئێستا ناڕەوایە و دەبێ شۆڕشی لەدژ بکرێ.

شۆڕش بە ڕوداوەکانی چەند ڕۆژێک و چەند جارێک چوونە سەر شەقام دەست پێ دەکا، بەڵام ئەمە تەنیا سەرەتای پرۆسەیەکی درێژخایەنە، کە تیایدا هێزە شۆڕشگێڕەکان هەژمونی فکری و پراتیکی سیاسی خۆیان نمایش دەکەن. شۆڕش ئەوکاتە دەست پێدەکا کە چینی کرێکار و چەوساوە بەو ڕاستیە دەگا کە مافی شۆڕشکردن مافێکی سەرەتایی و حاشاهەڵنەگرە. بەڵام پەیداکردنی هەژمونی و دەسەڵاتی شۆڕشی کرێکاری لەکاتێکدایە کە زۆرینەی ئەم چینە خۆیان بەساحێبی کۆمەڵگە دەزانن نەک سەرمایەداران، وە بورژوازی و حکومەتەکەی بەڕێگری بەردەم ژیان و گوزەرانی شایستەی ئینسانی دەزانن. هەربۆیە سەرەتا بە داوای لابردنی سەرۆکێک و حوکەمەتێک و چەند داواکاریەکی چاکسازی دەست پێ دەکا و لەم

ڕێگەیەوە ئەم چینە دەیەوێ مافی شۆڕشکردنی بەسەر بورژوازی و یاسا و دامودەزگاکانیدا بسەپێنێ.

له ئێستادا تارمایی شۆڕش بەسەر جیهانی سەرمایەدا جارێکی تر لەهاتوچۆدایە . ئەم هەموو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانە گەورە و ملێونی و سەراسەریانە نیشانی دەدا کە بەشێوەیەکی خۆبەخۆیی مافی شۆڕشکردن بەسەر سیستمی سەرمایەداریدا بووەتە وشیاریەکی گشتی و لێرەشەوە بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکانی چینی کرێکار هەنگاو بۆ سەپاندنی هەژمونی شۆڕش بەسەر چینی دەسەڵاتداردا دەدا. دوای شکستی بەهاری عەرەبی هەستانەوەی بزوتنەوەی داگیرکردنی گۆڕەپانەکانی ئەوروپا و ئەمریکا سەریهەڵدا و دوای چەند ساڵی تر شەپۆلی شۆڕش لە پاریسەوە بۆ چیلی و بۆ ئێران و سودان و جەزائیر و عێراق و لوبنان گەڕایەوە. ئەمە نیشانی دەدا کە ئەم چینە جیهانیە ئەمڕۆ مافی شۆڕشکردنی خۆی وەک مافێکی سروشتی خۆی سەیردەکا. لە یەکەم هەنگاودا جارێکی تر خەریکە مافی شۆڕش کردن بەسەر سیستمی سەرمایەداریدا دەسەپێنین. بورژوازیش لە سەدەی ١٧ەوە کاری کرد بۆ ئەوەی مافی شۆڕشکردن بەسەر دەسەڵاتی پاشایەتیدا بکاتە مافێکی دەستوری تا لە ڕێگەی شۆڕشەکانی بەریتانیا و فەرەنساوە ئەم مافەی سەپاند.

چینی کرێکار لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە، کە لە شۆڕشی دیموکراتی بورژواکاندا بەسەر پاشماوەکانی دەرەبەگایەتیدا بەشداریکرد هەوڵی داوە ئەم مافی شۆڕشکردنە بکاتە مافێکی یاسایی و دەستوری . کرێکاران زۆر زوو فێربوون کە شۆڕش تەنیا بەسەر ڕابردوودا یەکسانی و مافی کرێکاران بەدەست ناهێنێ ، بەڵکو شۆڕشێکی بەردەوام و ڕادیکاڵ دژی سیستمی نوێی سەرمایەداریش پێویستە تا بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان بگەین . لێرەوە مافی شۆڕش کردن بووە تەوەرەیەکی بنەڕەتی لە فکری کۆمۆنیزم و کرێکاراندا. لە پرۆسەیەکدا ئەم چینە مافی شۆڕشکردنی لە ڕای

گشتیدا جێگیر کرد و شۆڕش بووە فکرەیەکی خاوەن هەژمونی لە کۆمەڵگەدا. ئەم پرۆسەیە لەکۆمۆنەی پاریس ١٨٧١ دا بەشێوەی غەریزی و خۆبەخۆیی دەستی پێکرد. کرێکارانی پاریس مافی شۆڕشکردنیان بەسەر دەسەلاتی بورژوازی فەرەنسیدا و دامەزراندنی دەسەلاتی کرێکاریان بەڕەوا لەقەڵەمدا. دواتر حزبی بەلشەفی لە ساڵی ١٩١٧ لەڕێگای ڕاپەڕینێکی چەکدارانەوە لە ئۆکتۆبەردا ڕەوایەتیدا بە مافی شۆڕشکردنی بەسەر دەسەلاتی حکومەتی سەرمایەداری کرنسکیدا و حکومەتی حزبێکی کرێکاری خستە جێگای حکومەتی سەرمایەداران. بەمەش مافی شۆڕشکردنی کرێکاران لە خەیاڵدانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ دا جێگیر بوو.

لەسەرەتادا کاردانەوەی هەموو حکومەتە بورژوازیەکان هەوڵدانە بۆ سەرکوت و کوشتنی خۆپیشاندەران بەڵام ئەمەش سنوری هەیە. کاتێک دەزانن سەرکوت داد نادات ،لە کۆتاییدا ناچارن سازشێک بکەن لەگەڵ ناڕەزایەتیەکاندا تا کارنەگاتە شۆڕش. هەموو ڕێگایەکی بەڵێندان و فریودانی شۆڕشگێڕان ودواتریش لۆمەی سەرکوتگەری خۆیان دەگرنەبەر تا ڕێگەیەک پەیدابکەنەوە بۆ قەناعەت پێ هێنانەوەی جەماوەر بە دووبارە شەرعیەت وەرگرتنەوەی دامودەزگای پەرلەمان و پۆلیس و سوپا و دادگا و ئیدارەکانیان. بەڵام کاتێک کە کرێکاران و جەماوەری ڕاپەڕیو دەزانن هیچ ڕێگەچارە و ریفۆرمێک کێشەی هەژاری و بێکاری و بێ مافی ئەوان چارەسەر ناکا، ئەوکات ئەوە بە مافی خۆیان دەزانن کە شۆڕش بەسەر هەموو جۆرەکانی دەسەلاتدارێتی کەمینەی سەرمایەداریدا بکەن و شۆڕش بەسەر هەموو حزب و پەرلەمان و حکومەت و پۆلیس و ئیدارەی بورژوازیدا دەبێتە تەنیا ڕێگەچارە.

لەم کاتەدا هەموو هەوڵی فەیلەسوف و سیاسی ورۆشنبیرەکانی بورژوازی و حکومەتەکانیان بۆ لێسەندنەوەی شەرعیەتی مافی شۆڕشکردنی چینی کرێکار و چین و توێژە چەوساوەکانە. بەتایبەت نیولیبرالیزم هەرچی بنەماکانی شۆڕشگێڕێتی و

ئایدیای ئینسانی کۆلیکتیڤە گۆڕی بە تاکگەرایی و بانگەشەی پوچی ئایدیا و ئایدیۆلۆژی شۆڕشگێڕانە و یەکسانی خوازی و کۆمۆنیستی کرد تا بتوانێ سەرمایەداری لەدەست شۆڕشی کرێکاران ڕزگاربکا.

بەڵام ئەم هەوڵانە ناتوانێ ناکۆکی و کێشەکانی ناو سیستمی سەرمایەداری بۆ هەمیشە داپۆشێ و کپ بکاتەوە. هەربۆیە دەبینین ئەم نیولیبرالیزمە و تەواوی مانگەکانی تری دەوری ئەم هەسارەی نیولیبرالیزمەی بورژوازی، لە حکومەتەکانی لە ئەمریکا و بانکی جیهانیەکەیەوە بگرە تا عێراق و پرۆژەکانی خسوسیکردنەوەی سەرمایە، ئێستا لە سایەی ناکۆکیەکانی دنیای سەرمایەدا ئیعتباری خۆی لای جەماوەری کرێکار و چەوساوە لە دەستداوە. لەدنیایەکدا کە چڕبوونەوەی سەرمایە لە ١٠ ساڵی تردا، واتە لە ٢٠٣٠ بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەری لێ دێت کە ٣/٢ هەموو داهاتی کۆمەڵگەی ئینسانی لەدەستی لە ١٪ ی چینی سەرمایەداردا کۆدەبێتەوە [61] و ڕێژەی هەژاری وبێکاری و جیاوازی چینایەتی دەگاتە ئەوپەڕ و سەرمایەداران لەسەر ترلێۆنەها دۆلاری کەڵەکە بوو دادەنیشن. ئەم هێزی کارە خوێندەوار و ئەو هەموو ئامڕازەی بەرهەمهێنان کە دەتوانن بەهەشت لەسەر زەوی دروست بکەن بەڵام لەلایەن سەرمایەوە بێکاردەکرێ و پەراوێز دەخرێ. هەربۆیە ئەم چینە چیترناتوانێ ئەم سیستمە قبوڵ بکا. ئەم تورەییەی خەڵک دەبێ بەرەو شوێنێک بچێ. هەردوو سیناریۆی چەپ و ڕاست لێرەدا مومکینە. سیناریۆی وەرچەرخانی ڕاسترەوانەی کۆمەڵگە و تورەیی و ناڕەزایەتی بەلای پۆپۆلیزمی قەومی و دینی و فاشستیدا، وەیان وەرچەرخان بەرەو شۆڕشی سۆشیالیستی بەسەر سیستمی سەرمایەداریدا. کاری چەپ و کۆمۆنیستەکان و ڕۆشنبیرانی چینی کرێکار ئەوەیە کە تورەیی و

[61] https://www.theguardian.com/business/2018/apr/07/global-inequality-tipping-point-2030

ناڕەزایەتیەکانی ئێستا بەرەو ڕادیکالیزمی چەپ و سۆشیالیستی بەرن. بەڵام چەپ و کۆمۆنیستەکان بۆ ئەوەی بتوانن ئەم کارە بکەن پێویستە لە مێژووی کەموکوڕی و لاوازیەکانی پێشووی خۆیان و چینی کرێکار تێبگەن تا بتوانن ڤێرژن ومۆدێل و ئاسۆیەکی نوێی شۆڕش بنەخشێنن و بزانن ئامڕازەکانی سەرکەوتنی شۆڕش و بنیاتنانی کۆمەڵگەی نوێی بێ چین و چەوسانەوە چین؟

شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەرچەند بەم ئومید و بانگەشە سۆشیالسیتیەوە دەستیپێکرد، بەڵام نەیتوانی ئەم شۆڕشە بەرەو کۆتایی هێنان بە سیستمی سەرمایەداری و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالسیتی بەرێت. ئەمەش پرسیاری لەسەر ناوەرۆکی شۆڕشی سۆشیالیستی کرێکاران درووستکرد. کە ئایا ئەو گۆڕانکاریەی شۆڕش دەیەوێ لە سیستمی ئابوری و سیاسی سەرمایەداریدا بیکا چیە؟ کرێکاران چۆن دەتوانن شۆڕشێکی سەرکەوتوانە بەسەر شێوازەکانی بەرهەمهێنان و موڵکایەتی ودەوڵەت و چینەکاندا بکەن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ ئێمە لەو نمونەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیاوە دەستپێبکەینەوە تا بزانین کە هۆی شکستی ئەو جۆرە لە شۆڕشی سۆشیالیستی چی بوو؟ چۆن شۆڕشی ئێستا دەتوانێ تەنیا گواستنەوەی دەسەڵات لە حزبێک ودەسەڵاتێکی کەمینەوە بۆ دەسەڵاتی حزب و کەمایەتیەکی تر نەبێ؟ شۆڕشی کرێکاریی شۆڕشی زۆرینەی کۆمەڵگەیە نەک هەر بۆ گۆڕینی ڕژێم و چوونە سەرشەقام، بەڵکو لە دامەزراندنی سیستمی ئابوری و سیاسیشدا لەسەر بنەمای پەیوەندی هاوبەشی هەموو کۆمەڵگە لە بەرهەمهێان و بەڕێوەبردندا و موڵکایەتی گشتی بنیات دەنرێ . ئەمە مانای واقعی شۆڕشە بەسەر شێوەی ژیان و ئیدارەی کۆمەڵگەدا. بۆئەوەی بتوانین متمانە و باوەڕ بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی لەمڕۆ بگێڕینەوە و تێگەیشتنێکی نوێ بخەینەڕوو لە ڕەوایەتی و ئایندەی سۆشیالیستیانەی شۆڕش پێویستە شۆڕشی سۆشیالیستی وەک کاری هەموو چینەکە

و ڕێکخستنی هەموو چینەکە و دروستکردنی دەسەڵاتی زۆرایەتی کۆمەڵگە نیشان بدەین و نمونەی حزبی سەرکردە و تاقانەی دەسەڵات و دەسەڵاتی کەمایەتی بەجێبێڵین . لەجیاتی مۆدیلی شۆڕش لەسەرەوە و دامەزراندنی سۆشیالیزم لەلایەن حزب و دەوڵەتێکی حزبیەوە واتە سۆشیالیزمی دەولەتی لە نمونەی بەلشەفی، پێویستە ئەمڕۆ مۆدیلی شۆڕش و سۆشیالیزم لە خوارەوە و لەلایەن هەموو هێزی سیاسی و جەماوەریەکانی چینی کرێکار و خەڵکی چەوساوەوە بخەینە ڕوو. مۆدێلێک لەو کارە هەرەوەزیانەی لە کاتی شۆڕش و ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکاندا سەرجەم هێزی ئەم چینەیە دێتە مەیدانی شەڕەوە بۆ گۆڕینی ئەم سیستمە. ئەم هێزە چینایەتیە بەرفراوان وڕەنگاوڕەنگە سیاسیە دەبێ دەسەڵات و ئیدارە ببێتە بەدیلی حکومەتی کەمایەتی بورژوازی. پێویستە بەشی ڕۆشنبیر و کۆمۆنیست و پێشڕەوی ئەم چینە خۆی نەکاتە قاڵبێکی کەمایەتی و توانای شۆڕشگێڕانەی ئەم چینەی تێدا قەتیس بکرێ، بەڵکو ئەم بەشە ڕوناکبیر و پێشڕەوە دەبێ هەموو چینەکە بۆ ئاستی گرتنە دەستی دەسەڵات و بەڕێوەبردن گەشەپێبدا. هەژمونی ئەم زۆربەی کۆمەڵگەیە بەسەر کەمایەتی چەوسێنەردا دەبێ نەک لە پێش شۆڕش بەڵکو لە کاتی شۆڕش و لەدوای شۆڕشدا بتوانێ بەردەوام بێ، ئەگەر نا، دیسانەوە لە نمونەی شۆڕشی کەمایەتی و دیکتاتۆریەتی حزبی و بیرۆکراسی و سەرمایەداریەکی دەوڵەتی تر پیادە دەکرێ و لە گۆڕینی ئەم سیستمە سەرمایەداریەدا شکست دێنین. دەبێ لە قوتابخانەی شۆڕشدا فێری ئەم دەرس و نەخشانە بین و لە مەیدانی شۆڕشیدا لەلایەن هەموو جەماوەری کرێکار و چینە شۆڕشگێڕەکانەوە ڕاستی و دروستیان بسەلمێنین.

لە تەجروبەی شۆڕشی بەلشەفیدا دەتوانین ٣ دەرس وەرگرین.

**یەکەم؛** لینین لە فەلسەفەی ڕەوایەتی مافی شۆڕش و هەژمونی دەسەڵاتی کرێکاران بەسەر سەرمایەداراندا پێشڕەوی کرد. هەروەک گرامشی دەڵێ ئەم "گەشەی سیاسی

فكرەی هەژمونیە دەرخەری پێشكەوتنێكی گەورەی فەلسەفی و هەروەها پراتیكی سیاسیشە". بە هەنگاوی شۆڕشی سۆشیالیستی حزبی بەلشەفی نیشانیدا كە چینی كرێكار تائاستی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی گەشەی كردووە و دەتوانێ ئەم هێز و هەژمونیە بەرامبەر بە چینەكانی تر نیشان بدا. چینی كرێكار دەتوانێ ڕێكخراووترین بەشی بورژوازی كە حكومەت و دەوڵەتە لە دەسەڵات بخات و لە ڕێگەی چەكەوە ئۆتۆریتە و دەسەڵات و بەرنامەی خۆی بسەپێنێ. ئەمە مانای پڕاوپڕی حزبی سیاسی چینی كرێكارە ، حزبێك كە دەتوانێ شەڕ لەگەڵ بورژوازی چەكدار و ڕێكخراودا بكا و بەسەریدا سەركەوێ. حزبێكی كرێكاریی كە بتوانێ ئەم كارە بكا واتە چینی كرێكار تا ئاستی مۆدێلی دەوڵەت گەشەی كردووە. دەوڵەت واتە چینێكی ڕێكخراو كە بەزۆری هێز و هەژمونی خۆی دەسەپێنێ بەسەر كۆمەڵگەدا. مۆدیلی حزبی بەلشەفی نەك لەم بارەیەوە جێگای ڕەخنە نیە و نە ئەمەش خاڵی لاواز و هۆكاری شكستی ئۆكتۆبەرە، بەڵكو بەپێچەوانەوە بەبێ تێگەیشتن لەم خاڵە بەهێزەی بەلشەفیەكان ناتوانین لە گەشەی سیاسی و فكری چینی كرێكار تێبگەین لە چۆنیەتی گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری و شۆڕشی سیاسی بەسەر دەسەڵاتی بورژوازیدا. بەڵام ڕەوایەتی شۆڕش شتێك سەبارەت بە ئایندەی دەسەڵات و كۆمەڵگەی نوێ ناڵێت، ئەگەر شۆڕشێك بەسەر دەسەڵاتی كەمینە و خاوەندارێتی هۆیەكانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەكانی بەرهەمهێنانی ژیانی كۆمەڵایەتیدا نەهێنێ.

**دووەم؛** خاڵێكی تریش كە حزبی بەلشەفی پێشڕەوی تێدا نواندووە ئەوەیە كە لە ساتەوەختی فرسەتی گرتنی دەسەڵات و شۆڕشی چەكداری بۆ گرتنی دەسەڵاتدا، ناتوانێ بەپێی پێوەری زۆرینە و كەمینەی ڕای كۆمۆنیستەكان و چینی كرێكار دیاری بكرێ ، بەڵكو پێوەری سەرەكی ئەوەیە، ئایا لەتوانادایە دەسەڵات لە دەست بورژوازی دەربهێنرێ لە كاتی گونجاودا ؟ وە ئایا بەم هەنگاوە دەتوانرێ هەموو هێزی چینی

کرێکار بۆ بە ئەنجام گەیاندنی شۆڕشی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەسەر سەرمایەداریدا ئامادەبکا و بیهێنێتە مەیدان؟ دیالەکتیکی گەشەی خەباتی چینایەتی و فراوانی جۆر و شێوەی ڕێکخراووبونی سیاسی و جەماوەری کرێکاران لەوانەیە چەندین حزب و ڕێکخراو و ناوەندی جیاجیای کرێکاریی لێ پەیدابێ، شۆڕشی کرێکاریی بریتیە لە کۆکراوەی سەرجەم ئەم هەوڵە چینایەتیە بەرفراوانە و سەرکەوتنی شۆڕشیش لە گرەوی ئەم کۆکردنەوە و یەکگرتوو کردنی هێزە چینایەتیەیە بە هەموو جیاوازیەکانیەوە، بەڵام مەرجی دەستبردن بۆ دەسەڵات ڕێکەوتن و یەکگرتوو بونی لە پێشەوەی هەموو ئەم هێزانە نیە لە ساتەوەختی گرتنی دەسەڵات و بە لوتکە گەیشتنی قەیرانی دەسەڵاتی بورژوازی.

**سێهەم؛** لەپاڵ ئەم دوو حوکمەدا دەبێ حوکمێکی لەمانە گرنگتریش بڵێین ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر ئەو کەمایەتیە لە چینی کرێکار و حزبێکی کرێکاری و کۆمۆنیستی کە شۆڕشی چەکدارانە بەسەرکەوتن دەگەیەنێ، نەتوانێ سەرجەم هێزی چینی کرێکار بۆ دەسەڵات و بەڕێوەبردن و بەرنامەداڕشتن یەکگرتوو بکا و بخاتەگەڕ و ئەم کەمایەتیە نەگۆڕێ بە زۆرایەتی و لە کەمایەتیدا بمێنێتەوە، ئەوا شۆڕشی کۆمەڵایەتی و بنیاتنانی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی ڕووبەڕوی شکست دەکاتەوە. لەبەرئەوەی سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری لە کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی کەمینە و جێگرتنەوەیدایە بە بەشداری هەرەوەزیانەی هەموو هاوڵاتیان لە بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردندا. بەداخەوە ئەمە ئەو شکستەیە کە مۆدیلی حزبی بەلشەفی لە شۆڕشی کرێکاری ڕوسیادا هێنای و نەیتوانی ئەم شۆڕشە بەرەو دامەزراندنی سیستمێکی سۆشیالسیتی و هەرەوەزی بەرێ . بێگومان بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم ڕەخنەیە لە مۆدیلی سیاسی حزبی بەلشەفی پێویستە مێژووی ئەم حزبە لە پێش ئۆکتۆبەر و لە کاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لە دوای دەسەڵاتدا باس

بکەین، تا بزانین دەبێ چ بکەین تا شۆڕشەکانی سەدەی بیست بەو ئامانجە سۆشیالیستیانەی خۆیان بگەن.

بورژوازی هەوڵدەدا ئەم مێژووەی چینی ئێمە لە پێناو سەپاندنی مافی شۆڕشکردن بەسەر سەرمایەداریدا لە خەیاڵدانی کۆمەڵگەدا بسڕێتەوە، ئێمەش بە ناسینی ئەم مێژووە خەباتکارانەی چینەکەمان جارێکی تر ئاڵای مافی شۆڕشکردن لە گۆڕەپانەکانی ئازادی و التحریر دەشەکێنینەوە.

# ١١

## مۆدیلی سۆشیالیزمی بەلشەفی چی بوو؟

بەلشەفیزم هەم لە مەسەلەی جەنگی جیهانیی یەکەم و هەم لەمەسەلەی دەسەلأت گرتن لە ڕوسیادا لە مەنشەفیەکان و سۆشیال دیموکراتی جیاواز بوو. بەلأم ئایا مۆدیلی سیاسی و ئابوری بەلشەفیزم چ جۆرێک لە سۆشیالیزم بوو؟ ئەم پرسیارە لە بەراورد لەگەڵ جیاوازی بەلشەفیزم لە سۆشیال دیموکراتی مەنشەفیزمدا دەرناکەوێ بەڵکو لە هەنگاوەکانی دەوڵەتی سۆڤیەت و ئاکامەکەیدا خۆی نیشان دەدا. هەربۆیە بۆ ناسینی سۆشیالیزمی بەلشەفی دەبێ لیکۆڵینەوەکەمان بەرینە سەرناسینی دەوڵەتی بەلشەفیەکانی ڕوسیا.

لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا شەپۆلێکی بەهێزی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاریی ئەوروپای گرتەوە و لە ڕوسیادا ئەم بزوتنەوەیە تێکەڵاوی شۆڕشی دیموکراتی دژی قەیسەریەت بوو وە بەهۆی بەلشەفیزمەوە توانی تا ئاستی شۆڕشێکی سۆشیالیستی هەنگاو هەڵگرێ.

شۆڕشی ڕوسیا بووە زەمینەی دەرکەوتنی جیاوازیەکانی بەلشەفیزم لە سۆشیال دیموکراتی و مەنشەفیزم. جیاوازی سیاسی بەلشەفیزم درێژەی ئەو خەتە شۆڕشگێڕانەی سۆشیال دیموکراتی بوو کە ڕەخنەگری ڕیڤیژنیزمی برنشتاین بوو کە تیکەڵاوێکی ئۆپۆرتۆنیزم و ریفۆرمیزم بوو، کە لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە بووە خەتی ڕەسمی سۆشیال دیموکراتی ئەنتەرناسیونالی دووەم. لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم و سەرهەڵدانی قەیرانی شۆڕشگێڕانە لە ئاستی ئەوروپادا ئەم جیاوازیە چووە

ئاستێکی سیاسی باڵا و لە مەسەلەی هەڵوێست بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی سەرمایەداری و پەرلەمانتاریزم و دەوڵەتدا چڕ بووەوە. لینین بە کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش"[62] هەوڵیدا وەڵامێکی تیۆری بەم پێداویستی گۆڕانکاریە بداتەوە. ئەو لە ڕوانگەی سیاسی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریەوە مۆدیلی سیاسی دەوڵەتی کرێکاریی داهاتووی خستەڕوو. تێزی" دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا" بووە ناوەرۆکی مۆدیلی سیاسی بەلشەفیەکان و لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ئەم مۆدیلەیان پیا دەکرد، بەڵام لەگەڵ گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی دا کە دیکتاتۆری حزبیان بەهەمان دیکتاتۆری چینی پرۆلیتاریا لەقەڵەم دا.

ئەم شۆڕشە لەڕوسیادا لە دوای یەکلاکردنەوەی مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی، مەسەلەی مۆدیلی ئابوری ڕووبەڕووی بەلشەفیەکان کردەوە. بەلشەفیەکان سەرەتا بەرنامەی کۆمۆنیزمی جەنگی و دواتر سەرمایەداری دەوڵەتییان کردە مۆدیلی ئابوری لە ڕوسیادا.

ئەم مۆدیلە سۆشیالیستیەی بەلشەفیەکان، کە لە ئاستی مۆدیلی سیاسی کە دیکتاتۆری حزبی بوو، وە لە ئاستی ئابوریدا کە سەرمایەداری دەوڵەتی بوو، مۆدیلێکی لە سۆشیالیزمی دەوڵەتی دروست کرد. لەم مۆدێلەدا حزب ودەوڵەت سۆشیالیزم پیادە دەکەن بەپێی بەرنامەیەکی سیاسی و ئابوری دیاریکراو و نەخشە داڕێژراو و لەسەرەوە. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە سەرەڕای جیاوازی سیاسی بەلشەفیزم لە سۆشیال دیموکراتی، بەڵام بەلشەفیزم هەمان تێروانینی سۆشیال دیموکراتی بۆ ئابوری سەرمایەداری دەوڵەتی هەیە . ئەوەی لە مەیدانی سیاسیدا

---

[62] لینین ،"دەوڵەت و شۆڕش"
https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1917/staterev/index.htm

دەبیینین کە گۆڕانکاری لە تێڕوانین بۆ دەوڵەتی بورژوازی و سیستمی پەرلەمانی بورژوازی دروست بووە، لەم مەیدانە ئابوریەدا نابیینین.

ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا بەدوایەوەین ئەوەیە، کە پەیوەندی نێوان حزبی بەلشەفی و ئەم مۆدیلە سیاسی و ئابوریەی دەوڵەت و موڵکایەتی و پەیوەندی چینی کرێکار بە بەرهەمهێنان و هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە چیە؟ ئایا ئەم مۆدیلە سۆشیالیستیە چ گۆڕانێکی لە بنەماکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا دروست کرد؟ وە ئایا چۆن گۆڕانی بەسەر حزبی کرێکاریی بەلشەفیشدا هێنا ؟ هەروەها ئەم مۆدێلەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی چۆن بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە چینی کرێکار و خەباتی بۆ ڕزگاریی لە سیستمی سەرمایەداری دوورخستەوە؟

لەم لێکۆڵینەوەدا گرنگیمان بەو هەوڵانەی کۆمۆنیستەکانی تر داوە وەک ترۆتسکی و تۆنی کلێف و مەنسور حیکمەت لە شرۆڤەی ئەم مۆدیلەی بەلشەفیدا، بەڵام جیاوازی ئەم باسەی ئێمە لەو باس و لێکۆڵینەوانە ئەوەیە، کە  کێشە تەنیا لە "نەبوونی بەرنامەی ئابوری" بەلشەفیەکاندا نیە وەک مەنسور حیکمەت دەڵێ[63]، یاخود مەسەلە ئەوەنیە کە "دوای لینین ستالینێک دەبێتە ڕابەری حزبی بەلشەفی، وەک ترۆتسکی[64] و تۆنی کلێف [65]لێکدانەوەی بۆدەکەن. بەڵکو کێشەکە لە خودی مۆدیلی سیاسی و ئابوری بەلشەفیەکان لە کاتی لینین و دوای ئەویشدایە. وە کێشە لە پەیوەندی حزبی

---

[63] مەنسوور حیکمەت، هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت
http://hekmat.public-archive.net/

[64] ترۆتسکی، کتێبی "شۆڕشی خیانەتلێکراو
https://www.marxists.org/archive/trotsky/1936/revbet/index.htm

[65]تۆنی کلێف، سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕوسیا
https://ayman1970.files.wordpress.com/2010/12/d8b1d8a3d8b3d985d8a7d984d98ad8a9-d8a7d984d8afd988d984d8a9-d981d98a-d8b1d988d8b3d98ad8a7-pdf.pdf

بەلشەفی بە چینی كرێكار و دەوری بەلشەفی لە خەباتی چینایەتی بۆ گۆڕینی سەرمایداریدایە.

ئێمە لە بەشی ١و٢ی ئەم كتێبەدا بە درێژی لەسەر ئەم جیاوازییە میتۆدۆلۆژیە دواین، كە كۆمۆنیزم كراوەتەوە لێكدانەوەی دەوری كەسایەتیەكان و بەتایبەت ستالین یاخود تەنیا دەوری حزبێك وەک بەلشەفی لەو مێژووەدا. هەربۆیە ئێمە لێرەشدا ئەو میتۆدەی پشت بە لێكدانەوەی خەباتی چینایەتی و دەوری چینی كرێكار دەبەستێ بە بنەما وەردەگرین، نەک لێكدانەوەكان لە تاكەكەس و حزبێكدا بەرتەسک بكەینەوە. ئەم میتۆدە ڕێگەمان پێدەدا كە لەو باكگراوندە نۆستالجیایە دووركەوینەوە كە مێژووی كۆمۆنیزمی سەدەی بیستی لەسەر بنیاتنراوە و بووەتە بەشێک لە كەلتوری كۆمۆنیستەكان، كە لەگەڵ هەر دەست بردن بۆ ڕەخنەیەكی ڕیشەیی و ڕادیكال لە تەجروبەی سۆڤیەت و لینین دا ئەم نوستالجیایە ڕێگردەبێ لەوەی كە بنەمای گرێ كوێرەكانی كۆمۆنیزمی سەردەم بدۆزینەوە.

بۆناسینی مۆدیلی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری سۆشیالیستی بەلشەفیەكان دەبێ شرۆڤەی مێژوو و بەرنامەی حزبی بەلشەفی لەشۆڕشەكانی ١٩٠٥ و شوبات و ئۆكتۆبەری ١٩١٧دا، وە لێكۆڵینەوە لە حكومەتی بەلشەفیەكان و هەنگاوە ئابوریەكانی دەوڵەتی سۆڤیەت بكەین.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لەم لێكۆڵینەوەیەدا بیدۆزینەوە پەیوەندی نێوان سەرمایەداری دەوڵەتی و **مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی** بەلشەفیەكانە. لەم ڕێگەیەوە دەمانەوێ ئەوە بخەینە ڕوو كە لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی لە ئاستی ئابوری و سیاسیدا خاڵە هاوبەشەكانی لەگەڵ سەرمایەداری دەوڵەتی و حكومەتی بیرۆكراتی سۆڤیەت و مۆدیلی حزبی بەلشەفیدا چیە؟

ئەم فاکت و ڕاستیانە تێگەیشتنێکی تەواو جیاوازمان دەداتێ لەوەی کە تائێستا لەلایەن ترۆتسکی و تۆنی کلێف و مەنسور حیکمەت و زۆرێک لە کۆمۆنیستەکانی تر خراونەتە ڕوو، کە بەگشتی ئەم لێکدانەوانە گۆڕانی ئابوری و سیاسی ڕوسیا بە کاری دوای مەرگی لینین و سیاسەتی ستالینی دەزانن. من دواتر دەچمە سەر ڕەخنە لەم بۆچوون و شرۆڤانەی پێشووی سەبارەت بە مۆدیلی سۆشیالسیتی بەلشەفیەکان و هۆکارەکانی شکستی شۆڕشی سۆشیالیستی لە ڕوسیادا، چونکە پێویستە لە سەرەتادا چوارچێوەی گشتیی مۆدیلی سیاسی و ئابوری بەلشەفی بناسێنین، تاکو بەرتەسکی و نادروستی ئەو تێگەیشتنانەی کۆمۆنیستەکانی پێشوومان بۆ دەرکەوێ لە نەبینینی بەلشەفیزم وەک مۆدێلێک لە سۆشیالیزمی دەوڵەتی و هاوبیری لێکدانەوانەکانیان لەگەڵ مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی بەلشەفیەکاندا.

## ١٢

# دوالیزمی بیرۆکراتی و سەرمایەداری دەوڵەتی

بۆچوونەکانی ترۆتسکی و تۆنی کلێف و مەنسور حیکمەت لەگەڵ یەکتر هاوڕان لەسەر ئەوەی کە مۆدیلی سیاسی حزب و دەوڵەتی بەلشەفی کاتی لینین کۆمۆنیستیە و کێشەی بنەڕەتی نیە و حکومەتی کرێکاریی بەرقەرار بووە، وە دوای لینین ئەم سیستمە سیاسیە گۆڕاوە. هەرچەند لێکدانەوەکانیان جیاوازی تێدایە لە ناساندنی هۆکاری گۆڕانکاریەکە و ئەنجامی گۆڕانەکە، بەڵام زۆربەی ئەم کۆمۆنیستانە ئەو سیستمە سیاسیە بەلشەفیە بە دەوڵەتێکی کرێکاری دەزانن، نەک وەک هۆکاری بەرەو بیرۆکراتی چوون و گەڕانەوەی دەسەڵاتی سەرمایەداری سەیری بکەن.

لای "**ترۆتسکی**" بەهۆی سیاسەتی "بیرۆکراتیانەی دەوڵەتی" ستالینەوە، حزبی بەلشەفی ودەوڵەتی کرێکاریی داڕوخاوە"، کە پێویستی بە شۆڕشی سیاسیە بۆ ڕاستکردنەوەی بیرۆکراتیزمەکەی، نەک شۆڕشی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی ئابوری بەرنامە داڕێژاو و موڵکیەتی دەوڵەتی" مانای سۆشیالیستی هەیە.[66]. وە تەنانەت دەڵێ شتێک نیە بەناوی سەرمایەداری دەوڵەتی.[67]

هەرچی "**تۆنی کلێف**" ە پێی وایە کە ترۆتسکی ئەو ڕاستیەی نەبینیوە کە سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕوسیادا زاڵە، بەڵام هۆکارەکەی لای ئەمیش هەر

---

[66] ترۆتسکی، بەشی ٧، یەکێتی سۆڤیەت چیە؟، کتێبی شۆڕشی خیانەتلێکراو.
https://www.marxists.org/arabic/archive/trotsky/1936-rb/ch09.htm
[67] هەمان سەرچاوە، بەشی سەرمایەداری دەوڵەتی ، بەشی ٧، یەکێتی سۆڤیەت چیە؟

**ستالینیزمە**[68]. ئەم دوو نوسەرە لە هەردوو کتێبی "شۆڕشی خیانەتلێکراو" [69] و "سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕوسیا" [70] دا لێکۆڵینەوەیەکی ئابوری و سیاسی تێروتەسەلیان لەسەر ڕوسیا پێشکەش کردووە، کە کۆمەک دەکا بە تێگەیشتنێکی فراوان لەو گۆڕانکاریانەی لەڕوسیادا ڕویانداوە، وە بیرۆکراتیزم و سەرمایەداری دەوڵەتی چۆن دروستبوون و دەسەڵاتداربوون؟

"**مەنسور حیکمەت**" یش ڕای خۆی دەربڕیوە لەسەر ئەو گۆڕانکاریانەی لە سۆڤیەتدا ڕویداوە و لە وتاری "هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت " [71] دا دەڵێ کە ڕەخنە لە سۆڤیەت دەبێ ڕەخنە لە "مەسەلەی گۆڕانی ئابوری کۆمەڵی ڕوسیا لەپاش شۆڕش"[72] بێ، وە پێی وایە کە کێشە ئەوە بووە کە "**لینینزم** لە قسەوباسە ئابوریەکانی ساڵەکانی ١٩٢٤-١٩٢٨دا **نوێنەرایەتی نەکرا**."[73] هەربۆیە "شۆڕشی کرێکاری لە بەرامبەر ئەرکە **ئابوریەکانی** خۆیدا شکستی خوارد" [74].

---

[68] تۆنی کلیف، سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕوسیا، ل ١٧٤
https://ayman1970.files.wordpress.com/2010/12/d8b1d8a3d8b3d985d8a7d984d98ad8a9-d8a7d984d8afd988d984d8a9-d981d98a-d8b1d988d8b3d98ad8a7-pdf.pdf

[69] ترۆتسکی،کتێبی **"شۆڕشی خیانەتلێکراو"**
https://www.marxists.org/archive/trotsky/1936/revbet/index.htm

[70] کتێبی سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕوسیا
https://www.marxists.org/archive/cliff/works/1955/statecap/index.htm

[71] مەنسور حیکمەت،**"هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت"**
http://hekmat.public-archive.net

[72] هەڵبژاردەیەک لە نوسراوەکانی مەنسور حیکمەت ، بەرگی یەکەم ، ل ٤١٠، ئامادەکردنی سالار ڕەشید

[73] هەمان سەرچاوە، ل ٤٢١

[74] هەمان سەرچاوە، ل ٤٢٦

بەپێچەوانەی ئەم نووسەرانەوە تێزی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەمدا ئەوەیە کە مۆدیلی سیاسی بەلشەفی هۆکاری سەرەکی شکستی شۆڕشی سۆشیالیستیە لە ڕوسیادا. ئەم مۆدیلە لە حزبی بەلشەفی مۆدێلێک لە دەوڵەتی تاک حزبی و دیکتاتۆری حزبی دروست دەکا، کە ڕێگرە لەوەی چینی کرێکار لەڕێگەی ئەم حزبەوە بتوانێ سەرجەم هێزی شۆڕشگێڕانەی خۆی بەگەڕ بخا بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی و ئابوری سەرمایەداری. بەرنامەی گەشەپیدانی ئابوری سەرمایەداری دەوڵەتی لەلایەن لینین و حزبی بەلشەفیەوە درێژە و تەواوکاری هەمان مۆدیلی سیاسی سۆشیالیزمی دەوڵەتیە، کە دەیەوێ لەڕێگای حزب و بەرنامەی داڕیژراوی کەمایەتیەکەوە موڵکایەتی سۆشیالیستی دەوڵەت دامەزرێنێ. ئەمە هەمان مۆدێلە کە سۆشیال دیموکراتی کۆتایی سەدەی ١٩و سەرەتای سەدەی ٢٠ کە دەیویست لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی بەرەبەرەی دەوڵەتی سەرمایەداریەوە بە سۆشیالیزم بگات، تەنیا جیاوازی لەوەدایە کە لینین و بەلشەفیەکان لەڕێگەی دەسەڵاتی حزبی کرێکارانەوە باوەڕیان بە جێبەجێکردنی ئەم مۆدێلە هەبوو بەڵام سۆشیال دیموکراتی ڕێگای بەدەستهێنانی زۆرینەی پەرلەمانی دەگرتەبەر.

ئەم بۆچوونانەی نێو کۆمۆنیزمی سەدەی بیست لە دوالیزمی دیاردەی بیرۆکراتیزم و بەرنامەی سەرمایەداری دەوڵەتی گیریان کردووە. هەر کام لەم لێکدانەوانە یەکێک لەم دووانە بە هۆکار و سەرچاوەی شکستی شۆڕشی سۆشیالیستی لەڕوسیادا دەزانێ. ترۆتسکی و ترۆتیسکیەکان بیرۆکراتیزمی ستالینی و حیکمەتیزمیش بەرنامەی ئابوری و سەرمایەداری دەوڵەتی. بەڵام لە ڕاستیدا دوالیزمی بیرۆکراتیزم و سەرمایەداری دەوڵەتی هەمان دووڕووی یەک دراو و دیاردەی مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی بەلشەفیزمە.

هەموو چینە شۆڕشگێڕەكان كاتێک شۆڕشیان بەسەر چینە دەسەڵاتدارەكانی پێشودا كردووە تا ماوەیەک دەرگیری نارۆشنی بەرنامەی ئابوری سیستمە نوێیەكە بوون، بەڵام ئەوەی بڕێنەرەوە بووە ئەوەیە كە توانیویانە هێزی چینەكەی خۆیان بۆ سەپاندنی گۆڕانكاریە سیاسیەكان ڕێک بخەن بەجۆرێک كە چیتر لە پەراوێزی دەسەڵات و كۆمەڵگەدا نەبن. هەربۆیە "نەبوونی بەرنامەی ئابوری" هۆكاری سەرەكی شكستی شۆڕش نەبووە لە ڕوسیادا، بەڵكو ئەم شكستە خۆی ئەنجامی مۆدیلێكی سیاسی دەسەڵاتی كەمینە بووە، كە نەیتوانیوە هێزی سەرجەم چینەكە لە شۆڕشكردن بەسەر سەرجەم سیستمی سیاسی و ئابوری سەرمایەداریدا بخاتەگەڕ و لە ئاكامدا پێویستی بەو مۆدێلە ئابوریەی سەرمایەداری دەوڵەتیە بووە، كە سازگارە لەگەڵ دەسەڵاتی كەمایەتیەكدا كە موڵكایەتی هۆیەكانی بەرهەمهێنانیان لەژێردەستدایە.

هەربۆیە بۆ ڕۆشنكردنەوەی ئەم باسە پیویستە لە دەوری سیاسەت وپراتیک و خەباتی چینایەتی كرێكاران بكۆڵینەوە و بەتایبەت لەدەورانی شۆڕشگێڕانەدا، تابزانین چۆن بەرنامە و تیۆری ئابوری خۆیان درێژكراوەی ئەم پراتیكە كۆمەڵایەتی و چینایەتیەیە، نەک سەرچاوەی شكستی شۆڕشی سۆشیالیستی وگۆڕانكاریەكان لەڕوسیای دوای شۆڕشدا. شەڕی چینایەتی و شۆڕش، شەڕی پراتیكی چینەكانە، نەک تەنیا بەرنامەكانیان. ئەم پراتیكە سیاسیە كۆمەڵایەتیەی چینی كرێكارە كە ئایندەی بەرنامەكان و كۆمەڵگە دیاری دەكا. یان وەک هۆبسبام لەزمانی گرامشیەوە دەڵێ " سیاسەت چەق و ناوەرۆكە نەک ستراتیژی سەركەوتنی **سۆشیالیزم، بەڵكو**

**سۆشیالیزم خۆیەتی. ناوەندی چالاکی ئینسانە، واتە تاکە وشیاریە کە چوەتە ناو پەیوەندگرتن بە دنیای کۆمەڵایەتی و سروشتی لە هەموو فۆرمەکانیدا".**[75]

سۆشیالیزم ئەم پراتیکە سیاسیە شۆڕشگێڕانەیە کە چینی کرێکار بڕیاری لەسەر گۆڕینی سیستەمی ئابوری و نەهێشتنی موڵکایەتی سەرمایەدارانەی دەوڵەت و تاکەکان دەدا. خودی حزبیش دیاردەیەکی دابڕاونیە، بەڵکو حزب واتە کۆمۆنیستەکان، کە ئەو بەشە ڕوناکبیرەیە لەم پراتیکە سیاسیە چینایەتیە، وە وەک گرامشی دەڵێ "دەربڕی گەشەی پێکهات و ستراکچەری چینی کرێکارە" [76]. دەوری ئەم حزبە لەم پراکتیکە سیاسیەی چینی کرێکار بۆ گۆڕینی پەیوەندیە ئابوریەکانی بەرهەمهێناندا، واتە پەیوەندی هەرەوەزیانەی بەرهەمهێنەران بەبێ خاوەندارێتی، چارەنوسازە نەک لە داڕشتنی بەرنامەیەکی ئابوری بۆ چۆنیەتی گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان یان گۆڕینی موڵکایەتی تایبەتی سەرمایەداران بە موڵکایەتی دەوڵەت. شکستی ئۆکتۆبەر و بەلشەفیزم لە ڕێکخستنی ئەم پراکتیکە سیاسیەی چینی کرێکاردایە بۆ سازدانەوەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای هەرەوەزی و سۆشیالیستیانە. گرامشی بەم کارە دەڵێ "سۆشیالیزەکردن لەسیاسەتدا، وە بەمانای کۆمەڵایەتی بە شیوەیەکی ئۆتۆماتیک و وشیارانە دەبێ، وەک دروستکردنی ئینسانی کۆلیکتیڤ و گشتی کە هەڵسوکەوتی ئینسانەکان دەکاتە ئۆتۆماتیک و پێویستیان بەدەزگای دەرەوە و سەروو ئینسان ناهێڵێ تا نۆرمێک بسەپێنێ."[77]

---

[75] گرامشی و حزبی سیاسی
http://www.asokamal.com/index/?p=1592

[76] گرامشی، دەفتەرەکانی زیندان، کێشەی مێژوو و کەلتوور، ل٥، بە زمانی ئینگلیزی
Gramsci, Prison Notebooks, Problems of History and Culture,P5

[77] هۆبسبام، چۆن جیهان دەگۆرین، بەشی گرامشی، ل٤٢١، بەزمانی ئینگلیزی

سۆشیالیزم به مانای ئازادی پراكتیكی سیاسی چینی كرێكار له ڕوسیادا ڕێگری بۆ دروست كرا و ئەمه ناكۆكی له نێوان حزبی بەلشەفی و چینی كرێكاردا دروست كرد.
مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتیی بەلشەفیەكان به خستنەبەری دیكتاتۆری حزبی له جیاتی دیكتاتۆری چینەكه زۆربەی كرێكارانی لەم پرۆسەی سیاسیەی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی كۆمەڵگه دوورخستەوه و كردنیه ناسیاسی بەرامبەر به مەسەلەی گشتی كۆمەڵگه. ئەمه مۆدێلێكی سیاسیه كه دوالیزمی بیرۆكراتیزم و سەرمایەداری دەوڵەتی نمایشكرد و ئەمه سەرچاوەی شكستی شۆڕشی سۆشیالیستی بوو لەڕوسیادا.
لەم لێكۆڵینەوەی تەجروبەی سۆڤیەتدا دەمانەوێ ئەوه بسەلمێنین، كه حزبی بەلشەفی ڕۆحی دەوڵەت و كۆمەڵگەی سۆڤیەتی پێكهێنا و هەربۆیه له لێكدانەوه له شكستی ئەم تەجروبەیەدا پێویسته لەو گۆڕانكاریه سیاسیانەوه دەست پێبكەین كه مۆدیلی بەلشەفی له دۆخی سیاسی و چینایەتی ڕوسیادا هێنایه ئارا و لێرەوه بگەینه سەر ئەم مۆدێله له دەوڵەت و ئابوری ڕوسیا.

# ١٣

## بەلشەفیزم چ بنەمایەکی ئەنتەرناسیونالی گۆڕی؟

## حزبی کرێکاری یان حزبی کۆمۆنیستەکان

لادانی بەلشەفیزم لە بنەماکانی ئەنتەرناسیونالی کرێکاران بریتیە لە گۆڕینی پێناسی حزب وەک بەشێکی تایبەت لە چینی کرێکار کە خەتێکی سیاسی و بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەیە، نەک وەک حزبی هەموو چینی کرێکار، کە مارکس و ئەنگلس پێناسەیان کردبوو.

لێکدانەوەی ئەم لادانە گرنگە لەم لێکۆڵینەوەیەدا چونکە؛

**یەکەم،** زۆربەی مۆدیلی حزبی کۆمۆنیستی سەدەی ٢٠و٢١یش پەیڕەو لە مۆدیلی بەلشەفی دەکەن و ئەمە بە مۆدیلی حزبی چینی کرێکار لەقەڵەم دەدرێ و ئەمە ڕێگری بەردەم یەکگرتوو بونی چینەکە و دەورگێڕانی بەشە ڕۆشنبیر و کۆمۆنیستەکەی چینی کرێکارە وەک ڕێکخەر یاخود یەکگرتوکەری چینەکە و مانەوەیەتی لەپەراوێز و سێکتی پاسیڤدا.

**دووەم،** ناسینی ئەم لادانە ئەو خاڵە ڕۆشن دەکاتەوە کە بۆچی ئەم مۆدێلە لە حزبی کرێکاری ئیمکانی هەیە بگۆڕێ بۆ حزبێکی بورژوازی و بیرۆکراتی لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕش و گرتنە دەستی دەسەڵاتدا.

**سێهەمیش،** ناسینی بنەماکانی حزبی کرێکاری و جیاوازی سەرەکی لە مۆدیلی بەلشەفی حزبە و بەم پێیەش ناسینی مۆدێلی نوێی کۆمۆنیزمە چ وەک حزب و چ وەک دەسەڵات و بەرنامەی ئابوری.

بۆ چوونە ناو ئەم باسە پێویستە سەرەتا ئەو بنەمایانەی ئینتەرناسیونال بخەینەوە ڕوو کە پەیوەندی بە پێناسەی حزبی کرێکاریەوە هەیە و دواتر مێژوو و پرۆسەی گۆڕانکاریەکان لە ناو حزبی بەلشەفیدا شی بکەینەوە.

ئینتەرناسیونالی یەکەم وەک یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کرێکارانی ئەوروپا لە ئۆکتۆبەری ١٨٦٤دامەزرا. یەکێک لەبنەما سەرەکیەکانی ئەم ڕێکخراوەیە بریتی بوو لە:"**خاڵی چوارەم.** ئەبێ هەڵەکانی دابەشبوونی پێشووی نێوبزوتنەوەی کرێکاری دووبارە نەکرێنەوە و داوای یەکگرتنی خێرای هەموو بەشە دابڕاوەکانی بزوتنەوەی کرێکاری بکرێ."[78]

لە دوای شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس لە سێپتەمبەری ١٨٧١ەوە مارکس لە ئینتەرناسیونالدا پێشنیاری بڕیارێک دەکا سەبارەت بە دروستکردنی حزبە سیاسیەکانی چینی کرێکار و دواتر لە ساڵی ١٨٧٢ زیادکردنی ئەم خاڵانەش تێدا دەبێتە بڕیار، کە بەزۆرینەی دەنگ و چەند دەنگێکی ناڕازی و دەنگی هەڵپەساردوو (٢٩بەرامبەر بە٥ و ٨).

لەم بڕیارەدا ئەم بنەمایانە تەئکید لێکراوە:

---

[78] **مارکس، ئەنتەرناسیونالی کرێکاران، ١٨٦٤**
https://www.marxists.org/history/international/iwma/documents/1864/rules.htm

- لەخەبات دژی دەسەڵاتی هاوبەشی چینە موڵکدارەکان (سەرمایەداران و خاوەن زەویەکان) کرێکاران ناتوانن وەک چینێک چالاکی بنوێنن تا خۆیان وەک حزبێکی جیاواز و دژ بە هەموو چینە موڵکدارەکان ڕێک نەخەن.
- حزب بۆ یەکگرتوو کردنی ئەو خەباتە ئابوریەیە کە کرێکاران خۆیان دەستیان پێکردوە و لەهەمان کاتدا بۆ بەهێزکردنی ئەم خەباتەیە دژی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەداران و خاوەن موڵکەکان."[79]

ئەوەی لێرەدا هاتووە هەمان بنەمایە کە مانیفیستی کۆمۆنیست ڕایگەیاندبوو کە "کۆمۆنیستەکان حزبێکی جیاواز لەبەرامبەر حزبەکانی چینی کرێکار دروست ناکەن، یان کۆمەڵێک بنەمای سیکتاریستی تایبەت بە خۆیان دانانێن کە بزوتنەوەی کرێکاران لەو شکڵ و قاڵبە بدات". [80]

ئەم هەنگاوە بۆ دامەزراندنی حزبە سیاسیەکانی چینی کرێکار وەک ئاستێک لە گەشەی سیاسی بزوتنەوەی کرێکاریی هاتە ئارا، وەک بەرئەنجامی کاریگەری ئینتەرناسیونالی یەکەم لەسەر ئەم بزوتنەوەیە، نەک تەنیا لە ئەوروپا، بەڵکو لە ڕوسیا و ئەمریکاشدا، حزبی سیاسی کرێکاران لەسەر ئەم بنەمایانە دامەزرا.

لە نێو سۆشیال دیموکراتیدا جیاوازی سەبارەت بە فۆرم و ناوەڕۆکی کاری حزب هاتەئارا، کە هەرکامەیان بە جۆرێک لایان دا لەو بنەمایانەی ئینتەرناسیونالی یەکەم کە بۆ پێویستی حزبی سیاسی دابینا بوو .

---

[79] **مارکس، بڕیارنامەی ئەنتەرناسیونال ، ١٨٧٢** https://www.marxists.org/archive/marx/iwma/documents/1872/hague-conference/resolutions.htm2

[80] **مارکس و ئەنگلس، مانیفیستی کۆمۆنیست**

https://www.marxists.org/kurdi/marx/babetekan/marx_1848_manifesti_komonist.pdf

فۆرمی یەکەم باسی لە ڕێکخراوەی فراوانی جەماوەری سیاسی دەکرد، کە بەشداری کاری پەرلەمانی و ڕۆژنامەگەری و کاری جەماوەری سەندیکایی دەکرد، بەڵام لەسەر شۆڕش و گۆڕینی سیستمی سیاسی خۆی لادەدا. هەروەک ئەنگلس لە ڕەخنە لەبەرنامەی ئیرفۆرتدا ئاماژەی بە مەترسی ئەم "ئۆپۆرتۆنیزم"ە کرد، کە لە قاڵبی پەرلەمانتاریزمێکی بێ دەسەڵاتدا دەیەوێ ئامانجی سیاسی بزوتنەوەکە بەرتەسک بکاتەوە.[81]

لە بەشەکانی پێشودا بە درێژی باسمان کرد کە چۆن مەیلێکی ئۆپۆرتۆنیستی و ریفۆرمیستی بنەماکانی ئینتەرناسیونالی کرێکارانی گۆڕی سەبارەت بە ناوەرۆکی کاری حزب و دواتر چۆن حزبە سۆشیال دیموکراتەکان بوونە بەشێک لە مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتی و پەرلەمانی بورژوازی، کە چیتر بەرنامەی شۆڕشی سۆشیالیستیان لەدەستور و بەرنامەیاندا نەما. لەم بەشەدا باسی چۆنیەتی گۆڕینی ئەم بنەمایانە لە لایەن بەلشەفیزمەوە دەکەین.

لادانی بەلشەفی لە بنەماکانی ئینتەرناسیونال بریتیە لە پێناسی حزب وەک بەشێکی تایبەت لە چینی کرێکار، کە خەتێکی سیاسی و بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەیە، نەک حزبی هەموو چینی کرێکار.

ئەم پرۆسەی گۆڕانە لای بەلشەفیزم ئاڵوزترە لە چاو گۆڕانی سۆشیال دیموکراتیدا. چونکە؛

**یەکەم،** لەڕوسیادا دەورانی شۆڕشی دیموکراتی بورژوازی بوو و وە چینی کرێکار بەشێک لە هێزی ئەو گۆڕانکاریە شۆڕشگێڕانە بوو و بەمەش زەمینەی دروستکرد بۆ

---

[81] ئەنگلس ، ڕەخنە لە بەرنامەی ئیرفۆرت، بە زمانی ئینگلیزی https://marxists.catbull.com/archive/marx/works/1891/06/29.htm

ئەوەی بەلشەفیزم وەک باڵێکی شۆڕشگێڕ خۆی لە مەیلی ڕیفۆرمیستی سۆشیال دیموکراتی و مەنشەفیک جیابکاتەوە و ئەم جیاکردنەوەیەش وەک پێداویستی شۆڕش لەقەڵەم بدرێ.

**دووەم،** هەڵوێست بەرامبەر بە شەڕی جیهانیی یەکەم بووە مەسەلەیەک کە چینی کرێکار و بزوتنەوەی سۆشیال دیموکراتی شەق کرد و دیسانەوە جیابوونەوەی بەلشەفیزمی کردە واقعیەتێکی سیاسی.

**سێهەم،** بەلشەفیزم تا کاتی گرتنی دەسەڵات وەک حزبێکی نهێنی و نیمچە نهێنی کاری دەکرد کە هەموو کارەکتەرەکانی وەک سۆشیال دیموکراتەکانی ناو دەسەڵات و پەرلەمان دەرنەکەوتبوو و وە هەمیشە لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا بوو.

سەرەڕای ئەم ئاڵۆزیەش بەڵام مۆدێلی بەلشەفی زوو کەوتە بەر ڕەخنەی ترۆتسکی[82] و ڕۆزا لۆکسمبۆرگ[83]ەوە، وەک فۆرمێکی حزبی جیاواز لە سۆشیال دیموکراتی و کۆمۆنیستی سەرەتای سەدەی بیست باسی لێوەکراوە. بەڵام لە کاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا زیاتر حزب، وەک ئەم "ڕۆحی دەوڵەتی بەلشەفی"، جیاوازی سەرەکی خۆی لە بنەماکانی ئینتەرناسیونالی یەکەمی کرێکاریی نیشان دەدا، کە لێرەدا دێینە سەر باسکردنی.

لیۆن ترۆتسکی لە ساڵی ١٩٠٤دا لە ڕەخنەی لەم مۆدیلەی حزبی بەلشەفیدا لە کتێبی "ئەرکە سیاسیەکانی ئێمە"دا دەڵێ" ئەم شێوازە لە سیاسەتی ناوخۆی حزبدا بە دۆخێک کۆتایی دێت کە ڕابەری حزب جێگای حزب و دواتر کۆمیتەی ناوەندی

---

[82] ترۆتسکی ، کتێبی **"ئەرکە سیاسیەکانی ئێمە"**
https://www.marxists.org/archive/trotsky/1904/tasks/ch04.htm

[83] ڕۆزا لۆکسمبۆرگ، پرسیارە ڕێکخراوەییەکان
https://marxists.catbull.com/archive/luxemburg/1904/questions-rsd/ch01.htm

جێگای ڕابەری دەگرێ و سەرئەنجام یەک دیکتاتۆر جێگای کۆمیتەی ناوەندی دەگرێت و دۆخێک دروست دەبێ کە کۆمیتە حزبیەکان بەبێ بەشداری جەماوەری خەڵک هەمیشە سیاسەتەکانی خۆیان دەگۆڕن." [84]

ئەم سەنترالیزمە بە تێۆری جێنشینی حزب و نوێنەرایەتی چینی کرێکار دەگات کە لەخوارەوە باسی دەکەین. بەڵام هەر لەم دەورەیەدا ڕۆزا لۆکسمبۆرگ ڕەخنەی لەلایەنێکی تری بەلشەفیزم گرت کە پەیوەست بوو بە دیسپلینی ناو حزب . بەلشەفیزم کاتێک حزب دەکاتە نوخبەیەکی ناو چینی کرێکار ئەوا پێویستی بە زاڵکردنی جۆرێک لە دیسپلینیش دەبێ کە جیاوازە لەو خۆدیسپلینەی کە چینی کرێکار لە خەباتی چینایەتیدا نیشانی دەدا.

ڕۆزا لۆکسمبۆرگ کە هەر لە ساڵی ١٩٠٤ەوە ڕەخنەی لەم مۆدیلە بەلشەفیە گرت کە حزبی کرێکاری دەبێ پەیڕەو لە "دیسپلینی کوێرانە و سەربازی بکا" . لە بەرامبەر ئەم تیۆریەی حزبی لینیدا لە کتێبی " چەند پرسیارێک سەبارەت بە ڕێکخستن لە سۆشیال دیموکراسی ڕوسیا "دا دەڵێ "ئەو دیسپلینەی لینین لە خەیاڵیدایە بەسەر کرێکاراندا دەسەپێنرێ نەک لەلایەن کارگەوە، بەڵکو لە ڕێگەی سەربازی و بیرۆکراتیەتی دەوڵەتی ئێستاوە لەلایەن هەموو میکانیزمی دەوڵەتی مەرکەزیی بۆرژوازیەوە. ئایا چ هاوبەشیەک هەیە لە نێوان گوێڕایەڵی ڕێکخراو لەسەر چینی چەوساوە و خود دیسپلینی و ڕێکخستنی خەباتی چینایەتی بۆ ڕزگاری؟ خود دیسپلینی سۆشیال دیموکراتی تەنیا جێگاگرتنەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بورژوازیەکان نیە بە دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندی سۆشیالسیتی. چینی کرێکار

---

[84] ئارنست ماندل، سەبارەت بە خۆڕێکخراوەیی چینی کرێکار و حزبی پێشڕەو، https://www.marxists.org/farsi/archive/mandel/works/1990/khod-sazmandehi-hezb.htm

هەست کردن بە دیسپلینی نوێ بەدەست دەهێنێ، خود دیسپلینێکی ئازادانەی سۆشیال دیموکراسی، نەک لە ئەنجامی سەپاندنی دیسپلینێک لەلایەن دەوڵەتی سەرمایەدارییەوە، بەڵکو بە لەڕەگ هەڵکێشانی ئەم دیسپلینەی سەرمایەداری، ئەو خووە کۆنەی کە بەگوێڕایەڵی و ملکەچ کردنەوە گرتوویەتی[85].

ئەم سەنترالیزم و دیسپلینە لەلای بەلشەفیزم کاتێک تێدەگەین کە تیۆری جێنشینی لای لینین بەکامڵی دەخرێتە ڕوو لەکاتی دەسەڵاتدا.

لینین لە کتیبی "نەخۆشی چەپڕەوی منداڵانە لە کۆمۆنیزمدا دەڵێ "هەموو کەسێک دەزانێ کە جەماوەر دابەش دەبێ بەسەر چینەکاندا، وە دژایەتی جەماوەر بە چینەکان نامومکینە تەنیا بە دژایەتی زۆربەی زۆر نەبێ، بەبێ دابەشکردنی بەپێی سیستمی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، بەو توێژانەی کە جێگایەکی تایبەت لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا دەگرن، وە چینەکان بە شێوەیەکی ئاسایی، لەزۆربەی کاتەکاندا، لانی کەم لە وڵاتە مۆدێرنە هاوچەرخەکاندا، حزبەکان پێشڕەویان دەکەن، وە حزبە سیاسیەکان، بە شێوەیەکی گشتی، چەند گروپێکی تەقریبەن جێگیر لە کەسانی زۆر ناسراو و بە نفوز و بە تەجروبەوە دەبرێنە پێش، کە پێیان دەڵێن سەرکردەکان. ئەمانە هەمووی سەرەتا ئەبجەدیەکانە، ئەمانە زۆر سادە و ڕۆشنن."[86]

لێرەوە لینین بەو ئەنجامگیریە دەگا کە؛ "دیکتاتۆریەتی حزب یان دیکتاتۆریەتی چینەکە؟ و دیکتاتۆریەتی حزبی سەرکردەکان یان دیکتاتۆریەتی حزبی جەماوەر؟ "

---

**[85] ڕۆزا لوکمسبورگ، پرسیارە ڕیکخراوەییەکانی سۆشیال دیموکرارت ڕوسیا، بەزمانی ئینگلیزی Rosa Luxemburg: Organizational Questions of the Russian Social Democracy**
https://marxists.catbull.com/archive/luxemburg/1904/questions-rsd/ch01.htm

[86] **لینین ، نەخۆشی چەپڕەوی منداڵانە لە کۆمۆنیزمدا** https://www.marxists.org/arabic/archive/lenin/1920-lwc/05.htm

هیچ جیاوازیەکی نیە، وە بە جیاوازی دانان لە نێوان ئەمانەدا دەڵی؛ " ئەمە تێکەڵوپێکەڵی فکریە."[87]

لەوەڵامی سپارتاکیستەکانی ئەڵمانیا و ڕۆزا لۆکسمبورگدا کە ڕەخنە لەم تێڕوانینە دەگرن ، لینین دەڵێ "ئەم پرسیارە دێتە خەیاڵ : کێ دەبێ بە دیکتاتۆریەت هەڵبسێ ؛ حزبی کۆمۆنیست یان چینی کرێکار..ئایا دەبێ بەشێوەیەکی مەبدەئی کاربکەین بۆ دیکتاتۆریەتی حزبی کۆمۆنیست یان دیکتاتۆریەتی چینی کرێکار."[88]

بەپێی تیورێەکەی سەرەوەی لینین کۆمەڵگە دابەش بووە بەسەر چینەکاندا و چینەکانیش بەسەر حزبەکاندا و حزبەکانیش بەسەر گروپێکی سەرکردەی نەگۆڕدا. هەربۆیە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا واتە دیکتاتۆریەتی حزب و دیکتاتۆریەتی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش دیکتاتۆریەتی سکرتێر و لیدەری حزب. ئەمە تیۆری جێنشینی لینینە، حزبی کۆمۆنیست جێنشین و نوێنەری چینی کرێکارە. هەربۆیە دیکتاتۆریەت و بڕیار وسیاسەتەکانی حزبی کۆمۆنیست واتە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و بەشداری سیاسی و بڕیاری ئەو چینە.

لێرەوە جیاوازی نێوان بنەماکانی ئینتەرناسیونالی کرێکاران لەگەڵ ئەم تیۆری جێ نشینیەی حزبی بەلشەفیدا ڕۆشن دەبێتەوە. ئیتر حزب نەک هەموو چینی کرێکاری ڕێکخراو نیە، بەڵکو جێگر و نوێنەری ئەوە، وە دیکتاتۆریەتی ئەم بەشە کۆمۆنیستەش هەمان دیکتاتۆریەتی چینەکەیە. واتە مۆدیلی دەوڵەت بریتیە لە مۆدێلی دەوڵەتێکی تاک حزبی، کە لە جێگای چینی کرێکار حوکم دەکا و ئەم

---

[87] هەمان سەرچاوە

[88] لینین ، نەخۆشی چەپرەوی منداڵانە لە کۆمۆنیزمدا
https://www.marxists.org/arabic/archive/lenin/1920-lwc/05.htm

دەستەی حوکمڕانەش جێگیرن و بەپێی سەنترالیزمێک کاردەکەن کە دەسەڵاتی نوخبە و تاکە کەسی سەرکردە دەکاتە مۆدیلی حوکمڕانی و سیستمی سیاسی.

بۆ ئەوەی پێویستی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لە تیۆری حزبی سیاسی بناسین، پێویستە بچینە سەر لێکدانەوە لە مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و کارکردی ئەم حزبە لەکاتی دەسەڵاتدا لە بواری سیاسی و ئابوریدا. لێرەوە دەزانین بۆچی فۆرمی بەلشەفی بەرەو بیرۆکراتیزم و جێبەجێکردنی بەرنامەی سەرمایەداری دەوڵەتی چوو؟ وە دەزانین کە چۆن بنەما و کارەکتەرە سێکتاریستیەکانی بەلشەفی چۆن بوونە ڕۆحی دەوڵەتێکی تاک حزبی و دیکتاتۆری نوخبە و تاکەکەسی، وە بوون بە بنەمای پەیڕەوکردن لە بەرنامەی موڵکایەتی دەوڵەتی و سەرمایەداری دەوڵەتی؟

بەڵام پێش ئەوە گرنگە شرۆڤەیەکی ئەم بۆچوونەی لینین لەسەر حزب بکەین و بزانین ئەم بەلشەفیزمە چ جیاوازیەکی ڕیشەیی لەگەڵ حزبی کرێکاریدا هەیە.

بنەمای یەکەم کە بەلشەفیزم گۆڕی ئەوەبوو، کە چیتر حزب بریتی نەبوو لە هەموو چینی کرێکار و خەباتی سەرجەم ئەم چینەشی لەخۆدا ڕەنگ نەدەدایەوە، بەڵکو تەنیا ئەو مەیل و بەشەی لە کرێکاران نیشان دەدا کە بەدەوری بەرنامەیەکی حزبیدا کۆبوبوونەوە و پەیڕەویان لەیەک ناوەند و دەستەیەک لە ڕابەران دەکرد. ئەمە بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەو بنەمایە بوو کە مانیفیستی کۆمۆنیست ڕایگەیاندبوو کە "کۆمۆنیستەکان حزبێکی جیاواز لەبەرامبەر حزبەکانی چینی کرێکار دروست ناکەن، یان کۆمەڵیک بنەمای سیکتاریستی تایبەت بە خۆیان دانانێن کە بزوتنەوەی کرێکاران لەو شکڵ و قاڵبە بدات".

بەتایبەتیش لەگەڵ ئەو بنەمایەی ئینتەرناسیونالی یەکەمدا ناکۆک بوو کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد و دەڵێ "ئەبێ هەڵەکانی دابەشبوونی پێشووی نێوبزوتنەوەی کرێکاری دووبارە نەکرێنەوە و داوای یەکگرتنی خێرای هەموو بەشە دابڕاوەکانی

بزوتنەوەی کرێکاری بکرێ." بەلشەفیزم ئەم هەڵەیەی دووبارە کردەوە بەوەی حزبی تەنیا وەک بەشێک و گروپێکی دیاریکراو کە خاوەن بەرنامەیەکی دیاریکراوە دەناساند، وە مامەڵەی حزبی وەک یەکگرتنی هەموو بەشەکانی بزوتنەوەی کرێکاریی نەدەکرد. بەپێچەوانەی بڕیارنامەکەی ١٨٧١ی ئینتەرناسیونال کە " حزب بۆ یەکگرتوو کردنی هەموو چینە موڵکدارەکان و سەرمایەدارانە" و " بۆ یەکگرتوو کردنی خەباتی ئابوری و سیاسی هەموو چینەکەیە دژی سەرمایەداران و حکومەتەکەیان."

بابزانین ئەم جیاوازیانەی بەلشەفیزم لەگەڵ ئینتەرناسیونالی کرێکاران و مارکسدا لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

ئەم لێکدانەوەی لینین لە حزب لە زانستێکەوە سەرچاوەی گرتووە کە بۆ ڕۆشنکردنەوەی پێویستی و چۆنیەتی کاری حزبی بورژوازی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ڕاستە، نەک بۆ حزبێکی کرێکاری، کە فەلسەفە وبنەماکانی بوون و کارکردنی پێچەوانەی حزبێکی بورژوازیە. بابزانین ئەم پێناسە لینینیە بۆ حزب کە بریتیە لە پلەکانی "جەماوەر– چین– حزب — سەرکردە" ، یان ئەوەی" چینەکە حزبە و حزبیش سەرکردەیە" ، بۆچی لای چینی کرێکار "ئەلف و بایەکی" جیاوازە؟

حزبی بورژوازی، کە نوێنەری توێژێکە لە چینی بورژوازی، دەتوانی ئەم پێناسەیەی بۆ بکەی و پێی بڵێی کە گروپێکی تەقریبەن جێگرن. چونکە حزبە جۆراوجۆرە بورژوازیەکان بەرئەنجامی ململانێی توێژەکانی سەرمایەن کە لە نێو ئەم چینەدا بەهۆی چڕ بوونەوەی کەڵەکەی سەرمایەوە بەرژوەندی جیاواز و دژ بەیەکیان هەیە. چینی بورژوازی لەسەر بنەمای کەڵەکەی سەرمایە و پاراستنی سیستمی سەرمایەداری پەیوەندیەکانی ناوخۆی چینەکە ڕێک دەخا. بێگومان ئەم پەیوەندیانە لە ناکۆکیەکی بەردەوامی نیوان توێژەکانی سەرمایەدایە، کە پرۆسەی چڕ بوونەوەی سەرمایە لەدەستی کەمایەتیەکی چینەکەدا، واتە سەرکردەکان، وە تێکشکانی بەرەبەرەی

سەرمایەدارە بچوکەکان وەک یاسایەک چارەنووسی هەموو ململانێ فکری و سیاسی و ئابوریەکانی نێو ئەم چینە دیاری دەکا.

هەربۆیە ئەگەر چی بە گشتی هەموو ئەم حزبە بورژوازیانە پارێزەری سیستمی سەرمایەداری و کۆیلایەتی هێزی کاری کرێکارانن، بەڵام ئەم حزبانە لەنێوخۆیاندا هەندێ جار دەچنە شەڕی سەرومالّی لەگەڵ یەکتردا.

لەنیو چینی کرێکاردا یاسای کەڵەکەی سەرمایە و قازانج دەور ناگێڕێ لە ڕێکخستنی ناوخۆیی ئەم چینەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە یاسایەک کە پەیوەندی ناوخۆی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار دیاری دەکا بریتیە لە خەبات و هاوپشتی چینایەتی نێوان هەموو کرێکاران بۆ گۆڕینی سیستمی ململانێی سەرمایەداری. ئەمەش پێویستی بە یەکڕیزی و کاری هەرەوەزی و پێکەوەیی هەموو چینی کرێکارە. لێرەوە جیاوازی بنەڕەتی لە شێوەی حزب و کاری حزبی لای کرێکاران دروست دەکا کە جیاوازە لە حزبی بورژوازی. هیچ بەرژەوەندیەکی جیاوازی ئابوری و ململانێیەک لە نێو کرێکاراندا نیە لەسەر چۆنیەتی دەستگرتن بەسەر کار و بەرهەم و سامانی کەسانی تردا تا پێویست بە پێشبڕکێ و شەڕی سیاسی و سەربازی بکا. هەربۆیە دروستبوونی "حزب و سێکتە جێگیرەکان و سەرکردە نەگۆڕەکان" یاسای زاڵ بەسەر گەشەی سیاسی خەباتی چینایەتی کرێکاراندا نیە. هیچ ئەنجامگیریەکی لەم جۆرە کە ، "چینەکە حزبە و حزبیش سەرکردەیە"، بەو چەشنەی لای بورژوازی یاسایەکی سادەیە لای چینی کرێکار ناتوانێ سازگاربێ، مەگەر ئەوەی ئەم حزبە کرێکاریە ببێتە حزبێکی بیرۆکراتی و لەکاتی بەدەسەڵات گەیشتنیشیدا بگۆڕێ بۆ حزبێکی بورژوازی کەمینە.

بەپێچەوانەوە کرێکاران لەناو یەکتردا بەرژەوەندیان لە یەکگرتوو بون و نەهێشتنی ناکۆکیەکاندایە، لەبەرئەوەی ڕێگەیان لێدەگرێ وەک هێزێک بتوانن چەوسێنەران لەدەسەڵات بخەن. ئەمە باسی ڕزگاربوونی چینێکە بە هەموو پێکهاتە و بەشەکانی

و دابەش بوونی بەسەر ولات و نەتەوە جیاکاندا. چینێک کە کۆمەڵگەیەکی نوێ بۆ ئینسان دروست دەکا نەک بۆ چین و دەستەیەکی دیاریکراو. لێرەدا هیچ باسێک لە ڕەوتێکی سیاسی و فکری نیە کە بەهۆی ئایدیۆلۆژیەکەیەوە دەتوانێ کۆمەڵگە بگۆڕێ و یان ئیمتیازی دروستکردنی دەوڵەتی بدرێ بە کۆمۆنیستەکان لەبەرئەوەی لەباری تیۆریەوە دەربڕی هەلومەرجی ڕزگاریی چینی کرێکارن.

هەربۆیە بەپێچەوانەی فۆرم و میکانیزمەکانی کاری حزبە سیاسیە بورژوازیەکانەوە حزبە کرێکاریەکان بریتی نین لە "چەند گروپێکی تەقریبەن جێگیر لە کەسانی زۆر ناسراو و بە نفوز و بە تەجروبەوە دەبرێنە پێش، کە پێیان دەڵێن سەرکردەکان."

گرامشی ئەمە زیاتر ڕووندەکاتەوە کە حزب و یەکێتی کرێکاری بریتین لە ڕێکخراوکردنی خواستی کۆلێکتیڤ و هاوبەشی چینی کرێکار، کە دەیانەوێ دنیای سەرمایەداری بگۆڕێ. ئەم خواستە هاوبەشە دروست نابێ ئەگەر جەماوەری ئەم چینە نەیەنە مەیدانی سیاسەتەوە. حزب ئەو ئامرازیە کە ئەم هاتنە مەیدانە ڕێک دەخا و چالاکی دەکا و جەماوەر ڕوناکبیر دەکا و ریفۆرمی مۆراڵی تیادا پێک دێنێ. بەڵام حزب نەک وەک توێژ و کاتیگۆریەکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو وەک چینێک کە دەیەوێ دەوڵەتێک دروست بکا. چین حزب دروست دەکا ، وەحزبەکان شەخسیەتی دەوڵەت و حکومەت پێک دێنن. حزب "ڕۆحی دەوڵەتە". ئایا پرۆسەی ئەم دروستبوونەی حزب چۆنە؟

هەموو چینێک ڕۆشنبیرانی خۆی هەیە. ئەمانە دەربڕینێکن لە گەشەی ستراکتۆری چینەکەیان و نوێنەرایەتی بەردەوامبونێکی مێژوویی دەکەن. ئەم کاتیگۆری و توێژی ڕۆشنبیرەی چینی کرێکار بە شێوەیەکی مێژوویی دروست دەبن، لە ژێرکاریگەری گشتی لە کۆمەڵگەدا و بەپێی هەلومەرجی دروستبوون، ژیان و گەشەی چینەکەوە، تا ئەرکی خۆیان نەک تەنیا لە بواری ئابوری، بەڵکو لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و

سیاسیشدا جێبەجێ بکەن، بەتایبەت لەوەڵامدانەوە بە مەسەلە ئاڵوزەکانی دەسەڵات پەیداکردنی چینەکە.

لەدرێژەی ئەم باسەدا کە چۆن گروپە جیاوازەکان دروست دەبن ؟ گرامشی دەڵێ؛ "دروستبوونی گروپە ڕۆشنبیرە کۆمۆنیستیەکان لە ناو چینی کرێکاردا کێشەیەکی ئاڵۆزە لە بەرئەوەی کە فۆرمی جۆراوجۆر وەردەگرن کە لە مێژووی ڕاستەقینەی شکڵگرتنی توێژ و کاتیگۆری جیاوازی ڕوناکبیرانی ئەم چینەوە هاتوون.

بەڵام خۆجیاکردنەوەی ئەم گروپانە وەک سێکتی جیاجیا بەمانای زاڵبوونی"سێکتاریزمە کە خۆی ناسیاسی بوونە". ئەم گروپانە ناتوانن حزبی سیاسی چینی کرێکار دروست بکەن تالەم سێکتانە ڕزگاریان نەبێ. حزبی سیاسی کرێکاری پێویستە بریتی بێت لە کۆکردنەوەی هەموو هەوڵ و گروپ و بەرنامە پراتیکیەکانی سەرتاسەری چینەکەی دژ بە دەسەڵاتی سەرمایەداری. حزب خۆی ووشیاربونەوە و گەشەکردنی ئەم خواستە کۆلێکتیڤ و هاوبەشەیە لەناو ئەم چینە و توێژە ڕوناکبیرەیدا. ئەم حزبە کاتێ لە کۆمەڵگەدا دەردەکەوێ کە "لێکدانەوەیەک لەسەر ستراکتۆری کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە هەبێ و نوێنەرانی هەوڵی خەبەرکردنەوەی ئەو خواستە هاوبەشە هەبێ و لە شکستەکانی ڕابردووی بکۆڵێتەوە" . هەروەها "کاتێک ئەم حزبە دەبیتە پێویستیەکی مێژوویی کە هەلومەرج بۆ "سەرکەوتن"، و بۆ گەشەی بوونی بە دەسەڵاتی دەوڵەتی، لانی کەم لە پرۆسەی دروستبووندا بێت. وە ئەم دۆخە ڕێگە بە گۆڕان وئیڤۆلوشنی ئایندەی بدا و ئەم پێشکەوتنانە بەچاو ببینرێ".

تێگەیشتنی مارکس و ئەنگلس لەم تێگەیشتنە بەرتەسک و سیکتاریستیە جیاواز بووە کە تا ئێستا زاڵە بەسەر هەموو بەشانەی بەناوی مارکسیزم، لینینزم، ترۆتسکیزم، ماویزم و حیکمەتیزم و هتد لەسەدەی ٢٠و تائێستاش هەرلەو قاڵبانەدان.

ئەوان کۆمۆنیزمیان وا لێکداوەتەوە کە "ئامانج و مەیلە گشتیەکانی چینی کرێکار لە

دۆخی گشتی خۆیەوە سەرهەڵدەدا کە لەوێدا خۆی دەدۆزێتەوە . ئەم ئامانج و مەیلانە لە هەموو چینەکەدا پەیدا دەبێ، هەروەها بزوتنەوەکەی فۆرمی زۆر جۆراوجۆر لە سەریدا ڕەنگ دەداتەوە، کەم تا زۆر خەیاڵی یاخود کەم تا زۆر پەیوەندیدار بەو هەلومەرجەوە کە چینەکەی تێدایە ". 89

ئەمە زانستی ئاناتۆمی سیاسی چینی کرێکار و خەباتە چینایەتیەکەیەتی .

بە پێی ئەم زانستە حزبی کرێکاری سەرەڕای بەرنامە و ڕەوت و مەیلە جیاجیاکانی نێو چینی کرێکار دەتوانێ هەموو ئەم بەرنامە و مەیل و ڕابەرانە جۆراوجۆرانە لەیەک قاڵبی حزبیدا کۆبکاتەوە ، چونکە بنەمای پێویستی حزبی کرێکاری وەک ئینتەرناسیونالی کرێکاری دەڵێ " بۆ یەکگرتوو کردنی هەموو چینە کە دژی موڵکدارەکان و سەرمایەدارانە" و " بۆ یەکگرتوو کردنی خەباتی ئابوری و سیاسی هەموو چینەکەیە دژی سەرمایەداران و حکومەتەکەیان." کەواتە حزبی چینی کرێکار دەبێ هەموو ئەو گروپە سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەریانەی کرێکاران لە گشتێکدا دژ بە چینی بورژوازی و حکومەتەکەی کۆبکاتەوە لەبەرئەوەی کە "ئامانجی کۆتایی خەباتی سیاسی چینی کرێکار ڕزگاریی ئابوری کرێکارانە و هەموو بزوتنەوەیەکی سیاسی تەنیا دەبێ وەک وەسیلە چاوی لێ بکرێ"90

حزبی کرێکاری وەک ئەم ئامڕازە سیاسیە خۆی لەسەر بنەمای ململانێی مەیلەکان دروست نەبووە و ئامانجی یەکلاکردنەوەی ململانێی نێو چینی کرێکار نیە، وەک لە حزبی بورژوازیدا وایە. بەپێچەوانەوە حزب لێرەدا ئەرکی نەهێشتنی ئەو ناکۆکیانەی

---

89 گرامشی ، پەڕاوەکانی زیندان، سێکتاریزم و بیرۆکراتی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا
http://www.asokamal.com/index/?p=1577

90 **مارکس، ئینتەرناسیونالی کرێکاران، ١٨٦٤، بە زمانی ئینگلیزی** The International Workingmen's Association 1864General Rules, October 1864
https://www.marxists.org/…/in…/iwma/documents/1864/rules.htm

نێو چینی کرێکار و یەکگرتوو کردنی سەرجەم چینەکەیە و دواتریش کۆتایی هێنان بە خودی پێویستی حزب و دەسەڵاتی سیاسی حزبە لە کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیدا.

کێشەی بەلشەفیزم لەگەڵ ئەم بنەمایانەی ئینتەرناسیونالی کرێکاریدا لەوەشدایە کە ئەم فۆرمە بەلشەفیە لە حزب، تەنیا یەک بەش و زیاتریش نوخبەیەک لە ڕۆشنبیران بە خاوەنی حزب دەزانێ، کە بە بەرنامەیەک و هێڵێکی سیاسی خۆی لە باقی چینەکە جیادەکاتەوە. ئەم جیابونەوەیە بە مانای هێشتنەوەی حزبە وەک کەمایەتیەک و ئەم سێکتەش دواتر لەناو خودی حزبیشدا بەردەوام ڕوو لە چڕ بوونەوە لە دەستەیەکی هەڵبژێردراودا دەکا کە میکانیزمەکانی مانەوەی ئەم دەستەیە مسۆگەر دەکا. هەربۆیە لای لینین حزب لەکۆتاییدا بریتیە لە " گروپێکی تەقریبەن جێگیر لە کەسانی زۆر ناسراو و بە نفوز و بە تەجروبەوە دەبرێنە پێش، کە پێیان دەڵێن سەرکردەکان" نەک لە هەموو چینی کرێکار کە دەیەوێ کۆمەڵگەیەکی دوور لەدەسەڵاتی سیاسی کەمایەتی و نوخبە دامەزرێنێ.

هەربۆیە حزبی کەمایەتی بۆ حوکم کردن بەسەر چینی کرێکار و کۆمەڵگەدا بەناچاری فۆرمێکی بیرۆکراتیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ .

بیرۆکراتیزم حوکمی کەمایەتیە لە بنەڕەتدا و نیشانەی جیابونەوەی حزبە لە سەرجەم چینەکە. لە کاتێکدا حزب جێگای چینی کرێکار دەگرێتەوە و سەرکردەش جێگای حزب دەگرێتەوە، ئیتر حزب و سەرکردە وەک کەمایەتیەک حوکمی چینەکە دەکەن بەناوی نوێنەرایەتیەوە، ئەمە لە کۆتاییدا دەوڵەتێکی بیرۆکراتی و دیکتاتۆری فەردیش بەرهەم دەهێنێ.

هەربۆیە بیرۆکراتیزم لە دەوڵەتی سۆڤیەتدا بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتی ئابوری نەبوە، وەک مەنسور حیکمەت باسی دەکا [91]،بەڵکو بەرهەمی مۆدیلی سیاسی سۆشیالیزمی دەوڵەتی کە بەلشەفیزم نوێنەرایەتی دەکا و لەسەرەتاوە لە هەناوی حزبدا بووە و دواتر کە ئەم ڕۆحی دەوڵەتە دەبێتە دەوڵەتی بەلشەفی یەکسەر نیشانەکانی دەبینین.

هاوکات ئەم مۆدێلە لە حزبی کەمایەتی بە ناچاری سێکتاریستە و نوێنەری گروپێک و خەتێکە نەک هەموو چینەکە. مانەوەی ئەم توخمی سیکتاریزمە لە بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا خۆی نیشانەی ڕەنگدانەوەی نەبوونی ئەو وشیاریە چینایەتیەیە سەبارەت بە خواستی هاوبەشی کرێکاران، وە هەروەها بەمانای نەبوونی دۆخی سەرکەوتنە و دروستنەبوونی ئەو فشارەیە کە حزب دەکاتە پێویستی مێژوویی.

سێکتاریزم ڕوو لە مەحفەلیزم و گروپ چێتی دەکا و لە ناوخۆی حزب و لە ناو چینی کرێکاردا لەو قۆناغانەدا، کە بزوتنەوەکە توشی گۆڕانی هەلومەرجی دەرەوە دەبێ، ناتوانێ بەشێوەی فراکسیۆنی دەورەی ڕاگوزەر تێپەڕێنێ، تاکو دواتر لە ڕێگەی یەکێتی ئیرادە و سەنترالیزمێکی دیموکراتیەوە سەرجەم ئاستەکانی حزب و بزوتنەوەی کرێکاری وەک بزوتنەوەیەکی سەراسەری و یەکپارچە کۆبکاتەوە. بەگشتی کاتێک ئەم جیابوونەوە سێکتاریستیانە دەبێ لە ناو چینێکدا پێویستە ئەو"بنەما و مەبدەئە دیاریکراوەکانە چاک بکرێ" کە زاڵن و دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ئەم سێکتاریزمە.

---

91 مەنسوور حیکمەت هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت
http://hekmat.public-archive.net/

لێرەوە جیاوازی نێوان خۆدیسپلینی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ لەگەڵ دیسپلینی بیرۆکراتی لینین تێدەگەین.

ئەم حزبە سێکتاریستە نەک وەک " ڕێکخراوکردنی خواستی کۆلێکتیڤ و هاوبەشی چینی کرێکارە، کە دەیەوێ دنیای سەرمایەداری بگۆڕێ. " بەڵکو وەک توێژ و کاتیگۆریەکی کۆمەڵایەتی کە سێکتێکی تایبەت بە خۆی هەیە و دیسپلینێکی دیاریکراوی هەیە کاردەکا . خۆدیسپلینیەک کە کرێکار لە خەباتی چینایەتیەوە فێری دەبێ و پشت ئەستورە بە ئامانجی کۆمەڵایەتی گۆڕینی کۆمەڵگەی ئینسانی ، لەم حزبەدا جێگای نیە و لە جیاتی ئەو دیسپلینی کوێرانەی سەربازی جێگای دەگرێتەوە.

بیرۆکراتیەت لەگەڵ ئەم سێکتاریزمەدا دوانەن و تەواوکەری یەکترن. کاتێک سێکتاریزم دەبێتە قاڵبی حزب و بزوتنەوەیەک ئەوا میکانیزمی کارکردنی ئەم حزب و گروپە بیرۆکراتیانە دەبێ. کێشانی ئەو سنورانەی کە حزب و گروپەکە خۆیان لە یەکتری پێ جیادەکەنەوە دەبێتە شێوازی جیابونەوەی ئەم گروپی ڕۆشنبیرانە لە چینەکەش. لەم حاڵەتەدا کە لیدەرەکان و جەماوەر هاوئاهەنگ نابن ئەوا "ڕابەرەکان" توشی شەلەل دەبن و حاشیەیی دەبن. "لە نەبوونی پەیوەندی ئۆرگانی لە نێوان ڕوناکبیران و جەماوەری کرێکاراندا یان کورتکردنەوەی ئەم پەیوەندیە بۆ پەیوەندی بیرۆکراتی "ڕابەری" بە "ئەندامانەوە"، ئەم ڕوناکبیر و ڕابەرانە دەبنە تاقم و دەستەیەک کە خۆیان بە "سەربەخۆ" لە چین دەزانن و خۆیان "بەدەوڵەت" دەزانن. هەربۆیە توشی کاردۆنیزم دێن، واتە هەوڵنەدانی لیدەر بۆ قەناعەت پێکردنی ئەو کەسانەی لیدەریان دەکا و داوای دیسپلین و ملکەچیان لێ دەکات بەبێ نیشاندانی عەقلانیەت. لە کاتێکدا لە حزبی کرێکاریدا ئەبێ لە گروپی لیدەری بپرسرێتەوە، نەک ملکەچی بێت. ئەمە جیاوازی فەلسەفەی حزبی کرێکاریە لە حزبی بورژوازی کە سەرەوە خزمەت دەکا نەک سەروەر بێت.

له کتێبی "میری مۆدێرن"دا گرامشی، باسی سەنترالیزمی دیموکراتیک وەک پێچەوانەی سەنترالیزمی بیرۆکراتیک دەکا. ئەو باسی پەیوەندی "ئۆرگانیکی" بەشەکانی حزب دەکا، نەک دابەشکردنی پۆستەکانی ڕابەری و ئەندام و ملکەچی خوارەوە بۆسەرەوە. سەنترالیزم له بزوتنەوەی کرێکاریدا "مانای جێگیرکردنی بەردەوامیە له ڕێکخراوکردنی بزوتنەوە ڕاستەقینەکەدا، وەک یەک بوونی ئەو هێزەی خوارەوەیە لەگەڵ بڕیارەکان کە لە سەرەوەیە، بەشداری بەردەوامی ئەو توخمانەیە کە لە خوار پلەدارەکانەوە دێن و بەرزکردنەوەی ئەم توخمانەی خوارەوەیە لە چوارچێوەی دەزگای لیدەرشیپی کە زەمانەتی بەردەوامی و کۆکردنەوەی ڕێکوپێکی تەجروبەکان دەکا". ئەمە نمونەی "ڕۆحی دەوڵەت"ی کاتی کرێکارانە کە لە حزبی کرێکاریدا خۆی وەکو ئەنتی تێزی حزبی بیرۆکراتی بورژوازی نیشان دەدا ، پێمان دەڵێ کە چۆن چینی کرێکار لە ئێستاوە لە قوتابخانەی حزبدا خۆی ڕادەهێنێ لەسەر دژایەتی بیرۆکراتی "فەرمانبەرانی دەوڵەت" و هەڵوەشانەوەی حزب و دەوڵەت و بیرۆکراتیەتەکەی.

دواتر لە پراتیکی حزبی بەلشەفی لەکاتی دەسەڵاتدا ئەم ڕاستیە دەبینین کە "دەرکەوتنی بیروکراتی نیشانەی پڕبوونی گروپی لیدەرە کە دەبێتە هێزێکی محافەزەکار و داخراو کە لەدایک بوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن دەخنکێنێ، هەرچەند ئەو هێزانە هاوئاهەنگیش بن لەگەڵ بەرژەوەندیە سەرەکیە زاڵەکانیشدا." هەربۆیە گرامشی بیروکراتیەت وەک خەتەرترین پەیوەندی شاراوە باس دەکا و وەک هوبسبام دەڵێ "گرامشی ئاگاداربووە لە خەتەری بیرۆکراتی و مەرکەزیەتی بیرۆکراتی و دژی گەشەی ستالینی بووە لە سۆڤیەتدا و ئەمە کێشەی لە زینداندا بۆ دروست کردووە. ئەمە هەمان ئەو هوشداریانەیە کە مارکس دەیدات کاتێک دەڵێت "چینی کرێکار دەبێ خۆی لە نوێنەرانەکانی و فەرمانبەرەکانی بپارێزێ" و فێرمان دەکا کە حزب و

سیاسەت ئامرازن بەدەست چینی کرێکارەوە بۆ ئامانجی کۆتایی هێنان بە چەوسانەوەی سەرمایەداری و جیاوازی چینایەتی و هەرکات ئەم ئامرازانە پیرۆزکران ئەوا بزانن کە ئامانجەکە لە پیرۆزی کەوتووە.

بەرۆشن بوونەوەی ئەم گۆڕانکاریانەی بەلشەفیزم بەسەر مۆدیلی حزبی کرێکاری جێگا مەبەستی ئینتەرناسیونالی یەکەمی کرێکاراندا هێنای ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کێشەی مۆدیلی بەلشەفی، تەنیا ستالین نیە، وەک ترۆتسکی و تۆنی کلێف دەڵێن، یان "نەبوونی بەرنامەی ئابوری نیە" وەک مەنسور حیکمەت دەڵێ، بەڵکو مۆدیلی ئەو سۆشیالیزمە دەوڵەتیە یە کە خۆی لە حزب و دەوڵەت و ئابوریدا وەک پاکێجێک نیشان دەدا. هەربۆیە وەک لەسەرەتاوە ووتمان پێویستە بچینە سەر لێکدانەوە لە مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و کارکردی ئەم مۆدێلی بەلشەفی لەکاتی دەسەڵاتدا لە بواری سیاسی و ئابوریدا و لێرەوە دەزانین بۆچی فۆرمی سۆشیالیزمی بەلشەفی بەرەو بیرۆکراتیزم و جێبەجێکردنی بەرنامەی سەرمایەداری دەوڵەتی چوو. کە لەبەشەکانی داهاتودا درێژە بە شرۆڤەی مۆدیلی سیاسی و ئابوری بەلشەفی دەدەین بۆ تێگەیشتن لە سەرجەم ڕەهەندەکانی ئەم مۆدیلەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی.

ئەوەی ئەنجامگیریی ئەم بەشەیە گەڕانەوەیە بۆ ئەو بنەمایەی ئینتەرناسیونالی یەکەمی کرێکاران لەسەر پیویستی بوونی حزبە کرێکاریەکان وەک حزبی هەموو چینەکە و کارکردنی ئەم حزبە بۆ یەکخستنی خەباتی سیاسی و ئابوری دژی سەرمایەداران و گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن هەموو چینی کرێکارەوە بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی ئابوری و نەهێشتنی چینەکان و کۆمەڵگەی چینایەتی. ئەم مۆدێلە لە حزبی کرێکاری دەتوانێ وەڵامی ئەو هەموو دابەشکردن و جیابونەوانە و لەیەکتر دابڕانە بداتەوە کە ئێستا ڕیزەکانی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستەکان

دەرگیرین و خستونیەتە پەراوێزی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خەباتی چینایەتی کرێکارانی لاوازکردوە.

بەتایبەت ئەم باسە لەم دەورانە شۆڕشگێڕانەی جیهانی ئەمڕۆدا چارەنووسی ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەی ئێستای دژی نیولیبرالیزم و سەرمایەداری گلۆباڵ دیاری دەکا بەوەی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی دەبنە هێزێکی کۆمەڵایەتی خاوەن هەژمونی سیاسی و حزبی کە وەک بەدیلی سەرمایەداری جارێکی تر هێزی چینایەتی خۆیان نمایش بکەن یان هێشتا درێژە بە مێژووی مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی شکستخواردووی سەدەی ٢٠ و بەلشەفیزم دەدەین؟ ئەمە ئەو ڕەخنەیەیە کە دەبێ بەپراتیکی لە خۆمانی بگرین تا بتوانین لەم پاژنەی ئەکیلیز (ئەشیل) Achilles_heel[92] سێکتاریزم ڕزگاربین.

---

[92] https://en.wikipedia.org/wiki/Achilles%27_heel

# ١٤

# مۆدیلی سیاسی دەسەڵاتی بەلشەفیزم چیە؟

## ناکۆکی نێوان دیکتاتۆریەتی حزب و هەموو دەسەڵات بۆ شوراکان

له کاتی دەسەڵاتدا مۆدیلی حزب لەبواری پراتیکی چینایەتی و کۆمەڵایەتیدا بەتەواوی دەردەکەوێ. تیۆری جێنشینی حزب له جێگای چینی کرێکار، که لەلایەن لینین هێنرایه ئارا، له شۆڕشی ئۆکتۆبەردا کاتێ بەلشەفیەکان دەسەڵاتیان گرت بەتەواوەتی جێبەجێ کرا. به پێی ئەم تیۆریه دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بوو به دیکتاتۆریەتی حزب، چونکه بەلای لینینەوە، حزب و چینەکه دوو شتی جیاواز نین، هەربۆیه جێنشینی حزب له جێگای چینی کرێکار، وە دیکتاتۆری بەلشەفیەکان لەجێگای دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لای ئەو ڕەوایەتی هەیە.

لەوەڵامی سپارتاکیستەکانی ئەڵمانیا و ڕۆزا لۆکسمبۆرگدا، که ڕەخنه لەم تێڕوانینه دەگرن ، لینین دەڵێ" ئەم پرسیاره دێته خەیاڵ : کێ دەبێ به دیکتاتۆریەت هەڵبسێ ؛ حزبی کۆمۆنیست یان چینی کرێکار؟..ئایا دەبێ بەشێوەیەکی مەبدەئی کاربکەین بۆ دیکتاتۆریەتی حزبی کۆمۆنیست یان دیکتاتۆریەتی چینی کرێکار؟."[93]

---

[93] لینین ، نەخۆشی چەپرەوی منداڵانە لە کۆمۆنیزمدا ، بە زمانی عەرەبی.
https://www.marxists.org/arabic/archive/lenin/1920-lwc/05.htm

بەڕای لینین ئەم پرسیارە جگە لە تێکەڵوپێکەڵی فکری شتێکی تر نییە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە بنەمای مۆدیلی سیاسی دەسەڵاتە لای بەلشەفیزم. بەپێی تیوریێەکەی سەرەوەی لینین کۆمەڵگە دابەش بووە بەسەر چینەکاندا و چینەکانیش بەسەر حزبەکاندا و حزبەکانیش بەسەر گروپێکی سەرکردەی نەگۆڕدا. هەربۆیە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا واتە دیکتاتۆریەتی حزب و دیکتاتۆریەتی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش دیکتاتۆریەتی سکرتێر و لیدەری حزب. ئەمە تیۆری جێنشینی لینینە، حزبی کۆمۆنیست جێنشین و نوێنەری چینی کرێکارە. هەربۆیە دیکتاتۆریەت و بڕیار وسیاسەتەکانی حزبی کۆمۆنیست واتە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و بەشداری سیاسی و بڕیاری ئەو چینە.

بەم پێیە مۆدیلی سیاسی دەسەلات لای بەلشەفیزم بریتیە لە دیکتاتۆری حزبێک کە بەناوی پرۆلیتاریاوە حوکم دەکا. واتە نەک حوکمی ڕاستەوخۆی چینێک بەڵکو حوکمی ڕاستەوخۆی حزبێک. بەڵام ئەگەر وایە دروشمی "هەموو دەسەڵاتێک بۆ شوراکان" ی شۆڕشی ئۆکتۆبەر چی لێهات؟ بەپێی تیوری جێنشینی، حزب نوێنەری چینی کرێکارە کەواتە بۆچی شوراکان پێویستە و دیکتاتۆریەتی حزب چی لێ دێت ئەگەر شوراکان هەموو دەسەڵاتێک بن؟ ئایا ئەم دوو قوتبیەی دەسەڵاتدارێتی حزب و شورا چۆن چارەسەر کرا لە سۆڤیەتدا؟

لە سیستمی دیکتاتۆریەتی حزبی بەلشەفیدا شوراکان لەڕێگەی سیستەمێکی هەڵبژاردنەوە نوێنەرانێک هەڵدەبژێرن کە ئەوان دەبن بە نوێنەری چینەکە لە دەسەڵاتدا. بەڵام لەهەمان کاتدا لەم سیستمەدا حزب، کە تەنیا حزبی نوێنەری چینی کرێکارە و بەو پێیەش کە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ چینی کرێکاردا نیە، خۆی دەبێتە نوێنەری ئەم چینە. لێرەدا ئەگەر شوراش ببێتە نوێنەری چینەکە، ئیتر حزب دەکەوێتە ناکۆکی لەگەڵ شورادا. چونکە ئەم دوو نوێنەرایەتیە نابێ. دەبێ تەنیا

لایەک نوێنەر و دەسەڵاتداربێ. یاخود دەبێ لە شورادا جگە لە حزبی بەلشەفی هیچ نوێنەرێکی تر نەبێ. یاخود دەبێ لە کۆتاییدا نوێنەری شورا لەژێر دەسەڵاتی حزبدا بێ و نوێنەرە ناحزبیەکان دەسەڵاتیان نەبێ، تاکو بتوانرێ نوێنەرایەتی حزب و دیکتاتۆریەتی حزب هەمان شت بن، وە دیکتاتۆریەتی حزب ناکۆک نەبێ بە دیکتاتۆریەتی نوێنەرانەی شورا کە دژ بە حزبی بەلشەفین یان ناکۆکن لەگەڵیدا. چونکە ئەگەر لە شوراکاندا نوێنەرانی حزب قبوڵ نەکران ئەوکاتە چی لە دیکتاتۆریەتی حزب و تیۆری نوێنەرایەتی وجێنشینی حزب لە جێگای چینی کرێکار دێت؟

ئەمە ئەو کێشەیە بوو کە سیستمی سیاسی بەلشەفیکی لەگەڵ سیستمی شورایی و نوێنەرایەتی ڕاستەوخۆی کرێکاران و جوتیاران و سەربازاندا هەیبوو. بڕیار بوو سیستمی بەلشەفی سیستمی سیاسی سەرمایەداری هەڵوەشێنێتەوە و لە جێگای دەزگای نوێنەرایەتی کەمینە دەزگای ئیداری کۆمەڵگە بەشێوەیەک بێت کە هەموو بەشداربن تیایدا و کاروباری دەوڵەت ببێتە کارێکی ئیداری ناسیاسی کە هەموو هاوڵاتیەک بتوانێ بەشداری تێدابکا، نەک ببێتە ئیمتیازی حزبێکی سیاسی دیاریکراو کە دەسەڵاتی کەمایەتی خۆی بەناوی نوێنەرایەتی چینەکەوە بسەپێنێ.

حزبی کرێکاری ئەو قوتابخانەیەیە کە کرێکاران تیایدا فێردەبن کە چۆن خۆیان ئیدارەی کۆمەڵگە بگرنە دەست، تا چیتر هۆیەکانی بەرهەمهێنان بەدەست کەمایەتیەکەوە نەبێ، کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی زۆربەی کۆمەڵگە بکاتە کۆیلەی کرێ. ئەم حزبە لەکاتی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیدا جیاوازی بنەڕەتی خۆی لە بورژوازی وەک کەمینەیەک بەوە نیشان دەدا کە دەسەڵات دەکاتە موڵکی گشتی و ڕێگە بە پاوانکردنی دەسەڵات نادات لەلایەن کەمینەیەکی حزبیەوە. لەم پێناوەشدا پێویستی بەفراوانکردنەوەی ڕیزەکانی حزب و ڕێکخراوە کرێکاریە

جەماوەریەکان و ئەو دامودەزگایانەیە کە جەماوەر لەڕێگەیەوە ئیدارەی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگە دەگرنە دەست و پێویستیان بە بوونی کەمایەتی و نوخبەیەکی سیاسی نامێنێ بۆ ئەوەی لە جێگای ئەوان و بەناوی نوێنەرایەتی ئەوانەوە حوکم بکا. ئەمە پێی دەوترێت دیکتاتۆری چینێک واتە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. ئەمە ناوەرۆکی شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە کە چینی کرێکار تیایدا دامودەزگاکانی نوێنەرایەتی ناڕاستەوخۆی پێشوو هەڵدەوەشێنێتەوە و ئیدارەی ڕاستەخۆ و خۆبەڕێوەبەری ڕاستەوخۆ دادەمەزرێنێ .

لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا کۆنگرەی شوراکان کە زۆرایەتی بەلشەفیەکان بوون گواستنەوەی دەسەڵاتی بۆ شورای کرێکاران و سەربازان و جوتیاران پەسەند کرد. سەرەتا حزبی بەلشەفیک و باڵی چەپی سۆشیال شۆڕشگێڕەکان حکومەتیان پێک هێنا و دواتر کۆنگرەی شوراکان ئەم نوێنەرانەی بەڕەسمی ناسی. بەڵام دوای ئەمە کاری شوراکان وەک دەسەڵاتی باڵا تەواو بوو و حکومەتی بەلشەفیەکان بووە دەسەڵاتی باڵا و شوراکان بوونە جۆرێک لە پەرلەمان، کە تەنیا جیاوازیان لەوێدا بوو کە لە خوارەوەش وەک ئۆرگانی لۆکاڵی هەبوون. ئیتر سیستمی شورایی بوو بە هەمان سیستمی هەڵبژاردنی نوێنەران و ئەم نوێنەرانەش لە سیستمی دەسەڵاتداری حزبدا جێگەوڕێگەیان دیاری دەکرا و لەژێر فەرمانی حزبدا بوون و نەک لە ژێر فەرمانی ئەو کەسانەی هەڵیان بژاردبوون.

بەم پێیە نوێنەرانی شورا و شوراکان دەبوونە دەزگایەکی شەرعیەتپێدانی دەسەڵاتداریێتی حزب و حزبیش بەپێی ئەوەی خۆی نوێنەری چینەکەیە دەیتوانی جێگای ئەم نوێنەرانە لە دەسەڵاتدا دیاری بکا، نەک نوێنەرانی شورا جێگەی حزب لە دەسەڵاتدا دیاری بکەن. حزب وەک جێگرەوەی شورا و چینەکە خۆی بڕیاری لەسەر هەموو شتێک دەدا بەپێی ئەو شەرعیەتەی کە تیۆری "دیکتاتۆری حزب هەمان

دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە" پێی دابوو. بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕە لە شۆڕشی چینێکەوە بەرەو دەسەڵاتی تاکڕەوانەی حزبێک، لە پرۆسەیەکدا جێبەجێکرا و کارێکی یەکسەر و کتوپڕ نەبوو. گۆڕان لەوەی شورای چەکداری کرێکاری و سەربازی و جوتیاری هەبوو و وە کۆمیتەکانی کارگە و مانگرتنی کرێکاران و فراکسیۆنی ناو حزب و نارەزایەتی سەندیکا کرێکاریەکان بەدژی ئەم تیۆریەی کورتکردنەوەی دەسەڵات لەدەستی نوخبەیەکی حزبیدا بە پرۆسەیەکی ململانێی سیاسی و فکری و سەرکوتی ئازادیەکاندا تێپەڕی. لێرەدا چەند نمونە لەم ململانێ و کێشمەکێشە لە سۆڤیەت و ناو حزبی بەلشەفیدا دێنینەوە.

سەرەتا ڕۆزا لۆکسمبۆرگ لە ساڵی ١٩١٨یشدا وەڵامی ئەم "تیۆری جێنشینیەی حزب" و "دیکتاتۆری حزب لە جێگای دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" و "پەیوەندی سۆشیالیزم بە ئازادیە سیاسەکانەوە" بەم شێوەیە دەداتەوە لە وتاری "شۆڕشی ڕوسیا" دا دەڵێ:[94]

سۆشیالیزم شتێکی سیاسیە لە کاراکتەردا، هەروەها ئابوری و ژیانی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە. هەموو جەماوەر دەبێ بەشداری بکا. ئەگینا سۆشیالیزم دەبێتە بڕیاردەرکردن لە پشتی چەند مێزێکی ڕەسمیەوە لەلایەن دەرزەنێک ڕوناکبیرەوە. لینین . بەتەواوەتی بەهەڵە مانای شتەکان جێبەجێ دەکا. بڕیار، هێزی دیکتاتۆری چاودێری کارگە، سزای وەحشیانە، حوکمڕانی لەڕێگای تیرۆرەوە- هەموو ئەم شتانە تەنیا ئازارشکێنە. تەنیا ڕێگایەک بۆ لەدایکبونێکی سەرلەنوێ بریتیە لە قوتابخانەی

---

[94] ڕۆزا لۆکسمبورگ ، شۆڕشی ڕوسیا، بەشی شەش، (پەرەگرافی ١،٢و٣ )، کێشەکانی دیکتاتۆرشیپی،١٩١٨
https://www.marxists.org/archive/luxemburg/1918/russian-revolution/ch06.htm

ژیانی گشتی خۆی، کە بێ سنورترین و فراوانترین دیموکراسی و ڕای گشتی یە. حوکمڕانی بە تیرۆر تێکدانی ڕەوشتە.

بەبێ هەڵبژاردنی گشتی، بەبێ ئازادی ڕۆژنامەگەری و کۆبونەوەی ڕێگە لێ نەگیراو، بەبێ ئازادی ڕادەربڕین، ژیان دەمرێ لە هەموو دامەزراوەیەکی گشتیدا، ئەبێتە ڕوکەشێکی ڕوت، لەوێدا تەنیا بیرۆکراسی وەک توخمێکی چالاک دەمێنێتەوە. ژیانی گشتی بەشێوەیەکی پلەبەپلە خەوی لێدەکەوێ، چەند دەرزەنێک سەرکردەی حزب کە توانایەکی نەگۆڕ و تەجروبەی بەرتەسکیان هەیە کاربەڕێوەدەبەن و فەرمانڕەوایەتی دەکەن. لە نێویاندا، لەڕاستیدا تەنیا یەک دەستە سەروکەلەیان دیارە کە لیدەری دەکەن و نوخبەیەکیش لە چینی کرێکار بانگێشت دەکرێن جاربەجارێک بۆ کۆبونەوەکان کە لەوێن بۆ چەپڵەلێدان بۆ وتاردانەکانی لیدەرەکان، بۆ سەلماندنی ئەو بڕیارە پێشنیارکراوانە بە شێوەیەکی نادیار لە خوارەوە، ئیتر، کۆمەڵە مەسەلەیەک- دیکتاتۆریەتێک، ئەبێ دڵنیا بکرێتەوە، نەک دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، بەڵکو تەنیا دیکتاتۆریەتی دەستەیەکی سیاسی، ئەمە دیکتاتۆریەتە بەمانایەکی بورژوازی."

بێگومان هاوکات لەگەڵ ئەم قسانەی ڕۆزادا لە ناو حزبی کرێکاری بەلشەفی ڕوسیادا فراکسیۆنی جۆراوجۆر هەمان ڕەخنەیان لە مۆدیلی سیاسی حزب و دەوڵەتی بەلشەفی هەبوو، وە دەیانویست کە ڕێگە لەم لادانانەی حزب بگرن، لەوەی لە حزبێکی کرێکاریەوە بەرەو حزبێکی بورژوازی هەنگاوبنێ.

ئەلیکساندرا کۆلۆنتای لەساڵی ١٩٢١ دا لە گروپی "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری" ناو حزبی بەلشەفی لە وتاری "دەربارەی بیرۆکراسی و خود-چالاکی (Self-activity) جەماوەری" دا دەڵێ؛ "ئێمە ئازادی نادەین بە چالاکی چینایەتی، ئێمە لە ڕەخنە دەترسین، ئێمە وازمان هێناوە لەپشت بەستن بەجەماوەر: هەربۆیە ئێمە بیرۆکراسیمان لەگەڵدایە."

تەنانەت دەوری شوراکان و هەڵبژاردنی شوراییش نامێنێ و لە جێگایدا دەست نیشانکردنی پۆست لەلایەن حزبەوە جێگای دەگرێتەوە و لێرەدا کۆلۆنتای هاوار دەکا" دەستنیشانکردن تەنیا وەک کارێکی دەگمەن ڕیگە پێدراوە. بەم دواییانە ئەمە ئاشکرابووە وەک یاسایەک. دەستنیشانکردن کارەکتەری بیرۆکراسیە، وە ئێستا گشتی کراوە، یاسایی کراوە و باش — ڕێکخراوە کە ڕۆژانە دەردەکەوێ." 95

ترۆتسکیش لە کتێبی" شۆڕشی خیانەتلێکراو" ئەم واقعیەتەی کە لەنێو شوراکان و لەنێو حزبیشدا چینی کرێکار و حزب و فراکسیۆنە کرێکاری و جوتیاریەکان سەرکوت کران و قەدەغەکران باس دەکا و دەڵێ؛ "حزب لەسەرەتادا دەیویست کە ئازادی ململانێی سیاسی لە چوارچێوەی شوراکاندا بپارێزێ. بەڵام شەڕی ناوخۆ لێدانێکی کوشندەی دا لەم ویستە، حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان، یەک بەدوای ئەوی تردا قەدەغەکران، وە سەرکردەکانی بەلشەفی ئەم ڕێکارانەی دژی ئایدیای دیموکراسی شورایی بوو وەک پێویستیەکی کاتی بۆ بەرگری دەبینیەوە، نەک بڕیارێکی مەبدەئی. دواتر کاتێ ڕاپەڕینی کروتشتادت بوو کە ژمارەیەکی تاڕادەیەک باشی بەلشەفیەکانیشی لەگەڵ بوو، کۆنگرەی دەیەمی حزب بڕیاری هەڵوەشانەوەی فراکسیۆنی دا.. تیوریەکی تریش لەپاڵ "تیۆری سۆشیالیزم لە تەنیا وڵاتێکدا "داڕێژرا، تیۆریەکی تر بە قازانجی بیرۆکراسی، ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی هەموو شتێکە بۆ بەلشەفیەکان، بەڵام حزب هیچ نیە." 96

---

95 ئەلەکساندرا کۆلۆنتای، سەبارەت بە بیرۆکراسی و خودچالاکی جەماوەر، ١٩٢١، https://marxists.catbull.com/archive/kollonta/1921/workers-opposition/ch03.htm

96 ترۆتسکی،کتێبی "شۆڕشی خیانەتلێکراو
" https://www.marxists.org/arabic/archive/trotsky/1936-rb/ch05.htm

ئەم سێ نمونانەی ڕۆزا و کۆلۆنتای و ترۆتسکی لە شاهیدەکانی مۆدیلی سیاسی دەوڵەتی بەلشەفی نیشانمان دەدا کە چۆن دیکتاتۆریەتی حزبی ناکۆکە بەو تێڕوانینانەی مارکس و ئەنگلس، کە لینین خۆی لە کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش"دا لەسەر دەوڵەتی کرێکاری هێناویەتی. لەوێدا ئینگلس دەڵێ "یەکەم هەنگاو کە دەوڵەت بەڕاستی وەک نوێنەرایەتی هەموو کۆمەڵگە دەستی بۆدەبات، واتە دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەناوی کۆمەڵگەوە، لە هەمان کاتدا دوایین هەنگاوی ڕاستەوخۆی ئەوە وەک دەوڵەت."[97]

دەوڵەتی بەلشەفی دوای گۆڕینی موڵکایەتی سەرمایەداران و خاوەن زەویە گەورەکان بە موڵکی دەوڵەت بەپێچەوانەوە لەسەرجەم بوارەکانی سیاسی، ئابوری و فەرهەنگیدا ڕۆڵی تایبەتی دەوڵەتی حزبی زیادکرد.

لە کاتی دەسەڵاتدا ئێمە لەبەردەم حزبداین لە گەشەکردوترین ئاستی خۆیدا، ئەویش گۆڕینی حزبە بە دەزگای دەوڵەت. بەڵام چ دەوڵەتێک؟ ئایا دەوڵەتێک کە تیایدا تەنیا بەشێکی چینی کرێکار بەناوی هەموو چینەکەوە حوکم دەکا؟ بێگومان نەخێر. چونکە فەلسەفەی کۆمۆنیستەکان لە دەسەڵاتی سیاسی وەک مانیفیستی کۆمۆنیست دەریدەبڕێ بریتیە لە "گرتنی دەسەڵاتی سیاسیە لەلایەن چینی کرێکارەوە".[98]

لێرەدایە کە حزب دەبێ ڕێگا بکاتەوە کە لەم خەباتە سیاسیەدا دژی بورژوازی هەموو چینی کرێکار و بە هەموو حزبەکانیەوە بەشداری بکەن و دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. بەلشەفیەکان لە پێش ئۆکتۆبەر ئەم دروشمەیان بەرزکردەوە کە "هەموو

---

[97] لینین، دولت و انقلاب ، فارسی ل ٥٢٢، هەڵبژاردەی نوسینەکانی لینین.

[98] مارکس و ئەنگلس ، مانیفیستی کۆمۆنیست https://www.marxists.org/archive/marx/works/1848/communist-manifesto/ch02.htm

دەسەڵات بۆ شوراکان"، بەڵام تیۆری دیکتاتۆری حزبی لە جێگای دیکتاتۆری پرۆلیتاریا خودی ئەم دروشمەی پێشێلکرد. لە کۆنگرەی یەکەمی شورکاندا دەبینین کە لە ژمارەی دەنگەکاندا ؛ سۆشیال شۆڕشگێڕەکان زۆرینەن، مەنشەفیەکان دوای ئەوان دێن و بەلشەفیەکان کەمینەن. بە کاریگەری شەپۆلی شۆڕش و چوونە سەری وشیاری و چالاکی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و جوتیاران دژی حکومەتی بورژوازی کرنسکی، لە کۆنگرەی دووەمی شوراکاندا دەنگی بەلشەفیەکان دەبێتە زۆرینە (٣٩٩ لە کۆی ٦٤٩) [99]

بەڵام ساڵێک دوای دیکتاتۆریەتی حزبی لە کۆنگرەی شوراکاندا لە کۆتایی ١٩١٨ ڕێژەی دەنگی نوێنەرانی بەلشەفی دەبێتە زۆربەی ڕەها لەبەرئەوەی پرۆسەی یەکلابوونەوەی دەسەڵاتی ڕەهای بەلشەفیەکان، بەپێی دیکتاتۆریەتی حزبی، هەرچی حزب و ڕێکخراوەی ترە کە لەشوراکاندا بوون لە گۆڕەپانی سیاسی کردە دەرەوە. بەم پێیە شوراکانیش بووونە پاشکۆی حزب، لە جیاتی ئەوەی حزب لەگەڵ شوراکان و کۆمیتە کرێکاریەکان و سەندیکا و حزبە کرێکاریەکانی تردا نمونە و مۆدێلێکی سیاسی نوێ لە کۆمەڵگەی سیاسی و مەدەنی دروست بکا، حزب بووە قاڵبێک کە هەموو چالاکیەکی سیاسی چینەکەی تێدا بەرتەسک کرایەوە. ئەمەش نیشانەی جیابونەوەی حزبی بەلشەفی لە چینی کرێکار و شۆڕشی کرێکاران دروستکرد.

لینین و بەلشەفیەکان نەک بەهێزی حزبی، بەڵکو بە هۆی لە ئارادابوونی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار کە سێ شۆڕشی دژی قەیسەریەت و بورژوازی ڕوسیا کرد توانیان دەسەڵات بگرن. کۆمیتە کرێکاریەکانی کارگە و شورای

---

[99] ئی هێچ کار **Edward Hallett Carr** ، شۆڕشی ڕوسیە، لە لینینەوە تا ستالین، ل ٦، بە زمانی ئینگلیزی

جوتیاران و سەربازان دەوڵەتی بورژوازیان ئیفلیج کرد ، ئەمانە ئەو بەڵگانە بوون کە لای لینین جێگای جەختکردنەوە بوون بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە بەلشەفیەکان دەتوانن سەرکەوتوبن و لە دەسەلاتدا بـمێننەوە.[100]

بەلام لە پاش شۆڕش حزب لە جیاتی بەهێزکردنی ئەم ئۆرگانانە کەوتە جێگرتنەوەی ئەم ئۆرگانانە بە کەسانی حزب، کە لەسەرەوە دیاری دەکران و مەکتەبی سیاسی حزب بووە هەمەکارەی دەوڵەتی سۆڤیەت. لینین خۆی شاهیدی ئەم دۆخەیە کە باسی سەرهەڵدانی بیرۆکراتیزم وەک دیاردەیەک لە ۱۹۱۹ەوە دەکا و دواتر ۱۹۲۱ دەڵێ بیرۆکراتیزم "بەشێوەیەکی ڕۆشنتر و ترسناکتر دەردەکەوێ". وە "دەزگای مەرکەزی دەوڵەتی ئێمە لە ماوەی ۳ساڵ و نیوی ڕابردوودا چووەتە قۆناغێکی واوەکە ئیتر شێوەی چەقینێکی زیانبەخشی'بیرۆکراتی' بەخۆوە گرتووە". هەربۆیە "بۆ خەباتی سەرکەوتوانە دژی بیرۆکراتیزم و وەبۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو چەقینە زیانبەخشەدا دەبێ هێزی نوێ لە خوارەوە بهێنین." [101] بەلام "ئێمە بەهیچ شێوەیەک لە هێنانە پێشی سیستماتیک و پەیگیری هێزەکانی خوارەوە بۆ سەرەوە کارناکەین." [102].

لینین دەڵێ بنەمایەکی تری ئابوری ئەم دیاردەی بیرۆکراتیزمە "لە وڵاتی ئێمەدا بریتیە لە 'پەرژوبڵاوی بەرهەمهێنەرانی بچوک، هەژاری، بێ فەرهەنگی، نەخوێندەواری، نەبوونی ئاڵوگۆڕ لە نێوان کشتوکاڵ و پیشەسازی و نەبوونی پەیوەندی لەنێوان ئەم دوانە و کاریگەریان لەسەریەکتر". بەلام ئەو ئینکاری لەوە

---

[100] لینین،۲۷۸ ، ئایا بەلشەفیەکان دەتوانن دەسەڵاتیان بپارێزن؟ بەرگی ۷ هەڵبژاردەی لینین ، چاپی دارالتقدم، مۆسکۆ.

[101] لینین، دەربارەی باجی کەلوپەل ، ل ۸۰۹، فارسی، منتخب اثار.

[102] هەمان سەرچاوە، ل ۸۰۹.

دەکا کە بیرۆکراتی لەناو دەزگای سەربازی و دادوەری و ئەوانی تردا هەبێ، هەرچەند لەو دەزگایانەدا هەن کە ئیدارەی سوپا دەکەن"![103]

لە ئاستی حزبیشدا باسی ئەم بیرۆکراتیزمە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناکرێ لەلای لینینەوە، بەڵکو ئەو تەنیا ئاماژە بەو دیاردانە دەدا کە خۆی نیشانەی ئەم بیرۆکراتیزمەیە و دەڵێ "لەنیوان حزب و دەزگاکانی سۆڤیەتدا شیوازێکی ناتەندروست هاتۆتەئارا..هەموو شتێکی وەزارەتەکان دەبرێتە مەکتەبی سیاسی. پێویستە وەزارەتەکان بەرپرسی کاری خۆیان بن و وانەبێ کەیەکەم بچێت بۆ وەزارەتەکان و دواتر بۆ مەکتەبی سیاسی. دەبێ ئۆتۆریتەی شورای وەزارەتەکانی وڵات ببرێتەسەر."[104]

کەواتە بیرۆکراتیەت بەهۆی تەنیا شێوەی بەرهەمهێنانی بچوکەوە نیە بەڵکو بەپێی ئەم قسانەی سەرەوەی لینین، لەوکاتەدا کە سەرمایەداری دەوڵەتی، واتە بەرهەمهێنانی پیشەسازی گەورە، دەبێتە سیاسەتی حزب ئەم دیاردەی بیرۆکراتیەتە لەڕەوتی گەشەکردنیدایە چ لەناو حزب و چ لەدەوڵەتدا.

ئەم مۆدیلەی دیکتاتۆری حزبی، کە خۆی سەرچاوەی بیرۆکراتیزمە، زۆر زوو ناکۆکی لەگەڵ ئەو قسانەی لینیندا پەیدا دەکا کە لە کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش" دا لە٦ خاڵدا دەیوت " شوراکان نمونەیەکی نوێن لە دەوڵەت کە دەزگای کۆنی دەوڵەت تێک دەشکێنن و دەزگایەکی نوێی دوور لە بیرۆکراتی دروست دەکەن." [105]

---

[103] لینین،ڕاپۆرتی سیاسی بۆ کۆنگرەی ١١ی حزب، ل٨٥٠ ،فارسی، منتخب اثار.

[104] لینین دەربارەی دەور و ئەرکی سەندیکاکان لە سیاسەتی ئابوری نوێ دا، ل ٨٢٨، فارسی، منتخب اثار.

[105] لینین، ئایا بەلشەفیەکان دەتوانن دەسەڵاتیان بپارێزن؟، ل٢٧٧ ،بەرگی ٧ ١٤ هەڵبژاردەی لینین ، چاپی دارالتقدم، مۆسکۆ، بە زمانی عەرەبی.

ترۆتسکی، پاش دەرکردنی لە دەسەڵات لەلایەن ستالینەوە، لەباسی ئەم پرۆسەیەدا بە ڕاشکاوانە دەڵێ؛

"قەدەغە کردنی حزبە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆن گەیشت بە قەدەغەکردنی چالاکی فراکسیۆنی. قەدەغەی فراکسیۆنی گەیشت بە قەدەغەکردنی بۆچوونی ناڕازی بە ڕابەریەک کە هەڵە ناکا. دەسەڵاتی پۆلیسی و بێ ڕەقیبی حزب بووە هۆی پاراستنی دەزگای ئیداری و ئەمەی تا سەرکوت و گەندەڵیەکی تەواوبرد." [106]

ئەم مۆدێلەی دیکتاتۆریەتی حزبی بەلشەفی لە ژیانی سیاسی دەوڵەت و کۆمەڵگەی ڕوسیادا پرۆسەیەکی لە پێشێلکردنی ئازادیە سیاسیەکان دروستکرد، کە نەک بورژوازی، بەڵکو ناو چینی کرێکار و حزبی بەلشەفی کرێکارانیشی گرتەوە. هەروەها لەم پرۆسەیەدا شوراکانیشی گرتەوە، کە ئەم شورایانە خۆیان بنەمای بەدەسەڵات گەیشتنی بەلشەفیەکان بوون. وەک ترۆتسکی دەڵێ؛ " شوراکان جێگای خۆیان چۆڵکرد بۆ دامودەزگایەکی بیرۆکراتی سەربەخۆ لە جەماوەر." [107]

حزب دەبوایە لەڕێگەی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیەوە جگە لە تێکشکاندنی بەرگری سەربازی بورژوازی ئەرکی تری سیاسی نەبوایە. بەپێی ئەوەی ئەنگلس دەیوت " کاتێک بەشی سەرەکی ئەرکەکانی دەوڵەت دەبێ بەحسابکردن و چاودێری لەلایەن کریکاران خۆیانەوە، لەم کاتەدا دەوڵەت ئیتر "دەوڵەتی سیاسی" نامێنێ،

---

[106] ئارنست ماندل، دەربارەی خۆڕیکخستنی چینی کرێکار لەگەڵ حزبی پێشەنگ، بە زمانی فارسی.
https://www.marxists.org/farsi/archive/mandel/works/1990/khod-sazmandehi-hezb.htm

[107] ئارنست ماندل، دەربارەی خۆڕیکخستنی چینی کرێکار لەگەڵ حزبی پێشەنگ، بە زمانی فارسی.
https://www.marxists.org/farsi/archive/mandel/works/1990/khod-sazmandehi-hezb.htm

لەوکاتەوە "ئەرکە گشتیەکان لە ئەرکی سیاسیەوە دەگۆڕێن بە تەنها ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕوت." [108]

دەوڵەتی کرێکاری خۆی دەست پێکردنی پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ ڕزگاربوون لە دەست دەوڵەتی بیرۆکراتی. واتە ڕێکخستنی چینی کرێکار و کۆمەڵگە بۆ گۆڕینی بنەماکانی بەڕێوەبردن، لە فۆرمی بیرۆکراتی و سەربازی دەوڵەتی سەرمایەداری یەوە بۆ فۆرمی خۆبەڕێوەبردنی ئیداری هەرەوەزی بەبەشداری هەموو هاوڵاتیان. واتە هەڵوەشاندنەوەی هەموو دەزگای بیرۆکراتی کەمینە و هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتی تایبەتی سەرمایەداران و دەزگایەکی سەرکوت کە ئەم موڵکایەتیە دەپارێزێ و گشتی کردنەوەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە. ئەمە واتە هەڵوەشانەوەی حزب و تێکەڵاو بوون و ئینتگراسیۆنی لەنێو ئەو دەزگا ئیداریانەدا کە ئیتر مۆرکی سیاسیان پێوەنیە و هەموو هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی تیایدا بەشدارن وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بۆ دابینکردنی پێداویستیە لۆکاڵی و سەراسەریەکان.

بەڵام بەپێچەوانەوە وەک دەبینین لە دەوڵەتی سۆڤیەتدا "دەوڵەتی سیاسی" تۆخ دەبێتەوە وەک بەشێک لە مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و "دەوڵەتی ناسیاسی" لەهیچ شوێنێکی سۆڤیەتدا دەرناکەوێ، چونکە حزب جێگای هەموو ئۆرگانە ئیداریەکانی چینەکەی گرتەوە و کردنی بە ئۆرگانی حزبی و کرانە پاشکۆی حزب.
ئەم چڕ کردنەوەی دەسەڵاتە لەدەست یەک حزب و یەک ڕابەری و دواتر یەک کەسدا مۆدێلێکی سیاسی سۆشیالیزمی دەوڵەتی دروستکرد کە گونجاو بوو لەگەڵ مۆدیلی ئابوری سەرمایەداری دەوڵەتیدا. دواتر ئێمە دێینە سەر ئەم مۆدێلە ئابوریە بەڵام گرنگە سەرەتا باسێک لە دەوری ئەم مۆدیلە سیاسیەی حزب لە دەسەڵاتدا بکەین

---

[108] لینین، دەوڵەت و شۆڕش، بەرگی ٧ هەڵبژاردەی لینین، ل١٢٦، ، چاپی دارالتقدم، مۆسکۆ. بەزمانی عەرەبی.

که چۆن بووه هۆی چۆنیەتی گۆڕانی حزبی بەلشەفی له حزبی کرێکاران و شۆڕشی سۆشیالیستیەوه بەرەو حزبێکی بیرۆکراتی و بەڕێوەبەری سەرمایەداری دەوڵەتی.

## ١٥

# حزبی بەلشەفی لەدەسەڵاتدا چۆن دەگۆڕێ؟

## لە دیکتاتۆری حزبییەوە بۆ دیکتاتۆری ناو حزب

لەدوای شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ وە لەکاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، شوراکان و کۆمیتە کارگە و کۆمیتەی شۆڕشگێڕی سەربازان و جوتیاران لە سەرتاپای وڵاتدا دروست دەبن و جێگا بە دەسەڵاتی حکومەتی بورژوازی کاتی و سوپای پیشەیی لێژدەکەن. بەلشەفیەکان ئەم ڕەوتە شۆڕشگێڕانەیە بەرەو دەسەڵات دەبەن و لە نێو ئەو ئۆرگانە جەماوەریە شۆڕشگێڕانە تازانەدا زۆرایەتی بەدەست دێنن. کەچی لە کاتی دەسەڵاتگرتندا لەجیاتی فراوانکردنەوەی ڕیزەکانی حزب، تاهەموو ئەم هێزە شۆڕشگێڕەی چینی کرێکار بگرێتە خۆی، بە پێچەوانەوە دەست دەکەن بە پرۆسەی پاکسازی و دەرکردن لە ناو حزبدا و دواتر قەدەغەکردنی فراکسیۆنەکانی جیاواز لەخەتی دەستەی ڕابەری و دواتریش نەهێشتنی دەوری کۆمیتەی کۆنترۆڵی کرێکاری و دانانی تاک بەڕێوەبەری لە کارگە و پاشکۆیەتی سەندیکا کرێکاریەکان بۆ حزب و لابردنی سیستمی هەڵبژاردن لە ناو سوپا و گێڕانەوەی پۆست و پلەداریە سەربازیەکان.

ئەم گۆڕانکاریانە بۆچی ڕوودەدەن و سەرچاوەکەی چیە؟ بۆچی حزبێکی شۆڕشگێڕی کرێکاری لە جیاتی کۆکردنەوەی سەرجەم هێزی چینەکە بەرەو خۆجیاکردنەوە دەچێ لەبەشێکی زۆری ئەو هێزەی شۆڕشی دروستکردووە؟

له بەشی پێشوودا لەسەر مۆدیلی سیاسی دەسەڵات لای بەلشەفیزم وتمان، که ئەم مۆدێله دیکتاتۆریەتی حزبه لەجێگای دیکتاتۆری چینی پرۆلیتاریا. کەواته حزب دەبێ شەرعیەت بدا بەوەی که ئەو له جێگای چینی کرێکار مافی حوکم کردنی هەیه. ئەمەش ناکرێ بەبێ لێسەندنەوەی ماف له چینەکه خۆی و ڕەوایەتدان به نوێنەرایەتی حزب و ڕێگری کردن له هەموو ئەو بەشانەی تری چینەکه که ئەم نوێنەرایەتیه قبوڵ ناکەن. ئەگەر وا نەبێ ناتوانرێ دیکتاتۆریەتی حزب وەک دەسەڵاتی کەمایەتیەک پیادەبکرێ. هەربۆیه ئەم پرۆسەیەی سەپاندنی مافی نوێنەرایەتیەی کەمایەتی حزب، دەبێ چ لەناو حزبی بەلشەفی کرێکاریدا و چ لەکۆمەڵگەدا، وەک نوێنەرایەتی تاقانه خۆی بسەپێنێ. هەڵبژاردنی ئەم نوێنەرایەتیه هیچ لەم ڕاستیه ناگۆڕێ، چونکه بورژوازیش به ڕێگەی هەڵبژاردن دێته سەرکار، بەڵام له ڕاستی دا دەسەڵاتی کەمایەتی یەکه بەسەر کۆمەڵگەدا. مەسەلەی بنەڕەتی له کۆمۆنیزمدا بریتیه له بەشداری هەموو چینی کرێکار له دەسەڵاتی سیاسی و له بەشداری ئازادانه له بەرهەمهێنانی ژیانێکی ئازاد و یەکساندا، نەک هەڵبژاردنی نوێنەرانێک که له جیاتی ئەوان حوکم بکا. ئەمه بنەمای سیستمێکی نوێیه که جیاوازه له سیستمی دەسەڵاتدارێتی کەمینه جا چ لەڕێگای هەڵبژاردنەوه بێ یان دیکتاتۆری ڕاستەوخۆ.

با بزانین چۆن ئەم پرۆسەیه لەناو حزبی کرێکاری بەلشەفیدا دەچێته پێشەوه که نوخبەیەک دەبنه هەموو کارەی حزبەکه و کرێکاران لەم حزبەدا دەکرێنه پاشکۆی ئەم نوخبەیه؟

کێشه ناوخۆیەکانی حزب سەبارەت به ڕۆڵی چینی کرێکار لەدەسەڵاتدا و پرۆسەی خستنه لاوەی ڕۆڵی ئەم چینه له ئیداره و بەڕێوەبردن و دەوڵەتدا دەگاته ئاستی دروستبوونی دوو فراکسیۆنی ناڕەسمی؛ "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری" و "ناوەندی دیموکراسی". ئەم دوو فراکسیۆنه دژ به سیاسەتی حزب دەوەستنەوه له پەراوێز

خستنی چینی کرێکاردا. بەڵام لە کۆنگرەی دەیەمدا بە پێشنیاری لینین بڕیارنامەیەک دەردەکرێ کە "کۆنگرە کۆمیتەی ناوەندیی ڕادەسپێرێ کە هەرجۆرە فراکسیۆن بازیەک پاکتاو بکا ، وبەم پێیە کۆنگرە هەموو ئەو گروپانەی لەسەربنەمای پلاتفۆرمی جۆراوجۆر دروست بوون ( لەچەشنی"ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری" و "ناوەندی دیموکراسی" و ئەوانی تر) بەبێ جیاوازی هەڵوەشانەوەیان ڕادەگەیەنێ و کەسانێک سەرپێچی ئەم بڕیارە بکەن بێ ئەملاولا لە حزب دەردەکرێن."[109]

دەرکردنەکانیش دەبێتە شەپۆلێکی بەرفراوان لە ناو حزبدا کە هەموو ئاستەکانی حزب دەگرێتەوە. لە کاتێکدا حزب لە کاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ژمارەی ئەندامەکانی لە ٢٥ هەزارەوە بوو بە ٧٠٠ هەزار، ئەم شەپۆلی دەرکردنە لە ١٩٢١ کەدەستی پێکرد لە ١٩٢٤دا نیوەی ئەم ژمارەیە وەک ئەندامی حزب مانەوە، کە تەنیا ٣٥٠ هەزاربوون.[110]

٢٢ کەسی ناڕازی فراکسیۆنی "ئۆپۆزسێۆنی کرێکاری و ٢ کەسی ڕابەریان، لەو ٥ کەسەیان کە لە ناو ڕابەری حزبدا دەبن، دەردەکرێن.[111] بڕیاری دەرکردنی کۆمیتەی ناوەندیش لەم بڕیارەی حزبدا ئاسان کاری بۆ دەکرێ، کە دەڵێ؛ "دەرکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش لە ڕێگەی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە بانگێشتی هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی کۆمیسیۆنی پشکنین. ئەگەر دوو لەسەر سێی ئەو کۆبونەوەیەی بەرپرسترین ڕابەرانی حزبی تێدایە بڕیاری دەرکردن یان

---

[109] لینین، پرۆژەی سەرەتایی بڕیارنامەی کۆنگرەی دەیەمی حزب سەبارەت بەلادانی سەندیکالیستی و ئانارشیستی لەحزبدا،ساڵی ١٩٢١، ل ٧٩٠-٧٨٩، فارسی، منتخب اثار.

[110] ئی هێچ کار، ل ٦٨-٦٩ ، شۆڕشی ڕوسیە، لە لینینەوە تا ستالین، بە زمانی ئینگلیزی

[111] هەمان سەرچاوە

هێنانەخوارەوەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیان بۆ قۆناغی یەدەکی کۆمیتەی ناوەندی دا، ئەوا بڕیارەکە جێ بەجێ دەکرێ."[112]

لینین بۆ دیفاع لەم سیاسەتی پاکسازیە لە وتاری "دەربارەی پاکسازی حزب" دەڵێ؛ " پاکسازی حزب وادەردەکەوێ کارێکی زۆر پڕبایەخ بێت. لەوانە بەهۆی ئابوری نوێ وە (NEP) کە پێویستی زیاتر بە زیادکردنی  توانای بەرهەمهێنەری کار و دیسپلینی کار، وە یاخود بۆ دەرکردنی ئەوانەی خەڵک بە بیرۆکراتیان دەزانێ و بە نیاز و هەڵپەی پلە خۆیان بەحزبەوە نووساندوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی ١٩١٨-١٩٢١ مەنشەفیەکان بونەتە ڕەوتێکی زاڵ لە نێو چینی کرێکاردا. پاکسازی حزب لەو ٩٩٪ لەو مەنشەفیکانەی دوای ١٩١٨ چوونەتە ناوحزب."[113]

ئەم قسانەی لینین نیشانی دەدا کە حزب جێگای هەموو شتێکی گرتۆتەوە و ئابوری و خەباتی چینی کرێکار هەمووی بەدەوری حزبدا چڕبۆتەوە و کۆمەڵگەیەکی حزبی دروستکراوە کە لەجێگای چینی کرێکار کاردەکا و هەروەها ژیانی سیاسی کورتکراوەتەوە لە پەیڕەوکردنی خەتی ڕەسمی حزبدا.

دەبینین لە کاتێکدا حزب پێویستی بە "زیادکردنی  توانای بەرهەمهێنەری کار و دیسپلینی کار"ە، ئەوا دەبێ ئەندامەکانی بەم شێوەیە لە بەرهەمهێناندا گوێڕایەڵی حزب بکەن. ئەمە مۆدیلی سۆشیالیزمێکە حزب و دەوڵەت خاوەنی کۆمەڵگەن و ئەوان دیسپلینی کار دیاری دەکەن. بەڵام بەشداری کرێکاران لە بەرهەمهێناندا بەپێی دەستوری حزب لە ناوەرۆکدا جیاوازە بە سیستمی کۆمۆنیستی بەرهەمهێنان کە

---

[112] لینین، ل ،٧٩٠ پرۆژەی سەرەتایی بڕیارنامەی کۆنگرەی دەیەمی حزب سەبارەت بەلادانی سەندیکالیستی و ئانارشیستی لەحزبدا،ساڵی ١٩٢١، فارسی، منتخب اثار.

[113] لینین، "دەربارەی پاکسازی حزب" ،ل ٨٢١، فارسی، منتخب اثار.

https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1921/sep/20.htm

لەسەر خواستی بەشداری ئازادانە و وشیارانەی هەمووانە. بەپێچەوانەوە هیچ پاسەوانێکی حزبی ناتوانێ دەستوەرداتە ناو بەشداری ئینسانەکان لە بەرهەمهێنانی ژیانی خۆیاندا لە سیستمی کۆمۆنیستی بەرهەمهێناندا. لێرەدا پێچەوانە بۆتەوە کە هێزێکی حزبی دیاری دەکا کە دەبێ کرێکاران چەند توانای بەرهەمهێنان و سەعاتی کارکردنیان زیاد بکەن و چۆن وەک سوپایەک پابەندبن بە دیسپلینی خاوەنکارێکەوە کە ناوی حزبە.

هاوکات حزب لێرەدا بووەتە کۆمپانیا و خاوەنی داهات و هۆیەکانی بەرهەمهێنان و سەرچاوەکانی بژێوی، هەربۆیە بوەتە شوێنێک بۆ گەیشتن بە پلەوپۆست و بیرۆکراتیزمی حزب سەرچاوەی دروستبوونی توێژو چینی وەزیر و کاربەدەستەکانە.لێرەدایە کە ناکۆکی دیکتاتۆریەتی حزب و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەزەقی دەردەکەوێ. ئەگەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بکرێتە موڵکی دەوڵەت و دەوڵەتیش موڵکی حزب بێت یان لەژێر سایەی دیکتاتۆریەتی حزبدا بێت ، ئەوا بێگومان حزب دەبێتە ئەو شوێنەی کە پۆستەکانی و ئیمتیازاتەکانی بۆ ئەندامانی حزب دەبێ و حزب جێگای چینی دەسەڵاتداری پێشوو دەگرێتەوە وەک خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان. ئەم سۆشیالیزمە دەوڵەتیەش دەبێتە سەرچاوەی دروستکردنی جیاوازی چینایەتی بەپێی خاوەندارێتی حزبی بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان. لەم سیستمی سەرمایەداریە دەوڵەتیەدا پلە و پایەی حزبی جێگای مافی خاوەندارێتی تاکە پەیوەندی بەرهەمهێنایش لەژێر سایەی سیستمی پلەوپایەی حزبیدا بریتی دەبێ لە کاری کرێ گرتەیی کرێکاران بۆ حزبی خاوەندارانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و دەوڵەتی دیتکاتۆری ئەو حزبە. ئەمە سەرچاوەی دەرکەوتنی ئەو بیرۆکراتانەی حزبە کە خەڵک لێیان بێزارە و وەک لینین دەڵێ "بڕیاری پاکتاوکردنی حزب"! لەمانە دەدا. بەڵام بێگومان وەک بینیمان بەدەرکردنیان نەک کێشەی

بیرۆکراتیزم لە سۆڤیەت چارەسەرنەکرا، بەڵکو حزب و دەوڵەت بەبێ ئەم بیرۆکراتیزمە نەیاندەتوانی حوکم بکەن، لەبەرئەوەی ئەوان نەسیج و تۆڕی کۆمەڵایەتی مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی بوون، سۆشیالیزم لەسەرەوە، هەروەک وەک هال دراپەر Hal Draper دەڵێ.[114]

هاوکات بیانویەکی تری ئەم پاکتاوکردنە نیشانی دەدا کە، هەر ئەندامێک هاتە ناو حزب و ڕای جیاوازی هەبوو ئەوا دەبێ بەناوی مەنشەفیک و سۆشیال شۆڕشگێڕەوە دەربکرێ. تەنانەت پاکتاوکردن بۆ ئەوەیە کە "ئەوەی ١٩١٨-١٩٢١ مەنشەفیەکان بوونەتە ڕەوتێکی زاڵ لە نێو چینی کرێکاردا. پاکسازی حزب لەو ٪٩٩ لەو مەنشەفیکانەی دوای ١٩١٨ چونەتە ناوحزب". ئایا ئەگەر بەشێک لە کرێکاران خۆیان بە مەنشەفی یان هەر ڕەوتێکی تری سیاسی بزانن و لەناو چینی کرێکاریشدا زاڵ بن، پێویستە حزبی کرێکاریی ئەمانە بگرێتەخۆ و بەشداریان پێ بکا لە دەسەڵات و بەڕێوەبردن و خەبات دژی بورژوازیدا یاخود دەبێ هەموویان دەربکرێن و حزب لە تەنها خەت و گروپێکدا بمێنێتەوە کە خۆیان بە نوێنەری کرێکاران دەزانن و ٪٩٩ ئەوانی تر دەربکا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەمانەش بەشێکی گرنگن لە چینی کرێکار؟

بێگومان ئەم سیاسەتەی لینین و حزبی بەلشەفی نمونەی کارکردنی سێکتاریزمە لە دەسەڵاتدا، نیشانمان دەدا کە چۆن کەمایەتیەک لە دەوڵەتدا زۆرینەی چینی کرێکار پەراوێز دەخا.

---

[114] دوو ڕۆحی سۆشیالیزم، هال دراپەر، بە زمانی ئینگلیزی.

https://marxists.catbull.com/archive/draper/1966/twosouls/3-marx.htm

مەسەلەیەکی تری ناوحزب کێشە لەسەر دەسەڵاتی کۆمیتەکانی کارگە و سەندیکا کرێکاریەکانە.

بێگومان پاکتاوکردنی ئەمانە نمونەیەکە لە دیکتاتۆریەتی حزبی. حزب چیتر ئەو ئامرازە نابێت کە سەرجەم ئەم چینە بە هەموو جیاوازیەکانیەوە بەرەو بەشداری سیاسی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ئیدارە و ژیانی سیاسیدا دەبا، بەڵکو سێکتێکی دیاریکراو و نوخبەیەکی سیاسیە کە حزب دەکاتە ئامرازی بردنە سەرەوەی دیسپلین لە بەرهەمهێناندا و نەهێشتنی دەنگی جیاوازی سیاسی لەم دامەزراوە سیاسیەدا.

لێرەوە دەردەکەوێ کە حزب لە جیاتی بزوێنەری شۆڕشی کرێکاران بێت بەسەر دامودەزگا و شێوازی بەڕێوەبردنی کۆندا، خۆی دەبێتە دەزگایەکی بیرۆکرات و جێگایەک کە دەسەڵات و دەوڵەت لە پێناو بەرژەوەندی ئەندام و بەرپرسەکانیدا بەکاردەهێنرێت. بڕیار بوو کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر مۆدیلێکی نوێ لە کۆمەڵگە بێنێتە ئارا کە ئیمتیازاتی هەموو چینەکان لەناوبەرێت و کۆمەڵگەی چینایەتی لەناوبەرێ، نەک حزب و کەمایەتیەکی تر بەناوی کرێکارانەوە بکاتە خاوەنی ئیمتیازی دەوڵەت.

ئێمە دوای بەشی بەرنامەی ئابوری بەلشەفیەکان دەچینەوە سەر ناوەرۆکی ئەم کێشەیە، کە ئایا دەسەڵاتی کارگە دەبێ لەدەست کۆمیتەکانی کارگە و سەندیکادا بێ یان تاک بەڕێوەبرێکی حزبی یان سەرمایەدارێک؟ بەڵام لێرەدا کە باسەکەمان پەیوەندی بە ئازادی و پاکتاوکردنی ناو حزبەوە هەیە، پێویستە ئەم بڕیارەی لینین لە کۆنگرەی ١٠دا بە بەڵگەیەک لەسەر مۆدیلی حزبی سۆشیالیزمی دەوڵەتی بزانین، کە تەنانەت توانای قبوڵکردنی کرێکارانێکی نیە کە ڕایەکی جیاوازیان هەبێ، مەنشەفیک بن یان هەر شتێکی تر. ئەمەش سەرچاوەی ئەو سێکتاریزمەیە کە مۆدیلی بەلشەفی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا دروستی کرد و بووە مایەی دروستکردنی ئەو جۆرە حزبانەی کە لەدەسەڵاتدا دیکتاتۆری تاک حزبیان پەیڕەو دەکرد و بۆ

هەمیشەش سونەت و نەریتی جیابوونەوە سێکتاریستیەکانیان لە ئاستی ئەنتەرناسیونالیزم و لە نێو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا چاند و تا ئێستاش نەریتێکە درێژەی هەیە.

بەکورتی ئەم ئەزمەی پاکتاوکردنەی حزب ڕەوتی شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و گەڕانەوەی سیستمی سیاسی حوکمی کەمایەتی کۆن نیشان دەدا. بیرۆکراتیزم لەم جیابوونەوەی حزبی بەلشەفی لە چینی کرێکارەوە دێت نەک هۆکاری جیابوونەوەکە وەک دەڵێن تەنیا بیرۆکراتیزمی ستالینی بێت. ئەم نەخۆشی بیرۆکراتیزمە خۆی ئەنجامی جیابوونەوەی حزب و دەزگاکانی دەسەڵاتە لە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و سەرلەنوێ دروستبوونەوەی بنەماکانی دەسەڵاتدارێتی کەمایەتیە بەسەر زۆربەی کۆمەڵگەدا.

بێگومان جگە لە پاکتاوکردنی ڕیزەکانی حزب، هاوکات سەرکوتی نەیارانی سیاسی بەڕێوەبرا و بەتایبەت ئەو هێزانەی نێو چینی کرێکار و جوتیاران کە پێشتر دەوریان لە دروستکردنی شوراکان و سەندیکا و کۆمیتەکانی کارگە و سەربازاندا هەبوو. بەمەش دیکتاتۆریەتی تاک حزبی جێگای دیکتاتۆریەتی چینەکەی گرتەوە و ئازادیە سیاسەکان و کۆمەڵگەی سیاسی نوێ بەرەو ئاوابوون چوون.

نمونە زۆرن لەوەی چۆن نەک لە ناو حزب بەڵکو لەدەرەوەی حزبیش ڕێگە بە کۆبونەوەی دەنگی جیاوازی سیاسی نەدراوە و تەنانەت هەرچی کرێکارانی ناو سەندیکاکانیشە بەناوی مەنشەفیکەوە وەک خەتەری جدی بۆسەر شۆڕش دانراون. "ئێمە مەنشەفیک و ئێس ئارەکان (سۆشیال شۆڕشگێڕ)، ئەوانەی کە ئاشکران و ئەوانەی کە بە سەرپۆشی "ناحزبی" داپۆشیوە، لە زیندان ڕادەگرین." [115]

---

[115] لینین، دەبارە مالیات جنسی، ل ٨١٢، فارسی، منتخب اثار.

دواتریش ئەم دەرکردنە و زیندانی کردنی هەڵسوڕاوانی سیاسی لە سۆڤیەت ئیتر دەبێتە بەشێک لە سیستمی سەرکوتی سیاسی.

لە "کۆنگرەی یانزدە ١١" شەوە کاتێک ستالین وەک سکرتێری حزب دیاری دەکرێ و بەمەش پرۆسەی چڕ بوونەوەی دەسەلاَت لە دەست دەزگاکانی حزبی تاقانە و تاکە سەرکردەدا زیاتر دەردەکەوێ. هەر وەک تۆنی کلێف ئاماژەی پێ دەدا کە پێشتر لە ناو حزبدا "ئەم پۆستە گرنگ نابێ، تەنیا لەگەڵ بەهێزبوونی جێگای بیرۆکراتیزمدا و کۆنترۆڵی پەیکەرەی هەرەمی حزبی لەلایەن سەرەوە نەبێ."[116]

دواتر پۆستەکانی تریش لەلایەن حزبەوە بەهەمان شێوە گرنگی پەیدا دەکا" لە ساڵی ١٩٢٣ تەنیا ٢٩٪ بەڕێوەبەرانی کارگەکان لە حزبدا بوون، لە ١٩٢٥ بوو بە ٧٣.٧٪ ئەندامانی ئیدارەی یەکیتیە مۆنۆپۆلیەکان، و ٨١.٥٪ لە ئەندامانی یەکێتی سەرمایەکان و ٩٥٪ بەڕێوەبەری پرۆژە گەورەکان ئەندامی حزب بوون . لە سوپاشدا سەرۆکەکانی سوپای سور لە ساڵی ١٩٢٠ ١٠.٥٪ ئەندامی حزب بوون، و لەساڵی ١٩٢٤ بوو بە ٣٠.٦ ٪ لە ١٩٢٩ بو بە ٥١.٥٪ و لە ١٩٣١بو بە ٧١.٨٪ وە ئێستا بێگومان هەموو ئەندامی حزبن."[117]

لینین، کە تازە چاک بووەتەوە دوای سەکتەی مێشکی جاری یەکەمی، دەبینێ ئەم پرۆسەی دیکتاتۆریەتی حزبیە گەیشتۆتە ئاستی گەشەی "بیرۆکراتی لە ناو دەوڵەت و حزبدا، وە بەڕاستی لە شەخسیەتی ستالین بێ باوەڕ دەبێ، کاتێک کە دەسەلاَت و ئۆتۆریتەی مەکتەبی ستالین دەبینێ لە حزبدا. بەلاَم ئەم پرۆسەی بیرۆکراتی بوونی حزب و دەوڵەت گەیشتۆتە قۆناغێک کە لینین هیچ کارێکی بەرامبەرپێنەکراوە. لینین

---

[116] تۆنی کلێف ،ل٧٠، سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕوسیا، بەزمانی عەرەبی.

[117] تۆنی کلێف ، سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕوسیا، ل ٧١، بەزمانی عەرەبی.

له وەسێتنامەکەیدا دەیەوێ حزب لەم مەترسیانە ئاگاداربکاتەوە، بەڵام دەستەی ڕابەری، کە لەلایەن لینینەوە ڕەخنەیان لێگیراوە ڕێگە نادەن کە وەسێتنامەکەی لینین له کۆنگرەی دوای مەرگی لینیندا بخوێنرێتەوە، سەرەڕای ناڕەزایەتی کرۆبسکایای هاوسەری بەم بڕیارەی ڕابەری حزب.

ئاڵوگۆڕەکانی دوای مەرگی لینین زۆر فراوانتر و مەترسیدارترە له کاتێکدا کە ستالین کۆنترۆڵ و سانسۆری هەموو دەزگاکانی حزب دەکا و مۆدیلی سۆڤیەت له دیکتاتۆری حزبیەوە بەرەو دیکتاتۆری فەردی ستالینی دەبا، وە وەکو سکرتێری گشتی ٣٠ ساڵ لەم پۆستەدا دەمێنێتەوە و (٣ لەسەر ٤) ی ئەندامانی ڕابەری حزب بە ناوی "دوژمنانی گەل" لە نێو کۆنگرەی ١٧و ١٨دا دەردەکرێن و له سێدارە دەدرێن[118] .

لێرەدا پێویست بە دووبارە کردنەوەی باسی گەشەی ئەم مۆدیلە حزبیە ناکا، چونکە هەرکام له ترۆتسکی و تۆنی کلێف و ئی هێچ کار و ئەوانی تر له نوسینەکانیاندا وردودرشتی ئەم دەورەیان باسکردووە. بەڵام پێویستە کە ئەم دەورەیە له ژیانی حزبی بەلشەفی له سایەی ستالیندا بە لێکدانەوە لەسەر دەوری ئەم حزبە له ژیانی سیاسی و ئابوری چینی کرێکاردا هەڵسەنگێنین، نەک دەوری شەیتانی شەخسیەتێک له مێژوودا. مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی ئەو جۆرە له حزب و دەوڵەت و ئابوری دروست دەکا کە سەرمایەداری دەوڵەتی پێویستیەتی و دەوری تاکەکان لەم پرۆسەیەدا هەرچەند گرنگە بەڵام تەنیا هۆکار نیە و بەڵکو خۆی بەشێکە له بەرهەمی ئەو پرۆسە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەیە کە خەباتی چینایەتی تێدا دەچێتە پێشەوە.

---

[118] هەمان سەرچاوە

ترۆتسکی سەرەڕای ڕەخنە دروستەکانی لە بیرۆکراتیزمی ستالینی، بەڵام ئەو ئەم بیرۆکراتیزمە وەک بەشێک لە پرۆسەیەک نابینێ کە مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و دیکتاتۆری حزبی درووستکردوە و خۆی و لینینیش بەشداربوون تیایدا. ترۆتسکی خۆی وەکو بەشدارێکی ئەم سیاسەتانەی کۆنگرەی ۱۰ ی حزب لەپاڵ لینیدا ، ئەوکات لە کۆنگرەدا دەیوت کە؛ "ئێمە شورای نوێنەرانی خەڵکمان هەیە، بەڵام کاری ئەوانیش دەبێ لەژێر کۆنترۆڵدا بێت. بەڵام کۆنترۆڵ لەلایەن چ مەرجەعێک؟ کۆنترۆڵی چینی کرێکار وەک جەماوەرێکی بێ شکڵ و شمایل؟ نا. کۆمیتەی ناوەندی حزب دەبێ سەبارەت بەم مەسەلەیە ( ڕێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی پۆلەندە ) دا بانگ بکرێ تا سەبارەت بەم مەسەلەیە باس بکا و بڕیار دەرکا و وەلامێکی پێویست بداتەوە..هەمان شێوە لەمەسەلەکانی تریشدا بەکاردێنین؛ لە کشتوکاڵ، کۆکردنەوەی پیداویستی ( تدارک ) و لەهەموو مەیدانەکانی تردا."[119]

ترۆتسکی لە هێرش بۆسەر "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری" لە دەیەمین کۆنگرەی حزبدا دەڵێ "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری بە دروشمی مەترسیدارەوە هاتۆتە مەیدان. بتی لە بنەما دیموکراتیەکان دروستکردوە و مافی کرێکارانی لەهەڵبژاردنی نوێنەراندا خستۆتە سەروو حزبەوە. بە شێوەیەک کە حزب نابێ دیکتاتۆری خۆی پیادەبکا، تەنانەت ئەگەر ئەو دیکتاتۆریە بەشێوەیەکی کاتی ناکۆک بێت بە دیموکراسی کرێکاری ".[120]

---

[119] ئارنست ماندل، دەربارەی بیرۆکراسی، تیۆری **"جێنشینی"**، فارسی.
https://marxists.catbull.com/farsi/archive/mandel/works/1973/boorokrasi.htm

[120] هەمان سەرچاوە

بەهەمان شێوە ترۆتسکی پشتیوانی لە مافی کاتی حکومەتی کرێکاری کرد "ئەسپارتای پرۆلیتیری" لەپێناو سەربازگیری و میلیتاریزەکردنی کار وەک ئامرازی توندوتۆڵی کارکردن."[121]

ئەمە سیاسەتی ڕەسمی حزبی بەلشەفی بووە کە لە کۆنگرەی ١٠ دا لینین و ترۆتسکی لە پێش هەمووانەوە بوون و پاساوی کاتی بوونی ئەم سیاسەتانەی، کە حزب لە چینی کرێکار و دیموکراسی شورایی و کرێکاری جیادەکاتەوە ، ناتوانێ بەهۆی " پێویستی کاتی شەڕ" هیچ لەو ئەنجامە بگۆڕێ کە ئەمانە سیاسەتێک بوون حزبی بەلشەفیان لە حزبی شۆڕشی کۆمۆنیستیەوە گۆڕی بۆ حزبی بیرۆکراتی سۆشیالیزمی دەوڵەتی.

کەواتە مەسەلەکە دەرکەوتنی شەخسیەتێکی دیکتاتۆری وەک ستالین نەبووە کە شۆڕشی بەرەو شکست برد. بەڵکو خودی دەرکەوتنی ستالین و سەرکەوتنی ڕەوتی ستالیسنیستی بەرهەمی ئەو مۆدێلە سۆشیالیزمە دەوڵەتیە بوو کە بەلشەفیزم نوێنەرایەتی دەکرد و وەک مۆدێلێکی سیاسی وحزبی و ئابوری پیادەی کرد.

سیستمی دیکتاتۆریەتی حزبی لەکۆمەڵگەدا بێگومان پێویستی بە حزبێکە کە میکانیزمی کارکردنی ناوخۆشی دیکتاتۆریانە بێ. واتە حزبێک کە کۆمەڵگە لەسەر بنەمای دەسەڵاتدارێتی کەمایەتیەک بەڕێوەببا، پێویستی بە دەزگایەکی حزبیشە کە دەسەڵات و ئیمتیازاتی نوخبەیەکی ناوخۆی حزب دابین بکا، بەم پێیەش بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیان لە ڕێگەی ئەو حکومەتە کەمایەتیەوە دابین دەبێ. بە پێچەوانەوە حزبێک کە سیستمی سیاسی کۆمەڵگە دەگۆڕێ بە سیستمێکی بەشداری ڕاستەوخۆی هەموو هاوڵاتیان ئیتر ئیمتیازاتێکی چینایەتی نامێنێتەوە

---

[121] هەمان سەرچاوە

بیپارێزێ و هەربۆیە میکانیزمی کارکردنی ناوخۆی بریتی دەبێ لە فراوانکردنەوەی بەشداری ڕاستەوخۆی ئەندامانی لە گۆڕانکاریە سیاسیەکانی ئیدارەی حزب و کۆمەڵگەدا. حزب پێویستی بە بەشداری هەموو فراکسیۆن و بەشە جیاوازەکانی چینەکەیە لە ئیدارە و دانانی نەخشە و هەڵبژاردنی نوێنەرانی پۆستە حزبیەکان، هەربەو شێوەیەی شوراکان دەیکەن. بەم پێیەش لابردنی بەرپرسە حزبیەکان کارێکی ئاسانی ئەندامان دەبێ و وەرگرتنی پۆستە حزبیەکان هیچ ئیمتیازاتێکی سیاسی و مادی نابێ و ئیتر حزب بریتی نابێ لە گروپێکی ڕابەری نەگۆڕ. هەربۆیە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین و فراکسیۆن و گروپی جیاجیای ناوحزب دەبێتە مافێکی سادە و میکانیزمی جێبەجێکردنیشی دڵخوازانە و خود وشیاری و خود چالاکانە دەبێ.

لە پرۆسەی سەپاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی حزبی بەلشەفیدا ئەم ناکۆکیانە دەردەکەون لە نێوان مۆدیلی حزبێکی کرێکاری کە دەیەوێ هەموو چینەکە بەدەوری ئامانجی شۆڕش کردن بەسەر سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی زاڵدا کۆ بکاتەوە، لەگەڵ مۆدێلی حزبێکی بیرۆکراتیدا کە دەیەوێ لە ڕێگای نوخبەیەکەوە مۆدێلێک لە سۆشیالیزم پیادە بکا کە ناکۆکە بە بەشداری زۆربەی چینی کرێکار لەدەسەڵاتدا، وە دەوڵەت و ئۆرگانەکانی و بڕیار و نەخشەکانی دەکاتە ئیمتیازی کەمایەتیەکی حزبی.

مۆدێلی حزبێکی کرێکاری کە دەیەوێ لەڕەوتێکی شۆڕشگێڕانە دا "هەموو چینەکەوە" لەناو خۆیدا یەکگرتوو بکا و مانای واقعی دەدا بە حزبی چینی کرێکار زۆرجیاوازە لەو حزبە بەلشەفیەی کە تەنیا یەک بەش و یەک دەستە و یەک خەت نوێنەرایەتی دەکا و خۆی لە هەموو بەشەکانی تری چینەکە لەناو حزبیشدا جیادەکاتەوە و حزب لە هەموو گروپ و بۆچوونە جیاوازەکان بە خەتی ڕابەری پاک دەکاتەوە.

لەم بەشانەی مۆدیلی سیاسی و حزبی بەلشەفی لە دەسەڵاتدا نیشانماندا کە چۆن شکستی ئۆکتۆبەر پێش هەر ناڕۆشنیەکی ئابوری و بەرنامەیەکی ئابوری، بریتی بووە لە مۆدیلی بەلشەفیزم لە دەخاڵەت پێدانی کرێکاران لە سیاسەت و ئیدارەی کۆمەڵگەدا و بەکارهێنانی ئامڕازی حزب بۆ شۆڕشکردن بەسەر میراتی سیستمی حوکمی کەمایەتیدا. بەڵام وەک مارکس دەڵێ؛ "دەسەڵاتی سیاسی ئامڕازێکە بۆ ڕزگاری ئابووری"[122] کەواتە بەبێ تێگەیشتن لە چۆنیەتی شۆڕش بەسەر سیستمی ئابوری سەرمایەداریشدا ناتوانین لە هۆکارێکی تری سەرەکی شکستی شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەر تێبگەین. هەربۆیە ڕەخنەکەمان دەبێ بچێتە سەر بنەما ئابوریەکانی ئەم مۆدێلە و پەیوەندی لەگەڵ چینی کرێکاردا. لێرەدا دوای باسی مۆدیلی سیاسی حزب دەچینە سەر مۆدیلی ئابوری حزب، کە تەواوکەری ئەو سیستمی سۆشیالیزمی دەوڵەتی یان سەرمایەداری دەوڵەتیە. دوای ناسینی ئەم مۆدیلە سیاسی و ئابوریە لە کۆتاییدا دەچینەوە سەر چۆنیەتی جیابونەوەی حزبی بەلشەفی لە چینی کرێکار و لە شۆڕشی سۆشیالیستی ئەم چینە بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری.

---

[122] مارکس، ئینتەرناسیونالی کرێکاران، ١٨٦٤، بە زمانی ئینگلیزی
The International Workingmen's Association 1864General Rules, October 1864
https://www.marxists.org/.../in.../iwma/documents/1864/rules.htm

## ١٦

# مۆدیلی ئابوری بەلشەفی چی بووە؟

## لە بەرنامەوە تا دەسەڵات

بۆ ئەوەی لە مۆدێلی ئابوری سۆشیالیستی حزبی بەلشەفی تێ بگەین دەبێ باسی ئەوە بکەین کە جێگای چینی کرێکار لە بواری ئابوری و ئیداری دەوڵەتی بەلشەفیدا چیە؟ بزانین چ سیستمێکی ئابوری و بەرهەمهێنان لەڕوسیادا لەلای بەلشەفیەکان دادەمەزرێ و بۆچی پێی دەوترێ سۆشیالیزم؟ ئایا کۆتایی هێنان بە موڵکایەتی تایبەتی و شەخسی سەرمایەدارەکان و موڵکایەتی دەوڵەت بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان و کارکردنی هەموو هاوڵاتیەک وەک کرێکار و بەکرێی یەکسانەوە سیستمی بەرهەمهێنان دەکاتە سۆشیالیستی؟ ئایا بوونی بەرنامە و پلانی ئابوری و دابەشکردنی سەرمایە و بەرهەم بەپێی نەخشە و لەلایەن دەوڵەتەوە، لە دەست شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و ئاژاوە و ئەزمەی بازاڕ و دابەزینی توانای کڕین و ئاستی گوزەرانی کرێکاران ڕزگارمان دەکا؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە ڕووبەڕوی سۆشیالیزمی سەدەی (٢٠ و ٢١) یش بوەوە و بەلشەفیزم و مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی کە لایەک لە دنیای سەدەی ٢٠ ی گرتەوە و ئێستاش چین و کوبا و بەرنامەی زۆرێک لە حزبە کۆمۆنیستەکانی گرتۆتەوە، تەنیا مۆدێلێک بووە کە زیاتر لەسەدەیەکە بە کردەیی بینیومانە و هێشتا لەناو مۆدیلی چەپ و سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکاندا ڕەواجی هەیە. هەربۆیە لێکدانەوە لەم تەجروبەیەی مۆدیلی سۆشیالیستی بەلشەفی و بەرنامە ئابوریەکەی گرنگیەکی زۆر و چارەنووسازی هەیە

له خستنه‌ڕووی مۆدێلێکی نوێی کۆمۆنیزم، که جیاوازبێ له‌م مۆدێله. پێویسته ڕه‌خنه له سۆشیالیزمی ده‌وڵه‌تیی به‌ره‌و مۆدێلێکی جیاوازی سیاسی و ئابوریمان به‌رێ.

## سۆشیالیزم له به‌رنامه‌ی به‌لشه‌فیدا

حزبی به‌لشه‌فی وه‌ک حزبێکی کرێکاری له دڵی هه‌لومه‌رجێکی شۆڕشگێڕانه‌دا شکڵ ده‌گرێ و گه‌شه‌ده‌کا، که هه‌ر سێ چینی کرێکار و جوتیار و سه‌رمایه‌داریش پێکه‌وه ده‌یانه‌وێ له‌ده‌ست قه‌یسه‌ریه‌ت و ئه‌رستۆکراسی فیودالی ڕزگاریان بێ، چونکه قه‌یسه‌ریه‌ت ڕێگره له‌به‌رده‌م گه‌شه‌ی سه‌رمایه‌داری و هه‌ر پێشکه‌وتنێکی کۆمه‌ڵایه‌تی و به‌رقه‌رار بوونی ئازادی سیاسیدا. تێگه‌یشتنی سۆشیالیستی باو له‌ڕوسیادا ئه‌وه بوو که بۆ گه‌یشتن به‌م سۆشیالیزمه پێویسته سه‌رمایه‌داری له ڕوسیادا گه‌شه‌بکا. به‌ڵام جیاوازی حزبی به‌لشه‌فی له‌سیاسه‌تدایه له‌گه‌ڵ باقی سۆشیالیسته‌کاندا،به‌وه‌ی ده‌ڵێن ئه‌م حزبه له شۆڕشێکی دیموکراتی بورژوازیدا به‌دوای گه‌یشتن به سۆشیالیزمه‌وه‌یه له‌ڕێگای گرتنه ده‌ستی ده‌سه‌ڵاته‌وه.

له سێ قۆناغی جیای شۆڕشدا ئه‌م حزبه سێ دروشم بۆ گه‌یشتنه ده‌سه‌ڵات به‌رزده‌کاته‌وه، "دیکتاتۆریه‌تی دیموکراتی شۆڕشگێڕانه‌ی کرێکاران و جوتیاران"دا له ١٩٠٥، "هه‌موو ده‌سه‌لاتێک بۆ شوراکان"ی نیسانی ١٩١٧، وه "دیکتاتۆریه‌تی پرۆلیتاریا" له ئۆکتۆبه‌ری ١٩١٧ه‌وه، وه‌کو ده‌سه‌ڵاتداریێتی حزبی به‌لشه‌فی باس ده‌کرێ.

ئه‌م دروشمانه جه‌ختکردنه‌وه‌یه له‌سه‌ر ده‌وری ڕابه‌ری چینی کرێکار له شۆڕش و ده‌سه‌ڵاتی سیاسیدا. هه‌لومه‌رجی ئابوری هه‌ر شتێک بێت، لینین به‌پێچه‌وانه‌ی مه‌نشه‌فیه‌کانه‌وه، جه‌خت له‌سه‌ر ده‌وری ڕابه‌ری و گرتنه ده‌ستی ده‌سه‌ڵات له‌لایه‌ن

بەلشەفیەکانەوە دەکاتەوە. لە دوو بەشی ٨و٩پێشودا ئەم مەسەلەیەمان وەک ناسێنەرەوە و جیاکەرەوەی بەلشەفیزم لە سۆشیال دیموکراتی ئینتەرناسیونالی دووەم باسکرد.

بەڵام سۆشیالیزم لەم سێ دروشم و سێ قۆناغەدا مانایەکی ڕاستەوخۆیان وەک دامەزراندنی سیستمێکی ئابوری نیە، بەڵکو لای بەلشەفیەکان سیستمی ئابوری لە هەر سێ قۆناغەکەدا باسی گەشەپێدانی سەرمایەداریانەی ڕوسیایە. لەبەرئەوەی بەلای ئەوانەوە هێشتا ئوکتۆبەری ڕوسیا بۆ سۆشیالیزم ئامادەنیە و لە ڕێگەی گەشەپێدانی سەرمایەداری دەوڵەتیەوە بنەمای شۆڕشی ئابوری سۆشیالیستی فەراهەم دەکرێت.

هەربۆیە ئێمە لە لێکدانەوەماندا لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەبێ ئەم بنەما ئابوریەی شۆڕشی ڕوسیا لە بەرچاوبگرین و بزانین ئایا بەلشەفیەکان چۆن ویستویانە لە ڕێگەی گەشەی سەرمایەداریەوە سۆشیالیزم دامەزرێنن؟

وەک پێشتر وتمان ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لەم لێکۆڵینەوەیەدا بیدۆزینەوە پەیوەندی نێوان سەرمایەداری دەوڵەتی و مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی بەلشەفیزمە. لەم ڕێگەیەوە دەمانەوێ ئەوە بخەینە ڕوو کە لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی لە ئاستی ئابوری و سیاسیدا خاڵە هاوبەشەکانی لەگەڵ سەرمایەداری دەوڵەتی و حکومەتی بیرۆکراتی سۆڤیەت و مۆدیلی حزبی بەلشەفیدا چیە؟ لەبەشەکانی پێشودا سەلماندمان کە چۆن مۆدیلی سیاسی حزب و دەوڵەتی بەلشەفی چارەنووسی هەنگاوە ئابورییەکان دیاری کرد و نیشانماندا کە چۆن شۆڕشی کرێکاری لەبەرامبەر ئەرکە سیاسیەکانی، واتە هێنانەئارای مۆدێلی دەسەڵاتدارێتی هەموو چینی کرێکار شکتی هێنا و هەربۆیە ئەرکی ئابوری سۆشیالیستیشی پەیڕەو

نەکرد و مۆدیلی سەرمایەداری دەوڵەتی گونجاو لەگەڵ دیکتاتۆری حزبیدا جێبەجێکرد.

هەربۆیە ئێمە لە لێکدانەوەماندا لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەبێ ئەم بنەما و ئەرکە ئابوریەی بەلشەفیەکان لە شۆڕشی ڕوسیا لە بەرچاوبگرین، کە خۆیان قەناعەتیان پێی بووە و بەرنامەیان بۆداناوە،وە بزانین ئایا بەلشەفیەکان چۆن ویستویانە لە ڕێگەی گەشەی سەرمایەداریەوە سۆشیالیزم دامەزرێنن؟ وە ئەم لێکۆڵینەوەیەمان بۆئەوەیە بزانین بەلشەفیزم چ مۆدێلێکی سۆشیالیستی دامەزراندوە؟ وە لەم پرۆسەیەدا چ گۆڕانکاریەک بەسەر پەیوەندی ئەم حزبە کرێکاریەدا لەگەڵ سەرجەم چینی کرێکاردا هاتووە کاتێک دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە؟

## لەشۆڕشی یەکەمدا ۱۹۰۵

لینین لە ساڵی ١٩٠٥دا دەڵێ؛ "شۆڕش دەسەڵاتی بورژوازی بەهێزدەکا. ئەم مەسەلەیە لە ڕژێمی کۆمەڵایەتی و ئابوری ئێستادا، واتە سەرمایەداری، ناچاریە."[123]

هەروەها دەڵێ"مارکسیستەکان بەتەواوەتی باوەڕیان وایە کە شۆڕشی ڕوسیە خەسڵەتێکی بورژوازی هەیە. ئەمە مانای چیە؟ واتە ئەو ریفۆرمە دیموکراتیانە لە ڕژێمی سیاسی و ئەو ریفۆرمە کۆمەڵایەتی و ئابوریانەی کە بۆ ڕوسیا خەسڵەتی پێویستی پەیداکردوە، خۆبەخۆ نەک تەنیا هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەداری و دەسەڵاتداریێتی بورژوازی فەراهەم ناکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ یەکەم جار زەمینەی واقعی بۆ گەشەی فراوان و خێرای ئەوروپایی، ونەک ئاسیایی، سەرمایەداری

[123] دوتاکتیکی سۆشیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراتیدا،ل٢٤٦،فارسی، منتخب اثار.

ئامادە دەکەن و بۆیەکەم جار دەسەڵاتداریێتی بورژوازی وەک چینێک ڕێگەپێدەدەن."[124]

لینین لەساڵی ١٩١٢شدا دەڵێ؛ "ئێستا ڕوسیا دەورانی ریفۆرمی بورژوازی بەسەردەبا، نەک دەورانی ریفۆرمی پرۆلیتاری، مەسەلەیەک کە ئێستا بە گەیویی کۆتایی خۆی گەیشتوە ئازادی ئابوری پرۆلیتاریا نیە، بەڵکو ئازادی سیاسی واتە (لە ناوەرۆکی مەسەلەکەدا) ئازادی تەواوی بورژوایانەیە."[125]

## لەشۆڕشی دووەمدا شوباتی ١٩١٧

لینین لەساڵی ١٩١٧دا دوای شۆڕشی شوبات دەڵێ " شەڕی ئیمپریالیستی لەڕوانگەی ئۆبژێکتیڤەوە دەبوایە بەناچاری بەشێوەیەکی بێ وێنە خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای دژی بورژوازی خێرابکردایە و بیگۆڕیایە بە شەڕی ناوخۆیی نێوان چینە دژ بەیەکەکان.

ئەم گۆڕینە بەهۆی شۆڕشی شوبات-مارسی ١٩١٧ دەستی پێکردووە، کە لەیەکەم قۆناغیدا یەکەم لێدانی هاوبەش لەلایەن دوو هێزەوە لە قەیسەریەت بوو کە بە ئێمەی نیشاندا؛ یەکێکیان تەواوی بورژوازی ڕوسیایە، وە دووەمیان لەلایەن شورای نوێنەرانی کرێکاران، کە دەستی کردووە بە ڕاکێشانی نوێنەرانی سەربازان و جوتیاران."[126]

---

[124] هەمان سەرچاوە ، ل ٢٥٤

[125] لینین،دوو ئۆتۆپی،ل٣٤٦، فارسی، منتخب اثار.

[126] لینین ، نامەکان لە دوورەوە، ل ٤٥٠، فارسی، منتخب اثار.

هەروەها دەڵێ؛"خەباتی نێوان ئەم سێ هێزە (پاشماوەی قەیسەریەت، بورژوازی و شورا کریکاریەکان) دیاریکەری وەزعێکە کە ئێستا هاتۆتە ئاراوە و ئەمەش ڕاگوزەرە لە قۆناغی یەکەمی شۆڕش بۆ قۆناغی دووەمی شۆڕش."[127]

بەڵام ئەم شۆڕشە سۆشیالیستیە چیە؟

لینین دەڵێ؛ "سەرکەوتنی پرۆلیتاریا ئیمکانی نیە لەڕوسیا، لە داهاتویەکی نزیکدا، مەگەر لە یەکەم هەنگاوی دا ڕێگەبدات کە کرێکاران پشتیوانی زۆربەی جوتیارانی خەباتکار لەپێناو دەستبەسەرداگرتنی هەموو موڵکایەتی زەویوزاری گەورە بەدەست بێنن (وە خۆماڵیکردنی هەموو زەویەکان، ئەگەر دانمان نا بەم بەرنامەیەی '١٠٤' کشتوکاڵدا، کە وەک بەرنامەی جوتیاران لەناوەرۆکدا مایەوە). لەپەیوەند بەم شۆڕشە جوتیارییەوە و لەسەر بنەمای ئەمە ئیتر دەستپێشخەریەکانی دواتری کرێکاران ئیمکانی هەیە و پێویستە، لەپێناو چاودێری بەسەر بەرهەمهێنان و دابەشکردنی بەرهەمەکاندا، وە کارکردن بە 'سیستمی کاری ناچاری'،هتد.. ئەگەر لە تێکڕای خۆیدا و لە گەشەکردنیدا سەیری بکەین، دەبینین ئەم کارانە گواستنەوەیەکە بەرەو سۆشیالیزم، کە لەڕوسیا یەکسەر دەست پێ ناکا، بەیەک کەڕەت، بەبێ هەنگاوی گوزەر و تێپەڕین، بەڵام جێبەجێکردنی مومکینە بەتەواوەتی و خۆی دەسەپێنێ بەشێوەی جەختکردنەوە بەهۆی ئەم هەنگاوانەوە." [128]

کاتێک لە دروشمی ئەم قۆناغەی دووەمی شۆڕشی ١٩١٧ دەڕوانین بریتیە لە "ئاشتی، نان و ئازادی". " پرۆلیتاریا بەڕێکەوتن لەگەڵ دوو هاوپەیمانەکەیدا (

---

[127] لینین، بەرنامەی جەنگی شۆرشی پرۆلیتاریا،ل ٤٤٩، فارسی، منتخب اثار.

[128] لینین، نامەکانی دووری، نامەی پێنجەم، ئەرکەکانی ڕیکخستنی پرۆلیتاری شۆڕشگێر بۆ دەوڵەت،مارسی ١٩١٧.
https://www.marxists.org/arabic/archive/lenin/1917/letters.htm

جوتیاران و پرۆلیتاریای وڵاتانی شەڕکردوو و پرۆلیتاریای جیهانی ) دەتوانێ **سەرەتا لەڕێگای بەدەستهێنانی کۆماری دیموکراتی و سەرکەوتنی تەواوی جوتیاران بەسەر خاوەن موڵکەکان** و سەرنگومی نیوە دەسەڵاتی گوچف-میلیوکف و **دواتر لەڕێگای گەیشتن بە سۆشیالیزم،** واتە تەنیا ئامڕازێ کە دەتوانێ " ئاشتی ، نان و ئازادی "بداتە میللەتانی ستەملێکراو لەدەست شەڕ ، هەنگاو هەڵگرێ و هەنگاو هەڵدەگرێ."[129]

## لەشۆڕشی سێهەمدا ئۆکتۆبەری ١٩١٧

لینین دروشمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە "ئاشتی، نان و ئازادی" دادەنێ .

کەواتە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەگەر هەلسەنگێنرێ دەبێ لە ڕوانگەی ئەم دروشمەی شۆڕشەوە بزانین کە تا چ ڕادەیەک سەرکەوتووبوە؟

یەکەم دروشم "ئاشتی" دژی شەڕی جیهانیی یە کە داوایەکی ڕۆشنە و پەیوەندی بە کۆتایی هێنانی بەشداری ڕوسیا لە جەنگی جیهانیدا هەیە. بێگومان ئەم داوایە خۆی لە خۆیدا ناوەرۆکی سۆشیالیزم ڕۆشن ناکاتەوە، بەڵام داوایەکی چینی کرێکار و جوتیاران وسەربازانی ڕوسیا بووە و بەلشەفیکەکان توانیویانە لەڕێگەی گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە ڕوسیا لەو شەڕە جیهانیە دەربهێنن.

لە دروشمی "نان و ئازادی"دا سۆشیالیزم بەوە ڕۆشن کراوەتەوە کە "خەڵک دەتوانن لەبەرامبەر"گرانی و نەبوونی" نان بەدەست بهێنن تەنیا لەڕێگەی ئەو هەنگاوانەی کە

---

129 لینین ، نامەکان لە دوورەوە، ل ٤٥٠، فارسی، منتخب اثار.

لەبەرامبەر پیرۆز بوونی سەرمایە و موڵکایەتیدا سەری ڕێز دانانەوێنن." لەم بارەیەشەوە دەوڵەتی سۆڤیەتی موڵکایەتی سەرمایەداران و خاوەن زەویەکانی کردە موڵکی دەوڵەت و هەوڵی دابینکردنی "نان" ی دا.

دروشم و داوای "ئازادیش، لەبەرئەوەی ئەم حکومەتە، حکومەتی خاوەن زەویەکان و سەرمایەداران لەخەڵک دەترسێت و لەگەڵ خانەدانەکانی ڕۆمانوفەکاندا خەریکی بەندوبەستە."[130]

بەلشەفیەکان بە لە دەسەلات خستنی کرنسکی و کادیتەکان کۆتاییان بە دەسەڵاتی هێزە بورژوازیەکان هێنا و بەم مانایە "ئازادی" یان لەدەست دەسەڵاتی بورژوازی بەدی هێنا.

گرنگی ئۆکتۆبەر لەوەدایە کە چینی کرێکار شۆڕش بە ئاراستەی بەرژەوەندیەکانی خۆیدا دەبا و چاوەڕوانی بورژوازی ناکا و ناکەوێتە دوای جێگیر بوونی دەسەڵاتی "دیموکراتی" بورژوازیەوە تا داخوازیەکانی شۆڕشی بۆ جێبەجێ بکا. وەک لینین دەڵێ "مەسەلەی سەرەکی هەر شۆڕشێک مەسەلەی هێزی دەسەڵاتداریێتیە لەوڵاتدا. بەبێ ڕۆشنکردنەوەی ئەم مەسەلەیە ناتوانرێ سەبارەت بە بەبەشداری ئاگایانە لەشۆڕشدا و بەشێوەیەکی سەرەتایی باسی ڕابەری بکرێ." . وە "لەڕوسیا دەوڵەتێک لە چەشنی کۆمۆنەی پاریس هەیە (شورای کرێکاران وسەربازان) "هەربۆیە دەبێ "حکومەتی کاتیی (بورژوازی) یەکسەر لەکاربخرێ" و "کرێکارانی وشیار لایەنگری تاک دەسەڵاتی شوراکانی کرێکاران و جوتیاران و سەربازانن".[131]

---

[130] لینین، بەرنامەی جەنگی شۆڕشی پرۆلیتاریا،ل ٤٤٩، فارسی، منتخب اثار.

[131] لینین ، دەربارەی دەسەڵاتی دوولایەنە،ل ٤٥٦و٤٥٧، فارسی، منتخب اثار.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەم گرتنە دەستی دەسەڵاتەدا و جێبەجێکردنی دروشمی شۆڕش " ئاشتی، نان و ئازادی" سەرکەوتوبوو، بەڵام دەبێ بزانین کە لەم سێ شۆڕشەدا لای بەلشەفیەکان باس لە گۆڕینی سیستمی ئابوری ڕوسیا بە سیستمێکی سۆشیالیستی نیە . بەڵکو ناوەرۆکی ئابوری ئەم شۆڕشانە باسی گەشەپیدانی سەرمایەدارییە و لەدواتردا و تەنیا لەم "دەرگایەوە" گواستنەوە بۆ سۆشیالیزم ئیمکانی هەیە.

سۆشیال دیموکراسی ڕوسیا، بە هەموو باڵەکانیەوە، لینین و بەلشەفی و بلیخانوف و مەنشەفیەکان، لەسەر پێویستی گەشەپێدانی سەرمایەداری لەڕوسیا هاوڕابوون. لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئەم دەورانە شۆڕشگێرانەیەی ڕوسیادا دژ بە یۆتۆپیای پۆپۆلیستەکانی نارودنیک و سۆشیال شۆڕشگێڕەکان بووە، کە دەیانویست لە قەیسەریەتی فیودالی و ئەرۆستۆکراسیەوە بچن بۆ سۆشیالیزم بەبێ تێپەڕین بە سەرمایەداریدا. بەڵام لەهەمان کاتدا بەلشەفیزم دژی ئەو ڕەوتە سۆشیال دیموکراتیە مەنشەفیەش بوو، کە لەم شۆڕشە دیموکراتیە و لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی ڕوسیا و ئەزمەی دەسەڵاتدارێتی بورژوازی ڕوسیادا، دەیویست لە سایەی دیموکراسی پەرلەمانی و دەوڵەتی بورژوازیدا وەک ئۆپۆزسیۆنێک بمێنێتەوە و لەگەڵ شۆڕشی سیاسی سۆشیالیستی بەسەر حکومەتی کاتی بورژوازیدا نەبوو. بەڵام لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا بەلشەفیەکان لە شۆڕشی ڕوسیادا و دوای گەیشتن بەدەسەڵات چیان کرد بۆ قۆناغی " گەیشتن بە سۆشیالیزم"؟ وەچ جۆرە سۆشیالیزمێکیان دامەزراند؟

## سۆشیالیزم دوای دەسەڵات

چۆنیەتی گەیشتن بە سۆشیالیزم گرێ کوێرەی بەلشەفیەکان و شۆڕشی ئۆکتۆبەرە. بۆ تێگەیشتن لەم ڕێبازە سۆشیالیستیەی بەلشەفیەکان ئێمە دەبێ لە سێ بواری جیادا هەنگاوەکانی حزبی بەلشەفی هەڵسەنگێنین لەبوارەکانی ئابوری، لەبواری پەیوەندی لەگەڵ چینی کرێکار و بزوتنەوەی شورایی و سەندیکایی، وە لەبواری حزب و دەسەڵات – دەوڵەت تابزانین بەرنامەی "گەیشتن بە سۆشیالیزم" چی بووە و بەرەو کوێ چووە؟

دوای گرتنی دەسەڵات لە لایەن حزبی بەلشەفیەوە، ئابوری ڕوسیا بەناوی کۆمۆنیزمی جەنگی بەڕێوە دەچوو لە ١٩١٨تا ١٩٢١، کە وەک ترۆتسکی دەڵێ "ڕێکخستنی بەکاربردن بوو لە قەڵایەکی گەمارۆدراودا" کە پشتیوانی پیشەسازی جەنگ و ڕزگارکردنی خەڵک بوو لە برسێتی[132] و بە "هاوشێوەی 'سۆشیالیزمی جەنگ'ی وڵاتە سەرمایەداریەکان"ی دادەنێ.!

ئەم بەرنامە سۆشیالیستیە لە کانونی دوەمی ١٩١٨ پەرلەمانی ڕوسیا بەناوی "**جاڕنامەی مافەکانی خەڵکی کرێکار و چەوساوە**" بڵاوی دەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێ کە "**هەڵوەشانەوەی موڵکایەتی تایبەتی زەوی. دەکرێتە موڵکی گەل. چاودێری کرێکاری و لیژنەی باڵا بۆ ئابوری نیشتمانی. کردنی کارگە و کانەکان و هێڵی ئاسن و بانکەکان دەکرێتە موڵکی دەوڵەت. هەموو کەس دەبێ کار بکا و چەکدارکردنی کارگەران و**

---

[132] ترۆتسکی، شۆڕشی خیانەتلێکراو، بەشی دووەم، کۆمۆنیزمی جەنگی، نیپ و سیاسەت بەرامبەر بە کۆلاک
https://www.marxists.org/arabic/archive/trotsky/1936-rb/ch02.htm

**دروستکردنی سوپای سوری سۆشیالیستی و چەک کردنی هەموو چینە مولّکدارەکان." 133**

دواتر لەساڵی ۱۹۱۹ لینین لە "**پێشنیاری تەواوی بەرنامەی حزب کۆمۆنیستی ڕوسیا**"[134]دا باس لەو هەنگاوە ئابوریانە دەکا کە دەوڵەتی سۆڤیەت دەیگرێتەبەر. لێرەداشدا ڕۆشنە کە سۆشیالیزم بریتیە لە "**گواستنەوەی مولّکایەتی تایبەتی زەوی و** کارگەکان **و دامودەزگاکان و بانک بۆ مولّکایەتی دەوڵەت**". هەروەها باسی "**دروستکردنی سەندیکا و هەرەوەزییە بەرهەمهێنەر و بەکاربردن**" کراوە "[135] **بەڵام سەرەڕای ئەمانەش بەرنامەی حزب لە ۱۹۱۹ ئەوە پەسەند دەکا کە" دەسەڵاتی شوراکان لە بواری دابەشکردندا بەردەوام دەبێ لە جێگرتنەوەی بازرگانی لەڕێگەی دابەشکردنی بەرهەمەکان بەشێوەی دابەشکردنێکی ڕێکوپیک لەئاستی نیشتمانیدا بەپێی نەخشەیەکی سەرتاپاگیری."**[136]

ئەمە پوختەی مولّکایەتی سۆشیالیستی بوو لە ڕوسیادا کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی لە مولّکایەتی تایبەتی سەرمایەداران و خاوەن زەوییەکانەوە کردبووە مولّکی دەوڵەت. جگە لەمە شێوازێکی تری مولّکایەتی گشتی بەرهەمهێنەران لە ڕوسیادا لەبەرنامەدا نەبووە و جگە لە مولّکایەتی دەوڵەت هیچ مۆدێلێکی تر لە شێوەی مولّکایەتی ڕاستەوخۆی بەرهەمهێنەران نابینین.

---

133 لینین، المختارات، ل ٤٤٥-٤٤٤، بەرگی ٧، بەزمانی عەرەبی.

134 بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ڕوسیا
https://marxists.catbull.com/farsi/archive/lenin/works/1919/tarhe-barnameh.pdf

135 هەمان سەرچاوە ل ١٧

136 هەمان سەرچاوە

بەڵام وەک ترۆتسکی دەڵێ "گۆڕینی فۆرمی موڵکیەت مەسەلەی سۆشیالیزم چارەسەر ناکا بەڵکو تەنیا دەیخاتەروو." [137]

هەربۆیە موڵکیەتی دەوڵەت بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە هەروەک موڵکایەتی تایبەتی سەرمایەداران تەنها یەکێک لە شێوەکانی موڵکایەتیە، نەک گۆڕینی سیستمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بێت. ئەمە شتێک سەبارەت بە سۆشیالیزم ناگەیەنێ . بەم شێوەیە بەرنامەی بەلشەفیەکان لە ١٩١٧ تا ١٩١٢١ باسی گۆڕینی فۆرمی موڵکایەتیە لە سەرمایەداری خسوسی و فەردیەوە بە موڵکایەتی دەوڵەت و خۆماڵیکردنی زەوی و بانک و کارگەکان.

وەک مارکس دەڵی **"پەیوەندیی موڵکایەتی' 'دەربڕینێکی قانونی' یە لە 'پەیوەندی بەرهەمهێنان' ێکی دیاریکراو.**[138]

کەواتە مەسەلەی سەرەکی سۆشیالیزم بریتیە لە گۆڕینی پەیوەندی بەرهەمهێنان، نەک شکڵە قانونیەکەی، کە موڵکایەتیە. ئەم شکڵە قانونیە دەتوانێ لە سەرمایەداریشدا لە فۆرمی موڵکایەتی تایبەتی تاکە کەسییەوە بگۆڕێ بە موڵکایەتی چینایەتی دەوڵەت،[139]بەبێ ئەوەی پەیوەندی بەرهەمهێنان و سیستمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هیچ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و چینایەتی بەسەردا هاتبێ.

باسەیری ئەم واقعیەتە بکەین لە ڕوسیادا.

---

[137] **ترۆتسکی، شۆڕشی خیانەتلێکراو، بەشی دووەم، کۆمۆنیزمی جەنگی، نیپ و سیاسەت بەرامبەر بە کۆلاک.**
https://www.marxists.org/arabic/archive/trotsky/1936-rb/ch02.htm

[138] **مارکس، بەرەو ڕەخنە لە ئابوری سیاسی**
https://libcom.org/library/economic-content-socialism-lenin-it-same-marx
*'Towards a Critique of Political Economy' (Preface), MESW: p 181*

[139]**مارکس ، کاپیتاڵ**
*45 DK III, ibid; Capital III, ibid*

لینین پێشتر وتی کە "لەپەیوەند بەم **شۆڕشە جوتیاریەوە** و لەسەر بنەمای ئەم (**شۆڕشە جوتیاری**) یەوە ئیتر دەستپێشخەریەکانی دواتری کرێکاران ئیمکانی هەیە"[140] . ئەم شۆڕشە زەوی خاوەن موڵکە گەورەکانی کردە موڵکی دەوڵەت و هاوکات "دابەشکردنی کشتوکاڵی، کە میراتی ڕابردوو بوو، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر زیادی کرد، وە لە ١٩٢٦ تا ١٩٣٦لە ١٦ ملیۆنەوە بووە بە ٢٥ ملیۆن پارچە زەوی."[141]

دواتر گەشەی موڵکایەتی تایبەتی جوتیاران بووە مایەی گەشەی جوتیارە دەوڵەمەندەکان کە سلفەیان لەدەوڵەت وەردەگرت و باجی سەر جوتیارە هەژارەکان کاریگەری زیاتری هەبوو لەسەر ژیانیان و زێدەبەرهەمی گەنمی عەمباری دەوڵەمەندەکان بوو بە ئامرازی کۆیلەکردنی جوتیارە هەژارەکان. و پاشان ئەمە کاریگەری لەسەر دەوڵەت دانا و یاسای کریکاری کرێگرتە لە کشتوکاڵدا و بەکرێدانی زەوی لە ساڵی ١٩٢٥ دەرکرا و ٦٠٪ گەنمی ئامادە بۆ بازرگانی لەدەستی ٦٪ جوتیاراندا بوو و بەشێوەیە گەڕانەوەی دەوڵەت بۆ هەڵوەشاندنەوەی خۆماڵیکردنی زەوی لە ١٩٢٥ دەستیپێکردەوە .[142]

ئەمە شکستی سۆشیالیزم بوو لە کشتوکاڵدا کە لینین و بەلشەفیەکان پێیان وابوو لەسەرکەوتنی شۆڕشی جوتیارانەوە "دەستپێشخەریەکانی دواتری کرێکاران ئیمکانی هەیە".

---

[140] لینین، نامەکانی دووری، نامەی پێنجەم، ئەرکەکانی ڕیکخستنی پرۆلیتاری شۆڕشگێر بۆ دەوڵەت،مارسی ١٩١٧.

[141] ترۆتسکی، شۆڕشی خیانەتلێکراو، بەشی دووەم، کۆمۆنیزمی جەنگی، نیپ https://www.marxists.org/arabic/archive/trotsky/1936-rb/ch02.htm

[142] ترۆتسکی، شۆڕشی خیانەتلێکراو، بەشی دووەم، کۆمۆنیزمی جەنگی، نیپ https://www.marxists.org/arabic/archive/trotsky/1936-rb/ch02.htm

هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە لای بەلشەفیەکان ئەوە ڕۆشن بووە، کە جێبەجێکردنی سۆشیالیزم وەک سیستمێکی ئابوری مومکین نیە و پێویستە سەرەتا سەرمایەداری دەولەتی پەرەپێبدرێ. لینین لە سالی ١٩١٨دا دەلێ " لە کۆماری سۆشیالیستی سۆڤیەت گواستنەوە بۆ سەرمایەداری دەولەتی هەنگاوێکە بۆ پێشەوە؟ ئایا ئەمە خیانەت لە سۆشیالیزم نیە؟"[143]. ئەو بۆ پاساوی ئەم سیاسەتە ئابوریە باس لە شێوازەکانی مولکایەتی لە ڕوسیادا دەکا و دەلێ "توخمەکانی شێوازە کۆمەلایەتی-ئابوریە جۆراوجۆرەکانی ڕوسیە بریتین لە:

1. ئابوری پاتریارکال، ئابورییەک کە بەڕادەیەکی زۆر خەسلەتی سروشتی و جوتیاری هەیە.
2. ئابوری کالایی بچوک (هەموو ئەو جوتیارانەی دەغل و دان دەفرۆشن لەم گروپەن)
3. سەرمایەداری تایبەت
4. سەرمایەداری دەولەتی
5. سۆشیالیزم

ئەمانە وەک ئابوریەکی تێکەلاو کە لە سەرەوە باسکراوە و بە "قۆناغی گواستنەوە لە سەرمایەداریەوە بۆ کۆمۆنیزم" ناسێنراوە. دواتر لە ١٩٢١ حزبی بەلشەفی بەرنامەی نوێی ئابوری "نیپ" جێبەجێ دەکا. لینین لە پاساوی ئەم سیاسەتەی کە سەرمایەداری دەولەتی لە ڕوسیادا گەشە پێدەدا دەلێ؛ "مەگەر ڕۆشن نیە کە، ئێمە لە باری مادی، ئابوری و بەرهەمهێنانەوە هێشتا لە **'بەردەگای' سۆشیالیزمدا نین؟**

---

143 لینین، دەربارەی چەپرەوی منالانە و مەیلی بورژوازی بچوک، ل ٥٢٠، المختارات، عەرەبی،مجلد٧، دارالتقدم.

**وە هیچ ڕێگەیەکی ترمان جگە لەم 'دەرگایە' ( سەرمایەداری دەوڵەتی ) ناتوانرێ لەدەرگایەکی ترەوە بەرەو سۆشیالیزم هەنگاو بنێین؟"**[144].

هەروەها لینین لەنێو ئەم شێوازە ئابوریانەدا دۆست و دوژمنەکانی سۆشیالیزم دیاری دەکا و دەڵێ: "ئەوە سەرمایەداری دەوڵەتی نیە کە لێرەدا خەبات دژی سۆشیالیزم دەکا، بەڵکو وردەبورژوازی و سەرمایەداری تایبەتی و خسوسیە کە بە ڕێکەوتن و لەیەک کاتدا هەم دژی سەرمایەداری دەوڵەتی و هەم دژی سۆشیالیزم دەجەنگن."[145].

لە ڕوانگەی ئابوری بەلشەفیەکانەوە لە بەرئەوەی سەرمایەداری دەوڵەتی دژی سۆشیالیزم ناجەنگێ کەواتە ترسی شکستی سۆشیالیزم لە ئابوری کاڵایی بچوک و وردەبورژوازیی یە.

هەربۆیە لینین دەڵێ: "یان ئێمە وردەبورژوازی دەکەینە پاشکۆی کۆنترۆل و حسابی خۆمان، یان ئەو بەناچاری و حەتمی حکومەتی کرێکاری ئێمە دەپوکێنێتەوە. بەهەمان شێوەی ناپلیۆنەکان و کاونیاکەکان، کە هەر بەم شێوەیە لەسەر زەمینەی هەمان خاوەن موڵک بچوکەکان سەریان بەرزکردەوە و شۆڕشیان لەناوبرد."[146].

پەنابردنە بەر ئەم نەخشە ئابورییە لەسەر ئەو بنەمایەیە کە "گەیشتن بە سۆشیالیزم" پێویستی بە گەشەپێدانی هێزەکانی بەرهەمهێنانە، وە ئەمەش لەڕێگەی سەرمایەداری دەوڵەتیەوە دەکرێ. هەڵسەنگاندنی لینین ئەوەیە کە "ئێمە دەبێ لە سەرمایەداری وەک ئەڵقەیەکی ناوەڕاستی پەیوەستکردنی بەرهەمهێنانی بچوک و

---

[144] هەمان سەرچاوە ، ل ٥٢١-٥٢٢

[145] لینین، دەربارەی باجی کەلوپەل ، ل٧٩٩و ٨٠٠، فارسی، منتخب اثار.
https://marxists.catbull.com/archive/lenin/works/1921/apr/21.htm

[146] هەمان سەرچاوە، ل ٨٠٧

سۆشیالیزم، و وەک ئامرازێک، ڕێگایەک، شێوە و چۆنیەتی بردنەسەرەوەی ئاستی هێزە بەرهەمهێنەرەکان سودی لێوەرگرین."[147]

لەبەرئەوەی "سەرمایەداری دەوڵەتی لە باری ئابوریەوە لەئاستێکی باڵاتر لە ئابوری ئێستای ئێمەدایە"[148]

لەدرێژەی ڕۆشنکردنەوەی چۆنیەتی کارکردنی سەرمایەداری دەوڵەتی دا باس لەڕیگەی ئیمتیازات و کۆمەڵە هەرەوەزیەکان 'کۆپراسیۆن' ەکانەوە و دەڵێ "نمونەی ئەوەی چۆن حکومەتی سۆڤیەت گەشە بەسەرمایەداری دەدا تا بەرەو سەرمایەداری دەوڵەتی دەبا، بریتیە لە ئیمتیازەکان. ئەمە بریتیە لە ڕیکەوتننامەی نێوان حکومەتی سۆڤیەت لەگەڵ سەرمایەداری دەوڵەتی. خاوەن ئیمتیازەکە —سەرمایەدارێکە، کۆمپانیایەکە، یانەیەک و کارتل وترەستێکە. ئەم ئیمتیازە لەبورای پیشەسازی گەورەی ئامێرەکاندایە.

کۆمەڵەی هەرەوەزیش جۆرێک لە سەرمایەداری دەوڵەتیە کە لە بەرهەمهینەرانی کاڵابچوکەکاندایە. ئازادی ئەم کۆمەڵە هەرەوەزیانە لە دۆخی ئێستای ڕوسیادا بەمانای ڕێگەدان بە ئازادی و مافە بە سەرمایەداری.

"ئەمە تاقیکردنەوەیەکە لە پێشبڕکێ لەگەڵ سەرمایەداری تایبەت (خسوسی)دا، یان ئێمە لەم پێشبڕکێیەدا بەسەر سەرمایەداری تایبەتدا سەردەکەوین یان شکستی تەواو دێنین."[149]

---

[147] هەمان سەرچاوە ، ل ٨٠٠

[148] لینین، دەربارەی چەپرەوی منالانە و مەیلی بورژوازی بچوک، ل ٥٣٠، المختارات، عەرەبی،مجلد٧، دار التقدم.

[149] لینین، دەربارەی باجی کەلوپەل ، ل ٨٠٥-٨٠٧، فارسی، منتخب اثار.

حزبی بەلشەفی لێرەوە دەبێ وەک سەرمایەدارێکی دەوڵەتی کە بەرهەمهێنان و بازرگانی و ئیدارەی دەوڵەتی بەدەستەوەیە پێشبڕکێ بکا لەگەڵ سەرمایەداری خسوسی و کۆمپانیا و ترەستە بازرگانی و خاوەن موڵک و سەرمایەدا.

وەک ترۆتسکی دەڵی "خەبات لە پێناو زیادکردنی داهاتی کار، ناوەرۆکی چالاکی حکومەتی سۆڤیەتی پێک دەهێنێ." [150]

ئەم زیادکردنە پێیوستی بە"کاری بەپارچە" و سەعات کاری زیاتر لە "٧" سەعاتی فەرمی بوو. لە درێژەی ئەم پرۆسەیەدا لەساڵی ١٩٣٦ دا ستالین ڕایگەیاند کە؛ سۆشیالیزم لە ڕوسیادا بەئەنجام گەیشتووە بەوەی کە "ڕۆبل بووەتە تاکە ئامرازی ڕاستەقینەی جێبەجێبوونی بنەمای سۆشیالیزم بۆ کرێی کار."[151]

لێرەوە هەموو شێوازەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە ڕوسیای بەلشەفیدا دەستی بەکار کردەوە و لەپاڵ ناچارکردنەوەی کرێکاران بە کارکردن بە کرێ بۆ دەوڵەت و لێسەندنەوەی زەوی لە جوتیاراندا و خاوەندارێتی سەرمایەداری دەوڵەت بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان و بازرگانی و پارە ، یاسایی کەڵەکە بوونی سەرمایە دەستپێکرد و ئەمەیان بە "کەڵەکەبونی سەرەتایی سۆشیالیستی" لەقەڵەمدا هەرچۆن کەڵەکە بوونی سەرەتایی سەرمایە لەسەرمایەداریدا هەیە.[152]

"سەرمایەی جێگیر لە پیشەسازی ڕوسیادا بازیدا لە 10.3ملیار ڕۆبلەوە لە ١٩٢٨بۆ 22.6ملیار ڕۆبڵ لە ١٩٣٢ و بۆ 59.9 ملیار ڕۆبڵ لە ساڵی ١٩٣٧دا"[153]. لەگەڵ

---

[150] ترۆتسکی،" شۆڕشی خیانەتلێکراو"، بەشی چوارەم، بزوتنەوەی ئیستاخانوفیزم.

[151] هەمان سەرچاوە https://www.marxists.org/arabic/archive/trotsky/1936-rb/ch04.htm

[152] ئارنست ماندل، بیرۆکراسی، فارسی. https://www.marxists.org/farsi/archive/mandel/works/1973/boorkorasi3.pdf

[153] تۆنی کلیف، سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕوسیا،ل٢٢

ئەم گەشەی گەورەیەی سەرمایەشدا "ئەگەرچی ڕێژەی توانای بەرهەمهێنەری كاری كرێكاری ڕوسی نزیكەی ٤لەسەر ٥ی توانای بەرهەمێنەری كاری كرێكارێكی بەریتانی بوو، لەم كاتەدا ئاستی گوزەرانی كرێكاری ڕوسیا چارەک یان ١لەسەر ٣ێی ئاستی گوزەرانی كرێكارێكی بەریتانی بوو."[154]

ئەمەش نیشانی دەدا كە یاسای كەڵەكەی سەرمایە و زێدە بەرهەم و چوونە سەری توانای بەرهەمهێنەری كاری كرێكاران لەلایەک، وە هەژاری و كەمبوونەوەی توانای كڕین و دابەزینی ئاستی گوزەران لای جەماوەری كرێكار لەلایەكی ترە، كە دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیرانەكانی سیستمی سەرمایەداری، لە ڕوسیاشدا هەر هەمان یاسا بەسەر سەرمایەداری دەوڵەتیشیدا زاڵ بوو.

كاتێكیش كە ئابوری ڕوسیا توشی "هەڵئاوسانی گەورەی ماڵی (نەختینەیی ) بوو، ئەمە بووە هۆی سەپاندنی باجی قورس بەسەر هاوڵاتیانی زەحمەتكێشدا."[155].

بەكورتی ئەم سیاسەتەی "نیپ" كە ١٩٢١ دارێژرا ,وە لە "كۆنگرەی ١٢ ساڵی ١٩٢٣ گەشەی پێدرا، وە " لە كۆتاییدا بووە سەركەوتنی هەموو میكانیزمەكانی سەرمایەداری لەچەشنی بازاڕ و بەهای گۆڕینەوە و بازرگانی و كاری بەكرێ و پارە و سەعات كاری زۆر و جیاوازی كرێ و ئیمتیازات دان و پاداشت وكاری بە پارچە و توندبوونەوەی سەختی كار و كەڵەكەی سەرمایە و هەڵئاوسانی ماڵی. بەم پێیە "یاساكانی مافی بورژوازی" لەپرۆسەیەكدا جێگیر كران، كە لینین لەسەرەتاوە دەیوت

---

https://ayman1970.files.wordpress.com/2010/12/d8b1d8a3d8b3d985d8a7d984d98ad8a9-d8a7d984d8afd988d984d8a9-d981d98a-d8b1d988d8b3d98ad8a7-pdf.pdf

[154] هەمان سەرچاوە ، ل٣١

[155] ترۆتسكی، " شۆڕشی خیانەتلێكراو"، بەشی چوارەم، هەڵئاوسانی دارایی سۆشیالیستی https://www.marxists.org/arabic/archive/trotsky/1936-rb/ch04.htm

"ترسی له "نیپ" نەبوو چونکه له حکومەتی سۆڤیەتدا دەسەڵاتداریێتی کرێکاران و زەحمەتکێشان مسۆگەرە." [156]

بەڕای من ئەمە پرسیاری سەرەکیە له لینین و بەلشەفیزم، که چۆن سەرەڕای "نیپ" و سازدانەوەی سەرمایەداری لەڕوسیادا " هێشتا له حکومەتی سۆڤیەتدا دەسەڵاتداریێتی کرێکاران و زەحمەتکێشان مسۆگەرە."؟!

هەر چەند له دوو بەشی پێشودا، ڕەوتی ڕوداوەکانی دەسەڵاتی بەلشەفیەکان نیشانمان دەدا که ئەم مسۆگەریەی که لینین باسی دەکا، لەسایەی دیکتاتۆری حزبیدا بەرەبەرە هیچ شتێکی له دەسەڵاتدارێتی شورایی و ئازادیی سیاسی لەناو حزب و له کۆمەڵگەدا نەهێشتۆتەوە.

بەڵام پێویست دەکا بەتایبەت بزانین که مۆدیلی ئابوری سۆشیالیزمی دەوڵەتی و "نیپ" چۆن ئەم مسۆگەریەی لینینی بەتەواوەتی نەهێشت؟ زۆر پێویستیشه بزانین ئەم ئابوریەی سەرمایەداری دەوڵەتی چ ئاڵوگۆڕێک له پەیوەندی حزبی بەلشەفی به چینی کرێکارەوە دەهێنێتە ئاراوە؟ وە ئایا حزب و دەوڵەتی بەلشەفییە چۆن دەگۆڕێن لەگەڵ ئەم سەرمایەداریە دەوڵەتیەدا؟

---

[156] لینین، دەربارەی باجی کەلوپەل ، ل ٨٠٠، فارسی، منتخب اثار.
https://marxists.catbull.com/archive/lenin/works/1921/apr/21.htm

# ١٧

# کۆنترۆڵی سەرمایەداری یا کۆنترۆڵی کرێکاری

## پرسیاری سەرەکی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

گۆڕانکاریەکی گەورە کە لە "سیاسەتی ئابوری نوێ "نیپ" دانی پێدا دەنرێ بریتی یە لە گواستنەوە لە کۆنترۆڵی کرێکاریەوە بۆ کۆنترۆڵی سەرمایەداری دەوڵەتی بە شێوەیەکی فەرمی لەڕوسیادا. بابزانین ئەم گۆڕانکاریە چی بەسەر جێگا و دەسەڵاتی کرێکار و شورا و سەندیکا و هەموو جۆرە ڕیکخراو و دەسەڵاتێکی کرێکاریدا دەهێنێ. ئەم پرسە گرنگە چونکە هەموو ترسێکی گەڕانەوەی سەرمایەداری لای بەلشەفیەکان بەو وتەیەی لینین ڕەوێنراوەتەوە کە "لە حکومەتی سۆڤیەتدا دەسەڵاتداریێتی کرێکاران و زەحمەتکێشان مسۆگەرە."![157]

هەربۆیە لێرەدا لەسەر ئەم گۆڕانەی بەسەر ئەم گرەنتیەی لینیندا دێت لێکۆڵینەوەکەمان درێژە پێ دەدەین. بابزانین ئەگەر ئەم گرەنتیە نەمێنێ بەهۆی "نیپ"ەوە چی لە سۆشیالیزم لە سۆڤیەتدا دەمێنێتەوە؟!

لینین دەڵێ؛ "سیاسەتی ئابوری نوێ "نیپ" کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنەڕەتی لە دۆخی پرۆلیتاریادا دروست دەکا.. لەوانە بازرگانی ئازاد و سەرمایەداری ڕێگە پێدراوە و پەرەی پێدەدرێ و کاروباری بازرگانی و سەرمایەداری لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێک دەخرێ

[157] لینین، دەربارەی باجی کەلوپەل ، ل ٨٠٠، فارسی، منتخب اثار.
https://marxists.catbull.com/archive/lenin/works/1921/apr/21.htm

و لەلایەکی ترەوە ئەو دامەزراوە دەوڵەتیانەی کراون بە سۆشیالیستیی دەبێ پەیڕەو لە بنەمای بازرگانی بکەن وە ئەم کارە لە هەلومەرجی دواکەوتویی گشتی فەرهەنگی و هیلاکی وڵاتدا بەناچاری کەم تازۆر دەگات بەوەی کە لەزەینی جەماوەردا دەستەی بەڕێوەبەری ئەم دامەزراوانە بەرامبەربە کرێکارانێک دەوەستنەوە کەلەم دامەزراوانەدا کاردەکەن."[158]

بەم پێیە پەیوەندی نێوان سەندیکا کرێکاریەکان و دەوڵەتی سۆڤیەت دەگۆڕێت. لەبەرئەوەی دەوڵەت وەک سەرمایەدارێک بەرامبەر بە کرێکار وەستاوە. هەربۆیە لینین دەڵێ "ڕووبەڕووبونەوەی چینایەتی نێوان کاروسەرمایە بێ گومان دەمینێتەوە، بەم پێیە یەکێک لە سەرەکیترین ئەرکەکانی سەندیکاکان پاریزگاری هەمەلایەنەیە لە بەرژەوەندی چینایەتی پرۆلیتاریا لە خەباتیدا دژی سەرمایە. سەندیکا بەپێی ئەم ڕوانگەیە سەرلەنوێ خۆی ڕێک بخاتەوە، شکلێ بگۆڕێ یا کامڵ بکرێ."[159]

بەم پێیە "هەرجۆرە دەستێوەردانێکی ڕاستەوخۆی سەندیکا لە ئیدارەی کاروباری دامەزراوەکاندا. لەم جۆرە دۆخەدا، دەبێ بەبێ شک زیانبار و ڕێگە پێنەدراو دابنرێ."[160]

سنوری ئەم خەباتە سەندیکاییەش دیاریکراوە بەوەی "دژی کەموکورتیە بیرۆکراتیەکانی دەوڵەت بێ و زیان بە پەرەپێدانی دەوڵەتی کرێکاری و ئابوریەکەی نەبێ. سەندیکا کاری نێوبژیوانی و نێوانگەریە و نابێ گفتوگۆکان بگاتە مانگرتن لە دامەزراوە دەوڵەتیەکاندا." [161]

---

158 لینین دەربارەی دەور و ئەرکی سەندیکاکان لە سیاسەتی ئابوری نوێ دا، ل ٨٢٨، فارسی، منتخب اثار.
159 لینین دەربارەی دەور و ئەرکی سەندیکاکان لە سیاسەتی ئابوری نوێ دا، ل ٨٢٩، فارسی، منتخب اثار.
160 هەمان سەرچاوە،ل٨٣٠
161 هەمان سەرچاوە،ل٨٣١.

"هاوکات لەساڵانی یەکەمی دوای شۆڕشدا، چ بە یاسا و چ لەواقعدا، سەندیکا کرێکاریەکان تەنیا مافی دیاریکردنی کرێیان هەبوو. بەڵام لەکاتی سیاسەتی نوێی ئابوریدا، نیپ، کرێ لە ڕێگەی ڕێکەوتنی نێوان سەندیکا و ئیدارەوە دیاری دەکرا و دواتر لەگەڵ سەرەتای پلانی ٥ ساڵەدا، کرێ بەزۆری لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئابوریەوە دیاری دەکرا، وەک کۆمیسارەکان، بەڕێوەبەری تاکی کارگەوە، دواتریش لە ١٩٣٣ پارێزگاری کرێکاران لەخۆیان قەدەغەکرا بەوەی دژی حکومەتەکەیانە و ئەمە هەڵەیە."[162]

ئەم گۆڕانکاریانە لە هەڵوێستی دەوڵەتی بەلشەفی لە دروشمی "بەڕێوەبەرایەتی کرێکاری و شورا کرێکاریەکان" لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ دا بەرەو ئەوەی کە سەندیکای کرێکاران دەبێ "خۆی دژی دەوڵەتی سەرمایەداری سۆڤیەت ڕێکبخا، وە نابێ دەست وەربداتە ئیدارەوە، وە هەروەها مافی مانگرتنیشی نیە"، گۆڕانکاریەکە کە حزبی بەلشەفی لە چینی کرێکار جیا دەکاتەوە.

لێرەدا چینی کرێکار لە دەوڵەتی کرێکاری جیا دەبێتەوە و دەبێ وەک چینێک لەڕێگەی سەندیکاوە دژ بەم دەوڵەتە کرێکاریە خۆی ڕێک بخا. کەواتە خەباتی چینایەتی دژ بەم دەوڵەتە لە ئارادایە، هەروەک بەڵگەی مانگرتنە بەردەوامەکانی ساڵانی ١٩٢١تا دوایی دەیسەلمێنێ. لینین خۆی دەڵێ ئەمە "خەباتی چینایەتی دژی سەرمایە" یە، کەواتە دەوڵەتێکی سەرمایەداری لە ئارادایە نەک دەوڵەتێکی کرێکاری. ئەگەر نا چۆن دەکرێ چینێک لە دژی دەسەڵاتی خۆی خەبات بکا؟! مەسەلەکە ئەوە

---

[162] تۆنی کلیف، سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕوسیا،ل٦ https://ayman1970.files.wordpress.com/2010/12/d8b1d8a3d8b3d985d8a7d984d98ad8a9-d8a7d984d8afd988d984d8a9-d981d98a-d8b1d988d8b3d98ad8a7-pdf.pdf

نیە سەرمایەداری وەک شێوازێکی بەرهەمهێنان هێشتا لە هەندێ شوێنی ڕوسیادا ماوە و دەوڵەتی کرێکاری لەدژی خەبات دەکا، بەڵکو مەسەلە لێرەدا ئەوەیە کە خودی دەوڵەتی کرێکاری دەیەوێ دەوری مۆنۆپۆلی سەرمایە بگێڕێ و چینی کرێکار دەبێ وەک کرێ گرتەی ئەم دەوڵەتە سەرمایەداریە کاربکا و زێدەبایی بەرهەم بهێنێ و کەڵەکەی سەرمایە بکا. ئەمە ئەو پەیوەندیە بەرهەمهێنانەیە کە هەموو موڵکایەتیەکی هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەکاتە موڵکی دەوڵەتێکی مۆنۆپۆلی سەرمایەداری کە ناوی دیکتاتۆریەتی حزبی بەلشەفیە. کەواتە ئەگەر کرێکاران خەباتی چینایەتی بکەن، ئەوا دەبێ دژی حزبی بەلشەفی بیکەن. هەربۆیە دەبینین کە دیسپلینی حزبی و دەزگای بیرۆکراتی حزبی بەپێی پێوەری ڕادەی گوێڕایەڵی کریکارانی ئەندامی حزب بۆ قبوڵکردنی ئەم کۆیلایەتی کاری کرێ گرتەییە و ملکەچ کردنیان بۆ یاساکانی سەرمایەداری دەوڵەتی بەلشەفی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. ڕێژەی دەرکردنەکان لە حزب و مانگرتنە کرێکاریەکان نیشانی دەدەن کە ئەم سیاسەتەی "نیپ" قۆناغی جیابوونەوەی حزبی بەلشەفی لە چینی کرێکار و قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵاتە لە کۆنترۆڵی کرێکاریەوە بەرەو کۆنترۆڵی سەرمایەداری.

ئەمەش بنەمای هەموو لادان و بەئەنجام نەگەیشتنی شۆڕشی کۆمۆنیستیە لە ڕوسیادا. گۆڕانی بنەماکانی شۆڕشێک، کە بۆ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەسەر سەرمایەداریدا بەرپاکرا بەرەو دیکتاتۆریەتی حزبێک کە لەڕێگای سەرمایەداری دەوڵەتیەوە ڕێگە دەگرێ لە کۆنترۆڵی کرێکاری و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا. لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم پرۆسە مادیەی جیابوونەوەی بنەڕەتی و ژێرخانەیەی حزبی بەلشەفی لە چینی کرێکار، بیرۆکراتیزم و سەرکوتی ناوخۆی حزب و سەرکوتی حزبە کرێکاریەکانی تر و هەموو ئەو بێ مافیە سیاسی و ئابوریانەی کە چینی کرێکار لە ڕوسیادا بەرەو ڕوی بوەوە،

بە شیوەیەکی مادی، بەشکڵی تەواوەتی خۆی گەیشت و سەرمایەداری دەوڵەتی و سۆشیالیزمی دەوڵەتی جێگای بەرنامە و خەباتی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی گرتەوە.

لێرەوە بەلشەفیزم حزب دەکاتە بەڕێوەبەری کارگە و بازرگان و سەرمایەدار، وە کرێکارانیش دەبێ خەباتی چینایەتی دژی سەرمایەدارێکی حزبی درێژە پێبدەن. ئەمە ناکۆکیەک و ئەنتاگۆنیسمێکە کە لەنێوان حزبێکی کرێکاری و دەسەڵاتێکی دەوڵەتی بەلشەفیدا دروست دەبێ. ناکۆکی نێوان مۆدیلی حزب و کۆمۆنیزمی بەلشەفی لەگەڵ دەوری چینی کرێکار لە بنیاتنانی سیاسی و ئابوری کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا. لێرەوە شکستی ڕەوتی شۆڕشگێڕانەی نێو حزبی کرێکاری بەلشەفی دەبینین لە خەباتی چینایەتی کرێکارانی ڕوسیادا.

ئیتر ئەم قسەیەی لینین، کە دەیوت "ترسی لە "نیپ" نەبوو چونکە لە حکومەتی سۆڤیەتدا دەسەڵاتدارێتی کرێکاران و زەحمەتکێشان مسۆگەرە" [163]، نەیدەتوانی ئەو ناکۆکیە چینایەتیە لە نێوان دەوڵەتی بەلشەفی و چینی کرێکاردا پەردەپۆش بکا، کە بۆچی ئەگەر دەسەڵات و حکومەتی کرێکاری هەیە، کرێکاران سەعاتی کاری زیاتر کاردەکەن و دەسەڵاتیان بەسەر بەرهەمهێناندا نیە ؟ بۆچی حزب و بەڕێوەبەری سەرمایەدار پێیان دەڵێن کرێ یان چەندە و ئەگەر ناڕازیش بن ناتوانن مانبگرن؟ دروستکردنی فراکسیۆن و حزبی تریش قەدەغەیە؟ چۆن حزبی بەلشەفی و دەستەجێگرە سەرکردایەتیەکەی تاکە نوێنەری چینی کرێکارە، وە "لە حکومەتی سۆڤیەتدا دەسەڵاتدارێتی کرێکاران و زەحمەتکێشان مسۆگەرە"، ئەگەر لەم مۆدیلی سیاسی و ئابوریەدا هیچ دەسەڵاتێکی کرێکار و زەحمەتکێش، نەک لە ئارادا نیە،

---

163 لینین، دەربارەی باجی کەلوپەل ، ل ٨٠٠، فارسی، منتخب اثار.
https://marxists.catbull.com/archive/lenin/works/1921/apr/21.htm

بەڵکو دەبێ دژی ئەم دەسەڵاتە خەبات بکا؟ چۆن حزب و دەوڵەتێک کۆمۆنیستی دەبن ئەگەر جێگای کرێکار تیایدا بریتیە لە کرێ گرتەیی بۆ بەڕێوەبەرێکی حزبی؟ وە ئەگەر بڕیاری ئابوری ئەو دەوڵەتە و کرێ و بەرهەمهێنان لەدەستی کەمایەتیەکی حزبی سەرمایەداری دەوڵەتیدا بێ؟ هەروەها ئازادی مانگرتن و فراکسیۆن پێکهێنان و هەموو ئازادیەکیش لەژێر ناوی حکومەتی خۆماڵی چینی کرێکاردا قەدەغەبێ؟

زەوتکردنی ئەم مافانە لە چینی کرێکار بەناوی حکومەتی کرێکاریەوە نیشانی دەدا کە ئەمە حکومەتی کرێکاران خۆیان نیە. قەدەغەبوونی بڕیاری بەرهەمهێنان لەدەستی سەندیکا و شورا کرێکاریەکاندا بریتیە لە لێسەندنەوەی مافی بەشداری ڕاستەوخۆی ئازادانە و هەرەوەزیانەی لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانیدا، وە سەپاندنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری حزبیە بەسەر بەرهەمهێنەرانی واقعی کۆمەڵگەدا. ئەمە ئەو هەنگاوەیە کە شۆڕشی کۆمۆنیستی بە هەڵوەشانەوەی ئەم دەستێوەردانە دەوڵەتیە دەست پێ دەکا نەک بە جێگیرکردنی. ئەمە جیاوازی بنەڕەتی سۆشیالیزمی کرێکارانە لە مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی.

لینین لە وەڵام بەم ناکۆکیەدا دەڵێ؛ "سەرەکی ترین و بنەمای ترین مەسەلەیەک کە پرۆلیتاریا، دوای گرتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی بەدەست دەهێنێ، سودی هەبێ بۆی، بریتیە لە گەشەی ئاستی بەرهەم و بردنە سەری هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگە تا ئاستێکی باش.. لەدۆخی ئێستای ڕوسیادا بێ شک پێویستی بە کۆکردنەوەی تەواوی هێزە لەدەستی بەڕێوەبەرایەتی کارگەکاندا. ئەم بەڕێوەبەرایەتیەش، بەپێی بنەمای گشتی لەسەر بناغەی **تاک سەرۆکی** دروست دەکرێ و پێویستە جدی ترین

شێواز له هه‌ڵبژاردنی به‌رجه‌سته‌ترین و به‌تواناترین به‌ڕێوه‌به‌ره‌کان و به‌شێوه‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆ ئه‌نجام بدرێ."[164]

ئه‌م تێگه‌یشتنه له‌وه‌ی که مه‌سه‌له‌ی سه‌ره‌کی پرۆلیتاریا دوای گرتنه ده‌ستی ده‌سه‌ڵات "گه‌شه‌ی ئاستی به‌رهه‌م و بردنه سه‌ری هێزه به‌رهه‌مهێنه‌ره‌کانی کۆمه‌ڵگه" یه، تێگه‌یشتنێکی به‌رته‌سکه له سۆشیالیزم هه‌رچه‌ند له‌باری مێژووییه‌وه بۆ سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیست و به‌تایبه‌ت بۆ ڕوسیا مه‌سه‌له‌یه‌کی جدیه و وه‌ک مارکس ده‌یوت " کۆمۆنیزم بریتی نیه له دابه‌شکردنی هه‌ژاری". به‌ڵام مه‌سه‌له‌ی گه‌شه‌ی ئابوری ناوه‌رۆکی سۆشیالیزم نیه. داینه‌میزمی سیستمی که‌ڵه‌که‌ی سه‌رمایه لای بورژوازیش گه‌شه‌ی ئابوری دروست ده‌کا . لای بورژوازی مه‌سه‌له‌ی سه‌ره‌کی له‌م یاسا ئابوریه‌دا که‌ڵه‌که‌ی سه‌رمایه‌یه. لای چینی کرێکاریش گه‌شه‌ی ئابوری ئامانجی سه‌ره‌کی نیه، به‌ڵکو مه‌سه‌له‌ی سه‌ره‌کی سازدانه‌وه‌ی کۆمه‌ڵگه‌یه له‌لایه‌ن چینی کرێکار خۆیه‌وه و بۆ کۆتایی هێنان به کۆیله‌تی خۆی وه‌ک چینێک بۆ ده‌سه‌ڵاتێکی سه‌روو خۆی، بۆ کۆتایی هێنان به ده‌سه‌ڵاتی که‌مایه‌تیه‌کی سه‌رمایه‌داره، جا چ ئه‌م که‌مایتیه سه‌رمایه‌داره ده‌وڵه‌ت بن یان کۆمپانیای تایبه‌ت بن. هه‌ر پلانی گه‌شه‌یه‌کی ئابوری به‌مانای ده‌وری ئه‌م چینه خۆیه‌تی له ئابوری و سیاسه‌تدا، نه‌ک ئه‌م چینه خۆی ناچاربکرێ له سایه‌ی ده‌وڵه‌تێکی سه‌رمایه‌داری ده‌وڵه‌تیدا له‌لایه‌ن حزبێکه‌وه، جا کرێکاری بێ یان بورژوازی، ده‌وری "بردنه سه‌ری هێزه به‌رهه‌مهێنه‌ره‌کانی کۆمه‌ڵگه " بۆ دابنرێ.

سۆشیالیزم بریتی نیه له نه‌خشه و پلانێکی ئابوری داڕێژراو، به‌ڵکو چالاکی سیاسی چینی کرێکار خۆیه‌تی له خه‌باتی چینایه‌تیدا بۆ گۆڕینی سیستمێک که ئه‌و تیایدا

[164] لینین ده‌رباره‌ی ده‌ور و ئه‌رکی سه‌ندیکاکان له سیاسه‌تی ئابوری نوێ دا، ل ٨٣٠، فارسی، منتخب اثار.

ژێردەستەیە. هەربۆیە، وەک گرامشی جەختی لەسەر کردۆتەوە، " سیاسەت بریتی نیە لە ستراتیژیەک بۆ سەرکەوتنی سۆشیالیزم، بەڵکو سۆشیالیزم خۆیەتی"[165].پراتیکی سیاسی ئەم چینەیە نەک حزبەکەی کە "مێژووی خۆی دروست دەکا، بەڵام لەهەلومەرجێکدا نا کە خۆی هەڵی بژاردوە، بەڵکو هەلومەرجێک کە دراوە و لەڕابردووەوە هاتوە."[166]

لینین بۆ گەیشتن بەم گەشە ئابوریە کە گەشەدان بە سەرمایەداری دەوڵەتیە، وەک لە بەشەکانی پێشودا باسمانکرد، سیستمی "یەک سەرۆکی" لە بەڕێوەبردنی کارگەکاندا دروست دەکا. بێگومان ئەمە پێچەوانەی بەرنامەی حزبە، کە لەساڵی ١٩١٩ تیایدا هاتبوو کە "کاریگەری دانانی ڕاستەخۆ جەماوەری زەحمەتکێش لە بینای حکومەت و ئیدارەی هەموو وڵات لە ڕێگای گۆڕینی یەکەی ئابوری — پیشەسازی (کارخانە)- نەک دابەشکردنی ناوچەیی — بەشێوەی یەکەی سەرەتایی هەڵبژاردن و ناوکی بینای حکومەت لەسایەی دەسەڵاتدارێتی هێزی شوراکاندا جێبەجێ دەبێت. ئەم پەیوەندیە نزیکترە لە نێوان دەزگای دەوڵەت و جەماوەری پرۆلیتاریای پێشکەوتوو کە سەرمایەداری یەکگرتووی کردون، سەرەڕای ئەوەی ئاستێکی بالاتر لە دیموکراسی بەدی دێنێ، لەهەمان کاتدا جێبەجێکردنی ریفۆرمی قوڵی سۆشیالیستی مومکین دەکا."[167]

---

[165] ئیریک هۆبسباوم. ل٣٢١ چۆن جیهان دەگۆڕین، گرامشی، بە زمانی ئینگلیزی.

[166] هەمان سەرچاوە ل ٣٤١

[167] لینین، پرۆژەی سەرتاپاگیری بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ڕوسیا، ل ١٠ ، خاڵی ٥، بەشی "لەبواری سیاسیدا".

لێرەدا ڕۆشنە کە بەرنامەی حزب دەڵێ؛ یەکەی ئابوری — پیشەسازی ( کارخانە )- بەشێوەی یەکەی سەرەتایی هەڵبژاردن و ناوکی بینای حکومەت ودەسەڵاتدارێتی یە، واتە کۆمیتەکانی کارگە و شوراکان دەسەڵاتی بنەڕەتین.

هەربۆیە ئەم هەنگاوە تازەیەی "یەک سەرۆکی" کارگەکان هاوکات لەگەڵ ئەو بڕیارەی کە دەوری سەندیکای کرێکاری "کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان نیە"، بریتین لە دابڕینی چینی کرێکار و سەندیکا و شوراکانی لە بەڕێوەبەری کارگە و لە ئیدارەی دامەزراوەکان و جیا بوونەوەی پۆستە حکومیەکان و چینی کرێکارە لەیەکتر.

ئەم ناکۆکیە لەنێوان بەرنامەی حزب و سیاسەتی "نیپ"دا بووە مایەی ململانێ لەنێو حزبدا. هەروەک پێشتریش باسمان کرد، لەکۆنگرەی دەیەمی حزبدا، لینین و بەدواشیدا زۆربەی کۆنگرە، ئەم ناکۆکیەی نێوان سەندیکای کرێکاری و دەوڵەتی سۆڤیەت بە "لادانی سەندیکالیستی و ئەنارشیستی" دەدەنە قەڵەم. گروپی "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری" ناو حزبی بەلشەفیش، کە پێداگری لەو مادەیەی بەرنامە سەبارەت بە دەسەڵاتی سەندیکا و شورا کرێکاریەکان دەکەن لە بەڕێوەبردنی ئابوریدا، بە "مەنشەویک" و "وردە بورژوازی" دەناسێنن. لینین "بۆچونەکانیان بە "خەتەری سیاسی ڕاستەوخۆ بۆسەر بوونی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و "کۆمەک بە دوژمنانی چینایەتی شۆڕشی پرۆلیتاریا دەکەن" دەناسینێ و دەڵێ "دەبێ ڕێگەی خەبات و پاکردنەوەش لەدژی بگیرێتە بەر و ئەم "تەبلیغاتانە لەگەڵ ئەندامەتی لە حزبدا ناهاوئاهەنگە."[168]

ترۆتسکیش لە هێرش بۆسەر "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری " لە دەیەمین کۆنگرەی حزبدا دەڵێ "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری بە دروشمی مەترسیدارەوە هاتۆتە مەیدان. بتی لە

[168] لینین، پرۆژەی سەرەتایی بڕیارنامەی کۆنگرەی دەیەمی حزب سەبارەت بەلادانی سەندیکالیستی و ئانارشیستی لەحزبدا، ل ٧٩٠-٧٩١، فارسی، منتخب اثار.

بنەما دیموکراتیەکان درووستکردوە و مافی کرێکارانی لەهەڵبژاردنی نوێنەراندا خستۆتە سەروو حزبەوە. بە شێوەیەک کە حزب نابێ دیکتاتۆری خۆی پیادەبکا، تەنانەت ئەگەر ئەو دیکتاتۆریە بەشێوەیەکی کاتی ناکۆک بێت بە دیموکراسی کرێکاری."[169]

بەڵێ، ئەمە جیاوازی بنەڕەتی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمە وەک دیموکراسی کرێکاری یان بەشداری ڕاستەوخۆی کرێکاران لەگەڵ مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و دیکتاتۆری حزبیدا. گۆڕینی بەرنامەی بەلشەفی ١٩١٩ بەشێکە لەو پرۆسەیەیە کە مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی جێگای سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمی واقعی کرێکاران دەگرێتەوە.

لێرەدا تەنیا باسی سۆشیالیزم وەک مەسەلەیەکی ئیداری و ئابوری نیە، بەڵکو باسی بیناکردنی سۆشیالیزمە وەک کارێکی سیاسی کە هەموو چینەکە پێی هەڵدەستێ و ئازادانە بەشدارە تیایدا نەک وەک بڕیار و سیاسەتی دەوڵەت و حزبێک. هەروەک گرامشی دەڵی "لەوانەیە بڵێن، ئایا بنەمای کۆمۆنیزم سۆشیالیزەکردنی ئابوری نیە وەک سۆشیالیزەکردنی خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی و ئابوری بەرنامە داڕێژراو، بەڵام پێویستمان بە سۆشیالیزەکردن لە سیاسەت و بەمانای کۆمەڵایەتی ئۆتۆماتیک و وشیارارانە دەبێ، وەک پرۆسەی دروستکردنی ئینسانی کۆلێکتیڤ و گشتی کە هەڵسوکەوتی ئینسان دەکاتە ئۆتۆماتیک و پێویستی بەدەزگای دەرەوە و سەروو ئینسان ناهێڵێ تاکو نۆرمێک بسەپێنێ."[170]

---

[169] ئارنست ماندل، دەربارەی بیرۆکراسی، تیۆری "جێنشینی"، فارسی.
https://marxists.catbull.com/farsi/archive/mandel/works/1973/boorokrasi.htm

[170] گرامشی ، دەفتەرەکانی زیندان، ل٣، بەزمانی ئینگلیزی

گۆڕان لەو بەرنامەیەوە کە " " کاریگەری دانانی ڕاستەخۆ جەماوەری زەحمەتکێش لە بینای حکومەت و ئیدارەی هەموو وڵات لە ڕێگای گۆڕینی یەکەی ئابوری-پیشەسازی (کارخانە) -نەک دابەشکردنی ناوچەیی- بەشێوەی یەکەی سەرەتایی هەڵبژاردن و ناوکی بینای حکومەت لەسایەی دەسەڵاتداریێتی هێزی شوراکاندا جێبەجێ دەبێت." بەرەو ئەوەی "تاک سەرۆکی" کارگەکان لەپاڵ ئەو بڕیارەی کە دەوری سەندیکای کرێکاری "کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان نیە"، ئەڵقەی گۆڕانی پەیوەندی نێوان حزبی بەلشەفی و چینی کرێکارە. ئەمە دروستکردنی ڕژێمێکی سیاسی و ئابوریە کە چینی کرێکار تیایدا نەک دەوری نیە، بەڵکو دەوڵەت وەک "گروپێکی خاوەن هەیمەنەی ئۆتۆنۆم و سەربەخۆ ڕەفتاردەکا"[171].

لێرەوە ئەو خەتەرەی مارکس باسی دەکرد سەرهەڵدەدا کە دەیوت "چینی کرێکار دەبێ خۆی لە نوێنەرەکانی و فەرمانبەرەکانی بپارێزێ. تاکو ڕێگە نەدا بەگواستنەوەی دەوڵەت لە ئۆرگانی خزمەتکردنی کۆمەڵگەوە ببێت بە سەرۆک، کە ئەمە لە هەموو دەوڵەتەکانی پێشودا ڕویداوە." بەپێچەوانەی ئەم ئاگادارکردنەوەی مارکسەوە، دروستکردنی سیستمی ئیداری فەردی و حزبی هەموو بنەماکانی خۆ بەڕێوەبردن و شورایی بەرەبەرە هەڵوەشاندەوە. ئەم سیاسەتانە لەئاکامدا بووە هۆی ئەوەی کە ئەزمەی نێوان حزبی کرێکاری و دەسەڵاتی دەوڵەتی چ لە ناوحزب و چ لەئاستی چینەکەدا گەشەبکا، هەروەک گرامشی دەڵێ؛ لەم کاتەدا "دۆخی ناکۆکی دەکەوێتە ناو "نوێنەران و نوێنەرایەتی کراوانە". ئەمە لە ئەنجامی کاریگەری دۆخی حزبە لەناو ئۆرگانی دەوڵەتدا، دیسانەوە هێز دەسەپێننەوە بەشێوەیەکی نسبی وەک دەسەڵاتێکی بیرۆکراسی.. ئەمە ئەزمەی هەژمونی چینی دەسەڵاتدارە. کە بەهۆی

---

[171] گرامشی ، دەفتەرەکانی زیندان، ل٨، بەزمانی ئینگلیزی.

ئەوەوە دروست دەبێ کە ئەم چینە شکستی هێناوە لە بەجێگەیاندنی ئەرکی سیاسی گەورەدا هێناوە کە لێی داواکراوە جەماوەر قەناعەت پێ بێنێ بەو دەسەڵاتە..ئەمە پێی دەڵێن "ئەزمەی دەسەڵاتداریتی"، بە تەئکید ئەزمەی هەژمونیە یان ئەزمەی گشتی دەوڵەتە."[172]

بەلشەفیزم ئەگەر لە پرۆسەی پێش شۆڕش و لەکاتی شۆڕشدا نوێنەرایەتی هەژمونی چینی کرێکاری دەکرد، بەڵام لەدوای شۆڕش و لەکاتی دەسەڵاتدا چیتر نابینین زانستی سیاسەت سەبارەت بە چۆنیەتی گەشەی هەژمونی جەماوەری چینی کرێکار گەشەبکا و ئاسۆیەک و مۆدێلێک بۆ گەشەی هەموو سەرخانی سیاسی بخاتەڕوو، کە تیایدا پێمان دەڵێ چۆن پرۆسەی هەڵوەشانەوەی دەوڵەت یەکسەر دوای گرتنی دەسەڵات دەست پێ دەکا. لینین لە "دەوڵەت و شۆڕش"دا نووسینێکی ئینگلس دەهێنێتەوە کە دەڵێ "دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن پرۆلیتاریاوە و گواستنەوەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان پێش هەموو شتێک بۆ موڵکایەتی دەوڵەت.. یەکەم کاری دەوڵەت ئەوەیە کە وەک نوێنەری هەموو کۆمەڵگە دەردەکەوێ — بەناوی هەموو کۆمەڵگەوە دەبێتە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان- ئەمە لەهەمان کاتدا ئاخر کارە کە وەک دەوڵەت پێی هەڵدەسێ."[173]

بەڵام لە مۆدێلی سۆڤیەتدا بەپێچەوانەوە دوای ئەوەی کە دەوڵەتی بەلشەفی دەبێتە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان ئەوکات "تاک بەڕێوەبەری کارگە" و "وەزیری تاک حزبی" و قەدەغە بوونی دەخاڵەتی سەندیکا لە بەرهەمهێنان و مانگرتندا دەست پێدەکا و دەوڵەت و حزب دەبنە خاوەنی هەموو شتێک و هەموو بڕیارێک. ئەمە لە

---

[172] گرامشی ، دەفتەرەکانی زیندان، ل ٢١٠ دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی.

[173] لینین، دەوڵەت و شۆڕش، مختارات، بەرگی ٧, ل٢٧، بەزمانی عەرەبی.

جێگای "کۆمەڵگەیەک کە بەرهەمهێنانی بەشێوازێکی نوێ لەسەر بنەمای یەکێتی بەرهەمهێنەران بەشێوەیەکی ئازادانە و لەسەر بنەمای یەکسانی ڕێک دەخا"[174]

بەکورتی لەم مۆدێلەی سۆشیالیستیە دەوڵەتیەدا بینیمان کە چۆن دەسەڵاتدارێتی شورا کان و تەنانەت بەشێکی دەسەڵاتی چینی کرێکاریش لەناو حزبدا نەک مسۆگەر نەبوون، بەڵکو مۆدیلی دیکتاتۆری حزبی بووە مایەی ئەوەی کە حزب دەسەڵاتدارێتیەکی کەمایەتی بیرۆکراتی دروستکرد. لەسەر بنەمای مۆدیلی ئابوری سەرمایەداری دەوڵەتی، ئەم پاشکۆیەتی و چەوسانەوەی چینی کرێکار لەلایەن دیکتاتۆریەتی حزبی بەلشەفیەوە قوڵتربووەوە، وە سەپاندنی سیاسەتی نیپ بووە مایەی سەرلەنوێ سازکردنەوەی سیستمی ئابوری سەرمایەداری و جێگیرکردنەوەی سەرخانی سیاسی دیکتاتۆریەتی کەمایەتیەکی کە پەیرەو لە چەوسانەوەی هێزی کاری کرێکاران لە پێناو کەڵەکەی سەرمایەداری دەوڵەتدا دەکا.

بێگومان ناکۆکە چینایەتیەکان، کە کرێکارانی ڕوسیای گەیاند بووە ئاستی شۆڕشێک دژی حکومەتی سەرمایەداری کرنسکی و ئەم حکومەتەی ڕوخاندبوو، بەردەوام خۆی نیشان دەدا لە ڕێگەی مانگرتنە کرێکاریەکانەوە، وە کرێکاران بەرامبەر بەم فشارانەی حزبی بەلشەفی ڕا دەوەستان. وەک دەبینین "لە چەند ساڵی دوای شۆڕشدا مانگرتنی بەرفراوانی کرێکاران بەردەوام بووون. لە ساڵی ١٩٢٢دا ١٩٢٠٠٠ کرێکار مانیانگرتووە لە پرۆژەکانی دەوڵەت خاوەنداریان بووە، لە ١٩٢٣دا ١٦٥ هەزار، ولە ١٩٢٤دا ٤٣ هەزار کرێکار.[175]

---

[174] هەمان سەرچاوە، ل ٢٦

[175] تۆنی کلیف، سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕوسیا، ل٨، بەزمانی عەرەبی.
https://ayman1970.files.wordpress.com/2010/12/d8b1d8a3d8b3d985d8a7d984d98ad8a9-d8a7d984d8afd988d984d8a9-d981d98a-d8b1d988d8b3d98ad8a7-pdf.pd

بەڵام خەباتی چینی کرێکار لەسایەی سەرمایەداری دەوڵەتیدا کەوتە هەلومەرجێکی سەختەوە کە پێشتر وێنەی نەبوو و وەک هیچ تەجروبەیەکی لەسەر نەبوو، ئەویش ڕووبەڕووبونەوە بوو لەگەڵ دەوڵەتێکدا کە خۆی بە کرێکاری دادەنێ، بەڵام کرێکاران سەرکوت دەکا و دەیان چەوسێنێتەوە. لەڕوسیادا کرێکاران، نەک هەر وەک کرێکار کۆیلەی کاری کرێگرتە بوون، بەڵکو سەرمایەداری لەژێر ناوی سۆشیالیزمدا و بە کەڵک وەرگرتن لە ئۆرگانی حزب دیسپلینی توندکردنەوەی کار و درێژکردنەوەی سەعاتی کار چەوساندنەوەیەکی لەڕادەبەدەر بەسەر ئەم چینەدا سەپێنرا. بۆنمونە "لەساڵی ١٩٣١دا نزیکەی ٢ ملیۆن کەس لە سەربازگەی زۆرە ملێی کاردا بوون وەک سزای حزبی، لە ١٩٣٣-٣٥ نزیکەی ٥ ملیۆن و لە ١٩٤٢ لە ٨بۆ١٥ ملیۆن کەس بوون". [176]

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین کە شکستی شۆڕشی سۆشیالسیتی ئۆکتۆبەر لە پرۆسەی گەڕانەوە بۆ دواوە دا خۆی نیشان دەدا، گەڕانەوە لە کۆنترۆڵی کرێکاریەوە بەسەر بەرهەمهێنان و دەسەلات بەرەو دواوە بۆ کۆنترۆڵی سەرمایەداری دەوڵەتی و دیکتاتۆری حزبی بەسەر چینی کرێکاردا.

---

[176] هەمان سەرچاوە ، ل١٦

## ١٨

# کێشەی ترۆتسکیزم چیە؟

ترۆتسکیزم، وەک ڕەخنەگرێک لە بیرۆکراتیزمی ستالینی، بوو بە بەشێک لەو ڕەوتە شۆڕشگێڕانەی ناو حزبی بەلشەفی، کە لەگەڵ دیاردە و دەرکەوتەکانی بیرۆکراتی لە ناو حزب و لە دەوڵەتدا ناڕازی بوون و دەیانویست ئاڵوگۆڕ بکەن لەو واقعیەتە بیرۆکراتیەی دوای شۆڕش دروستبوو بوو. بەڵام ترۆتسکی، جگە لە بیرۆکراسی ستالین، لە هەموو بنەماکانی مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتیدا هاوڕا و بەشداربوو، کە ئەم مۆدێلە هۆکاری شکستی شۆڕشی کۆمۆنیستی لە ڕوسیا بوو. کێشەی ترۆتسکی لەگەڵ دیکتاتۆریەتی حزب و سەرمایەداری دەوڵەتی و سیاسەتی نیپ دا نیە، بەڵکو وەک خۆی دەڵێ؛ ئەو کێشەی لەگەڵ سیاسەتی "پشتیوانی کردنی دەوڵەت بۆ کۆلاک لە (١٩٢٣-١٩٢٨) کە خەتەری کوشندەی هەبوو بۆ ئایندەی سۆشیالیزم، بەڵام بیرۆکراسی، کە بورژوازی بچوک پشتیوانی دەکا، سەرکەوتوبوو لە بەرتەسکردنەوەی پرۆلیتاریای پێشرەودا، هەروەها لە تێکشکاندنی ئۆپۆزسیۆنی بەلشەفیدا."[177]

---

[177] ترۆتسکی، کتێبی "شۆڕشی خیانەتلێکراو، بەشی ١١
https://www.marxists.org/arabic/archive/trotsky/1936-rb/ch11.htm

تێگەیشتنی ترۆتسکی بەو شێوەیەیە کە سیاسەتی ئابوری دوای لینین لەلایەن ستالینەوە بریتی بووە لە گرنگی نەدان بە پیشەسازی کردنی وڵات و پشتیوانی جوتیارە دەوڵەمەندەکان (کۆلاک) و بەمەش وردە بورژوازی بوژاوەتەوە و بونەتە پشتیوانی چینایەتی بۆ بیرۆکراتی ستالینی و ئەمەش شکستی بە پرۆلیتاریای پیشەسازی هێناوە و بەو هۆیەوە ئۆپۆزسیۆنی بەلشەفیش کە پشتی بەم پرۆلیتاریای پیشەسازی بەستووە لەلایەن ستالین و بیرۆکراتیزمەوە توانراوە تێک بشکێنرێ.!

ئەمە هەرچەند لێکدانەوەیەکی چینایەتی لە گەشەی سیاسەتی ئابوری نوێ نیشان دەدا، کە بوژانەوەی بورژوازی لادێ و لاواز بوونی پرۆلیتاریای پیشەسازی نیشان دەدا، بەڵام لە ١٩٢٨ەوە کە سیاسەتی پلانی ٥ساڵەی پیشەسازی کردنی ڕوسیا دەست پێدەکا، ئیتر ئەم لێکدانەوە چینایەتیە ناتوانێ هۆکاری مانەوەی بیرۆکراتیزم و گەشەی سەرمایەداری لە ڕوسیادا بخاتەڕوو.

هەربۆیە هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە، ترۆتسکی و ئەو ڕەوتە ئۆپۆزسیۆنە چەپەی لە بەرامبەر ستالینیزمدا ڕاوەستابوون، پشت بەستبوو نەبوون بە ئەلتەرنایتڤێکی تری سیاسی و ئابوری کە کرێکارانی ڕوسیا لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە بەرەو چەسپاندنی دەسەڵاتی کرێکاران بەرێ و بەپێچەوانەی سۆشیالیزمی دەوڵەتیەوە سۆشیالیزمێک دروست بکا کە لەخوارەوە و لە کۆمیتەکانی کارگە و شوراکان و سەندیکاکان و هەموو بەشەکانی چینی کرێکار بکاتە خاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی سیاسی و ئابوری لە سۆڤیەتدا.

ترۆتسکی لە کۆنگرەی ١٠دا لەدژی هەردوو فراکسیۆنی نارەسمی " ئۆپۆزسیۆنی کریکاری و "ناوەندی دیموکراسی" دەوەستێتەوە و لەگەڵ سیاسەتی لینیندایە بۆپاکتاوکردنی حزب لەو فراکسیۆن و ئەندامە کرێکارانەی حزب کە فەرمانی حزب دژی فراکسیۆنەکان جێ بەجێ ناکەن.

ترۆتسکی له هێرش بۆسەر "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری"له دەیەمین کۆنگرەی حزبدا دەڵێ "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری به دروشمی مەترسیدارەوە هاتوتە مەیدان. بتی له بنەما دیموکراتیەکان دروستکردووە و مافی کرێکارانی له هەڵبژاردنی نوێنەراندا خستۆتە سەروو حزبەوە. به شێوەیەک که حزب نابێ دیکتاتۆری خۆی پیادەبکا، تەنانەت ئەگەر ئەو دیکتاتۆریە بەشێوەیەکی کاتی ناکۆک بێت به دیموکراسی کرێکاری."[178]

بگرە زیاتر له لینین و بەلشەفیەکانی تر ترۆتسکی خوازیاری سیاسەتی "لەپێناو سەربازگیری و میلیتاریزەکردنی کار وەک ئامڕازی توندوتۆڵی کارکردن"[179]بوو.

هەر ئەمەش وایکرد که پەیوەندی ترۆتسکی و ئۆپۆزسیۆنی چەپ که ئەو نوێنەرایەتی دەکرد لەگەڵ سەندیکا کرێکاریەکاندا و شورا کرێکاریەکاندا لاوازببێ له کاتێکدا ئەم ڕێکخراوە کرێکاریانە بنەمای چینایەتی خەبات دژی بیرۆکراتیزم بوون. هەربۆیە بەپێچەوانەی بەرنامەی حزبی بەلشەفی له ١٩١٩دا ترۆتسکی و زۆرینەی بەلشەفیەکان دەنگیان به بڕیارنامەی دژی دەوری ڕاستەوخۆی سەندیکا و شوراکان لەبەرهەمهێناندا، که جیاوازی نێوان ئەم دوو بەرنامەیە زۆر ڕۆشنە، و یەکەمیان پەیڕەو له کۆنترۆڵی کرێکاری و دووەمیان پەیڕەو له کۆنترۆڵی سەرمایەداری دەوڵەتی "نیپ" دەکا.

بەرنامەی حزبی بەلشەفی دەڵێ؛

"**خاڵی هەشتەم**- تەنیا ڕێکخراوی شورایی دەوڵەت که وادەکا شۆڕشی کرێکاری بتوانێ دەزگای کۆنی دەوڵەتی بورژوازی بەیەک زەربە و بنەماکەی نابود بکا. ئەگەر

---

[178] **ئارنست ماندل، دەربارەی بیرۆکراسی، تیۆری "جێنشینی"، فارسی.**
https://marxists.catbull.com/farsi/archive/mandel/works/1973/boorokrasi.htm

[179] **هەمان سەرچاوە**

ئەمە ڕونەدا هیچ گەشەیەکی سۆشیالسیتی دەست پێ ناکا. پایەکانی بیرۆکراتی، کە پەیوەندی دەوڵەتی پاشایەتی و دیموکراسیە بورژوازیەکان لەگەڵ بەرژەوەندی خاوەن زەویەکان و سەرمایەداران دەپارێزێ، لەڕوسیا تێکشکاوە. بەدڵنیاییەوە خەبات دژی بیرۆکراتیەت هێشتا کۆتایی نەهاتووە. بیرۆکراتی هەوڵ دەدا کە بەشێک لە جێگەکانی بەدەست بێنێتەوە و لە ڕێگەی ئاستی نزمی فەرهەنگی خەڵک ."

**خاڵی نۆیەم**- ڕێکخستنی هەموو زەحمەتکێشان لە سەندیکاکاندا. بەشێوەیەکی سیستماتیک سەندیکا ببێتە ئۆرگانی ئیدارەی ئابوری."[180]

لەکاتێکدا کۆنگرەی دەیەمی حزب [181] ئەم برگەیە ڕەت دەکاتەوە کە ئیدعای فراکسیۆنی "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری" ڕاست بێ کە حزب لە بەرنامەی ١٩١٩ لایداوە، بەڵام لینین لە بڕیارنامەی "دەربارەی دەور و ئەرکی سەندیکاکان" دا دانی پێدا دەنێ، وە دەڵێ "سیاسەتی ئابوری نوێ زنجیرەیەک گۆرانکاری بنەڕەتی لە دۆخی پرۆلیتاریا دا، وە لە ئەنجامیشدا ئاڵوگۆڕ لە دۆخی سەندیکاکاندا پێک دەهێنێ.

بەشی زۆری هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەدەستی دەوڵەتی پرۆلیتاری دەمێنێتەوە. "بەڵام گۆڕانکاریەکان پاشەکشەیەکن "لەوانە بازرگانی و سەرمایەداری ڕێگەپێدراو دەبن و گەشەدەکەن. کاروباری بازرگانی و سەرمایەداری لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێک دەخرێ و لەلایەکی ترەوە دامەزراوە دەوڵەتیەکان کە سۆشیالیستی کراون دەچنە سەرئەو شێوەیەی پێی دەوترێ خود حساباتی ، واتە پاشکۆی بنەمای بازرگانی دەبن. ئەم کارە لە هەلومەرجی دواکەوتوویی فەرهەنگی گشتی و هیلاکی وڵاتدا

---

[180] پێشنیاری تەواوی بەرنامەی حزب کۆمۆنیستی ڕوسیا. لینین . ١٩١٩

https://marxists.catbull.com/farsi/archive/lenin/works/1919/tarhe-barnameh.pdf

[181] لینین، پێشنیاری یەکەمی بڕیارنامەی کۆنگرەی دەمەی حزب سەبارەت بە لادانی سەندیکالیستی و ئانارشیستی لە حزبی ئێمەدا، لاپەڕە ٧٩٠، هەڵبژاردەکانی لینین، بەزمانی فارسی

بەناچاری دەکێشێتە ئەوەی کە لە زەینی جەماوەردا ئەنجومەنی بەڕێوەبەری ئەم دامەزراوانە دەکەونە بەرامبەر ئەو کرێکارانەی کە لەم دامەزراوانەدا کاردەکەن."[182]

ئەم سیاسەتە ئابوریە نوێیە کە دەوڵەت دەکاتە سەرمایەدارێک و لە کارگەدا تاک بەڕێوەبەرێکی سەرمایەدار بەرامبەر کرێکاران دادەنێ، بێگومان هەمان واقعیەت لە زەینی کرێکاراندا ڕەنگ دەداتەوە کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە دەست سەندیکای زەحمەتکێشان وەک ئۆرگانی ئابوری دەرهێنراوە و دراوەتە دەست تاک بەڕێوەبەرێکی سەرمایەداری دەوڵەتی.

ترۆتسکی بەرامبەر ئەم سیاسەتە نەک وەک فراکسیۆنی "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری" نەوەستایەوە، بەڵکو "لایەنگری ئەو لە میلیتاریزەکردنی کارکردن گومانی لای بازنەی سەندیکاکان لەسەر دروستکرد."[183]

ئەم دۆخەی چینی کرێکاری ڕوسیا لەسایەی "نیپ"دا بۆی هاتە پێشەوە، لە گەڕانەوەی کاری بەکرێ و تەنانەت بە پارچە و پێشبڕکێ، هەروەها نەمانی دەوری سەندیکا و شوراکان و زاڵبونی دەوری تاک بەڕێوبەری حزبی، ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆنی چەپی ناو حزب شکست بهێنێ. ترۆتسکی ڕابەری ئەم "ئۆپۆزسیۆنی چەپ" ەی دەکرد لە بازنەیەکی تەسکی ناوخۆی حزبدا دژی بیرۆکراتیزمێکی حزبی، کە ئەم بیرۆکراتیزمە پایەی ئابوری و دەوڵەتی و حزبی خۆی قایم کردبوو. ئەمەش وایکرد کە ئەو ئۆپۆزسیۆنە نەتوانێ ئەو کێشمە کێشە چینایەتیەی لەنێو دەوڵەت و دەزگای نوێی بەڕێوەبردندا هاتبووە ئاراوە بەرەو فشارێکی کۆمەڵایەتی کرێکاران بەرێ بۆسەر دەزگای حزبی و دەوڵەتیی بیرۆکراتی

---

[182] لینین ،"دەربارەی ڕۆڵ و ئەرکی سەندیکاکان لە هەلومەرجی سیاسەتی ئابوری نوێدا", ل٨٢٨، ،١٩٢٢،هەڵبژاردەکانی لینین، بەزمانی فارسی.

[183] شۆڕشی ڕوسیا، ل ٦٤، بەشی ٧، ئاخرین ڕۆژەکانی لینین، ئی ئێچ کار. بەزمانی ئینگلیزی.

و پاشەکشەپێکردنی ئەم ڕەوتە دیکتاتۆریە حزبیەی، کە ستالین و زۆرینەی سەرکردایەتی بەلشەفیەکان نوێنەرایتیان دەکرد.

بەم شێوەیە ترۆتسکی و ئۆپۆزسیۆنی چەپ تەنیا لەناوحزبدا، وە بە تەنها لەدژی بیرۆکراتیزمی ستالیندا قەتیس مایەوە و باقی پەیڕەو و مەنهەجی دیکتاتۆری حزبی و سۆشیالیزمی دەوڵەتی بەبێ ڕەخنە و بەقبوڵکراو دانرا. هەربۆیە لەکاتێکدا کە ئەم دیکتاتۆریە حزبیە پێویستی بە چڕکردنەوەی دەسەڵات لەدەست کەمایەتیەکی حزبیدا بوو بۆ بەڕێوەبردنی سەرمایەداری دەوڵەتی، ئیتر بیرۆکراتیزم وەک پێویستیەک چ لە حزب و چ لە کۆمەڵگەدا خۆی سەپاند و توانی ئۆپۆزسیۆنی ناو حزب تێک بشکێنێ. هیچ هاوارێکی "سەنترالیزمی دیموکراتیک" نەک دادی نەدەدا، بەڵکو ستالینیزم لە ڕێگەی ئەم سەنترالیزمە بیرۆکراتی یە وە خۆی سەپاند. شکستی ترۆتسکی و ئۆپۆزسیۆنی چەپ لەم بێ توانابیە فکری وسیاسی و ڕێکخراوەییەدا بوو کە بتوانێ ببێتە قاڵبی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ڕوسیا بۆ تێپەڕاندنی مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و دەوڵەتی دیکتاتۆری حزبی و هێنانەمەیدانی چینێکی کرێکاری ڕێکخراو لە شورا و کۆمیتەی کارگە و سەندیکا و حزبێکدا کە پێچەوانەی بەلشەفیزم و سەرمایەداری دەوڵەتی کاربکا.

بەم پێیە ترۆتسکی و ترۆتسکیزم نەیانتوانی بەدیلێکی جیاوازی کۆمۆنیستی لە سۆشیالیزمی دەوڵەتی و سەرمایەداری دەوڵەتی بخەنەڕوو و هەربۆیە ئەم ڕەوتە زیاتر ناسنامەکەی وەک سێکتێکی دژی کەمپی ستالینیزم و ڕەخنەگری بیرۆکراتیزم و دواتر سەرمایەداری دەوڵەتی دەرکەوت، بۆ نمونە تۆنی کلێف وەک ڕەخنەگرێکی سەرمایەداری دەوڵەتی بەرامبەر بە دەوڵەتی سۆڤیەت دەرکەوت، بەڵام لەهەمان قاڵبی ئەنتی ستالینیزمەوە.

ماویزم هەمان کێشەی ترۆتسکیزمیان هەبوو کە پەیڕەویان لە مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی دەکرد، بەڵام جیاوازیان لەگەڵ لە سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەت هەبوو. کۆمۆنیزمی ئەوروپاییش ڕەخنەگریان تەنیا لە دیکتاتۆریەتی تاک حزبی و نەبوونی دیموکراسی هەبوو، بەڵام هیچ کام لەم ڕەوتانە مۆدیلیکی جیاوازیان لە سۆشیالیزمی دەوڵەتی نەخستۆتەڕوو.

ترۆتسکی کێشەی دیکتاتۆری ناوخۆی حزبی خستۆتەڕوو، بەڵام هۆکاری ئەم دیکتاتۆریەتەی لە خودی مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و دیکتاتۆری حزبیدا پەی پێ نەبردووە. ئەو تەنانەت کاتێک نمونەی راکۆفسکی دەهێنێتەوە، کە پێشتر سەرۆکی لیژنەی نوێنەرانی گەلی ئۆکرانیابووە و لە دوورخراوەکەیدا وتویەتی، "ئەگەر سەیری دەوڵەتی کرێکاری بکەین کە ڕێگە نادرێ بەوەی ئەندامانی حزبی دەسەڵاتدار کەڵەکەی سەرمایە بکەن دەبینین کە جیاوازیەکان لەسەرەتادا بەهۆی ئیش و کارەوەیە و دواتر دەبێ بە جیاوازی کۆمەڵایەتی، وە من ناڵێم جیاوازی چینایەتی بەڵکو کۆمەڵایەتی." بەڵام ترۆتسکی لە لێکدانەوەی دەرکەوتنی ئەم جیاوازیە کۆمەڵایتیە لە دەوڵەتی سۆڤیەتدا تەنها بەو ئەنجامگیریە دەگا کە پێی وایە ئەم جیاوازی و کێشە کۆمەڵایەتیە بە هۆی گرتنی دەسەڵاتەوە تووشی ڕیزەکانی ناوخۆی پرۆلیتاریا دەبێ و کێشەکە لە بەر تەسک بوونەوەی دەسەڵاتە لە دەستی کۆمەڵێک کە خەریکی بەرژەوەندی خۆیانن. هەر بۆیە دەڵێ "دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا تەنیا هەڵوێستی پرۆلیتاریا بەرامبەر بەچینەکانی تر ناگۆڕێ، بەڵکو لەهەمان کاتدا پێکهاتەی ناوخۆیی پرۆلیتاریاش دەگۆڕێ و پەیڕەوکردنی دەسەڵاتداریێتی بەرتەسک دەبێتەوە بۆ کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی کە بەردەوام هەوڵ دەدا چارەسەری

"کێشەی" کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی بکا، بەوڕادەیەی کە ئەرکەکەی خۆی بە گرنگ دادەنێ."[184]

ئەم قسانەی ترۆتسکی نیشانی دەدا کە ئەو تەنیا باسی دیاردەکە و ڕەوتی ڕووداوەکان دەکا کە لە ڕوسیادا ڕوو دەدا، بەڵام ئەمە لێکدانەوەی هۆکارەکانی ئەم بەرتەسک بوونەوەی دەسەڵاتە نیە لە دەستی کەمایەتیەکدا. ئەمە نەبینینی گۆڕانی ماهیەت و ناوەرۆکی سۆشیالیزمە لە سایەی مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتیدا و جیاوازی ئەم مۆدێلە سۆشیالیستیە یە لەگەڵ سۆشیالیزمی چینی کرێکاردا.

کێشەی ترۆتسکی لەم بەرتەسکیە فکری و سیاسیە دایە، کە بەلشەفیزمی هەر لەو لە قاڵبەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی دا دەبینی، سەرەڕای کێشەو ناکۆکیەکانی ئەم سیستمە سۆشیالیستیە دەوڵەتیە لەگەڵ سۆشیالیزمی واقعی چینی کرێکاردا. بەڵام هێشتا کێشەکە لە مۆدیلەکەدا نابینێ، بەڵکو لە دەرکەوتە زیانبارەکانیدا دەبینێ. تەنانەت کاتێ دەڵێ "بەرنامەی حزب کە دەرکەوتنی بیرۆکراتیزمی بە نەزانی ئیداری جەماوەر و سەختیەکانی لە جەنگەوە لێکدەدایەوە، چەند ڕاسپاردەیەکی سیاسی ڕوتی پێشنیارکرد بۆ تێپەڕاندنی "تێکدانە بیرۆکراتیەکان"، وەک هەڵبژاردنی هەموو بەرپرسان و لابردنیان لەهەر کاتێکدا، وە لابردنی ئیمتیازاتی مادی، و چاودێری چالاکانە لەلایەن جەماوەرەوە. بڕوا وابوو کە ئەم ڕێگایانە کاربەدەستەکان دەکاتە کرێکارێکی پیشەیی سادە، وە کاتیی، لە دوای ئەوەی دەبێتە سەرۆک. بەمەش دەوڵەت بەرەبەرە ون دەبێ، بەبێ ژاوەژاو. بەڵام دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە

[184] ترۆتسکی، کتێبی "شۆڕشی خیانەتلێکراو، بەشی پێنجەم.
https://www.marxists.org/205arxis/archive/205arxist/1936-rb/ch05.htm

شوراکان جێگەی خۆیان چۆڵکرد لەم ماوەیەدا بۆ دەزگایەکی بیرۆکراتی سەربەخۆ لەجەماوەر."[185]

سەرەڕای هەموو ئەم واقعیەتانەی کە ئەوەی لە ڕوسیادا زاڵە دیکتاتۆریەتێکی حزبیە کە سیستمی سەرمایەداری دەوڵەتی دەپارێزێ، بەڵام ترۆتسکی لەبەر تێگەیشتنی لەڕوانگەی سۆشیالیزمی دەوڵەتیەوە ئەم دەوڵەتە سۆڤیەتیە بە تێکەڵاوێک لە سۆشیالیزم و سەرمایەداری دەزانێ، لەبەرئەوەی موڵکایەتی دەوڵەت بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی بیرۆکراتیانە و لە پێناو بەرژەوەندی توێژێکی کۆمەڵایەتی بیرۆکراتدا بەکاردەهێنرێ! هەربۆیە پێشنیاری شۆڕشێکی سیاسی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە دەکا تا ئەم هەڵە بیرۆکراتیانە ڕاست بکاتەوە کە ستالینیزم دروستی کردوە. هۆکارێکی تری زاڵبوونی ئەم بیرۆکراتیزمەش بە پەیڕەوکردنی تیۆری "جێبەجێکردنی سۆشیالیزم لەیەک وڵاتدا" دەزانێ.[186] ئەمە دەکاتە پاساوی سەرنەکەوتنی سۆشیالیزمی دەوڵەتی لە ڕوسیادا. واتە مانەوە لەهەمان مۆدیلدا بەڵام لە ئاستێکی جیهانیدا نەک لۆکاڵدا چارەسەری کێشەکەیە.

بەکورتی سەرەڕای گرنگی دەرکەوتنی ترۆتسکی وەک ڕەخنەگری بیرۆکراتیزمی ستالینی بەڵام بەهۆی مانەوەی ترۆتسکی لەهەمان مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی بەلشەفیدا، ئەم ڕەوتە کۆمۆنیستیە نەیتوانی گۆڕانکاری لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا دروست بکا و تەنیا وەک ڕەوتێکی حاشیەیی ڕەخنەگر مایەوە و لە ئێستاشدا وەک بەشێک لە بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی سەردەم لە بەردەم هەمان

---

[185] ترۆتسکی، کتێبی "شۆڕشی خیانەت لێکراو"، بەشی ٣

[186] ترۆتسکی، شۆڕشی بەردەوام، شۆڕشی بەردەوام چیە؟ بەشی ٩
https://www.marxists.org/arabic/archive/trotsky/1930-pr/ch09.htm

کێشەکانی نەبوونی بەدیلێکی تری شۆڕشگێڕانەیە بەرامبەر بە سیستمی سەرمایەداری.

لەئاستی ئینتەرناسیونالیزمیشدا دیسانەوە ڕەوتێکی سیکتاریستی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی وکرێکاریدا هەبوو لەسەرەتای دروستکردنی ئینتەرناسیونالی سێهەم (کۆمێنتێرن) ەوە ئەمەش بەڕۆشنی دەبینین لە پێشنیاری ترۆتسکی بۆ بانگێشتی کۆمێنتێرن.[187]

دواتر کە مانیفێستی ئینتەرناسیونالی سێهەم ڕاگەیەندرا دەبینین کە ئەم ڕەوتە سێکتاریستیە هەموو بەشەکانی چینی کرێکار بەبنەما وەرناگرێ، بەڵکو لەسەر بنەمای نزیکی لەبەرنامەی بەلشەفیزم و سپارتاکیستەکانەوە، واتە ئەو ڕەوتە کۆمۆنیستیانەی کە لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە ئینتەرناسیونالی دوەم جیابونەتەوە، دەکاتە بنەمای وەرگرتنی حزبەکان لە کۆمێنتێرن دا. لێرەدا ناسنامەی ئینتەرناسیونالی سێهەم بە دژایەتی ئینتەرناسیونالی دووەم ڕەنگ ڕێژ دەکرێ و باڵی ڕاست و ناوەڕاستی ئینتەرناسیونالیستی دوو دەکرێنە ڕەقیبی پلە یەک.[188]

ئەمە پێچەوانەی بنەماکانی ئینتەرناسیونالی یەکەمی کرێکارانە کە بنەماکانی خەباتی سەرجەم چینەکە و ڕێکخراوەکانی بوو دژی سەرمایەداری بە جیا لە بیروڕای سیاسی جیاواز و تاکتیکی جیاوازەوە لە نێو ریزەکانی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا. هەر ئەم سێکتاریزمە تاک ڕەوتیەی کە دەسەڵاتی بەلشەفیەکانی پێ

---

[187] ترۆتسکی ، پێنج ساڵی کۆمێنتێرن، بەشی ۲ هەڵوێست سەبارەت بە حزبە سۆشیالیستەکان
https://www.marxists.org/archive/trotsky/1924/ffyci-1/app04.htm

[188] ترۆتسکی ، مانیفیستی کۆمێنتێرن
https://www.marxists.org/archive/trotsky/1924/ffyci-1/ch01.htm

قبوڵە دواتر دەبێتە میحوەری ئەوەی کە لە ئینتەرناسیونالیزمی سێهەم هیچ نەمێنێتەوە جگە لە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ڕوسیا نەبێ.

لە درێژەی ئەم ڕەوتە سێکتاریستیە دایە کە ئینتەرناسیونالی چوارەمی ترۆتسکیش ناسنامەکەی دەبێتە دژایەتی ستالینیزم[189]، وە ئینتەرناسیونالیزم و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئەم قاڵبە سێکتاریستیە دەگرێتە خۆ، کە تا ئێستاش گروپە ترۆتسکی و مارکسیستی و لینینستی و حیکمەتیستی و ماویستی و هەموو جۆرەکانی کۆمۆنیزمی سەردەمی پێ دەناسرێتەوە. ئەم قاڵبە بریتیە لە دانانی سنوری تیوری و سیاسی وتاکتیکی گروپ و حزبە کۆمۆنیستیەکان بە بەرنامە و چوارچێوەی ڕێکخراوەیی لەژێر ناوی نوێنەرایەتی چینی کرێکاردا و باقی چینەکە بە پێی ئەم پێوەرانە دەکەونە دەرەوەی ئەم گروپ و جۆرە حزبانەوە و بە نوێنەرانی چینەکانی تری وەک بورژوازی و ووردە بورژوازی دەناسێنرێن.

ترۆتسکیزم بەشێک لەم مێژووەی چین و بزوتنەوەی ئێمەیە کە دەرگیری هەمان گرفت و کێشەی مێژوویی کۆمۆنیزمە. ئەم ڕەوتە جێگای هەبووە وەک بەشێک لە ڕەوتی ڕەخنەگرانەی سەرمایەداری و بەشێک لەو ئومیدە بووە کە بەر بە ڕەوتی تێکشکانی شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەر بگرێ. بەڵام وەک لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کرد کە ترۆتسکی هەمان پێوانەکانی لینین و باقی بەلشەفیەکانی تری هەبوو لە مەسەلەی دیکتاتۆری حزبی و سەرمایەداری دەوڵەتی و بەگشتی مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتیدا. بە جیاوازیەکەوە کە ترۆتسکی لەسەر تێزی "شۆڕشی بەردەوام" پێی دادەگرت وەک بنەمایەکی ستراتیژی بۆ سەرکەوتنی سۆشیالیزم بەڵام

---

[189] ترۆتسکی، لە دامەزراندنی ئینتەرناسیونالی چوارەمدا، ئۆکتۆبەری ١٩٣٨
https://www.marxists.org/archive/trotsky/1938/10/foundfi.htm

ئەم بنەمایە لە چوارچێوەی مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتیدا شتێکی لەبابەتی پرۆژەکانی چاکردنی سیاسەت و تاکتیکەکانی کۆمێنتێرن یاخود دروستکردنی ئینتەرناسیونالی چوارەمی لێ دەردەهات کە هیچ ستراتیژیەکی بۆ شۆڕشی جیهانی چینی کرێکار نەدەدا بەدەستەوە. هەربۆیە ترۆتسکیزم نەیتوانی ڕەوتێکی نوێی سیاسی و چینایەتی نوێ بهێنێتە ئاراوە کە وەڵامی کەموکوڕیە مێژوویی و تیۆری و سیاسیەکانی بەلشەفیزم بداتەوە بەڵکو درێژەپێدەری بەلشەفیزم بووە تا ئێستا. هەربۆیە هەمان کێشەکانی سەردەمی ئێستای کۆمۆنیزم لەم ڕەوتەدا دەبینینەوە.

# ١٩

# کۆمۆنیزمی کرێکاری و کێشەی حزب

## حزب وەک میتافۆری کارەکتەرێکی ئەفسانەیی

باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم لێکۆڵینەوەدا پێویستە لەبەرئەوەی کە؛

یەکەم؛ نمونەیەکمان دەداتێ لە تێگەیشتن و کارەکتەری کۆمۆنیزمی کۆتایی سەدەی بیست، کە ڕەخنەی لە کۆمۆنیزمی سۆڤیەت و چین هەیە و خۆی وەک کۆمۆنیزمی کرێکار پێناسە دەکا. حزب لەم کۆمۆنیزمەدا مەسەلەیەکی پرۆبلماتیک و گرێییە. ئێمە بە لێکۆڵینەوە لەم کێشەی حزبە دەتوانین پەیوەندی ئەم جۆرە لە کۆمۆنیزم بە مێژووی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیەوە بناسین. هاوکات لە کێشەکانی ئەم هەوڵانە تێبگەین کە کۆمۆنیستە جۆراوجۆرەکان لە سەدەی بیستدا داویانە بۆ دروستکردنی کۆمۆنیزمێکی نوێ. ئەم هەوڵانە چونکە لە چوارچێوەی تێگەیشتنی مێژووی بەلشەفیزم و جۆرەکانی تری سۆشیالیزمی دەوڵەتیدا بووە هەمان تێگەیشتنیان لە خەباتی چینایەتی و حزب داوە بەدەستەوە و بەم پێیەش نەیانتوانیوە لەو چوارچێوە مێژوویی و فکریەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی تێپەڕن، کە لەبەشەکانی پێشودا باسمان کرد.

دووەمیش؛ باسکردن لە کۆمۆنیزمی کرێکاری باسکردنە لە مێژووی چوار دەیەی چالاکی سیاسی ئێمە لە کوردستانی عێراق. دەمانەوێ دەرس و تەجروبە و تێگەیشتنی خۆمان لە کۆمۆنیزمی کرێکاری بخەینەڕوو تا بزانین کێشەکانی ئەم

کۆمۆنیزمی سەردەمە لەچیدایە و سەرچاوەی بێ توانایی و لاوازی و کەم کاریگەری ئەم چالاکیە سیاسی و جەماوەریانەمان لە چیدابووە لە ململانێ لەگەڵ حزبە ناسیونالیستە سەرمایەدارەکانی کوردستاندا.
بەشێوەیەکی شەخسی من وەک بەشدارێکی ئەم بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریە کاتێک باسی کێشەکانی ئەم بزوتنەوەیە دەکەم، ئەمە ڕەخنەیەکە لە بۆچوونەکان و پراتیکی شەخسی خۆشم. بەڵام لە لێکدانەوەکانم لەم کۆمۆنیزمەدا بێلایەنیەکی زانستیانەم ڕەچاوکردووە. بێگومان ڕەخنەگرتن لەکارێک کە سێ دەیە خەریکیم ئاسان نیە، بەڵام فاکت و زانست دەموچاوێکی شەخسی نیە، و یۆنیڤێرساڵە.

## کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئێراندا

لە پەیوەند بە کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە لە ئێراندا ، ئێمە باسی مەسەلەیەک دەکەین کە پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەکانی ئێمەوە، کە ئەویش باسی حزبە. لێرەدا باسی دەوڵەت ناکەین چونکە ئەم کۆمۆنیزمە لە ئێران و عێراقدا بەدەسەڵات نەگەیشتووە، یان نەبووە بە بزوتنەوەیەکی جەماوەریی کە مەسەلەی دەوڵەتی لە ئەجێندادابێت. هەربۆیە لە باسی سۆشیال دیموکراتی و بەلشەفیزم باسی دەوڵەت و سیاسەت و کارەکانی ئەوانمان لە ئاستی کۆمەڵآیەتی و جۆری دەوڵەتدا کرد، بەڵام لێرەدا جێگای باسی دەوڵەت لەئارادا نیە. تەنیا باسی جۆری ئەم حزبە و جێگای ئەم حزبە لە تێگەیشتنی مەنسور حیکمەتدا، کەکۆمۆنیزمی کرێکاری وەک کۆمەڵێک بیروبۆچوونی تایبەت بە ئەو خۆی ناساندوە، وە هەروەها پەیوەندی ئەم حزبە لەگەڵ چەپێک کە لە ئێراندایە دەکەین. چەپ واتە ئەو ڕێکخراو و گروپانەی لە نێو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئێراندا بوون و دەوری بەکردەوە و چالاک بوو لەڕوخانی شادا، لە ڕێگەی

مانگرتنە کرێکاریەکانەوە پەیوەندیان بە کرێکاران و شوراکانەوە هەبووە لەکاتی شۆڕشی ئێراندا.

بەپێی بۆچونەکانی مەنسور حیکمەتیش کێشەی سێ دەیەی سەدەی بیستی ئەم جۆرە لە کۆمۆنیزم بریتی بووە لە دوو کێشەی سەرەکی؛ یەکەمیان دروستکردنی حزبی سیاسی، و دووەمیان خۆجیاکردنەوە لەچەپ.

مەنسور حیکمەت دوای سێ دەیە لەکۆنگرەی سێهەمدا لە ساڵی ٢٠٠٠دا دەڵێ: "هاوڕێیان ! ئێمە دەمانەوێت "حزبی سیاسی" پێک بهێنین و باوەڕتان بێت کە تائێستا پێکمان نەهێناوە، خەریکە پێکی دەهێنین.. ئێمە دەبێت یەک "حزبی سیاسی" دروست بکەین. حزبی سیاسی کلیلی مەسەلەکەیە.".. " بەبڕوای من لەم ڕێڕەودا زۆر چووینەتە پێشەوە، دووریەک کە ئێمە لەچەپی تائێستامان گرتووە زۆرە. بەداخەوە هێشتا زیاتر لەوان نزیکترین. هێشتا بەداخەوە زیاتر لەو چەپە نزیکترین تا لە ئەرکەکانمان."[190]

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆچی پاش سێ دەیە ئەم بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریە ناتوانێ حزبی سیاسی دروست بکا؟ ئایا کێشەکە لە کوێدایە؟

کێشەی تێگەیشتنی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە حزب و بێ توانایی لە دروستکردنی حزبی سیاسیدا، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە لە ڕێگەی شیتەڵکردنی پرۆسەی ٤٠ ساڵەی دروستکردن و جیا بوونەوەی حزب و گروپەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و هەروەها پەیوەست کردنەوەی ئەم کێشەیە یە بە سەرچاوە مێژوویەکەی کێشەی کۆمۆنیزمی سەردەمەوە، کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بەشێکە لێی. هەرچەند کۆمۆنیزمی

---

190 مەنسور حیکمەت،(وتاری کردنەوەی کۆنگرەی سێهەمی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئێران) دیسەمبەری ٢٠٠٠، هەڵبژاردەیەک لە نوسراوەکانی مەنسور حیکمەت، بەرگی دووەم، ل٥٠٩-٥٢٣ بەکوری ؛سالار ڕەشید.

کرێکاری خۆی لە دینایەڵ و ئینکاری کردنێک دایە لەوەی کە ئەم بەشێک بێت لە مێژووی کۆمۆنیزمی سەدەی بیست. بەڵام ئێمە بزوتنەوە و ڕەوت و کەسەکان بەپێی ئەوە هەڵدەسەنگێنین کە لەواقعدا چین، نەک ئەوەی چی لەسەر خۆیان دەڵێن و چۆن لەسەر خۆیان بیر دەکەنەوە.

ئەم بزوتنەوەیە سەرەتا پرۆسەی گەڕانەوەی بۆ "مارکسیزمی شۆڕشگێڕ"ی دیاری کرد بۆ خۆجیاکردنەوە لە چەپی پۆپۆلیست و ریڤیژێنست، وە بەم هەنگاوە هەم بە بەرنامە و هەم بە حزبی کۆمۆنیستی ئێران گەیشت.

بەڵام پاش ماوەیەک ئەم خۆجیاکردنەوەیەی بە کافی نازانرێ و لە ڕیزەکانی حزبی کۆمۆنیستدا دیسانەوە خۆجیاکردنەوەی لە ناسیونالیست و چەپی هەڵبژارد تاکو بە کۆمۆنیزمی کرێکاری گەیشت.

بەڵام دوای ماوەیەک ئەم بەرنامە و حزبە کۆمۆنیستیە کرێکاریەش نەیتوانی لە چەپ ڕزگاری بکا و دیسانەوە بانگەوازی گەیشتن بە حزبی سیاسی کرد.

لەکاتێکدا بڕیاربوو بە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕاگەیاندنی ئەو حزبە، وە دواتر بە بەرنامەی دنیایەکی باشتر و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، وەڵامی کێشەی دابڕان لە چەپی پێبدرێتەوە.

بەڵام دەبینین دیسانەوە هەمان دیاردەی چەپ بەردەوامە، وە تا کۆنگرەی سێهەمیش هەروا نیشان دەدرێ کە چەپ لەناو کۆمۆنیزمی کرێکاریدا لە سونەت و پراکتیکدا ماوەتەوە.

دوای مەنسور حیکمەتیش ئەم پرۆسەی جیا بووەنەوە ناو خۆیانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەمووی ناوی پرۆسەی سیاسی بوونەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و گەیشتن بە حزبی سیاسی و جیابوونەوە لە چەپ وەردەگرێ. ئەم پرۆسەیە تا ئێستاش بەردەوامە و بێ کۆتاییە.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا ئەم پرۆسەی ڕۆشن بوونەوە و جیا بوونەوەی لەچەپ کە ٤٠ ساڵە دووبارە دەبێتەوە، بەرئەنجامی چ دەرک و تێگەیشتنێکە لە حزب؟

پێویستە بزانین ئەم سوڕانەوە لە بازنەی بەتاڵی حزب و چەپدا لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ و ئێستا بە کوێ گەیشتووە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێ سەیری ئەو مەسەلە سیاسی و کێشانە بکەین کە خەباتی چینایەتی لە ئێران لەگەڵی بەرەو ڕووبوە، وەک شۆڕشی ١٩٧٩ ئێران و مەسەلەی کۆمەڵە و خەبات دژی جمهوری ئیسلامی. ئێمە لەبەراورد بەم مەسەلە و دیاردە کۆمەڵایەتیانەی خەباتی چینایەتی دەتوانین لە ناوەرۆکی ئەم هەوڵانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری تێبگەین و هەڵیسەنگێنین. لێرەدا پابەندین بەو تێڕوانینە ماتریالیستە کە، بزوتنەوەکان دەبێ بەپێی ئەوەی لە واقیعدا چین هەڵیانسەنگێنین، نەک بەپێی ئەوەی چی لەسەر خۆیان دەڵێن.

## شۆڕشی ئێران

"شۆڕشی ١٩٧٩ کە ڕژێمی شای ئێرانی ڕوخان، تاڕادەیەکی زۆر مەزنترین شۆڕشی هەفتاکانە، وە بە ناونیشانی یەکێک لە ترسناکترین شۆڕشەکۆمەڵایتیەکانی سەدەی بیست دەچێتە مێژووەوە.. پیاوانی دینی ئیسلام تیایدا بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە باری سیاسیەوە چالاک بوون، وە جێگایەکی کۆمەڵایەتی بێ وێنەیان هەبوو لەچاو هەرشوێنێکی تری دنیای ئیسلامی و تەنانەت لە چوارچێوەی مەزهەبی شیعەشدا.. هاوکات توخمێکی نوێی ئەم شۆڕشەش مۆرکی ئایدیۆلۆژیەکەی بوو کە شکڵێکی "چەپ"ی سێکۆلار، وە بەتایبەت سۆشیالیست و کۆمۆنیستی هەبوو، وە دەوری ئەم

چەپە تەقلیدیە ئامادەبوو بەکردەوە و چالاک بوو لە ئێراندا، دەوری لەڕوخانی شادا، لە ڕێگەی مانگرتنە کرێکاریەکانەوە بۆ نمونە، بە هیچ شێوەیەک کەم نەبوو". [191]

سەرەڕای ئەم هێزە کۆمەڵایەتیەی چەپ و کرێکاران و ئامادەییان لەم شۆڕشەدا بەڵام ئیسلامی سیاسی دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ و چەپ و کرێکاران سەرکوت دەکرێن. شکستی چەپ و کرێکاران شکستی هەموو ئەم بزوتنەوەیەیە ، بەهەموو گروپ و حزبەکانیەوە.

کۆمۆنیزمێک لە ساڵی **١٩٧٩** ئێراندا دەیتوانی پێشڕەو بێ کە بەر بە دامەزراندنی جمهوری ئیسلامی ئێران بگرێ، نەک خاڵی جیاکردنەوەی تیۆری خۆی لە چەپی ئەوکات دیاری بکا. بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لەو دەورەیەدا شکستی هێنا، نەک لەبەرئەوەی کە تیۆری ماوی و سۆڤیەتی بەسەریدا زاڵ بوو، بەڵکو لەبەرئەوەی خاوەنی ئەو خۆ ووشیارییە سۆشیالیستیە نەبوو، چ لە نێو گروپی ڕۆشنبیرانی و چ لە نێو جەماوەری کرێکاراندا، کە دەبێ هەموو توانای شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار و گروپە ڕۆشنبیرە چەپەکان بخرێتەکار بۆ تێکشاندنی هێزەکانی دژە شۆڕش، کە جمهوری ئیسلامی و خومەینیە.

ئایا کۆکردنەوەی ئەو هێزەی چەپ و کرێکاران دژی جمهوری ئیسلامی نەیدەتوانی ببێتە حزبێکی گەورە کە بتوانێ ڕێگە لە شکستی شۆڕش بگرێ؟ ئایا وەک کۆمۆنارەکان، سەرەڕای بیروڕای جیاوازیان لە نێو خۆیاندا، نەیاندەتوانی دژی بورژوازی بۆ٧٠ ڕۆژ دەسەڵاتی شوراکان دامەزرێنن؟ ئایا ئەم تێگەیشتنە لە کۆمۆنیزم

---

191 ئیریک هۆبسباوم، ل ٧٨٩بۆ٧٩٢،سەردەمی توندڕەوەکان، **کورتەی سەدەی بیستەم، ١٩١٤-١٩٩١.** بەزمانی عەرەبی.

و خەباتی چیانیەتی و ئەم ئەرکی شکست پێهێنانی ئیسلامی سیاسی لە دەستوری کاری هیچ گروپێکدا هەبوو؟

بێگومان نا، سەرەرای ئەوەش هەرکام لە گروپەکان ئەم نایەکگرتوویی و **جیا بوونەوەیان بەشێوەیەک لێک دەدایەوە و پاساویان بۆ دەهێنایەوە و دواتریش کاریان بۆ تەجسیدکردن و مانەوەی دەکرد**.ئەمەش **هۆکاری شکستی شۆڕش** بوو لە ئێراندا و دواتریش ئەم شکستە کاریگەری لەسەر بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی کۆمۆنیستی دانا بەوەی لەپەرژوبڵاوی و ناکاریگەریدا هێشتیەوە.

حیکمەتیزم، یان "مارکسیزمی شۆڕشگێڕ"ی "یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست"، وەک یەکێک لەو گروپە چەپانەی ئێران، تێگەیشتنی لە شۆڕشی ئیران ئەوەبوو کە "چینی کرێکار ڕیزی سەربەخۆی خۆی **ڕێک نەخست** لەشۆڕشدا و لە گشتدا بە ملکەچی بۆ چینەکانی تر هاتە مەیدانی شۆڕشەوە"[192].

کاتێک باسی ئەم ڕیزە سەربەخۆیەی چینی کرێکاریشی **دەکرد، مەبەستی** ڕیزی سەربەخۆی حزبێک بوو کە لەڕێگەی خەباتێکی ئایدیۆلۆژی گروپێکەوە بەدەست دێت "خەبات بۆ سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژی-سیاسی چینی کرێکار، پێش هەرشتێک خەباتە بۆ حزبی سەربەخۆی چینی کرێکار واتە حزبی کۆمۆنیست."[193]

**لەبەرئەوەی حزب لەم تێگەیشتنەدا تەنیا "نوێنەری ڕێکخراوی** کۆمۆنیزمە وەک ڕەوتێکی جیاواز و دیاریکراو لە بزوتنەوەی کرێکاریدا" [194] .کەواتە سەربەخۆیی ئەم

---

[192] مەنسور حیکمەت، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست بە کۆنگرەی یەکەم، **(ل ٣٥٢)، هەڵبژاردەی بەرهەمەکان**، فارسی.

[193] **مەنسور حیکمەت، هەنگاو لەڕێگەی پێکهێنانی حزب کۆمۆنیستی ئێران، ل ٣٢٢، هەلبژاردەی بەرهەمەکان، فارسی.**

[194] مەنسور حیکمەت، حزبی **کۆمۆنیستی ئێران لە گرەوی چیدایە؟ ل٣٤٩، هەڵبژاردەی** بەرهەمەکان، فارسی.

حزبە واتە سەربەخۆیی ڕەوتێکی جیاواز لە چینی کرێکاردا. تەنیا ئەم ڕەوتە دیاریکراوەش بە کۆمۆنیست ناسرا کە **لەڕێگەی** خەباتێکی ئایدیۆلۆژیەوە دەستی کرد بە "خۆجیاکردنەوەی **تیۆریمان** لەگەڵ پۆپۆلیزم هەبوو"[195] .بەم شێوەیە ڕیزێک دروست **بوو کە،** "ناسنامەیەکی سەربەخۆی هەبوو کە لە بزوتنەوەکەدا وەک ئاڵاهەڵگری خەبات دژی پۆپۆلیزم".[196]

کەواتە ئەمە حزبێکە کە تەنیا لایەنگران و **ئاڵاهەڵگرانی** دژی پۆپۆلیستی لەخۆ دەگرێ! بەم "بەرنامە"یەش سەربەخۆیی بەدەستهێناوە و خۆی جیاکردۆتەوە لە باقی گروپە چەپەکانی تر کە "پۆپۆلیستن" و " لەشۆڕشدا چینی کرێکار مل کەچ دەکەن بۆ چینەکانی تر" و نوێنەری وردەبورژوازین. بەم خۆجیاکردنەوەیەش سەربەخۆیی چینی کرێکار، کە خۆی لە سەربەخۆیی حزبی کۆمۆنیستدا دەبینێتەوە، بە ئەنجام گەیشت!

**بەڵام** ڕەخنە و ڕۆشن **بوونەوەی مەنسور حیکمەت و گروپی "یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست" لەباری تیۆریەوە، وە "خەباتی ئیدیۆلۆژی و سیاسی" ئەم ڕەوتەی "مارکسیزمی شۆڕشگێڕ" نەیتوانی بەر بەو شکستە سیاسیەی کرێکاران و چەپ لە شۆڕشی ئێراندا بگرێ و هیچ دەورێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەبوو لە ڕوبەڕوبونەوەی جمهوری ئیسلامی ئێراندا.**

**پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیست کاتێک ئەم گرنگیەی پەیدا دەکرد کە ئەگەر ئەم حزبە هەموو ئەم هێزە شۆڕشگێڕانەی کۆبکردایەتەوە، نەک گروپێک لە دەوری بەرنامەیەک دروست بکا و ئەم بەرنامەیە بکاتە خاڵی جیاکردنەوەی لە گروپەکانی تر. بەرنامەی**

---

[195] **ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست بە کۆنگرەی یەکەم، ل٣٥٤، هەڵبژاردەی بەرهەمەکان، فارسی.**

[196] **هەمان سەرچاوە**

كۆمۆنیستی بریتیە لە كۆكردنەوەی هەموو هێزی چینەكە نەك كۆمۆنیستەكانی خاوەن یەك خەت و یەك بەرنامە. لە شكستی شۆڕشی ئێراندا دروستكردنی حزبێك لەو كەس و گروپانەی باوەڕیان بە "بەرنامەی حزبی كۆمۆنیستی ئێران" نەیتوانی هیچ لەو شكستەی شۆڕش بگۆڕێ و بەم پێیە لە خەباتی چینایەتی ئەو دەورەیەدا هیچ دەورێكی سەرەكی نەگێڕا. ئەم گروپەش وەكو باقی گروپە چەپەكانی تر سەركوتكرا و خرایە كەنارەوە.

بەڵام لە كاتێكدا كۆمەڵگە و شۆڕش و كرێكاران پێویستیان بە بەرەیەكی كرێكاری و چەپی شۆڕشگێڕ بوو بەرامبەر بە ئیسلامی سیاسی و خومەینی، ئایا ئەم ئەنجامگیریەی خۆجیاكردنەوە لەچەپ دەورێكی سلبی نەگێڕا؟ ئایا باقی گروپە چەپەكانی تریش هەر بەهەمان شێوە بیركردنەوە لە خۆجیاكردنەوە لە چەپەكانی تر، هەموویان پێكەوە بزوتنەوەی كۆمۆنیستی و چەپیان بەرامبەر بە جمهور ئیسلامی چەك نەكرد؟

ئەمە ئەو شتەیە كە ئەنگلس دەڵێ "كردارەكان خاوەن ئامانجێكی تاڕادەیەك خوازراون، بەڵام بەرئەنجامێك كە لەو كارانە دەكەونەوە، بەتەواوی نەخوازراون."[197]

بێگومان ڕەخنە تیۆریەكانی مەنسور حیكمەت لە ئەفسانەی بورژوازی میللی و كاركردن بۆ ڕیزی سەربەخۆی كرێكاران دژی بورژوازی دروستە، و باقی كۆمۆنیستەكانی پێش ئەو، وەك ترۆتسكی لەڕەخنە لە كۆمێنتێرن، وە ڕۆزا لۆكسمبۆرگ و پانەكۆك لەسەر ڕیزی سەربەخۆ و شوراكانی كرێكاران ئەم بابەتە تیۆریانەیان نووسیوە. بەڵام،

---

[197] ئەنگلس، لودفیگ فیورباخ و كۆتایی فەلسەفەی كلاسیكی ئەڵمانی، ل ٧٢، وەرگێڕانی سالار ڕەشید.

**یەکەم؛** ئەمانە تیۆرێکن و پێویستە ئەنجامگیری سیاسی لێ بگیرێ و بەتایبەت لەکاتی شۆڕشی ئێراندا ئەم ئەنجامگیریە سازکردنی بەرەیەکی سیاسی لە هەموو چەپ و کۆمۆنیست و کرێکاران بوو.

**دووەم؛** ڕیزی سەربەخۆی کرێکاران لە شۆڕشدا تەنیا بریتی نیە لە گروپێک کە بەرنامەیەکیان قبوڵ بێت، بەڵکو ڕێکخستنی خەباتی چینێکە بە هەموو بەش و گروپەکانیەوە دژی چینی بورژوازی بەهەموو لق و حزب و ناوەندە ئایدیۆلۆژیەکانیەوە. وەک مارکس وتەنی؛ "هەر هەنگاوێکی عەمەلی کە بزوتنەوەی فیعلی دەینێ، گرنگترە لە دەرزەنێک بەرنامە. کەزانرا ناتوانین بەرنامەی ئیزیناخ ( کە باوەڕم وایە بەهیچ شیوەیەک بەکەڵک نایە و ڕۆحیەتی حزب تێک دەدا) تێپەڕێنین — هەلومەرجەکە ڕێگە بەمە نادات- پێویست بوو کە ڕێکەوتن بکەین، لانی کەم لەپێناو کارکردن دژی دوژمنی هاوبەش."[198]

بەڵام ئەم سیاسەتە لای مەنسور حیکمەت و "یەکێتی تیکۆشەرانی کۆمۆنیست" و گروپە چەپەکانی تر نەبوو، بەڵکو ئەم تیۆریانەی حیکمەتیزم بۆ خۆجیاکردنەوە لە چەپ و کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی تر بوو کە هێشتا پەیوەست **نەبوو بوون بەم "خەباتە ئایدیۆلۆژی** و سەربەخۆییە تیۆری و "بەرنامە"ییەوە.

چۆن ڕاستی یان نادروستی ئەم تیۆریانەی خۆجیاکردنەوە لە چەپ یەکلایی دەکرێنەوە؟

---

198 مارکس ، ل ٢١٤، **نامە بۆ براکە لە پێشەکی** ڕەخنە لەبەرنامەی گۆتا، بەرگی ٢ لە هەڵبژاردەی مارکس و ئەنگلس لە ٤ بەرگدا، چاپی دارالتقدم، بە عەرەبی.

"پرسیاری ئەوەی ئایا ڕاستیەکی ئۆبژەکتیڤ دەگەڕێندرێتەوە سەر بیرکردنەوەی مرۆڤ، پرسیاری تیۆر نیە بەڵکو پرسیارێکی پراتیکیە"[199].

مەسەلەی سەربەخۆیی چینی کرێکار و شۆڕش دژی دەسەڵاتی بورژوازی وەک ڕاستیەک، مەسەلەیەکی ئایدیۆلۆژی نیە و بەڵکو پراتیکە و پراتیکیش هی گروپیک نیە، بەڵکو سەرجەم چینەکەیە. لە کاتێکدا ئەم ڕاستیە تیۆریانەی "سەربەخۆیی چینی کرێکار و خەبات دژی جمهوری ئیسلامی پێویستی بە خۆجیاکردنەوەی چەپەکانە لە یەکتر لەکاتی شۆڕشدا" بە عەمەلی بەرامبەر بە دژە شۆڕشی ئیسلامی شکست دێنێ، ئەمە دەیسەلمێنێ کە ئەم تیۆریانە هەڵەن و خاوەنی ڕاستیەکی ئۆبژەکتیڤ نەبوون.

لەکاتی شۆڕشدا مەسەلە لێسەندنی دەسەڵاتە لە بورژوازی. چەپ و کۆمۆنیستەکانی ئێران ئەگەر پۆپۆلیستیش بوونایە دیسانەوە هەر دەیانتوانی لەو شۆڕشەدا بە دەسەڵات بگەن. هەرچۆن لەسەدەی بیستدا نمونەی چەپی پۆپۆلیست زۆر بوون، لەچەشنی ماو و کاسترۆ و زۆرێک لە کەمپی سۆشیالیزمی دەوڵەتی سەر بەتێزی سێ جیهانیش کە توانیان بەدەسەڵات بگەن. کەواتە چەپی پۆپۆلیستی ئێرانیش دەیتوانی وەک ئەو چەپانە بەدەسەڵات بگات، ئەگەر چی هێشتا لە بیروباوەڕیشدا پۆپۆلیست بێت. یان کۆمەڵە توانی شەڕ لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێراندا بکات سەرەڕای ئەوەی پۆپۆلیستیش بوو. کەواتە مەسەلەکە بیروڕای بزوتنەوەی چەپ و کرێکاری نیە کە چۆن بیردەکەنەوە، بەڵکو ئەوەیە کە بەرامبەر بە دوژمنی چینایەتیان و دەوڵەتەکەی و هێزە سەرکوتگەرەکانی چی دەکەن؟ ئەمە کارێک بوو کە چەپ و کرێکارانی ئێران

---

199 مارکس ، تێزەکانی فیورباخ، تێزی دووەم.
https://www.marxists.org/archive/marx/works/1845/theses/theses.htm

نەیانکرد و مەنسور حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاریش نەیانکرد. ئەمە هۆکاری شکستی شۆڕش و کرێکاران بوو لە ئێران و کێشە و قەیرانی کۆمۆنیزمی کرێکاریشە. ئایا هیچ دەرسێک لەم شکستە و لە خۆجیاکردنەوە و پەرژوبڵاوی کۆمۆنیستەکان وەرگیرا؟

خۆجیاکردنەوەی حیکمەتیزم لەو گروپانەی پۆپۆلیستانەی وەک "چریکەکان ، ڕێکخراوی پەیکار، یەکێتی کۆمۆنیستەکان یا خود ڕێڤیژینستەکانی وەک ڕێگای کرێکار و زۆرێکی تر، تەنیا لای ئەم گروپەی حیکمەتیزم "سەربەخۆیی چینی کرێکار"ی درووستکردوە و هیچ هێزێکی سیاسی چەپ و کرێکاری لە شۆڕشی ئێراندا بەرامبەر بە هێرشی جمهوری ئیسلامی ڕێک نەخست. لە جێگای ئەمە هەموو گروپەکان سەرقاڵی "خەباتی ئایدیۆلۆژی" و بەرنامە بوون. حیکمەتیزمیش بە ئامانجی خۆی گەیشت کە "ناسنامەیەکی سەربەخۆی هەبوو کە لە بزوتنەوەکەدا وەک ئاڵاهەڵگری خەبات دژی پۆپۆلیزم".

بەداخەوە ئەمە میژووی هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمۆنیستی نیە کە لەمەیدانی ململانێی سیاسی ئێراندا بێ و ئێمە بتوانین فاکت لە سیاسەت و تاکتیکەکانی بهێنیەوە بۆ کۆکردنەوەی هێز بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، وەک چۆن لە سۆشیال دیموکراتی و بەلشەفیەکانمان بەڵگەکانمان هێنایەوە. بەڵکو ئەمە مێژووی گروپێکی تیۆریە کە دەیەوێ خۆی ڕۆشن بکاتەوە و بەرنامە و پلاتفۆرمی هەبێ بۆ گەیشتن بە جۆرێکی تایبەت و دیاریکراو لە حزب .

ئەم جۆری حزبە لە دوای شکستی شۆڕشدا زیاتر دەردەکەوێ و وەک گروپێک خودی خۆی دەبێتە میحوەر و مادەی کارکردن، و چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی کرێکاران دەبنە مەقولە و ئامرازێکی تیۆری کە ئەم حزبە بۆ "گەیشتن بەدەسەڵات" پێویستیەتی. دروستکردن و گەشەی ئەم حزبە و گەیشتن بەدەسەڵاتی، هەمووی لە

چواردیواری ڕۆشنبوونەوەی تیۆری و بەرنامە و پراتیکی حزب خۆیەوە بەئەنجام دەگات. هەربۆیە خەباتی کرێکاران و ڕێکخراو بونیان و پەیوەندی ڕەوتە فکری و سیاسیەکانی ناو ئەم چینە، ئەمانە هیچ کامیان لە بەرنامە و ستراتیژی عەمەلی ئەم حزبەدا جێگایان نیە و لە دوای ٣٠ ساڵ لە تەمەنی ئەم حزبە هێشتا ئەم حزبە نابێتە "حزبی سیاسی" و دەرسێکی گرنگ لە شکستی شۆڕشی ئێران وەرناگیرێ، کە بزانێ جیابونەوەی ڕیزەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری لەناوخۆدا لە یەکتر بەمانای شکستی شۆڕش دژی سەرمایەداریە.

لەبەشی داهاتوودا لەسەر حزبی کۆمۆنیستی ئێران و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری فاکت و ڕوداوە مێژوویەکانی ئەم ڕەوتە حزبیە و کێشەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیانەی سەرەوە دەخەینە ڕوو.

## ٢٠

# حزبی کۆمۆنیستی ئێران و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

پرۆسەی بوونە نوێنەری چینی کرێکار لە باری تیۆری و بەرنامەوە و خۆ جیاکردنەوە لە چەپ، ئەو بنەمایانەیە کە مەنسور حیکمەت بۆ هەڵوێستگیری سەبارەت بە حزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەیگرێتە بەر.

## حزبی کۆمۆنیستی ئێران

لە ساڵی ١٩٨٣ دا بە دروستبوونی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئەنجامی یەکگرتنی گروپی "یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست" و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئیران، بزوتنەوەی کۆمۆنیستی هەنگاوێک بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێ و بەتایبەتیش کۆمەڵە وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزم لە کوردستانی ئێراندا لە بەرامبەر ناسیونالیزمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دەبێتە ڕەقیبی لە مەیدانی سیاسی و چەکداریدا.
لەم کاتەدا مەنسوری حیکمەت ڕایگەیاند کە ئیتر "بزووتنەوەی ئێمە توانیویەتی ببێتە نوێنەری تیۆری و بەرنامەیی کۆمۆنیزمی ئێران. ڕەوتی بەرنامەی حیزبی

کۆمۆنیست ئەمڕۆ بە تەواوی نوێنەرایەتی بەرژەوەند و ئامانجە سەربەخۆ پرۆلیتارییەکان دەکا."[200]

وە هەروەها وتی: "**چەپی ڕادیکاڵ لە چریکی فیداییەوە، تا سۆسیالیزمی خەڵکیی چەشنی پەیکار، لە ماوەی یەک دوو ساڵدا هاتە مەیدان و درایە بەر ڕەخنەی کۆمەڵ** و لە مەیدان چووە دەرەوە."[201]

بەڵام پاش ٦ ساڵ لە ١٩٨٩ ڕایەکی **پێچەوانەوەی بەرامبەر بە حزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕایگەیاند کە ووتی؛ "لە ڕاستیدا لە باری چەندایەتییەوە گەورەترین بەشی ئەم حیزبە لە هەمان نەریتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی دژی پۆپۆلیست پێک هاتووە" و "ئەم جۆرە مارکسیزمە شۆڕشگێڕە، یانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ڕووناکبیرانی کۆمۆنیست**، دەورەی تەواو بووە ".[202]

وە حزبی کۆمۆنیستی ئێران "**وەک** ڕەوتێکی دیاریکراوی سیاسی، مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران، خودی سۆسیالیزمی کرێکاری نەبوو. بلۆکێکی دژی پۆپۆلیستی بوو بە مەیلە جۆراوجۆرە جیاوازەکانی نێوخۆیەوە. هەروەها ڕۆشنە کە بە کۆتایی پێهاتنی پۆپۆلیزم تەمەنی بەکەڵکی ئەم بلۆکەش کۆتایی پێ دێ."[203]

بابزانین بۆ ئەم حزبە لە "**نوێنەری پرۆلیتاریا"وە گۆڕدرا بۆ چەپێکی ناکرێکاری کە تەمەنی بەسەر چووە و و چووەتە ڕیزی ئەو چەپانەی تر وەک چریک و پەیکار و سۆشیالیزمی خەڵکی کە لەمەیدان کرانە دەرەوە؟**

---

[200] مەنسوور **حیکمەت، حیزبی کۆمۆنیست لە** گرەوی چیدایە؟
http://hekmat.public-archive.net/indexFa.html

[201] **مەنسوور حیکمەت، جیاوازیەکانی ئێمە**
http://hekmat.public-archive.net/indexFa.html

[202] **مەنسوور حیکمەت، جیاوازیەکانی ئێمە**

[203] **هەمان سەرچاوە**

مەنسور حیكمەت دەڵێ "ئاشكرایە كە پەرەسەندنی ڕەخنەی ماركسیستی نەدەكرا چەپی ڕادیكاڵ بەرەو چینی كرێكار و بەرەو خۆ ڕێكخستنی زیاتر لەگەڵ كۆمۆنیزمی كرێكاری پاڵپێوە نەنێ."[204] .

كەواتە ڕەخنەكانی حیكمەتیزم ڕەوتێكی تری دروستكردووە كە كۆمۆنیزمی كرێكاریە.

وە ئەو پێی وایە لەبەرئەوەی كە؛ "هەر جۆرە كۆمۆنیزمێكی ڕادیكاڵ و لە باری فیكرییەوە ئەرتەدۆكس، تەنیا لەسەر بنچینەی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی كرێكار دەتوانێ وجوودی هەبێ."[205]

كەواتە ئەم ڕەخنەیەش پێویستی بە بزوتنەوەی سۆشیالیستی چینی كرێكارە و حزبی كۆمۆنیستی ئێرانیش زۆربەی لە سۆشیالیزمی ناكرێكاری دروست بووە، لەبەرئەوە جیابوونەوە لەم چەپەی ناو حزبی كۆمۆنیستی ئێران پێویستە.

هەربۆیە ئەنجامگیریەكەی ئەوەیە كە "باسی كۆمۆنیزمی كرێكاری ڕێک بە مانای جیاكردنەوەی چارەنووسی سۆسیالیزمی كرێكاریی ئێرانە لە چەپی ڕادیكاڵی ناكرێكاریی ئێران و لە مێژووی ئەم چەپە." [206]

ئەمە دوو بارە كردنەوەی هەمان پرۆسەی پێكهێنانی حزبی كۆمۆنیستی ئێرانە. پرۆسەیەک بە ڕەخنەیەكی تیۆری دەستی پێ كرد و دواتر بووە بەرنامەیەک و دواتر پێویستی بە جیا بوونەوەیەی ڕاگەیاند لەو چەپەی كە خۆی لە هەناوی ئەودا دروست بوو و ئێستاش هەمان پرۆسە بۆ دروستكردنی حزبێكی تر، حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری دەست پێدەكا.

---

204 هەمان سەرچاوە

205 هەمان سەرچاوە

206 مەنسوور حیكمەت، جیاوازیەكانی ئێمە

ئەم دوو لێکدانەوەیە جیاواز و دژ بەیەکانەی حیکمەتیزم لەسەر حزبی کۆمۆنیستی ئێران چۆن لێک دەدەینەوە ؟

ئەوەی حزبێک سەرەتا بەهۆی گەشەی ڕەخنەیەکەوە لە چەپی پۆپۆلیست دەبێتە بەرنامە و دواتر دەبێتە ڕێکخراوی نوێنەری پرۆلیتاریا و دواتر دیسانەوە ئەم ڕێکخراوە زۆرینەی دەبێتەوە بە چەپی ناکرێکاری و پێویستی بە تیۆری و بەرنامە وحزبی ترە بۆ جیابوونەوە لەچەپی نا کرێکاریی؟

ئەم پرسیارە سەرەکیە کە بۆچی ئەو هێزەی دوێنێی کۆمۆنیزم، کە نوێنەری پرۆلیتاریا بوو، ئەمڕۆ بوو بە چەپێکی ناکرێکاری و ئیتر ژیانی بەسەرچوو!! ئەم پێوەرە چیە کە گروپ و حزبێک دەکا بە نوێنەری پرۆلیتاریا و دوای ماوەیەک زۆرینەی ئەم حزبە دەکا بە سۆشیالیزمی ناکرێکاری و چارەنووسیان وەک چریک و پەیکار و ڕێگای کرێکاری لێ هات؟

ئایا لە نێو بزوتنەوەی کرێکاری و لە نێو گروپە ڕۆشنبیرەکانی سۆشیالیستی ئێراندا هیچ گۆڕانێکی بەم چەشنە ڕوویدا، وە یان ئەم گۆڕانکاریە لەنێو ئۆردوگاکانی کۆمەڵە و چواردیواری ڕێکخراوەی دەرەوەدا ڕویداوە و ئەم کادر و ئەندامانەی حزب لە نوێنەری پرۆلیتاریاوە بوونە چەپی ناکرێکاری؟

وەڵامی مەنسور حیکمەت بۆ ئەم ناکۆکی و گۆڕانەی حزب ئەوەیە کە گۆڕانێکی تیۆری بەسەر ئەم حزبەدا هاتووە کە بەشێکی حزبی کردۆتە کۆمۆنیزمی کرێکاری.

" پەرەسەندنی ڕەخنەی مارکسیستی چەپی ڕادیکاڵ بەرەو چینی کرێکار و بەرەو کۆمۆنیزمی کرێکاری"

بەڵام بۆچی ئەو ڕەخنە تیۆریە هەموو ئەم حزبە کە تا چەند ساڵ لەوەوبەر نوێنەری سەربەخۆی پرۆلیتاریا بوو نەکردە کۆمۆنیزمی کرێکاری؟! بەپێچەوانەوە زۆربەی ئەم

حزبە لە نوێنەری پرۆلیتاریاوە بەرەو دواوە وەرگەڕا و بووە "چەپێک کە مێژووی تەواو بووە"؟!

ئەگەر دەڵێین حزبی کۆمۆنیستی ئێران هێزێکی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزم بوو لە ئێراندا، ئەی بۆچی بە تیۆریەک ئەم ئاڵوگۆڕەی بەسەردا هات و لە پڕێکدا زۆربەی گۆڕدرا بۆ سۆشیالیزمی ناکرێکاری و چەپی دژی پۆپۆلیست؟!

بۆ تێگەیشتن لەم جێ گۆڕکێ کۆمەڵایەتیەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران دەبێ جێگەی خودی حیکمەتیزم تێ بگەین.

مەنسور حیکمەت لە ناساندنی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دەڵێ؛ "ئەو بزاوتە ڕەخنەگرانە تیۆریک و سیاسییە کە لەنێو چەپی ڕادیکاڵی ئێراندا پێک هات"[207]. کەواتە جێگای کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمی کرێکاریش هەمان "بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ڕووناکبیرانی کۆمۆنیست"ە.

بەم پێیە ئەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە چەپی ڕادیکالی ئێران جیادەکاتەوە "ڕەخنەی تیۆری و ڕەخنەی سیاسیە" . هەربۆیە ڕەخنەی تیۆری لێرەدا دەبێتە پێوەری کۆمۆنیستی کرێکاری بوون یان چەپی ڕادیکاڵ، بەوەی ئەمەی یەکەمیان خاوەنی تیۆر و بەرنامەی ڕادیکالترە و لێرەوە جێگەی "نوێنەرایەتی پرۆلیتاریا" بە چەپی ناکرێکاری چۆڵ دەکا.

بەڵام ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاریی بەرهەمی ئەم ڕەخنە تیۆریە بێ کەواتە بۆ ناکرێ چاوەڕوان بین ئەمیش هەروەک حزبی کۆمۆنیستی ئێران، کە "نوێنەری پرۆلیتاریا" بوو، بە ڕەخنەیەکی تیۆری تر ببێ بە چەپێکی ناکرێکاری تر.

---

[207] مەنسوور حیکمەت، جیاوازیەکانی ئێمە

ڕودانی ئەم ئەگەرە کراوەیە، چونکە جێگای کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمی کرێکاریش تەنیا لەباری تیۆریەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. کەواتە تیۆریەکی تر دەتوانێ کۆمۆنیزمی کرێکاریش لە "نوێنەرایەتی پرۆلیتاریا" بخات. ئەمە ئەو پرۆسەی بازنە بەتاڵەی نێو گروپە ڕۆشنبیریە سۆشیالیتەکانی چینی کرێکارە کە بەهۆی دابڕانیان لە خەباتی ڕۆژانەی چینایەتی کرێکاران بەردەوام دابەش بوونە ناچاریەکانی خۆیان تیۆریزە دەکەن. هەمیشەش بانگەوازی ئەوەدەکەن کە گروپە ڕۆشنبیریەکانی تر گۆڕاون بە چەپی ناکرێکاری و پاساوی جیا بوونەوە و دوور کەوتنەوە لە یەکتری و سێکتاریزمی پێدەکەن. مانەوەی گروپە ڕۆشنبیریەکان بە دابڕاوی لە خەباتی ڕۆژانەی چینایەتی دەیانکاتە گروپی ئایدیۆلۆژی وەک کەنیسە جۆراوجۆرەکانی مەسیحیەت کە لە جەماوەری کریستیانەکان جیادەبنەوە و دینەکەیان بەپێی کەنیسەکانیان دابەش دەکەن بە سێکتی جیاجیاوە.

ئێمە بۆ تێگەیشتن لەم کێشەیەی توشی حیکمەتیزم بووە پێویستە سەیری واقعیەتی دروستبوونی گروپە ڕۆشنبیریەکانی چینی کرێکار بکەین لە مێژووی سەدەی بیستدا کە بۆچی ئەم شکڵ و قاڵبە سێکتاریستانەیان وەرگرتووە و ناتوانن وەڵامدەرەوەی ئەو گۆڕانکاریانەدا بن کە بەسەر بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی کۆتایی سەدەی ٢٠ و ئێستاماندا هاتووە.

گرامشی دەڵێ؛ "دروستبونی گروپە ڕۆشنبیرە کۆمۆنیستیەکان لە ناو چینی کرێکاردا کێشەیەکی ئاڵۆزە لە بەرئەوەی کە فۆرمی جۆراوجۆر وەردەگرن کە لە مێژووی ڕاستەقینەی شکڵگرتنی توێژ و کاتیگۆری جیاوازی ڕوناکبیرانی ئەم چینەوە هاتوون." [208]

---

[208] سێکتاریزم و بیرۆکراتی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا
http://www.asokamal.com/index/?p=1635

کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیکمەتیزمیش وەک یەکێک لەم گروپە ڕۆشنبیریانە دەرگیری هەمان کێشەی چەپە. کێشەی خۆجیاکردنەوەی تیۆری لە گروپەکانی تر بەو خەیاڵەی ئەم گۆڕانە تیۆریە ئەم گروپە بەرەو "چینی کرێکار و بەرەو خۆ ڕێکخستن لەگەڵ **کۆمۆنیزمی کرێکاری" دەبا. بەڵام تەجروبەی حیکمەتیزم پێمان دەڵێ کە جیابوونەوەی ئەم گروپانە ڕێگە چارە نیە بەڵکو تێکەڵاو بوونی ئەم گروپانە لەگەڵ یەکتر و تیکەڵاو بوونی هەموویان بە خەباتی ڕۆژانەی چینایەتیەوە گرێی گەشەنەکردنی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی دەکاتەوە.**

هەربۆیە ئەنجامگیریی ئەوەی **کە "باسی کۆمۆنیزمی** کرێکاری ڕێک بە مانای جیاکردنەوەی چارەنووسی سۆسیالیزمی کرێکاریی ئێرانە لە چەپی ڕادیکاڵی ناکرێکاریی ئێران و لە مێژووی ئەم چەپە."[209] تەنیا ئەنجامگیری یەکی لۆژیکی کە گروپە ڕۆشنبیرە دابڕاوەکان لە خەباتی چینایەتی پێی دەگەن و بە ڕاستی دەزانن. بەڵام لە واقعدا ئەم ئەنجامگیریە بۆ ئەم دابڕانە لە مێژووی حزبی کۆمۆنیستی ئێران هەنگاوێک بوو بۆ **دواوەوە لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئێراندا. حیکمەتیزم بەم جیابونەوەیە لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران هەرچی زیاتر بەرەو قاڵبی گروپێکی** ئایدیۆلۆژی هەنگاوی نا، کە چیتر توانای هەڵکردنی لەگەڵ هیچ مەیل و بەشێکی تری ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا نیە و بەم پێیە لە گەیشتن بە حزبی سیاسی چینی کرێکار دوورتر کەوتەوە. بابزانین ئەم حوکمەمان چۆن لە مێژووی نوێی ئەم کۆمۆنیزمی کرێکاریی یە دا خۆی نیشان دەدا.

---

[209] مەنسوور حیکمەت، جیاوازیەکانی ئێمە

## حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری

لەگەڵ ڕوداوەكانی شەڕی كەنداوی یەكەم لە ١٩٩٠ ئەمجارە كێشەی كۆمۆنیزمی كرێكاری لەگەڵ چەپی ناكرێكاری ناو حزب لاوەكی دەبێتەوە و مەنسوور حیكمەت لە ململانێی لەگەڵ ڕەوتی ناسیونالیستی كوردی ناو كۆمەڵەدا دەگاتە ئەو باوەڕەی كۆمۆنیزمی كرێكاری دەبێ حزبی كۆمۆنیستی ئێران بەجێ بێڵێ. هەرچەند ململانێی سیاسی لەگەڵ ناسیونالیزمی كورد لەناو كۆمەڵەدا گرنگ و دروست بوو، بەڵام لەلایەن حیكمەتیزمەوە مەسەلەی كێشەی سەرەكی كۆمۆنیزمی كرێكاری لەگەڵ "چەپی ناكرێكاری" ناو حزب كە بە زۆرینەی حزب دادەنرا بەتەمومژاوی بەجێدەهێڵرێ.

لە كاتێكدا پێش شەڕی كەنداو و پێش توند بوونەوەی كێشەی لەگەڵ ناسیونالیزمی كوردی ناو كۆمەڵەدا بە دوای شەڕی كەنداو دا، مەنسوور حیكمەت ڕایگەیاند كە "بەرنامەیەكی حیزبی لەسەر بنچینەی ئەم ڕوانگەیە دەنووسین و بۆئەوەی ببێتە بەرنامەی حیزب هەوڵ دەدەین. لەسەر ئەم بنچینەیە و لەسەر بنچینەی مەوازینی حیزب، ڕابەریی حیزب و هەموو پایە ڕێكخراوەییەكانی حیزب دەبێ بدرێتە دەست سۆسیالیزمی كرێكاری و حیزب خۆی لەسەر بنچینەی نەریتە سیاسی و ڕێكخراوەییەكانی ئەم ڕەوتە ڕێک بخا." [210]

سەرەتا مەسەلەی **جیابوونەوەی خۆی لە** "حزبی كۆمۆنیستی ئێران" شەخسی دەكاتەوە و مەنسور حیكمەت وەک ئەندامێک وازدەهێنێ. بەڵام هۆیەكانی باسی دەكا لە نامەی دەست لە كاركێشانەوەكەی لەساڵی ١٩٩١شەخسی نین. **ئەو دەڵێ**

210 مەنسوور حیكمەت، جیاوازیەكانی ئێمە

"کۆمەڵێک ئەرکی مێژوویی بۆ کۆمۆنیستی ئەمڕۆ هەیە کە هیچ کامیان لە مێژووی ئێران، مێژووی شۆڕش لە کوردستان، پلمیکی چەپەکانی ئێران و ئەوانی ترەوە سەرچاوە ناگرێ و ڕەنگی ناو وڵاتی پێوە نیە. ئەمە مەسەلەیەکی جیهانیە." و "زیاتر خەریکی درێژەدانی مێژوویەکم کە لەحاشیەی ئەم ڕوداوانەدایە و هەرچی زیاتر بێ **مانا** دەبێ."[211]

بەڵام دواتر ئەو خۆی وەک نوێنەری ڕەوتێکی تر لە ناو حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەناسێنێ و دەڵێ "ڕەوتێکی ترهەیە لەناو حزبدا، گرایش و مەیلی سۆشیالیزمی کرێکاری و مارکسیستیە کە لە شۆڕشی ٥٧ و شۆڕشی کوردستانەوە سەرچاوە ناگرێت، لە ئامانجە گشتیەکانی خۆیەوە دەجوڵێتەوە و هەوڵ دەدا کە قسەی بناغەییەتری مارکسیزم بخاتەڕوو."[212] .وە ئەنجامگیریەکەی ئەوەیە کە "بزوتنەوەی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتە دواکەوتوەکان و دامەزراندنی دیموکراسی پەرلەمانی ئێستا کرێکاران سەرکوت دەکەن. بزوتنەوە نەتەوەییەکان مافی کرێکار زەوت دەکەن. ئەم مەیلانە ئیمکانی هەبوو لە ساڵێ ١٩٧٨-١٩٧٩ خاڵی هاوبەشیان لە دژی سەرکوت یان ئیمپریالیزم **هەبێ**." .بەڵام ئەمڕۆ"ئەم سێ گرایش و مەیلە دەبێ جیاببنەوە لە یەکتر."[213]

سەبارەت بە شەخسی خۆشی دیسانەوە دەڵێ" مەسەلەیەکی تر کە جیابونەوەی من پێویست دەکا ئەوەیە کە جیاوازیم لەگەڵ بەشێکی زۆر لە کادرە کۆنەکانی حزبدا هەیە و ئەوان بە مارکسی نازانم."[214]

---

[211] مەنسوور حیکمەت، ڕونکردنەوەیەک بۆ پلنۆمی ٢٠ سەبارەت بە **جیابوونەوە لە** حزب
http://hekmat.public-archive.net/indexFa.html

[212] هەمان سەرچاوە

[213] هەمان سەرچاوە

[214] هەمان سەرچاوە

لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ جیابوونەوە لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران بەپێی قسەکانی سەرەوەی مەنسور حیکمەت ئەوە بوو کە دەبێ "حیزبێکی یەک پایە و یەک مەیلی" کۆمۆنیزمی کرێکاری دامەزرێنێ و لەو مێژووی چەپەی زۆرینەیە لە حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دابڕێ. هەروەها پێ داگری دەکا لەسەر دابڕان لە مێژووی کۆمۆنیزم لە ئێران.

لێرەوە جارێکی تر ڕەوایەتی جیا بوونەوە لە چەپی ناکرێکاری ناو "حزبی نوێنەری پرۆلیتاریا"ش ڕەواج پەیدا دەکا و تیۆری جارێکی تر دەبێتەوە بەو پێوەرەی کە خەتی نێوان سۆشیالیزمی کرێکاری و ناکرێکاری لەناو حزبێکی کۆمۆنیستیدا دەکێشێ. بەپێی ئەم دیدگایەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ حزب "ئەم حیزبە دەبێ ببێتە حیزبێکی یەک پایە و یەک مەیل."[215]

وەک ئاماژەمان پێکرد، ئەم پرۆسەی بوونە نوێنەری چینی کرێکار لە باری تیۆری و بەرنامەوە وخۆجیاکردنەوە لە چەپ، ئەو بنەمایانەیە کە مەنسور حیکمەت بۆ هەڵوێستگیری سەبارەت بە حزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە و دروستکردنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەیگرێتە بەر، سەرەڕای ئەوەی پاساو و هۆیەکان لەهەر دەورەیەکدا شتێک بوون.

باچەند نمونەیەک لەم حزبە "یەک پایە و یەک مەیلە "بهێنینەوە ،کە پاساوی جیابوونەوە بوو لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران، بزانین ئایا ئەم حزبە چۆن کاردەکا و کێشەکانی ناوخۆی چۆن سەیر دەکا؟

لەساڵی ١٩٩١دا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران ڕادەگەیەنرێ. بەڵام لەناو ئەم حزبە تاک مەیل و تاک پایەشدا هێشتا کۆمۆنیزمی کرێکاری لەو چەپە ڕزگاری نابێ

[215] هەمان سەرچاوە

که بڕیاربوو "کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕێک به مانای جیاکردنەوەی چارەنووسی سۆسیالیزمی کرێکاریی ئێرانە لە چەپی ڕادیکاڵی ناکرێکاریی ئێران و لە مێژووی ئەم چەپە بێت ".

له ساڵی ١٩٩٩جیابوونەوەی "ئیرەجی ئازەرین و رەزا مقدم" کە لە دامەزرێنەرانی "کانونی کۆمۆنیزمی کرێکاری" بوون و کۆمەڵێک کادری ئەو حزبە لای مەنسوور حیکمەت بەوە دەزانرێ کە "ئەم ڕوداوە بەزیان نەبووە، ڕاستیەکەی بەڕای من دەتوانین بیگۆڕین بە خاڵێکی بەهێزی گرنگ لە ڕێڕەوی دروستبوونی حزبمان. ئەم ڕوداوە هاوڕێیانی هێنایە مەیدان تا لە ڕێکخراوەکەیان ، لە یەکێتی بۆ شۆڕشی کرێکاری.. لەبەرامبەر بێ ئومێدی و پرسیاری عرفانی و هەڵچوونی ڕۆحی بیپارێزن"[216].

هەربۆیە لەم جۆرە لە کۆمۆنیزمە کرێکاریەدا "ئەم ڕوداوانە بەزیان نەبووە"، بەڵکو جیابوونەوە ڕوداوێکی پێویستە کە حزب هەمیشە دەبێ خۆی پێ پاک بکاتەوە لەم چەپانە، لەبەرئەوەش ئەمە "خاڵێکی بەهێزی گرنگە لە ڕێڕەوی دروستبوونی" حزبی سیاسی"دا!

بەڵام دیسانەوە دوای ئەوەی ڕزگاربوون لەو "دەستە چەپە بێ ئومێد و عرفانیەش"، هەمان دیاردەی چەپ هەربەردەوامە و تا کۆنگرەی سێهەمیش لە ساڵی ٢٠٠٠واتە سێ دەیە لەتەمەنی حیکمەتیزم هەروا نیشان دەدرێ کە چەپ لەناو کۆمۆنیزمی کرێکاریدا لە سونەت و پراتیکدا ماوەتەوە.

هەربۆیە دوای مەنسور حیکمەتیش ئەم پرۆسەی جیابوونەوە ناو خۆیانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەمووی بەناوی پرۆسەی حزبی سیاسی و مودەعی قودەرت

---

[216] مەنسور حیکمەت، خودا حافیز؟ل١٤٧١، هەلبژاردەی بەرهەمەکان، فارسی.

بوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری و جیابوونەوە لە چەپ ڕوپدەدا، کە بەبێ وەستان هەربەردەوامە. سیناریۆی جیابوونەوەکانی ناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دوایی مەنسور حیکمەت نیشانمان دەدا کە هەمووی یاری کودەتا بەسەر کورسی "نوێنەرایەتی پرۆلیتاریا" بوو. تا ئێستاش بەپێی ئەم دیدگا و میتۆدە هەر دێت و کۆمۆنیزمی کرێکاری دابەش دەبێ بۆ گروپی بچوک و بچوکتر و هەموشیان هۆیەکی بۆ بوونی ڕەقیبەکانیان بە چەپی ناکرێکاری و ڕزگارنەبوون لە چەپ دەیگەڕیننەوە.

نمونەیەکی تر کارکردنی ناوخۆیی ئەم حزبە کۆمۆنیستیە کرێکاریەیە لە بالآترین ئاستیدا، کە پلەی لیدەرە.

تێگەیشتن لەم خاڵە پێویستە تا لە شێوازی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و کارەکتەرەکەی بگەین.

مەنسور حیکمەت لیدەرشیپی بە یەکێک لە پێویستیەکانی حزبی سیاسی دەزانی، بەڵام لە کاتێکدا خۆی ناتوانێ دەوری لیدەر ببینێ باسی لیدەر دەخاتە لاوە و دەیگۆڕێ بە "ڕابەری دەستەجەمعی". ئەو دەڵێ؛ "هەڵبژاردنی کەسێک بە ناونیشانی لیدەر، تا ئەو کاتە بەشیوازێکی کارساز دەژمێردرێ کە؛ **یەکەم،** کاندیدگەلێکی کافی و ئامادە بۆ گێڕانی ئەم ڕۆڵە لە ئارادا بێت. **دووەم،** لەهەمان کاتدا، کەسێک وەیان چەند کەسێک لە کاندیدەکانی ئەم پۆستە، لەئۆتۆریتەیەکی سیاسی و مەعنەوی جێکەوتوو، کە یەکگرتویی کۆمیتەی ناوەندی و تەواوی حزب لەژێر ڕابەرایەتی خۆی ڕابگرێ، بەهرەمەند بێت. ئەگەر بەم جۆرە نەبێت، ئەوا ئەشێ، بەیەکێک لە گەورەترین کێشەکانی سازمانکاری ڕابەری ،بگۆڕێت".[217]

---

[217] مەنسور حیکمەت ، هەلبژاردەیەک لە نووسراوەکانی، ل٥٥١، سالار ڕەشید.

ئەم تێڕوانینە لە حزب کە لیدەری تەنیا بە توخمێکی هەڵبژاردە دەکرێ جێگای تێڕامانە! لیدەری تەنانەت بە دەیان یاخود سەدان کەسێک ناکرێ زیاتر لە ٣٠-٤٠ ساڵیان لەگەڵ ئەم جۆرە کۆمۆنیزمەدا بەسەر بردووە! ئەو هێشتا پێی وا نەبووە کە "کاندید گەلێکی کافی و ئامادە بۆ گێڕانی ئەم ڕۆڵە لە ئارادا بێت"!!

لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە لە ٣٠-٤٠ ساڵ لەکارپێکەوەکردنی حزبێکی گەورە و گراندا "کەسێک وەیان چەند کەسێک لە کاندیدەکانی ئەم پۆستە، لەئۆتۆریتەیەکی سیاسی و مەعنەوی جێکەوتوو، کە یەکگرتویی کۆمیتەی ناوەندی و تەواوی حزب لەژێر ڕابەرایەتی خۆی ڕابگرێ، بەهرەمەند بێت" دروست نابێ.!!

ئەمە چ پرۆسەیەکی عەجیبی پەیداکردنی ئۆتۆریەتەی سیاسی و مەعنەویە! ئەمە چ جۆرە سێکتێکی ئایدیۆلۆژی و دابڕاوە لە خەباتی چینایەتی کرێکاران. ئەمە لە پۆستی مەرجەعی شیعەکان دەچێ کە دەبێ ٣٠-٤٠ ساڵ بخوێنن و یاخود لە دیاریکردنی پاپای کاسۆلیکەکان دەچێ کە دەبێ لەسەروو ٧٠ ساڵەوە بێ تەمەنیان.

ئایا بەڕاستی ئەگەر کرێکاران بیانەوێ نوێنەرێک بۆ گفتوگۆ لەگەڵ خاوەنی کارگە دیاری بکەن ئەم هەموو ساڵەی پێ دەچێ؟ بۆچی لە خەباتی دژی سەرمایەداریدا کرێکاران هەموو پلەوپۆستەکانیان بەئاسانی هەڵدەبژێرن و هیچ کام لەم مەقامە بیرۆکراسیانەیان پێویست نیە. بەڵام نوێنەرایەتی کردنی حزبێکی گروپی چەند سەد کەسی، ئایا "توخمێکی هەڵبژێردراوی ئیلاهی" یت دەوێ تا ئۆتۆریتە لە ناو گروپەکەتدا پەیدابکەی، وە تا شایەنی نوێنەرایەتیکردنێک ببیت؟

کێشەکە لێرەدایە کە تەنیا مەنسور حیکمەت لەو حزبەدا گەشتبووە ئەم پلەوپایەیە. ئەمە بۆ خۆی جێگای ئەو پرسیارەیە کە ئەم حزبە وەک مۆدیلی دەوڵەتی داهاتوو، هەمان بیرۆکراتیزمی حزبی بەلشەفی دوبارە ناکاتەوە؟ وەک ترۆتسکی لەسەر ئەم مۆدێلە زۆر بە دروستی لە سەرەتاوە ووتی؛ "ئەم شێوازە لە سیاسەتی ناوخۆی

حزبدا بە دۆخێک کۆتایی دێت کە ڕابەری حزب جێگای حزب و دواتر کۆمیتەی ناوەندی جێگای ڕابەری دەگرێ و سەرئەنجام یەک دیکتاتۆر جێگای کۆمیتەی ناوەندی دەگرێت و دۆخێک دروست دەبێ کە کۆمیتە حزبیەکان بەبێ بەشداری جەماوەری خەڵک هەمیشە سیاسەتەکانی خۆیان دەگۆڕن." [218]

بۆچی ئەگەر ئەمە حزبی کرێکارانە لەماوەی ٢٠ساڵدا لەهەموو ئەو ئەندامانەی کە ٣٠-٤٠ ساڵێک پێکەوە خەبات دەکەن تەنیا یەک کەس "خاوەنی لەئۆتۆریتەیەکی سیاسی و مەعنەوی جێکەوتوو، کە یەکگرتویی کۆمیتەی ناوەندی و تەواوی حزب لەژێر ڕابەرایەتی خۆی ڕابگرێ، بەهرەمەند بێت".؟!

ئەم حزبە بە چ پرۆسەیەکی فکری و سیاسی و ڕێکخراوەییدا تێپەڕ بووە تا تەنها یەک ئۆتۆریتەی هەیە.

ئایا ئەمە بە کارێکی ئاسایی ناو حزبێکی کرێکاری دادەنرێ، کە دەبێ "ڕۆحی دەوڵەت"ی داهاتووی کرێکاران بێ، کە تیایدا هیچ پلەوپۆستێکی سیاسی بەمانای ئیمتیازاتی مادی و سیاسی و ڕێکخراوەیی نابێ؟

کۆمۆنیزم بریتیە لە هەڵوەشانەوەی دەوڵەت و حزب و پلە و پۆستی سیاسی و ئۆتۆریتەی سیاسی Authority واتە دەسەڵاتدارێتی سیاسی، بەوپێیەی "لەگەڵ یەکەم هەنگاوی بۆکردنی موڵکیەتی سەرمایەداران بە موڵکی دەوڵەت" ئیتر دەوڵەت و حزبی کرێکاری مۆرکی سیاسیان نابێ و دەبنە دەزگایەکی ئیداری کە پێویستیان بە سەرۆک و لیدەر نابێ و هەموو کرێکارێک دەتوانێ ببێتە نوێنەر بۆ هەر پلەوپۆستێک و کار و بەڕێوەبردن بەشێوەیەکی هاوکاری و هاوبەش بەڕێوەدەبرێ.

---

[218] ترۆتسکی، کتێبی "ئەرکە سیاسیەکانی ئێمە"
https://www.marxists.org/archive/trotsky/1904/tasks/ch04.htm

ئەگەر لە حزبێکدا دوای ٣٠-٤٠ ساڵ نەتوانی لیدەر شیپی ببێتە پۆستێک کە هەر ئەندامێکی سادەش بتوانێ خاوەنی بێ، ئایا لە دەوڵەتێکدا پۆستی سەرۆکی حکومی لە چەند ساڵدا دەبێتە کارێکی ئاسان، کە "ژنێکی ناو مەتەبخ" وەک لینین دەڵێ، بتوانێ ئەو پۆستە وەرگرێ؟

ئەمە میراتی ئەو بیرۆکراسیەیە کە لە مێژووی مۆدیلی حزبی سۆشیالیزمی دەوڵەتیەوە لە ناو کۆمۆنیزمی کرێکاریدا ماوەتەوە و بووەتە کارەکتەری پلە باڵای ئەم حزبە. سەرەڕای ئەو هەموو ڕەخنە دروستانەی لە ئابوری سۆڤیەت و سەرمایەداری دەوڵەتی گیراوە لەلایەن حیکمەتیزمەوە، بەڵام دیدگای مەنسور حیکمەت تەواو هاوڕایە لەگەڵ ئەم مۆدێلە لە دیکتاتۆری حزبیدا، بەوەی کە ناوی دەوڵەتی کرێکاری لە دەوڵەتی سۆڤیەت دەنێ و لەباری سیاسیەوە ئەو مۆدێلی دیکتاتۆری حزبیەی بەلشەفیەکان بە کێشەی سەرەکی نابینێ. ئەمەش خاڵی هاوبەشی تێروانینی بەلشەفی و حیکمەتیزمە لە حزب و لیدەریدا.

بێگومان کۆمۆنیزم پێویستی بەو شیوازە نیە لە نوێنەرایەتی و پۆست و لیدەری، بەڵکو وەک مارکس وتەنی، کۆمەڵگە و کرێکاران خۆیان لە "نوێنەرەکانیان دەپارێزن تا نەبنە سەرۆکیان بەڵکو خزمەتکاربن".

لەدوای نەمانی مەنسوری حیکمەت ئەم دیدگایە بۆ لیدەر بووە مایەی ئەوەی شەڕی ڕەوایەتی ئۆتۆریتە بۆ لیدەری لە نێوان کۆرشی مودەرسی و حەمیدی تەقواییدا لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا بگاتە ئاستێک کە ئەو حزبە "یەک مەیل و یەک پایە"یەی کرد بە دوو بەشەوە. وە دوای ئەویش شەڕ لەسەرئەوەی کێ نوێنەرایەتی خەتی حیکمەتیزم دەکا حزبی حیکمەتیستی کرد بە دوو بەشەوە. دوای ئەمەش

دیسان **جیابوونەوەی** تر بەهۆی  ئەم شەڕی ئۆتۆریتە و میراتگریەی نێو کۆمۆنیزمی کرێکاری درێژەی هەیە و بە بەردەوامی گروپ و حزبی تری لێ دەبێتەوە.

لەم مێژوەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو ئەم خەباتە تیۆری و ئیدیۆلۆژی و سیاسیە لە چواردیواری حزبێکدا دەچێتە پێش، وە زۆربەی کاری ئەم کۆمۆنیزمە بریتیە لە ڕۆشنکردنەوە و جیاکردنەوەی خۆی لەو ڕەوتانەی تر کە لەناو حزب خۆیدا یان لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا هەیە. بە پێی ئەم بەرنامە **و ڕۆشنبوونەوە تیۆریانەش مۆری حزبی کۆمۆنیست و نوێنەری سەربەخۆیی چینی کرێکار هەر جارەی لە کەسێک و گروپێک دەدرێ و کەسانێکی تر مۆری چەپ و ناکرێکاری و پۆپۆلیست و هتد لێیان دەنرێ و لە بزوتنەوەکە دەکرێنە دەرەوە. لەم پرۆسەیەدا هەر لایەک بە تیۆریەکی** تازەوە دێتە دەردەوە، بەبێ ئەوەی هیچ کام لەم تیۆری و گروپانە توانیبێتیان لەبواری خەباتی چینی کرێکار و مەیدانی خەباتی چینایەتیدا پێویستیەکانی کرێکاران بەم هەموو گروپ و بەرنامە و تیۆریانە بسەلمێنن، وە یان لەلایەن کرێکارانەوە ئەم جیاوازیانەی نێوان گروپە ڕۆشنبیرە کۆمۆنیستەکان هیچ دەورێکی لە خەباتی ڕۆژانەی ئەواندا هەبێ.

ئەمە پرۆسەی مێژووی نیو سەدەی کاری ئێمەیە تا **نووسینی** ئەم کتێبە، کە ئایدیای خۆجیاکردنەوە لەچەپ بەردەوامە، سەرەڕای ئەمەش کۆمۆنیزمی کرێکاری هێشتا نەیتوانیوە بگات بە "حزبی سیاسی". بۆیە لێرەدا دەبێ هەڵوێستێک لەم مێژووەی تا ئێستامان بکەین تا بزانین کێشەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری چیە؟

# ٢١

# کێشەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی چیە؟

بە تێڕوانین لەو پرۆسە تیۆری و حزبیەی مێژووی ئەم کۆمۆنیزمە کرێکاریە لە ئێراندا لە دوو بەشی پێشوودا خستمانە ڕوو، ئەم کێشانەی خوارەوەمان لە کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بۆدەردەکەوێ؛

## یەکەم؛ دابڕانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی لە مێژوو

ئێمە لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا، کە لە ژێر ناونیشانی "چ تێگەیشتنێکمان لە مێژووی کۆمۆنیزم هەیە؟" دایە، باسی گروپ و سێکتە کۆمۆنیستیە جیاوازەکانی سەدەی بیستمان کرد کە چ تێگەیشتنێکیان لە مێژووی کۆمۆنیزم هەیە. هەمان ئەم تێگەیشتنە لە کۆمۆنیزمی کرێکاریشدا زاڵە، بەوەی کە مێژووی گروپەکەی خۆی بە مێژووی چینی کرێکار و خەباتی چیانیەتی دادەنێ. حیکمەتیزم بەپێی تیۆر و بەرنامەی خۆی قاڵبێک دروست دەکا کە چ بەشێک لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاریە و کامیان چەپی ناکرێکاریە؟ ئەم پێوەرە تیۆریە جێگای مێژووی واقعی گروپی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەگرێتەوە. بەم شێوەیە وای دادەنێ کە هەربۆیە ئەنجامگیریی ئەوەی **کە "باسی کۆمۆنیزمی** کرێکاری ڕێک بە مانای جیاکردنەوەی

چارەنووسی سۆسیالیزمی کرێکاریی ئێرانە لە چەپی ڕادیکاڵی ناکرێکاریی ئێران و لە مێژووی ئەم چەپە ."[219]

بەڵام بابزانین ئایا ئەم دابڕانە مێژووییە لە دنیای واقعدا ڕویداوە یاخود تەنیا لە دووتوێی بەرنامە و فکری ئەم گروپەدا بووە؟

لە کاتی جیابوونەوە لە حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا مەنسور حیکمەت بەوە دەست پێ دەکا کە "ئەم جۆرە مارکسیزمە شۆڕشگێڕە، یانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ڕووناکبیرانی کۆمۆنیست، دەورەی تەواو بووە"[220]. وە هەروەها وتی: "چەپی ڕادیکاڵ لە چریکی فیداییەوە، تا سۆسیالیزمی خەڵکیی چەشنی پەیکار، لە ماوەی یەک دووساڵدا هاتە مەیدان و درایە بەر ڕەخنەی کۆمەڵ و لە مەیدان چووە دەرەوە ."[221]

با وای دابنێین کە ئیتر گروپە چەپە ناکرێکاریەکان لە ئیران، وەک چریک و ڕێگای کرێکار و ئەوانی تر ، تەواو بوون. هەرچەند ئەمە لە ڕاستیدا وانیە و ئێستا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و حیکمەتیستەکان لە یەکێتی کارکردندان لەگەڵ ئەو گروپانەدا!

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا مێژووی "کۆمۆنیزمی کرێکاریی" خۆی چیە؟

ئەگەر ئەم مێژووە لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕەوە دەست پێ دەکا، کەواتە مێژووی حیکمەتیزم مێژووی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ڕووناکبیرانی کۆمۆنیستە، کەواتە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە بزوتنەوەیەکی ڕوناکبیرانەوە دەستی پیکردوە. باشە چۆن بزوتنەوەیەکی ڕوناکبیری کە "دەورەی تەواو بووە " دەگۆڕدرێ بە سۆشیالیزمی کرێکاری؟

---

219 مەنسوور حیکمەت، جیاوازیەکانی ئێمە

220 **مەنسور حیکمەت، جیاوازیەکانی ئێمە**
http://hekmat.public-archive.net/indexFa.html

221 **هەمان سەرچاوە**

حیکمەتیزم پێمان دەڵێ کە لە ئەنجامی "پەرەسەندنی ڕەخنەی مارکسیستی چەپی ڕادیکاڵ بەرەو چینی کرێکار و بەرەو کۆمۆنیزمی کرێکاری"[222] ئەم بزوتنەوەی ڕوناکبیرانە گۆڕاوە بۆ بزوتنەوەیەکی کرێکاریی کە مێژووی لە چەپی ڕۆشنبیران جیاوازە .!

بەڵام لە دنیای واقعدا چۆن بزوتنەوەیەکی چەپی ناکرێکاری دەبێتە بزوتنەوەیەکی سۆشیالیستی کرێکاری تەنیا لەڕێگەی ڕەخنەوە. ئایا لێکدانەوەی ماتریالیستی و زانستی بۆ مێژوو ڕێگەی گۆڕانی مادی "توێژێکی ڕوناکبیری ناکرێکاری" دەدا بۆ چینێکی کرێکار، کە چینێکی جیاوازە لەو توێژە؟ ئایا ئەم گروپەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی چۆن لەماوەی ٦ ساڵدا، واتە لە ١٩٨١بۆ ١٩٨٩، لەئیراندا لە گروپێکی ڕۆشنبیرانەوە بوونە بزوتنەوەیەکی کرێکاری سۆشیالیستی؟ لەکاتێکدا ئەم گروپە تەنانەت "لە ناو حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشدا زۆرینە نیە" و "لە ڕاستیدا لە باری چەندایەتییەوە گەورەترین بەشی ئەم حیزبە لە هەمان نەریتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی دژی پۆپۆلیست پێک هاتووە"[223].

دواتریش دەڵێ "ڕەوتێکی ترهەیە لەناو حزبدا، گرایش و مەیلی سۆشیالیزمی کرێکاری و مارکسیستیە کە لە شۆڕشی ٥٧ و شۆڕشی کوردستانەوە سەرچاوە ناگرێت، لە ئامانجە گشتیەکانی خۆیەوە دەجوڵێتەوە وهەوڵدەدا کە قسەی بناغەییەتری مارکسیزم بخاتەڕوو."[224] "وە لەم مارکسیزمەشدا "جیاوازیم لەگەڵ بەشێکی زۆر لە کادرە کۆنەکانی حزبدا هەیە و ئەوان بە مارکسی نازانم."[225]

---

[222] هەمان سەرچاوە
[223] مەنسور حیکمەت، جیاوازیەکانی ئێمە
[224] مەنسوور حیکمەت، ڕونکردنەوەیەک بۆ پلنۆمی ٢٠ سەبارەت بە جیابونەوە لە حزب
http://hekmat.public-archive.net/indexFa.html
[225] هەمان سەرچاوە

لەم قسانەی مەنسور حیکمەتەوە دەردەکەوێ کە کۆمۆنیزمی کرێکاری نە لە شۆڕشی ١٩٧٩ ئێران و نە شۆڕشی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و نە لە حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشەوە سەرچاوە ناگرێ و سەر بەو مێژووە نیە، بەڵکو"لە ئامانجە گشتیەکانی خۆیەوە دەجوڵیتەوە."، واتە لە کاتی دەستپێکردن بە نوسینەکان و بەرنامەی ئەم گروپە خۆیەوە ئەم مێژووەی "کۆمۆنیزمی کرێکاریی" دەست پێ دەکا، وە لە مێژوویەکی واقعی دابڕاوە، کە ئەم گروپە ڕۆشنبیرەی لێوە هاتووە.

ئەگەر ئەم پێوەرە لەلایەن هەموو گروپ و کەسایەتیە کۆمۆنیستەکانەوە بگیردرێتە بەر بۆ ناساندنی مێژووی چینی کرێکار و بزوتنەوە کۆمۆنیستیەکەی، ئەوا هیچ کات ئەم مێژووە بونی نابێ. چونکە هەر کەسێک بە هێنانی تیۆرێک خۆی دەخاتە جێگرەوەی چینەکە و گروپەکانی و ئەوانی تر دەخاتە دەرەوەی مێژوو.

ئەم پێوەرە تیۆریە بۆ جیاکردنەوەی مێژووی چینی کرێکار لە مێژووی گروپە ڕۆشنبیریەکانی ئەم چینە نیشانەی جێگەی قەتیسماوی ئەم گروپانەیە لە پەراوێزی خەباتی چینایەتی و مۆدێلی بەلشەفی حزبی جێگرەوە و نوێنەری چینی کرێکار. ئەم تێگەیشتنە پیویستی بە بینینی مێژووی واقعی چینەکە و گروپە ڕۆشنبیریەکانی و مەیل و ڕەوتە زاڵ و لاوەکیەکانی ناوی نیە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم گروپە خۆی لەباری تیۆریەوە بە نوێنەری چینەکە دەزانێ و هەربۆیە لەگەڵ هەر گۆڕانکاریەکی تیۆری و بەرنامەیی بەسەر ئەم گروپەدا لەگەڵ خۆی مێژووی چینەکەش دەبات.

بەپێی ئەم پێوەرەیە مەنسور حیکمەت هەمووکات توانیویەتی بڵێ "بزووتنەوەی ئێمە توانیویەتی ببێتە نوێنەری تیۆری و بەرنامەیی کۆمۆنیزمی ئێران. ڕەوتی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست ئەمڕۆ بە تەواوی نوێنەرایەتی بەرژەوەند و ئامانجە

سەربەخۆ پرۆلیتارییەکان دەکا."[226] ،یاخود "کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕێک بە مانای جیاکردنەوەی چارەنووسی سۆسیالیزمی کرێکاریی ئێرانە لە چەپی ڕادیکاڵی ناکرێکاریی ئێران و لە مێژووی ئەم چەپە بێت".[227]

ئەم دیدگایە نەک هەر سێکتاریزمێکی ڕیکخراوەیی بەرهەم دەهێنێ، بەڵکو کۆمۆنیزم و چینی کرێکار لە پرۆسەی مێژویی خەباتی چینایەتی و تێگەیشتن لە هۆکارەکانی شکست و دەرس وەرگرتن لە تەجروبەی بەرینی ئەم چینە بەرفراوانە ملیارد نەفەریە دەخا و ناپەیوەستی دەکات بە دنیای واقعی و خەباتی چینایەتی سەردەمەوە.

بەو هۆیەشەوە کە ئەم شەڕ و جیاکردنەوە تیۆری و ڕیکخراوەییانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری تەنیا لە چوارچێوەی گروپی ڕۆشنبیرانی چینی کرێکاردا دێت و دەچێ . ئەم گیر خواردنە لە قاڵبی گروپە پەراوێز کەووتوەکاندا هۆکاری جیابوونەوە چار هەڵنەگرەکانێتی و مانەوەیەتی لە ئەزمەیەکی سەرتاپاگیردا.

گرامشی دەڵێ؛ "دروستبونی گروپە ڕۆشنبیرە کۆمۆنیستیەکان لە ناو چینی کرێکاردا کێشەیەکی ئاڵۆزە لە بەرئەوەی کە فۆرمی جۆراوجۆر وەردەگرن کە لە مێژووی ڕاستەقینەی شکڵگرتنی توێژ و کاتیگۆری جیاوازی ڕوناکبیرانی ئەم چینەوە هاتوون. ئەم گروپانە ناتوانن حزبی سیاسی چینی کرێکار دروست بکەن تاڵەم سێکتانە ڕزگاریان نەبێ. "سێکتاریزم ناسیاسی بوونە". حزبی سیاسی کرێکاری پێویستە بریتی بێت لە کۆکردنەوەی هەموو هەوڵ و گروپ و بەرنامە پراتیکیەکانی سەرتاسەری

---

[226] مەنسوور حیکمەت ،حیزبی کۆمۆنیست لە گرەوی چیدایە؟
http://hekmat.public-archive.net/indexFa.html

[227] مەنسور حیکمەت، جیاوازیەکانی ئێمە
http://hekmat.public-archive.net/indexFa.html

چینەکەی دژ بە دەسەڵاتی سەرمایەداری. حزب خۆی ووشیاربونەوە و گەشەکردنی ئەم خواستە کۆلێکتیڤ و هاوبەشەیە لەناو ئەم چینە و توێژە ڕوناکبیرەیدا. ئەم حزبە کاتێ لە کۆمەڵگەدا دەردەکەوێ کە "لێکدانەوەیەک لەسەر ستراکتۆری کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە هەبێ و نوێنەرانی هەوڵی خەبەرکردنەوەی ئەو خواستە هاوبەشە هەبێ و لە شکستەکانی ڕابردووی بکۆڵێتەوە". هەروەها "کاتێک ئەم حزبە دەبێتە پێویستیەکی مێژوویی کە هەلومەرج بۆ "سەرکەوتن"، و بۆ گەشەی بونی بە دەسەڵاتی دەوڵەتی، لانی کەم لە پرۆسەی دروستبووندا بێت. وە ئەم دۆخە ڕێگە بە گۆڕان وئیڤۆلوشنی ئایندەی بدا و ئەم پێشکەوتنانە بەچاو ببینرێ[228]".

حیکمەتیزم خۆی یەکێک لەم چەندین گروپە ڕۆشنبیریە کۆمۆنیستیەیە کە لە ئێران لە ئاکامی هاتنە مەیدانی کرێکارانەوە لە شۆڕشی ئێرانی ١٩٧٩ دا درووست بوون و دەستیان دایە چالاکی. هەرکام لەم گروپانە بەپێی دەرک و پێگەی کۆمەڵایەتیان دەوریان گێڕا لەو شۆڕشەدا. حیکمەتیزم، وەک باقی گروپە ترۆتسکیەکانی تری دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیست، پێداگریەکی زیاتر لە تیۆریەکانی مارکس و لینین دەکەن و لە ئەنجامی ململانێی چینایەتی نێوان کرێکاران و شوراکان و خۆپیشاندان و مانگرتنەکانیان هەڵویستی سیاسی ڕۆشنتریان سەبارەت بە جمهوری ئیسلامی و باڵی لیبرالی بورژوازی ئێران هەیە و دواتریش یەکگرتنیان لەگەڵ ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیستی وەک کۆمەڵەی زەحمەتکێشاندا، هەنگاوێکی گرنگ بزتنەوەی کۆمۆنیستی لە ئێراندا دەباتە پێش. بەڵام تێگەیشتنی ئەم گروپەش سەبارەت بە سۆشیالیزم و مانەوەی لە سایەی مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتیدا ڕێگەی پێشڕەوی

---

[228] **سێکتاریزم و بیرۆکراتی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا**
http://www.asokamal.com/index/?p=1635

زیاتری پێ نادا بۆ شکڵپێدانی کۆمۆنیزمێکی نوێ و دەرگیری هەمان کێشەکانی کۆمۆنیزمی سەردەم دەبێ.

کۆمۆنیزمی کرێکاری بە درێژایی سێ تا چوار دەیە بەبێ ئەوەی خۆوشیاریەکی سەبارەت بە جێگەی کۆمەڵایەتی گروپەکەی هەبێ، بەهەمان سیستمی فکری مۆدێلی بەلشەفی خۆی بە نوێنەر و جێگرەوەی چینی کرێکار دادەنێ. هاوکات بەهۆی ئەو واقعیەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی بەسەر ژیانی سیاسی و ئاستی گەشەی چینی کرێکار لە ئیراندا هەیە و هەمیشە لەژێر سایەی سەرکوتدا بوە، و ئەمەش فشاری کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆ لەسەر گروپە ڕۆشنبیرە کۆمۆنیستیەکان کەم کردۆتەوە. سەرەڕای ئەمەش جیابوونەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کۆمەڵەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران فرسەتی زیاتری دەرگیر بوون لە خەباتێکی کۆمەڵایەتی بەردەمی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستانی ئیرانیشدا لەدەست دا. ئەم فاکتەرە زاتی و مەوزوعیانە وا دەکا کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم قاڵبە بەرتەسکە ڕۆشنبیریەی دەرنەچێ و و ئەم گروپە بەرەو دواوە بچێ، وە لە ئێستادا توشی کێشە وئەزمەیەکی بەردەوام دەبێ.

## دووەم؛ حزب وەک سێکتێکی ئایدیۆلۆژی

وەک لە بۆچوونەکانی مەنسور حیکمەت و دروستبوونی هەرکام لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا بینیمان، حزب بە پرۆسەیەکی تیۆری بۆ نووسینی بەرنامە و پلاتفۆرمێک دەزانرێ و دواتر بەم تیۆری و بەرنامەوە حزبێک دروست دەکا کە خۆی بە تاقە نوێنەری چینی کرێکار دەزانێ و خۆی لەهەموو ئەوانە جیادەکاتەوە کە "چەپ و سۆشیالیزمی ناکرێکارین" و بەم پێیە دەیەوێ چینی کرێکار لە قاڵبی ئەم گروپەی خۆی بدا.

هەربۆیە حیکمەتیزم حزب بەو ڕێکخراوە نابینێتەوە کە؛ هەموو چینەکە کۆدەکاتەوە لە خەباتی دژی سەرمایەداریدا، بەڵکو حزب لێرەدا تەنیا بەشێکی دیاریکراوە کە بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری پێ قبوڵە، وەلای ئەو هیچ کام لە گروپە ڕۆشنبیرەکانی تری ئەم چینە ناتوانن خۆیان بە نوێنەری چینی کرێکار لەقەڵەم بدەن و ئەم کورسیە تەنیا بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری گیراوە.

حیکمەتیزم نازانێ ئەم نوێنەرایەتیە بەبێ ئەوەی لە جەرگەی خەباتێکی چینایەتی دا شەرعیەتی بەدەستهێنابێت واقعیەتی نیە و وەهمیە و ئیلوژنە. لە دنیای واقعیدا ئەم نوێنەرایەتیە لە پرۆسەیەکی ناو خەباتی ڕۆژانە و سیاسی و سەرتاسەریدا دروست دەبێ، نەک لە دوتوێی چەند "تیۆری و پلاتفۆرم" ێەکەوە.

لەکاتێکدا تاکە پێوەری ئەم نوێنەرایەتیە لای کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێتە پرۆسەیەکی تیۆری بۆ نووسینی بەرنامە و پلاتفۆرم، ئەوا ئاشکرایە کە ئەم بەرنامە و پلاتفۆرمەش چونکە پەیوەندی نیە بە خەباتێکی چینایەتی کە لەئارادایە دەبنە بنەمایەکی گشتی و بێ گیان کە ناتوانێ لە دنیای واقیعدا هێزی مادی کۆمەڵایەتی هەڵخرێنێ. نەبوونی ئەم حزبە بەو هێزە مادیە کۆمەڵایەتیە پاش لە دەورەیەک چالاکی پراکتیکی ئەم حزبە تووشی قەیران دەکا. وەڵام بەم قەیرانەش لە ڕێگەی دیسانەوە گەڕان بە شوێن شوێنەوارەکانی چەپی ناکرێکاریەوە یە، کە بە سەرچاوەی کێشە وبن بەستی کۆمۆنیزمی کرێکاری دادەنرێ. لێرەشەوە جگە لە جیاکردنەوەیەکی سەر لە نوێ لەم تارمایی چەپە ڕێگا چارەیەکی تر نیە. بۆ ئەمەش پێویست بە ئەپدەیت و داهێنانی تیۆری نوێ یە. هەربۆیە هەمیشە بۆ دیاریکردنەوەی سنورەکانی ناو حزب پێویست بە پاکسازیەکی تیۆریە تا وەڵامی ئەو بنبەستە بداتەوە کە بۆچی تەنانەت ڕیزەکانی ئەم گروپە "کۆمۆنیستی کرێکاری"یە توشی ئەزمەی دەوری دەبن

و ناتوانن تاسەر پێکەوە کاربکەن؟ ئەمە بازنەی بەتاڵی ڕیسایکلینی تیۆری نێو گروپی ڕۆشنبیری کۆمۆنیزمی کرێکاریە.

تەنانەت ئەم کێشەیە بە پرسیارێکی سوفساتی دەخرێتە ڕوو کە ئایا ئێمە بە تەواوەتی سۆشیالیستین یان ئەو کارانەی دەیکەین کۆمۆنیستیە یان نا؟ کێشە لە تیۆردایە یان لە پراتیکماندا؟ یاخود ئەم حزبە کۆمۆنیستیە کرێکاریە سیاسیە یان گروپی فشار؟ بێ ئەوەی وەڵامەکانی ئەم پرسیارانە بگات بەهیچ دەرەنجامێکی پراتیکی کە دۆخی ئەم سێکتە بگۆڕێ و لەو ئەزمە و جیابونەوە دەوریانە ڕزگاری بکا.

کۆمۆنیزم لێرەدا یەک ئایدیایە، کە هەموو شتێک لەگەڵ ئەودا بەراورد دەکرێ. ئەم ئایدیایەش لە کۆتایدا بریتیە لە قسەیەک کە لیدەر یان مەکتەبی سیاسی و حزب و بەرنامەکەی دەیکا. ئەمەش پێچەوانەی شتێکە کە مارکس و ئەنگلس لە مانیفیستی کۆمۆنیستدا دەیڵێن؛"دەرەنجامە تیۆریەکانی کۆمۆنیستەکان بەهیچ جۆرێک لەسەربیروڕاو ئسوڵێک دانەمەزراوە کە ئەم یان ئەو چاکخوازی جیهان دایهێنابێ یان دۆزیبێتیەوە. ئەو تیۆریانە،تەنیا،ڕونکردنەوەی گشتی ئەو پەیوەندیە ڕاستەقینانەن کە لەخەباتێکی چینایەتی حازر، لەبزوتنەوەیەکی مێژوویی کە لەبەرچاوماندا دەگوزەرێ، دەوەشێتەوە."[229]

لێرەدا لەبەرئەوەی حزب دەرگیری خەباتێکی چینایەتی ڕاستەقینە نیە و خەباتی چینایەتی بە تیۆریەکی ڕوت دەبینێ کە بەرنامە و نوسینەکانی حزب یان لیدەرەکەی

---

[229] مارکس و ئەنگلس , مانیفیستی کۆمۆنیست،ل ٢٥، وەرگێرانی موسلح/ ڕیبوار
http://media4.hkkurdistan.org/2015/03/manifist.pdf

دایڕشتوه،هەربۆیە ئەم شەڕ و پاکتاوە تیۆریە لە دنیای فکری موجەرەددا لە چاوەڕوانی گۆدۆدایە و بێ ئەنجامە.

ئەگەر بمانەوێ خۆمان لە بازنەی بەتاڵی ئەم پرسیارە سۆفساتیانە دەربازبکەین و بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین کە بۆچی کۆمۆنیزمی کرێکاریی ناتوانێ دوای نیوسەدە حزبی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست بکا؟ ئەوا پێویستە سەیری مۆدیلی دروستبوون و کارکردنی ئەم حزبە "کۆمۆنیستیە کرێکاریە" بکەین.

حزبێک کە خۆی لە گروپە ڕۆشنبیریەکانی تری ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری و ڕەوت و مەیلە سۆشیالسیتی و کرێکاریەکانی ناو چینی کرێکار جیاکردبێتەوە و بیەوێ بەپێی قاڵبی بەرنامەکەی خۆی هێز کۆبکاتەوە، بێگومان تەنیا کەسانێک پەیوەست دەبن بەم حزبەوە و کاری لەگەڵدا درێژەپێدەدەن کە خەریکی خۆجیاکردنەوەی تیۆری بن لە باقی چینی کرێکار و گروپە ڕۆشنبیریەکانی تری ئەم چینە. ئەمەش حزب دەکاتە سێکتێکی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەیەک کە تەنیا سێکتی بەرنامە و شێوەکاری سێکتاریستی خۆی پێ قبوڵە . ئەو بەرنامە "یەک مەیل و یەک پایە" ی ئەم گروپەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دایناوە تەنیا بریتیە لە بنەما گشتیەکانی کۆمۆنیزم، لەگەڵ ئەو جیاوازیانەی کە لەگەڵ باقی گروپەکانی تردا هەیەتی. ئەگەر گروپە کۆمۆنیستیەکانی تر کێشەیان لەسەر بنەما گشتیەکانی بەرنامەی "دنیایەکی باشتر"نەبێ، کە دوبارەکراوەی مانیفیست و بەرنامەکانی تری ناو مێژووی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیە، کەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە جیاوازیەکانی لێکدانەوەکانی "کۆمۆنیزمی کرێکاری"یە لە ناکۆکیەکانی لەگەڵ گروپە کۆمۆنیستیەکانی تردا. لێرەوە ئەم جیاوازیانە لەگەڵ چەپی ناکرێکاریدا دەبێتە تیۆر و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری.

بەم پێیە ئەم حزبە ناتوانێ مەیل و بەرنامە و هەوڵە جیاوازەکانی چینی کرێکار لە ڕیکخراوێکدا کۆبکاتەوە کە لە مەیدانی جۆراوجۆردا خەریکی شەڕی چیانیەتیە لەگەڵ سەرمایەداران و حکومەتەکەیاندا. هەربۆیە ئەم حزبە نابێتە حزبی چینی کرێکار و گروپ و مەیلەکانی ناو بزوتنەوەی کرێکاری ، وە نابێتە هێزێکی سیاسی کاریگەر لە ململانێی سیاسی لەسەر دەسەڵات لەگەڵ بورژوازی و حزبەکانیدا. لەبەرئەوەی بەرنامە لەسەر بنەمای جیاوازی گروپەکان لەیەکتر دانانرێ و نابێ بەرنامە بکرێتە ڕێگر لەبەردەم یەکگرتوو کردنی بەشەکانی چینی کرێکار و گروپە ڕۆشنبیریەکانیدا.

مارکس و ئەنگلس هەمیشە گوتویانە کە «ئامانج و مەیلە گشتییەکانی چینی کرێکار لە دۆخی گشتیی خۆیەوە سەرهەڵدەدات کە لەوێدا خۆی دەدۆزێتەوە. ئەم ئامانج و مەیلانە لە هەموو چینەکەدا پەیدا دەبێت، هەروەها بزووتنەوەکەی فۆرمی زۆر جۆراوجۆر لە سەریدا ڕەنگ دەداتەوە، کەم تا زۆر خەیاڵی یاخود کەم تا زۆر پەیوەندیدار بەو هەلومەرجەوە کە چینەکەی تێدایە». هەر بۆیە هەڵوێستیان سەبارەت بە فۆرمەکانی چالاکیی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەوە بووە کە: «بەپێی وەزعی کۆنکرێت بڕیاریان لەسەر دەدرێت کە نابێت بە کۆمەڵە یاسایەکی جێگیرەوە بەرتەسک بکرێتەوە. لەهەر وڵات و لە هەر ساتێکدا، لێکۆڵەرەوە کۆمۆنیستەکان دەبێت کۆمەڵێک یاسا پێشنیار بکەن، نەک بەسەر هەموو وەزعێکدا بیسەپێنن». نابێت لە تێکستەکانەوە تاکتیک و ستراتیژ دەربهێنرێت، مەترسیداریشە کە وەک سێکتێکی پێشتر ئامادەکراو بسەپێنرێت[230].

لەم تێڕانینەی مارکس و ئەنگلس دا دەبینین کە حزب بریتی نیە لەبەرنامە و ڕیکخراوەیەکی جێگیر، کە وەک کۆمۆنیزمی کرێکاری لەماوەی نیوسەدەدا وەکو خۆی ماوەتەوە، بەڵکو

230 ئیریک هۆبسبام،چۆن جیهان بگۆڕین؟_ http://www.asokamal.com/index/?p=1616

پرۆسە و پراتیکێکی بەردەوام و زیندوی بەشە جۆراوجۆرەکانی نێو خەباتی چینایەتی کرێکارانە، کە فۆرمی ڕیکخراوەیی و بەرنامە و تاکتیک وسیاسەت و ستراتیژی لە حاڵەتی گۆڕان و گەشەکردندایە. حزب و بەرنامە "کۆمەڵێک یاسای جێگیر" و کۆمەڵێک "بنەما و ڕینمایی گشتی" نیە کە کۆمۆنیستەکان دایدەنێن.

ئیریک هۆبسام لەم بارەوە زیاتر ئەم میتۆدە ڕۆشن دەکاتەوە و دەڵێ ئەو" ڕینماییە گشتیانە بۆ چالاکی هەمیشە هەوڵیان داوە ببنە دۆگما کەوەک E.Lederer دەڵێ؛ ڕێنماییە گشتیەکان کورت بینن، ستایلی سادەکردنەوەیە کە فکر دەکوژێ، هەربۆیە دەبێ فکری گەورە و فراوان دژی ئەم ڕینماییە سادانە بوەستێتەوە ئەگەر بیەوێ جەماوەر بخاتە جوڵە و بزوتنەوە دروست بکا. "ئەم میتۆدە وا لە کۆمۆنیستەکان دەکا کە باشتر لە مانای شاراوەی خەباتی چینایەتی تێبگەن کە بەئاشکرا بەبەرچاویاندا دەگوزەرێ، وە ئاخرین کەسانیک بن کە هەڵەی سکتاریستی بکەن."حزب دەبێ ئامانجی ئەوەبێت کە چینێکی ڕیکخستوە، مارکس و ئەنگلس هیچ کات لەو ڕاگەیاندنەی مانیفیست لایان نەدا، کە کۆمۆنیستەکان حزبێکی جیاواز لەبەرامبەر حزبەکانی چینی کرێکار دروست ناکەن، یان کۆمەڵێک بنەمای سیکتاریستی تایبەت بە خۆیان دانانێن کە بزوتنەوەی کرێکاران لەو شکڵ و قاڵبە بدات[231]".

کۆمۆنیزمی کرێکاریی لە کۆمەڵگەدا بەشوێن شوێنکەتوانی بەرنامە و قسەکانی لیدەرەکەیدا دەگەڕێ و کاتێک کرێکارانێکی تر دەبینێ خاوەنی دیدگا و بۆچونێکی ترن ئەوا دەبێ سنوری خۆی جیابکاتەوە لێیان. لە بەر ئەوەی ناتوانێ جگە لەو قاڵبەی حزبیەی خۆی دروستیکردوە، وە لە ژێر ناوی ئەوەی کە تەنیا ئەو "سەربەخۆیی چینی کرێکاری" بەدەستهێناوە، ئیتر هیچ قاڵبێکی تر بۆ هەڵسوڕان قبوڵ بکا. وەک ئەوەی مە نسوور حیکمەت لە هەڵوێست بەرامبەر سەندیکا کرێکاریەکاندا دەڵێ؛ "بزوتنەوەی سەندیکالیستی و سەندیکاکان بناماکانی لە

[231] مارکس و حزبی کرێکاری, بەشی دوەم لە ناساندنی کتێبی "چۆن جیهان دەگۆڕین
http://www.asokamal.com/index/?p=1577

ریفۆرمیزمی بورژوازیەوە دانراوە و دەستمایەی بورژوازیە حزبە سۆشیال دیموکراتەکانن"[232]

 لە کاتێکدا لە مێژووی ٢٠٠ ساڵەی سەندیکالیزمدا ئاشکرایە، کە سەرەڕای هەر مانەوەیەکی ئەم ڕەوتە سەندیکالیستیە لە قاڵبی ریفۆرمیزم و هاوکاری لەگەڵ سۆشیال دیموکراتەکاندا، هێشتا ئەم ڕەوتە بەشێک لە بزوتنەوەی کرێکاری بوە لەپاڵ ئەنارکیزم و ئەوانی تردا دژی سیستمی سەرمایەداری خەباتی کردووە. ئەوە واقعیەتی تاڵی ڕەوتە جیاجیاکانی ناو بزوتنەوەی کرێکاریە کە هەرکامەیان لە ئەنجامی دروست نەبونی حزب و بزوتنەوە و بەرەیەکی جەماوەری چینی کرێکار بەرامبەر بە سەرمایەداری و حزب و دەوڵەتەکانیان، ئەم ڕەوتە کرێکاریانە هەموویان، بە ڕەوتی کۆمۆنیستیشەوە، توشی گرفت و لادان و نوشست و سازش بوون. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم ڕەوتە کرێکاریانە ئیتر دەستمایەی بورژوازین و هیچیان بەشێک نین لە خەباتی چینایەتی کرێکاران دژی سیستمی سەرمایەداری، بەڵکو ئەمانە سەرەڕای هەر کەموکوڕی و لاوازیەکیان بەشەکانی ئەم بزوتنەوە و خەباتە چیانیەتیە بەردەوامەن. واقعیەتی ژیان و جێگەی توێژەکانی چینی کرێکار لە پەیوەندی بەرهەمهێنان و کۆیلایەتیان بۆ کاری بەکرێ، زەمینەی مادی و چینایەتی دروست دەکا بۆ پێویستی هاتنەمەیدان و یەکگرتوبون و خەباتی هاوبەشی ڕەوتە جۆراوجۆرە خەباتکارە کرێکاریەکان دژی بورژوازی و دەسەڵاتەکەی. هەربۆیە خستنەلاوەی هەموو ئەم ڕەوت و بزوتنەوە سەندیکالیستی و ریفۆرمیستی و ئانارکیستی و فێمێنیستیانەی ناو کرێکاران بە بیانوی ئەوەی هەرکام لەمانە "دەستمایە" ی بورژوازین، یاخود

---

[232] **مەنسور حیکمەت، جیاوازیەکانی ئێمە**
http://hekmat.public-archive.net/indexFa.html*

نوێنەری وردەبورژوازین، هەڵە و لادانێکە بۆ جیاکردنەوەی ڕیزەکانی چینی کرێکار دەکرێ لەلایەن ئەو گروپانەوە کە خۆیان بە نوێنەری چینی کرێکار دەزانن و هەموو ئەم بەشانەی تری چینی کرێکار **بەلادەر و ڕیگر و ڕەقیبی کورسی نوێنەرایەتی خۆیان دەزانن.** ئەم گروپە ڕۆشنبیرانە، بە چەشنی مارکس ئەم جیاوازە واقعیانەی ناو کرێکاران ڕاڤە ناکەن، کە دەیووت " **بزووتنەوەکەی فۆرمی زۆر جۆراوجۆر لە سەریدا ڕەنگ دەداتەوە**". هەر بۆیەشە کە دەبینین ئینتەرناسیونالی یەکەم و دووەمی کرێکاری و سۆشیالیستی لە گروپی جۆراوجۆری بزوتنەوەی کرێکاری پێکهاتوە، نەک تەنیا لە گروپە "مارکسیستیە دۆگمایەکان". بەڵام ئەم گروپە ڕۆشنبیرانەی چینی کرێکار لە پرۆسەیەکی مێژوویی زاڵبونی فکر و جیهانبینی سۆشیالیزمی دەوڵەتیدا ئەوەندە وەهمی ئەوەی کە تەنیا خۆیان نوێنەری چینی کرێکارن تێدا قوڵ ڕیشەی داکوتاوە، کە ئیتر پێویستیان بە چینەکە خۆی نەماوە، و وەک گرامشی دەڵێ: " ئەم ڕوناکبیر و ڕابەرانە دەبنە تاقم و دەستەیەک کە خۆیان بە "سەربەخۆ" لە چین دەزانن و خۆیان "بەدەوڵەت" دەزانن[233].

لە کۆتایی ئەم پرۆسەی گۆڕانی حزب بە سێکتێکی ئایدیۆلۆژی دابڕاو لە چینەکە و لە ڕەوت و بزوتنەوەکانی نێو چینی کرێکار، ئەم جۆرە حزبانە دەبنە حزبی ژەنراڵەکان و چیتر جەماوەری نابنەوە. لە کاتێکدا حزبی چینی کرێکار پێویستە لەگەڵ پرۆسەی بەرەو پێشەوەچوون و گۆڕانکاریەکانی خەباتی کرێکاراندا هەمیشە ئەویش لە گۆڕانێکی بەردەوامی بەرنامە و سیاسەت و چوارچێوە وشێوەی ڕێکخراوەیی و گۆڕانی پلەی ڕێکخراوەیی سەرەوە و خوارەوەدا بێ.

---

[233] **سێکتاریزم و بیرۆکراتی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا**
http://www.asokamal.com/index/?p=1635

هەربۆیە لەڕاستیدا حزب لای "كۆمۆنیزمی كرێكاریی" میتافۆری كارەكتەرێكی ئەفسانەییە، كە هەموو چینی كرێكار لای ئەو وەک زەوی وایە كە دەبێ بە دەوری خۆری حزبدا بسوڕێتەوە، نەک بە پێچەوانەوە. بەم شێوەیەش ئایدیۆلۆژی " جێگری چینی كرێكار"ی ئەم حزبانەش وەک ئەفسانەی مەسیحی سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردای لێهاتوە، كە سەرەڕای زانست سەلماندویەتی هەڵەیە، بەڵام لە بەرنامە و ئینجیلی ئەم سێكتە ئایدیۆلۆژیانە دا هێشتا خۆیان و حزبەكەیان بە سەنتەری چینەكە دەزانن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە حزبە دەبێ خۆی بكات بەبەشێک لەو خەباتەی كرێكاران كە ڕۆژانە و لە مەیدانی جۆراوجۆردا دژی سەرمایەداری دەچێتە پێش، تاكو ئەم حزب و ڕیكخراوە بتوانێ ڕۆڵ و كاریگەری لەو خەباتە چیانەیەتیەدا هەبێت.

ئەگەر ئێمە پێشتر پێناسەی حزبمان لە حزبێكی جەماوەری كرێكارانەوە گۆڕیبێ بە حزبی نوخبەیەكی كۆمۆنیستی تاک خەت و تاک سەركردە، ئاشكرایە كە ئیتر ئەم حزبە بە ڕیفۆرمی تیۆری نابێتە حزبی كرێكاری و حزبی سیاسی. چونكە حزبی كرێكاری بەپێی كۆمەڵێک بنەما و بەرنامەیەک خۆی جیاناكاتەوە لە باقی كرێكاران، بەڵكو هەوڵدەدا ئەو بنەمایانەی كە پێویستە بۆهەر دەورەیەكی بردنە پێشی خەباتی چینایەتی بكاتە بنەما و بەرنامەی هەموو بزوتنەوەی كرێكاری. بەم پێیە حزب دەتوانێ هەموو هێزی چینەكە كۆبكاتەوە و ڕیكخراو بكا، نەک لەم بنەما جێگیرانەی خۆی داینێوە بتی سێكتاریزم دابتاشێ و بەناوی نوێنەر و جێگرەوەی چینی كرێكار چوارچێوەی حزب بەرتەسک بكاتەوە لە قاڵبی حزبی گروپی ڕۆشنبیرانی هاوخەتی خۆی و ئەو كەسانەی لە باری تیۆری و بەرنامەییەوە ئەویان قبوڵە، وە بە "كۆمەڵێک بنەمای سێكتاریستی تایبەت بە خۆیان بزوتنەوەی كرێكاران لەو شكڵ و قاڵبە بدەن".

بەڵام تەنیا كۆكردنەوەی هەموو گروپە ڕۆشنبیریەكان پێكەوە حزب دروست ناكا، وە حزب كاتێ دروست نابێ كە ئەم گروپانە لە دەوری بەرنامەیەكی "**ڕێنماییە**

**گشتیەکان**" کۆببنەوە و بەرەیەکی چەپی گروپەکان دروست بکەن، بەڵکو کاتێک کە سێکتاریزم لەنێو زۆربەی گروپەکاندا نامێنێ و ئەم گروپانە خواستی کۆلێکتیڤ لەناو چینی کرێکاردا دروست دەکەن ئەو کات ئەم حزبە لەنێو خەباتی ڕۆژانەدا دروست دەبێ و گەشەدەکا. گەشەی ئەم پراکتیکە حزبیە لە نێو چینی کرێکاردا ئەم حزبە دەگەیەنێتە ئاستێک کە نەک حزب لەناوخۆیدا و لە دنیای تیۆری خۆیدا دەبێتە حزبی سیاسی، بەڵکو لە دنیای واقعی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ سەرمایەداریدا وەک دەسەڵاتی دەوڵەتی و بەدیلی دەوڵەتی بورژوازی دەبینرێ و حسابی لەسەر دەکرێ . واتە گواستنەوەیەک پێویستە ڕوو بدا بەوەی ئەم گروپە ڕۆشنبیرانە لەگەڵ جەماوەری کرێکاردا تێکەڵ بن و پێکەوە ببنە ئۆرگانێکی لێک هەڵپیکراو، ئەمە مانای واقعی پێکهاتنی حزب و چالاکی حزبیە و جێگیربونی پەیوەندی حزبیەتە لە نێوان گروپی ڕۆشنبیران و جەماوەری کرێکاردا.

گرامشی بە شێوەیەکی زانستیانە باسی ئەوەمان بۆدەکا کە بۆ ئەوەی حزبێکی سیاسی کرێکاری هەبێ پێویستە سێ توخمی سەرەکی بەدیهاتبێ:

**یەکەم** ؛ توخمی جەماوەری کرێکار.مەرج نیە ئەم جەماوەرە لە کرێکاری ئاسایی ڕۆحی داهێنەرانەیان هەبێ یان توانای ڕێکخراوکردنیان هەبێ بەڵام فۆرمێک لە دیسپلینی چینایەتی و بەڕێوەبردنی وەلائی سیاسیان تێدا شکڵ دەگرێ. بەبێ ئەمە حزب بونی نیە. بەڵام ئەگەر کەسانێک ئەم هێزە مەرکەزی نەکەنەوە و پێکەوە کۆیان نەکاتەوە ئەوا پەرژوبڵاودەبن و نامێنن.

**دووەم**؛ ئەم توخمی پێکەوە گرێدان و کۆکردنەوەیەیە. کە مەرکەزی کردنەوەی هێزە ئاڵوز و سەراسەری و کاریگەر و بەهێزەکانی چینی کرێکارە ،نەک تەنیا لایەنگرە ئایدیۆلۆژە کۆمۆنیستەکان ،کە ئەگەر لێیان گەڕێی خۆیان پەرژوبڵاو و بچوک دەبن و دەبن بە هیچ. ئەم توخمەش بەبێ بوونی توخمی یەکەم وەک ژەنراڵەکانە بەبێ

سوپا کە هیچی پی ناکرێ. بەڵام لە ڕاستیدا دروستکردنی سوپا لە دروستکردنی ژەنراڵەکان ئاسانترە. ئەوەش ڕاستیە کە سوپایەک دەشکێت ئەگەر ژەنراڵەکانی لە دەست بدات، لەکاتێکدا کە یەکگرتوویی گروپێک لە ژەنراڵەکان کە لەسەر ئامانجەکانیان ڕێک کەوتون دەتوانێ زوو سوپایەک دروست بکا کە پێشتر نەبوە.

**سێیەم؛** توخمی ناوەڕاست، ئەو توخمەیە کە هەردوو توخمی یەکەم و دووەم پێکەوە دەبەستێتەوە و پەیوەندیەکی ئۆرگانی لە نێوانیان دروست دەکا نەک تەنیا پەیوەندی فیزیکی بەڵکو مۆراڵی و ڕوناکبیرانەش.

هەموو حزبێک ڕێژەیەکی جێگیری هەیە لە تێکەڵاو بوونی ئەم سێ توخمە و گەورەترین کاریگەری کاتێک بەدەست دێت کە ئەم "ڕێژە جێگیرە" هەست پێدەکرێ و دەزانرێ. بۆ ئەوەی ئەمە ڕوبدات دەبێ باوەڕێکی پۆڵایین دروست ببێ بەو ڕێگاچارە کۆنکرێتە بۆ چارەسەری کێشە گەورەکانی مەیدانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی. بەبێ ئەم قەناعەتە توخمی دووەم دروست نابێ.

بۆ حوکمدان لەسەر توخمی دووەم (ژەنراڵەکان) ئەمانە پێویستە:

1. بەڕاستی چی ئەنجام داوە؟
2. بەپێی چ چاودێریەکی کارەکانی دەتوانین بڵێین دەتوانێ ڕوداو دروست بکا لەو کێشەکانی ڕووبەڕووی دەبێتەوە؟
3. لەکاتێکدا دەبێ شکست لە خەباتدا پێشبینی بکرێ بەڵام بەچ ڕادەیەک خۆی ئامادە دەکا بۆ سەرکەوتنێکی تر کە ئەم خۆئامادەکردنە بەڕادەی سەرکەوتنەکە گرنگە.
4. هەموو کات دەبێ خۆبەزلگرتنی حزب ڕێگەپێ نەدا و لە جێگایدا فاکتەکانی بەهێزی و لاوازیەکان دابنرێ.

5. حزب کاتێک پێشڕەوانە کاردەکا کە بەشێوەیەکی دیموکراتیک دەچێتە پێش و کاتێ بەرەودواوە دەگەڕێتەوە بیرۆکراتیانە کاردەکا. حزبی بیرۆکراتیک ئاسانە، بڕیاردەرەکانی بیرناکەنەوە، بەشێوەیەکی تەکنیکی سیاسەتی ڕێکخراو دادەنێن.[234]

ئەمانە ئەو پێداویستییانەن کە حزبی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان دەبێ لێی بەهرەمەند بن. حزبی سیاسی و کرێکاری لەم پرۆسەیەی دەرگیر بوونی گروپە ڕۆشنبیرەکانی چینی کرێکار لە خەباتی ڕۆژانە و سەراسەری کرێکاراندا پێک دێت و مەسەلە و کێشەکانی ئەم خەباتە چینایەتیە لە دنیای واقعیدا بەرنامە و ستراتیژی عەمەلی ئەم حزبە دیاری دەکا و هێزی ئەم چینە بە هەموو گروپە جیاوازەکانیەوە بەدەوریدا کۆدەکرێتەوە.

## سێیەم؛ حزب خۆی میحوەر و بابەتی کارە نەک چینی کرێکار

لە کۆمۆنیزمی کرێکاریدا حزب سێکتێکە کە چینی کرێکار و دەسەڵاتی سیاسی و سۆشیالیزم بەپێی ئەو لێک دەدرێتەوە ، هەربۆیە حزب میحوەر و هەموو بابەتی کارەکەیە و حزب سەرگەرمی خۆیەتی و وەک ئۆفیسێکی بەڕێوەبردنی کاری حزب چاوی لیدەکرێ. بۆ ئەمەش پێویستە ئەم حزبە بەسەربەخۆ لە خەباتی چینایەتی کرێکاران پرۆژەی جۆراوجۆری حزبی هەبێ. خوێندنەوەی واقعی سیاسیش بەو

[234] مارکس و میکاڤێللی و حزبی سیاسی کرێکاری
http://www.asokamal.com/index/?p=1595

شێوەش دەكرێ كە ئەم پرۆژانە پێویستیانە. مەنسوری حیكمەت لە ساڵی ٢٠٠٠دا دەڵێ "كۆنگرەی داهاتوو لەوانەیە دوای یەكلاكردنەوەی جمهوری ئیسلامی بێ"[235].

ئێستا ٢٠ساڵ لەو مەوعیدەی ئەو دیاریكرد تێپەڕی و هێشتا جمهوری ئیسلامی لەشوێنی خۆیەتی. بەڵام ئەم لێكدانەوەیە لە كوێوە هاتووە و بۆچی لێكۆڵینەوەی فاكت و ڕوداو و هاوسەنگی هێز و لە هەمووی گرنگتر ئامادەیی چینی كرێكار دەوری نیە لەم لێكدانەوانەدا؟

ئەم لێكدانەوەیە لە دنیای داخراوی گروپێكی كۆمۆنیستیەوە ڕاستە، كە لە ڕوانگەی خۆیەوە ئامادەیە بۆ گرتنی دەسەڵات و لەبەرئەوەی نوێنەری چینی كرێكارە، وە ئیتر هیچ پێویست بەگەڕانەوە بۆ چینەكە ناكا و ئەو دەتوانێ ئەم پرۆژەیە ئەنجام بدا. ئەم ئایندەگرتنەوەیە هەڵەیەی، كە پێی وابوو "كۆنگرەی داهاتوو یەكلاكردنەوەی جمهوری ئیسلامی دەبێ!"، ئەنجامی ئەو لێكدانەوە هەڵە و نا واقعیەیە كە پێی وایە؛ "بزوتنەوەی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری، تەنانەت پێش ئامادەبوونی جەماوەری كرێكاران لە مەیدانی سیاسی ئیراندا ئامادەیە، وە ئێستا بە عنوانی یەكێك لە هێزە سیاسیە دەخاڵەتگەرەكان لە ڕەوەندی دۆخی سیاسی داهاتوودا لە ئاستی كۆمەڵگەدا بەڕەسمی ناسراوە.حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری بووە بە ئاڵاهەڵگری ئەسڵی ئازادیخوازی و یەكسانی خوازی، رادیكالیزم و سوسیالیزم لە كۆمەڵگەی ئێراندا. دژایەتی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری بوە بە پێوەری وەفاداری لەگەڵ حكومەت و نیشاندانی بێ تاوانی لە خواستی سەرنگومی و رادیكالیزم و شۆڕش."[236]

---

[235] مەنسور حیكمەت،گفتوگۆ لەگەڵ رادیوی ئەنتەرناسیونال دەربارەی كۆنگرەی سێهەمی ح ك ك، ل١٥٩١، هەڵبژاردەی بەرهەمەكان بە فارسی

[236] مەنسور حیكمەت ،ل١٥٩٤ ، بڕیارنامە دەربارەی دۆخی ئێران و جێگای ح ك ك، ل١٥٩١، هەڵبژاردەی بەرهەمەكان بە فارسی

ئەم لێکدانەوانە جیا لە توقع و ئایندە گرتنەوەی ناواقعی پرۆژەی نا واقعی و خەیاڵیش دەخاتە ڕوو تا لێکدانەوەکانی پێ جێبەجێ بکا. وەک لە پرۆژەی سیناریۆی سپی و سیناریۆی ڕەش دا ئەم جۆرە کارانە دەبینین. ئەمە جۆریک لە کاری سیاسی و پرۆژە دروستکردنە تا نیشان بدرێ کە حزب لە پێش جەماوەری کرێکارانەوە لە ئێراندا ئامادەیە و حزب خۆی خاوەنی پرۆژەیە، نەک بەشێک بێ لە خەباتی چینایەتی و پرۆژەکانی ئەو خەباتە واقعیەیەی کە لە ئارادایە!

بەڵام ڕوداوەکانی دوای ٢٠ ساڵ دوای ئەم لێکدانەوەیە، لەچەشنی خۆپیشاندانەکانی ئێران لەم دوو ساڵەدا نیشانی دەدا کە کرێکارانی ئێران و خەڵکی ناڕازی ئێران لە پێش هەموو گروپەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوەن. ئەم دەورەی کە بەم شێوەیەی باسکراوە کە گوایە "بزوتنەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تەنانەت پێش ئامادەبونی جەماوەری کرێکاران لە مەیدانی سیاسی ئیراندا ئامادەیە "، نە ٢٠ ساڵ لەوەوپێش و نەئێستا بونی نیە. بەڵام ئێستاش بەشێک لە کۆمۆنیزمی کرێکاریی بەهەمان شێوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو هەر لەسەر هەمان باوەڕن کە لە ئێستادا دەڵێن کە گروپ و حزبەکەی ئەوان دەوری سەرەکی هەیە لە مەیدانی سیاسی ئێراندا و خەڵک و کرێکاران بە پەیوەست بون بە یەکێک لەم گروپانەوە دەتوانن جمهوری ئیسلامی ئێران بڕوخێنن! ئەمە ئەو وەهمە و ئیلوژنەیە کە گروپێک جگە لە پێوەری نوسینەکانی خۆی هیچ پیوەرێکی تری نێو کۆمەڵگە و چینی کرێکار ناهێنێتەوە بۆ سەلماندنی ئەم ئیدعایانەی. بەڵام بێگومان هەرکەسێک و گروپیک ڕای لەسەر خۆی پێوەری ڕاست و دروستی واقعیەتی ئەو کەسە و لایەنە نیە، بەڵکو ئەوە واقع و پراتیکی کۆمەڵایەتی ئەو کەس و لایەنانەیە کە ڕاستیەکان دەسەلمێنێ.

ئەم بۆچوونانە لە وێوە سەرچاوە دەگرێ کە کۆمۆنیزمی کرێکاری حزب لە چینەکە جیادەکاتەوە و تەنانەت پێی وایە حزب خاوەنی هێزی سەربەخۆی خۆیەتی کە "پێش

له چینی كرێكار له مه‌یدانی سیاسی ئێراندا ئاماده‌یه". ئه‌مه‌ش ده‌رخه‌ری ئه‌و ڕاستیه‌یه كه ئه‌م حزبه به‌و پێیه‌ی خۆی به‌نوێنه‌ری چینی كرێكار ده‌زانێ ئیتر ئه‌مه كافیه تاكو پێش چینه‌كه شۆڕش بكا و ئاماده‌بێ بۆ گرتنه ده‌ستی ده‌سه‌ڵات! لینین و به‌لشه‌فیه‌كان كاتێک ده‌سه‌ڵاتیان گرت كه بۆ زیاتر له ١٠ ساڵ بوو خاوه‌نی ڕێكخراوی جه‌ماوه‌ری كرێكاران و نوێنه‌رایه‌تی له په‌رله‌مان و شۆڕشی شوبات و شورا كرێكاری و سه‌ربازی و جوتیاریه‌كان بوو، به‌م هێزه چینایه‌تیه‌شه‌وه هێشتا كه‌مینه بوو. به‌ڵام هه‌لومه‌رجی شۆڕشگێڕانه و په‌رته‌وازه‌یی بورژوازی و شه‌ڕی جیهانی فرسه‌تی گرتنی ده‌سه‌ڵاتی بۆ به‌لشه‌فیه‌كان هێنایه ئارا. ئه‌مانه هیچ كامیان نه‌ک له ٢٠ ساڵ له‌مه‌وپێشی ئێراندا نه‌بوه، به‌ڵكو له ئێستاشدا له‌ئارادا نیه. كه‌واته چۆن حیكمه‌تیزم پێی وایه "له پێش چینی كرێكاره‌وه ئاماده‌یه له مه‌یدانی سیاسیدا"؟ ئه‌م هێزه مادیه‌ی شۆڕش له كوێدایه؟ لێره‌دا كه هێزی مادی شۆڕش نابینین كه به‌ده‌وری ئه‌م حزبه‌دا ڕێكخراوبێ، هه‌ربۆیه حزب خۆی به‌هێزێكی مادی ده‌زانێ كه ده‌توانێ پێش له كرێكاران شۆڕش بكا یان ده‌سه‌ڵات به‌ده‌سته‌وه بگرێ.

به پێچه‌وانه‌ی ئه‌م دیدگایه‌ی كۆمۆنیزمی كرێكاریه‌وه سیاسه‌ت بۆ ماركس پاشكۆی گه‌شه‌ی مێژوویی چینی كرێكار بووه. واته ئه‌وه هه‌وڵی سیاسی سۆشیالیستی نیه كه شۆڕشی چینی كرێكار دروست ده‌كا، به‌ڵكو هه‌وڵی سیاسی سۆشیالیستی پشت به قۆناغی گه‌شه‌ی سه‌رمایه‌داری ده‌به‌ستێ، كه له‌سایه‌یدا چینی كرێكار پێگه‌یشتوه، له‌ئاستی جیهانی و له وڵاتێكی دیاریكراودا، به لێكدانه‌وه‌ی ئه‌م دۆخه به‌شێوه‌یه‌كی زانستی بنه‌مای ستراتیژی سیاسه‌تی سۆشیالیستی داده‌نرێ. سیاسه‌ت له چوارچێوه‌ی مێژودا ته‌جسید بوه، ئه‌گه‌ر له‌و چوارچێوه مێژووییه‌ی گه‌شه‌ی چینی كرێكاردا نه‌بێ ئه‌وا ده‌بینین چه‌ند بێ ده‌سه‌ڵاته له‌گه‌یشتن به ئامانجی كۆتایی، وه به‌پێچه‌وانه‌وه چۆن بزوتنه‌وه‌ی چینی كرێكار له شكان نه‌هاتوه"، ئه‌گه‌ر له‌و

چوارچیوه مێژووییەدا بێت. ئەم گەشەیە بریتیە لەوەی "چینی کرێکار بەردەوام ژمارەی زیاد دەکا، و بەدیسپلین دەبێ ، یەکگرتوو دەبێ، ڕیکخراو دەبێ، لەڕێگای میکانیزمە زۆرەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خۆیەوە"[237].

ئەم گروپە ڕۆشنبیرانەی چینی کرێکار دەبێ بە شێوەیەکی عەمەلی لە خەباتی ڕۆژانە و سەراسەری ئەم چینەدا ئامادەییان هەبێ تابتوانن بگۆڕێن بەو هێزە سیاسیەی کە ببنە قوتب و پێوەری شۆڕشگێڕی و دەخاڵەتیان لە چارەنووسی خەباتی چینایەتی و لەڕوخانی ڕژێمی ئیسلامی و بەهێزکردنی چینی کرێکاردا هەبێ.

ئەمە پرۆسەیەکە کە بە "بڕیاری کۆنگرەی حزب بۆ بەگرنگی دانان باسی "حزب و دەسەڵاتی سیاسی" و "حزب و کۆمەڵگە" ناگاتە ئەنجام و خودی ئەم گروپانەی وەک کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێ لە قاڵبی نووسراوە و بەرنامەکانیان بێنە دەرەوە و بزانن کرێکاران لە چ مەیدانێکدا ئامادەن تا کۆمۆنیزم بچێ لەوێدا دەرگیری خەباتی ئەم چینە ببێ، تا کرێکاران و کۆمۆنیستەکان یەکگرتوو بن و خۆیان ئامادەی شەڕی دەسەڵات بکەن. ئەو گروپانەی لە قاڵبە حزبیەکانی خۆیانەوە دەگۆڕێن بۆ قاڵبی حزبێکی گەورەتری چینی کرێکار و هەموو باسە تیۆری و سیاسیەکانیشیان لەنێو جەرگەی ئەو خەباتە هاوبەشەی فراکسیۆنە جۆراوجۆرەکانی نێو کرێکاراندا دەکەن، دەتوانن لە تەجروبەی ٣٠ساڵی ڕابردویان سود وەرگرن تا لە ٣٠ ساڵی داهاتوویاندا کۆمۆنیزمێکی جیاواز و نوێ لەوەی ئەمڕۆ دروست بکەن.

---

[237] **مارکس و حزبی کرێکاری**
http://www.asokamal.com/index/?p=1577

## چوارەم؛ كۆمۆنیزمی كرێكاری درێژەی سوشیالیزمی دەوڵەتیە

بەڕای من ئەنجامگیریە گشتیەكانی كە لەباسی كێشەكانی كۆمۆنیزمی سەردەمدا كردمان، وە بەتایبەت مۆدێلی حزبی سۆشیالیزمی دەوڵەتی، هەمان ئەنجامگیرین بۆ كۆمۆنیزمی كرێكاری لە ئێران و عێراقیشدا. بۆ ڕۆشنكردنەوەی ئەم ئەنجامگیریەمان پێویستە سەرەتا خاڵی هاوبەشی تێگەیشتنی بەلشەفی و كۆمۆنیزمی كرێكاری بخەینەڕوو تاكو بزانین ئەم خاڵە هاوبەشە لە بواری تێگەیشتن و تیۆری حزبی لینینیدا چۆن خۆی نیشان دەدا و چۆن كۆمۆنیزمی كرێكاری درێژەی ئەو ڕەوەندە مێژووییەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی بەلشەفیەكانە؟

مەنسوور حیكمەت لە نووسینی "هێڵە سەرەكییەكانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی كرێكاری لە سۆڤێت"دا دەڵێ "مەیلی نەخوازراوی جۆراوجۆر بەرەو سازش لەگەڵ دەزگاكانی كۆمەڵی كۆندا و گەشەی بیرۆكراسی و لاوازكردنی دیموكراسی دەروون حیزبی و كەمبوونەوەی دەسەڵاتی ئۆرگانەكانی كاری ڕاستەوخۆی كرێكاران و دووركەوتنەوە لە قوڵكردنەوەی گۆڕینی سیاسی لە ژیانی حقوقی و فەرهەنگی و شتی تردا بەرچاو دەكەوێت، بەڵام ئەمانە بۆ ئێمە لیستێك لە هۆیەكانی شكست نین، چونكە هێشتا ململانێی چارەنووسسازی پرۆلیتاریا لەسەر مەسەلەی گۆڕینی ئابووری نەهاتۆتە پێشەوە. ئەم ململانێیە لە دەیەی (٢٠)ەوە دەستی پێ كرد. ئەگەر لەم ململانێیەدا ئاڵتەرناتیڤی موڵكایەتی سۆسیالیستی و نەهێشتنی كاری كرێگرتە، ئاڵتەرناتیڤی پرۆلیتاریا لە زەمینەی دوورنمای ئابووری ڕوسیادا سەركەوتایە، ئەو كاتە ئەم مەیلە سیاسی ئیدارییە نەخوازراوانە نە تەنها لە هەر جۆرە پایەیەكی مادی بۆ مانەوە بێبەش دەبوون، بەڵكوو لە ڕەوەندی گۆڕانی قوڵی ئابووری كۆمەڵیشدا كەمڕەنگ دەبوون و جێگای خۆیان بە شێوەكار و كاركردی

سیاسی هاوتا لەگەڵ ئەم ئابوورییە لە حاڵەتی گۆڕاندا و لەگەڵ ئەم پێشڕەوییە تازەیەی شۆڕش لە چارەنووسسازترین مەیدانی خۆیدا دەدا."[238]

هەروەها دەڵێ "ئاشکرایە کە دامەزراوە کرێکارییەکان هەموو لە دەوری بەهێزکردنی حیزبی کرێکاران و دەوڵەتی کرێکاران سازدرابوون و لەم نێوەدا شێوازەکانی دەسەڵاتی ناحیزبی و ڕاستەوخۆی کرێکاری لاواز بوون. "[239]

ئەم دیدگا و تێگەیشتنەی حیکمەتیزم دەبێ لە دوو بواردا شیبکەینەوە؛

**یەکەم؛** باسی نەبونی ڕۆشنگەری ئابوری لای بەلشەفیەکان وەک هۆکاری سەرەکی شکستی شۆڕشی سۆشیالیستی

**دووەم؛** پەیوەندی نێوان حزب و چینی کرێکار لە شۆڕشی سۆشیالیستیدا و لە دەورانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دا.

سەرەتا کێشە لەوەدایە کە حیکمەتیزم هەموو ئەو شتانەی لە سیاسەتی بەلشەفیەکاندا بە ئاشکرا دیفاعی لێ ناکا بە "مەیلی نەخوازراو و سازش و لادان بە پێچەوانەی خواست" و شتی لەم بابەتەوە ناویان دەبا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە بڕیاری کۆنگرە و نەخشە و بەرنامەیەکن کە کێشە و شەڕ بوە لەنێوحزبی بەلشەفیکدا لەسەریان، نەک ئەمانە مەیلی نەخوازرا و پێچەوانەی خواستی حزب بوو بن.

باسکردن لە "سازش لە گەڵ بیرۆکراتیزمی ئیداری و گێڕانەوەی سوپای پیشەیی" و "قەدەغەکردنی فراکسیۆن وڕای جیاواز لە حزبدا" و "هەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەکانی کارگە و دانانی تاک بەڕیوەبەری لە جێگایان" و "نەهێشتنی دەسەڵاتی شوراکان لە ئابوریدا و دانانی بەرپرسی حزب لە جێگایان"، ئایا ئەمانە مەیلی نەخوازراوی ناو

---

[238] مەنسوور حیکمەت ," هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤیێت"

[239] هەمان سەرچاوە

حزبی بەلشەفی بوون یاخود بڕیارەکانی کۆنگرە و ئۆرگانە باڵاکانی حزب؟! نەخێر، ئەمانە مەیلێکی خوازراو و فەرمی حزب بوون و ڕاوەستانەوە بەرامبەریان بە دادگایی و زیندان و دەرکردن و لە حزب و هەڕەشەی کوشتن دەگەیشت.

ئەمانە چۆن ناودەبرێن بەوەی "لادانە سیاسی و ئیداریەکان لەم دەورەیەدا بە پێچەوانەی مەیل و خواست و گەڵاڵەی حیزبی پێشڕەو بەسەریدا دەسەپێنرێت."[240].

پرسیارەکە ئەوەیە کێ ئەمانەی بەسەر حزبی بەلشەفیدا سەپاند؟ لە کاتێکدا فراکسیۆنی "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری" لە حزبدا لەسەر ئەوە سزادەدرێ کە قایل نیە بە گۆڕینی بەرنامەی بەلشەفیەکان لە کۆنترۆڵی کرێکاریەوە بەرەو کۆنترۆڵی تاک بەڕیوەبەری سەرمایەدار"؟ ئیتر چۆن ئەمە پێچەوانەی مەیل و خواستی حزبی بەلشەفیە، لەکاتێکدا کە هەر کەس و گروپێک، کە تەنانەت باسی گەڕانەوە بۆ ئەم بەرنامەیەی ١٩١٨حزبیش بکا، ئەوا لەحزب دەردەکرێ و بەلادانی سەندیکالیستی و ئەنارشیستی لەلایەن لینینەوە سەرکۆنە دەکرێ؟

بەپێچەوانەوە هەرکام لەم سیاسەتانە سیاسەتی سەرەکی و نەخشە و پلانی ئابوری داڕێژراو و خاوەن بەرنامە و ڕۆشن بوون کە بەلشەفیزم بە تاکە ڕێگا و دەرگای بنیاتنانی سۆشیالیزمی دایدەنان.

حیکمەتیزم ئەمانە بەهۆی شکستی شۆڕشی سۆشیالیستی لەڕوسیادا نازانێ و هەربۆیەش بەم شێوەیە ناوی ئەم سیاسەتانەی حزبی بەلشەفی دێنێ کە نەخوازراو و پێچەوانەی خواستی ئەم حزبە بوون.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی حیکمەتیزم ئەمانە بە هۆکاری شکستی شۆڕشی سۆشیالیستی نازانێ؟

---

[240] مەنسوور حیکمەت ," هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت"

مەنسور حیکمەت دەڵێ"چونکە هێشتا ململانێی چارەنووس سازی پرۆلیتاریا لەسەر مەسەلەی گۆڕینی ئابووری نەهاتۆتە پێشەوە. ئەم ململانێیە لە دەیەی (٢٠)ەوە دەستی پێ کرد. دواتریش بەوردی ئەم کاتە دیاریدەکا و دەڵێ"لە شۆڕشی ڕووسیادا بێگومان دەتوانین بڵێین ساڵەکانی ٢٢– ١٩١٧ دەورانێکی شۆڕشگێڕانەیە بە مانای تایبەتی وشەکە، لە حاڵێکدا ساڵەکانی ٢٨– ١٩٢٣ دەورەی هێمنایەتییەکی ڕێژەییە کە دەوڵەتی تازە کەم تا زۆر لە خەم ڕەخسیوە".[241]

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە واتە ئەم "مەیلە نەخوازراو" انەی حزب و دەوڵەتی بەلشەفی تەنیا سەرخانی کۆمەڵگەن، وە لەبەرئەوەی ژێرخانی ئابوری یەکلایی نەکراوەتەوە، کەواتە شەڕ لەسەر سەرخان پێویست نیە و مانەوەی سەرخانی کۆن نابێتە هۆی شکستی شۆڕش!

بەڵام ئەگەر شێوازی دەسەڵاتدارێتی دیکتاتۆری حزبی بەلشەفیەکان و دەوڵەتە تاک حزبیەکەیان بریتی بێت لەو "مەیلە نەخوازراو"انەی حزبێک کە "ڕێگە بە شورا و کۆمیتەی کارگە و فراکسیۆنی حزبی و ئازادی حزبایەتی نادا و لەبەرامبەریشدا سازش لەگەڵ دەزگای بیرۆکراتی و سوپای پیشەیی و زیندانی دەوڵەتی بورژوازیدا دەکا، چۆن هەمان حزب دەتوانێ "ئاڵتەرناتیڤی موڵکایەتی سۆسیالیستی و نەهێشتنی کاری کرێگرتە، ئاڵتەرناتیڤی پرۆلیتاریا لە زەمینەی دوورنمای ئابووری ڕوسیادا سەربخات"؟!

---

241 مەنسور حیکمەت ، دەوڵەت لە دەورانی شۆڕشگێڕانەدا
http://hekmat.public-archive.net/

لەمەش زیاتر چۆن چاوەڕوانی هەر لەم حزبە دەکرێت کە دوای ڕۆشنگەری ئابوری "ئەو کاتە ئەم مەیلە سیاسی ئیدارییە نەخوازراوانە"ی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی حزبی خۆی لەناودەبا؟!

ئێمە لەباسی بەلشەفیزمدا ئەم مێژووەمان بەووردی شیکردەوە و وتمان کە؛ حزب و دەوڵەتە بەلشەفی بەم دیدگا و سیاسەتانەی "دیکتاتۆری حزبی" یەی کە گرتیەبەر ئیتر دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و دەسەڵاتدارێتی شورا و ئۆرگانە جەماوەریە کرێکاریەکانی لە دەسەڵات خست. ئەمەش ناکۆکی سەرەکی "سۆشیالیزمی دەوڵەتی" بەلشەفیەکان بوو لەگەڵ پێویستیەکانی بەسەرکەوتن گەیاندنی شۆڕشی سۆشیالیستیی لەڕوسیادا، بەوەی کە دەسەڵاتێکی کەمایەتی حزبی خستەجێگای دەسەڵاتی زۆربەی چینی کرێکار و جوتیاری ڕوسیا.

حیکمەتیزم بە پێچەوانەی ئەم لێکدانەوەی ئێمەوە دەڵێ کە بەلشەفیەکان لە ١٩١٧تا ١٩٢٣ توانیان دەوڵەتی کرێکاری دامەزرێنن، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەی بۆچی بەلشەفیەکان نەیانتوانی ئابوریەکی سۆشیالسیتی دامەزرێنن؟

مەنسور حیکمەت لەوەڵامدا دەڵێ "ئەم شۆڕشە ئابوورییە ڕووی نەدا. چونکە چینی کرێکار و حیزبی پێشڕەوی ئەو بە شێوەیەکی ماددی ئاسۆیەکی لەم بابەتەیان لە بەرامبەر خۆیاندا دانەنابوو."[242]

ئەم حوکمە لەکوێوە هاتوە و کامە ئەو سەرچاوانەی کە دەیسەلمێنن کە شۆڕشی ئابوری " بە شێوەیەکی ماددی ئاسۆی" لینین و بەلشەفیەکان نەبوە؟ لینین لە کتێبی

---

[242] مەنسوور حیکمەت ," هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت"

دەوڵەت و شۆڕشدا باسی گۆڕانکاری ئابوری و نەمانی دەوڵەت و هەموو بنەما تیۆریەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی دەکا کە مارکس و ئەنگلس نووسیویانە.[243]

ئێمە لە لای مەنسوری حیکمەت جگە لەڕستەی "ئاڵتەرناتیڤی موڵکایەتی سۆسیالیستی و نەهێشتنی کاری کرێگرتە" هیچ ڕۆشنکردنەوەیەک نادۆزینەوە تا بزانین ئەم ئاسۆیە چیە؟ ئەگەر تەنیا ناوهێنانی نەهێشتنی کاری کرێگرتە و موڵکایەتی سۆشیالیستیش کافیە، ئەوا ئەمانە لەهەموو بەرنامە و نووسینەکانی لینین و بەلشەفیەکاندا وەک خۆڵ وایە. جگە لەمەش کۆمەڵێک نووسین و بڕیار و بەرنامەکانی لینین و بەلشەفیەکان لە ١٩١٨ تا ١٩٢٣بۆ ئابوری دەوڵەتی بەلشەفی هەیە کە لەم کتێبەشدا ئاماژەمان بۆکرد .

بەڵام بۆچی مەنسور حیکمەت ئەمانە بە ئاسۆی ئابوری نازانێ؟ وە نازانین لای حیکەمتیزم چۆن ئەم تیۆری و ئاسۆ ئابوریە پەیدا دەبێ و بەتایبەت بۆ لەو مێژووەی ١٩١٧بۆ ١٩٢٣ی ڕوسیادا ئەم ئاسۆ ئابوریە پەیدانەبوو یان بۆ حزبی بەلشەفی لە بەردەم خۆیدا داینەنابوو؟

بێگومان هیچ وەڵام و ڕۆشنکردنەوەیەک لەم نووسینانەی حیکمەتیزم سەبارەت بەم پرسیارانە پەیداناکەین و ئەوەی پێداگری لەسەر دەکرێ تەنیا ئەوەیە کە ئەو کار و پراتیکانەی دیکتاتۆریەتی حزبی بەلشەفی پێویست بوە و کێشە تەنیا ئەوەبوە کە نەخشەیەکی ئابوری نەبوە.

مەنسور حیکمەت دەڵێ "ئێمە جیاوازییەکی تەواومان لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدا هەیە کە دەڵێ، ستالین کە دەستی باڵای پەیدا کرد، بە دەرکردنی فلان بڕیار سەبارەت

---

243 لینین، دەوڵەت و شۆڕش
https://www.marxists.org/arabic/archive/lenin/1917-sr/05.htm

به مافی فراکسیۆنەکان و به فلآنه دەخالەتی شورای کۆمیسارەکانی خەڵک بۆ بەرتەسککردنەوەی مەودای دەسەلآتی شوراکان و کۆمیتەکانی کارخانە، ئیتر فاتیحای شۆڕش و دیموکراسی کرێکاریی خوێنرایەوە و ڕێگای گەڕانەوە نەماوە. هەر ئەم حیزبە بە هەموو کەموکورتییەکانییەوە لە حاڵەتی هەبوونی پێشڕەوی خاوانداریێتی سۆسیالیستی و شێوازە سۆسیالیستییەکانی بەرهەمهێنان، دەیتوانی لە قسە و باسە ئابوورییەکانی دەیەی (٢٠)دا سەربەرز بێتە دەر و بەم پێیە، پایە مادییەکانی لابردنی ناتەواوییە سیاسی و ئیداری و کەموکوڕییە سەرخانییەکانی کۆمەڵ بەدی بێنێت. گیروگرفتی ڕاستەقینە لەم ناتەواوی و هەلآنەی حیزبدا نەبوو، بەڵکوو لە ناتەواوییەکی بنەڕەتیتردا بوو. کە ئەویش نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن دەربارەی شێوازەکانی خاوەنداریێتی و بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی بوو."[244]

کەواتە کێشەی سەرەکی بەلشەفیەکان ڕۆشنگەری ئابوری بووە؟

بەڵام ئەو پێمان ناڵێ چۆن حزب "دەیتوانی لە قسە و باسە ئابوورییەکانی دەیەی (٢٠)دا سەربەرز بێتە دەر" و بیرۆکراتیزمی ستالینی و دیکتاتۆریەتی حزبی لەکاربخا و کۆمەڵگەی سۆشیالیستی دامەزرێنێ؟!

ڕەخنەی مەنسور حیکمەت لە هەموو جۆرەکانی سۆشیالیزمی پێش خۆی ئەوەبوو کە لە "سیاقێکی مەزهەبی، مەعنەوی، فەلسەفیدا" باسی ڕۆشنگەری دەکەن نەک لە سیاقێکی سیاسیدا، "ئەمە بە تەواوی ئێمە دەباتە ناو یەک سوننەتی سیاسی عەمەلی جیاوازەوە، سەبارەت ڕەوەندی ڕووسی بۆ نموونە، یان ڕەوەندی ترۆتسکیست، چەپی نوێ، گرامشی، یان ڕەوەندی ئۆرۆکۆمۆنیزم. ئەگەر بزووتنەوەی

---

244 مەنسوور حیکمەت ," هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت"

ئێمە بزووتنەوەیەکی ڕۆشنگەرە لەناو سیاقێکی سیاسیدا ڕۆشنگەرە نەک لە سیاقێکی مەزهەبی، مەعنەوی، فەلسەفیدا. ئێمە بزووتنەوەیەکی سیاسین و ئەمە کاراکتەری سیاسی بزووتنەوەکەیە. "[245]

ئایا ئەگەر ئەم ڕۆشنگەریە ئابوریەی بەلشەفیەکان ،وەک مەنسور حیکمەت باسی دەکا، لە سیاقێکی سیاسیدایە نەک لە "سیاقێکی مەزهەبی، مەعنەوی، فەلسەفیدا"، باشە چۆن ئەو دیکتاتۆریە حزبیەی لە سیاق و ڕێڕەوێکی سیاسیدا، کە بەلشەفیەکان وستالین و سەرمایەداری دەوڵەتی بەسەر چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکاندا سەپاندبوویان ، چۆن تەنیا بە باسێکی ڕۆشن لەسەر ئابوری دەیتوانی چارەنووسی سۆشیالیزم بگۆڕێ؟ لە کاتێکدا ئەو ڕەوتە سیاسیەی کە قەرارە ئەم ڕۆشنگەریە ئابوریە بکات خۆی دەسەڵاتی کەمایەتیەکی لەجێگای چینی کرێکار دانابوو ، ئیتر چۆن وازی لە موڵکایەتی تایبەتی دەوڵەتی حزبی بەلشەفی دەهێنا و بەرنامەیەکی ئابووری خاوەندارێتی گشتی هەموو بەرهەمهێنەرانی دەخستە جێگای، لە کاتێکدا بەلشەفیزم لە دەسەڵاتی سیاسیدا پەیرەوی لە دەسەڵاتی کەمایەتی و دیکتاتۆری حزبێک دەکرد لە جێگای موڵکایەتی دەسەڵات بۆ هەموو چینی کرێکار و دیکتاتۆریەتی هەموو چینەکە؟ ئەگەر حیکمەتیزم موڵکایەتی حزبی بەلشەفی بۆ دەوڵەت بە "حکومەتی کرێکاری" دەزانێ، ئیتر چۆن موڵکایەتی ئەم حزبە بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان بە "ناڕۆشنی ئابووری" بەلشەفیەکان دەزانی؟! مەگەر دەوڵەت جگە لە ئامرازی پاراستنی موڵکایەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان شتێکی تر دەگەیەنێ؟

چۆن حزبی بەلشەفی "دەیتوانی لە قسە و باسە ئابوورییەکانی دەیەی (٢٠)دا سەربەرز بێتە دەر"، ئەگەر دەستبەرداری شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارایانە و

---

[245] مەنسور حکمەت "تیۆری چۆن دەگۆڕێ بەهێزی ماددی؟

کەڵەکەی سەرمایە لەسەر حسابی هێزی کاری هەرزانی کرێکارانێک نەبێت کە کۆنترۆڵی کارگەیان لێ سەندرابێتەوە، وە یاخود واز لە کەمپی زۆرەملێی کار نەهێنێ کە لە زیندانیانی سیاسی پێکهاتبوو، وە یان دەست هەڵنەگرێ لە لێسەندنەوەی موڵکایەتی لە جوتیاران ؟

ڕێڕەوی سیاسی دیکتاتۆریەتی حزبی بێگومان ڕێگەی بەم جۆرە لە ڕۆشنگەری ئابوری نەدا. ئەم دیکتاتۆریە حزبیە پێویستی بە بەڕیوەبردن و بەرهەمهێنانی سەرمایەدارانە بوو لە ڕوسیادا، ئەمە ژێرخانی گونجاوە لەگەڵ سەرخانێکدا کە دەسەڵاتی کەمایەتی بەلشەفی پێویستی بوو. جگە لەم مۆدێلەی سۆشیالیزم کە دەوڵەتێکی حزبی دەیسەپێنێ و کەڵەکەی سەرمایە و گەشەی هێزە بەرهەمهێنەکان لە پێناو کەڵەکەی سەرمایەدا دابین دەکا، هیچ جۆرێکی تر لە مۆدیلی ئابوری سۆشیالیستی لە ڕوسیادا لە بەرنامەدا نەبوە و لینین و حزبی بەلشەفی لەسەر ئەم بەرنامەی سەرمایەداری دەوڵەتیە زۆرڕۆشن بوون. کاتێک باسی سەرمایەداری پیشەسازی و بانکی ئەڵمانیای سەرەتای سەدەی بیست دەکەن، دەڵێن تەنیا بە گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێ ئەڵمانیا ببێتە دەوڵەتێکی سۆشیالیستی. هەربۆیە هیچ کات قسە لەسەر ناڕۆشنی بەرنامەی ئابوری نەبووە و لە ساڵێ ١٩١٨ دا لینین بەڕۆشنی باسی گەشەپێدانی سەرمایەداری دەوڵەتی وەک ڕێگای گواستنەوە بۆسۆشیالیزم دەکا.[246]

لینین بە ئابوری جەنگی ئەڵمانیا سەرسام بوە کە لە سێپتەمبەری ١٩١٧ دەڵێ"شەڕ گۆڕانی سەرمایەداری مۆنۆپۆلی خێراکرد بۆ سەرمایەداری مۆنۆپۆلی

---

[246] E.H.CARR لاپەڕە ١٠٦،شۆڕشی ڕوسیا لە لینینەوە بۆ ستالین (١٩١٧-١٩٢٩)

دەوڵەتی کە ئەمەش بەتەواوی مادەکانی ئامادەکاری بۆ سۆشیالیزمە.بەبێ بانکە گەورەکان سۆشیالیزم ئیمکانی ڕودانی نیە."

ئەگەر ئەوەمان قبوڵ بێت کە ڕۆشنگەری ئابوری چینی کرێکار لە شۆڕشی سۆشیالیستیدا پەیوەندی هەیە بە پراتیکی سیاسی ئەم چینەوە لە خەباتی چیانەیەتیدا بۆ گۆڕینی سیستەمێکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرمایەداری، کەواتە دەبێ بچینە سەر دووەم بەشی لێکدانەوەکەمان لەسەر پەیوەندی نێوان حزب و چین لەم شۆڕشەدا و لە دەورانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا.

مەنسوری حیکمەت دەڵێ "لە دەورەی یەکەمدا شوراکان لاوازکران تا دەوڵەتی کرێکاری لە کێشەکانی ڕزگار بێت." وە "ئاشکرایە کە دامەزراوە کرێکارییەکان هەموو لە دەوری بەهێزکردنی حیزبی کرێکاران و دەوڵەتی کرێکاران ساز درابوون و لەم نێوەدا شێوازەکانی دەسەڵاتی ناحیزبی و ڕاستەوخۆی کرێکاری لاواز بوون."[247]

هەروەها دەڵێ "گەشەی بیرۆکراسی لاوازکردنی دیموکراسی دەروون حیزبی و کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی کاری ڕاستەوخۆی کرێکاران" ڕوویدا. [248]

بەڵام سەرەڕای ئەمانە مەنسوور حیکمەت ڕایدەگەیەنێ کە "ئێمە جیاوازییەکی تەواومان لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدا هەیە کە دەڵێ، ستالین کە دەستی باڵای پەیدا کرد، بە دەرکردنی فلان بڕیار سەبارەت بە مافی فراکسیۆنەکان و بە فلانە دەخاڵەتی شورای کۆمیسارەکانی خەڵک بۆ بەرتەسککردنەوەی مەودای دەسەڵاتی شوراکان و

[247] مەنسوور حیکمەت ," هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت"

[248] هەمان سەرچاوە

کۆمیتەکانی کارخانە، ئیتر فاتیحای شۆڕش و دیموکراسی کرێکاریی خوێنرایەوە و ڕێگای گەڕانەوە نەماوە."[249]

ئەمە ناوەڕۆکی تێگەیشتنی حیکمەتیزمە لە حزب و دەوڵەتی کرێکاری و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. لێرەدا ئیتر باسی "مەیلی نەخوازراو و پێچەوانەی خواست" نیە بەڵکو باسی پێویستی لاوازکردنی شوراکانە تا دەوڵەتی کرێکاری لە کێشەکانی رزگاربێ!

باسی مۆدێلێکە لە حزب و دەوڵەت کە دەبێ دەسەڵاتی ناحزبی و ڕاستەوخۆی چینی کرێکار لاوازبکا لە پێناو بەهیزکردنی حزب و دەوڵەتی "کرێکاری"!

ئەمە تێگەیشتنێکی تایبەتە لە شۆڕشی سۆشیالیستی بەوەی "دیکتاتۆری فەردی ستالین" و "دەرکردنی فراکسیۆنی کرێکاری ناوحزب" و "لاوازکردنی شورا و کۆنترۆڵی کرێکاری لەلایەن وەزارەتی بەلشەفیەوە"، ئەمانە هیچیان شکستی شۆڕشی سۆشیالیستی و کۆتایی دیموکراسی کرێکاری ناگەیەنن!

پرسیارەکە وەک لە بەشی بەلشەفیزمدا باسمانکرد ئەوەیە کە بۆچی دەوڵەتی بەلشەفی دەبێ لەسەر حسابی لاوازکردنی شوراکانی کرێکاران و جوتیاران و سەربازان لە کێشەکانی ڕزگاری ببێ؟ ئایا کێشەی ئەم دەوڵەتە لەگەڵ شوراکاندایە تا دەبێ دەسەڵاتیان لاوازبکرێ؟ ئەگەر وایە ئەم دەوڵەتە لە کێ پێکهاتوە و چ چینێک دەسەڵاتدارە؟ چی بەسەر دروشمی "هەموو دەسەڵاتێک بۆشوراکان" ی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا هات؟ ئەم ناکۆکیە لە نێوان حزب و چینی کرێکاردا چی دەگەیەنێ؟ بۆچی چینی کرێکار لە ڕیگەی شورا و کۆمیتەکانی کارگە و فراکسیۆنە حزبیەکانیەوە ناتوانێ نوێنەرایەتی خۆی بکا؟ بۆچی ئەمانە ناکۆکن بەدەسەڵاتی حزبی بەلشەفی و

[249] هەمان سەرچاوە

دەبێ جێگای خۆیان بدەن بە دەسەڵاتی تاقانەی وەزیرەکان و کۆمیتە حزبیەکان و کەمایەتیەکی حزبی؟ بۆچی شۆڕشی سۆشیالیستی بریتیە لە لاوازکردنی بەشداری ڕاستەوخۆی چینی کرێکار و ئۆرگانە جەماوەریەکانی ؟ ئەم تیۆریەی دەڵێ "شکستی چینی کرێکار بەمانای شکستی شۆڕشی سۆشیالیستی نیە" لە کوێوە هاتوە؟

بێگومان ئەم هەڵوێستەی حیکمەتیزم لەسەر مۆدێلی حزبی بەلشەفی لە مەسەلەی شکست پێهێنانی گۆڕانی ئەم حزبە بۆ حزبی زۆرینەی کرێکاران و ناکۆکی لەگەڵ شورا و ئیرادەی جەماوەری کرێکاراندا، پێمان دەڵێ، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەمان تێگەیشتن کە لە سۆشیالیزمی دەوڵەتی و بەلشەفیزم لە حزب و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای هەیەتی. لەم دیدگا یەدایە کە حزب وەک جێگرەوەی چینی کرێکار مافی ئەوەی هەیە کە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ و جەماوەری چینی کرێکار بخاتە لاوە و دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی حزبی بخاتە جێگای دیکتاتۆری چینی کرێکار. بەم پێیەش لاوازکردنی شوراکان ئەگەر بە مانای ڕێگەدان بێت بە پەیڕەوکردنی دیکتاتۆری حزبی و دیکتاتۆری ئەم حزبە و تەنانەت فەردی ستالینیش، بەڵام بەمانای شکستی شۆڕش نیە!!!

لێرەدا پێویستە خاڵێکی گرنگ و سەرەکی ئەم دیدگا و جیهانبینیەی حیکمەتیزم سەبارەت بە سۆشیالیزم و حزب و دەوڵەت ڕۆشن بکەینەوە.

لەم دیدگایەدا سۆشیالیزم پراتیکی سیاسی چینێک نیە کە لە شەڕێکی چیانەیەتیدایە لەگەڵ سیستمێکی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەی سەرمایەداریدا و دەیەوێ کۆنترۆڵی سەرمایە بەسەریدا کۆتایی پێ بهێنێ و کۆمەڵگە بە شێوازێکی نوێ ڕێکبخاتەوە کە هێزی کاری خۆی ئازادانە و ڕاستەوخۆ ئیدارەی بکا. بەڵکو لای حیکمەتیزم ، هەروەک لای بەلشەفیزم و جۆرەکانی تری سۆشیالیزمی دەوڵەتی،سۆشیالیزم بریتیە لە پراتیکی حزبێک کە خۆی بە نوێنەری ئەم چینە

دەزانێ و ئەم پراتیکە حزبیە یە بڕیاردەدا کە کۆمەڵگە چۆن ڕێک بخرێ و دەوڵەت و ئابوری چۆن بچەرخێ. هەربۆیە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەم ڤێرژن و تێگەیشتنەدا تەنیا پراتیک و دیکتاتۆریەتی حزبی کۆمۆنیستە و هیچی تر.ئەمەش سەرچاوەی ئەو ناکۆکیانەیە کە لەنێوان دەوڵەتی بەلشەفی و شوراکانی کرێکاران و جوتیاران و سەربازانی ڕوسیەدا لەساڵی (١٩١٨) ەوە تا دیارنەمانی ئەم شورایانە، ڕوویدا.

لەم دیدگایەدا سۆشیالیزم بریتیە لە تیۆر و بەرنامە و پراتیکی گروپ و حزبێک کە خۆیان پێ نوێنەری چینی کرێکارە بەهۆی دیدگا و بەرنامەکانیانەوە. هەر بەشێکی چینی کرێکار کە لە ژێر سایە و ئۆتۆریتە و دەسەڵاتی ئەم "ڕۆشنگەریە ئابوریە و بەرنامە سیاسیە و ڕیزەکانی" ئەم حزبەدا نەبێ، ئەوا دەبێ لە دەسەڵات لاببرێ، تاکو دەوڵەتی حزبی کۆمۆنیست، کە بەناوی کرێکاریەوە حوکم دەکا، بەهێز بکرێ!

بەڵام گرامشی سەبارەت بە تیۆری سیاسی کۆمۆنیستی پێمان دەڵێ کە " لە کاری سیاسی ڕاستەقینەی چینە ژێردەستەکاندا (کرێکار) یەکێتی لە نێوان "خۆڕسکی"ی جەماوەر لەگەڵ "ڕابەری وشیار" و "بە دیسپلین" دا بە تەواوەتی هەیە، تا ئەو کاتەی ئەمە سیاسەتی جەماوەری کرێکار بێ، نەک موغامەرەیەک لەلایەن گروپێکەوە کە ئیدعای نوێنەرایەتی جەماوەربکا". [250]

کەواتە حزب ،ئەگەر بە توخمی "ڕابەری وشیار و بە دیسپلین" دابنێین، پێویستە لە یەکێتیەکدا بێ لەگەڵ جەماوەر، ئەگەر ئەمەش بە توخمی خۆڕسک، لەقەڵەم بدەین. ئەمە مەرجی پێویستە بۆ کاری سیاسی ڕاستەقینەی چینایەتی. وە ئەوکات دەتوانین بەم سیاسەتە بڵێین سیاسەتی جەماوەر. بەپێچەوانەوە ئەگەر سیاسەتی حزب پێچەوانەی خواست و ئیرادەی جەماوەری چینی کرێکارەوە بێت، ئەوا ئەم کارە

[250] گرامشی، میری مۆدێرن-ل١٩٩، پەڕاوەکانی زیندان، بەزمانی ئینگلیزی

سیاسیه بە کاری چینی کرێکار دانانرێ، بەڵکو موغامەرەی گروپێکە کە ئیدعای نوێنەرایەتی کردن و جێگرتنەوەی چینی کرێکار دەکەن. ناکۆکی سیاسەتی حزب و دەوڵەتی بەلشەفی لەگەڵ دەور و دەسەڵاتی شورا و کۆمیتەکانی کارگەدا کە خۆیان نیشاندەدەن لە ""سازش لە گەڵ بیرۆکراتیزمی ئیداری و گێڕانەوەی سوپای پیشەیی" و "قەدەغەکردنی فراکسیۆن وڕای جیاواز لە حزبدا" و " هەڵوەشانەوەی کۆمیتەکانی کارگە و دانانی تاک بەڕیوەبەری لە جێگایان" و "نەهێشتنی دەسەڵاتی شوراکان لە ئابوریدا و دانانی بەرپرسی حزب لە جێگایان"دا، ئەمانە ناکۆکی نێوان گروپێک و کەمایەتیەکە لەگەڵ زۆرینە و جەماوەری چینەکەدا. ئەمانە سیاسەتی کۆمۆنیستی نین بەڵکو سیاسەتی سۆشیالیزمی دەوڵەتین. ئەمانە هاوتای سیاسەتی سەرمایەداری دەوڵەتین.

هەربۆیە ئەگەر تیۆر خۆی لە پراتیکی چینێکدا ساغ دەکاتەوە نەک لە پراتیکی گروپ و حزبێکدا، کە ئایا دروستە یان نا؟ کەواتە حزبێک ناتوانێ ئیدعای نوێنەرایەتی چینێک بکا کە پراتیک و دەسەڵاتی ئەو حزبە بریتی بێت لە لاوازکردنی پراتیکی ڕاستەوخۆی چینەکە.

لە سیستمی فکری و جیهانبینی کۆمۆنیستی گرامشیدا ئەم گواستنەوەی ڕۆشنگەری و وشیاریە لە نێوان بەشەکانی چینی کرێکاردا، لە "ڕابەری وشیار و بە دیسپلینەوە بۆ جەماوەری خۆڕسک"، بەشێک لە چالاکی سیاسی و پرۆسەی ئیڤۆلوشن و گەشەی سیاسی چینەکەیە لە ململانێی چینایەتی نێو کۆمەڵگەدا، نەک کاری ڕۆشنبیرکردنی چینێک بێت لەلایەن گروپێکەوە لە دەرەوەی ئەو خەباتە چینایەتیەی کە کرێکار خۆی دەیکات. کەوەک هوبسبام دەڵێ "سیاسەت بۆ گرامشی چەق و ناوەرۆکە نەک ستراتیژی سەرکەوتنی سۆشیالیزم بەڵکو سۆشیالیزم خۆیەتی. ناوەندی چالاکی

ئینسانە، واتە تاکە وشیاریە کە چووەتە ناو پەیوەندی گرتن لەگەڵ دنیای کۆمەڵایەتی و سروشتی لە هەموو فۆرمەکانیدا[251]".

ئەگەر سۆشیالیزم خودی چالاکی ئینسانی کرێکار خۆی بێت کەواتە ناتوانرێ بڕیار و بەرنامە و دەسەڵاتێک بەسەر شورا و ڕێکخراوەکانی ئەم چینەدا بسەپێنرێ کە خۆی نەیەوێ و ناکۆک بێت لەگەڵیدا.

هەربۆیە چەقی ستراتیژی سەرکەوتنی سۆشیالیزم بریتیە لە ڕێکخستنی هەمیشەیی بزوتنەوەی کرێکاری، وە حزب وەک بەشێک لەم ستراتیژە، ئەرکەکەی بریتیە لە ڕێکخستنی هەموو چینێکە نەک بەشێکی دیاریکراوی ئەو چینە، واتە کۆمۆنیستەکان.

هەروەها گرامشی ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەکا بەوەی کە، سیاسەت تەنیا ستراتیژ و وەسیلەکان و ئۆپەراسیۆنەکان نیە. تەنیا ئامانجی گرتنی دەسەڵاتی سیاسی نیە، بەڵکو چۆنیەتی ڕێکخستنی هەموو توانای چینی کرێکارە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک کە پێویستی بەدەسەڵاتی کەمایەتی، کۆمۆنیستی یان غەیری کۆمۆنیستی، نەبێ و بەشداری ڕاستەوخۆی هەموو چینەکە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دابین بکا.

ئەو دەیوت کۆمەڵگەکان شتێکی زیاترن لەوەی ستراکتۆرێکی ئابوری و دەسەڵاتێکی سیاسی سەپێنراو بن. تەنانەت کاتێک خەباتی چینایەتی دەچێتە ئاستێکی باڵا، هێشتا ئینسجامێک لە نێوان هاوڵاتیاندا هەیە، کە ڕزگاربوون لە چەوسانەوە وایان لێدەکا ئەگەری ئەوە هەبێ بەڕاستی کە کۆمەڵگە وەک کۆمینیتی ئینسانە ئازادەکانی لێ بێت. "کۆمۆنیزم تەنیا ئیدعای ئەوەناکا کە هەموو ڕابردوو ڕۆشن دەکاتەوە و تەفسیری دەکا، بەڵکو هەروەها لەباری مێژووییەوە خۆشی ڕۆشن دەکاتەوە و پاساوی

---

[251] ئیریک هۆبسبام، چۆن جیهان دەگۆڕین، ل٣٢١، بەزمانی ئینگلیزی

پێیوستی کۆتایی هاتنی خۆشی، وەک "ئایدیۆلۆژی" ڕۆشنکردنەوەی ناکۆکیە چینایەتیەکان، دەخاتەڕوو لە کاتێکدا کۆمەڵگەی ناکۆکیە چینایەتیەکان نامێنێ. ئەمە گرنگترین فۆرمی "Historicisim" مێژووگەریە ، ڕزگاربونی تەواو لە هەموو فۆرمە ئەبستراکتەکانی "ئایدیۆلۆژیزم" ، دەست بەسەراگرتنی ڕاستەقینەی هەموو مێژووە، سەرەتای شارستانێتی نوێیە. کۆمۆنیزم لەسەر ئەم بنەمایەوە خۆی وەک چینێک ڕێکدەخا کە سروشت و ستراکتۆر و بەرنامە و جیهانبینی و پراتیکی پشتی بەهەمان دروستکردنی مرۆڤی کۆلێکتیڤ بەستووە.[252]

ئەم باسەمان بۆ ئەوە درێژکردەوە کە بیسەلمێنین کە دیدگای سۆشیالیزمی دەوڵەتی بەلشەفیزم، سۆشیالیزم بە خودی شوراکان و پراتیکی ڕاستەوخۆی چینی کرێکار نازانێ، کە لە دوای سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیەوە، دەتوانێ ئابوری و شێوازی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەش بگۆڕێ. لە کاتێکدا دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتی کرێکاری هیچ نیە جگە لەم شورا و ڕێکخراوە جەماوەری و حزبیانەی چینی کرێکار کە پێکەوە هەموویان دەسەڵاتی هەموو چینەکە نمایش دەکەن و دەسەپێنن. هیچ دەسەڵات و دەوڵەتێک کرێکاری نیە ئەگەر نەتوانێ زۆربەی ئەم چینە بهێنێتە مەیدانی نیشاندان و سەپاندنی ئیرادەی زۆرینەی خۆیەوە.

هەر دەوڵەت و دەسەڵاتێک ناکۆکی و دژایەتی دەسەڵاتدارێتی ڕاستەوخۆی کرێکاران و شوارکانیان بکا ، ئەوە دەسەڵاتێکی کەمینەیە کە درەنگ یا زوو هەموو دەسەڵاتێک لە چینی کرێکار زەوت دەکا. شۆڕشی سۆشیالیستی بریتیە لە بەردەوامیدان بە سەپاندنی ئەم دەسەڵاتە زۆرایەتیەی کۆمەڵگە. شکستی شۆڕش بریتیە لە شکستی

[252] گرامشی و حزبی سیاسی
http://www.asokamal.com/index/?p=1592

ئەم زۆرینەیەی چینی کرێکار لە مەیدانی دەسەڵاتدا. سیاسەت و دەسەڵاتی زۆرینەی چینی کرێکار یەکلاکەرەوەی سەرکەوتن و شکستی شۆڕشە نەک ڕۆشنگەری ئابوری و بەرنامە و تیۆر و پلاتفۆرمی حزبێک .

هەربۆیە ئەو "ڕۆشنگەریە ئابوریەی" مەنسوری حیکمەت چاوەڕوانی دەکا، کە وەک گۆچانی سیحری، شۆڕشی سۆشیالیستی لە ڕوسیادا بەسەرکەوتن بگەیاندایە، بەدابڕاو لە پراتیکی کرێکارانی ڕوسیە و شورا و دەسەڵاتداریێتی سیاسی ڕاستەوخۆیان خۆی نیشاندەری ئەوەیە کە دیدگای حیکەمتیزم بۆ سۆشیالیزم جیاوازە. سۆشیالیزم لەم مەکتەبە فکری و سیاسیەدا بریتیە لە ڕەچەتەیەک کە کەسانێکی ڕوناکبیر و ڕۆشنگەر ئامادەی دەکەن کە تاکو نمونە و مۆدێلی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی پێ نیشان بدەن ، ئەمەش بەتەواوەتی جیاواز و ناکۆکە بەو ڕایەی مارکس لە مانیفیستی کۆمۆنیستدا دەڵێ کە " ؛"دەرەنجامە تیۆریەکانی کۆمۆنیستەکان بەهیچ جۆرێک لەسەربیروڕاو ئسولێک دانەمەزراوە کە ئەم یان ئەو چاکخوازی جیهان دایهێنابێ یان دۆزیبێتیەوە. ئەو تیۆریانە، تەنیا ڕونکردنەوەی گشتی ئەو پەیوەندیە ڕاستەقینانەن کە لە خەباتێکی چینایەتی ئێستادا، لەبزوتنەوەیەکی مێژوویی کە لەبەرچاوماندا دەگوزەرێ، دەوەشێتەوە."*35

کورتەکەی ئەوەیە، ئەگەر چینی کرێکار لە بزوتنەوەی چینایەتی ومێژوویی خۆیدا لە ڕوسیادا شکستی هێنا ئەم شکستە سەرەتا شکستی پراتیکی چینی کرێکار بوو لە سیاسەت و دەسەڵاتداریتی دا و هاوکاتیش شکستی بەڕێوەبردنی ئەم دەسەڵاتە بوو لە مەیدانی ئابوری و گۆڕینی شێوازی بەرهەمهێنان و موڵکایەتی لە ڕوسیادا. ئەم دوو بەشە هیچ کامیان لەوی تریان جیا نین و پێکەوە پراتیکی چینێک نیشان دەدەن و شکست لە هەرکامیاندا شکستە لەوەی تریشدا. هیچ بەرنامە و گۆچانێکی سیحری ئابوری نەبوو، کە مۆدێلی سیاسی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و دیکتاتۆریەتی

حزبی بەلشەفی بکاتە خاوەن ئابوریەک کە هەموو چینی کرێکار و زەحمەتکێشی ڕوسیا خاوەن دەسەڵات و موڵکایەتی و هێزی کاریان ئازادانە و ڕاستەوخۆ کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێ. حزب و دەوڵەتێکی بەلشەفی کە لەسەر تێکشکاندنی شوراکان و لێسەندنەوەی دەسەڵات لە کۆمیتەکانی کارگە و سەندیکا کرێکاریەکان و قەدەغەکردنی ئازادی سیاسی لە ناو حزبێکی کرێکاریدا و لە ئاستی کۆمەڵگەدا دامەزرا، دەوڵەتێکی کرێکاری و دەسەڵاتی چینی کرێکار نەبوو، بەڵکو دەوڵەت و دەسەڵاتی کەمایەتیەکی حزبی بوو کە خۆی بە جێنشینی چینی کرێکار دادەنا، هەر بۆیەش نەیتوانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی سیاسی و ئابوری بکا بەسەر سەرمایەداریدا لەڕوسیا.

ئەم تێگەیشتنە لە حزب و دەوڵەت و پەیوەندیان بە چینی کرێکارەوە لە شۆڕشی سۆشیالیستی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا، بنەمای دیدگا و تیۆری و بەرنامەی "کۆمۆنیزمی کرێکاریی"ە سەبارەت بە مۆدێلی حزب و کێشەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە گەیشتن بە "حزبی سیاسی"دا. بەڵام ئەم مۆدێلە سۆشیالیزمی دەوڵەتیە نیشانی داوە کە ناتوانێ مۆدیلی حزبی کرێکاری جەماوەریی دروست بکا، کە ئیلهام لە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی کرێکاران و کۆکردنەوەی هێزی زۆربەی چینی کرێکار وەرگرێ، بەڵکو وەک حزبی نوخبەی بیرۆکراتی و کەمایەتیەکی سێکتاریست دەمێنێتەوە. ئەمەش هۆکاری سەرەکی بنبەستی پرۆسەی نیوسەدەی کۆمۆنیزمی کرێکاریە لە دروستکردنی حزبی سیاسیدا.

## پێنجەم؛ بیرۆکراتیزم و سێکتاریزم وکارەکتەری ئەفسانەیی لیدەر

لەم نیو سەدەیە لە تەمەنی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا حزب بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی بە کۆبونەوە و کۆنگرە و پلاتفۆرم نووسین و هەلبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی و لیدەر و سەرۆکەوە بەسەر بردوە .ئەم بیرۆکراتیزمە ناوی لینراوە حزبیەت و کاری حزبی. کۆمۆنیزمی کرێکاری بە چەشنی هەموو حزبەکانی مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی پەیڕەو لەهەمان هەرەمی بیرۆکراتیانەی حزب و سونەتە سێکتاریستیەکان و کارەکتەری ئەفسانەیی ڕابەری دەکا.

ئەم مۆدێلە بیرۆکراتیە لە حزبی سیاسی لە لای بەلشەفیەکان باسمانکرد وەک مۆدێلی حزبی فەرمانگەیی کە لە کاتی دیکتاتۆری حزبیەوە لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە بەتەواوەتی گەشەی کرد و گەیشتە دوا قۆناغی خۆی کە دەوڵەتی بیرۆکراتیە. ئەم مۆدێلی حزبی بیرۆکراتیە دەوڵەتیە لەگەڵ زاڵبونی سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕوسیادا، ئیتر بو بە بنەمایەکی پێویست بۆ گونجاندنی حزبی بەلشەفی لەگەڵ سیما و کارەکتەر و شیوازی کارکردنی حزبێکی دیکتاتۆریدا کە دەسەڵاتی کەمینەی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپاند. هەروەک ترۆتسکی پێشبینی کرد کە " ئەم شێوازە لە سیاسەتی ناوخۆی حزبدا بە دۆخێک کۆتایی دێت کە ڕابەری حزب جێگای حزب و دواتر کۆمیتەی ناوەندی جێگای ڕابەری دەگرێ و سەرئەنجام یەک دیکتاتۆر جێگای کۆمیتەی ناوەندی دەگرێت و دۆخێک دروست دەبێ کە کۆمیتە حزبیەکان بەبێ بەشداری جەماوەری خەڵک هەمیشە سیاسەتەکانی خۆیان دەگۆڕن." [253]

---

[253] ترۆتسکی، کتێبی" ئەرکە سیاسیەکانی ئێمە"

ئەمە مۆدێلی بەڕێوەبردنی دیکتاتۆریەتی حزبیە و میکانیزمی کارکردنی گونجاوە لەگەڵ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا لەسەر بنەمای سەرمایەداری دەوڵەتی. حزب لێرەدا دەوری کۆمپانیایەکی سەرمایەداری دەگێڕێ کە پێویستی بە ملکەچی زۆرەملێ و سەربازی ئەندامانێتی بۆ ئەنجامدانی کارەکانی. ئەم مۆدێلە لەگەڵ بەڕێوەبردنی کۆمۆنیستیانەی کۆمەڵگەدا نایەتەوە کە هەموو مرۆڤەکان تیایدا بەشدارن لە بڕیاردانی سیاسی و پلەوپۆست و پایەیەکی سیاسی لەوێدا نیە و تەنیا کاری بەڕێوەبردن و کارگوزارییە. بەڕێوەبردنێکی ئیداری بەچەشنێک ئاسان دەکرێتەوە کە خوارەوە و سەرەوە ئۆتۆماتیکی بتوانن جێگۆڕکێ بکەن.

ئێمە لە بەشی ٤ ی ئەم کتێبەدا دا،" **بۆچی لای کرێکار حزب میتافۆرە؟"**، لەسەر ئەم مۆدێلە قسەمانکرد و وتمان کە حزب بۆ چینی کرێکار میتافۆرێکە نەک دەزگایەکی سیاسی وەک دەزگای حزبی بورژوازی کە پێویستە بۆ هەمیشە بمێنێتەوە و دەسەڵاتی کەمایەتی جێگیر بکا و بپارێزی.

لە حزبی کرێکاریدا، حزبیەت بریتی نیە لە گوێگرتنی ئەندامانی خوارەوە بۆ بڕیارەکانی سەرەوە ئەوە شێوە و فۆرمی دائیرە و بیرۆکراسیە بەڵکو بریتیە لە بەشداری جەماوەری کرێکار لە خەباتی سیاسی و ڕۆژانەدا و ڕێکەوتنی سەراسەری لەسەر مەسەلەکانی ئەو خەباتە. حزبیەت مانایەکی تری هەیە، بریتیە لە یەکگرتوو بونی چینی کرێکار. ئەگەر هەر حزب و ڕێکخراوێک توانی کرێکاران لە خەباتی ڕۆژانەی چینایەتیاندا یەکگرتوو بکات بەرامبەر بە سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان، ئەوا پەیوەندی نێوخۆی ئەو ڕێکخراوە کرێکاریە بەهێزدەبێ. حزبیەت چالاکیەکی ڕاستەوخۆی ئەندامانی هەموو حزبە لەو بڕیار و مەسەلانەی لە بەردەم خەباتی

---

https://www.marxists.org/archive/trotsky/1904/tasks/ch04.htm"

چینایەتی دایە. ئەگەر حزب ئەم بنەما کرێکاریەی نەبوو و وە ئەندامەتی مانای گوێ بە فەرمان بوونی ئەندامان بوو بۆ چەند کەسێک، کە هەر چەند ساڵ جارێک لە کۆنگرەیەکدا هەڵدەبژێردرێن، ئەوا حزبیەت دەبێتە کارێکی پاسیڤ، کە مەگەر گروپیکی ئایدیۆلۆژی و نا کۆمەڵایەتی بتوانێ بە پێی عەقیدە ئیلتزام و دیسپلین لەو رێکخراوەیەدا دروست بکا. حزبیەت بەرژەوەندیەکی مادی کرێکارە، کە لە خەباتی رۆژانەیدا پێویستی پێیەتی تاکو بتوانێ دیفاع لە کرێ و موچەی پێ بکا، ئازادی سیاسی پێ بەدەست بێنێ یان دەسەڵاتی بورژوازی پێ لابەرێ. ئەگەر ئەمانە کاری رۆژانەی حزبێک نەبن، ئەوا ناتوانین باسی حزبیەت بکەین. هەربۆیە کێشەی حزبیەت کێشەی مۆدیلی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و گروپە کۆمۆنیستیەکانی ئێستایە. کێشەی کۆمۆنیزمی سەردەمی ئێمەیە کە لە پەراویزی کۆمەڵگەدایە. ئەم کۆمۆنیزم و حزبە پێویستی بە گۆڕانکاری ڕیشەیی یە، تاکو بتوانرێ حزبیەت و خۆ دیسپلینی ببێتە دیاردەیەک لە نێوکرێکاران و کۆمۆنیستەکاندا، وە تاکو چیتر لە ژێرناوی جۆراوجۆردا ڕیزەکانی خەباتی کرێکاران و حزبەکەیان دابەش نەبێ بە گروپی جیاجیای سێکتاریستی و بیرۆکراتیەوە. حزبیەت مانای یەکگرتوو بوونی چینی کرێکار و دابەش نەبوونێتی بەسەر گروپی سێکتاریستی جیاجیادا.

لە کتێبی "میری مۆدێرن" دا گرامشی، باسی سەنترالیزمی دیموکراتیک وەک پێچەوانەی سەنترالیزمی بیرۆکراتیک دەکا. ئەو باسی پەیوەندی "ئۆرگانیکی" بەشەکانی حزب دەکا نەک دابەشکردنی پۆستەکانی ڕابەری و ئەندام و ملکەچی خوارەوە بۆسەرەوە. سەنترالیزم لە بزوتنەوەی کرێکاریدا "مانای جێگیرکردنی بەردەوامیە لە ڕێکخراو کردنی بزوتنەوە ڕاستەقینەکەدا، وەک یەک بوونی ئەو هێزەی خوارەوەیە لەگەڵ بڕیارەکان کە لە سەرەوەیە، بەشداری بەردەوامی ئەو توخمانەیە کە لە خوار پلەدارەکانەوە دێن و بەرزکردنەوەی ئەم توخمانەی خوارەوەیە لە

چوارچێوەی دەزگای لیدەرشیپی کە زەمانەتی بەردەوامی و کۆکردنەوەی ڕێکوپێکی تەجروبەکان دەکا". ئەمە نمونەی "ڕۆحی دەوڵەت" ی کاتیی کرێکارانە، کەپێمان دەڵێ کە چۆن چینی کرێکار لە ئێستاوە لە قوتابخانەی حزبدا خۆی ڕادەهێنێ لەسەر دژایەتی بیرۆکراتی "فەرمانبەرانی دەوڵەت" و هەڵوەشانەوەی حزب ودەوڵەت و بیرۆکراتیەتەکەی. لێرەوە حزبی کرێکاری خۆی وەکو ئەنتی تێزی حزبی بیرۆکراتی بورژوازی نیشان دەدا.

گرامشی دەڵێ "دەرکەوتنی بیروکراتی نیشانەی پڕ بوونی گروپی لیدەرە، کە دەبێتە هێزێکی محافەزەکار و داخراو کە لەدایک بونی هێزی ئۆپۆزسیۆن دەخنکێنێ، هەرچەند ئەو هێزانە هاوئاهەنگیش بن لەگەڵ بەرژەوەندیە سەرەکیە زاڵەکانیشدا." هەربۆیە گرامشی بیروکراتیەت وەک خەتەرترین پەیوەندی شاراوە باس دەکا و وەک هوبسبام دەڵێ؛ "گرامشی ئاگاداربووە لە خەتەری بیرۆکراتی و مەرکەزیەتی بیرۆکراتی و دژی گەشەی ستالینی بوە لە سۆڤیەتدا و ئەمە کێشەی لە زینداندا بۆ دروست کردوە. ئەمە هەمان ئەو هوشداریانەیە کە مارکس دەیدات کاتێک دەڵێت "چینی کرێکار دەبێ خۆی لە نوێنەرانەکانی و فەرمانبەرەکانی بپارێزێ" و فێرمان دەکا کە حزب و سیاسەت ئامڕازن بەدەست چینی کرێکارەوە بۆ ئامانجی کۆتایی هێنان بە چەوسانەوەی سەرمایەداری و جیاوازی چینایەتی و هەرکات ئەم ئامڕازانە پیرۆزکران ئەوا بزانن کە ئامانجەکە لە پیرۆزی کەوتووە[254].

لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیەوە گرامشی جیاوازیەکانی حزبی کرێکاری لەگەڵ حزبی نوخبە و بیروکراسیدا لەژێر ڕۆشنایی تەجروبەی سیستمی سیاسی حزبی

---

[254] سێکتاریزم و بیرۆکراتی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا
http://www.asokamal.com/index/?p=1635

بەلشەفیک دەخاتەڕوو. هاوکات گرامشی وەک "میکاڤیللی تیۆریسیەنی ئەوەیە کە چۆن کۆمەڵگە (سیاسی) یەکان پەیدا بوون و دەگوێزرێنەوە" و دەوری ئەو لە زانستی سیاسیدا ئەوەیە کە لەدوای ئەوەوە "خوێندن و لێکۆڵینەوە لە مێژوو و دۆخی چینەژێردەستەکان بوە مەیدانێکی دراسە لە هەموو جیهاندا، وە وەک بەشی (Historiography) هاتەئارا. لە ئێستادا چۆن ئاماژە بە مارکس ناچاریە لە زانستی ئابوری کاپیتالیستیدا، ئاواش خۆلادان لە گرامشی ئاسان نیە لە زانستی سیاسی و باسی کۆمەڵگەی مەدەنی سەرمایەداریدا[255].

گرامشی لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە سیاسەتدا ئاسۆ و ڤیژنێک دەخاتە بەردەممان کە زیندویەتی هەوڵەکانی ئەو تا ئەمڕۆ تەعبیر لێ دەکەن و وەک هۆبسباوم دەڵێ "وشەکانی شایەنی هەزمکردنە لەمڕۆماندا". هەر بۆیە ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەدا وەک سەرچاوەیەکی زانستی مامەڵەمان لەگەڵ کردووە و بە کارمان هێناوە.

هەربۆیە کۆمۆنیزم و چینی کرێکار بۆ دروستکردنی حزبێکی سیاسی پێویستی بەم زانستەی گرامشی هەیە، تاکو بزانێ چۆن لە ڕێگەی ئەو زانستە سیاسیانەی دەیخاتەڕوو دەتوانێ وەڵامی ئەوەمان بداتەوە، کە حزب لە چ پرۆسەیەکدا دەبێتە هێزێکی سیاسی و پێویستە چ ستراکتۆرێکی هەبێ و چ جیهانبینی و فەلسەفەیەک لە پشت کاری سیاسی و کەلتوری کۆمۆنیستیەوە هەیە و چ خوێندنەوەیەکی بۆ تەجروبەی تا ئێستای حزبی هەیە بەبەراورد لەگەڵ ئەم زانستەدا؟

هەربۆیە ئێمە بۆ بنیاتنانی حزبی کرێکاری و سیاسی پێویستمان بە گرامشیە لەپاڵ مارکسدا، هەرچۆن پێویستمان بە هەر هەوڵێکی تیوری و تەجروبەی کۆمۆنیسەکانی

---

[255] گرامشی و حزبی سیاسی
http://www.asokamal.com/index/?p=1592

تریشه وەک لینین، ترۆتسکی و مەنسور حیکمەت و ئەوانی تر. وەک گرامشی دەبینێ کە ،هەر هایراکی و پلەبەندیەکی مەقامات دروست کردن بێ عەقڵانە و بێ سودە، چونکە ئەم ئینسانانە نوێنەری دەورەی جیاجیابون؛ هی زانست و چالاکی ،کە ئینسجامیان هەیە یان نا هاوئاهەنگن لە هەمان کاتدا. ئەم تەجروبانەی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو دەبێت ببێتە میمۆریەکی زیندووی بزوتنەوەیەکی مێژوویی چینایەتی ئێمە، کە یارمەتیمان دەدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای عەمەلی سەخت و ئاڵۆزی بنیاتنانی دنیایەکی ئازاد و یەکسان.

ئەگەر بێینەوە سەر ئەو پرسیارە سەرەکیەی بەردەم کۆمۆنیزمی کرێکاری کە دەردی نەبونی "حزبی سیاسی" یە و بپرسین بۆ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە بۆچی بەلای گرامشیدا نەچوین؟ لە کاتێکدا کۆمۆنیزم خۆی بریتیە لە بزوتنەوەیەکی مێژوویی چینایەتی کە تیۆرو دەرسی سەرکەوتنەکان و شکست وتەجروبەکانی خۆی لەبەرچاودەگرێ بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم و پشت بەستن بەم هەوڵە مێژوویانە، وە ئەمانە لەناو خەباتی عەمەلی و سیاسیدا ڕەنگ دەداتەوە.

وەڵامەکەمان ئەوە دەبێ کە، کۆمۆنیزمی کرێکاری درێژەپێدەری ئەم مێژووەی ڕەخنەی گرامشی نیە، بەڵکو هەروەک زۆربەی حزبە کۆمۆنیستیەکان درێژەپێدەری مۆدێلی بیرۆکراتی بەلشەفیە لەکاتی دەسەڵاتدا. هەر ئەمەش نیشانەی ڕەخنەگرتنی سەرپێی مەنسور حیکمەتە لە گرامشی و ڕیزکردنی گرامشی لەپاڵ مۆدێلەکانی (ڕەوەندی ڕووسی بۆ نموونە، یان ڕەوەندی ترۆتسکیست، چەپی نوێ، یان ڕەوەندی ئۆرۆکۆمۆنیزم) دایە.

بەپێچەوانەی ئەم دەرکەی حیکمەتیزمەوە لە گرامشی، ئەو لە کێشەکانی بەردەم بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی کۆڵیوەتەوە . یەکێک لەو ئەنجامگیریانەی پێی گەیشتووە ئەوەیە کە، ئەم بزوتنەوەیە نەتیوانیوە هەژمونی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا

بسەپێنێ بەهۆی دەرک و پراتیکی سێکتاریستانەی لە دەوری مێژوویی و چینایەتی خۆی. زاڵبونی ئەم سێکتاریزمە بەسەر گروپە ڕۆشنبیریە کۆمۆنیستیەکاندا ،و لەوانەش کۆمۆنیزمی کرێکاریی، ئەم ڕاستیەی ئەنجامگیریەکەی گرامشی دەسەلمێنێ.

گرامشی ئاناتۆمی ئەمستراکتۆرە سیاسی و دامەزراوەییەی مۆدێلی حزبی کردووە لە ژێر ڕۆشنایی تەجروبەی مۆدێلی بیرۆکراتی بەلشەفی لە دەسەڵاتدا و بەو ئەنجامگیریانەی سەرەوە گەیشتووە، کە جیاوازی ڕیشەیی لە نێوان حزبی کرێکاری و حزبی بیرۆکراتی و سێکتاریستیدا هەیە.

هۆبسبامیش ئاماژە بە سەرچاوەی ئەم کێشانەی بیرۆکراتی و سێکتاریزم دەکا و دەڵی "باسەکانی ڕێکخستن و ستراکتۆر و لیدەرشیپی لە کاتی ئینتەرناسیونالی دووەمەوە دەستی پیکرد. بەهۆی شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەریشەوە، نەک تەنیا سەبارەت بە ستراتیژی بردنەوەی دەسەڵات، بەڵکو کێشەکانی سەبارەت بە گواستنەوە بۆ سۆشیالیزمیش دووبارە حسابکردنەوەی دەویست. لەسەر ئەوەی کە ئایا کۆمەڵگەی سوشیالیستی دەبێ چ ستراکتۆرێکی سیاسی و دامەزراوەیی هەبێ؟ ئەمە بووە کێشەی نێوان کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت و ماویزم و کۆمۆنیزمی ئەوروپایی."[256] لەم مێژووەوە ئێمە شاهیدی جۆرێک لە حزب و دەوڵەت و سۆشیالیزمین کە کێشەی سەرەکی لەگەڵ ئەو مۆدێلە فکری و سیاسی و عەمەلیەدا هەیە کە دەبێ حزبی کرێکاری و کۆمۆنیزم هەیبێ.

دوالیزمی کێشەی بیرۆکراتی و سێکتاریستی کارەکتەرێکی ئەم مۆدێلە سیاسیە لە حزب کە لە سۆشیالیزمی دەوڵەتی سۆڤیەت و چینەوە بوەتە قاڵبی زاڵی شێوەی

[256] هۆبسباوم، چۆن جیهان بگۆڕین،
http://www.asokamal.com/index/?p=1616

ڕێکخستنی حزبی لە بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا. هەربۆیە هەر ڕەخنەگرتنێک لەم دوالیزم و کارەکتەرانەی حزب پێویستە بەرەو ڕەخنەگرتن لە خودی مۆدێلی سیاسی حزب ودەوڵەت لە سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمدا بچێ کە ئەم جۆرە لە حزبی بیرۆکراتی و سێکتاریستی نوێنەرایەتی دەکا. ئێمە لە بەشی پێشودا چووینە سەر ئەم ڕەخنە ریشەیی یە، بەڵام لێرەدا چەند خاڵێک سەبارەت بە سێکتاریزم و کارەکتەری ئەفسانەیی لیدەر وەک بەرزترین ئاستی بیرۆکراتی باس دەکەین.

سێکتاریزم وەک فکر و سیاسەت و چوارچێوەی ڕێکخراوەیی دەربڕینێکی پێچەوانەیە لە کۆمۆنیزم. کۆمۆنیزمی کردۆتە مەکتەبی فکری جیاواز بەناوی مارکسیزم، لینینزم، ستالینیزم، ترۆتسکیزم،ماویزم، حیکمەتیزم و هتد.. وەک سیاسەت و ڕێکخراویش هەرکام لەم حزب و گروپانە بەرنامە و سنوری ڕێکخراوەیی خۆیان کردۆتە قاڵبێک کە چینی کرێکار دەبێ لە ڕێگای ئەوانەوە خەباتی چینایەتی بەرێتە پێش و بەپێی ئەو سێکتانە دەوڵەت و سۆشیالیزم دامەزرێنێ.

گرامشی نمونەی مەسیحیەت وەک سێکت دەهێنێتەوە و باس لەو جیاوازیانە دەکات کە کۆمۆنیزم لەگەڵ دیندا هەیەتی. ئەو پلەبەندی هایراکی لە نێوان مارکس و لینیندا بە بێ عەقڵانە و بێ کەڵک دەزانێ بەپێی ئەوەی ئەمانە هەوڵی زانستی و پراتیکی دوو دەورانی جیاجیای چینێکن کە هاوئاهانگ و جیاوازیشن لەیەکتر. ئەو دەڵی "لە کریستیانەتیدا لەبەرئەوەی مەسیح پلەی ئیلاهی هەیە نەتوانراوە سانت پۆل ، کە ڕیکخەر و کردار و فراوانکردنەوەی هەمان دنیابینیە، لەپاڵیدا مەسیح دابنرێ و کریستیانەتی ناوبنرێ"مەسیحەیەت – پۆلینیزم". ئەم سێکتەش لە کۆمۆنیزمدا بەهەمان شێوە بەناوی کەسە جیاجیاکانەوە دروستکراوە و هەرکام لە "یزم"انە هایراکی یەکیان کردۆتە مێژووی کۆمۆنیزم، کە مێژووی ڕاستەقینەی بزوتنەوەیەکی مێژوویی و چینایەتیان پێ سڕیوەتەوە و قاڵبێکی ئایدیۆلۆژیان بۆ کۆمۆنیزم

دروستکردووه، که سنورەکانی نەک بە پراتیکێکی مێژوویی و جەماوەری دیاری دەکرێ، بەڵکو بە تێکستەکانی ئەم تاکە کەسانە و پەیڕەوانیان تەلبەندکراوە. "کۆمۆنیزم لێرەدا بووە حەز و خورافە و بووەتە مێژووگەری (historicism) مۆدێرن. " ئەمە بە پێچەوانەی ڕوانگەی ماتریالیستیەوەیە بۆ مێژوو[257].

لێرەدا خاڵێکی گرنگ لە بواری خورافەی بیرۆکراتیدا دەبێ ئاماژە پێ بکەین کە ئەویش لیدەری حزبە، وەک بەرزترین ئاستی بیرۆکراتی تیۆری ڕێکخستن و "حزبی سیاسی".

لە بەشی پێشودا وەک نمونەیەک باسی لیدەرشیپی لای "مەنسور حیکمەت" م هێنایەوە. لێرەدا تەنیا وەک خاڵێک لە پەیوەند بە دروستبوونی کارەکتەری ئەفسانەیی بیرۆکراتیزم باسی دەکەین، کە لەمێژووی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا لە دوای لینینەوە بووەتە تێگەیشتنێکی زاڵ لەدەوری تاکە کەسیدا. ئەمە خۆی ئەنجامی زاڵ بوونی مۆدێلی دیکتاتۆری حزبی و سۆشیالیزمی دەوڵەتییە لە جێگای مۆدێلی کۆمۆنیزم.

لە مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتیدا، حزب پێویستی بە چڕ بوونەوەی دەسەڵات بووە لە دەستی کەمایەتیەک و تاکەکەسێکدا وەک بەشێک لە پێکهاتەی دەوڵەتی دیکتاتۆری حزبی و ئەمەش کراوەتە پێویستی هێنانە ئارای ئایدیۆلۆژی بەناوی کەسەکانەوە، وەک مارکسیزم، لینینزم، ستالینیزم، ترۆتسکیزم، ماویزم، حیکمەتیزم و هتد..

---

[257] سێکتاریزم و بیرۆکراتی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا
http://www.asokamal.com/index/?p=1635

مەنسور حیکمەت لیدەرشیپی بە یەکێک لە پێویستیەکانی "حزبی سیاسی" دەزانی، بەڵام لە کاتێکدا خۆی ناتوانێ دەوری لیدەر بگێرێ، ئیتر ئەم پۆستە بەشایستەی کەسێکی تر لە حزبدا نازانێ، چونکە کەسی تر نیە خاوەنی "ئۆتۆریتەیەکی سیاسی و مەعنەوی جێکەوتوو، کە یەکگرتوویی کۆمیتەی ناوەندی و تەواوی حزب لەژێر ڕابەرایەتی خۆی ڕابگرێ"٠."ئەگەر بەم جۆرە نەبێت، ئەوا ئەشێ، بەیەکێک لە گەورەترین کێشەکانی ڕێکخراوەیی ڕابەری، بگۆڕێت." [258]

ئەم تێڕوانینە لە حزب کە لیدەری تەنیا بە توخمێکی ئەفسانەیی دەکرێ، هۆکارەکەی چڕ بوونەوەی دەسەڵاتێکە کە لیدەر هەیەتی و کەسانی تر نیانە. لەم سیستەمەدا لیدەر مافی ڤیتۆی بڕیارەکانی پۆستەکانی تری ژێر دەستی خۆی هەیە، وەک ڤیتۆی بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی یان مەکتەبی تەنفیزی. ئەمە ئۆسۆریتی یە Authority واتە دەسەڵاتدارێتیە، نەک ئەفسانەی ئەوەی ئۆتۆریتە وەک مادەیەکی ئەفسانەیی دەگمەنە، کە تەنیا یەک کەس لێی بەهرەمەندە و کەسانی تر بێ ئۆتۆریتەن.

بۆچی شەڕ لەسەر ئۆتۆریتە یان دەسەڵات وەک مەنسور حیکمەت دەڵێ دەبێت "بەیەکێک لە گەورەترین کێشەکانی ڕێکخراوەیی ڕابەری". ئەمە چ جۆرێک لە حزبی کرێکاریە کە لەسەر دەسەڵات و پۆست لە کێشە و شەڕی ناوخۆدایە؟ لە کاتێکدا دەبێ فەلسەفەی حزبی کرێکاری وەک "ڕۆحی دەوڵەتی پرۆلیتاریا" نەهێشتنی ئۆتۆریتە و دەسەڵاتدارێتی و دەوڵەت بێت؟

ئەم تێگەیشتنەی حیکمەتیزم لەسەر کارەکتەری بیرۆکراتی و دیکتاتۆری حزبی و مارکسیزم و لینینزم و دەوری ئەفسانەیی لیدەر هەیەتی، لە قسە و باسەکانی

---

[258] مەنسور حیکمەت ، هەڵبژاردەیەک لە نوسراوەکانی، ل١٥٥،سالار ڕەشید.

سەبارەت بە تەجروبەی سۆڤیەت بە ئاشکرا دەردەکەوێ، کە پێشتر بە دوور و درێژی باسمان کرد.

مەنسوور حیکمەت سەرەڕای ئەو هەموو ڕەخنە دروستانەی لە سۆڤیەت و سەرمایەداری دەوڵەتی گرتی، بەڵام دەوڵەتی سۆڤیەت لەکاتی لینیندا بە "حکومەتی کرێکاری" ناودەبا و هیچ ڕەخنەیەکی ڕیشەیی لە دیکتاتۆریەتی حزبی نیە و پێی وایە کە ئابوری دەوری بوە لەوەی دەسەڵات لە دەست کرێکاراندا نەمێنێ . مۆدێلی سیاسی دەوڵەت و دەوری سیاسەت و حزب و دەوڵەت لە کاتی شۆڕشدا کە پێوەرێکی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی دەورانی شۆڕشگێڕانە و ڕاگوزەری دوای شۆڕشی سۆشیالیستیە نادیدە دەگرێ و هەر ڕەخنەیەک لە دەسەڵاتی بەلشەفیەکان بەڕەخنەی دیموکراتی ناودەبا. ئەمە نیشانەی هاوبەشی فکری حیکمەتیزمە لەگەڵ مۆدێلی دیکتاتۆری حزبی بەلشەفیەکاندا و تێگەیشتنی هاوبەشی مەنسور حیکمەتە لەگەڵ لینین لەسەر ئاناتۆمی حزبی کرێکاری لەهەمان دیدگای حزبی بورژوازیەوە. کە لەبەشی پێشوودا ئەم هاوبەشیەمان ڕوون کردەوە.

هەروەک مەنسور حیکمەت پێشبینی دەکرد، لەدوای نەمانی خۆیەوە ئەم دیدگایە بۆ لیدەر بوە مایەی ئەوەی شەڕی ڕەوایەتی ئۆتۆریتە بۆ لیدەری لە نێوان کۆرشی مودەرسی و حەمیدی تەقواییدا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران بکات بەدوو بەشەوە. وە دوای ئەویش شەڕ لەسەرئەوەی کێ نوێنەرایەتی خەتی حیکمەتیزم دەکا لە نێوان حزبی حیکمەتیستی کرد بە دوو بەشەوە. دوای ئەمەش جیابوونەوەی تر بەهۆی ئەم شەڕی ئۆتۆریتە و میراتگریەی نێو کۆمۆنیزمی کرێکاری درێژەی هەیە.

ئەم جیابوونەوانە هەرچی زیاتر سێکتاریزم و بیرۆکراتیزمی نێو ئەم جۆرە کۆمۆنیزمە "کرێکاری" یەی نیشاندا. سێکتاریزمێک، کە لە ئەنجامی چەندین ساڵی زاڵبوونی ئیدەی خۆجیاکردنەوەی نەزەری لەچەپ و گروپە ڕۆشنبیرەکانی چینی کرێکار، ئەم

سێکتەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرهەمی هێنابوو، ئیتر بەهەمان دیدگا و میتۆد لەنێو خۆی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریشدا هیچ جیاوازیەکی نەزەری و سیاسی قبوڵ نەدەکرا و پێویست بە "خەباتی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخراوەیی" بوو تا لایەک لاکەی تری بکاتە دەرەوەی حزب لەژێر ناوی "ڕێگرن لە حزبی سیاسی" یان لە خەتی "مەنسور حیکمەت" لایانداوە.

بەکورتی سێکتاریزم و بیرۆکراتیزم کارەکتەرێکی دوالیستی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و هەموو ئەم مۆدێلانەیە کە ئەم جۆرە لە حزبی سیاسی پێک دێنن. کاتێک سێکتاریزم دەبێتە قالّبی حزب و بزوتنەوەیەک ئەوا میکانیزمی کارکردنی ئەم حزب و گروپە بیرۆکراتیانە دەبێ. کێشانی ئەو سنورانەی کە حزب و گروپەکە خۆیان لە یەکتری پێ جیادەکەنەوە دەبێتە شێوازی جیابونەوەی ئەم گروپی ڕۆشنبیرانە لە چینەکەش. هەروەک گرامشی دەڵێ "لەم حاڵەتەدا کە لیدەرەکان و جەماوەر هاوئاهەنگ نابن ئەوا "ڕابەرەکان" توشی شەلەل دەبن و حاشیەیی دەبن. "لە نەبونی پەیوەندی ئۆرگانی لە نێوان ڕوناکبیران و جەماوەری کرێکاراندا یان کورتکردنەوەی ئەم پەیوەندیە بۆ پەیوەندی بیرۆکراتی "ڕابەری" بە "ئەندامانەوە" ، ئەم ڕوناکبیر و ڕابەرانە دەبنە تاقم و دەستەیەک کە خۆیان بە "سەربەخۆ" لە چین دەزانن و خۆیان "بەدەوڵەت" دەزانن. هەربۆیە توشی کاردۆنیزم دێن، واتە هەوڵنەدانی لیدەر بۆ قەناعەت پێکردنی ئەو کەسانەی لیدەریان دەکا و داوای دیسپلین و ملکەچیان لێ دەکات بەبێ نیشاندانی عەقلانیەت. لە کاتێکدا لە حزبی کرێکاریدا ئەبێ لە گروپی لیدەری بپرسرێتەوە نەک ملکەچی بیت. ئەمە جیاوازی فەلسەفەی حزبی کرێکاریە لە حزبی بورژوازی کە سەرەوە خزمەت دەکا نەک سەروەر بێت[259].

---

[259] سێکتاریزم و بیرۆکراتی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا،

ئەم ڕەوتی بیرۆکراتیزمە دوای مەنسور حیکمەتیش بەردەوامە لە داهێنانی پۆستی سەیر و نامۆ بە ڕێکخستنی کۆمۆنیستی. یەکێک لەو نمونانە پۆستی "ئەنجومەنی ئەمیندارانی حزبە" کە لەلایەن کۆرشی مودەرسیەوە هێنرایە ئارا و کراوە بە بڕیارنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری –حیکمەتیست و حزبی کۆمۆنیستی کوردستانیش. ئەم پۆستە کە منیش لە کۆنگرەی ٣حزبدا بوومە یەکێک لە کاندیدەکانی بۆ ئەم پۆستە پاسیڤ ترین جۆری بیرۆکراتیزمی حزبیە. بەکورتی ئەم پۆستە بریتیە لەوەی کە کاری ئەندامەکانی چاودێری ئەندامانێکی ترە کە کاری پراتیکی و سیاسی دەکەن و لە بڕیارەکان دەکۆڵێتەوە و ڕای ڕاوێژکاری لەسەر دەدا.

لێرەدا حزب دەبێتە ئۆرگانێک کە وەک هەر فەرمانگە و دامەزراوەیەکی بیرۆکراتی کە پۆستی چاودێری و ڕاوێژکاری بەو کەسانە دەسپێردرێ کە ماوەیەک لە ژیانیاندا کاریان لە حزبدا کردوە و گواستنەوەی تەجروبەکانیان بۆ ئەندامانی تر لەڕێگەی ڕاویژکاریەوە دەبرێتە پێش. لەمەش زیاتر "ئەم ئەنجومەنە بۆی هەیە بڕیاری ڕابەری حزب بگەڕینێتەوە تا جارێکی تر باس بکرێ و پەسەند بکرێتەوە" و "دەبێ ئەندامەکانی لانی کەم ١٠ساڵ لە حزبدا ئەندام بن و ٥ ساڵ لە کۆمیتە باڵاکانی حزبدا بن". ئەم ئەندامانە نابێ لە کۆمیتە و ئۆرگانە باڵاحزبیەکاندا ئەندام بن"[260] و هتد..

ئەمانە بەشێک لەو پەیڕەوە ناوخۆیانەی کۆمۆنیزمی کرێکارین کە نیشانەی ڕیشە داکوتانی بیرۆکراتیزمێکە کە هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ شێوەی کارکردنی کرێکاران لە خەباتی سیاسی و جەماوەریدا نیە کە ئیلهامی لە بەڕێوەبردنی کۆمۆنیستانەی

---

http://www.asokamal.com/index/?p=1635

[260] پەیڕەوی ناوخۆی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری -حیکمەتیست
http://www.hekmatist.com/k154asas.htm#_Toc181515861

کۆمەڵگەوە وەرگرتبێ و بەڵکو هەمان سونەت و نەریتە بیرۆکراتیەکانی ناو حزبە بورژوازیەکانە کە پلە و پۆست و تەمەنی ڕێکخراوەیی و جێگیرکردنی ئەم پۆست و پایانەی پێویستە.

ئەم ڕاستیانەی سەرەوە نیشانمان دەدا کە کۆمۆنیزمی کرێکاریی لەناو گروپی ڕۆشنبیرانی چینی کرێکاردا نیو سەدە لەتەمەنی تێپەڕکردوە. بەپێی ئەو کارەکتەرانەی سەرەوەش کە باسمان کرد نیشانی دەدا کە سەربەهەمان مێژووی گروپە ڕۆشنبیرەکانی چینی کرێکارە، کە لەهەوڵی بەردەوامدا بوون کە کێشەکانی کۆمۆنیزمی سەدەی بیست چارەسەر بکەن، بەڵام بەهەمان دیدگای زاڵ بەسەر کۆمۆنیزمی سەدەی بیستدا، کە دیدگای سۆشیالیزمی دەوڵەتی بووە. ئەم جۆرە سۆشیالیزمەش جۆرێک حزب بەرهەم دینێ کە حزبێکی سێکتاریستی گروپێکە کە خۆی بە نوێنەر و جێ نشینی چینی کرێکار دادەنێ و بەم پێیەش وەک نیو سەدەی ڕابردوو نیشانی داوە ناتوانێ ببێتە حزبی سیاسی چینی کرێکار، ئەگەر ئەم قاڵبە بیرۆکراتی و سێکتاریستیانە جێ نەهێڵێ.

# ٢٢

# كۆمۆنیزمی كرێكاریی كوردستان

باسی كۆمۆنیزمی كرێكاریی لە كوردستان باسی مێژووی نزیك بە چوار دەیە یە لە كاری سیاسی و جەماوەری، كە وەک بەشدارێكی ئەم بزوتنەوەیە دەرس و تەجروبەی زۆری هەیە باسی بكەین. بەڵام لەم كتێبەدا شوێنی باسی ئەم مێژووە سەرتاپاگیرە نیە. هەردوو كتێبی "مێژوویەک لە یادەوەریدا" و "مەلەكردن بە پێچەوانەی شەپۆل"ی هاوڕییان "سالار ڕەشید" و " ڕیبورا ئەحمەد" باسی گروپەكان و باس و چالاكیەكانیان تێداكراوە، كە بەشیوەی گفتووگۆ یان نووسین لەلایەن ئەندام و هەڵوسوراوانی ئەم گروپانەوە ئامادەكراوە. لێرەدا من لەسەر كێشەكانی ئەم كۆمۆنیزمە قسە دەكەم لە چوارچێوەی گروپ و حزبەكانی كۆمۆنیزمی كرێكاریدا.

## سەرهەڵدانی كۆمۆنیزمی كرێكاریی

كۆمۆنیزم لە كوردستان وەک بەشێک لە سیستمی سەرمایەداری جیهانی، وە وەک باقی شوێنەكانی تری جیهان، لە ژێركاریگەری سۆڤیەت و چیندا گروپە سیاسی و ڕۆشنبیریەكانی شیوعی و ماوی تیایدا دەركەوتن. كۆمۆنیزمی كرێكاری لەسەر بنەمای ڕەخنە لەم دوو ئۆردوگایە لە شۆڕشی ئێرانی ١٩٧٩ سەریهەڵدا و لەسەرەتای هەشتاكانەوە كاریگەری لەسەر كوردستانی عێراق دانا و جیابونەوەی زۆربەی

كۆمۆنیستەكان لە كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان ڕویدا. لە خۆپیشاندانەكانی خوێندكارانی شارەكانی سلێمانی و كەركوك و هەولێردا كۆمۆنیستەكان وەك كەسانی چالاك دەركەوتن لە ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤دا، بەتایبەت لە كاتێكدا یەكێتی نیشتمانی خەریكی گفتوگۆبوو لەگەڵ بەعس. لەدوای ئەمەوە ئیتر گروپە چەپ و كۆمۆنیستیەكان وەك "ڕەوتی كۆمۆنیست"، "بەرزە"، "كرێكارانی كۆمۆنیست"، "پرۆلیتاریای كۆمۆنیست"،"ئۆكتۆبەر"،"دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا"،"یەكی ئایار"و"یەكێتی خەباتی كۆمۆنیزمی كرێكاری" و چەند گروپی تر لە سەرەتای هەشتاكان تا ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١دروست بوون.

ئەم گروپانە هەموویان ئەڵقەی ڕۆشنبیری بوون، كە نوسراوەی كۆمۆنیستیان دەردەكرد و ڕەخنەیان لەیەكتر و لە ناسیونالیزمی كورد دەگرت. ئەم گروپانە زۆرتر كەسانی خوێندكار و هەڵاتوی سەربازی بووین، كە پەیوەندیمان بە كرێكاران و ناڕەزایەتیەكانەوە یان نەبوو یان زۆرلاوازبوو. بەهۆی سەركوتی بەعس و نەبوونی خواستی بەشداری لە شەڕی چەكداری دژی بەعسدا لە ئەجێندای كۆمۆنیستەكاندا، قاڵبێكی ناكۆمەڵایەتی و نهێنی بۆ چالاكی ئەم گروپانە دروست بوو بوو. ئەندامەتی لەم گروپانەدا بریتی بوو لەوەی كە خەریكی خوێندنەوەی نووسینەكانی مەنسور حیكمەت و حزبی كۆمۆنیستی ئێران ببین و جاربەجار بەیانامەیەك دەركەین .
هیچ چالاكیەكی سیاسی و جەماوەریش نەبوو كە فشار لەسەر ئەم جۆرە كۆمۆنیزمە دابنێ تا ئەم قاڵبە لە چالاكی نا كۆمەڵایەتیەی بگۆڕێ. هەندێكمان وەك هەڵسوراوانی ناو كرێكاران چەند نموونەیەكمان لە ڕێكخستنی مانگرتن، چوونە نێو كرێكاران، یەكگرتووكردنی كرێكاران لە سندووقی هاوپشتی، كۆبوونەوەی گشتی و گرتنی جەژنی یەكی ئایار نیشان دا، بەڵام ئەمانە گشت لە گۆشەیەكی بچووك، لە كارگە، ناوەندی بچووك و بێ كاریگەردا بوون لە ئاستی كۆمەڵگەدا، وە هەروەها نەبووە سوننەتی كاری بزووتنەوەی چەپ و كۆمۆنیستەكان. هەربۆیە مانەوە لە قاڵبی گروپی بچوك

و دابڕاو لەیەکتری لەگەڵ ئەو کارەکتەرە سێکتاریستیەی خودی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دەهاتەوە، کە لەبەشی پێشودا بەدرێژی باسمانکرد.

**دانانی بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی بۆ عێراق و خۆجیاکردنەوە لە چەپی ناکرێکاری،** هەمان تایتڵی کاری کۆمۆنیزمی کرێکاری بوو لە عێراقیشدا. لەکاتێکدا بۆ گەیشتن بە بەرنامە هیچ هەوڵێکی تیۆری لە ئارادا نەبوو، کە خەریکی لێکدانەوەی ئابوری و سیاسی کۆمەڵگەی عێراق بێ و یاخود ڕەخنە لە بەرنامەی حزبی شیوعی و کۆمەڵەی ڕەنجدەران بگرێ، بەڵکو ئەوەی مەنسور حیکمەت و بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران و دواتریش "دنیایەکی باشتر" دەیوت هەر ئەوە دەوترایەوە و پەسەند دەکرا.

بەڵام لە ڕەخنەگرتن لە چەپی ناکرێکاریدا هەموو ئەم گروپە ڕۆشنبیرانە، کە هەموویان لەهەمان گروپی خوێنی کۆمۆنیزمی کرێکاری بوون، کەوتبونە تاوانبارکردنی یەکتر بەم تارماییەی چەپی ناکرێکاری. لەکاتێکدا کە نووسراوەکانی یەکترمان دەخوێندەوە هیچ جیاوازیەکی سەرەکیان نەبوو لە یەکتر. ئەم بەراوردە تائێستاش ڕاستە لەنیو گروپ و حزبەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و هەر چاودێرێکی دەرەوەی ئەمە دەبینێ.

هەربۆیە باسی بەرنامە و خۆجیاکردنەوە لە چەپ تەنیا وتنەوەی بۆچونەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسور حیکمەت بوو، نەک کارێکی جدی تیۆری و ئەکادیمی لە ئارادا بوبێ. هەر بۆیە دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی ئەم گرووپانە بەبەردەوامی لە بازنەیەکی داخراوی گەڕان بەدوای بەرنامە و دۆزینەوەی جیاوازییەکانی ناو گرووپە چەپەکاندا مایەوە، تا قەیرانی خەلیج و گۆڕانی دۆخی سیاسیی عێراق و کوردستان .

## شوراکانی ١٩٩١

ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١دا فرسەتی بۆ ئەم گروپە کۆمۆنیستانە کردەوە کە بێنە ناو مەیدانی ململانێی ئاشکرای سیاسی و کاری جەماوەریەوە. بەشداری چەکدارانەی کۆمۆنیستەکان لە ڕاپەڕیندا و پێکهێنانی شوراکان و دروستکردنی هێزی چەکدار بۆ بەرگری لە دژی گەڕانەوەی بەعس، ئەمانە قاڵبێکی تری دا بە هەڵسوڕانی سیاسی ئەم گروپە ڕۆشنبیرە کۆمۆنیستانە. دەرگیربونمان لەگەڵ کێشەی کرێکار و فەرمانبەران و خەڵک کە چی بکەن لەدوای نەمانی بەعس؟ وە ململانێی شوراکان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی و بەرەی کوردستانیدا و هتد.. هەموو ئەمانە پێویستی یەکگرتووبونی کۆمۆنیستەکان کردە ئەمری واقیع. هەرچەند "ڕەوتی کۆمۆنیست" وەک گروپێکی جیا مایەوە، بەڵام هەڵسوڕاوانی ڕەوتی کۆمۆنیست و گروپەکانی تر لەناو شوراکاندا یەکیان گرت.

ئەم بزوتنەوە شوراییە نەیتوانی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا دروست بکا. نەک تەنیا لەبەر مەسەلەی کەمی کات، کە تەمەنی شوراکان هەر ٣ هەفتە بوو ، بەڵکو توانایی و تەجروبەی ئەم گروپانە لە باری سیاسی و جەماوەریەوە زۆر لاوازبوو. تەجروبەی ململانێی ئاشکرامان لەگەڵ حزبە چەکدارە ناسیونالیستەکاندا نەبوو و لەمەش گرنگتر تەجروبەی شەڕی چەکداریمان لەگەڵ بەعس نەبوو. لەگەڵ ئاوارەبونی خەڵکی کوردستان لە نیسانی ١٩٩١دا گروپە کۆمۆنیستەکانیش ئاوارە بوون و ئیتر دەوری ئاشکرا و جەماوەریان نەگێڕا.

ئەوەی ئێمە لە کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە فێری بوبوین خۆجیاکردنەوەمان بوو لە ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی. ئەمە لەکاتی ڕاپەڕین و شوراکاندا زۆر زوو ڕەگی

داكوتا له‌ بزوتنه‌وه‌كه‌ماندا كاتێک دژایه‌تی یه‌كێتی نیشتمانی و به‌ره‌ی كوردستانیمان به‌رامبه‌ر به‌ شوراكان بینی و دژایه‌تی ئه‌م حزبه‌ بورژوازیانه‌ به‌رامبه‌ر به‌ كۆمۆنیسته‌كان به‌رجه‌سته‌بوو.

هه‌رچه‌ند له‌ كاتی شكستی ڕاپه‌ڕین و ئاواره‌ییه‌كه‌دا، كۆمه‌ڵێكمان له‌ده‌وری یه‌كتر مابووینه‌وه‌، تا له‌ كۆتایی نیسانی ساڵی ١٩٩١دا هه‌سته‌ی كرێكارانی سۆسیالیستمان دروستكرد. ئه‌ندامانی هه‌سته‌ له‌ هه‌ر ٣ شاری سلێمانی، هه‌ولێر و كه‌ركووک هه‌بوون و له‌ ڕانیه‌، قه‌ڵادزێ و شارۆچكه‌كانی دیكه‌ش هه‌بووین. چالاكیی سیاسیمان ده‌ستپێكرد و دوای هاتنه‌وه‌شمان بۆ ناو شاره‌كان "هه‌واڵنامه‌"ی هه‌سته‌مان ده‌رده‌كرد و "ڕه‌وتی كۆمۆنیست"یش كاری ئاشكرای ده‌كرد. هاوكات به‌ هه‌وڵی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران هه‌سته‌ و یه‌كێتیی خه‌باتی كۆمۆنیستیی كرێكاری، چه‌ند كۆبوونه‌وه‌یه‌كمان كرد و سه‌ره‌نجام نزیكبوونه‌وه‌یه‌كی فۆرماڵی دروستبوو. به‌ڵام هه‌موو ئه‌مانه‌ توانایی سیاسی و ئاستی ڕێكخراوه‌یی و پراتیكی كۆمه‌ڵایه‌تی ئێمه‌ی نه‌گه‌یاندبوه‌ ئاستی بزوتنه‌وه‌یه‌كی یه‌كپارچه‌ و خاوه‌ن به‌رنامه‌ی سیاسی تاكو به‌رامبه‌ر به‌ ناسیونالیزمی كورد و یه‌كێتی و پارتی ململانێ بكا له‌سه‌ر دانانه‌وه‌ی بنكه‌ و باره‌گای چه‌كداری و دروستكردنه‌وه‌ی شوراكان له‌ دائیره‌ و شوێنی كار و له‌سه‌ر هه‌موو مه‌سه‌له‌كانی ژیان و به‌ڕیوه‌چونی ئیداری كوردستان ده‌خاڵه‌ت بكا. به‌ڵام هێشتا ئومێدێک هه‌بوو كه‌ ئه‌م بزوتنه‌وه‌یه‌ به‌ره‌و ئاڵوگۆڕ بچێ. ته‌جروبه‌ی شوراكان و هێزی چه‌كدار و دۆخی ئاواڵای سیاسی كوردستان زه‌مینه‌ی ئه‌م ئاڵوگۆڕه‌ی ڕه‌خساندبوو.

له‌و كاتانه‌دا بوو، باسێكی ئیره‌جی ئازه‌رین كه‌ كه‌سی دووه‌می "كانوونی كۆمۆنیزمی كرێكاری" ناو حیزبی كۆمۆنیستی ئێران بوو، له‌سه‌ر ڕاپه‌ڕینی كوردستانی عێراق بڵاو بووه‌وه‌. ئه‌م نووسراوه‌یه‌ ڕه‌خنه‌یه‌ک بوو، له‌ ده‌وری چه‌پ و شووراكان له‌ قه‌یرانی خه‌لیج و ڕاپه‌ڕینی كوردستان و كه‌ گوایه‌ سیاسه‌تی سۆشیالیستی غائیب بووه‌ .

بزووتنه‌وه‌ی چه‌پ به‌دوای جیابوونه‌وه‌ له‌ كۆمه‌ڵه‌ی ڕه‌نجده‌ران توشی ده‌وره‌یه‌كی دوورودرێژی پاسیڤیستی ساڵانی هه‌شتاكانی سه‌ده‌ی ٢٠ بوو، وه‌ خۆی خاوه‌نی پایه‌ی

کۆمەڵایەتی و سوننەتی کاری سیاسی جەماوەری نەبوو. قاڵبی فکری و سیاسی کۆمۆنیزمی کرێکاریش ئەم چەپەی لە مێژووی کۆمۆنیزم دابڕیبوو، هەربۆیە دوای شوراکانی ١٩٩١یش هێشتا بەتەواوەتی لەژێر کاریگەری "کانوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری" دابوو وەک لەوەی باوەڕی بە تەجروبەی سیاسی خۆی هەبێ کە لە بزوتنەوەی شورایییەوە بەدەستی هێنابوو.

هەربۆیە ئەم ڕەخنەیەی "کانونی کۆمۆنیزمی کرێکاری" کاریگەرییەکی سەلبی لەسەر چەپ دانا و ئەم بزوتنەوەیەی لە درێژەدان بە کارە شۆڕشگێڕەکانی و دەرکەوتنی ئاشکرای لەناو کۆمەڵگەدا پەشیمان کردەوە و گەڕایەوە دۆخی پاسیڤی جارانی و دیسانەوە وێڵی هەیۆلای " بەرنامە و سیاسەتی کۆمۆنیستی و جیابونەوە لە چەپی ناکرێکاری" بوو. ئەمەش لەگەڵ قاڵبی سێکتاریزمی گروپەکانیدا دەهاتەوە، کە هێشتا وەک زنجیرێکی قورس لە پراتیکیانەوە ئاڵابوو. سەرەنجام چاوەڕوانی سیاسی لە ڕۆڵی پراکتیکی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی هێنایە خوارەوە.

لە کاتێکدا لە ڕاپەڕیندا ئەم بزوتنەوەیە شانسی گۆڕینی ئەم وەزعەی هەبوو، وە دەستی بە خەڵک ڕاگەیشت و چووە مەیدانی سیاسی و بەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی شوورایییەوە. بەڵام ئەم ڕەخنەیەی "ئیرەجی ئازەرین" جارێکی تر چەپی تووشی گێژاوی گەڕان بەدوای بەدیلی سۆسیالیستیدا کرد و ئەمە بووە هۆکاری دەستهەڵگرتن لە کارەکتەری سیاسیبوون و جەماوەرییبوون، و جارێکی تر کەوتنەوە دوای چوارچێوەی بەرتەسکی فکر و پراتیکی گروپی ڕۆشنبیری، کە بریتی بوو لە پاسیڤیزمێک. دیسانەوە ئەم گروپانە خۆیان لە جەماوەری کریکار دوور دەخستەوە و بە دوای کرێکار خاڵیس و سۆشیالیزمی نێو نووسراوەکان دەگەڕان و پشتیان کردە هەرچی تەجروبەی کاری شورایی و شۆڕشگێڕانەی بەهاری "١٩٩١"ە. ئەم دوورکەوتنەوە لە کاری سیاسی و عەلەنی و گیرۆدەبوون بە کێشەی نێو ڕێکخراوەکان و کارکردن لەخوارەوەی کردە ئامانجێکی سەرابی و کۆمۆنیزمی جارێکی تر بردەوە قاڵبی نا کۆمەڵایەتی و نا سیاسیبوونی خۆی .

هەڵوەشاندنەوەی هەستە و دەستپێکردنەوەی دەورەیەکی تری جیایی کۆمۆنیستەکان و گروپەکانیان لەیەکتر، بەرهەمی ئەو سەرلێشێواوی و ئامانجە سەرابییەی ئەم بەشە لە بنیاتنەرانی بزووتنەوەی شوورایی و کۆمۆنیستە کارا و جەماوەرییەکان بوو. لە جێگای بردنی چەپ لە هەستە و گروپەکانی ترەوە بەرەو حیزبێکی سیاسی و دەخاڵەتگەری کۆمەڵایەتیی و سوودوەرگرتن لە فرسەتی نەبوونی حکوومەت و دەسەڵات لە کوردستان بە هۆی کشانەوەی بەعس لە شارەکاندا، کەچی ئێمە وەک چەپ بەرەو دواوە گەڕاینەوە .

هەڵوەشاندنەوەی هەستە یەکێک لەو گەڕانەوە بەرەو دواوەی چەپ بوو، کە لە ڕێکخراوەکانی تری چەپدا بە پێداچوونەوەی ناوەڕۆکی هەڵسووڕانی دەورانی شووراکانیان و گەڕانەوە بۆ قاڵبی پێشووی فەعالییەت و نەریتی کاری مەحفەلی تەواو بوو .

سەرەڕای ئەم پاسیڤیزمەی گروپە کۆمۆنیستیەکان، بەڵام کرانەوەی دۆخی سیاسی کوردستان هەڵسوراوانی کۆمۆنیستی هاندا بۆ چالاکی جەماوەری و پێکەوە کارکردنیان. دروستکردنی یەکێتی بێکاران کە بەدەست پێشکەری هەڵسوراوانی شورایی و کۆمۆنیستی خۆیان بوو، دواتر گروپە کۆمۆنیستیەکانی هاندا بۆ دروستکردنی ڕیکخراوەی ئاوارەکان و ژنان و ڕیکخراوی کارمەندانی تەندروستی و کرێکارانی کارگە ئەهلیەکان و دروستبونی ناوەندی ئەدەبی و بڵاوکراوەی جۆراوجۆری کۆمۆنیستی لەدوای ئاوارەیی دەستی پێکردەوە.

لێرەشدا جارێکی تر هەلسوڕاوانی کۆمۆنیست لەم کارە جەماوەریانەدا یەکیان گرتەوە و ئەمەش ناکۆکی لەگەڵ دابەشبونی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە گروپی جیاجیا و دژ بەیەک نیشاندا، تا ئەو کاتەی لە ژێرفشاری پۆزەتیڤانەی مەنسور حیکمەت و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا ئەم گروپانە ڕێگای یەکگرتن و پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی عێراقیان قبوڵکرد.

## حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق

له ساڵی ۱۹۹۳دا حزب لەلایەن ۱۰كەس، كە مەنسوری حیكمەت و كۆمۆنیزمی كرێكاری ئێران پەسەندی كردبووین، پێكهات. ئەمە هەنگاوێك بوو بۆپێشەوە و لانی كەم لە ئاستی ڕێكخراوەییدا زۆربەی هێزی ئەم بزوتنەوە كۆمۆنیستیە یەكگرتوو بوو. بەڵام ڕاگەیاندنی حزب یەكسان نەبوو بە دروستبونی ڕیكخراوەیەكی نوێ كە هەموو بزوتنەوەی كرێكاری و كۆمۆنیستی و هەموو هەڵسوڕاوانی كۆبكاتەوە، بەڵكو ڕیكەوتن بوو لەسەر بنەمای ئۆتۆریتەی مەنسور حیكمەت و خەتی كۆمۆنیزمی كرێكاری ئێران.

هەربۆیە ئەم گروپانەش كە ئەم دوو خاڵە هاوبەشەیان هەبوو، بەڵام بەرنامەیەكی پراتیكی نوێیان دیارنەبوو كە چی بەم ڕێكخراوە نوێیە دەكەن؟ هەربۆیە دوای ڕیكەوتن لەسەر ڕاگەیاندنی حزب ململانێی گروپەكان لەسەر پۆستی كۆمیتەی ناوەندی و پێكهێنانی ئۆرگانەكان دەستیپێكرد و دوای ئەمانەش ململانێی نێوان ڕابەری و كادر و پۆستەكان تا ماوەیەكی زۆر درێژەی كێشا.

دوای دەخاڵەتی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئێران بەشێوەیەكی ڕێكخراوەیی ئەم كێشانەی دامركانەوە و حزب وەك گروپێكی گەورەی تاك خەت و تاك مەیل دەستی كرد بە چالاكی جەماوەری و حزبی. بەڵام لە چالاكی جەماوەریشدا هەڵسوراوانی تری ناحزبی دەخستەژێر فشاری ڕینوێنیەكانی حزبەوە و ئەمەش بوە هۆی ئەوەی كە ناكۆكیەكانی ناو یەكێتی بێكاران بگاتە جیابونەوەی ئەم ڕیكخراوە جەماوەریە و جیابونەوەی حزبیەكان لە ناحزبیەكان. هەربۆیە بەرەبەرە ئەم ڕیكخراوە جەماوەریانە زۆرتر ئەندامانی حزبی لەخۆدەگرت، بەڵام چالاكی جەماوەریان سازدەدا وەك خۆپیشاندان و مەراسیم و ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ حكومەت و بەڕیوەبەری دامەزراوە حكومیەكاندا.

لەناوخۆی حزبیشدا کێشە دەرونیەکان درێژەی کێشا و ئەو هەڵسوراوانەی جیاواز لە خەتی ڕەسمی حزب بیریان دەکردەوە ڕیگەیەک بۆ مانەوە و دروستکردنی فراکسیۆن و هەڵکردن لەگەڵ ناکۆکیە سیاسی و ڕیکخراوەیەکاندا نەبوو، هەربۆیە هەموو جیاوازیەکی بۆچون و سیاسەت و پراتیک بە جیابونەوە کۆتایی دەهات. دواتریش کە کێشەکانی ناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران دەرکەوتن ئەو خەت و بۆچونە جیاوازانەی ئەوان و جیابونەوەی گروپەکانیان لەیەکتر بووە مایەی جیابونەوە لە ناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستانیشدا.

## شکستی ٢٠٠٠

یەکێتی نیشتمانی و بەتایبەت شەخسی نەوشیروان مستەفا، کە بە "پیاو کوژی کۆمۆنیستەکان لە شاخ" بە ناوبانگە، بە بوونی حزب و بزوتنەوەیەکی کۆمۆنیستی ئۆپۆزسیۆن و بوونی هەڵسوراوانێکی زۆر و ڕادیۆ و پەیوەندیەکانی حزب لەگەڵ ژنان و لاوان لە کوردستان و ناوچەی ژێردەسەلاتی یەکێتی دا قەڵس بوون. بەتایبەتیش کاری هاوبەشی حزبی ئێمە لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و گەشتی سەربازی گروپێکی چەکداری ئەم حزبە لە کوردستانی ئێراندا دژی پەیوەندی و وابەستەیی یەکێتی بوو لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێران. بەم هۆیەوە یەکێتی و نەوشیروان بڕیاریان دابوو بە داخستنی بنکەکانی حزب لە سلێمانی و قەدەغەکردنی دەرکەوتنی ئاشکرا و ڕەسمی حزب.

بەڵام حزب لێرەدا توشی هەڵسەنگاندنێکی هەڵە بوو سەبارەت بە هاوسەنگی هێزی نێوان خۆی و یەکێتی نیشتمانی، وە سیاسەتێکی دروستی نەگرتە بەر بۆ خۆلادان لەم ڕوبەڕوبونەوەیە. پێش لە ساڵی ٢٠٠٠ کە یەکێتی بڕیاری لێدانی حزبی ئێمەی دابوو، پێویست بوو حزب هەموو ڕێگایەکی بگرتایەتە بەر بۆ خۆلادان لە جێبەجێبونی ئەم سیاسەتی شەڕفرۆشتنەی یەکێتی و تاکتیکی مانەوەی حزب لە مەیدانی سیاسیدا و پاشەکشە لە هەندێ مەیداندا وەک داخستنی بنکەکانی حزب و نەمانی پەیوەندی ئاشکرا لە یارمەتیدانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە چونە ناو ئیرانەوە، لە پێناو پاراستنی هێزەکەیدا بگرتایەتە بەر. هەرچۆن چەند جارێک ڕادیۆمان دادەخست لە ژێرفشار و هەڕەشەی لێدانی یەکێتیدا و ئەم سازشەمان بۆ ماوەیەکی کاتی دەکرد و دواتر دەستمان بە چالاکی خۆمان دەکردەوە.

شەڕی یەکێتی شکستی بە کۆمۆنیزمی کرێکاریی هێنا و ڕیگەی نەدا لە مەیدانی سیاسیدا وەک هێزێک بمێنێتەوە. یەکێتی بۆ چەندین ساڵ وەک سەرکەوتوی شەڕ مامەڵەی لەگەڵ حزبدا کرد و توانی چالاکیەکانی قەدەغەبکا. بەڵام ئەوەی کاریگەری زیاتری دانا لەسەر ئەم شکستەی حزب، نەبونی خوێندنەوە و ئاسۆ و سیاسەت و ستراتیژیەتێک بوو بۆ ئەگەری ڕودانی شەڕ و دوای شەڕەکەی یەکێتی. ئەمەش کاتێک دەرکەوت کە بەبەستنی بنکە ئاشکراکانی حزب، ئیتر هیچ کاریگەریەکی کۆمەڵایەتی ئەم حزبەمان لە نێو کۆمەڵگەدا نەبینرا. ئەمەش کێشەی سەرەکی حزبی خستەڕوو، کە خاوەنی هێزێکی کۆمەڵایەتی و پێگەیەکی سیاسی لەناو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا نیە و تەنیا پشتی بە ئەندامانی خۆی بەستوە، کە ئەمەش هێزێکی سنوردار بوو، وە جێگای بەراورد نەبوو لەگەڵ هێزی میلیشیایی و جەماوەری یەکێتیدا.

مەنسور حیكمەت لێكدانەوەیەكی تری هەبووە لەسەر ئەم شكستەی ئێمە. ئەو دەڵێ "بە بڕوای من بەو شیوازەوە كە ئێمە لە كوردستانی عیراقدا هەڵدەسوڕاینو بەو ئاراستەیەوە كە ئێمە گرتبوومانە بەر، درەنگ یان زوو دەبوو ئەو پەلامارەی یەكێتی و پاشەكشەی حزب ببینین. كۆمۆنیزم ناتوانێت جووڵانەوەیەكی ڕۆتینی پەراوێزی ئەم جۆرە كۆمەڵگایانە بیت، كە وەكو حزبە بۆرجوازیەكان هەمیشە "هەن"و لە پەراوێزی چەند دەرسەدیكی ئەم كۆمەلگایانە درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن. كۆمۆنیزم لەم جۆرە كۆمەڵگایانەدا یان دەبێت سەركەوێت، یان شكستی پێدەهینن، یان دەبیت پێشڕەوی بكات، یان پاشەكشەی پێدەكەن. خاڵێكی هاوسەنگیو نۆرمێكی مانەوەی چەندین ساڵەو ئاسایی بۆ كۆمۆنیزمی ڕادیكاڵ لە وولاتانێكی دواكەوتوو، كە سەركوتگەرییو رژیمی سیاسی كۆنەپەرست تیایاندا دەسەلاتدارە، بوونی نییە. كۆمۆنیزم نەک بە شیوەیەكی گشتی، بەڵكو بە تایبەت بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی وولاتانی وەكو ئێرانو عیراقو هاوشێوەیانەوە، بە مەسەلەی دەسەلاتی سیاسیو بە تواناو هێزی كردەی سیاسیەوە گرێی خواردووە. كۆمۆنیزمی بێ پەیوەند بە مەسەلەی دەسەلاتەوە، كۆمۆنیزمێک كە نەخوازێت مەسەلەی نفوزی كۆمەلایەتی، بالادەستی سیاسیو حاكمیەت لە ئەجێندای بە پەلەی خۆیدا دابنێت، مەحكوم بە شكستە."و" كۆمۆنیستەكان دەبێ ئەوە بلێن كە چ تەرحێكیان بۆ كۆمەڵگا هەیەو بە كام قۆناغانەداو بە كام هەنگاوانە بڕیارە پێی بگەن. حزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراق ئەم ئاسۆیەی نییە."

لە درێژەی باسەكەیدا دەڵێ؛ "واقعیەتێک كە بە بڕوای من زۆر ڕاچڵەكێنەرەو مایەی دەرس وەرگرتنە. بۆ ماوەی دەورەیەكی نزیک بە دە ساڵ ڕەوتی ئێمە لە كوردستان بۆی كراوە كە بە شێوەیەكی یاساییو ئاشكرا هەڵسوڕان بكات. بۆی كراوە كە بە شێوەی یاساییو ئاشكرا ڕادیۆو تەلەفیزیۆنی هەبێت، ڕۆژنامە بلاوبكاتەوە،

نووسینگەی ئاشکرای هەبێت، هێزی سەربازی پێکبهێنێت. هیچ شتێک ڕێگری پەیوەندگرتنمان بە کرێکارانەوە نەبووە. هیچ کەس ڕیگری دروستکردنی پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵک نەبووە. ئێمە مۆڵەتمان هەبووەو لە تواناماندا بووە کە ڕێکخراوەی جەماوەریو ئاشکرا پێکبهینین. میتینگی ئاشکرا دابنێین. هەلومەرجێکی لەم بابەتە بۆ زۆرێک لە کۆمۆنیستەکان خەونێکە، بۆ نموونە بۆ خودی خۆمان لە ئێران. حزبی ئێمە لە ئێران، ئامادەبوونی کورتماوەی هێزەکانی لە مەریوان وەک ڕووداوێکی گەورە دەبینێتو ئاهەنگی بۆ دەگێڕێت. لە سلێمانی ئێمە ٢٤ سەعات، شەوو ڕۆژ، بۆ ماوەی چەند ساڵ ئامادەبووین. "شوبات تا ئۆکتۆبەری *"ئێمە لە کوردستان ساڵەها درێژەی کێشا، بە کوێ گەیشتین؟"

" بە بڕوای من لە ڕاستیدا ئێمە دەبێ سەرلەنوێ دەستپێبکەینەوە. ئەوەی تا ئێستا کردوومانە ماتریاڵێ دووبارە بیناکردنەوەیەکی بناغەییترە. کێشەی ئێمە ئەوەیە کە لە ڕێکخستنەوە دەست پێ دەکەینو لە بارەگاو نووسینگەو ئەندامو ڕادیۆوە. لە حاڵێکدا دەبێت لە سیاسەتو ستراتیجو ئاسۆو کارومەسەلەوئەرکی کۆمەڵایەتی جووڵانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە لە عیراق دەست پێ بکەینو خەسڵەتو ئەرکەکانی ڕێکخراوی خۆمان لەوێوە دەربکێشین. ئەگەر ئەم ئاسۆو ستراتیژەو ژمارەیەک کەس کە بە قووڵی باوەڕیان پێیان هەیەو پێی لەسەر دادەگرن هەبن، ئەوکاتە دەکرێت جووڵانەوەو حزبێکی بەهێز دروست بکەین، ئەگەر نەبن ئەودەم هیچ جووڵەیەکی تەشکیلاتیو ئامادەکاریەکی عەمەلی ناتوانێت بەر بە سستبوونەوەی ڕەوتی ئێمە لە عیراقدا بگرێت. "[261]

---

[261] مەنسور حیکمەت ، یاداشتێک بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ڕابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق
http://hekmat.public-archive.net/indexFa.html

ئەم قسانە سەيرن ! چونكە كەسێك كردويەتى كە خۆى ئەم حزبەى لە ساڵى ١٩٩٣دامەزراندوە و ٧ ساڵ دواى ئەوە دەڵێ كە ئەم حزبە سياسەت و ستراتيژ و نەخشەى نەبوە و تەنانەت كەسانێكى نەبوە كە چارەنوسى خۆى بە ژيانى خەڵكى كوردستانەوە گرێدابێت؟ دەبێ بزانين كێشەى ئەم لێكدانەوەيە لە كوێدايە؟

**يەكەم ؛** ئەم لێكدانەوانە لەسەر كێشە گشتيەكانى كۆمۆنيزمى كرێكارى لە كوردستانە و هيچ ناڵێ لەسەر ئەوەى بۆچى يەكێتى لەو بەروارەدا و دواى ٧ ساڵ بڕيارى تێكشكاندنى حزبى داوە؟ ئەگەر هۆى ئەم شكستە و هێرشى يەكێتى تەنيا كێشە گشتيەكانى كۆمۆنيزمى كرێكارى عێراق بوو، ئەى بۆچى حزبى كۆمۆنيستى كرێكارى ئێران و خودى مەنسور حيكمەت لەم ٧ ساڵەدا ئەم باس و خاڵانەى لەسەر حزبى ئێمە لە عێراق نەيانكرد ونەيانوت و هيچ پێشنيارێكيان نەبوو بۆ بەرگرتن بەم شكستە؟

بە بڕواى من ئەم خۆ لادانە لە دەست نيشان كردنى هۆكارى هێرشى يەكێتى و شكستى ئێمە لەو شەڕەدا.

هەر بۆيە دەبێ پرسيارى جدى بكەين، وەك ئەوەى ئايا پەيوەندى نێوان ئەوەى "حزبى ئێمە لە ئێران، ئامادەبوونى كورتماوەى هێزەكانى لە مەريوان وەك ڕووداوێكى گەورە دەبينێتو ئاهەنگى بۆ دەگێڕێت." لەگەڵ بڕيارى يەكێتى و نەوشيروان بۆ لێدان لە حزبى ئێمە و نەهێشتنى بنكە و بارەگاكانمان چ پەيوەنديەكى بەيەكەوە هەيە؟ لە كاتێكدا دەزانين كە يەكێتى لەژێرباڵى جمهورى ئيسلامى ئێرانداية بونى كادرى حزبى كۆمۆنيستى كرێكارى ئيران لە بارەگاكانى ئێمە و يارمەتيدانيان بۆ جەولەى سەربازى لە كوردستانى ئێراندا چ مەترسيەك بۆسەر بارەگاكانى حزبى ئێمە لە سلێمانى دروست دەكا، وە ئايا ئێمە تواناى چونە ناو ئەم ململانێيەمان هەيە؟ ئەم پرسيارە نە لاى حزبى ئێمە دروست بوو و نە حزبى كۆمۆنيستى كرێكارى ئيران

و مەنسور حیکمەتیش گرنگیان پێدا و مامەڵەیەکی بەرپرسیارانەیان لەگەڵدا کرد. شەڕی یەکێتی لەگەڵ حزبی دیموکرات و پەکەکە لەگەڵ حزبی دیموکرات و هێرشی جمهوری ئیسلامی بۆ کۆیە لە ١٩٩٦ولە٢٠١٩دا هەموویان نیشانمان دەدەن کە جمهوری ئیسلامی و یەکێتی چ پەیوەندیەکی ستراتیژیان لەگەڵ یەکتر هەیە و چۆن ئامادەی هێرش و پەلاماری چەکدارانەن بۆسەر هەر لایەنێک چالاکی سەربازی و گەشتی چەکدارانە لە ئێراندا سازبدەن.

حزبی ئێمە هەڵسەنگاندنێکی نەبوو لەسەر چۆنیەتی هاوکاریکردنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لە چوارچێوەی توانا و پاراستنی بارەگاکانمان لە سلێمانیدا و خۆدورخستنەوە لەشەڕێک کە یەکێتی بە ئێمەی فرۆشت؟ بێگومان حزبی ئێمە وەک هێزێکی ئینترناسیونالیست پێویستە هاوکاری و پەیوەندی خەباتکارانەی لەگەڵ هەموو کۆمۆنیستەکانی ئێران و وڵاتانی تر هەبێ و ئەمە بەشێک لە ناسنامەی ئێمەیە، بەڵام ئەم هاوکاریانە دەبێ لە چوارچێوەی پێویستیەکانی خەباتی چینایەتی کرێکارانی کوردستان و ململانێی لەگەڵ حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا بچێتەپێش و کاریگەریەکانی ئەم پەیوەندیانە لەسەر چالاکی و دەرگیری حزبی ئێمە لەگەڵ یەکێتیدا هەڵسەنگێندرێ. کێشەی ئەم هەڵسەنگاندنەی مەنسور حیکمەت لەسەر شکستی حزبی ئێمە لە ٢٠٠٠دا بەلای ئەم خاڵەدا ناچێ و هیچ حسابێکی بۆ ناکا لەم شکستەی ئێمەدا.

**دووەم؛** ئەم تێڕوانینەی حیکمەتیزم کە کۆمۆنیزمی کرێکاری کوردستان لە نەوەدەکانی سەدەی بیستدا دەیتوانی دەسەڵات بەدەستەوەبگرێ و ئەم کارەی نەکرد بۆیە شکستی هێنا، لێکدانەوەیەکە کە هیچ بنەمایەکی تیۆری نیە و پشتی بە لێکدانەوەی هەلومەرجی سیاسی و ئاستی خەباتی چینایەتی چینی کرێکار و توانای سیاسی و ڕیکخراوەیی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق نەبەستوە. ئەوەش

قسەیەکی گشتیە کە دەتوانین هەموو کات بۆ کۆمۆنیزم بیکەین کە دەبێ بورژوازی لەدەسەڵات لابەرێ ئەگەر نا شکست دەخوا. ئەو فرسەتەی مەنسور حیکمەت باسی دەکا، ئێمە ئێستا لەدەیەی چوارەم یدان و هێشتاش کۆمۆنیزم دەتوانێ لە کوردستاندا ببێ و بنکە و بارەگای هەبێ و ڕادیۆ و ڕۆژنامەی هەبێ، کەواتە ئەم لێکدانەوەیە کوێی ڕاستە کە دەڵێ "خاڵێکی هاوسەنگیو نۆرمێکی مانەوەی چەندین ساڵەو ئاسایی بۆ کۆمۆنیزمی ڕادیکاڵ لە وڵاتانێکی دواکەوتوو، کە سەرکوتگەرییو رژیمی سیاسی کۆنەپەرست تیایاندا دەسەڵاتدارە، بوونی نییە."؟ کۆمۆنیزم ئەمرۆ سەرەڕای بونی ڕژێمی سەرکوتگەر و کۆنەپەرست لە کوردستان و عێراق و میسر و تونس وتورکیاو دەیان وڵاتی ترهەیە ، هەربەو شێوەیەی کۆمۆنیزم لە ئەوروپای سەدەی نۆزدەشدا هەبوو سەرەڕای حکومەتی سەرکوتگەری بورژوازی. کۆمۆنیزم وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خەباتی چینایەتی کرێکاران دژی دەسەڵاتی سەرمایەداری بەپێی هاوسەنگی هێز و دۆخی دەسەڵات لە شێوازی جیاجیادا خۆی نیشان دەدا و دەتوانێ بە نهێنی یان بەئاشکرا دەرکەوێ و لە ڕێرەوی گەشە و بەهیزبونی بزوتنەوەی کرێکاریدا کۆمۆنیزم دەتوانێ گەشە بکا و لەکاتێکدا کرێکاران ئامادەن بۆ شۆڕش کۆمۆنیزم دەتوانێ و دەبێ خۆی گرتنە دەستی دەسەڵات ئامادەبکا. بەڵام کۆمۆنیزمێک دەتوانێ خۆی بۆ دەسەڵات ئامادەبکا کە ڕیشەی لەنیو کرێکاران و کۆمەڵگەدا جێگیر بوبێ و لەو پرۆسەیەدا هێزی کۆمەڵایەتی و ڕیکخراوی خۆی نیشان بدا و ئامادەی بکا بۆ گرتنی دەسەلات. هەربۆیە دیدگای مەنسور حیکمەت لەسەرئەوەی کە "مادام دۆخێکی کراوە لە ١٩٩١بۆ٢٠٠٠لە کوردستاندا هەبوو و وە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی دەیتوانی دەسەڵات بگرێ و چونکە ئەم دەسەڵاتەی نەگرت تێکشکا". بۆچونێکی واقعی نەبوو، هەربۆیە لە دوای ئەو شکستەشدا هیچ نەخشەیەک و بەرنامەیەکیشی نەدایە دەست کۆمۆنیزم کە چی بکا؟

**سێیەم؛** ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان لەو دەیە یەی، کە مەنسوور حیکمەت وەسفی دەکا بەوەی کە، دەرگای "دەسەڵات بۆی کراوەتەوە" و دۆخی شۆڕشگێڕانەی "شوبات تا ئۆکتۆبەر"ی ڕوسیا بووە!، بۆچی بەهیچ شوێنێک نەگەیشتت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دیسانەوە بەهۆی نەبونی "ڕابەری دەرەجە یەکی خەڵک لە ناوحزبی عێراق" و"نەبونی ستراتیژی و "وەڵامنەدانەوە بە کێشەکانی کۆمەڵگە لەوانە ژنان و رفراندۆم و "نەخشەی ڕیکخراوەییە"و هتد.. بەکورتی" ئەم ئۆردوە شۆڕشگێڕو ڕادیکالە بۆ دەسەڵات هەڵمەتی ببردایە، دەبوو هەموو دەسەڵاتی بخواستایەو بۆ گرتنی دەستی درێژ بکردایە."! بەڵام هەموو ئەم قسانە لە بەڵگەی کۆنگرە و پلنۆم و کۆبونەوەکانی حزبدا هەبوو و مەنسور حیکمەت و ڕابەری کۆمۆنیزمی کرێکاری ئیران بەشداربون لە نووسینیدا. حزب وەک ڕێکخراوێکی سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی ژنان ، مامۆستایان، خوێندکاران و کرێکارانی بیناسازی وهتد.. هەبوون. کەواتە کێشەکە لە کوێدایە؟

لەدوای شکستی ٢٠٠٠بۆچی ئەو نەخشەیەی مەنسور حیکمەت باسی دەکا کە " ئاسۆو ستراتیژەو ژمارەیەک کەس کە بە قووڵی باوەڕیان پێیان هەیەو پێی لەسەر دادەگرن هەبن، ئەوکاتە دەکرێت جووڵانەوەو حزبێکی بەهێز دروست بکەین" بۆچی دروست نەبوو ؟ وە بۆچی نەتوانرا "بەر بە سست بوونەوەی ڕەوتی ئێمە لە عیراقدا بگرێت"؟

**چوارەم؛** بۆچی لە ٢٠ساڵ دوای ئەم نەخشانە و گرتنی چەند کۆنگرە و چەندین پلنۆمی تر کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان هەر لە گروپێکی پەراوێزی کۆمەڵگەیە و ناتوانێ جوڵانەوە و حزبێکی بەهێز دروست بکەین؟ بۆچی تەنانەت حزبی عێراق و کوردستان چەندین جیابونەوەی تری بینیوە لەژێر کاریگەری جیابونەوەکانی

كۆمۆنیزمی كرێكاری ئیران و ساڵی پاریش لەژێرناوی توندكردنەوەی حزبیەتدا،حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق بوبەدوو بەشەوە و تەنانەت لە مەیدانی تەحریردا، كە لاوان و بێكاران و ژنانی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ پێكەوە یەكگرتوانە دژ بە دەسەڵاتی ئیسلامی دەجەنگن، كەچی ئەم دوو گروپە هەریەكە خێمەی هەڵداوە و چالاكی دەكەن لە دوو دنیای جیاوازی خۆیاندان و هەر دوو لایان هیچ كێشەیەكیشیان نیە لەم جیابوونەوەیە؟ لە كاتی نووسینی ئەم كتێبەشدا دیسانەوە گروپێكی تر بە ناوی "ئاراستەی ماركسیستی هاوچەرخ" لە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق جیابوونەوە.

هەربۆیە جاریكی تر دەپرسین كەواتە كێشەكە لە كوێدایە؟

ئەی كێشەی كۆمۆنیزمی كرێكاری لە ئێراندا لە كوێدایە؟ لە كاتێكدا مەنسور حیكمەت هەموو ئەم خاڵانەی بۆ حزبی عێراقی ڕیزكرد كە گوایە ئێمە نەمان بوە و سیاسەتمەداری دەردەجە یەك نەبووین، خۆ ئەمانە لە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئێراندا هەبوو، حزبەكەی لیدەری دەرەجە یەكیشی هەبوو، ئەی بۆچی كۆمۆنیزمی كرێكاری دوای نیو سەدە بە "حزبی سیاسی" نەگەیشتوە؟ ئەمە پرسیارێكە ڕوبەڕوی كۆمۆنیزمی كرێكاریە بەگشتی، نەك تەنیا لە كوردستانی عێراق بەڵكو لە كوردستانی ئێران و لە ئێرانیش؟ ئێمە لە بەشی پێشودا لەسەر كێشەكانی كۆمۆنیزمی كرێكاریی قسەمان كرد و ئەوانە بنەماكانی كێشەی بۆ حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان و عێراقیشن.

## ٢٣

# کێشەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی کوردستان و عێراق

بێگومان کۆمۆنیزمی کرێکاری کوردستان و عێراق هەمان کێشەی بنەڕەتی هەیە کە سەرجەم کۆمۆنیزمی کرێکاری هەیەتی و ئێمە لەبەشەکانی پێشوودا لەسەر ئەم کێشانە دواین. لێرەدا ئەو کێشانەی تایبەتن بە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراق و بەتایبەتیش لە کوردستان باس دەکەین لە ژێر ڕۆشنایی ئەو مێژوو و هەڵسوڕانەی کە لەبەشی پێشودا خاڵە سەرەکیەکانیمان باسکرد.

### یەکەم؛ پشت نەبەستن بە تەجروبەی سیاسی

کۆمۆنیزمی کرێکاریی لە کوردستان تەجروبەی نزیک چواردەیەی هەیە، بەڵام هیچ کات ئاوڕێکی جدی تیۆری و سیاسی لە ناکامیەکانی ئەم بزوتنەوەیە نەدراوەتەوە، سەرەڕای گرنگی مێژوویی و سیاسی ئەو چالاکیە سیاسی و جەماوەریانەی کە ئەنجام دراوە . ئەم کەم بایەخیە بە لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکان و ئەنجامەکانی ناکامی سیاسی و ڕێکخراوەیی و خۆبەستنەوە بە هەندێک چەمکی دۆگمای وەک "سەرکوت وباڵادەستی حزبە ناسیونالیستەکان و خۆشباوەڕی جەماوەر پێیان"، "سواربونی شەپۆلی ناڕەزایەتی جەماوەر لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی ناسیونالیستی و ئیسلامی" ، "نەبونی حزبی

سیاسی و كۆمەڵایەتی" ، "نەبونی ڕابەری دەرەجە یەكی سیاسی و نائامادەیی ڕابەری" و هتد. ئەمانە ناتوانن هیچ بنەمایەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوری دۆخی خەباتی چینایەتی كرێكاران و خەڵكی زەحمەتكێش و لاوازی و ناكامی بەردەوامی هەوڵی كۆمۆنیستەكان لە گۆڕینی ئەم دۆخە ڕۆشن بكەنەوە و بەڵكو خۆیان بەرئەنجامی ئەو دۆخەن.

ئەم كەموكوڕیە تیۆریە سەرچاوەكەی لە دیدگا و تێگەیشتنی "كۆمۆنیزمی كرێكاری" دایە لە كۆمۆنیزم، وە ڕەنگدانەوەی جێگا و ڕێگای كۆمەڵایەتی "كۆمۆنیزمی كرێكاری" یە، وەک یەكێک لە گروپە ڕۆشنبیرە كۆمۆنیستەكانی چینی كرێكار لە كوردستان و عێراقدا. ئەم تێگەیشتنە پێی وایە كە كۆمۆنیزم بریتیە لە پراتیكی گروپێک كە خەریكی پروپاگەندە و هاندانن بۆ بەرنامەیەكی سادە و گشتی دەكا و دەیەوێ لە ڕێگەی گرتنی ئەندامەوە ببێ بەو هێزەی كە دەسەڵات دەگرێتە دەست و كۆمەڵگە دەگۆڕێ. لەم تێڕوانینەدا لێكدانەوەی دۆخی ئابوری و سیاسی و ئاستی گەشەی چینی كرێكار و كێشەكانی بەردەم خەباتی چینایەتی پێویست نیە. هەر لێكدانەوەیەكی سادەش كە دەكرێ، لە ئەنجامدا هیچ بەرنامەیەكی پراتیكی بۆ خەباتێكی ڕۆژانە و سەراسەری كە چینی كرێكار و فەرمانبەر و توێژە كەمدەرامەتەكان لێ هەڵناهێنجرێ. هەمیشە كۆمەڵێک لێكدانەوەی گشتی و ئەنجامگیریەكی سادە و چون یەک بۆ هەموو قۆناغەكانی دەكرێ و لە كۆتایشدا هێزی حزبی بانگەوازدەكرێ بۆ جێبەجێكردنی.

ئەگەر لە ٣٠-٤٠ساڵی تەمەنی حزب و كۆمۆنیزمی كرێكاریدا بگەڕێی بۆ هاوشیوەیی ئەم ڕەچەتە حزبیانە بێگومان زۆربەسادەیی كۆپی پەیستی ئەم بڕیار و بەیاننامانە دەبینی. بەڵام زۆربەدەگمەن دەبینی كە یەكێک لەم بڕیارنامانە ببێتە سیاسەتی بزوتنەوەیەكی جەماوەری كە دۆخێكی كوردستانی پێ گۆڕدرابێ. بەگشتیش ئەم

لێکدانەوانە کەوتنەدوای ڕوداوەکان و هەڵسەنگاندنی شکستەکان بوە، نەک پێشڕەوی بۆ گۆڕینی دۆخێک و کۆکردنەوەی هێزی جەماوەری بۆ ئەنجامدانیان.

سەرەڕای گرنگی تەجروبەی شوراکان و یەکێتی بێکاران و ژنان و ئاوارەکان و ڕوبوڕوبونەوە لەگەڵ ئیسلامی سیاسی و رفراندۆم و دروستکردنی شانە و کۆمیتەی حزبی، بەڵام کێشە لە گواستنەوەی ئەم تەجروبانە بۆ ناو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و لاوان و ژنان کە بۆ ئەم کارە پێویستی بە دروستکردنی پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و ڕیشەداکوتاوە لەناو ئەو چینەدا. لە ڕیگای ئەم تەجروبە سیاسیانەی کرێکاران و ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانەوە دەتوانرێ ئاستی تواناییە پراتیکی و سیاسیەکانی ئەو جەماوەرە ببرێتە سەر تا ئاستی گروپی ڕۆشنبیرانی کۆمۆنیستی چینەکە. ئەم کارەش لە ڕێگەی سازکردنی مانگرتن، خۆپیشاندان، دروستکردنی ڕیکخراوی جەماوەری و یەکگرتوکردنی چینەکە لە ئاستی لۆکاڵ و سەراسەریدا دەبێ، نەک لەڕێگەی چالاکی ئاکسیۆنی حزبیەوە و گرتنی بەردەرگای حکومەت و پارێزگارەکان لەلایەن ئەندامانی حزبەوە یان بڵاوکردنەوەی بەیان و بڕیارنامەوە. وەک کۆمۆنیستەکان ئێمە لەناو جەماوەر و بە پراتیکی جەماوەر دڵنیا دەبین لە ڕاست و دروستی سیاسەت و نەخشەکانمان، کە بزانین ئایا ئەمە لەگەڵ ئاستی توانایی فکری و پراتیکی ئەم چینەدا دێتەوە و هێزێکی مادی چینایەتی هەیە بتوانێ ئەنجامی بدا، وە یان تەنیا چاوەڕوانیەکی بێ بنەمای حزبێکی دابڕاوە لە جەماوەر. وەک گرامشی دەڵێ "چاوەڕوانی و توقع، بینینی توخمە بنەڕەتی و هەمیشەییەکانی پرۆسەیەکە بە ڕۆشنی. هەر چاوەڕوانیەک بەرنامەیەکی هەیە کە بۆسەرکەوتنی شتێک کاردەکا و چاوەڕوانی توخمێکی بەشداری ئەو سەرکەوتنەیە."[262]

---

262 گرامشی، میری نوێ ، ل ١٧١،هەڵبژاردەیەک لە پەڕاوەکانی زیندان، بەزمانی ئینگلیزی

ئایا چاوەڕوانیەکانی حزبی ئێمە لەم نزیک بە نیو سەدە یەدا لەسەر بنەمای لێکدانەوەی توخمە بنەڕەتی و هەمیشەییەکانی خەباتی کرێکارانی کوردستان بوە، یاخود ئیلهامی لەبەرنامەیەکی سادەی حزبەوە وەرگرتوە کە "سەرمایەداری پیویستە بە شۆڕشێک بروخێ و کۆمۆنیستەکان دەسەلات بگرن"؟ ئەم چاوەڕوانیەی "مەنسور حیکمەت" کە پێی وایە لە ١٩٩١تا ٢٠٠٠ دەرگای دەسەلات بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری کراوەبوە و "شوبات تا ئۆکتۆبەری ڕوسیا" لە کوردستان لە ئارادا بوە، بێگومان بەرنامەکەی ئەوەیە کە بەم هێزە چەند سەد کەسیەوە دەسەلات بگرێ. ئەو ئەم چاوەڕوانیەی لە ئیمکانی بونە هێزی یەکەمی کۆمۆنیستەکانی لە کوردستانی عێراقدا هەبوە. هەربۆیە لای خۆیەوە پێی وابوە ئەگەر هەموو ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق خاوەنی ئەم چاوەڕوانیە بونایە سەردەکەوتن.!

لێرەدا چاوەڕوانیەک بوەتە پێوەری سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان کە واقعی نەبوە و لەسەر هیچ بنەمایەکی واقعی توانای کۆمەلایەتی وسیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمۆنیزم دانەمەزراوە. هیچ بەلگەیەکی واقعی نیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە کۆمۆنیزم بەپێی ئاستێکی سیاسی و جەماوەری کە لە کوردستاندا هەیبوە هێزی سێهەمە و دەتوانێ ببێتە هێزی یەکەم و دەسەلات لە پارتی و یەکێتی بسەنێ. ئەم پێوەرانە لای مەنسور حیکمەت پێوەرێکی کۆمەلایەتی و سیاسی نیە، بەلکو چاوەڕوانیەکی ناواقعی هێزی گروپی حیکمەتیزمە لەخۆی. ئەم چاوەڕوانیەش لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکەوە هاتوە کە ئەم کۆمۆنیزمی کرێکاریە مادام نوێنەری چینی کرێکارە، ئاستی ئامادەیی خۆی و ئیرادەی ئەم گروپە پرۆسەی گرتنەدەستی دەسەلات دیاری دەکا. ئەم لێکدانەوە

---

https://www.marxists.org/archive/gramsci/prison_notebooks/modern_prince/index.htm

و چاوەڕوانیانەی ئەم گروپە لەخۆی، پێش لە تەجروبە عەمەلیەکان و دوای ئەو تەجروبانەش نەگۆڕن و ئەم تەجروبانە هیچ کاریگەریان لەسەر ئەم پرۆسەیە نیە. هەربۆیە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان هیچ کات گرنگی لێکدانەوە لەو تەجروبانەی خۆی نەکردۆتە پێوەرێک بۆ سەرکەوتنی. لەکاتێکیشدا لەم تەجروبانەدا شکستی خواردوە و بەئاکام نەگەیشتوە لە کۆکردنەوەی هێزێکی جەماوەری ڕێکخراوی چینەکەدا، ئەمەش هیچ کێشەیەکی لە دەزگای فکری و بەرنامەی عەمەلیدا بۆ دروست نەکردوە تا بیر لە گۆڕینی تاکتیک و سیاسەتەکانی بکاتەوە. بەم پێیە دەبینین پرۆسەی "دانانی بەرنامە وسیاسەتی سۆشیالیستی و بڕیارنامە دەرکردن و ناکامی پراتیکی" یەک ئەڵقەی داخراوە، کە لە کۆتاییدا تاکە ئەنجامگیریەک کە لێیدەکرێت ئەوەیە کە "سیاسەتی سۆشیالیستی غائیب بوە" و چاوەڕوانی و باوەڕبونی ڕابەری بە خۆی کەم بوە و "کەسانی دەرەجە یەکی سیاسی" لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان و عێراقدا نەبوە و ئەمەش بێباوەڕی ئەم ڕابەریەی بە پراتیکی سیاسی و تەجروبە عەمەلیەکانی خۆی زیادکردوە و هیچ کات هەوڵێکی تیۆری جدی نەداوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و چارەسەرکردنیان لە نیو سەدەی خەباتی سیاسی و عەمەلیدا.

نمونەیەکی بەرچاوی ئەم پشت نەبەستن بە تەجروبەی سیاسی خودی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراقدا، تەجروبەی دەورانی شوراکانی ١٩٩١ و دەرچونی دوبارەی بە عسە لە کوردستان. وەک پێشتر باسمان کرد ئەم بزوتنەوەیە بە تەجروبەی سیاسی خۆی لەم دەورەیەدا چەند هەنگاوێکی پێشڕەوانەی نا لە بواری کاری جەماوەری و یەکگرتوبونی کۆمۆنیستەکان لە شوراکاندا و هاوئاهەنگی دواتری نێوان گروپەکان و درێژەدان بە چالاکی ئاشکرا و شۆڕشگێڕانە لە کاتی نەمانی بەعس لە کوردستاندا. بەڵام زۆر سادە و ئاسان بە ڕەخنەیەکی ئیرەجی ئازەرین و بێ

دەنگی "کانونی کۆمۆنیزمی کرێکاری"، و وەک دەڵێن بێ دەنگی نیشانەی ڕازیبونە، بزوتنەوەی ئێمە و زۆربەی هەڵسوراوانمان پشتمان لەم تەجروبە سیاسیەی خۆمان کرد و هەموو کاری شۆڕشگێڕانەی دەستدانە چەک و بەشداری ڕاپەڕین بۆ ڕوخانی بەعس و کۆکردنەوەی جەماوەر لە شوراکاندا و ڕاوەستانەوە بەرامبەر بە هەڕەشەی یەکێتی نیشتمانی لە شوراکان و چونە سەنگەری بەرگرتن بە گەڕانەوەی بەعس و گیان لەدەستدان لەو پێناوەدا و دواتریش گەڕانەوە لە ئاوارەیی و کۆکردنەوەی هێزی کۆمۆنیستەکان و بەشداریکردنەوە لە دەرپەڕاندنی بەعس و پێکهێنانی کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان و دەستدانەوە کاری جەماوەری، هەموو ئەم تەجروبە پڕبایەخانەمان، کە دەیتوانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە پەراوێزبون و ناسیاسی بوون و سێکتاریزم ڕزگاربکا، خستە لاوە و پاسیڤیستانە کەوتینە دوای ڕەخنەیەکی بێ بنەمای "سیاسەتی سۆشیالیستی غائیب بوە" و بەبێ لێکدانەوەیەکی واقعی کە سیاسەتی سۆشیالیستی چیە؟ بۆچی ئەو کارە سیاسی و جەماوەری و چەکداریانە و دروستکردنی شوراکان سۆشیالیستی نیە؟ سۆشیالیزم مەگەر پراتیکی کرێکاران و کۆمۆنیستەکان نیە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بەپێی توانایی سیاسی و ڕیکخراوەیی چینەکە؟ بۆچی هەڵوێستگرتنی ئێمە دژی شەڕی ئەمریکا و عێراق سۆشیالسیتی نەبوە ئەگەر ئێمە دژی ئەو شەڕە بوبین و دواتر لە ئەنجامی شەڕەکەدا دەستمان دابێتە چەک و بەشداری ڕاپەڕینمان کردبێ و سودمان لەو فرسەتە وەرگرتبێ بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر لە شوراکاندا و خۆدەرخستن وەک هێزێکی سیاسی چەکداری کۆمۆنیستی؟ ئەم پرسیارانە گرنگی لەوەدایە کە بزانین چ دیدگایەک بەسەرماندا زاڵ بوە کە تەسلیمی ڕەخنەی پاسیڤیستی کۆمۆنیزمی کرێکاری کردین لەو سەردەمەدا؟

دیدگای کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ خەباتی سۆشیالیستی ئەو خەتەیە کە گروپێک بەهۆیەوە دەتوانن خۆیان لە باقی چینەکە جیابکەنەوە و بەناوی نوێنەرایەتی ئەوانەوە سیاسەتێک دیاری دەکەن، کە هەڵوێستێکی گشتی بەرامبەر هەموو حزبە بورژوازیەکان و هەموو ڕوداو و شەڕ و دۆخێکی سیاسی نیشان دەدا . سۆشیالیزم لێرەدا پراتیکێکی کۆمەلآیەتی چینێک نیە کە لە هەلومەرجێکدا کە ئەو دیاری نەکردوە چی دەکا؟ ئەم سۆشیالیزمە پەیوەندی بە توانای ئەم چینەوە نیە بۆ کردەوە و پراتیکێک کە دەتوانێ بیکا تاکو هەنگاوێک ئەم چینە و بزوتنەوەکەی بەرێتە پێشەوە، بەڵکو کۆمۆنیزم لێرەدا بڕیار و سیاسەتێکە کە حزب و گروپەکە دەیدەن لەسەر هەڵوێست دەربڕینی خۆیان وەک ئەوپەڕی ناڕازی ڕادیکال و دوای ئەمە هیچ پراتیکێکی کۆمەلآیەتی و چینایەتی لێ چاوەڕوان ناکرێ و هەربۆیە وەک ڕەخنەگرتن و سەرکۆنەکردنێکی بێ کردار و پاسیڤانە دەمێنێتەوە.

ئەگەر نا، زۆر ڕۆشن بوو کە ئێمە وەک بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراقدا بەرمان بە شەڕی ئەمریکا لە عێراقدا پێ نەدەگیرا و هیچ هاوسەنگیەکی هێز و هیچ ئامادەیەکی سیاسی و ڕیکخراوەیی بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ئەو شەڕە جیهانیەمان نەبوو. چۆن دەکرێ بەوەی کە نەمانتوانی چارەنوسی ئەم شەڕە بگۆڕین ئەوا ئیتر سیاسەتی سۆشیالیستی غائیب بوە؟ ئەمە ئەو چوارچیوەیەی کۆمۆنیزمی کرێکاریە بۆ لێکدانەوەی سیاسی و چینایەتی کە نیشانەی بەرتەسکی پراتیکی کۆمەلآیەتی گروپێکی ڕۆشنبیری دابڕاو لە چینی کرێکار و خەباتی چینایەتیە. ئێمەش کە لە ژێر کاریگەری ئەم تێگەیشتنەدا بوین و هاوبەش بوین لەم جۆرە سونەت و نەریتە فکری و سیاسیە. هەربۆیە زۆر زوو پشتمان کردە تەجروبەی سیاسی خۆمان و گەڕاینەوە قاڵبی گروپە ڕۆشنبیریەکەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و دەستمان دایەوە ئەو کارانەی کە پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ و شوراکان شارەزای بوین، کاری پەراوێز و شەڕی

ئۆتۆریتەی گروپەکان و ڕەخنەی ناعەمەلی لە ناسیونالیزم و چۆڵکردنی مەیدانی ململانێی سیاسی لەگەڵ میلیشیاکانی یەکێتی و پارتی کە هەژمونی سیاسی و عەسکەری خۆیان دادەسەپاند لە کوردستاندا.

دەرک کردنی ئەم کێشەیەی کە ئێمە پشت دەکەینە تەجروبەی سیاسی خۆمان مەسەلەیەکی یەکجار پڕبایەخە. لەبەرئەوەی دەرس وەرنەگرتن لەم تەجروبانە و جێگیرنەکردنیان وەک پایەیەکی بەهێزی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی، بزوتنەوەی ئێمەی لەگەشەکردن خست و بە جوینەری و ناپێگەیشتو لە مەیدانی سیاسیدا هێشتیەوە. هاوکات خستنەلاوە وبێ ئەهمیەتکردنی ئەم تەجروبەی سیاسیە جەماوەریانە ڕێگەی بە سەرلەنوێ بەهێزبونەوە و زاڵبونەوەی سونەت و نەریتە فکری و پراتیکیە سێکتاریستی و نا کۆمەڵایەتیەکان دا. لێرەشەوە بێ باوەڕی بە بەشداری سیاسی چالاکانە لە مەیدانی ململانێی سیاسیدا کردە پایەیەکی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراق و کوردستاندا. ٢٠ساڵ دوای تەجروبەی شوراکان، لە ١٧ شوباتی ٢٠١١دا، وەک یەکەم تەجروبەی سیاسی خەڵکی ئازادیخواز و لاوان و کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان دژی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی، نمونەی دواتری ئەم پاسیڤیزم و پەراوێزگیری و ناپێگەشتوە سیاسیەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبینین . دواتر بە درێژی باسی ئەم کێشەی پاسیڤیزمە سیاسیە دەکەین.

## دووەم؛ ئیلوژنی هاوسەنگی هێز و گەیشتن بە دەسەڵات

ئیلوژن واتە وەهم و ناڕۆشنی. هێزێکی سیاسی کاتێک تێگەیشتنێکی دروست و واقعی نیە لە هێزی خۆی، ئەوا توشی وەهم دەبێ سەبارەت بە تواناییەکانی خۆی و هاوسەنگی هێزی لە بەرامبەر دەسەڵاتی بورژوازی و حزبەکانیدا. بە هەمان شێوەش

ناڕۆشن و بەشێوەیەکی خەیاڵی و دوور لە واقیع پرۆسەی گەیشتن بەدەسەڵات و سەرکەوتنی بەسەر نەیارەکانیدا دەبینێ و نەخشەی بۆ دادەڕێژێ.

حزبی ئێمە لە تەجروبەی ٧ ساڵ کاری ئاشکرای، لەساڵی ١٩٩٣-٢٠٠٠دا، لە ململانێی سیاسی لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا و لە نەخشە و پلاتفۆرم و بەرنامەیدا بۆ گەیشتن بەدەسەڵات لە کوردستاندا شکستی هێنا. بەڵام هیچ کام لەم شکستانە تا ئێستا نەبوەتە مایەی گۆڕانی دیدگا و بۆچونی ئەم حزبە لەسەر ئەو لێکدانەوە و ئەو سیاسەت و پراتیکانەی کە ئەم شکست و ناکامیەیان بەرهەم هێناوە. سەرچاوەی ئەم وەهمانەی کە ئەم شکست و ناکامیانەیان بەرهەم هێناوە چیە؟ چ میتۆدێک لە بیرکردنەوە و خۆئاگایی بەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاریدا زاڵە کە ئەم جۆرە لە وەهمی سیاسی دروست دەکا؟

گرامشی لە بارەی هاوسەنگی هێزەوە دەڵێ "هیچ کۆمەڵگەیەک ئەرکێک بۆخۆی دانانێت ئەگەر دۆخەکەی بەتەواوەتی و بە پێویست نەهاتبێتە ئارا. هیچ کۆمەڵگەیەک تێک ناشکێ و جێگای ناگیرێتەوە تاکو فۆرمەکانی تری ژیان کە شاراوەن لە پەیوەندیە ناوخۆییەکانیاندا گەشەیان نەکردبێ لە پێشدا." [263]

ئەم دیدگا ماتریالیستیە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە بزوتنەوەکان و چۆنیەتی گەشەکردن و پرۆسەی مێژوویان. ئەگەر کۆمۆنیزم بریتی بێت لە گروپێکی سیاسی دابڕاو لە پراتیکی جەماوەر و تەنانەت لە باقی گروپە ڕۆشنبیریەکانی تری چینی کرێکار، وەک کۆمۆنیزمی کرێکاری کە بە"بەرنامەی دنیایەکی باشتر" و قاڵبی سێکتاریستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خۆی دابڕیوە لە باقی گروپەکانی تر و لەوانەش گرنگتر لە سەرجەم هێزی چینی کرێکار، ئەوا تێگەیشتن لە گۆڕینی کۆمەڵگە بێگومان

---

[263] 2 گرامشی، میری نوێ ، ل ١٧٧،هەڵبژاردەیەک لە پەڕاوەکانی زیندان، بەزمانی ئینگلیزی

پرۆسەیەک نیە لە گەشەی توانای سیاسی و ڕیکخراوەیی کرێکاران کە دەتوانن دۆخێکی نوێی سیاسی و هەژمونێکی کۆمەڵایەتی دروست بکەن. بەڵکو دۆخی ئامادە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە بریتی دەبێ لە ئامادەیی حزبی پێشڕەو و گروپی ڕۆشنبیر بەتەنیا خۆی. هەروەک لە کوردستانی عێراق لە ١٩٩٣ تا ٢٠٠٠ دا دەبینین کە حزبی ئێمە باسی ئامادەکردنی خۆیەتی بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و بەبێ ئەوەی هیچ کام لە ئۆرگانەکانی دەسەڵاتدارێتی چینی کرێکار ئامادەبێ. بەبێ ئەوەی شورا و ڕیکخراوەی جەماوەری ڕاستەقینە کە هەزاران کەس بگرێتە خۆی و بە شێوەیەکی عەمەلی توانای گۆڕینی دۆخی دەسەڵاتدارێتی هەبێ لە ئارادا بێ. سەرەڕای ئەم جۆرە تەبلیغات و هاندانەی بەتایبەت لە ١٩٩٦ەوە هەموو ڕۆژێک لە ڕادیۆی حزبەوە ڕامان دەگەیاند کە دەبێ دەسەڵات بگۆڕین، بەڵام لە دنیای واقعدا هیچ گۆڕانێک لە هاوسەنگی هێز لە نێوان حزبی ئێمە و یەکێتی و پارتیدا نەهاتبوە ئارا کە بگاتە ئەو ئاستی چاوەڕوانیەی مەنسور حیکمەت لە حزبی هەبو کە "دەبوایە دەستی بۆ دەسەڵات درێژبکردایە"[264]. ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە کۆمۆنیزم تێگەیشتنێکی بەرتەسکی گروپ و سێکتێکە کە کۆمۆنیزم لە چواردیواری گروپەکەی خۆیدا دەبینێ. لێرەدا کۆمۆنیزم پێش ئەوەی وەک فۆرمێکی تری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی چینی کرێکار گەشەی کردبێ، چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێ کە بە گروپێکی سیاسی چەند سەد کەسیەوە دەتوانن سەرمایەداری و دەسەڵاتی میلیشیایی یەکێتی و پارتی و ئیسلامیەکان لە کوردستان ڕابماڵن. ئەمە نیشانەی تێگەیشتنێکی بەرتەسکی سێکتاریستانەی گروپی ڕۆشنبیرانە لە کۆمۆنیزم.

---

[264] مەنسور حیکمەت ، یاداشتێک بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ڕابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق

هاوسەنگی هێز لەم جۆرە لە کۆمۆنیزمدا کورت دەبێتەوە بۆ سادەگەریەکی سیاسی، کە گروپی ڕۆشنبیر لە هێزی کۆمەڵایەتی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی هەیەتی. ئەگەر نا هەموو بەڵگەکان نیشانی دەدا کە کۆمۆنیزمی کرێکاری نەک هێزێکی ئامادە بۆ دەستدرێژکردن بۆ دەسەڵات نەبوو، بەڵکو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و جەماوەریش نەبوو و هێشتا لەقاڵبی گروپێکی گەورەی ڕۆشنبیراندا نەپەڕیبوەوە و هیچ کام لە ئۆرگانەکانی دەسەڵاتداریێتی جەماوەری و ڕیکخراوەیی لە هیچ کون و بەشێکی شارو شارۆچکەیەکدا دانەمەزراندبوو. ئەم نەبونی تێگەیشتنە لەسەر پرۆسەی گەشەکردنی خەباتی چینایەتی و قۆناغەکانی گۆڕانی هاوسەنگی هێز تەنیا لەسەر فۆرمێکی میتافیزیکی بەڵگەنامەی "ستراتیژی ئێمە لە کوردستان"5*ی کۆمەڵەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو کە کۆپی و پەیست کرابوو و وە وەکو پلاتفۆرمی ستراتیژی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دانرابوەوە، بەبێ ئەوەی ئەم فۆرمە لە قۆناغ بەندی پشتی بەهیچ لیکۆڵینەوە و لێکدانەوەیەکی ئامادەیی کرێکاران و ئاستی گەشەی خەباتی ئابوری و سیاسی ئەم چینە و هیچ کام لە فاکتەرە سیاسیەکانی دۆخی هەڵواسراو و دەسەڵاتی میلیشیایی لە کوردستان بەستبێ. ئەم نەخشەی دەسەڵات گرتنە لەڕاستیدا نەخشەیەکی خەیاڵی و دوور لە واقعی هێزێک بوو کە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی ڕۆژانە و سیاسی کرێکاراندا نەبوو وە حزب هێزی خۆی و نەخشەی گەیشتن بەدەسەڵاتی لەو کۆبونەوە حزبی و مەراسیمانەدا دەبینی کە لە بۆنە مێژوویەکاندا ئاهەنگی دەگێڕا. بەڵام هەرچی چالاکی جەماوەری و بەشداری هەڵسوڕاوانی حزبە لە ڕوبەڕوبونەوەی ڕۆژانە لەگەڵ دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا نەدەبوە ئەو کەناڵەی کە لێوەی پەیوەندی خەباتکارانەی جێگیر و پەیوەندی ڕێکخراوبونی جەماوەری و پەیداکردنی نفوزی سیاسی و هەژمونی فکری و عەمەلی لە کۆمەڵگەدا. لێرەشەوە هەنگاو بنرێ بەرەو کۆکردنەوەی هێزی هەموو

کۆمۆنیستەکان و هەڵسوراوانی کرێکاری و  جەماوەری لە حزبێکی کۆمەڵایەتیدا بنرێ. بەم پێیەش هەنگاوبەهەنگاو نەخشە بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز و ئاسۆیەکی ڕۆشن نیشان بدرێ بۆ ململانێ لەسەر دەسەڵاتداریتی لە ئاستی لۆکاڵ و سەراسەریدا.

بزوتنەوەی کۆمۆنیستی پێویستە سیاسەت وەک زانستێک مامەڵە بکا و هاوسەنگی هێز و پرۆسەی گەیشتن بە دەسەڵات بەپێی لێکدانەوەیەکی زانستی بخاتەڕوو، هەروەک گرامشی بە شێوەیەکی زانستی پێمان دەڵێ " بۆ لێکدانەوەی هاوسەنگی هێز دەبێ ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێ؛

**یەکەم؛** پەیوەندی هێزە کۆمەڵایەتیەکان ،کە پەیوەندە بە ژێرخانەوە، ئەمە ئۆبژێکتیڤە ، پەیوەندی بە خواستی مرۆڤەوە نیە، بەسیستم دەپێورێ یان بەزانستی فیزیا.وەک ئاستی گەشەی هێزە مادیەکانی بەرهەمهێنان، ژمارەی کارگە، کرێکار، دانیشتوانی شار،هتد..

ئەم داتایانە نیشانی دەدا کە ئەو کۆمەڵگەیە پێویستی گۆڕانکاری تیایدا چیە؟ ڕادەی ڕیالیزمی لە پراتیک بونی ئەو ئایدیۆلۆژیە جیاوازەکان کە تیایدا لەدایک بوون لەو دۆخەدا نیشان دەدا، ئەو دۆخەی ناکۆکیەکان کە لەکاتی گەشەدا لەدایک بوون.

**دووەم؛** ساتی ئاکامی پەیوەندی نێوان هێزە سیاسیەکان، واتە ئیڤۆلوشنی هۆمۆجینێتی (گەشەی هاوئاهەنگی) ، خۆئاگایی، ڕیکخراوبونی چینە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان.

ئەم ڕیکخراوبونە، **ئەلف؛** ئاستی هەستکردنە بە پەیوەندی نێوان بازرگانێک لەگەڵ بازرگانێکی تردا نەک لەگەڵ خاوەن کارگەیەک.واتە ئاگایی لەنێوان گروپێکی حزفەیی بۆ یەکگرتویی و هاوئاهەنگی بەڵام هێشتا لەئاستی گروپێکی کۆمەڵایەتیدا دروست نەبوە.

**بێ؛** ساتی دروستبونی وشیاری لە نێوان هەموو ئەندامانی چینەکەدا، بەڵام هێشتا لە بواری ئابوری ڕوتدایە. لێرەوە داوا ڕوو بەدەوڵەت بەرزدەکرێتەوە و خواستی بەشداری و گۆڕینی یاسا و ئیدارە لە چوارچیوەی هەمان ستراکتۆری مەوجوددا دروست دەبێ.

**سێیەم؛** ساتی وشیاری سەبارەت بە بەرژەوەندی هەموو دامەزراوەکە خۆی، ئێستا و ئایندەی.

بەرزبونەوە لە سنوری دامەزراوەکە لەکایەی ئابوریدا و وە گرنگیدان بە گروپە ژێردەستەکانی تر.ئەم حاڵەتی سیاسی بونە کە لەژێرخانەوە دەچێ بۆ حاڵەتی ئاڵۆزی سەرخان، ئەمە ئایدیۆلۆژیایە دەبێ بە حزب، دەبێتە ڕوبەڕوبونەوە تا لایەک سەردەکەوێ کە تەنیا ئامانجی یەکێتی ئابوری و سیاسی نابێ بەڵکو یەکێتی ڕوناکبیری و ئەخلاقیشە، وە هەژمونی چینەکە دەسەپێنێ. گەشەی گروپەکە دەبێتە گەشەی کۆمەڵگە."[265]

کەواتە کۆمۆنیزم لە پرۆسەی گەیشتن بەدەسەلات و گۆڕینی هێزی هاوسەنگی بۆ پەیداکردنی هەژمونی سیاسی لە ئاستی کۆمەڵگەدا، پێویستی بە ئاستی گەشەی چینی کرێکار و توانا و دەوری لە بەرهەمهێنان و ئاستی ڕیکخراوبون و وشیاری سیاسی و ڕوناکبیری چینەکەیە. ئەم تێگەیشتنە جیاوازە لە دیدگای کۆمۆنیزمی کرێکاری و بڕیارنامەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە هەموو حساباتێکی هاوسەنگی هێز و بونە هێزی یەکەمی لە کوردستان و ئیراندا لە توانایی دیاریکراو و بەرتەسکی ڕیکخراوی حزبیدا، وە بە سیاسەت و بڕیارنامەیەکی وەک "سەربەخۆیی

---

[265] گرامشی، میری نوێ ، ل ١٨١،هەڵبژاردەیەک لە پەڕاوەکانی زیندان، بەزمانی ئینگلیزی

كوردستان"یان"مەنشوری سەرنگومی" و "سیناریۆی ڕەش و سپی" و "دروستكردنی حزبی سیاسی" كورت دەكاتەوە.

لە بواری پراتیكدا شكستی ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٠دا نیشانی دەدا كە چ تێگەیشتنێكی بەرتەسكی گروپی و وەهمیمان لە هاوسەنگی هێزی خۆمان لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی هەبوە؟ هاوكات لێكدانەوەی حیكمەتیزم لە لێكدانەوەی شكستی ٢٠٠٠دا ئەوە دەخاتە ڕوو كە ئەم دیدگایە بۆ " گرتنی دەسەڵات و بونە هێزی یەكەم" چەندە گروپی و وەهمیە. لە ٧ ساڵی ململانێی ئێمەدا لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی مەنسور حیكمەت جگە لەم دیدگایەی "بونە هێزی یەكەم" هیچ كام لەو خاڵانەی تری باس نەكردوە، كە لە لێكدانەوەكەی دوای شكستی ٢٠٠٠ ڕیزی كردون و دەڵێ حزب دەبوایە لە بواری كۆمەڵایەتی و ستراتیژیدا بیكردایە. ئەگەر لێكدانەوەكانی مەنسور حیكمەت بۆ حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق ئەوەبوبێت كە ئەم حزبە هیچ ئامادەكاریەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ڕیكخراوەیی بۆ گرتنی دەسەڵات نەكردوە و ئاسۆ و ستراتیژی نەبوە، دەبێ بپرسین ئەی چۆن پێش ئەم ئامادەكاریانە چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەكرێ و ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێ كە كێشەی حزب ئەوەبوە كە "دەستی بۆ دەسەڵات نەبردوە"؟ ئایا دەستبردن بۆ دەسەڵات هەر ئاسۆیەكە؟ یان هەر ئەوەندە بەسە كە كۆمۆنیستەكان خواست و ئیرادەی دەسەڵاتگرتنیان هەبێ. یاخود ئەمە پراتیكێكی سیاسی و ڕیكخراوە كە پێویستی بە ئامادەبونی چینی كرێكارە و بەبێ ئامادەیی ئەم چینە گروپێك ناتوانێ "دەست بۆ دەسەڵات بەرێ".

ئەگەر ئەم لێكدانەوەی مەنسور حیكمەت ڕاست بێت، كە كۆمۆنیزمی كرێكاری لە كوردستان ئاسۆی دەسەڵاتی نەبووە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نیە كە كۆمۆنیزمی كرێكاری بە گشتی لە سێ دەیەیەی بونی خۆیدا، لە كۆتایی هەفتاكانەوە تاكو سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠، ئاسۆی دەسەڵاتی نەبووە؟ كەواتە دەبێ هەرچی بەرنامە و

بڕیارنامە و پلاتفۆرمی بێت هەمووی هەڵە و ناکۆمۆنیستی و ناواقعی و ریفۆرمیستی بێت!

ئەمە هەمان میتۆدی ڕەخنەی ئیرەجی ئازەرینە کە لەسەر بزوتنەوەی شورایی و کۆمۆنیستی ساڵی ١٩٩١ هەیبو. " غیابی سیاسەتی سۆشیالیستی"ی ئیرەجی ئازەرین هەمان "نەبونی ئاسۆی دەسەلأت"ی مەنسور حیکمەتە و هەمان میتۆدی لێکدانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریە لەسەر دەوری حزب و چینی کرێکار لە خەباتی دژی سیستمی سەرمایەداریدا و درێژکراوەی هەمان مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتیە، کە حزب و گروپێک دەخاتە جێگای چینی کرێکار و لە بنبەستی ئەم گروپەدا بۆ گۆڕینی ئەم سیستمە لۆمەی "نەبونی ئاسۆ و سیاسەتی سۆشیالیستی" وەک کەموکوڕیەک لە تیۆریی گروپ و حزبەکەدا دەکا.

ئەمە ناکۆکیەکە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری تێی کەتوە و شکستی ٢٠٠٠حزبی ئێمەی پێ لێک دەداتەوە. بەلأم لەڕاستیدا ناکۆکیەکە لە "نەبونی ئاسۆ و سیاسەتی سۆشیالیستی" حزبی ئێمەدا نیە، بەڵکو ئەو ناکۆکیەیە خۆی بەرهەمی دیدگایەکە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لەسەر دەوری کۆمۆنیزم و حزب هەیەتی. بەرهەمی دۆگماتیزم و چەقبەستنی گروپی ڕۆشنبیری کۆمۆنیستە، کە دابڕاوە لە هێزی کۆمەلأیەتی چینەکەی. هەربۆیە لێکدانەوە لەسەر هاوسەنگی هێز و گەیشتن بەدەسەلأت و ناکامیەکانی ئەم هەولأنە کاتێک لەدەرەوەی خەباتی چینایەتی کرێکاران و ئاستی توانابیە ڕیکخراوەییەکانی کرێکاران لێک دەدرێتەوە، ئیتر دەبێت بەوە پاساوبدرێ کە ئاسۆی گەیشتن بە دەسەلأت غائبە و "ڕابەرانی دەرەجە یەکی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا نەبوو کە چارەنوسی خۆیان بە خەڵکەوە گرێ بدەنەوە"![266]

---

[266] مەنسور حیکمەت ، یاداشتێک بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ڕابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق

ئەمە لێکدانەوەیەکی سەبژێکتیڤ و بەکەم گرتنی خەباتی دەیەیەکی کۆمۆنیزمە لە کوردستانی عێراقدا سەرەڕای کەموکوڕیە تیۆری و هەڵە سیاسی و ڕیکخراوەییەکانی. لەمەش زیاتر تێنەگەیشتنە لە کێشەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە دەرچونی لەو قاڵبە فکری و سیاسیە بەرتەسک و سێکتاریستیەی کە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری توشی ئەزمە و جیابونەوەکان کردوە و توشی وەهم و ئیلوژنی کردوە لەسەر هیزی واقعی گروپی ڕۆشنبیرانی کۆمۆنیست و هاوسەنگی هێزی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بورژوازیدا.

کۆمۆنیزمی کرێکاری کێشەی لە وتنی بنەماکاندا نیە. لەبابەتی ئەوەی شۆڕشی سۆشیالسیتی چینی کرێکار دەیکا و بۆ گرتنی دەسەڵات دەبێ ئەم چینە ئامادەبکرێ. کێشەی ئەم دیدگایە لەوەدایە کە ئەم بنەمایانە تەنیا لە چوارچێوەی بەرنامەی بەرتەسکی گروپێکی ڕۆشنبیرانەوە، کە ناوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریە، دەبێ بڕواتە پێش، وە ئەم چینە سەرەتا دەبێ لەم قاڵبە حزبیە بدرێ، ئەوکات ئەم حزبە دەبێتە ئەو هێزەی کە ئەم شۆڕشە دەکا و دەسەڵات دەگرێتە دەست. ئەم تێگەیشتنە بەرتەسکە لە کۆمۆنیزم و شۆڕشی سۆشیالسیتی چینی کرێکار مەسەلەی دەسەڵات و هاوسەنگی هێز و ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە قاڵبی گروپی ڕۆشنبیران و حزبدا بەرتەسک دەکاتەوە. ئەمەش خۆئ ئەنجامی ئەو دابڕانە مێژووییەیە کە ئەم گروپە ڕۆشنبیرانە بەدرێژایی سەدەی بیست لە خەباتی ڕۆژانە و سۆشیالیستی چینی کرێکار هەیان بوە و دیدگای کۆمۆنیزمی کرێکاریش بۆ شۆڕش و خەباتی چینایەتی و هاوسەنگی هێز و دەوری حزب درێژەی ئەو دابڕانە و درێژەدان بەو دابڕانەیە.

## سێیەم؛ پاسیڤیزمی سیاسی

یەکێک لە خەسڵەتەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان پاسیڤیزمی سیاسی بوە واتە چالاک نەبون و مانەوە لە قالّبی ئۆپۆزسیۆنی ناعەمەلیدا و بێکاردا. ڕیشەی ئەم پاسیڤیزمە لەو سونەت و نەریتانەدایە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری و گروپە ڕۆشنبیریە کۆمۆنیستەکانی هاوشێوەی لەسەدەی بیستدا بەهۆی دابڕانیان لە خەباتی چینایەتی کرێکارانەوە ڕەگی داکوتاوە تیایاندا و وەک گروپی سیاسی پەراوێز یان نهێنی ماونەتەوە. کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان لە سەرەتای هاتنەمەیدانیەوە لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا بەشێکی بەهۆی نهێنی کاری و سەرکوتی بەعسەوە، و بەشێکی تری وەک بزوتنەوەیەکی جیاواز لە ناسیونالیزمی چەکدار، لەگەڵ جۆرێک کاری سیاسی نهێنی و نا کۆمەڵایەتیدا ئاشنابوو کە لەگەڵ جێگەی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیرانی ناڕازی شاریدا دەهاتەوە. بەڵام ئەم پاسیڤیزمە سیاسیە لە٢٩ ساڵی ڕابردوی نەمانی بەعسیشدا هەرچەند دەورانی نهێنی کاری نەماوە، بەڵام وەک سونەتێکی بەهێز خۆی لە قالّبی پاسیڤیزمی ناڕازیدا ئاشکرادا نیشان دەدا.

لەدوای شوراکانی١٩٩١ ەوە دیسانەوە ئەم پاسیڤیزمە سیاسیە لەنێو بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا سەریهەڵدایەوە و وەک پێشتر وتمان کە ڕەخنەی ئیرەجی ئازەرین لە شوراکانی ١٩٩١وای لەم بزوتنەوەیە کرد کە گومانی لە کار و پراتیکی سیاسی و جەماوەری شوراکانی هەبێ و هەربۆیە کەوتەوە دوای سەرابی "نەبونی سیاسەتی سۆشیالیستی"، بەبێ ئەوەی ئاشکرا بێت کە ئەم سیاسەت و ئاسۆ سۆشیالیستیە چیە؟ ئەم ئیلوژن و ناڕۆشنیە دیسان ئەم بزوتنەوەیەی بەرەو پاسیڤیزم پاڵ پێوەنا لە ژێرناوی ڕادیکالیزمی ئۆپۆزسیۆن مانەوەدا بەرامبەر بە ناسیونالیزمی کورد دا. یەکەم هەڵوێستی ئەم پاسیڤیزمە سیاسیە لە ساڵی  ١٩٩٢ لە بەشداری نەکردن لە

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بوو، کە هیچ ڕێگریەک نەبوو لەبەردەم گروپە کۆمۆنیستەکاندا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەموومان سیاسەتی بایکۆتی هەڵبژاردنمان هەڵبژارد.

سیاسەتکردن لە کۆمۆنیزمی کرێکاریدا زیاتر ڕۆشنکردنەوە و بەیاننامەدەرکردنە لەسەر دۆخە سیاسیەکە، نەک بەشداری و هاندان و ڕیکخستنی بزوتنەوەی سیاسی. بۆ نمونە لە بەرامبەر شەڕی ناوخۆدا، جگە لە تەبلیغاتی ڕادیۆ لە ساڵەکانی ١٩٩٦تا ساتی ٣١ئابی ئەو ساڵە کاری جەماوەری بە دەستپێشکەری و هاندانی حزب نابینین. بێگومان ئەم تەبلیغاتەی ڕادیۆ دژی شەڕی ناوخۆ فشاری لەسەر یەکێتی نیشتمانی دانا و هەربۆیە ٢جار هاتنە سەرمان بۆ داخستنی ڕادیۆ و بەپشت بەستن بە هێزی ڕیکخراوەییمان و لەڕێگەی گفتوگۆوە و بەسازشکردن لەسەر زمانی تەبلیغاتیمان توانیمان کە شەڕی یەکێتی لەسەر خۆمان دورخەینەوە، بەڵام وەک حزب هیچ سیاسەتێکی ڕۆشنمان نەبوو کە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم شەڕە و هەڵخراندن و بەڕیخستنی بزوتنەوەی جەماوەری لەدژی هەنگاو هەڵگرین.

نمونەیەکی تریش سیاسەتی سەربەخۆیی کوردستان. ئەم سیاسەتە وەک کەمپەینێکی دەرەوەی کوردستان مایەوە و لەماوەی ٥ساڵی کارمان، لە ١٩٩٥تا ٢٠٠٠، لە تەبلیغاتی و بانگەوازی ڕادیۆ و واژۆکۆکردنەوە نەترازا و نەبوە کارێکی سیاسی جەماوەری. تەنانەت کاتێکیش دوای ڕوخانی بەعس لە ٢٠٠٤-٢٠٠٥دا کە بوە بزوتنەوەیەکی فراوان لەلایەن کەسانی ناسیونالیست و ئازادیخوازی دەرەوەی حزبەوە، حزب لە دوای ڕوخانی بەعسەوە لەم سیاسەتە پەشیمان بوەوە و نوسەری ئەم کتێبە کە ئەو کات بەرپرسی "کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان" لەسەر وتارێکی لە دیفاع لە رفراندۆمدا لە بڵاوکراوەی "ئۆکتۆبەر"ی حزبدا سەرزەنشت و تەوبیخی ڕیکخراوەیی کرا لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە. لە کاتێکیشدا کە لە رفراندۆمی ٢٠١٧دا

زۆربەی مەکتەبی سیاسی حزب وەک چالاکی "ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان" کاریان دەکرد و مێژوویەکی ٢٠ ساڵە لەکاری کەمپین و کۆنفرانس و دەرکردنی گۆڤار و چالاکی جۆراوجۆری هەبوو، بەڵام لەپڕێکدا پشت کرایە ئەم پڕۆژەیە و پڕۆژەیەکی خەیاڵی وەک "بەدیلی ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان" لە پشتی پەردەوە سازکرا بەناوی "بزوتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان". ئەم پڕۆژە تازەیە هەر لەلایەن ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسیەوە ڕاگەیەندرا کە خۆیان لە پڕۆژەی ٢٠ ساڵەی "کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان"ی حزبدا بوون! بەڵام پاش ماوەیەک لە ناکامی و ناعەمەلی بونی ئەم پڕۆژەیەی "بزوتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان"، کە کرابوو بە بەدیلی حزبیش، بە بێدەنگی سەری نرایەوە و دیسانەوە لەسەر ئەم تەجروبە شکست خواردوەش یەک وشە نەوترا و بە ئاسانی پشتی تێکرا و هیچ دەرس و تەجروبەیەکی لێ وەرنەگیرا بۆ دوبارەنەبونەوەی پڕۆژەی خەیاڵی لەم بابەتە.

هەربۆیە مەرج نیە هەمو کاتێک ئەم پاسیڤیزمە سیاسیە بەمانای هیچ نەکردن بێت، بەڵکو دەستدانە پرۆژەی خەیاڵی حزبی و دوور لە خەباتی چینایەتی کرێکارانیش لە کۆتاییدا بە ناکامی و بنبەست و پاسیڤیزم دەگات لە دۆخی سیاسیدا. بۆ ئەمەش باشترین نمونە هەر ئەو پڕۆژەیەی "بزوتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان"، کە لەسەرەوە باسمانکرد.

گرنگە ئەم نمونەیە لە پڕۆژەی سیاسی جارێکی تر بخەینەوە ژێر تیشکی ڕەخنە تابزانین چ میتۆد و تێگەیشتنێک لە سیاسەتکردن دەدا بەدەستەوە. بەڕای من ئەم میتۆد و پراتیکە جیاوازە لە جۆری سیاسەتکردنی حزب و هێزێکی کرێکاری و کۆمۆنیستی کە دەرگیرە لە خەباتی چیانیەتی کرێکاراندا، وە جیاوازە لە سیاسەت و پڕۆژەی گروپێکی ڕۆشنبیری دابڕاو لە کرێکاران کە خەریکن بە خەیاڵ دنیای واقعی

لەڕێگەی هێزی گروپەکەیان و پرۆژەکانیەوە دەگۆڕن. ڕەخنەکان لەم پرۆژەیە دەتوانین بەم شێوەیە کورت بکەینەوە؛

"**یەکەم ؛** ئەم پرۆژەیە دوو مەسەلەی تێکەڵ کردوە یەکەمیان ئازادی و دوەمیان سەربەخۆیی کوردستان. کە ئەمە دوو کیشەی جیاوازن. لەوانەیە کوردستان بە سەربەخۆیی بگات بەڵام هیچ ئازادیەکی تێدابێت، وە ئازادیش و حکومەتی نوێنەرانی خەڵک لەڕێگای سەربەخۆییەوە نایەتەدی. هاوکات باسی گۆڕینی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بە دەوڵەتی نوێنەرانی خەڵکی دروشمێکی پۆپۆلیستیە و وەک کۆمۆنیست دوای دووسەدە لە تەجروبە و زانست و تیۆری ئەوەی دەوڵەت نوێنەری چینێکی دیاریکراوە و شەڕی چینایەتی هەمووی لەسەر دەوڵەتە و شتێک نیە بەناوی دەوڵەتی ئازادی خەڵک.

**دووەم؛**هەربۆیە ئەم پرۆژەیە زیاتر کەمپینێکی تەبلیغاتی دوای دۆخی ١٦ ئۆکۆتۆبەرە کە پێی وابوو دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لە کوردستان تەواو بوە و ئەم بزوتنەوەیە ئەرکی دروستکردنی حکومەتێکی کاتی وئامادەکردنی دەستور لەماوەی 6 مانگدا.و دیاریکردنی "لیژنەی دانوسان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندا"و" هەیئەتەکانی نوێنەرایەتی خەڵکی شارەکان و کۆمیتەو لیژنەکانی پەیوەست پێیانەوە، لەقۆناغی ڕاگوزەرداو شتی لەو بابەتەیە کە "دۆخێکی شۆڕشگێڕانە" دەیخوازێ. ئەمە هیچ لێکدانەوەی واقعی لە دۆخی سیاسی و هاوسەنگی و ململانێی هێزەکان و هەربۆیە ئەم پرۆژەیە هیچ فکر و تیۆریەکی سیاسی جدی لە پشتەوە نیە.

**سێهەم؛** هاوڕییانێک کە تیۆریزەی ئەم بزوتنەوەیە دەکەن دەڵێن"حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان" ناتوانێ ئەم بەدیلە بێت بۆیە "بزوتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان" مان پێویستە. کەواتە ئەمە دۆزینەوەی بەدیلی حزبە، نەک بەدیلێک بۆ وەڵامدانەوە بە نیازەکانی چینی کرێکار و خەڵکی کوردستان. چونکە ئەگەر بەدیلێک

بتوانێ حکومەتی نوێنەرانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دروست بکا و سەرچاوەی دارایی و سەربازی بخاتە دەست ئەم چینە چەوساوەیە و ئازادی و یەکسانی لەکۆمەڵگەدا دابین بکا ئیتر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆچی پێویستە؟ هەربۆیە دەبینین ئەم "بەدیل"ە کە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکا جێگای حزبی گرتۆتەوە و تەنانەت لە نارەزایەتیەکانی کرێکاران و فەرمانبەرانیشدا ئەم حزبە "بەدیلەکەی" دەنێرێ پەیام بە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان بدا! بەڕای من ئەم دۆزینەوەی بەدیل بۆ کۆمۆنیزمە نیشانەی ئەزمەی بزوتنەوەکەمانە، کە دەبێ نەک بە هێنانی پرۆژەی خەیاڵی بەڵکو بە لێکۆڵینەوەی زانستی لە کێشە و کەموکوڕیەکانی بکۆڵینەوە و بزانین کە چۆن دەتوانێ ئەرکەکانی خۆی و لەوانە بەدیهێنانی خواستی خەڵکی کوردستان بۆسەربەخۆیی بەدی بهێنێ.

بەکورتی ئەمڕۆ کاری ئێمە وەک کۆمۆنیستەکانی کوردستان وەڵامدانەوەیە بەسەرجەم ئەو پێداویستیانەی بزوتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری کرێکاری لە کوردستان دێنێتەمەیدان کە دەتوانێ لەهەموو مەیدانە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندا وەڵامی پراتیکی خۆی بەو کێشانە بداتەوە کە بورژوازی کورد و حکومەت و دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بۆ چینی کرێکار و زەحمەتکێش و کۆمەڵگەی کوردستانیان دروستکردوە. پرۆژە و بەدیلی دروست و واقعی دەبێت لەلایەن ئەم هێزەوە بخرێتە ڕوو ئەوکات دەبێتە بەدیل و واقع."[267]

بێگومان شکستی ئەم پرۆژانەی حزب و لەوانەش "رفراندۆم" و"سەربەخۆیی کوردستان" سەرچاوەکەی ئەوەیە کە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نمایشی هێزێکی

---

[267] گفتوگۆی ئاسۆکمال لەگەڵ بڵاوکراوەی بۆپێشەوە سەبارەت بە رفراندۆم
http://www.asokamal.com/index/?p=1657

کۆمەڵایەتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان ناکا و گروپێکی ڕۆشنبیری کۆمۆنیستیش هەرچەند "پرۆژەی سیاسی باش و دروست و کۆمۆنیستی"یشی هەبێ ناتوانێ لە زەمینی واقعی ململانێی سیاسیدا ئەم پرۆژانە بەسەرکەوتن بگەیەنێ. هۆیەکەی بەسادەیی ئەوەیە کە ئەو هێزە مادیە کۆمەڵایەتیەی نیە بۆ ئەنجامدانی. ئەم هێزە مادیە چینایەتیەش کاتێک بۆ ئەم پرۆژەیە پەیدادەبێ کە لە تەجروبەی پراتیکی خۆیدا ئەم چینە بە ڕاست و دروستی ئەم پرۆژەیە گەیشتبێ. هەرچۆن ناسیونالیزمی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە خاوەنی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیەیە و دەسەڵاتی سیاسی و چەکداری هەیە، توانی پرۆژەی رفراندۆمێک، کە ئێمە ٢٠ ساڵ تەبلیغاتمان بۆدەکرد، لە ماوەی چەند مانگێکدا ئەنجام بدات، هەرچەند ئاکامەکەی شکست و پاشەکشەش بوو.

نمونەی تری لەم بابەتە زۆرن و ئاخری ئەوانەش تەجروبەی ١٧شوباتی ٢٠١١بوو. سەرەڕای دەخاڵەتی هەڵسوڕاوانی حزب لەم ڕاپەڕینە جەماوەریەدا، بەڵام حزبی ئێمە کاری حزبی کورتکردەوە لە دانی ڕێنوێنی گشتی و بەیان دەرکردن کە هیچ کاریگەریەکی لەسەر ئەو ڕاپەڕینەی خەڵک نەبوو. لەکاتێکدا کە ئێمە وەک هەڵسوڕاوانی مەیدانی ئازادی هەوڵماندەدا حزب بەرەو هێزێکی گەورەتر بەرین و هەرچی کۆمۆنیستەکانە لەدەوری ئەم بزوتنەوە جەماوەریە کۆبکەینەوە و لەم پێناوەشدا "پلاتفۆرمی چەپ و کۆمۆنیستەکان"مان دروستکرد، بەڵام ئەم هەنگاوە نەبوە سیاسەتێک کە حزب بتوانێ بەکردەوە بەرەوپێشی بەرێت و دەخاڵەتێکی کاریگەر لە "ئەنجومەنی سەرای ئازادی"یدا پێ بکا و هاوکات بەشێوەیەکی پراتیکانە سود لەم نارەزایەتیانە ببینێ بۆ چونە ناو جەماوەری ناڕازی و پەیوەندیکردن بە هەڵسوراوانی کریکار و خوێندکار و لاوان و ژنانەوە و کاری ناو گەرەک و ناوەندەکان دەست پێ بکا و چیتر لە ئۆفیسی حزبەوە پێی وانەبێ کە نوێنەری چینی کرێکار و

زەحمەتکێشە . ئەم بیرۆکراتیزمی مەکتەب و ئۆفیس نشینیە ڕوخساری ئەو پاسیڤیزمە سیاسیەمان بۆ دەردەخا کە چۆن گروپی ڕۆشنبیرانی کۆمۆنیست لە دنیای نووسین و ڤیرچواڵدا خۆیان پێ نوێنەری چینی کرێکارە، بەڵام لە دنیای واقعی ململانێ و شەڕی سەرشەقامدا گروپێکی دابڕاو لە جەماوەرن. هاوکات ناکۆکی نێوان هەڵسوڕاوانی حزب، کە لە پەیوەندیدان لەگەڵ ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان ، لەگەڵ سیاسەت و ڕابەری حزب دەردەخا کە دابڕاون لە کاری جەماوەری و زیاتر ئۆفیس نشینن. هەربۆیە لە کاتی هاتنەمەیدانی جەماوەری کرێکاردا ئەم "ڕابەرە حزبیانە" پاسیڤیزمی سیاسی نمایش دەکەن و دواییش کە بزوتنەوە جەماوەریەکە شکست دەخوا، ئەو کات لە لێکدانەوەی "١٧ شوبات"دا پاساوی شکستی کرێکاران و خۆپیشاندەران بەوە دەدەنەوە کە ئەم جەماوەرە دوای خۆشباوەڕی گۆڕان و ئیسلامیەکان و ناسیونالیزمی کورد کەوتن.

لە کاتێکدا ١٧ شوبات یەکەم تەجروبەی سیاسی کرێکاران و لاوان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە دژی ناسیونالیزمی کورد و ڕاپەڕینێک بوو دژی خۆشباوەری دەیەیەک بە ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار لە کوردستاندا. لەوکاتەدا فرسەتی ئەوە هەبوو کە کۆمۆنیزم ببێتە ئەو هێزەی کە ئەم ناڕەزایەتیانە بەرەو هەنگاوی سەرکەوتوانەتر بەرێ و ڕێگە بگرێ لەوەی ببێتە قوربانی ساتوسەودا و خۆشباوەری بە گۆڕان و ئیسلامیەکان. ئەمە مەیدانی ململانێی سیاسی بوو کە حزب بە پێی دیدگا و پراتیکی بەرتەسک و پاسیڤیستی و سێکتاریستی خۆی نەیتوانی سوود لەم ڕاپەڕینە وەرگرێ و لانی کەم لە دابڕاوی و پاسیڤیزم خۆی ڕزگاربکا .

ئەم تەجروبانە نیشانمان دەدا کە بون بە هێز و هێزی یەکەم و پەیداکردنی هەژمونی سیاسی و دەسەڵات و بەگشتی سیاسەت و ستراتیژ و سۆشیالیزم بریتی نیە لە پرۆژە و پلاتفۆرمی لێکدانەوەی شکستەکان، بەڵکو چۆنیەتی کۆکردنەوەی هێزی

چینایەتی و کۆمەڵایەتیە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەیە لە نێو جەرگەی خەباتی ڕۆژانە و ڕاپەڕینی جەماوەری کرێکاران ولاوان و ژنان و خەڵکی زەحمەتکێشدا. پێمان دەڵی پرۆژە و سیاسەتی سەرکاغەز ناتوانێ هیچ لەواقیع بگۆڕێ، ئەگەر هیزێکی کۆمەڵایەتی و جەماوەری ئەم پرۆژە و سیاسەت و ستراتیژانە بەکردەوە پیادەنەکا. ئەمە خاڵی تێپەڕینە لە گروپێکی تەبلیغاتی ڕۆشنبیرانی کۆمۆنیستەوە بۆ حزبێکی کرێکاری کە دەتوانێ سیاسەت بکا و خۆی لە پاسیڤیزمی مانەوە لە ئۆپۆزسیۆنێکی ڕادیکاڵ ڕزگاربکا و ببێتە هێزێکی سیاسی و دەخاڵەتگەر و ڕادیکاڵی کاریگەر.

## چوارەم؛ سێکتی فکری و حزبی داخراو

کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان ٣٠ساڵە لە کوردستان بە ئاشکرا کاردەکا، بەڵام ئەو نەوەیەی سەرەتا ئەم بزوتنەوەی دروستکردوە هەرهەمان ماتریاڵە کە ئێستا هەمانە. ئەم گروپە، وەک نەوەیەکی سێ دەیەی ڕابردوو، ئەگەر لە ماوەی چالاکی خۆیدا نەتوانێ ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگەدا دروست بکا، ئەوا بێگومان ناتوانێ هێزی نوێش پەیوەست بکا بەم گروپە یەوە.

ئەمە داستانی زۆربەی ئەو گروپە کۆمۆنیستانەیە کە لە دەوری بەرنامەیەکی نەگۆڕ و سادەی فکری کۆدەبنەوە و کاری سەرەکیان بانگەوازە بۆ ئەو بەرنامە و بۆچونە گشتیانە و دەرگیری کێشە فکریەکانی دەورانی جیاجیای کۆمەڵگە نابن و وەڵام بە پێداویستیەکانی ئەو ململانێ فکریە نادەنەوە کە کۆمەڵگە بەدەوریدا تەوەر دەبەستێ.

لەبەرنامەی "دنیایەکی باشتر"دا مەنسور حیکمەت باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک ڕەوتێکی جیا لەهەموو کۆمۆنیزمی مەوجود لە جیهاندا دەکا، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکا کە ئەم کۆمۆنیزمە کرێکاریە لە دنیای ئێستادا کام گروپ و حزب و

بزوتنەوەیەک جیا لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەگرێتەوە؟ ئەو دەڵێ" بەڵام سۆڤێت تەنها چاوگی قەوارەگرتنی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی نەبوو لەم سەدەیەدا لەئەورووپای ڕۆژئاوادا چەند لقێک لە کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری سەریان هەڵدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە هەندێ شتی بنەڕەتیدا لەگەڵ تێڕوانینی ئابووریی کۆمۆنیزمی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا یەکیان دەگرتەوە، واتە لە لەقەڵەمدانی دەوڵەتگەرایی ئابووری بە سۆسیالیزم و هێشتنەوەی نیزامی کرێگرتەیی، بەڵام لە دیدگای جۆراوجۆری وەک دیموکراسی، ناسیۆنالیستی، ئومانیستی و مۆدێرنیستییەوە دەستیان دایە ڕەخنەگرتن لە ئەزموونی سۆڤێت و لەم بلۆکە دوورکەوتنەوە. مارکسیزمی ڕۆژئاوایی، ئۆرۆکۆنیزم، چەپی نوێ و لقە جیاجیاکانی تروتیسکیزم لەڕەوتە بەرجەستەکانی کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری بوون لەئەورووپای ڕۆژئاوادا. لە وولاتانی دواکەوتوو و ژێردەستە کۆنەکاندا ناسیۆنالیزم و بۆچوونە دژی ئیستعمارییەکانی بۆرژوازی و وورده بۆرژوازی و جاروبار بزوتنەوە ئەرزی و جوتیارییەکان بوونە بنەمای جۆرێکی تازە لە کۆمۆنیزمی "جیهان سێیەمی268 ."

ئەم لێکدانەوە گشتیانە لەپاڵ لێکدانەوەی لە تەجروبەی سۆڤیەت قاڵبێکی بەرتەسک دەدا بەم بەرنامەیە، کە کەسانێک قبوڵیانە کە لەگەڵ بۆچونەکانی مەنسور حیکمەتدا بن، وە ئەگەر ئێمە پێمان وانەبێ ئەوەی لە سۆڤیەت دامەزرا حکومەتی کرێکاری بوو، وە تەنیا کێشەکە شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئابوری نەبووە، ئەوا بێگومان ناتوانی لەم سێکتە فکریەدا ئەندام بیت. ئەگەر تۆ نەتەوێ ترۆتسکیەکان و گروپە ڕۆشنبیرە کۆمۆنیستەکانی تر بە لقەکانی کۆمۆنیزمی نا کرێکاری بناسی ، وە ئەگەر

---

[268] مەنسور حیکمەت، بەرنامەی دنیایەکی باشتر، کۆمۆنیزمی کرێکاری و کۆمۆنیزمی بۆرژوایی
http://hekmat.public-archive.net/indexFa.html

هەموو ئەم گروپانە وەک گروپی ڕۆشنبیری کۆمۆنیزمی کرێکاری سەیربکەی بەوەی کە هەموویان ڕۆشنبیرانی چینی کرێکارن، هەرچەند لەو چینە دوورکەوتونەتەوە، ئەوا ناتوانی ئەندامی ئەم حزبە بیت و داوای پێکەوە کارکردنی ئەم گروپە ڕۆشنبیرانە بکەیت. بەرنامەی "دنیایەکی باشتر" ی کۆمۆنیزمی کرێکاری پێمان دەڵێ دەبێ خۆمان لە هەموو جۆرە کۆمۆنیزمێک دووربخەینەوە و هەموو ئەوانە کۆمۆنیزمی بورژوازین و تەنیا قالبی حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاریە کە نوێنەرایەتی چینی کرێکار دەکا. ئەمە سێکتی فکری و حزبی داخراوە کە لێرەدا باسی دەکەین.

سەرەتا دەبێ بڵێین بەرنامەی بزوتنەوەی کرێکاری و حزبەکەی بریتیە لە نیشاندانی کێشەی چینی کرێکار لەگەڵ سیستمی سەرمایەداریدا و چۆنیەتی گۆڕینی دەسەلات و سیستمی ئابوری سەرمایەداری و پێویستی کۆکردنەوەی هێزی چینی کرێکار لەدەوری کۆمەڵێک هەنگاوی پراتیکی و کۆمەڵیک ریفۆرم کە دەتوانێ بزوتنەوەی کرێکاری ئامادەبکا بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی. بەڵام کۆمۆنیزمی کرێکاری بە گۆڕینی بەرنامە بۆ تێکستێکی لێکدانەوەی مێژوو و بۆچونی کەسەکان لەسەر سۆڤیەت و چین و ترۆتسکیزم ، وە دانانی هەموو جۆرەکانی گروپە کۆمۆنیستیەکانی تر لەدەرەوەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی، ئەمانە بەرنامە دەکا بە سێکتێکی فکری، کە تەنیا ئەو گروپانەی خاوەنی ئەم لێکدانەوانەن و هاوڕان لەگەڵیدا دەکاتە ئەندامی حزب و ئەمە سنوری دابڕانی ئەم گروپە دیاری دەکا لەگەڵ چینی کرێکارێکدا کە چەندین بۆچون و لیکدانەوەی مێژوویی و شێوازی ڕیکخراوەیی جیاجیای لەخۆ گرتوە.

بۆ نمونە لە بەرنامەدا مەنسور حیکمەت دەڵێ" بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری بەڕابەرایەتی حیزبی بەلشەفیک توانی لەشۆڕشی ئوکتۆبەردا دەسەڵاتی دەوڵەتیی چینە دەسالاتدارەکان تێک بشکێنێ، حکومەتێکی کرێکاری بەرپا بکات..بەڵام سەرباری ئەم سەرکەوتنە سیاسییە، چینی کرێکاری ڕوسیا سەرەنجام نەیتوانی

گۆڕانکاری له بنه‌مای پەیوەندییە ئابوورییەکانی ڕووسیادا پێکبهێنێ، واته هەڵوەشاندنەوەی نیزامی کرێگرتەیی و ئیشتراکی کردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان. لەنیوەی دووەمی دەیەی بیستدا لەجەرگەی گوشاری توندی ئابووریی پاش جەنگ و شۆڕش، وە لە نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ گۆڕینی سۆسیالیستییانەی پەیوەندییە ئابووریەکاندا، دیدی ناسیۆنالیستی بەسەر سیاسەت و ڕێبازی ئابووری حیزب و بزووتنەوەی چینی کرێکاری ڕوسیادا زاڵ بوو. ئەوەی لەسەردەمی ستالیندا ڕوویدا نەک بنیاتنانی سۆسیالیزم، بەڵکو سازدانەوەی ئابووری میللی سەرمایەداری بوو لە ڕوسیادا لەسەر بنچینەی مۆدێلێکی دەوڵەتی و چاودێری کراو."[269]

ئەگەر کریکاران و کەسانی کۆمۆنیست ڕا و لێکدانەوەی جیاوازیان هەبێ لەسەر دەوڵەتی دیکتاتۆری حزبی بەلشەفی و ئەو بۆچونەی ئەم بەرنامەیەیان نەبێ، کە ئەوە دەوڵەتێکی کرێکاری بوە؟ یاخود کێشەی سەرەکی لە ناسیونالیست بونی سیاسەت و ڕیبازی ئابوری حزبی بەلشەفیکدا نەبوبێ و بەڵکو لە پەیڕەو کردنی دیدگای دیکتاتۆری حزبی و مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و ڕیگەگرتن لە بەشداری کرێکاران لە کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان و دەوڵەتدا بوبێت. وە هاوبەشی ئەم بەرنامە و لێکدانەوەی مەنسور حیکمەت نەبن لەوەی کە ئەم کێشانە لەسەردەمی ستالیندا ڕیداوە و لینین بەبەرپرسی مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتی بزانن. ئا لەم کاتانەدا چۆن ئەم حزبە دەتوانێ ئەندامەتی کرێکارانێک کە ڕای جیاوازیان لەم بەرنامەیە هەیە قبوڵ بکا؟

بێگومان ئەم لێکدانەوانەی نێو بەرنامەی "دنیایەکی باشتر" نیشانی دەدا کە ئەمە بەرنامەی سیاسی حزبێکی کرێکاری نیە کە دەیەوێ چینی کرێکار لە دەورەیەکی

---

[269] مەنسور حیکمەت، بەرنامەی دنیایەکی باشتر، کۆمۆنیزمی کرێکاری و کۆمۆنیزمی بۆرژوایی

دیاریکراوی مێژوویدا بۆ یەکگرتوبون و ڕیکخراوبون و خەباتی سیاسی و شۆڕش لەم دەورەیەدا ئامادەبکا، بەڵکو ئەمە بەرنامەی گروپیکی فکری بەرتەسکە کە دەیەوێ ئەو کەسانە کۆبکاتەوە کە هاوڕا و هاوخەتن لەگەڵیدا.

ئەم سێکتە فکریە داخراوە بۆ سێکتێکی ڕیکخراوەییش دەچێ، لەبەرئەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەر گروپیکی ڕۆشنبیری تری کۆمۆنیستی کە وەک بەشێک لە پێکهاتەی چینی کرێکار لە دنیای سەرمایەداریدا دروست دەبێ بە کۆمۆنیست نازانێ و تەنیا ڕیگەی کۆمۆنیست بون بریتیە لە قبوڵکردنی ئەم بەرنامەیە و ئەندام بوون و کارکردن لەم حزبەدا. وەک پێشتر باسمان کرد ئەمە پێچەوانەی واقعیەتی پیکهاتەی چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی کرێکارانە، کە گروپی جیاجیای کۆمۆنیستی لەهەر دەورەیەکدا سەرهەڵدەدا و بیروڕا و بۆچون و لیکدانەوەی جیاوازیان دەبێ لەسەر خەباتی چینایەتی و سیاسەت و تاکتیک بەڵام هەموو ئەم گروپانە پێویستە یەکگرتوبن لە حزبێکی کرێکاریدا سەرەڕای هەموو ئەم جیاوازیانە لەدەوری نەخشە و بەرنامەیەکی پراتیکی بۆ خەبات دژی سەرمایەداری و ئامادەکردنی سیاسی و ڕیکخراوەیی سەرجەم هێزی چینەکە و ئامادەیی لە کاتی شۆڕشدا بۆ سەپاندنی هەژمونی و گرتنە دەستی دەسەڵات. یەکگرتوبونی کۆمۆنیستەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک لێکدانەوەی گشتی بۆ سەرمایەداری و دانانی کۆمەڵیک داواکاری و یاسا نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای بەشداری پراتیکێکی هاوبەش لە خەباتێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدایە کە کرێکاران بەردەوام دژی سەرمایەداری دەیکەن.

کۆمۆنیستەکان ئەو بەشە وشیارەن کە ئەم خەباتە چینایەتیە پراتیکیە لە چوارچێوەیەکی گشتیدا، کە لە مانیفیستی کۆمۆنیستی مارکس و ئەنگلسەوە ڕۆشنکراوەتەوە و بوەتە ئەلف و بای بەرنامەیی ئێمە، و لە پەیوەست بە خواستە دیاریکراوەکانی خەباتی سیاسی و ئابوری و لە هەلومەرجێکی فکری وفەرهەنگی و

کۆمەڵایەتی دەورەیەکی دیاریکراودا یەکگرتوو دەکەن. هەربۆیە بەرنامە بۆ خۆجیاکردنەوە لە گروپە کۆمۆنیستەکانی تر نیە و هیچ لێکدانەوەیەکی مێژوویی نابێ ببێتە سنورێک بۆ دانانی گروپێک بە کۆمۆنیست و ئەوانی تر بە سۆشیالیزمی ناکرێکاری. بەرنامە بریتیە لە پێویستی گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری لەڕێگەی ئامادەکردنی چینی کرێکارەوە بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی ستراتیژ وئەرکی حزب بۆ سازکردنی ئەو ئامادەییانە لە نێو خەباتی ڕۆژانە و سەرتاسەری کرێکاراندا و دەبێ لە هەموو سێکت و قاڵبێکی فکری، کە بزوتنەوەی کرێکاری و گروپە ڕۆشنبیرە کۆمۆنیستەکانی دابەش بکا و جیاوازیان لەنێودا دروست بکا، خۆی دوور بخاتەوە. هەروەک پێشتر نمونەکانی ئینتەرناسیونالی یەکەم و دووەم و باسەکانی مارکس و ئەنگلسمان لەسەر جێگای بەرنامە لە بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا هێنایەوە، کە هەموویان جەخت لەسەر گشتی بونی بەرنامە و دیاریکراوی خواستەکانی چینەکە و یەکگرتوبونی هەموو گروپ و بەشەکانی جەماوەری کرێکاران دەکەن لە حزبدا و دژ بە بەکارهێنانی بەرنامەن بۆ جیاکردنەوەی کرێکاران و کۆمۆنیستەکان لەیەکتر بەپێی سێکت و لێکدانەوەی فکری.

لە تەجروبەی ٣ بۆ ٤ دەیەی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری نابینین کە ئەم بزوتنەوەیە بتوانێ حزبێکی سیاسی دروست بکا کە سەرجەم چینی کرێکار و تەنانەت سەرجەم کۆمۆنیستەکانیش بگرێتە خۆ. ئەمە لە کوردستانی عێراق و عێراقدا زۆر بەرچاوە لە بەرئەوەی لە ماوەی ئەم چەند دەیەیەدا جگە لەو نەوەی یەکەمەی ئەم بزوتنەوەیە ئیتر ئەم بزوتنەوەیە خۆی بەرهەم نەهێناوەتەوە و دابڕاوە لە نەوەی نوێی گروپە کۆمۆنیستیەکان و هەڵسوروانی ناڕەزایەتیەکان و لە قاڵبی گروپی پەراویزی خۆیدا ماوەتەوە. لە سێ دەیەدا هیچ ئاڵوگۆڕێکیش بەسەر بەرنامەکەیدا نەهاتوە، لە کاتێکدا جیهانی سەرمایەداری و دۆخی کرێکاران و شێوازی خەباتی سیاسی و

جەماوەری و کێشەکانی خەباتی چینایەتی، هەمووی ئاڵوگۆڕی گەورەی بەسەردا هاتوە چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی ناوخۆییدا.

فۆرم وقاڵبی بیرۆکراتی حزبیش کە لە مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی بەلشەفیەوە ماوەتەوە تا ئێستا تاکە قاڵبێکە کە حزبیەت و پەیوەندی نێوخۆی حزب دیاری دەکا. ئەم قاڵبە لە حزب کە هەر چەند ساڵ جارێک کۆنگرەیەک دەگیرێ و چەند کەسێک هەڵدەبژێردرێنەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی و دوای ئەمانیش وەک لینین دەڵی " چەند گروپێکی تەقریبەن جێگیر لە کەسانی زۆر ناسراو و بە نفوز و بە تەجروبەوە دەبرێنە پێش، کە پێیان دەڵێن سەرکردەکان" [270] .

ئەم گروپە جێگیرە لە ماوەی ٣٠ تا ٤٠ ساڵدا لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە. ئیتر باسی هەڵبژاردن و دیموکراسی ناوخۆی حزب زۆر مانای نیە، چونکە لەم قاڵبە جێگیرەدا کە هیچ جیاوازیەک ڕێگەی دەرکەوتنی بۆ نیە و هەموو جیاوازیەکان بە جیابونەوە کۆتاییان هاتوە، وە هەروەها شێوازی بەڕێوەبردنی بیرۆکراتی ئەم ئۆرگانانە، وەک سەندیکا کرێکاریەکان کەسانێک دەکا بە حرفەیی و شارەزا لە چۆنیەتی هێشتنەوەی پۆستەکانیاندا، کە هەر ئەوان دەتوانن ئەم قاڵبی ئەم گروپە لە سنوری ڕیکخراوەیی خۆیدا بپارێزن و تێکەڵ بە گروپەکانی تر نەبێ. بەم شێوەیەش بەرنامە و بڕیارو پلاتفۆرمی کۆنگرەی داهاتوش دادەڕیژن، کە لەسەر هەمان ڕتیم و سونەت بمێنێتەوە و ئەم سەرکردانەش بۆ پۆستە جێگیرەکانیان هەڵببژێرێنەوە.

حزبیەت لەم سیستمی سێکتیەی ئەم گروپەدا ئەوەیە کە ئەم ڕابەریە لەماوەی دوو کۆنگرەدا بڕیاری لێ دەدا، نەک ئەوەی کە لەڕاستیدا چ ڕا و سیاسەتێک وەڵامدەرەوەی

---

[270] لینین ، نەخۆشی چەپڕەوی منداڵانە لە کۆمۆنیزمدا
https://www.marxists.org/arabic/archive/lenin/1920-lwc/05.htm

خەباتی ڕۆژانە و چینایەتی کرێکارانە. بۆ نمونە هەڵسوڕوانی یەکێتی بێکاران لە ساڵی ١٩٩٣دا دەبوایە گوێیان بۆ ڕای حزب بگرتایە لە دژایەتی ئەو باڵەی تر کە لە یەکێتی بێکاراندا حزبی نەبون و ئەگەر ڕابەری حزب دژی یەکێتی نێوان هەڵسوڕاوانی بێکارانیش بێت دەبێت پەیڕەوی لێ بکرێ . حزبیەت لێرەدا ئەوەنیە کە خەباتی کرێکاران دژی بێکاری پێویستیەتی، بەڵکو ئەوەیە کە ڕابەری حزب بڕیاری لەسەر دەدا.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق هەمان سیناریۆی بەشێوەیەکی خراپتر لە "یەکێتی شوراوسەندیکا کرێکاریەکانی عێراق" دا لە ساڵەکانی دوای ڕوخانی بەعسدا لە دوای ٢٠٠٥دا دووبارەکردەوە و حزب خۆی هەڵسا بەدروستکردنی دوو ڕیکخراوەی جەماوەری دژ بەیەک "بۆ کرێکاران" هەر لە ئەندامانی خۆی. لە کۆتایشدا لەساڵی ٢٠١٩دا بەدووبەش بونی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق تەواوبوو. کە لێرەدا بەشێک لەو لێکدانەوەیەی نوسەری ئەم کتێبە لەسەر کێشەی ئەم جیابونەوەیە دەهێنینەوە کە نمایشی چۆنیەتی بەڕیوەچونی ململانێی سیاسی لەناو کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دەکا.

"لەسەر ئەم کێشانە لەپاڵ "یەکێتی شوراوسەندیکا کرێکاریەکان" هەوڵدرا ڕیکخراوی تر لەلایەن حزبەوە بۆ کرێکاران دروست بکرێ. ئەمە لەجیاتی ئەوەی خۆمان و حزبەکەمان لە کرێکار جیانەکەینەوە، بەڵام لەناو کرێکاراندا جیاکاری دروست دەکەین !. لەسەر "کۆنگرەی ئازادی عێراق" کێشە و دوو قوتبی هەبووە و بەردەوام لەدژی بڵاوکراوە ڕەسمیەکانی حزب وەک "الشیوعیە العمالیة" و "الی لامام" کێشە و دووبەش بوون هەبوە .بەکورتی ئەم دوو باڵەی حزبی عیراق لە مەیدانەکانی کاری جەماوەری و حزبیشدا کاریان لەیەکتر دووربون و هەر ڕیکەوتنێک لەسەرەوە لە حزبدا بە شێوەیەکی کاتی دەچوە پێش و دواتر لەسەر شتی جۆراوجۆر کێشە

دروست دەبوو و بێگومان هەردوولاش تانە و تەشەری سیاسی و ناسیاسیان لەیەک دەنا.

ئێستا باڵی ڕەسمی زۆرایەتی مەکتەبی سیاسی دەڵێن ئێمە دژی مەحفەلی بوین، بەڵام کەس نازانێ ئایا تەنیا زۆرایەتی بوون بەمانای حزبی بونە یان ئەوە پراتیکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە کە نیشانی دەدا ئاکت و سونەت وکاراکتەری حزبێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی مەوجودە لە لایەکدا یان نا؟ ئەگەر ئەو ڕوانگە ڕێکخراوەیی و تەشکیلاتیە بەمانای "حزبیی بون" بوایە، بێگومان دەبوایە کێشەی مەحفەلی ١٠ بۆ ١٥ ساڵ درێژەی نەخایاندایە. ئەم لایەنەی نوێنەرایەتی حزبێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکا دەبوایە ئەم کێشەیەی لە مەیدانی خەباتێکی سیاسی و عەمەلی ڕۆژانەدا چارەسەربکردایە و کەناڵی بۆ چونە پێشی بیروڕاو سیاسەتی جیاواز بکردایەتەوە و کۆتایی بەژیانی مەحفەلی بهێنایە و هەموو حزبی لەیەک پەیکەرەدا ڕابگرتایە وکارنەگەیشتایەتە ئەوەی لەڕێگەی پەیڕەوی ناوخۆوە کێشە سیاسیەکان یەکلایی بکەنەوە و پێشێلکاریە ڕیکخراوەییەکان چارەسەربکەن. هەربۆیە لە جیاتی ئەم پرۆسە سیاسی و خەباتکارانەیەی نێوان ئەم دوو باڵە ئێستا دەڵێن سکرتێر بە دەنگی خۆی نەدەبوو بە سکرتێر، ئەگەر گروپی بەرامبەر دەنگی پێ نەدایە. کەواتە لەدەرەوەی ئۆرگانە ڕەسمیەکان، وەک سکرتێر و کۆمیتەی ناوەندی، قوتبەندی تر هەبووە، بەڵام دەنگدان بە سکرتێر کاری تاکەکانی کۆمیتە ناوەندیە نەک گروپ و ئۆرگانێکی حزبی، ئەگینا بۆچی سکرتێر بەم چەشنە دیاری دەکرێ و دواتروەک سنگفراوانی باس دەکرێ!"[271]

---

[271] **ئاسۆکمال،** دیسانەوە سەبارەت بە دەرکردن لە حزب
http://www.asokamal.com/index/?p=1581

هەر لەم کێشەیەی دەرکردنی هاوڕێ "فەلاح عەلوان" لە ئایاری ٢٠١٨ دا لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و جیابونەوەی هاوڕێیانی " بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق" مەسەلەی "حزب و تاکە کەس" هاتە ناوەوە، کە هەمان کۆپی باسی لیدەریە لە کۆمۆنیزمی کرێکاریە کە پێشتر باسمان کرد. ڕێبوار ئەحمەد دەڵێ؛ **"سەرئەنجام لەبەر ئەوەی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا لێکهەڵپێکانێک لە نێوان ناوی من و حزبدا دروست بووبوو، بە جۆرێک ئەوەی من دەموت لەسەر حزب دەکرایە ماڵ و ئەوەی حزب دەیوت و دەیکرد لەسەر من حیساب دەکرا"**.[272] هەر بۆیە ئەم هاوڕێ یە تە شهیری فەلاح عەلوان بە تەشهیر و ناوزڕاندنی حزب یەکسان دەکا و داوای دەرکردنی ئەم هاوڕێ یە لە حزب دەکا و کۆمیتەی ناوەندیش بڕیاری دەرکردنەکەی دا و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دیسان بوو بە دوو بەشەوە.

ئەم دەرک و دروشمەی کە **"من حزبم و حزبیش منم" هەربۆیە "ئەوەی من دەموت لەسەر حزب دەکرایە ماڵ و ئەوەی حزب دەیوت و دەیکرد لەسەر من حیساب دەکرا"**. هەمان دیدگا و تێگەیشتنە لە دوەری تاکە کەسێک کە بووەتە توخمی "هەڵبژاردەی ئیلاهی"، کە جگە لەو هیچ ئەندامێکی تر لەو دەیان ئەندامەی لە ٣٠ ساڵی ڕابردووی حزبدا کاریان کردووە نە گەیشتونەتە ئەم پلە و پایە یە! حزب لێرەدا ئۆرگانێکی گشتی نیە کە هەموو ئەندامان چالاکی دەکەن و هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان ئەو ئەندامەی لە کارگەیەکدا کار دەکا یان ئەو ئەندامی مەکتەبی سیاسیەی لە پۆستی باڵا دایە و سبەینێ جێگاکانیان ئاڵوگۆڕ پێ دەکەن، بەڵکو وەک هەر دەزگایەکی تری بیرۆکراتی موڵکی ئەوانەیە کە لەسەرەوەن و ئەم سیستمەش لە کۆتاییدا تەنیا

---

[272] **ئاسۆکمال**، دیسانەوە سەبارەت بە دەرکردن لە حزب
http://www.asokamal.com/index/?p=1581

یەک کەس دەکاتە لیدەر و سەرۆک کە ئەوەی دەیڵێ لەسەر حزب حساب دەکرێ و بە بڕیاری حزب دادەنرێ و هەر چیەکیش حزب بیڵێ هەر بە قسە و بڕیاری ئەو دادەنرێ!!

پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەم حزبە بە چ پرۆسەیەکی فکری و سیاسی و ڕێکخراوەییدا تێپەڕ بووە تا بەم شێوەیەی لێهاتووە کە تەنها یەک کەس ئەم دەسەڵات وئۆتۆریتەی Authority هەیە؟ سەیر لە وەشدایە کاتێک "ڕیبوار ئەحمەد" ئەم قسەیە دەکا کە نە سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستانە و تەنانەت نامەی وازهێنانی لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیش پێشکەش کردووە!ئەگەر ئەم ئیدعایە کە **"من حزبم و حزبیش منم"**، لە باری ماف و یاسای حزبیشەوە ڕاست نەبێ، بەڵام دیارە بەشێک لە میکانیزم و سونەتی کاری ئەم حزبانەی کۆمۆنیزمی کرێکاریە.

لە کاتێکدا هەر یەکیک لەم ئۆتۆریتانە هەمان شت لەسەر خۆی دەڵێ؛ **"من حزبم و حزبیش منم"، هەربۆیە "ئەوەی من دەموت لەسەر حزب دەکرێتە ماڵ و ئەوەی حزب دەیڵێ و دەیکا لەسەر من حیساب دەکرێ"**. هەر بۆیە لە ئێستادا شەڕی ئەم ئۆتۆریتانە بووەتە سەرچاوەی کێشە و جیابوونەوەکان. ئەمە ئەو مۆدێلە لە بیرۆکراسیە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری خولْقاندویەتی و حزب کورت کراوەتەوە لە تاکە کەسێکدا و گروپەکان بەدەوری ئەم ئۆتۆریتانەدا شکڵ دەگرن و بە هۆیانەوە جیابوونەوەکان ڕوو دەدەن. ئەمە هەمان سایکڵ و بازنەی بەتاڵی دروست بوون و هەڵوەشانەوەی مەحفەل و دەستە و ڕەوت و حزبەکانە کە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لە نێو گروپە ڕۆشنبیرە کۆمۆنیستە دابڕاوەکان لە چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی دەیبینین. ئێمە لە ڕەخنە لەم مۆدێلەدا لە بەشەکانی ڕابردوودا سەبارەت بە کێشەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕۆشنکردنەوەی پێویستمان خستۆتە ڕوو و تەنیا

ووتەکەی ترۆتسکی بۆ جارێکی تر لێرەدا دێنینەوە تا ئەم مۆدێلە بیرۆکراسیە بناسێنێ؛ ئەو لە ساڵی ١٩٠٤دا لە رەخنەی لەم مۆدیلەی حزبی بەلشەفیدا لە کتێبی "ئەرکە سیاسیەکانی ئێمە" دا دەڵێ؛ "ئەم شێوازە لە سیاسەتی ناوخۆی حزبدا بە دۆخێک کۆتایی دێت کە رابەری حزب جێگای حزب و دواتر کۆمیتەی ناوەندی جێگای رابەری دەگرێ و سەرئەنجام یەک دیکتاتۆر جێگای کۆمیتەی ناوەندی دەگرێت و دۆخێک دروست دەبێ کە کۆمیتە حزبیەکان بەبێ بەشداری جەماوەری خەڵک هەمیشە سیاسەتەکانی خۆیان دەگۆرن." [273]

ئەم تەجروبانەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستان نیشانمان دەدەن کە ئەم سێکتە فکری و ریکخراوەییە لەم سێ دەیەی رابردوودا، نەک هەر لە چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی دوری خستوینەتەوە، بەڵکو ئەو هێزەشی هەمان بوە لە دەستمان داوە. هەربۆیە ئێمە بۆ رزگاربوون لەم سێکتە فکری و گروپیە پێویستمان بە گۆرینی دیدگا و پراتیکی خۆمانە، وە پێویستمان بە تێپەرێنە لەم داخراویە فکری و سیاسی و رێکخراوەییەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و هەنگاوهەڵگرتنە بەرەو بنیات نانی کۆمۆنیزمێکی نوێ، کە حزبێکی کرێکاری و جەماوەری دامەزرێنێ و لەم خەسڵەتە سێکتاریستی و گروپیانەی ئەم حزبەی ئێستامان جیاواز بێ.

حزب واتە کاری سیاسی هاوبەشی چینی کرێکار، هەربۆیە دەبێ هەموو ئەندامانی حزب دەخاڵەتیان لە حزبی خۆیاندا هەبێ و ئەوان بتوانن لێپرسینەوە لە نوێنەرەکانیان بکەن، وەک مارکس لە کۆمۆنەی پاریسدا دەڵێ "چینی کرێکار دەبێ خۆی لە نوێنەرەکانی بپارێزێ تا لە خزمەتکارەوە نەبن بە سەرۆکی". حزب نمونەیەکە لە دەوڵەتی کرێکاری و لە شێوازی رێکخستن لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا، هەربۆیە

---

[273] ترۆتسکی ، کتێبی "ئەرکە سیاسیەکانی ئێمە"
https://www.marxists.org/archive/trotsky/1904/tasks/ch04.htm

پەیڕەوی ناوخۆی حزب دەبێ پەیڕەو لەو ناوەرۆکە کۆمۆنیستیە بکات کە پیداگری لەسەر دەخاڵەتی خوارەوەیە و بەرتەسکردنەوەی دەوری سەرەوەیە بەوەی "شتەکانی و ئیدارەکەی ڕێک دەخا"، نەک "حوکمی مرۆڤەکان" دەکا.

بێگومان حزبی ئێمە لە رەوتێکی مێژوویی گروپە ڕۆشنبیریە کۆمۆنیستەکانی دابڕاو لە چینی کرێکار و بزوتنەوەی کرێکاریەوە هاتوە و هەربۆیە نەیتوانیوە حزبێکی کۆمەڵایەتی کرێکاران بێت و ئەم قاڵبە ڕێکخراوەیی و سونەت و پەیڕەوانەشی بە عەمەلی لە شێوەی گروپە چەپەکان و مەحفەل و "حزبە ناسیاسیەکان" وەرگرتوە و هێشتا لە ژێرکاریگەری کلتور و فەرهەنگی حزبە تەقلیدیەکانی کۆمۆنیزمی بەلشەفیدایە.

حزب لە تێگەیشتنی مارکسدا بریتی نیە لە بەرنامە و کۆمەڵێک سیاسەتی لە پێشدا داڕێژراو و کۆمەڵە ئەندامێک کە کۆمۆنیستن و دەیانەوێ شۆڕش بکەن و بۆ ئەمەش پێویستیان بە ئەندامەتی کرێکارە لە حزبەکەیاندا. حزب بە مانای هەموو چینی کرێکار کە دەیەوێ لە ڕێگەی یەکگرتوبون و سیاسەتەوە دەسەڵات بگرێت و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی دامەزرێنێ.

کەواتە لەم حزبەدا ئەوە بەرنامەی کۆمۆنیستی نیە کە کرێکار دەکاتە کۆمۆنیست، بەڵکو بونی ئەم چینە خۆیەتی لە حزبێکی سیاسیدا کە دەیەوێ دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ تا کۆمەڵگە بگۆڕێ. هەربۆیە کرێکار بەپێی ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیستی نەپاڵێوراوە بۆ ئەم ئەرکە حزبیە، بەڵکو ئەمە ئەرکێکی مێژووییە کە دەبێ خۆی بۆ ئامادەبکا و بەرنامە و ئایدیۆلۆژی و هەژمونی سیاسی ڕوناکبیرانی کۆمۆنیست و "کۆمیتەی ناوەندی" و کادران، هەموو ئەمانە بەشەکان و پێداویستیەکانی حزبن یان ئەگەر بگونجێ بڵێین سەرخانی حزبن، نەک حزب بەتەنیا ئەمانە بێت.

سیاسەت و لیکدانەوە و تاکتیک و ستراتیژی کۆمۆنیستی، هەموی پەیوەستە بە ڕادەی گەشەی مێژوویی ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەی کرێکارانەوە و تەعبیرێکن لەو پراتیکە سیاسی و کۆمەڵایەتیە ڕێکخراوە نەک کۆپی "مانیفیستی کۆمۆنیست" یا "بەرنامەی دنیایەکی باشتر" بێ. ئەمانە بنەما گشتیەکانی کۆمۆنیزمن، کە تەنیا چوارچێوەی ئامانجە گشتیەکانی ئەم بزوتنەوە مێژوویی و جیهانیە دیاری دەکەن. هەربۆیە مارکس دژی هەر جیاکردنەوەیەکی کرێکاران و کۆمۆنیستەکان بوە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی و سیاسەت و بەرنامەیەک کە بکرێتە سێکت و خەتی سیاسی و ئایدیۆلۆژی جۆراوجۆری لێ دابتاشرێ.وە دژی دروستکردنی حزبی جیاواز بو دژی پارتەکانی کرێکاران. هەروەها دژی ئەوەبوە کە مەبدەئی سکتاریستی و مەحفەلی دابنێن کە بزوتنەوەی کرێکاری لە قاڵب بدات. هەرچۆن لە مێژوودا ئەم قاڵبە فکری و سیاسیانەمان بینیوە لە چەشنی وەک مارکسیزم، لینینزم،ستالینیزم،ماویزم، ترۆتسکیزم و حیکمەتیزم، هتد.

لەم تێگەیشتنە نوێ یەدا بۆ کۆمۆنیزم، حزبێکی کرێکاری کۆمۆنیستی دەتوانێ جێگای هەموو کرێکارانی تێدا بێتەوە بە سەندیکالیست و ریفورمیست و ئانارشیست و سۆشیالیستێکی تێدابێتەوە و حزبی چینی کرێکار بێت بۆ گەیشتن بەدەسەڵات و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی. ئەمە مانای حزبی کۆمەڵایەتی و سیاسیە، حزبی جەماوەری کرێکار و حزبێکی کۆمۆنیستی.

ئەگەر ئێستا بەراوردێکی حزبە کۆمۆنیستیە کرێکاریەکانی خۆمان بەم مۆدێلە لە حزبی کرێکاری و سیاسی بکەین دەزانین کە چ جیاوازیەکی گەورە لە نیوان ئەم دوو مۆدێلەدا هەیە. وە دەزانین کە سەرچاوەی ئەو سیکتاریزم و مەحفەلگەرایی و هەڵنەکردنی بیروڕاجیاوازە سیاسیەکان چۆن نیشانەی مانەوەی حزبە لە دۆخی دووری لە چینی کرێکار و بزوتنەوەی کرێکاری و سونەتە سیاسی و ڕیکخراوەییە

كۆمۆنیستیەكان. ئەمە نیشانمان دەدا بۆچی كێشە سیاسیە ناوخۆییەكانمان بە شێوەی خەباتی سیاسی و رۆشنگەری و فراكسیۆنی حزبی ناچێتە پێش و بۆچی پەیرەوی ناوخۆ دەوری نیە لە ژیانی حزبدا و دیسپلین و یاساكانی رێكخستن كارناكات و بە شێوەی فۆرماڵی كەمایەتی و زۆرایەتی بە چارەسەری هەموو كێشەكانمان دەزانین.

ئێمەی كۆمۆنیستەكان لەبەردەم پێویستی گۆڕانكاریەكی مێژوویی داین. گۆڕانی گروپە رۆشنبیریە كۆمۆنیستەكان بە حزبێكی كرێكاری. ئەمەش پێویستی بە گۆڕانی بەرنامە و دیدگا و جیهانبینی كۆمۆنیستیمانە سەبارەت بە خەباتی چینایەتی كرێكاران و چۆنیەتی بەرپاكردنی شۆڕشی كۆمەلایەتی. ئەم گۆڕانكاریە تیۆریەش لە جەرگەی پراتیكێكی چینایەتیدا رودەدا كە گروپە كۆمۆنیستیەكان دەرگیر و تێكەلاو و یەكانگیربن لەگەڵ هەموو بەشەكانی چینی كرێكار و خەباتی رۆژانە و سەراسەریاندا. ئەمە ئاسۆی ئەو گۆڕانكاریەیە كە دەبێ بەسەر بزوتنەوەی كۆمۆنیستی و كرێكاری سەدەی بیست و یەكدا بێ، تا بزانین چۆن بەرەو پێشەوە دەچین؟

٢٤

# کۆمۆنیزمی نوێ

## ئەنجام

ئەنجامێک کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا پێی گەیشتین ئەوە بوو کە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی پێویستی بە دیدگا و پراکتیکێکی جیاواز و نوێ یە لە خەباتی چینایەتی دا دژی سیستمی سەرمایەداری. دیدگا و پراکتیکێکی کۆمۆنیستی کە دووبارە بنەما سەرەتاییەکانی ئینتەرناسیونالی یەکەمی کرێکاران بژێنێتەوە و یەکگرتووکردنی چینی کرێکار بە هەموو جیاوازیەکان و گروپە ڕۆشنبیریەکانی و ڕیکخراوە جەماوەریەکانیەوە بکاتە ئامانجی خۆی. مارکس ووتەنی؛ **"ئەبێ هەڵەکانی دابەشبوونی پێشووی نێوبزوتنەوەی کرێکاریی دووبارە نەکرێنەوە و داوای یەکگرتنی خێرای هەموو بەشە دابڕاوەکانی بزوتنەوەی کرێکاری بکرێ."**[274]

ئەگەر ئەم ئامانجە لە لای هەموو کۆمۆنیستەکان و هەڵسوڕوانی بزوتنەوەی کرێکاری قبوڵە، کەواتە دەبێ بپرسین بۆچی ئەم هەموو گروپ و حزب و ڕیکخراوە جیاواز و دژ بە یەکەیان دروستکردووە و چۆن پابەندی پراکتیکی خۆیان بەم ئامانج و ستراتیژیەوە نیشان دەدەن؟

---

[274] مارکس، ئینتەرناسیونالی کرێکاران، ١٨٦٤، بە زمانی ئینگلیزی
The International Workingmen's Association 1864General Rules, October 1864
https://www.marxists.org/…/in…/iwma/documents/1864/rules.htm

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەیە کە دۆخی زاڵی فکری و سیاسی و ڕیکخراوەیی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی، دۆخێکی چەق بە ستووە کە لە مێژووی سەدەیەک لەمەوبەری مۆدێلی سۆشیالزیمی دەوڵەتیدا جێماوە و پەیوەست نیە بە خەباتی چینایەتی ئەمڕۆی کرێکارانەوە. هەر بۆیە ناکۆکی گەورە لە ئاستی جیهانیدا دەبینین لە نێوان نارەزایەتی یەکگرتووانە و خەباتی هاوبەشی کرێکاران لەلایەک، وە پەراوێزەیی و جیابوونەوەی سێکتاریستی گروپە ڕۆشنبیرە کۆمۆنیستەکان لە لایەکی ترەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێمە مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی، کە ئاخرین مۆدێلێکی سیاسی و ڕیکخراوەیی و ئابووری یە کە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی پێی گەیشتووە، و گروپە ڕۆشنبیرەکانی چینی کرێکار تا ئێستاکە پەیڕەو لەو مۆدێلە دەکەن، وەک هۆکاری  ناکۆکی و قەیرانی ئێستای بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ناساندووە و **کێشەکانی حزب و دەوڵەت و کۆمۆنیزمی سەردەم** مان  پێ لێک داوەتەوە.

مۆدێلی حزبی نوێنەری چینی کرێکار کە لە جیاتی چینەکە، نەک بڕیار دەدا و دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ، بەڵکو دیکتاتۆریەتی حزب بەسەر چینی کرێکار خۆشیدا دەسەپێنێ و شورا و سەندیکا و ڕیکخراوەی جەماوەری دەکاتە پاشکۆی حزب. هەروەها بە بەرنامە و تیۆری دەکات بە "دیواری چین" لە نێوان گروپە ڕۆشنبیرەکانی چینی کرێکار خۆیاندا و هاوکاتیش لە نێوان ئەم گروپانە و جەماوەری کرێکاراندا. حزبایەتی دەکاتە گوێڕایەڵی ئەندامانی بۆ "ڕابەری" هەڵبژاردەی کۆنگرەکانی حزب و هەر گروپێکیش بە دەوری ئۆتۆریتەی لیدەری و دەسەڵاتی ڤیتۆی تاکە کەسێکدا بەسەر هەموو ئەندام و ئۆرگانەکانیدا پەرژین دەکرێ. ئەم مۆدێلە بیرۆکراسیە قوتابخانەیەک دەبێ بۆ دووبارە کردنەوەی مۆدێلی دیکتاتۆری حزبی بەلشەفی و حکومەتی کەمینەی کۆمەڵگە کە بە پێویستی  بە هێشتنەوەی پەیوەندی بەرهەمهێنانە لەسەر بنەمای موڵکایەتی دەوڵەتی حزبێک و کاری بە کرێی

زۆربەی کۆمەڵگە کە کرێکارانن، کە ئەمەش هەمان بنەمای بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و کەڵەکەی سەرمایەیە کە هاوکات لەگەڵ چەند ڕیفۆرمێکی ئابووری بازاڕی سەرمایەدا و دابینکردنی لانی کەمێکی کرێی و گوزەران لە لایەن دەوڵەتەوە پێی دەگوترێ سۆشیالیزمی دەوڵەتی، وەک نمونەی چین و کوبا و وولاتانێکی تر کە بە سۆشیالیست و کۆمۆنیست ناوزەد کراون.

لەم لێکۆڵینەوە مێژووییەدا بەوە گەشتین کە ئەم مۆدێل و قاڵبە فکری و سیاسی و ڕیکخراوەیی و ئابووریەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ڕەنگدانەوەی ئاستی گەشە و توانایی چینی کرێکار و گروپە ڕۆشنبیریەکەی بووە لە خەباتی چینایەتیدا **لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی مێژوویی و ئابوری و سیاسی دیاریکراودا. ڕەوت و دیدگای جیاجیای سۆشیال دیموکراتی و بەلشەفی بۆ وەڵامدانەوە بە کێشەکانی خەباتی چینایەتی دروست بوون و ئەمانەش مۆدێل و فۆرمی ڕیکخراو بوون و حزبی دروستکردووە. کاریگەری کەسایەتیەکان هەر چەند بووبێ، بەڵام ئەوانیش لەم چوارچێوە مێژوویی و ئابوری و سیاسیەدا کە چینی کرێکاری تێدا بووە هەنگاویان ناوە و تێگەیشتن و تیۆر و پراکتیکی ئەو دەورەیەی خۆیان دەربڕیوە.**

ئێمە لێرەدا بە پێی تەجروبە مێژووییەکانی سۆشیال دیموکراتی و بەلشەفیزم، ناکۆکی مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتیمان لەگەڵ سۆشیالیزمی چینی کرێکاردا لە بواری حزبدا دەرخست و دواتریش باسمان لە کێشەکانی ئەم مۆدێلە لەگەڵ شۆڕشی سۆشیالیستی و حکومەتی کرێکاری و ئابووری سۆشیالیستیدا کرد. وە پێویستی تێپەڕ بوونمان لەم قۆناغە بە تێپەڕین لەم مۆدێلەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و هێنانە ئارای کۆمۆنیزمیێکی نوێ دیاریکرد.

ئەم **کۆمۆنیزمە نوێ** یە خۆی لەم ئەنجامگیریانەی خوارەوەدا نیشان دەدا؛

**ئەنجامگیری یەکەم**؛ کە ئێمە پێی گەیشتین ئەوە بوو کە؛ لە لێکدانەوەی مێژووی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیەوە فێر دەبین کە یاسای گشتی گەشەی چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی ئەوەیە کە، چینی کرێکار لە سیستمی سەرمایەداریدا لە ململانێ یەکی بەردەوامدایە لەگەڵ بورژوازی و یاسای کەڵەکەی سەرمایەکەیدایە، کە ڕێگا دەگرێ لە چینی کرێکار بۆ بەهرەمەند بوون لە بەرهەمی کاری خۆی. ئاستی گەشەی ووشیاری ئەم چینە و گروپە ڕۆشنبیرەکانی بەم ناکۆکیە و تەجروبەی کرێکاران لە خەباتدا دژی چینی سەرمایەدار دیاری دەکا کە چ مۆدێل و قاڵبێک دەگونجێ لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی ئەم خەباتە چینایەتیەدا.

لێرەوە گەشتین بەوەی کەواتە ئەو سیاسەت و ڕووداوانەی لە ئاستی جیهانی و لۆکاڵیدا هەبوون هەڵەی سەرکردەیەک یان گروپێک نەبوون، کە بە هۆی ئەوانەوە لە ئێستادا چینی کرێکار لاواز و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی پەرژ و بڵاوە و بەسەر دەیان ڕەوت و گروپ و حزب و ناوەند و "یزم" ەکاندا دابەش بووە. بەڵکو ئەم دابەش بوون و جیاوازیانەی دروست بوون لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا خۆی ڕەنگدانەوەی واقعیەتەکانی گەشەی سەرمایەداری و جێگا و توانای کرێکاران لەو سیستمەدا و تەجروبەکانی بزوتنەوەی کرێکاری یە.

هەر بۆیە ئەو قەیران و کێشانەی کە لە بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا هەیە دەبێ لە لێکۆڵینەوە لەو مێژووە و ئەو مۆدێل و قاڵبە فکری و ڕیکخراوەییانەی زاڵن بەسەر ئەم بزوتنەوەیەدا ڕێگە چارەی بۆ بدۆزینەوە. هەر چۆن بورژوازی دوای هەوڵی فکری، سیاسی و ڕیکخراوەیی جۆراوجۆر سەرەنجام لە چەند سەدەیەکدا توانی زەمینە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆی ئامادە بکا تا توانی هەژموونی خۆی

بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بکا و دواتر گەیشت بە دەسەڵات و سیستمی سەرمایەداری ئێستای سەپاند، وە ئێستاش بەرگری لە مانەوەی دەکا.

شۆڕشی سۆشیالیستی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیی تا ئێستا، خۆی بەرهەمی ئەو مێژووە لە خەباتی فکری، ئابوری، سیاسی و ڕیکخراوەییە کە چینی کرێکار، بەپێی ئامادە بوونی زەمینەکانی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا پێی گەیشتووە، نەک بەرهەمی گروپێکی کۆمۆنیستی و فەردێک یان کۆمەڵە بیرمەند و سیاسەتمەدارێکی سۆشیالسیتی بێت. هەربۆیە بۆ ئەوەی گرفتەکانی ئێستای ئەم خەباتە چینایەتیە بناسین، دەستمان کرد بە لێکۆڵینەوە لە مۆدێل و بەرنامە و جیاوازیەکانی نێوان گروپ و ڕەوتە کۆمۆنیستیەکان. لێرەوە لەو بەرتەسکیە فکری و سیاسی و ڕیکخراوەییە تێ گەیشتین، کە ئەم گروپە ڕۆشنبیرانەی چینی کرێکار تیایدان. هەروەها لاوازی و دابڕانی ئەم گروپ و حزبانەمان لە جەماوەری کرێکاران، وەک ئەنجامی کاریگەری ئەو مێژووە بۆ دەرکەوت کە سۆشیال دیموکراتی و بەلشەفیەکان دروستیان کردووە و تا ئێستا وەک قاڵبی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی درێژەیان پێ دەدرێ. ئێمە لێرەدا باسی کە ئەو کاریگەریانە و پەیوەندی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی بەو مێژووە وە کرد، وە نیشانمان دا کە ئەم مۆدێل و قاڵبە فکری و سیاسی و ڕیکخراوەییانە چ ڕێگریەکیان بۆ خەباتی چینایەتی ئەمڕۆ دروست کردووە و چۆن دەبێ لە ئێستادا ئەو مێژووە و مۆدێلەکانی سۆشیالیزمی دەوڵەتی تێپەڕێنین.

**بەو پێیەی ئەمڕۆ چینی کرێکار لەخەباتێکی زیندووی چینایەتیدایە و بەپێی ئاستی گەشە و تەجروبەی خۆی بەو ڕاستیە دەگا کە چ ڕێگایەک ئەم چینە لە دەست چەوسانەوە ڕزگاردەکا؟ هەرچەند کۆمەڵگەی سەرمایەداری گەشە بکا و هێزی بەرهەمهێنەری کرێکار گەشە بکا و تەجروبەکانی خەباتی ڕۆژانە و "بازدان"**

وشۆڕشەکانی زیاتر بێت، ئەوەندە ئەم چینە نزیکتر دەبێتەوە لەو ئاسۆ و بەدیلەی کە دەتوانێ قاڵبی سیستەمی سەرمایەداری تێپەڕێنێ و ئەم وشیاری و تەجروبەیە دەبێتە "خواستێکی گشتی و کۆلێکتیڤی" ملێۆنەها و ملیارەها کرێکار. ئەم ڕاستیەش لە پێشدا لە نێو بەشی ڕۆشنبیری چینی کرێکاردا، جا کۆمۆنیست بێ یان ئەنارکیست بێ یان سەندیکالیست بێ، ڕەنگ دەداتەوە. ئێمە ئەم لێکۆڵینەوەیە بە بەشێک لەو هەوڵە دەزانین کە دەیەوێ وەڵامی ئێستای ئەم خەباتە چینایەتیە بداتەوە بە نیشاندانی ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لەو قەیرانەی ئەمڕۆ ئەم گروپە ڕۆشنبیرانەی چینی کرێکاری تێ کەوتوون و بە ڕەخنە گرتن لەو مۆدێلە سۆشیالیزمی دەوڵەتیە و ئەو دیدگا هاوشێوانەی، کە بە هۆی تیۆر و بەرنامەی جیاجیاوە، چینی کرێکار و بزوتنەوەکەی بەش بەش دەکەن و لە گروپی پەراوێز کەووتودا دەیهێڵنەوە.

لەم تێگەیشتنەوە گەشتین بەو ئەنجامەی کە، هەروەک بورژوازی، چینی کرێکاریش پێویستی بە پرۆسەیەکە تاکو زەمینەکانی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی ئامادە دەکا. ئەو مێژووەی لە دروستکردنی حزب و گۆڕانکاری لە فۆرم و پەیوەندی بە چینی کرێکارەوە هاتۆتە ئارا بەشێک لەو پرۆسەیە یە کە ئەم چینە لە خەباتی چینایەتیدا تەجروبەی کردووە. لە هەر دەورەیەکدا پێویستە ئاوڕ لە دەستکەوتەکان و ناکامیەکان بدرێتەوە، تاکو بتوانرێ ستراتیژیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجی دروستکردنی بەدیلی سەرمایەداری و ئامادەیی چینی کرێکار بۆ گرتنی دەسەلآت و گۆڕینی سەرتاپای سیستمی بەرهەمهێنان و بەڕیوەبردنی سەرمایەداری. لێرەوە گرنگیەکی تایبەتمان بە تەجروبەی بەلشەفیەکانی ڕوسیا دا.

لە دەورەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا و بەلشەفیزمیشدا بە شێوەیەکی ڕادیکالآنە جەماوەری کرێکار دەست و پەنجە نەرم دەکا لەگەڵ بنەماکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری. لێرەدا بە دوای ئەو بنەمایانەدا گەڕاین کە بوونە هۆی شکستی ئەم

هەوڵە مێژووییەی بەلشەفیەکان. ئێمە بۆ ڕزگارکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەمان لەو لێکدانەوە بەرتەسکانەی پێشوو، کە لە لایەن ترۆتسکی ، تۆنی کلێف و مە نسوور حیکمەتەوە کراون، پێویستمان بە زانستێک بوو بۆ لێکدانەوەی بەردی بناغەی ئەم مۆدێلەی سۆڤیەت، کە ئەویش لێکدانوەی دیاردەی "**حزب**" ە.

لێرەوە هاتین لە تەجروبەی سۆڤیەتدا ئەو تێزەی گرامشیمان سەلماند کە حزب بچوکراوەی دەوڵەتە یان "**ڕۆحی دەوڵەتە**". لێرەدا ئەوەمان خستە ڕوو کە، ئەگەر چینی کرێکار هەڵوێستێکی دیالەکتیکی بەرامبەر بە دەوڵەت هەیە و دەیەوێ دەوڵەتی بورژوازی هەڵوەشێنێتەوە و دەوڵەتێکی کرێکاری بخاتە جێگای، لەهەمان کاتدا کار دەکا کە ئەم دەوڵەتە کرێکاریەش بگۆڕێ بە ئامرازێکی ئیداری و ڕێکخستنی کۆمەڵگە و هەرچی ئەرکی سیاسی دەوڵەتە نەیهێڵێ و لەم پرۆسەیەدا دەوڵەت نەهێڵێ. ئەی کەواتە دەبێ هەڵوێستی سەبارەت بە حزبیش هەمان شت بێ، چونکە حزب ڕۆحی دەوڵەتە. بەم پێ یە دەبێ حزبی کرێکاری نەک پەیڕەو لە شێوازی بەڕیوەبردن و کارەکتەر و فەلسەفەی بوونی حزبی بورژوازی نەکا، بەڵکو دەبێ هەموو ئەو بنەمایانە لە حزبی کرێکاریدا هەڵوەشێنێتەوە کە هاوبەشی لەگەڵ ئەم پیوەرانەی حزبی بۆرژوازیدا نیشان دەدەن. پێویستە حزبی کرێکاری شێوازێکی نوێی ڕێکخراوەیی دروست بکا کە لە دیدگا و مۆدێلی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیەوە سەرچاوە دەگرێ. بەم پێ یە دەبێ حزبی کرێکاری و کۆمۆنیستی ڕۆحی دەوڵەت و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی نمایش بکا . لێرەدا ناکۆکیەکانی نێوان حزبی کرێکاری و حزبی بورژوازیمان خستە ڕوو.

بەو پێیەی دەوڵەتی کرێکاری و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی بریتیە لە یەکگرتووبونی سەرجەم چینی کرێکار و پراتیکی ئازادانەی ئەم چینە بۆ نەهێشتنی سەرمایەداری، هەربۆیە حزبی کرێکاری و کۆمۆنیستی هیچ واتایەکی تری نیە جگە لە حزبی سەرجەم

چینی کرێکار و پراتیکی ڕێکخراوانەی ئەم چینە بۆ ئازادکردنی کۆمەڵگە لە پەیوەندیەکان و موڵکایەتی سەرمایەداری. حزبی چینی کرێکار دەبێ لەسەر هەمان بنەما دامەزرێ و کار بکا.

ئێنتەرناسیونالی یەکەم ئەم بنەمایانەی دەست نیشان کرد کە حزبی کرێکاری بریتیە لە یەکگرتوو کردنی خەباتی سیاسی و ئابووری سەرجەم چینەکە، نەک تەنیا بەشێک لە کرێکاران، بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژیان و خەباتی چینایەتی ئەم چینە، وە ئەرکی ئامادە کردنی سەرجەم چینەکەیە بەرەو ستراتیژی بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی ئەم سیستمی چەوسانەوەی سەرمایەداری.

ئەم بنەمایە کە ئینتەرناسیونالی کرێکاری لەسەر دامەزرا لە ژێر کاریگەری سەرەتایی بوونی گەشەی سەرمایەداری و نەبوونی تەجروبەی پێویستی شۆڕشگێڕانە لای کرێکاران، لە ئینتەرناسیونالی دووەمەوە لە لایەن ڕەوتی ئۆپۆرتۆنیستی و ڕیفۆرمیستیەوە گۆڕانی بەسەردا هات بەوەی حزبی کرێکاری کرایە حزبێک کە خەبات بۆ ریفۆرمی سەرمایەداری دەکا و سۆشیالیزم لەم چوارچێوەیەدا وەک پراکتیک و سیاسەتێک کە لە سایەی دەوڵەت و پەرلەمانی بورژوازیدا بەدی دێت. ئەم دیدگایە بۆ کۆمەڵگەی سۆشیالیستی وەک پراکتیکی حزبێک کە سۆشیالیزمێکی دەوڵەتی لە ڕێگەی ریفۆرمەوە بەدی دەهێنێ شێوازێک لە حزب و سیاسەت و پراکتیک بەرهەم دەهێنێ کە بیرۆکراتی و مانەوەیە لە چوارچێوەی یاسا و دەسەڵاتی دەزگاکانی دەوڵەتی بورژوازی دا.

دواتریش لە شۆڕشی ڕوسیادا لەلایەن بەلشەفیەکانەوە، هەرچەند توانرا پراکتیکی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار لە قاڵبی بەرتەسکی پەرلەمانتاریزم و ریفۆرم ڕزگار بکرێ و دەسەڵات لە دەست بورژوازی دەربهێنرێ، بەڵام گۆڕانێکی سەلبی بەسەر بنەماکانی ئینتەرناسیونالی کرێکاریدا هێنا، بەوەی کە حزبی کۆمۆنیستی جیا کردەوە

له باقی چینەکە و حزب و بزوتنەوەکانی تری نێو کرێکاران ، وە دیکتاتۆریەتی حزبی لە جێگای دەسەڵاتی شورایی سەرجەم چینەکە دامەزراند . ئەم ڕەوتە هەرچەند جیاواز بوو لە سۆشیال دیموکراتی بەوەی خۆی نەدەبەستەوە بە ڕێگای پەرلەمانی بە دەستهێنانی دەسەڵات، بەڵام هەمان دیدگای بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی هەبوو کە بریتیە لە پراکتیکی حزبێکی کەمایەتی بۆ دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی دیکتاتۆری حزبی و سیستمێکی ئابوری سۆشیالیستی لە ڕێگەی موڵکایەتی دەوڵەتەوە کە هەمان سەرمایەداری دەوڵەتی یە .

بزوتنەوە ڕەخنەگرەکانی ئەم دوو مۆدێلە حزبیە و لەوانەش ترۆتسکیزم و حیکمەتیزم، هەڵگری هەمان دید و قاڵبی مۆدێلی بەلشەفی حزبن، هەربۆیە سەرەڕای هەوڵەکانیان بۆ ژیاندنەوەی مارکسیزم و گەڕانەوە بۆ ناو کرێکاران، بەڵام نەیانتوانیوە ببنە بەدیلێکی کۆمۆنیستی بۆ تێپەڕین لە بیرۆکراتیزم و سێکتاریزم و مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی.

ئەم دوو مۆدێلە حزبیەی سۆشیال دیموکراتی و بەلشەفی، کە تا ئێستا بزوتنەوەی کرێکاری لە قاڵب داوە، ئەم بزوتنەوەیەی دەرگیری قەیرانێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی کردوە و ڕێگای دەربازبوون لەم قەیرانە و هەستانەوەی بزوتنەوەکە لە جێ هێشتنی ئەم مۆدێل و سونەت و دیدگا و سیاسەت و قاڵبە ڕێکخراوەییانە و جێگرتنەوەیانە بە دیدگا و مۆدێل و قاڵبی ڕیکخراوەیی نوێی کرێکاری و کۆمۆنیستی.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا ڕەخنەکانمان دەربارەی ئەم مێژووە و ئەم مۆدێلانە لە حزب خستە ڕوو و ئەنجامگیریەکەمان لێیان ئەوەیە کە پێویستە دیدگا و مۆدیل و قاڵبی حزبی کرێکاری جیاواز جێگایان بگرێتەوە. حزبیک کە هەموو ڕەوت و گروپە ڕۆشنبیرەکانی چینەکە و جەماوەری بەرفراوانی چینەکە بگرێتە خۆی. ئەم حزبە حزبی هەموو کرێکارانە، نەک تەنیا حزبی کۆمۆنیستەکان، نەک حزبی بەرنامەیەکی

دیاریکراو و خەتێکی سیاسی دیاریکراو، نەک حزبی گروپ و سێکتێکی دیاریکراو، بەڵکو حزبی کرێکاری حزبێکی کۆمەڵایەتیە و هەموو بەرنامە و گروپ و فراکسیۆنەکان دەتوانن لە چوارچێوەی ئامانجە گشتیەکاندا بۆ گۆڕینی سەرمایەداری بە سۆشیالیزم کۆبکاتەوە. هەر بۆیە ستراتیژی ئێستای بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی بریتیە لە دروستکردنی حزبی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی کرێکاران و ئامادەکردنی سیاسی هەموو کرێکاران لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرمایەداران و حکومەتەکانیان و ڕێکخستنی بەرفراوانی جەماوەری و سیاسی و حزبی بۆ سەپاندنی هەژموونی سیاسی و فکری و پراکتیکی لە مەیدانەکانی خەباتی چینایەتی و لە ئاستی کۆمەڵگە و دەسەلاتدا.

لێرەوە دیدگایەکی نوێ بۆ حزب سەری هەڵدا کە جیاوازە لە مۆدێلی بەلشەفی حزبی نوخبە و مۆدێلی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری " یەک ڕەوت و یەک مەیل" و هەموو ئەو جۆرانەی تر کە مۆدێلی دروست کردنی حزبێکن کە لە کەمایەتی چینی کرێکار و کۆمەڵگە دا بمێنێتەوە و ببێتە ڕۆحی دەوڵەتێکی کەمینەی سبەینێ و کۆمەڵگەیەک لەسەر حوکمی کەمینەی هەڵبژێردراو دروست بکاتەوە. ئەم مۆدێلە حزبیە کەمایەتیانە هەمان مانەوەیە لە چوارچێوەی دیدگا و جیهان بینی بورژوازی دا لەمەڕ حزب و جێگای ئەم ئامرازە لە خەباتی چینایەتی و بینا کردنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیدا.

هەربۆیە **ئەنجامگیری دووەم،** ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە بوو کە مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی لە بواری حزب و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری دا ناتوانێ لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداری تێپەڕ بکا، هەر چەند توانیویەتی هەلومەرجی خەباتی کرێکاران باشتر بکا و کۆمەڵیک ڕیفۆرم بەسەر سەرمایەداریدا بسەپێنێ. هەر بۆیە پەیڕەوکردنی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری لە ئێستادا لە مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و بەلشەفیزم سەرچاوەی قەیرانێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسیە،

به هۆی ناکۆکی له نێوان پێویستی و ئامادەیی زیاتری کرێکاران بۆ تێپەڕبوون لەسەرمایەداری لەلایەک،وە بەرتەسکی و نەتوانینی مۆدێلی گروپ و حزبە کۆمۆنیستیەکان بۆ وەڵام دانەوە بە نیازەکانی ئەم خەباتە چینایەتیە لە لایەکی ترەوە. ئەم قەیرانەی ئێستا بەهۆی پەیڕەوی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیە لە مۆدێلێکی شکست خواردووی سۆشیالیستی، کە چیتر لە نێو چینی کرێکاردا ناتوانێ هەژمونی بەدیلێکی شۆڕشگێڕانە پەیدا بکاتەوە. لە بنەڕەتیشدا لە بەر ئەوەی کە ئەم مۆدێلە سۆشیالیستیە ناتوانێ لە بنەمای سەرمایەداری لابدا، کە ژێردەستەیی زۆرینەی زۆری کۆمەڵگەیە لە ژێر دەستی کەمینەیەکدا کە لەسەر بەرهەمی ئەو زۆرینەیە دەتوانێ قازانج بکا و دەسەڵاتی ڕابگرێ، هەربۆیە ناکۆکە لەگەڵ نیازی سۆشیالسیتی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە گلۆباڵەی کە کرێکاران لە مەیدانی بەرهەمهێنان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا پێی گەیشتوون.

مولْکایەتی و دیکتاتۆریەتی حزبی بۆ دەوڵەت و مولْکایەتی ئەم حزبە بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و بێبەش کردنی زۆرینەی کرێکاران لە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی شورایی و کۆنترۆڵی کرێکاری لە کارگەکان و دەوری سەندیکا کرێکاریەکان لە داڕشتنی نە خشەی ئابووری و بڕیاری بەرهەمهێنان و نەبوونی ئازادی بەشداری سیاسی و ڕێگا نەدان بە مولْکایەتی هەرەوەزی و بەرتەسک کردنەوەی ئازادیە فەرهەنگی و کە لتووری و ئازادیە شەخسیەکان، ئەمانە هەمووی مۆدێلێکن لە کۆیلایەتی بۆ حزبی کەمایەتی لە جێگای مولْکایەتی تایبەتی سەرمایەداران. هەربۆیە شکست هێنانی ئەم مۆدێلە لە بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیدا بریتی نیە لە کەموکوڕی سیاسەتێک یان نەخشەیەکی ئابووری یان دیکتاتۆریەتی فەردی، وەک ستالین، وە یان نەبوونی دیموکراسی پەرلەمانی و ئازادی سیاسی. بەڵکو کێشە لەوەدایە کە هەر سیستمێکی دەسەڵاتدارێتی کەمایەتی بهێنی و ئیدعای ئەوە

بکا "بەهەشتێک" بۆ زۆرینە دروست بکا لە بەرامبەر ئەوەدا کە ئەم کەمایەتیە خۆی بکاتە جێ نشینی ئەو زۆرینەیە و لە جێگای چینی کرێکار حوکم بکا، ئەوا لە کۆتاییدا دیکتاتۆریەتی کەمینە پێویستە هەمان مۆدێلی ئیداریە و دەسەڵاتداری×ی کەمایەتی بەسەر زۆربەی کۆمەڵگەد بسەپێنێ و ڕێگە لە پراکتیکی کۆمەڵایەتی زۆرینەی چینی کرێکار بگرێ بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری.

لێرەوە **ئەنجامگیری سەرەکی** ئێمە ئەوەیە کە ئەم مۆدێلەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و حزبی جێ نشینی چینی کرێکار بریتی نیە لە ئازادی بۆ خۆنواندنی پراکتیکی هەموو چینی کرێکار و ئازادی هەموو چینی کرێکار لە دەست پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و شێوازی بەڕیوەبردنی سەرمایەداری، بەڵکو ناکۆکە لەگەڵ پراکتیکی سیاسی چینی کرێکاردا کە دەیەوێ کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای دەسەڵاتی هەمووان دامەزرێنێ، یان باشتر بڵێین هەمووان لە ژێر دەستەیی بۆ هەموو دەسەڵاتێک ڕزگار بکا. سۆشیالیزم لای چینی کرێکار بریتیە لە ئازادی هەمەلایەنەی ئەم چینە لە دەست هەر حوکمێکی کەمینە. حکومەتی کرێکاری واتە دەسەڵاتێکی سیاسی کاتی کە ئەم ئازادیە بۆ هەموو چینەکە فەراهەم دەکا بەوەی کە ڕێگا نادات حوکمی کەمینە بگەڕێتەوە، جا لە ژێر ناوی هەڵبژاردنی نوێنەرانی شورا دابێ یان هەڵبژاردنی حزبەکاندا بێ بۆ پەرلەمان. سیستمی شورایی کۆپی سیستمی پەرلەمانی نیە، کە کەمایەتیەک بۆ حوکم کردن هەڵبژێرێ یان شەرعیەت بدات بە دەسەڵاتی کەمینەیەکی حزبی، بەڵکو شێوازێکی جیاوازە لە دیموکراسی پەرلەمانی و دیموکراسیەکی ڕاستەوخۆیە کە لەوێدا نوێنەرایەتی ناوەرۆکەکەی نیە، بەڵکو ناوەرۆکی ئەم دیموکراسیە حوکمی ڕاستەخۆی زۆرینە خۆیەتی و نوێنەر تەنیا ئامڕازێکی کاتیە و گواستنەوەی پەیامی زۆرینەیەکی لەسەرە بە نوێنەری زۆرینەکانی تر و پێویستە تەنیا لەو پۆستە ئیداری و بەڕیوەبردن و ڕیکخستنەی بڕیارەکانی زۆرینەدا مونەسیق

و ڕیکخەرێک بێ و هیچی تر. بە کورتی سۆشیالیزم خودی پراکتیکی زۆرینەی چینی کرێکار خۆیەتی بۆ بڕیاردان لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان و هیچ ڕێگریەکی دەوڵەت ناتوانێ نە بەشێوەی کاتی و نە بە یاسا ئەم ئیرادە و بڕیارە گشتیانەی کرێکاران و دەسەلآتیان هەڵوەشێنێتەوە و لاببات وەک لە نمونەکانی دەوڵەتی بەلشەفیدا ڕەخنەمان لێگرت.

سۆشیالیزم واتە پراتیکی سیاسی چینی کرێکار بۆ ڕزگاری ئابوری و هەمەلایەنەی خۆی. سۆشیالیزم نە خشەی ئابووری بۆ گەشەپێدانی هێزە بەرهەمهێنەرەکان نیە، سۆشیالیزم زاڵ بوونی ئینسانە بەسەر چارەنووسی سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی خۆیدا و هیچ قۆناغ بەندیەک لە نێوان سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمدا نیە و گواستنەوە لە سەرمایەداریەوە بۆ سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم تەنیا بریتیە لە شۆڕش کردنی چینی کرێکار بەسەر هەموو شێوازێکی دەسەلآتدارێتی کەمینەی چەوسێنەردا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و گواستنەوە بۆ سیستمی بەشداری ئازادانە و هەرەوەزی هەمووااندا لە بەرهەمهێنان و خۆ بەڕیوەبردن و گەشەپێدانی توانا و خۆشیەکانی ژیانی ئینسانەکان و نەمانی هیچ جۆرە دەسەلآتێکی کەمینە، بە شێوەی نوێنەرایەتی بێ یان بە دیکتاتۆری حزبی. ئەمە جیاوازی سەرەکی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمی کرێکارانە لە دەوڵەتانی سۆشیالیزمی دەوڵەتی وەک چینی ئێستا و سۆڤیەتی جاران. ئەمڕۆ پێویستمان بە خستنەڕووی دیدگایەکی نوێ بۆ ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی هەیە لە سایەی سیستمی سۆشیالیستیدا کە جیاواز بێ لەو دیدگایەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی لەسەر مۆدێلی دیکتاتۆری حزبی و گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و دابینکردنی لانی کەمی کرێ و گوزەران و کەم کردنەوەی هەژاری هەیبووە و ئێستاش نمونەی چینی سەرمایەداری دەوڵەتی جێگای شانازیەتی. ئەمڕۆ تێپەڕبوون لەم دیدگا و جیهان بینیەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی وەک دیدگایەکی

بورژوازی بۆ سۆشیالیزم و حزب و دەوڵەت و ئابووری دەمانگەیەنێ بە دیدگا و جیهان بینیەکی کۆمۆنیستی و کرێکاری کە دەتوانێ هێزی چینی کرێکار هان بدا بۆ بە دیهێنانی دنیایەکی باشتر و ئینسانی تر لەوەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی تا ئێستا نیشانی داوە. قەیرانی ئایدیۆلۆژی و سیاسی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە مانەوە لەم دیدگا و جیهان بینیەی سۆشیالیزمی دەوڵەتیدا یە و هەربۆیە ناتوانێ هەژموونی لەناو چینی کرێکاردا پەیدا بکا.

لێرەوە گەشتین بە **ئەنجامگیری سێهەم؛** کە جیاوازی حزبی کرێکاری لە حزبی بورژوازی بوو. ئەم جیاوازیەمان لە ڕیگەی ئەو پرسیارەوە بۆ ڕۆشن بوەوە کە بۆچی و چۆن حزبێکی کرێکاری شۆڕشگێڕی وەک سۆشیال دیموکراتی یان بەلشەفیک گۆڕدران بۆ حزبێکی بیرۆکراتی پارێزەری سەرمایەداری دەوڵەتی؟ ئێمە بەدوای ئەو خاڵە هاوبەشانەدا گەڕاین کە لە نێوان تێڕوانین و میکانیزمی کارکردن و سیاسەتەکانی ئەم حزبە کرێکاریانەدا هەبوون کە هەمان تێگەیشتنی بورژوازیانەیان دەدا بەدەستەوە لە حزب. بۆ نمونە لە تیۆری "حزب جێ نشینی چینی کرێکارە" لەلای لینین و بەلشەفیەکان. لێرەدا دیکتاتۆریەت و بڕیار وسیاسەتەکانی حزبی کۆمۆنیست واتە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و بەشداری سیاسی و بڕیاری ئەو چینە! بەم پێیەش بەشیوەیەکی ئۆتۆماتیکی چینی کرێکار خۆی لە دەسەڵاتدا نامێنێ و تەنیا نوێنەرەکەی دەسەڵاتدارە. لێرەدا حزب چیتر بریتی نیە لە هەموو چینی کرێکار، بەڵکو حزبی بەشێکی جیاوازە کە ئیمتیازی نوێنەری تاقانە و مافی سەپاندنی دیکتاتۆریەتی هەیە.

هەر بۆیە مۆدیلی دەوڵەتەکەشی بریتیە لە مۆدێلی دەوڵەتێکی تاک حزبی، کە تیایدا لە جێگای چینی کرێکار حوکم دەکا و ئەم دەستەی حوکمڕانەش جێگیرن و بەپێی سەنترالیزمێک کاردەکەن کە دەسەڵاتی نوخبە و تاکە کەسی سەرکردە دەکاتە مۆدیلی

حوکمڕانی و سیستمی سیاسی. بەڵام تیۆری"حزب و سێکتە جێگیرەکان و سەرکردە نەگۆڕەکان" ی لینین، وەک لە پراکتیکی حزبی بەلشەفیدا ڕوون بوەوە، لە ڕاستیدا یاسای زاڵ بەسەر گەشەی سیاسی خەباتی چینایەتی کرێکاراندا نیە. وە ئەنجامگیری لەم جۆرانەی کە ، "چینەکە حزبە و حزبیش سەرکردەیە"، وە "حزب تەنیا ئەو مەیل و بەشەی لە کرێکاران نیشان دەدا کە بەدەوری بەرنامەیەکی حزبیدا کۆ بونەتەوە و پەیڕەو لەیەک ناوەند و دەستەیەک لە ڕابەران دەکەن"، هیچ کام لەم بنەمایانە بەو چەشنەی لای بورژوازی یاسایەکی سادەن، بەپێچەوانەوە لای چینی کرێکار ناتوانێ یاسا و بنەمایەکی سازگاربن. بەڵکو ئەم تیۆریە سازدانەوەی دەسەڵاتی کەمایەتی دەوڵەتە لەسەر هەمان بنەمای دەسەڵاتدارێتی بورژوازی. لەم ڕەخنەیەوە لە مۆدێلی سیاسی سۆشیالیزمی دەوڵەتی بەرەو دۆزینەوەی یاسای زاڵ بەسەر حزبی کرێکاریدا چووین.

لێرەدا ئەوەمان خستە ڕوو کە چینی بورژوازی لەسەر بنەمای کەڵەکەی سەرمایە و پاراستنی سیستمی سەرمایەداری پەیوەندیەکانی ناوخۆی چینەکە ڕێک دەخا. هەر بۆیە یاسای زاڵ بەسەر ڕیکخستنی ناوخۆیی و حزبی بورژوازیدا بریتیە لە **ململانێ و پرۆسەی چڕ بوونەوەی دەسەڵات لە دەست کەمایەتیەکدا**. بەڵام لەنیو چینی کرێکاردا یاسای کەڵەکەی سەرمایە و قازانج دەور ناگێڕێ لە ڕێکخستنی ناوخۆیی ئەم چینەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە یاسایەک کە پەیوەندی ناوخۆی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار دیاری دەکا بریتیە لە **نەهێشتنی ناکۆکی و هاوپشتی چینایەتی نێوان هەموو کرێکاران** بۆ گۆڕینی سیستمی ململانێی سەرمایەداری. ئەمەش پێویستی بە یەکڕیزی و کاری هەرەوەزی و پێکەوەیی هەموو چینی کرێکارە. لێرەوە جیاوازی بنەڕەتی لە شێوەی حزب و کاری حزبی لای کرێکاران دروست دەکا کە جیاوازە لە حزبی بورژوازی.

هەر بۆیە ململانێی نێوان بەشەکانی کرێکاران و جیابوونەوەیان کارێکە کە نەک حزب لەسەر بنەمای ئەوانە پێک نایەت، بەڵکو ئەرکی حزب کۆتایی پێ هێنانیانە. ئەم یاسایانە لە ڕاگەیاندنی ئینتەرناسیونالی یەکەمی کرێکارانەوە خراونەتە ڕوو و وە هەموو حزبە کرێکاریەکان تەنیا لەسەر ئەم بنەمایانە دەتوانن حزب وەک ئامرازێکی یەکگرتووکردنی چینی کرێکار بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری بەکاربێنن. سڕینەوەی ئەم بنەمایانە و دروستکردنی گروپی جۆراوجۆر کە هەر کامەیان خۆی بە نوێنەری چینی کرێکار بزانێ و بەشەکانی تری ئەم چینە بەلادەر و تێکدەر و دوژمن بزانێ، ئەوا بێگومان پەیڕەو لە هەمان بنەمای ململانێی بورژوازی لەسەر دەسەڵات و کەڵەکەی سەرمایە دەکاتەوە و هەر ئەمەش ئەو زەمینە هاوبەشەیە کە حزبێکی کرێکاری شۆڕشگێڕ دەگۆڕێ بۆ حزبێکی بیرۆکراتی کەمینە، کە لە ئەنجامدا سیستمی سەرمایەداری دەپارێزێ.

حزبی کرێکاری میتافۆر و مەجازێکە لای چینی کرێکار و ئەم خەسڵەتە دیالەکتیکە و ئەم یەکێتی دژانەی لە ناو حزبی کرێکاریدا هەیە، بریتیە لەوەی کە لەلایەک چینی کرێکار حزب وەک "ڕۆحی دەوڵەت" دروست دەکا تا بورژوازی لەسەر کورسی دەسەلآتی سیاسی لابەرێ و خۆی وەک چینێک حوکم بکا. وە لە لایەکی تریشەوە دەیەوێ دەوڵەت وەک ئیمتیازێکی چینایەتی لەناوبەرێ و بیگۆڕێ بە ئیدارەیەکی ناسیاسی و بەم پێیە حزبیش لە دەزگای ئیداری کۆمەڵگەدا ئینگراسیۆن پێ بکا. هەربۆیە لە حزبی کرێکاریدا هیچ باسێک لە ڕەوتێکی سیاسی و فکری نیە، کە بەهۆی ئایدیۆلۆژیەکەیەوە دەتوانێ کۆمەڵگە بگۆڕێ و یان ئیمتیازی دروستکردنی دەوڵەتی بدرێ بە کۆمۆنیستەکان لەبەرئەوەی لەباری تیۆریەوە دەربڕی هەلومەرجی ڕزگاریی چینی کرێکارن. بەڵکو حزب تەنیا بریتیە لە فۆرمێکی کۆنکرێت و دیاریکراو لە خواستێکی کۆلێکتیڤی چینی کرێکار کە لە پرۆسەی خەباتی فکری و سیاسی و

ئابووریدا بووەتە پراکتیکێکی جەماوەری چینی کرێکار و ئامادە بۆ شۆڕش کردن بەسەر دەسەڵاتی بورژوازیدا. کارێک کە حزب دوای دەسەڵات گرتن دەیبێ ئەوەیە کە ئەم پراکتیکە سیاسیەی حوکم کردن گشتی بکاتەوە، نەک بیکاتە موڵکی حزبێک. بەم پێ یە حزب نەک تەنیا بە گروپێکی کۆمۆنیستەکانەوە بەر تەسک نابێتەوە، بەڵکو پرۆسەی گەورە بوون و جەماوەری بوونی بەمانای پرۆسەی کەمبوونەوەی نوخبە و سادەکردنەوەی دابەشکردنی کاری ناو حزب و گۆڕانی بەردەوامی پۆستەکانی سەرەوە و خوارەوەی حزب و نەمانی لیدەر شیپی نوخبە و نەمانی پۆستی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی بە درێژایی تەمەنیشە.

لەم لێکۆڵینەوانەدا لەسەر جیاوازی حزبی کرێکاری و حزبی بورژوازی بەو ئەنجامەش گەیشتین کە، حزب و ڕیکخراوەکانی چینی کرێکار بە پێچەوانەی حزبە بورژوازیەکانەوە خەریکی ململانێ و دژایەتی کردنی یەکتر نین لەسەر دەسەڵات و سەرمایە، بەڵکو هەموویان بەشە جیاوازەکانی یەک چینن، کە خواستێکی کۆلیکتیڤی سۆشیالیستی کۆیان دەکاتەوە دژی سەرمایەداری و حزب و حکومەتەکانیان. حزبی کۆمۆنیست لێرەدا پێشڕەو و نوێنەری چینەکە نیە و شورا و سەندیکا و ڕیکخراوە جەماوەریەکانیش پاشکۆی حزب بن، بەڵکو ڕیکخراو بوون و حزبیەتی چینی کرێکار بە مانای هەموو ئەم شێوازانەی ڕیکخراو بوونی چینەکە دێن کە پراکتیک و ئیرادەیەکی هاوبەشی ئەم چینە دروست دەکەن، کە لە دەسەڵاتدا بتوانێ هەموو چینەکە لە ڕێگایانەوە بە شداری ژیانی سیاسی و بڕیاری ئابووری و ئیدارەی کۆمەڵایەتی بکا. ناکۆکی نێوان دیکتاتۆری حزبی و شوراکانی کرێکاران و سەربازان و جوتیارانی ڕوسیا و دواتر نەهێشتنی دەسەڵاتی شوراکان و سەپاندنی دیکتاتۆری حزبی، هەموو ئەمانە بەهۆی مۆدێلی سۆشیالیزمێکی دەوڵەتیەوە بووە، کە تەنیا حزبێکی "یەک مەیل و یەک پایە" بە نوێنەری چینی کرێکار دەزانێ و باقی بەشەکانی

تر دەبێ لە ژێر دیکتاتۆریەتی ئەم بەشە خاوەن موڵکایەتی دەوڵەتدا بن و ئەمە بووە کە بە ناحەق ناونرا " دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا". ئەمە ئەو ڕاستیەی نیشان دا کە دیدگای بەلشەفی و سۆشیالیزمی دەوڵەتی بۆ کۆمۆنیزم و حزبی کۆمۆنیست، هەمان دیدگای حزبێکی بورژوازیە کە بریتیە لە هێزی گروپ و حزبێک بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات لە جێگای حزبێکی تر بە بێ دەست لێدان و گۆڕینی بنەماکانی دەسەڵاتدارێتی کەمینەی کۆمەڵگە.

ئەم هێشتنەوەیەی موڵکایەتی سیاسی ئامرازی دەوڵەت و دەزگاکانی بۆ حزبێکی تایبەت، ئەم حزبە دەکاتە خاوەن موڵکایەتی سەرمایە و بەرهەمهێنانیش کە خۆی ئەمەش چینی کرێکار دەکاتە پاشکۆ و ژێر دەستەی نوێنەرەکانی و ئەو حزبەی بەناوی کرێکارانەوە حوکم دەکا. هەر بۆیە ڕیگرتن لە چینی کرێکار بۆ لێسەندنەوەی موڵکایەتی تایبەتی دەزگای سیاسی دەوڵەت لە حزبەکان لە ڕێگەی گرتنە دەستی هەموو دەسەڵاتێک لە لایەن شوراکانەوە، وەک دیموکراسی ڕاستەوخۆی هەموو کرێکاران کە جێگای دەزگای پیشەیی بیرۆکراتی و سوپای پیشەیی و حکومەتی حزبی دەگرێتەوە، بە مانای ڕێگری کردن لە لێسەندنەوەی موڵکایەتی سەرمایەداری و هەموو شێوازەکانی موڵکایەتی تایبەتی سەرمایەدارانە لە حزب و دەوڵەتی حزبی. هەر بۆیە شکستی شۆڕشی سۆشیالیستی لە ڕوسیادا شکستی شوراکان بوو. شکستی ئەم گواستنەوەیەی حزبی کەمایەتی چینی کرێکار بۆ حزبی زۆرایەتی ئەو چینە بوو لە کاتی دەسەڵات دا. شکستی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە حزبەوە بۆ شوراکان بوو. حزبی بەلشەفی لەم ئەرکەدا شکستی هێنا و پاوان کردنی دەسەڵاتی کردە موڵکایەتی کەمینەیەکی حزبی و بەم پێیەش موڵکایەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنانیشی خستەوە ژێر دەستی ئەو کەمینە حزبیەی کە کرێکارانی بە هەمان یاسای کەڵەکەی

سەرمایە لە ژێر ناوی "کەڵەکەی سەرەتایی سۆشیالیستی"دا لە سایەی هەمان سیستمی سەرمایەداریدا هێشتەوە.

ئەمە ئەو هۆکارانە بوون کە حزبی بەلشەفی لە چینی کرێکار و دیموکراسی شورایی و کرێکاری جیا کردەوە. هەر پاساوێک بۆ ئەم بنەما و سیاسەت و پراکتیکانە هیچ لەو ئەنجامە ناگۆڕێ کە ئەمانە سیاسەتێک بوون حزبی بەلشەفیان لە حزبی شۆڕشی کۆمۆنیستیەوە گۆڕی بۆ حزبی بیرۆکراتی سۆشیالیزمی دەوڵەتی. سەرکەوتنی ڕەوتی ستالینیستی بەرهەمی ئەو مۆدێلە سۆشیالیزمە دەوڵەتیە بوو کە بەلشەفیزم نوێنەرایەتی دەکرد و وەک مۆدێلێکی سیاسی وحزبی و ئابوری پیادەی کرد.

سیستمی دیکتاتۆریەتی حزبی بەلشەفی لەکۆمەڵگەدا بێگومان پێویستی بە حزبێک بوو کە میکانیزمی کارکردنی ناوخۆشی دیکتاتۆریانە بێ. واتە حزبێک کە کۆمەڵگە لەسەر بنەمای دەسەڵاتدارێتی کەمایەتیەک بەڕێوەببا، پێویستی بە دەزگایەکی حزبیشە کە دەسەڵات و ئیمتیازاتی نوخبەیەکی ناوخۆی حزب دابین بکا، بەم پێیەش بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیان لە ڕێگەی ئەو حکومەتە کەمایەتیەوە دابین دەبێ. بە پێچەوانەوە حزبێکی کرێکاری کە سیستمی سیاسی کۆمەڵگە دەگۆڕێ بە سیستمێکی بەشداری ڕاستەوخۆی هەموو هاوڵاتیان ئیتر ئیمتیازاتێکی چینایەتی نامێنێتەوە بیپارێزێ و هەربۆیە میکانیزمی کارکردنی ناوخۆی بریتی دەبێ لە فراوانکردنەوەی بەشداری ڕاستەوخۆی ئەندامانی لە گۆڕانکاریە سیاسیەکانی ئیدارەی حزب و کۆمەڵگەدا. حزب پێویستی بە بەشداری هەموو فراکسیۆن و بەشە جیاوازەکانی چینەکەیە لە ئیدارە و دانانی نەخشە و هەڵبژاردنی نوێنەرانی پۆستە حزبیەکان، هەربەو شێوەیەی شوراکان دەیکەن. بەم پێیەش لابردنی بەرپرسە حزبیەکان کارێکی ئاسانی ئەندامان دەبێ و وەرگرتنی پۆستە حزبیەکان هیچ ئیمتیازاتێکی سیاسی و مادی نابێ و ئیتر حزب بریتی نابێ لە

**"گروپێكی ڕابەری نەگۆڕ" . هەربۆیە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین و فراكسیۆن و گروپی جیاجیای ناوحزب دەبێتە مافێكی سادە، وە میكانیزمی جێبەجێكردنی بڕیارەكانی حزبیش دەبێتە كارێكی دڵخوازانە و خود ووشیاری و خود چالاكانە دەبێ. شكستی شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆكتۆبەر پێش هەر نارۆشنیەكی ئابوری و بەرنامەیەكی ئابوری، بریتی بووە لە شكستی مۆدیلی بەلشەفیزم لە دەخاڵەت پێدانی كرێكاران لە سیاسەت و ئیدارەی كۆمەڵگەدا و بەكارهێنانی ئامرازی حزب بۆ شۆڕشكردن بەسەر میراتی سیستمی حوكمی كەمایەتیدا.**

ئەم ئەنجامگیریە بەوەی گەیاندین كە حزبی كرێكاری ئەگەر پەیڕەو لە بنەماكانی حزبی بورژوازی بكا ئەوا لە دەسەڵاتیشدا كۆپی دەسەڵاتی سەرمایەداری دەكا. بەم پێ یەش پەیوەندی لە نێوان ئەم حزبە و چینی كرێكاردا دەگۆڕێ بۆ پەیوەندی خاوەن كارێكی حزبی بە كرێكارانێكەوە، كە دەبێ لە دژی ئەو دەسەڵاتە شۆڕش بكەن، كە لە ژێر ناوی **"حكومەتی كرێكاری"** دا دەیان چەوسێنێتەوە. حزب لە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی چینایەتی كرێكاراندا دەردەكەوێ كە ئایا "ڕۆحی دەوڵەتی كرێكاریە" بۆ شكاندنی دەسەڵاتی كەمایەتی یاخود لەسەر نمونەی حزبی بورژوازی دروستكراوە و هێشتا لە چوارچێوەی جیهان بینی بورژوازیدا ماوەتەوە؟ حزب نەك تەنیا دەبێ لەگەڵ شەپۆلی شۆڕشگێڕانەی كرێكاراندا بێ بۆ بەرپاكردنی شۆڕشی سیاسی بەسەر دەوڵەتی بورژوازیدا، وەك كۆمۆنارەكان و بەلشەفیەكان كردیان، بەڵكو حزبی كرێكاری دەبێ لە كاتی دەسەڵاتیشدا ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی چینی كرێكار بێت بۆ كۆتایی پێ هێنان بە هەر ئیمتیازێكی سیاسی و حزبی و دەوڵەت و كۆتایی هێنان بە چینەكان و ئیمتیازاتی چینایەتی.

**ئەنجامگیری چوارەم؛** سەبارەت بە گروپە ڕۆشنبیرەکان و جیابوونەوەکانیانە. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا **کۆمۆنیزمی کرێکاریمان وەک نمونەی گروپە ڕۆشنبیرە کۆمۆنیستەکانی چینی کرێکار** وەرگرت. یەکەم دیاردە کە ئێمە لەگەڵی بەرەو ڕوو بووین ئەوەیە کە ئەم گروپانە جێگا و ڕێگای واقعی و مێژوویی خۆیان دەرک ناکەن لە پەیوەند بە چینی کرێکار و خەباتی چینایەتیەوە. هۆکاری ئەمەشمان گەڕاندەوە بۆ پرۆسەی جیابوونەوەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و حزب و گروپەکانی لە جەماوەری کرێکاران، لە ژێر کاریگەری مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتیدا و بە هۆی پەیڕەو کردنیان لەو تیۆری "حزب جێ نشینی چینی کرێکارە". ئەم فاکتەرانە، گروپە ڕۆشنبیرەکان و لەوانەش کۆمۆنیزمی کرێکاری یان، کردۆتە خاوەن ووشیاریەکی هەڵگەڕاوە، کە گوایە ئەم گروپانە خۆبەخۆ نوێنەری چینی کرێکارن بە هۆی خاوەنداریێتیان لە تیۆری کۆمۆنیزم، وە چینی کرێکار پاشکۆی ئەم گروپانەیە. ئەم حزب و گروپانە تەنیا بۆ کاتی دەسەڵات گرتن و شۆڕش پێویستیان بەم چینەیە، ئەگەر نا خۆیان و بەرنامە و ئەندامەکانیان کافین بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و دروستکردنی سۆشیالیزم و ئەوان لە پێش "کرێکارانی ئێران لە مەیداندان"!

هەر بۆیە ئەوەی لەم گروپە ڕۆشنبیرانەدا بە گشتی و لە کۆمۆنیزمی کرێکاری دا بەتایبەتی بەر جەستەیە خۆ جیاکردنەوە لە مێژووی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی یە و دروستکردنی مێژوویەکی تازەیە لە تیۆری دا. ئەم گروپانە هەموویان بە خۆجیاکردنەوە لە یەکتر مێژوویەکی تازە دروست دەکەن و ئەو بەرنامە و تیۆریەی ئەوان لە ڕابردووەکانیان جیا دەکاتەوە دەبێتە مێژووی "کۆمۆنیزمی کرێکاری" و مێژووی چینی کرێکاریش، چونکە ئەم گروپانە تەنیا خۆیان نوێنەری چینی کرێکارە و باقی گروپەکانی تر نوێنەری کۆمۆنیزمی بورژوازی و سۆشیالیزمی ناکرێکارین.

بەڵام دوای هەر چەند ساڵ جارێک دیسانەوە ئەم گروپانە خۆیان لە دابڕاوی لە چینی کرێکار دەبینن و تیۆری و بەرنامەکانیان ناتوانێ ڕێنوێنی پراکتیکێک بکات بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی گروپەکەیان. هەربۆیە ئەزمە و قەیرانی پراکتیکی کە توشیان دەبێ پێویستی بە جارێکی تر خۆ جیاکردنەوە و سنوور کێشانێکی تیۆری ترە لە چەپ و گروپەکانی تر و جارێکی تر لۆمەی "غیابی سیاسەتی سۆشیالیستی" یان "ئاسۆی دەسەڵات گرتن" و "حزبی سیاسی" سەرهەڵدەداتەوە و "ئۆتۆریتە پلە تایبەتەکان" شەڕی ئاڵاهەڵگری "ئاراستە و جیهەتگیری نوێ" دەکەن و بەم چەشنە زنجیرەی نەبڕاوەی جیابوونەوەکان درێژە پەیدا دەکا.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەماندا بەوە گەیشتین کە **لەبەر ئەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بەرهەمی ڕەخنەی تیۆری بوو، کەواتە ڕەخنەیەکی تیۆری تر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش، هەروەک حزبی کۆمۆنیستی ئێران، کە "نوێنەری پرۆلیتاریا" بوو، کردە چەپێکی ناکرێکاری تر. ئەم سیناریۆیەمان لە حزبی حیکمەتیستەوە بیست، کە ڕایگەیاند چیتر "حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری" ش "نوێنەری پرۆلیتاریا" نیە و بووە بە چەپێکی پۆپۆلیستی ناکرێکاری و ئیتر بەم شێوەیە بەردەوام گروپێکی تر دێن و کورسی "نوێنەری پرۆلیتاریا" لەسەر شەپۆلی جیابونەوەکان بۆ نا کۆتا دەبا. ئەمە ئەو پرۆسەی بازنە بەتاڵەی نێو گروپە ڕۆشنبیریە سۆشیالیتەکانی چینی کرێکارە کە بەهۆی دابڕانیان لە خەباتی ڕۆژانەی چینایەتی کرێکاران بەردەوام دابەش بوونە ناچاریەکانی خۆیان تیۆریزە دەکەن. هەمیشەش بانگەوازی ئەوەدەکەن کە گروپە ڕۆشنبیریەکانی تر گۆڕاون بە چەپی ناکرێکاری و پاساوی جیا بوونەوە و دوور کەوتنەوە لە یەکتری و سێکتاریزمی** گروپەکانیانی پێدەکەن.

کێشەی خۆجیاکردنەوەی تیۆری لە گروپەکانی تر بەو خەیاڵەیە کە ئەم گۆڕانە تیۆریە ئەم گروپە بەرەو "چینی کرێکار و بەرەو خۆ ڕێکخستن لەگەڵ **کۆمۆنیزمی**

کرێکاری" دەبا. بەڵام تەجروبەی نیو سەدەیەی حیکمەتیزم پێمان دەڵێ کە جیابوونەوەی ئەم گروپانە رێگە چارە نیە، بەڵکو تێکەڵاو بوونی ئەم گروپانە لەگەڵ یەکتر و تیکەڵاو بوونی هەموویان بە خەباتی رۆژانەی چینایەتیەوە گرێی گەشە نەکردنی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی دەکاتەوە.

بەڵام تەنیا کۆکردنەوەی هەموو گروپە رۆشنبیریەکان پێکەوە حزب دروست ناکا، وە حزب کاتێ دروست نابێ کە ئەم گروپانە لە دەوری بەرنامەیەکی "**رێنماییە گشتیەکان**" کۆببنەوە و بەرەیەکی چەپی گروپەکان دروست بکەن، بەڵکو کاتێک کە سێکتاریزم لەنێو زۆربەی گروپەکاندا نامێنێ و ئەم گروپانە خواستی کۆلێکتیڤ لەناو چینی کرێکاردا دروست دەکەن ئەو کات ئەم حزبە لەنێو خەباتی رۆژانەدا دروست دەبێ و گەشەدەکا. گەشەی ئەم پراکتیکە حزبیە لە نێو چینی کرێکاردا ئەم حزبە دەگەیەنێتە ئاستێک کە نەک حزب لەناوخۆیدا و لە دنیای تیۆری خۆیدا دەبێتە حزبی سیاسی، بەڵکو لە دنیای واقعی رووبەڕووبونەوە لەگەڵ سەرمایەداریدا وەک دەسەڵاتی دەوڵەتی و بەدیلی دەوڵەتی بورژوازی دەبینرێ و حسابی لەسەر دەکرێ . واتە گواستنەوەیەک پێویستە روو بدا بەوەی ئەم گروپە رۆشنبیرانە لەگەڵ جەماوەری کرێکاردا تێکەڵ بن و پێکەوە ببنە ئۆرگانێکی لێک هەڵپیکراو، ئەمە مانای واقعی پێکهاتنی حزب و چالاکی حزبیە و جێگیربونی پەیوەندی حزبیەتە لە نێوان گروپی رۆشنبیران و جەماوەری کرێکاردا.

ئەم شەڕ و جیاکردنەوە تیۆری و ڕیکخراوەییانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری تەنیا لە چوارچێوەی گروپی رۆشنبیرانی چینی کرێکاردا دێت و دەچێ . هەر بۆیە ئەم گیر خواردنە لە قاڵبی گروپە پەراوێز کەووتوەکاندا هۆکاری جیابوونەوە چار هەڵنەگرەکانێتی و مانەوەیەتی لە ئەزمەیەکی سەرتاپاگیردا.

لەکاتێکدا تاکە پێوەری ئەم نوێنەرایەتیە لای کۆمۆنیزمی کرێکاری پرۆسەیەکی تیۆری بۆ نووسینی بەرنامە و پلاتفۆرمێکە، ئەوا ئاشکرایە کە ئەم بەرنامە و پلاتفۆرمەش چونکە پەیوەندی نیە بە خەباتێکی چینایەتی کە لەئارادایە دەبنە بنەمایەکی گشتی و بێ گیان کە ناتوانێ لە دنیای واقیعدا هێزی مادی کۆمەڵایەتی هەڵخرێنێ. هەربۆیە هەمیشە بۆ دیاریکردنەوەی سنورەکانی ناو حزب پێویست بە پاکسازیەکی تیۆریە تا وەڵامی ئەو بنبەستە بداتەوە کە بۆچی تەنانەت ڕیزەکانی ئەم گروپە "کۆمۆنیستی کرێکاری"یە توشی ئەزمەی دەوری دەبن و ناتوانن تاسەر پێکەوە کاربکەن؟

نەبوونی ئەم حزب و گروپانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەو هێزە مادیە کۆمەڵایەتیە پاش لە دەورەیەک چالاکی پراکتیکی ئەم حزبە تووشی قەیران دەکا. وەڵام بەم قەیرانەش لە ڕێگەی دیسانەوە گەڕان بە شوێن شوێنەوارەکانی چەپی ناکرێکاریەوە یە لە حزبدا، کە بە سەرچاوەی کێشە وبن بەستی کۆمۆنیزمی کرێکاری دادەنرێ. لێرەشەوە جگە لە جیاکردنەوەیەکی سەر لە نوێ لەم تارمایی چەپە ڕێگا چارەیەکی تر نیە. بۆ ئەمەش پێویست بە ئەپدەیت و داهێنانی تیۆری نوێ یە. هەربۆیە هەمیشە بۆ دیاریکردنەوەی سنورەکانی ناو حزب پێویست بە پاکسازیەکی تیۆریە تا وەڵامی ئەو بنبەستە بداتەوە کە بۆچی تەنانەت ڕیزەکانی ئەم گروپە "کۆمۆنیستی کرێکاری"یە توشی ئەزمەی دەوری دەبن و ناتوانن تاسەر پێکەوە کاربکەن؟ ئەمە بازنەی بەتاڵی ڕیسایکلینی تیۆری نێو گروپی ڕۆشنبیری کۆمۆنیزمی کرێکاریە.

حزبێک کە خۆی لە گروپە ڕۆشنبیریەکانی تری ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری و ڕەوت و مەیلە سۆشیالسیتی و کرێکاریەکانی ناو چینی کرێکار جیاکردبێتەوە و بیەوێ بەپێی قاڵبی بەرنامەکەی خۆی هێز کۆبکاتەوە، بێگومان تەنیا کەسانێک پەیوەست دەبن بەم حزبەوە و کاری لەگەڵدا درێژەپێدەدەن کە

خەریکی خۆجیاکردنەوەی تیۆری بن لە باقی چینی کرێکار و گروپە ڕۆشنبیریەکانی تری ئەم چینە. ئەمەش حزب دەکاتە سێکتێکی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەیەک کە تەنیا سێکتی بەرنامە و شێوەکاری سێکتاریستی خۆی پێ قبوڵە .

لە کۆتایی ئەم پرۆسەی گۆڕانی حزبیشدا بە سێکتێکی ئایدیۆلۆژی دابڕاو لە چینەکە و لە ڕەوت و بزوتنەوەکانی نێو چینی کرێکار، ئەم جۆرە حزبانە دەبنە حزبی ژەنراڵەکان و چیتر جەماوەری نابنەوە.

ئەگەر ئێمە پێشتر پێناسەی حزبمان لە حزبێکی جەماوەری کرێکارانەوە گۆڕیبێ بە حزبی نوخبەیەکی کۆمۆنیستی تاک خەت و تاک سەرکردە، ئاشکرایە کە ئیتر ئەم حزبە بە ڕیفۆرمی تیۆری نابێتە حزبی کرێکاری و حزبی سیاسی. چونکە حزبی کرێکاری بەپێی کۆمەڵێک بنەما و بەرنامەیەک خۆی جیاناکاتەوە لە باقی کرێکاران، بەڵکو هەوڵدەدا ئەو بنەمایانەی کە پێویستە بۆهەر دەورەیەکی بردنە پێشی خەباتی چینایەتی بکاتە بنەما و بەرنامەی هەموو بزوتنەوەی کرێکاری. بەم پێیە حزب دەتوانێ هەموو هێزی چینەکە کۆبکاتەوە و ڕیکخراو بکا، نەک لەم بنەما جێگیرانەی خۆی دایناوە بتی سێکتاریزم دابتاشێ و بەناوی نوێنەر و جێگرەوەی چینی کرێکار چوارچێوەی حزب بەرتەسک بکاتەوە لە قاڵبی حزبی گروپی ڕۆشنبیرانی هاوخەتی خۆی و ئەو کەسانەی لە باری تیۆری و بەرنامەییەوە ئەویان قبوڵە، وە بە "کۆمەڵێک بنەمای سێکتاریستی تایبەت بە خۆیان بزوتنەوەی کرێکاران لەو شکڵ و قاڵبە بدەن".

**کۆمۆنیزمی کرێکاریی لەناو گروپی ڕۆشنبیرانی چینی کرێکاردا نیو سەدە لەتەمەنی تێپەڕکردوە. بەپێی ئەو کارەکتەرانەی سەرەوەش کە باسمان کرد نیشانی دەدا کە سەربەهەمان مێژووی گروپە ڕۆشنبیرەکانی چینی کرێکارە، کە لەهەوڵی بەردەوامدا بوون کە کێشەکانی کۆمۆنیزمی سەدەی بیست چارەسەر بکەن، بەڵام بەهەمان دیدگای زاڵ بەسەر کۆمۆنیزمی سەدەی بیستدا، کە دیدگای سۆشیالیزمی دەوڵەتی**

بووە. ئەم جۆرە سۆشیالیزمەش جۆرێک حزب بەرهەم دینێ کە حزبێکی سێکتاریستی گروپێکە کە خۆی بە نوێنەر و جێ نشینی چینی کرێکار دادەنێ و بەم پێیەش وەک نیو سەدەی ڕابردوو نیشانی داوە ناتوانێ ببێتە حزبی سیاسی چینی کرێکار، ئەگەر ئەم قالبە بیرۆکراتی و سێکتاریستیانە جێ نەهێڵێ.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوانەماندا لە نێو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کوردستاندا سەرنجی مەسەلەیەکی جیاوازماندا کە هەلسوڕاوانی کۆمۆنیست لە کارە جەماوەریەکانیاندا، وەک بزوتنەوەی شورایی ١٩٩١، یەکێتی بێکاران لە دەیەی نەوەدەکاندا و لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوباتی ٢٠١١دا، یەکیان گرتەوە و ئەمەش ناکۆکی لەگەڵ دابەشبونی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە گروپی جیاجیا و دژ بەیەک نیشاندا. بەڵام ئەم ناکۆکیانە زۆر زوو بە پاشەکشە کردنی سونەت و شێوازی هەڵسوڕانی جەماوەری لە بەرامبەر قالبی زاڵی سێکتاریستی و پاسیڤیستی سیاسی نێو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا تەواو دەبێ.

دەرک کردنی ئەم کێشەیەی کە ئێمە پشت دەکەینە تەجروبەی سیاسی خۆمان مەسەلەیەکی یەکجار پڕبایەخە. لەبەرئەوەی دەرس وەرنەگرتن لەم تەجروبانە و جێگیرنەکردنیان وەک پایەیەکی بەهێزی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی، بزوتنەوەی ئێمەی لەگەشەکردن خست و بە جوینەری و ناپێگەیشتو لە مەیدانی سیاسیدا هێشتیەوە. هاوکات خستنەلاوە وبێ ئەهمیەتکردنی ئەم تەجروبەی سیاسیە جەماوەریانە ڕێگەی بە سەرلەنوێ بەهێزبونەوە و زاڵبونەوەی سونەت و نەریتە فکری و پراتیکیە سێکتاریستی و نا کۆمەڵایەتیەکان دا. لێرەشەوە بێ باوەڕی بە بەشداری سیاسی چالاکانە لە مەیدانی ململانێی سیاسیدا کردە پایەیەکی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراق و کوردستاندا و پاسیڤیزمی سیاسیشی کردە سیمای ئەم حزبانە.

ئەنجامگیریەکی تر سەبارەت بە گروپە ڕۆشنبیرەکانی چینی کرێکار و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە عێراقدا ئەوەیە کە لێکدانەوەی نا واقعی لە سەر هاوسەنگی هێزی خۆی لەگەڵ حزبە دەسەلاتدارە بورژوازیەکاندا هەیە. بۆ نمونە لە لێکدانەوەی شکستی ساڵی ٢٠٠٠دا لە ئەنجامی هێرشی یەکێتی بۆ سەر حزبی ئێمە، ئەم ناکۆکیە دەبینین کە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری تێی کەوت. بەلام لەڕاستیدا ناکۆکیەکە لە "نەبونی ئاسۆ و سیاسەتی سۆشیالیستی بۆ دەسەلات گرتنی" حزبی ئێمەدا نیە، بەڵکو ئەو ناکۆکیەیە خۆی بەرهەمی دیدگا یەکە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لەسەر دەوری کۆمۆنیزم و حزب هەیەتی. بەرهەمی دۆگماتیزم و چەقبەستنی گروپی ڕۆشنبیری کۆمۆنیستە، کە دابڕاوە لە هێزی کۆمەلایەتی چینەکەی. هەربۆیە لێکدانەوە لەسەر هاوسەنگی هێز و گەیشتن بەدەسەلات و ناکامیەکانی ئەم هەولانە کاتێک لەدەرەوەی خەباتی چینایەتی کرێکاران و ئاستی تواناییە ڕیکخراوەییەکانی کرێکاران لێک دەدرێتەوە، ئیتر دەبێت بەوە پاساوبدرێ، وەک مەنسوور حیکمەت ئیدعای دەکرد کە، کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان "ئاسۆی گەیشتن بە دەسەلات غائبە" و "ڕابەرانی دەرەجە یەکی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا نەبوو کە چارەنوسی خۆیان بە خەڵکەوە گرێ بدەنەوە"![275]

ئەمە لێکدانەوەیەکی سەبژێکتیڤ و بەکەم گرتنی خەباتی دەیەیەکی کۆمۆنیزمە لە کوردستانی عێراقدا سەرەڕای کەموکوڕیە تیۆری و هەڵە سیاسی و ڕیکخراوەییەکانی. لەمەش زیاتر تێنەگەیشتنە لە کێشەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە دەرچونی لەو قاڵبە فکری و سیاسیە بەرتەسک و سێکتاریستیەی کە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری

---

[275] مەنسور حیکمەت ، یاداشتێک بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ڕابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق

توشی ئەزمە و جیابونەوەکان کردوە و توشی وەهم و ئیلوژنی کردوە لەسەر هیزی واقعی گروپی ڕۆشنبیرانی کۆمۆنیست و هاوسەنگی هێزی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بورژوازیدا. هاوسەنگی هێز لەم جۆرە لە کۆمۆنیزمدا کورت دەبێتەوە بۆ سادەگەریەکی سیاسی، کە گروپی ڕۆشنبیر لە هێزی کۆمەڵایەتی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی هەیەتی. لێرەدا کۆمۆنیزم پێش ئەوەی وەک فۆرمێکی تری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی چینی کرێکار گەشەی کردبێ، چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێ کە بە گروپێکی سیاسی چەند سەد کەسیەوە دەتوانن سەرمایەداری و دەسەڵاتی میلیشیایی یەکێتی و پارتی و ئیسلامیەکان لە کوردستان ڕابماڵن. ئەمە نیشانەی تێگەیشتنێکی بەرتەسکی سێکتاریستانەی گروپی ڕۆشنبیرانە لە کۆمۆنیزم.

ئەم کەموکوڕیە تیۆریە سەرچاوەکەی لە دیدگا و تێگەیشتنی "کۆمۆنیزمی کرێکاری" دایە لە کۆمۆنیزم، وە ڕەنگدانەوەی جێگا و ڕێگای کۆمەڵایەتی "کۆمۆنیزمی کرێکاری" یە، وەک یەکێک لە گروپە ڕۆشنبیرە کۆمۆنیستەکانی چینی کرێکار لە کوردستان و عێراقدا. ئەم تێگەیشتنە پێی وایە کە کۆمۆنیزم بریتیە لە پراتیکی گروپێک کە خەریکی پروپاگەندە و هاندانن بۆ بەرنامەیەکی سادە و گشتی دەکا و دەیەوێ لە ڕێگەی گرتنی ئەندامەوە ببێ بەو هێزەی کە دەسەڵات دەگرێتە دەست و کۆمەڵگە دەگۆڕێ. ئەم دیدگایەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ شۆڕش و خەباتی چینایەتی و هاوسەنگی هێز و دەوری حزب درێژەی ئەو دابڕانە و درێژەدان بەو دابڕانەیە.

لەم تێگەیشتنەدا کۆمۆنیزم لێرەدا بڕیار و سیاسەتێکە کە حزب و گروپەکە دەیدەن لەسەر هەڵوێست دەربڕینی خۆیان وەک ئەوپەڕی ناڕازی ڕادیکال، وە دوای ئەمە هیچ پراتیکێکی کۆمەلآیەتی و چینایەتی لێ چاوەڕوان ناکرێ و هەربۆیە وەک ڕەخنەگرتن و سەرکۆنەکردنێکی بێ کردار و پاسیڤانە دەمێنێتەوە.

لەم مۆدێلەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا تێگەیشتن لە گۆڕینی کۆمەڵگە بێگومان پرۆسەیەک نیە لە گەشەی توانای سیاسی و ڕیکخراوەیی کرێکاران کە دەتوانن دۆخێکی نوێی سیاسی و هەژمونێکی کۆمەڵایەتی دروست بکەن. بەڵکو دۆخی ئامادە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە بریتی دەبێ لە ئامادەیی حزبی پێشڕەو و گروپی ڕۆشنبیر بەتەنیا خۆی. ئەمە پێچەوانەی یاسایەکی خەباتی چینی کرێکارە کە لە ئەنجامگیری یەکەمدا باسمان کرد کە پراکتیکی چینایەتی چینی کرێکارە کە دەتوانێ کۆمەڵگەیەکی نوێی کۆمۆنیستی بنیات بنێ، نەک تیۆری و پراکتیکی حزبێکی کۆمۆنیست.

ئەم نەخشەی دەسەڵات گرتنە لەڕاستیدا نەخشەیەکی خەیاڵی و دوور لە واقعی هێزێک بوو کە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی ڕۆژانە و سیاسی کرێکاراندا نەبوو وە حزب هێزی خۆی و نەخشەی گەیشتن بەدەسەڵاتی لەو کۆبونەوە حزبی و مەراسیمانەدا دەبینی کە لە بۆنە مێژوویەکاندا ئاهەنگی دەگێڕا. بەڵام هەرچی چالاکی جەماوەری و بەشداری هەڵسوڕاوانی حزبە لە ڕوبەڕوبونەوەی ڕۆژانە لەگەڵ دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا نەدەبوە ئەو کەناڵەی کە لێوەی پەیوەندی خەباتکارانەی جێگیر و پەیوەندی ڕێکخراوبونی جەماوەری و پەیداکردنی نفوزی سیاسی و هەژمونی فکری و عەمەلی لە کۆمەڵگەدا. لێرەشەوە هەنگاو بنرێ بەرەو کۆکردنەوەی هێزی هەموو کۆمۆنیستەکان و هەڵسوراوانی کرێکاری و جەماوەری لە حزبێکی کۆمەڵایەتیدا بنرێ. بەم پێیەش هەنگاوبەهەنگاو نەخشە بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز و ئاسۆیەکی ڕۆشن نیشان بدرێ بۆ ململانێ لەسەر دەسەڵاتداریتی لە ئاستی لۆکاڵ و سەراسەریدا. کەواتە کۆمۆنیزم لە پرۆسەی گەیشتن بەدەسەڵات و گۆڕینی هێزی هاوسەنگی بۆ پەیداکردنی هەژمونی سیاسی لە ئاستی کۆمەڵگەدا، پێویستی بە ئاستی گەشەی چینی کرێکار و توانا و دەوری لە بەرهەمهێنان و ئاستی ڕیکخراوبون و ووشیاری

سیاسی و ڕوناکبیری چینەکەیە. ئەم تێگەیشتنە جیاوازە لە دیدگای کۆمۆنیزمی کرێکاری و بڕیارنامەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە هەموو حساباتێکی هاوسەنگی هێز و بونە هێزی یەکەمی لە کوردستان و ئیراندا لە توانایی دیاریکراو و بەرتەسکی ڕیکخراوی حزبیدا، وە بە سیاسەت و بڕیارنامەیەکی وەک "سەربەخۆیی کوردستان"یان"مەنشوری سەرنگومی" و "سیناریۆی ڕەش و سپی" و "دروستکردنی حزبی سیاسی" کورت دەکاتەوە.

لێکدانەوەکانی لاوازی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی بە "غیابی سیاسەتی سۆشیالیستی"، وەک لای ئیرەجی ئازەرین لە ڕەخنە لە شوراکانی ۱۹۹۱دا بینیمان، هەمان "نەبونی ئاسۆی دەسەلات"ی مەنسور حیکمەتە کە لە ۲۰۰۰دا لە ڕەخنە لە شکستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا دوو بارە دەبێتەوە. ئەمانە هەمان میتۆدی لێکدانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارین لەسەر دەوری حزب و چینی کرێکار لە خەباتی دژی سیستەمی سەرمایەداریدا و درێژکراوەی هەمان مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتیە، کە حزب و گروپێک دەخاتە جێگای چینی کرێکار و لە بنبەستی ئەم گروپەدا بۆ گۆڕینی ئەم سیستمی سەرمایەداری لۆمەی "نەبونی ئاسۆی دەسەلات و سیاسەتی سۆشیالیستی" وەک کەموکوڕیەک لە تیۆریی گروپ و حزبەکەدا دەکا.

ئەم تەجروبانە نیشانمان دەدا کە بون بە هێز و هێزی یەکەم و پەیداکردنی هەژمونی سیاسی و دەسەلات و بەگشتی سیاسەت و ستراتیژ و سۆشیالیزم بریتی نیە لە پرۆژە و پلاتفۆرمی لێکدانەوەی شکستەکان، بەڵکو چۆنیەتی کۆکردنەوەی هێزی چینایەتی و کۆمەلآیەتیە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەیە لە نێو جەرگەی خەباتی ڕۆژانە و ڕاپەڕینی جەماوەری کرێکاران ولاوان و ژنان و خەڵکی زەحمەتکێشدا. پێمان دەڵی پرۆژە و سیاسەتی سەرکاغەز ناتوانێ هیچ لەواقیع بگۆڕێ، ئەگەر هیزێکی کۆمەلآیەتی و جەماوەری ئەم پرۆژە و سیاسەت و ستراتیژانە بەکردەوە پیادەنەکا.

ئەمە خاڵی تێپەڕینە لە گروپێکی تەبلیغاتی ڕۆشنبیرانی کۆمۆنیستەوە بۆ حزبێکی کرێکاری کە دەتوانێ سیاسەت بکا و خۆی لە پاسیڤیزمی مانەوە لە ئۆپۆزسیۆنێکی ڕادیکاڵ ڕزگاربکا و ببێتە هێزێکی سیاسی و دەخاڵەتگەر و ڕادیکاڵی کاریگەر.

لە درێژەی ئەنجامگیریەکانمان لەسەر گروپە ڕۆشنبیرەیەکان و شکڵ و فۆرمی ڕێکخراوەیی، گەیشتین بەوەی کە؛ ئەم سێکتە فکریە داخراوە بۆ سێکتێکی ڕیکخراوەییش دەچێ، لەبەرئەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەر گروپیکی ڕۆشنبیری تری کۆمۆنیستی بە کۆمۆنیست نازانێ، کە وەک بەشێک لە پێکهاتەی چینی کرێکار لە دنیای سەرمایەداریدا دروست دەبێ. وە تەنیا ڕیگەی کۆمۆنیست بون بریتیە لە قبوڵکردنی ئەم بەرنامەی "دنیایەکی باشتر" و ئەندام بوون و کارکردن لەم حزبەدا.

لە کاتێکدا بەرنامە بۆ خۆجیاکردنەوە لە گروپە کۆمۆنیستەکانی تر نیە وکۆمۆنیستەکان ئەو بەشە ووشیارەن کە خەباتی چینایەتی کرێکاران لە چوارچێوەیەکی گشتیدا ڕۆشن دەکەنەوە، و لە پەیوەست بە خواستە دیاریکراوەکانی خەباتی سیاسی و ئابوری و لە هەلومەرجێکی فکری وفەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەورەیەکی دیاریکراودا هەموو کرێکاران یەکگرتوو دەکەن.

هەربۆیە هەموو ئەم گروپە ڕۆشنبیرانەی چینی کرێکار، وەک بەشێک لەو چینە، پێویستە یەکگرتوبن لە حزبێکی کرێکاریدا، سەرەڕای هەموو ئەم جیاوازیە فکری و سیاسیانەی کە لە نێو خۆیاندا هەیانە. ئەم گروپانە پێویستە یەکگرتووانە کاربکەن لە دەوری نەخشە و بەرنامەیەکی پراتیکی بۆ خەبات دژی سەرمایەداری و ئامادەکردنی سیاسی و ڕیکخراوەیی سەرجەم هێزی چینەکە و ئامادەیی لە کاتی شۆڕشدا بۆ سەپاندنی هەژمونی و گرتنە دەستی دەسەڵات. یەکگرتوبونی کۆمۆنیستەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک لێکدانەوەی گشتی بۆ سەرمایەداری و دانانی کۆمەڵیک داواکاری و یاسا نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای بەشداری پراتیکێکی هاوبەش

له خەباتێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدایه که کرێکاران بەردەوام دژی سەرمایەداری دەیکەن.

بەم شێوەیە دەبێ له ئێستادا هەموو سێکت و قاڵبێکی فکری، که بزوتنەوەی کرێکاری و گروپە ڕۆشنبیرە کۆمۆنیستەکانی دابەش دەکا و جیاوازیان لەنێودا دروست دەکا، دوور بخرێتەوە.سیاسەت و لێکدانەوە و تاکتیک و ستراتیژی کۆمۆنیستی جۆراوجۆر، هەمووی پەیوەستە بە ڕادەی گەشەی مێژوویی ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەی کرێکارانەوە و تەعبیرێکن لەو پراتیکە سیاسی و کۆمەڵایەتیە ڕێکخراوە، که ئەمانە نەک بنەمای جیابوونەوەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری نین، بەڵکو نیشانەی زیندوویەتی و دیالەکتیکی ئەم بزوتنەوەیەیە که له خەباتێکی پراکتیکی و پڕ له کێشە و جەدەلدا دەچێتە پێش.

لەم تێگەیشتنە نوێ یەدا بۆ کۆمۆنیزم، حزبێکی کرێکاری کۆمۆنیستی دەتوانێ جێگای هەموو کرێکارانی تێدا بێتەوە بە سەندیکالیست و ریفورمیست و ئانارشیست و سۆشیالیستێکی تێدابێتەوە و حزبی چینی کرێکار بێت بۆ گەیشتن بەدەسەڵات و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی. ئەمە مانای حزبی کۆمەڵایەتی و سیاسیە، حزبی جەماوەری کرێکار و حزبێکی کۆمۆنیستی.

ئەگەر ئێستا بەراوردێکی حزبە کۆمۆنیستیە کرێکاریەکانی خۆمان بەم مۆدێله له حزبی کرێکاری و سیاسی بکەین دەزانین که چ جیاوازیەکی گەورە له نیوان ئەم دوو مۆدێلەدا هەیە.

هەر بۆیە له بەردەم پێویستی گۆڕانکاریەکی مێژوویی داین. گۆڕانی گروپە ڕۆشنبیریە کۆمۆنیستەکان بە حزبێکی کرێکاری. ئەمەش پێویستی بە گۆڕانی بەرنامە و دیدگا و جیهانبینی کۆمۆنیستیمانە سەبارەت بە خەباتی چینایەتی کرێکاران و چۆنیەتی بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی. ئەم گۆڕانکاریە تیۆریەش له جەرگەی پراتیکێکی

چینایەتیدا ڕودەدا کە گروپە کۆمۆنیستیەکان دەرگیر و تێکەڵاو و یەکانگیربن لەگەڵ هەموو بەشەکانی چینی کرێکار و خەباتی ڕۆژانە و سەراسەریاندا.

**ئەنجامگیری کۆتایی** ئەم لێکۆڵینەوەمان ئەوەیە کە ناسینی ڕیشەی قەیرانی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕیکخراوەیی ئێستامان بریتیە لە ڕەخنەیەکی پراکتیکی یە لە دۆخی دابەش بوون و پەرژ و بڵاوی و ناکۆکی نێوان کۆمۆنیستەکان و دابڕانیان لە جەماوەری کرێکاران و خەباتی چینایەتی یە و هەنگاو نانی عەمەلیە بۆ تێپەڕینی ئەم دۆخە قەیراناوی و لاوازیانەی ئێستای بزوتنەوەی کۆمۆنیستی بە **پێکهێنانی حزبی کرێکاری جەماوەری** کە نیشانەی دەورەی **کۆمۆنیزمێکی نوێ** بێت.

لە کۆتاییشدا دەمەوێت بڵێم ئەم لێکۆڵینەوە و ئەنجامگیریانە پێویستی بە **هەوڵی هەرەوەزی هەموو کۆمۆنیست و کرێکارانە کە بتوانین پێکەوە نەخشەی حزبێکی کرێکاری دابڕێژین.** ئەو شێوازانەی کە ئەمڕۆ کرێکارانی ناڕازی و کۆمۆنیستەکان و ئەنارکیستەکان و سەندیکالیستەکان لە مەیدانەکانی مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی پاریس، بەغداد، شیللی، سودان و تاران و هەموو مەیدانەکانی تردا نمونەی لێ نیشان دەدەن لە ڕیکخراو بوون و کاری هاوبەش و هەرەوەزی، دەبێت ببێتە بنەمای فۆرمێکی نوێی ڕیکخراوەی حزبی و جەماوەری کە کۆمۆنیستەکان و کرێکاران پەیڕەوی لێ بکەین. لەسەر بنەمای ئەم تەجروبە عەمەلیانە شێوازێکی نوێی ڕیکخراوەیی ساز بکەین.

کۆمۆنیزمی نوێ شێوازێکە کە ئیدارە و ڕیکخستنێکی کۆمەڵایەتی ئەم هێزە حزبی و ڕیکخراوەی چینی کرێکار تیایدا گونجاوە لەگەڵ خەسڵەتی کۆمەڵایەتی خەبات و پراکتیکی ڕیکخراوی کرێکاراندا. ئەم حزبە کرێکاریە ڕۆحی دەوڵەت و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی داهاتووە، کە لە ئێستاوە کرێکاران فێر دەکا کە خۆیان خاوەنی ئەم

ئیداره هەرەوەزیه و بەرهەمی کار و خەباتی خۆیان بن و هیچ  ئیمتیازاتێک بۆ هیچ "لیدەر" و "گروپیکی کۆمۆنیست" قبوڵ نەکەن، کە ببنە نوێنەر و حاکمیان. وه پێویسته ئەم حزبە کرێکاریە ببێتە موڵکی گشتی کرێکاران، وه بە هەمان میکانیزمی بەشداری و بڕیاردانی شورایی بەڕیوە ببرێ و ئیدارەی ئەم هێزە گشتیە بکرێ. حزبێک کە هەمیشە لە بەر فراوان بوون و یەکگرتنە لەگەڵ گروپە ڕۆشنبیرەکان و جەماوەری کرێکاران و سەندیکا و شوراکانیاندا و هەموویان پراکتیکێکی چیانیەتی کرێکاران بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری نمایش دەکەن.

١ ئایاری ٢٠٢٠

## سەرچاوەکان


1- "Global Inequality," *Inequality.org*: https://inequality.org/facts/global-inequality/.

2- https://www.theguardian.com/business/2018/apr/07/global-inequality-tipping-point-2030

3- مارکس،١٨برۆمێر لویس بوناپارت
https://www.marxists.org/farsi/archive/marx/works/1852/18-brumaire.pdf

4- چۆن جیهان دەگۆڕین، مارکس و ئەنگلس و سیاسەت، ل ٦٩، هوبسباوم، بە زمانی ئینگلیزی.

5- مانیفیستی کۆمۆنیست، مارکس و ئەنگلس
https://www.marxists.org/kurdi/marx/babetekan/marx_1848_manifesti_komonist.pdf

6- الثامن عشر من برومیر لویس بونابرت ل ١٤٣،مارکس انجلس ،مخارات، الدار التقدم

7- ئەنگلس، لودفیگ فیورباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، ل ٨١، وەرگێڕانی سالار ڕەشید
https://www.marxists.org/kurdi/marx/babetekan/marx_1888_feurbax.pdf

8- گرامشی، دەفتەرەکانی زیندان، کێشەی مێژوو و کەلتوور، ل٥، بە زمانی ئینگلیزی
Gramsci, Prison Notebooks, Problems of History and Culture, P5

9- گرامشی، دەفتەرەکانی زیندان، میری مۆدێرن ل ١٢٩، بە زمانی ئینگلیزی
Gramsci, Prison Notebooks, The Modern Prince, P129

10- ئارنست ماندل، دەربارەی بیرۆکراسی، فارسی.
https://marxists.catbull.com/farsi/archive/mandel/works/1973/boorokrasi.htm

11- مارکس، ئینتەرناسیونالی کرێکاران، ١٨٦٤، بە زمانی ئینگلیزی
The International Workingmen's Association 1864General Rules, October 1864
https://www.marxists.org/…/in…/iwma/documents/1864/rules.htm

12- ماركس، ئینتەرناسیونالی كرێكاران، ١٨٦٦، بە زمانی ئینگلیزی
The International Workingmen’s Association, 1866, Instructions for the Delegates of the Provisional General Council, The Different Questions
https://www.marxists.org/…/…/documents/1866/instructions.htm

13- ماركس، ئینتەرناسیونالی كرێكاران، ١٨٧٢، بەزمانی ئینگلیزی
https://www.marxists.org/…/hague-conference/resolutions.htm2

14- ماركس، شەڕی ناوخۆی فەرەنسا
https://www.marxists.org/…/w…/1871/civil-war-france/ch01.htm

15- ماركس، الحرب الاهلية في فرنسا
ل٢٠١،ماركس،انجلس،المختارات،دارالتقدم،موسكو،الجزء الثاني

16- رسالة فريدريك انجلز الى بيبل
…https://www.marxists.org/…/archive/marx/1875-cg/engels_to_b

17- ئینتەرناسیونالی سۆشیالیستی ١٩١٢، بەزمانی ئینگلیزی
Social Democracy 1912, Manifesto of the International Socialist Congress at Basel
https://www.marxists.org/…/social-…/1912/basel-manifesto.htm

18- ڕۆزا لۆكسمبۆرگ، بنیات نانەوەی ئینتەرناسیونال، ١٩١٥ ، بەزمانی ئینگلیزی
Rosa Luxemburg , Rebuilding the International.(1915)
https://www.marxists.org/…/luxemburg/1915/xx/rebuild-int.htm

19- لینین، شەڕ و سۆشیال دیموكراتی ڕوسیا، ، بەزمانی ئینگلیزی
Lenin The War and Russian Social-Democracy
https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1914/sep/28.htm

20- لینین، ئینتەرناسیونالی سێهەمی كۆمۆنیستی، ، بەزمانی ئینگلیزی
The Third, Communist International Lenin,
https://www.marxists.org/archi…/lenin/works/1919/mar/x04.htm

21- نامەی ماركس بۆ براكە لە ٥ ئایاری ١٨٧٥
https://www.marxists.org/…/…/works/1875/letters/75_05_05.htm

22- ئەنگلس، پێشەكی بۆ كتێبی 'خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا' ی ماركس
https://www.marxists.org/…/…/1872/hague-conference/index.htm

23- ئەنگلس پێشەکی ئینگلیزی کتێبی سەرمایە .ل ٩٩. سەرمایە. کارل مارکس، چاپی کوردی، عەبدوڵا ڕەسوڵ https://www.marxists.org/archive/marx/works/1867-c1/p6.htm

24- ڕەخنە لەبەرنامەی گۆتە، مارکس، ل٢٣٣،مختارات مارکس و انجلز،جلد٢،دارالتقدم

25- ڕەخنە لەبەرنامەی گۆتە، مارکس بە ئینگلیزی

https://marxists.catbull.com/archive/marx/works/1875/gotha/ch03.htm

26- نامەی ئەنگلس بۆ بیکەر

https://www.marxists.org/archive/marx/works/1880/letters/80_04_01.htm

27- لینین، مارکسیزم و ریڤیزینیزم، ل ٤٢١،،المختارات ، جلد٣،دارالتقدم.بەعەرەبی.

28- ئەنگلس ڕەخنە لەبەرنامەی ئیرفورتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵماندا، بە زمانی ئینگلیزی https://marxists.catbull.com/archive/marx/works/1891/06/29.htm

29- ڕۆزا لوکسبورگ، سۆشیال دیموکراتی و پەرلەمانتاریزم https://marxists.catbull.com/archive/luxemburg/1904/06/05.htm

30- ئەنگلس، ڕەخنە لەبەرنامەی ئیرفورتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیادا لە ١٨٩١، بە زمانی ئینگلیزی

https://marxists.catbull.com/archive/marx/works/1891/06/29.htm

31- مارکسیزم و ڕەوتی ریڤیزینیزم، ل ٤٢٤، المختارات ، جلد٣، دارالتقدم.

32- پانیکوک *The Tactical Differences in the Labour Movement (Die taktischen Differenzen in der Arbeiterbewegung*, Hamburg, Erdmann Dubber, 1909), Anton Pannekoek

33- مارکس، کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان، بە زمانی ئینگلیزی Minutes of Central Committee Meeting, 15 September 1850, in Karl Marx, *The Revolutions of 1848* (Harmondsworth, 1978), p 341.

34- لینین، ناکۆکیەکانی نێو بزوتنەوەی کرێکارانی ئەوروپا، ل ٥١٧،المختارات ، جلد٣،دارالتقدم.

35- هۆبسباوم، نفوزی مارکسیزم لە ١٨٨٠ تا ١٩١٤، چۆن جیهان دەگۆڕین ل ٢١٦، بەزمانی ئینگلیزی.

36- ڕۆزا لوکسمبورگ، پرسیارە ڕیکخراوەییەکانی سۆشیال دیموکرارت ڕوسیا، بەزمانی ئینگلیزی Rosa Luxemburg: Organizational Questions of the Russian Social Democracy
https://marxists.catbull.com/archive/luxemburg/1904/questions-rsd/ch01.htm

37- گرامشی، دەفتەرەکانی زیندان، کێشەکانی مارکسیزم، ل٣٨١، بەزمانی ئینگلیزی

38- گرامشی، دەفتەرەکانی زیندان، دراسەی فەلسەفی، ل ٣٣٣، بەزمانی ئینگلیزی

39- هۆبسباوم، چۆن جیهان دەگۆڕین، گرامشی، ل ٣٢٥، بەزمانی ئینگلیزی

40- لینین، تێزەکانی نیسان،
https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1917/apr/04.htm

41- لینین، دوتاکتیک،
https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1905/tactics/index.htm

42- لینین ،"دەوڵەت و شۆڕش"
https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1917/staterev/index.htm

43- مەنسوور حیکمەت، هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت
http://hekmat.public-archive.net/

44- ترۆتسکی، کتێبی "شۆڕشی خیانەتلێکراو
https://www.marxists.org/archive/trotsky/1936/revbet/index.htm

45- تۆنی کلێف، سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕوسیا
https://ayman1970.files.wordpress.com/2010/12/d8b1d8a3d8b3d985d8a7d984d98ad8a9-d8a7d984d8afd988d984d8a9-d981d98a-d8b1d988d8b3d98ad8a7-pdf.pdf

46- هەڵبژاردەیەک لە نوسراوەکانی مەنسور حیکمەت ، بەرگی یەکەم ، ل ٤١٠، ئامادەکردنی سالار ڕەشید

47- مارکس، بڕیارنامەی ئەنتەرناسیونال ، ١٨٧٢
https://www.marxists.org/archive/marx/iwma/documents/1872/hague-conference/resolutions.htm2

48- ترۆتسکی ، کتێبی "ئەرکە سیاسیەکانی ئێمە"
https://www.marxists.org/archive/trotsky/1904/tasks/ch04.htm

49- ئارنست ماندل، سەبارەت بە خۆرێکخراوەیی چینی کرێکار و حزبی پێشڕەو،
https://www.marxists.org/farsi/archive/mandel/works/1990/khod-sazmandehi-hezb.htm

50- لینین ، نەخۆشی چەپڕەوی منالآنە لە کۆمۆنیزمدا
https://www.marxists.org/arabic/archive/lenin/1920-lwc/05.htm

51- ڕۆزا لۆکسمبۆرگ ، شۆڕشی ڕوسیا، بەشی شەش، (پەرەگرافی ٢،١و٣ )، کێشەکانی دیکتاتۆرشیپی،١٩١٨
https://www.marxists.org/archive/luxemburg/1918/russian-revolution/ch06.htm

52- ئەلەکساندرا کۆلۆنتای، سەبارەت بە بیرۆکراسی و خودچالاکی جەماوەر،١٩٢١،
https://marxists.catbull.com/archive/kollonta/1921/workers-opposition/ch03.htm

53- لینین، دولت و انقلاب ، فارسی ل ٥٢٢، هەڵبژاردەی نوسینەکانی لینین.

54- ئی هێچ کار Edward Hallett Carr ، شۆڕشی ڕوسیە، لە لینینەوە تا ستالین، ل ٦، بە زمانی ئینگلیزی

55- لینین،٢٧٨ ، ئایا بەلشەفیەکان دەتوانن دەسەلآتیان بپارێزن؟ بەرگی ٧ هەڵبژاردەی لینین ، چاپی دارالتقدم، مۆسکۆ.

56- لینین، دەربارەی باجی کەلوپەل ، ل ٨٠٩، فارسی، منتخب اثار.

57- لینین،ڕاپۆرتی سیاسی بۆ کۆنگرەی ١١ی حزب، ل٨٥٠ ،فارسی، منتخب اثار.

58- لینین دەربارەی دەور و ئەرکی سەندیکاکان لە سیاسەتی ئابوری نوێ دا، ل ٨٢٨، فارسی، منتخب اثار.

59- لینین، ئایا بەلشەفیەکان دەتوانن دەسەلآتیان بپارێزن؟، ل٢٧٧ ،بەرگی ٧ ١٤هەڵبژاردەی لینین ، چاپی دارالتقدم، مۆسکۆ، بە زمانی عەرەبی.

60- ئارنست ماندل، دەربارەی خۆرێکخستنی چینی کرێکار لەگەڵ حزبی پێشەنگ، بە زمانی فارسی.
https://www.marxists.org/farsi/archive/mandel/works/1990/khod-sazmandehi-hezb.htm

61- لینین، دەوڵەت و شۆڕش، بەرگی ٧ هەڵبژاردەی لینین،، چاپی دارالتقدم، مۆسکۆ. بەزمانی عەرەبی.

6 2- لینین، پرۆژەی سەرەتایی بڕیارنامەی کۆنگرەی دەیەمی حزب سەبارەت بەلادانی سەندیکالیستی و ئانارشیستی لەحزبدا،ساڵی ١٩٢١، ل ٧٩٠-٧٨٩، فارسی، منتخب اثار.

6 3- لینین، ل ٧٩٠، پرۆژەی سەرەتایی بڕیارنامەی کۆنگرەی دەیەمی حزب سەبارەت بەلادانی سەندیکالیستی و ئانارشیستی لەحزبدا،ساڵی ١٩٢١، فارسی، منتخب اثار.

6 4- لینین، "دەربارەی پاکسازی حزب" ،ل ٨٢١، فارسی، منتخب اثار.
https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1921/sep/20.htm

6 5- دوو ڕۆحی سۆشیالیزم، هال دراپەر، بە زمانی ئینگلیزی.
https://marxists.catbull.com/archive/draper/1966/twosouls/3-marx.htm

6 6- ئارنست ماندل، دەربارەی بیرۆکراسی، تیۆری "جێنشینی"، فارسی.
https://marxists.catbull.com/farsi/archive/mandel/works/1973/boorokrasi.htm

6 7- لینین، دوتاکتیکی سۆشیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراتیدا، ل٢٤٦، فارسی، منتخب اثار.

6 8- لینین، دوو ئۆتۆپی،ل٣٤٦، فارسی، منتخب اثار.

6 9- لینین ، نامەکان لە دوورەوە، ل ٤٥٠، فارسی، منتخب اثار.

7 0- لینین، بەرنامەی جەنگی شۆڕشی پرۆلیتاریا،ل ٤٤٩، فارسی، منتخب اثار.

7 1- لینین، نامەکانی دووری، نامەی پێنجەم، ئەرکەکانی ڕیکخستنی پرۆلیتاری شۆڕشگێڕ بۆ دەوڵەت، مارسی ١٩١٧.
https://www.marxists.org/arabic/archive/lenin/1917/letters.htm

7 2- لینین ، دەربارەی دەسەڵاتی دوولایەنە،ل ٤٥٦و٤٥٧، فارسی، منتخب اثار.

7 3- لینین، بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ڕوسیا
https://marxists.catbull.com/farsi/archive/lenin/works/1919/tarhe-barnameh.pdf

7 4- مارکس، بەرەو ڕەخنە لە ئابوری سیاسی
https://libcom.org/library/economic-content-socialism-lenin-it-same-marx
*'Towards a Critique of Political Economy' (Preface), MESW: p 181*

75- لینین، دەربارەی چەپڕەوی منالآنە و مەیلی بورژوازی بچوک، ل ٥٢٠، المختارات، عەرەبی،مجلد٧، دارالتقدم.

76- لینین دەربارەی دەور و ئەرکی سەندیکاکان لە سیاسەتی ئابوری نوێ دا، ل ٨٢٨، فارسی، منتخب اثار.

77- E H Carr شۆرشی روسیا، ل ٦٤، بەشی ٧، ئاخرین رۆژەکانی لینین، ئی ئێچ کار. بەزمانی ئینگلیزی.

78- ترۆتسکی، شۆرشی بەردەوام، شۆرشی بەردەوام چیە؟ بەشی ٩
https://www.marxists.org/arabic/archive/trotsky/1930-pr/ch09.htm

79- ترۆتسکی ، پێنج سالّی کۆمێنتێرن، بەشی ٢ هەڵوێست سەبارەت بە حزبە سۆشیالیستەکان
https://www.marxists.org/archive/trotsky/1924/ffyci-1/app04.htm

80- ترۆتسکی ، مانیفیستی کۆمێنتێرن
https://www.marxists.org/archive/trotsky/1924/ffyci-1/ch01.htm

81- ترۆتسکی، لە دامەزراندنی ئینتەرناسیونالی چوارەمدا، ئۆکتۆبەری ١٩٣٨
https://www.marxists.org/archive/trotsky/1938/10/foundfi.htm

82- مەنسور حیکمەت، (وتاری کردنەوەی کۆنگرەی سێهەمی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئێران) دیسەمبەری ٢٠٠٠، هەڵبژاردەیەک لە نوسراوەکانی مەنسور حیکمەت، بەرگی دووەم، ل٥٠٩-٥٢٣ بەکوری ؛سالار رەشید.

83- ئیریک هۆبسباوم، ل ٧٨٩بۆ٧٩٢،سەردەمی توندرەوەکان، کورتەی سەدەی بیستەم، ١٩١٤-١٩٩١. بەزمانی عەرەبی.

84- مەنسور حیکمەت، راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست بە کۆنگرەی یەکەم، (ل ٣٥٢)، هەڵبژاردەی بەرهەمەکان، فارسی.

85- مەنسور حیکمەت، هەنگاو لەرێگەی پێکهێنانی حزب کۆمۆنیستی ئێران، ل ٣٢٢، هەلبژاردەی بەرهەمەکان، فارسی.

86- مەنسور حیکمەت، حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە گرەوی چیدایە؟ ل٣٤٩، هەڵبژاردەی بەرهەمەکان، فارسی.

87- مارکس ، ل ٢١٤، نامە بۆ براکە لە پێشەکی رەخنە لەبەرنامەی گۆتا، بەرگی ٢ لە هەڵبژاردەی مارکس و ئەنگلس لە ٤ بەرگدا، چاپی دارالتقدم، بە عەرەبی.

88- مارکس ، تێزەکانی فیورباخ، تێزی دووەم.
https://www.marxists.org/archive/marx/works/1845/theses/theses.htm

89- مەنسوور حیکمەت، جیاوازیەکانی ئێمە
http://hekmat.public-archive.net/indexFa.html

90- ئاسۆ کمال، سێکتاریزم و بیرۆکراتی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا
http://www.asokamal.com/index/?p=1635

91- مەنسوور حیکمەت، ڕونکردنەوەیەک بۆ پلنۆمی ٢٠ سەبارەت بە **جیابوونەوە لە** حزب
http://hekmat.public-archive.net/indexFa.html

92- مەنسوور حیکمەت، خودا حافیز؟ل١٤٧١، هەلبژاردەی بەرهەمەکان، فارسی.

93- ئاسۆکمال، مارکس و حزبی کرێکاری , بەشی دووەم لە ناساندنی کتێبی "چۆن جیهان دەگۆڕین http://www.asokamal.com/index/?p=1577

94- ئاسۆکمال، مارکس و میکاڤیللی و حزبی سیاسی کرێکاری
http://www.asokamal.com/index/?p=1595

95- **مەنسور حیکمەت،گفتوگۆ لەگەڵ رادیوی ئەنتەرناسیونال دەربارەی کۆنگرەی سێهەمی ح ک ک، ل١٥٩١، هەڵبژاردەی بەرهەمەکان بە فارسی**

96- **مەنسور حیکمەت ،ل١٥٩٤ ، بڕیارنامە دەربارەی دۆخی ئێران و جێگای ح ک ک، ل١٥٩١، هەڵبژاردەی بەرهەمەکان بە فارسی**

97- **مەنسور حیکمەت ، دەوڵەت لە دەورانی شۆڕشگێڕانەدا**

98- **پەیڕەوی ناوخۆی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری-حیکمەتیست**
http://www.hekmatist.com/k154asas.htm#_Toc181515861

99- **مەنسور حیکمەت ، یاداشتێک بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ڕابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق**

100- **گفتوگۆی ئاسۆکمال لەگەڵ بڵاوکراوەی بۆپێشەوە سەبارەت بە رفراندۆم**
http://www.asokamal.com/index/?p=1657

101- **مەنسور حیکمەت، بەرنامەی دنیایەکی باشتر، کۆمۆنیزمی کرێکاری و کۆمۆنیزمی بۆرژوایی**

102- **ئاسۆکمال،** دیسانەوە سەبارەت بە دەرکردن لە حزب
http://www.asokamal.com/index/?p=1581


کۆمۆنیزمی نوێ
ئاسۆ کەمال
لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە حیزب و دەوڵەت و کێشەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری
Aso Kamal
New Communism
Reaserch Aboute Party, state and Contemporary Communism
کۆمۆنیزمی نوێ دیدگایەکی ڕەخنەگرانەیە بۆ مێژووی سۆشیالیزمی دەوڵەتی سەدەی بیست، و لە هەمان کاتیشدا گەشەپێدانی مێژووی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیە بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری و هێنانە دی دنیایەکی باشتری سۆشیالیستی.
نارەزایەتی گلۆباڵی ئەمڕۆی هەموو بەشەکانی چینی کرێکار بەرامبەر بە سیستمی سەرمایەداری ناکۆکە بەو دۆخی دابەش بوونەی ئێستای بزوتنەوەی کۆمۆنیستی، کە لە ئەنجامی قەیرانی ئایدیۆلۆژی و سیاسی کۆمۆنیزمی دەوڵەتی زاڵ بەسەر ئەم بزوتنەوەیەدا تووشی هاتووە. ڕێگای دەربازبوون لەم دۆخە بە یەکگرتوو کردنی هەموو بەشەکانی بزوتنەوەی کرێکاری دەکرێ لە حزبێکی کرێکاری جەماوەری دا.
مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی کۆپیەکە لە دەسەڵاتی کەمینە، کە بە ناوی نوێنەری چینی کرێکارەوە، دیکتاتۆریەتی حزبی تاقانە، پاوانی موڵکایەتی دەوڵەت، پاشکۆ کردنی شورا و سەندیکا و ڕێکخراوی جەماوەری، کۆنترۆڵ کردنی ئازادی و قەدەغەی ڕا و فراکسیۆن و حزبی جیاواز پەیڕەو دەکا.
حزبی کرێکاری بە پێچەوانەی مۆدێلی حزبی بورژوازی یەوە و ڕۆحی دەوڵەت و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی یە کە پەیڕەو لە بەڕیوەبردن و فۆرمی کۆمەڵگەیەکی هەرەوەزی دەکا، کە دەسەڵات و بڕیار لە دەست زۆرینەی کۆمەڵگە دایە نەک کەمینەیەک حزبێک کە هەمیشە لە بەر فراوان بوون و یەکگرتنە لەگەڵ گروپە ڕۆشنبیرەکان و جەماوەری کرێکاران و سەندیکا و شوراکانیاندا و هەموویان پراکتیکێکی چیانیەتی کرێکاران بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری نمایش دەکەن.
سۆشیالیزم بریتیە لە پراکتیکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی حزب و ڕێکخراوەکانی چینی کرێکار، کە نەک هەر دەسەڵاتی سیاسی لە دەست کەمینەیەکی بورژوازی دەردێنن، بەڵکو دەسەڵات دەسپێرن بە شورا و تۆڕی بەڕیوەبردنی کۆمەڵایەتی کرێکاران و زۆربەی کۆمەڵگە، تاکو ئیدارە و بەڕیوەبردنی کاروبارەکان دوور لە هەر دەزگایەکی پیشەیی سیاسی و دەوڵەتی بچەرخێنن و بە شداری ئازادانەی ئینسانەکان لە بەرهەمهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا مسۆگەر بکەن.